# لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان

**پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعروف فەتاح**

# لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی**

**شێروان حسێن خۆشناو** **شێروان میرزا قادر**

**هەولێر – ٢٠١٠**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان**
- پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعروف فەتاح
- کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو- شێروان میرزا قادر
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: شێروان حسێن خۆشناو
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٧٨٥)
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٤٩١)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەرۆك

**پێشەکی** ........ ١٣

**(خۆیەتی) لەزاری سلێمانیدا** ........ ١٥

١- سەرەتایەك: ........ ١٥

٢- چاوخشاندنێك بەوکارانەدا کە لە دیاردەی (خۆیەتی) دواون. ........ ١٦

٣- شێوەی جیاوازی دەربڕینی خۆیەتی لەزاری سلێمانێدا: ........ ١٩

٤- جیاوازیی نێوان جۆرەکانی دەربڕینی خۆیەتی: ........ ٢١

٥- جۆرەکانی پاشگرو پاشگری خۆیەتی: ........ ٢٣

٦- دابەش کردنی زمانەکانی جیهان بەپێی رەوشتی مۆرفێم و شوێنی زمانی کوردی: ........ ٢٥

٧- ریزبوونی پاشگرەکان و شوێنی پاشگری خۆیەتی لە رستەی کورتکراوەدا: ........ ٢٧

٨- ناوو رێکەوتنی لەگەڵ پاشگری خۆیەتیدا: ........ ٢٩

٩- شوێنی پاشگری خۆیەتی لە فرێز و رستەدا: ........ ٣٤

١٠- کاکڵی باسەکە: ........ ٣٧

**رێنووسی کوردی لە روانگەی فۆنەتیکەوە** ........ ٤١

١- سەرەتا: ........ ٤١

٢-یاسای دەنگیی کوردی: ........ ٤٢

٣- یاسای نووسین: ........ ٤٨

٤- رادەی رێککەوتنی دەنگ و وێنەکانی لە رێنووسی کوردیدا: ........ ٥٢



٥- بنەما نافۆنیمیەکانی رێنووسی کوردی (گیروگرفتەکانی رێنووسەکەمان): ........ ٥٥

٦- گیروگرفتی رێنووسی کوردی و چەند پێشنیارێك: ........ ٦٣

٧- کورتەی لێکۆلینەوە: ........ ٦٧

**زمانی مرۆڤ و زمانی گیانلەبەری تر** ........ ٧١

**شێوازی ئاخاوتن لە ناو ئافرەتانی سلێمانیدا** ........ ٨٧

١- سەرەتا: ........ ٨٧

٢- کۆمەڵەی ئافرەتان و پێویستی بە شێوازی تایبەتی: ........ ٩٠

٣- تایبەتیەکانی شێوازی ئافرەتی سلێمانی: ........ ٩٥

کاکڵەی لێکۆڵینەوەکە: ........ ١٠٩

**هێماکاری() و زمانەوانی** ........ ١١١

١- سەرەتا: ........ ١١١

٢- هێماکاری لەژیانی مرۆڤدا بەگشتی: ........ ١١٢

٣. ١: هێماکاری لەزماندا: ........ ١١٥

٣. ٢: تایبەتیو دیوەکانی هێمای زمانی: ........ ١١٦

٤. هێماکاریو زمانەوانی، پەیوەندی نێوانیان: ........ ١١٩

٥. هێما لەڕووی تاریکیو روونییەوە:() ........ ١٢٠

٦. نیشانەو هێما، جیاوازیو لێکچوون: ........ ١٢٢

**زمانی مرۆڤ و گڵۆپی پەڕینەوە** ........ ١٢٧

١- سەرەتا: ........ ١٢٧

٢- زمان و کۆد و پێڕەو: ........ ١٢٧

٣- بەشەکانی هەردوو پێڕەوەکە: ........ ١٢٨

٤- لێکچوون: ........ ١٢٩
٥- جیاوازی: ........ ١٣١

**سنوور و بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی()** ........ ١٣٥
١- سەرەتا: ........ ١٣٥
٢-سنوور و بەشەکانی کۆزمانەوانی: ........ ١٣٨
٣- پەیوەندی نێوان زمانەوانی و کۆزمانەوانی: ........ ١٥٩
٤-ئامانجی کۆزمانەوانی: ........ ١٦٢
٥- سەرچاوەکانی کۆزمانەوانی: ........ ١٦٣

**دیسان ئیدیەم پێداچوونەوەیەك لەبەر رۆشنایی زمانەوانیدا** ........ ١٦٧
١- پێناسەی دیارەکە: ........ ١٦٧
٢-سنووری ئیدیەم: ........ ١٦٩
٣- تایبەتیەکانی ئیدیەم: ........ ١٧٥
٤- پلەکانی ئیدیەم(): ........ ١٨٣
٥-١ پۆلکردنی ئیدیەم: ........ ١٨٦
٥-٢ پۆلێن بەپێی رۆنان: ........ ١٨٧
٧- کورتەی لێکۆڵینەوەکە: ........ ٢٠٥

**رستەسازی** ........ ٢١٧
٥- گوتن ........ ٢١٧
٥-١ دەستەواژە: ........ ٢١٧
٥- ١ -١ دەستەواژەی ناوی: ........ ٢١٨
٥-١-١-١ سادەترین دەستەواژەی ناوی: ........ ٢١٨



٥-١-١-٢ دەستەواژەی ناوی گەورەکراو: ........ ٢١٩
٥-١-٢: دەستەواژەی کاری ........ ٢٢٠
٥-١-٢-١. سادەترین جۆرەکانی دەستەواژەی کاری: ........ ٢٢١
٥-٢ لاڕستە ........ ٢٢٢
٥-٢-٢ بەرکار: ........ ٢٢٣
٥-٢-٣ ریزبوونی وشە لە لاڕستەدا: ........ ٢٢٣
٥-٢-٤. ریزبوونی دیارخەرەکان: ........ ٢٢٥
٥- ٢-٥ کەرەسەی سەرەتا: ........ ٢٢٦
٥-٣-١: لێکدەرەکانی لاڕستە: ........ ٢٢٧

**کار پۆلێن کردن بەپێی رۆنان** ........ ٢٣٥
سەرەتا: ........ ٢٣٥
٣-کاری لێکدراو (پێناسە): ........ ٢٤٨
یاساکانی داڕشتنی کۆمەڵەی کار: ........ ٢٦٥
٥- لایەنە چاکەکانی ئەم پۆلێنە: ........ ٢٦٩

**وشەی لێکدراوی بەستراو لەکوردی دا** ........ ٢٧٥
سەرەتا: ........ ٢٧٥
٢-سنوورو تایبەتیەکانی لێکدراوی بەستراو: ........ ٢٧٦
لێکدراوی بەستراو و لێکدراوەکانی تر: ........ ٢٨٠
لێکدراوی بەستراو وئیدیەم: ........ ٢٨٣
پەیوەندی نێوان کەرتەکانی وشەی بەستراو ........ ٢٨٤

ریزبوونی کەرتەکانی لێکدراوی بەستراو ........................ ٢٨٦

٤-١چۆنیەتی پرکردنەوەی شوێنەکان: ........................ ٢٨٨

٥- پەیوەندی نێوان ئامرازەکە و کەرتەکانی لێکدراوەکە: ........................ ٢٩٢

٦- شوێنی لێکدراوی بەستراو لەرستەدا: ........................ ٢٩٤

٦- شوێنی لێکدراوی بەستراو لەزمانەکەدا: ........................ ٢٩٥

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە: ........................ ٢٩٧

**هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا ........................ ٣٠١**

١- سەرەتا: ........................ ٣٠١

٢- چەمك و سنووری ئاوەڵناو: ........................ ٣٠٤

٣- ئاوەڵناو لە روانگەی واتاوە: ........................ ٣٠٩

٣-١ پۆلێنێکی واتایی ئاوەڵناو: ........................ ٣١١

٣-٢ رەنگدانەوەی پۆلینەکە لەریزبوونی زنجیرە ئاوەڵناودا: ........................ ٣١٦

٤- باری ئاوەڵناو لە کوردی دا: ........................ ٣١٩

٤-١ئاوەڵناوی کوردی بەشێکە لەناو: ........................ ٣٢١

٥- کوردی زمانێکی ئاوەڵناوی نییە: ........................ ٣٢٤

٦- ئەنجامی لێکۆلینەوەکە: ........................ ٣٢٦

**باس() لەجۆرێك لەرستەی کوردیدا ........................ ٣٢٩**

١-سەرەتا: ........................ ٣٢٩

٢-سنووری لێکۆلینەوەکە: ........................ ٣٣١

٣- تایبەتیەکانی رستەی باسمەند. ........................ ٣٣٤



٤- رستەی ناو دەرپەڕیو لەکوێیەوە دێن؟ ........................ ٣٣٩

٥- سنووری ناو دەرپەڕاندن: ........................ ٣٤١

٦- چوارچێوەی لێکۆلینەوەکە: ........................ ٣٤٣

٧- کاکڵەی لێکۆڵینەوەکە: ........................ ٣٥٢

**زمانی نەتەوایەتی. چەند سەرنجێك ........................ ٣٥٧**

١- پێناسە: ........................ ٣٥٧

٢- تایبەتییەکانی زمانی نەتەوایەتی: ........................ ٣٥٧

٣- سەرهەڵدانی بیرۆچکەی زمانی نەتەوایەتی: ........................ ٣٥٨

٤- بۆچی کێشەی زمانی نەتەوایەتی دروست دەبێ؟ ........................ ٣٦٠

٥- کەی بیر لە دروستکردنی زمانی نەتەوایەتی دەکرێتەوە؟ ........................ ٣٦٣

٦- ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر هەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی: ........................ ٣٦٤

٧- چەند رێگا چارەیەك: ........................ ٣٦٥

٨- کورتەی لێکۆلینەوەکە: ........................ ٣٦٨

**زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندکردنی دەروازە فەرهەنگییەکان ........................ ٣٦٩**

سەرەتا: ........................ ٣٦٩

٣-٥ زانیاری بەکارهێنان (پراگماتیك): ........................ ٣٨٠

٤- ئەنجام / لێکۆڵینەوەکە ئەم ئەنجامانەی بەزەقی لێ دەکەوێتەوە: ........................ ٣٨١

**ئیدیەمەکانی هاتن و چوون تێروانینێکی پراگماتیکیانە ........................ ٣٨٥**

سەرەتا: ........................ ٣٨٥

جۆرەکانی هاتن و چوون: ........................ ٣٨٧

٢. بەجێهێشتن و دەرچوون لەبارێکی سنووربەند: ........................ ٣٩٣

٥. روانگە یان تێڕوانینی ق: ..... ٣٩٥
٤. بارە ئاساییەکان و تێڕوانینە پەسەندەکان: ..... ٣٩٧
٥- ئەنجام: ..... ٣٩٩

**زمانی شیعر روانگەیەکی زمانەوانی وپراگماتیکی ..... ٤٠١**
سەرەتا: ..... ٤٠١
١- زمانی شیعر: ..... ٤٠١
٢. لێکدانەوەی و شیکردنەوەی زمانی شیعر: ..... ٤٢٣
٣. کورتە و ئەنجامەکان: ..... ٤٢٩
پوختەی لێکۆڵینەوەکە ..... ٤٣٢

# پێشەکی

ئەم کتێبە کۆبەندی حەڤدە بابەتی زانستییە، کە وەك توێژینەوە هەموویان (جگە لە یەك لێکولینەوە) پێشتر لەگۆڤارەکانی زانکۆو کۆڕی زانیاری کوردیو رۆشنبیری نوێو چەند گۆڤارێکی تردا، لەنێوان ١٩٨٠- ٢٠٠٨ بلاوکراونەتەوە. لەسەر داوای هەندێ مامۆستای هاوڕێم لە بەشەکانی کوردی زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدینو کۆیە بڕیارم دا هەموویان لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆبکەمەوە و جارێکی ترلەچاپیان بدەمەوە بۆ بلاوکردنەوە، هەروەك خۆیان بەبێ دەستکاری و کەم و زیادکردن، بۆ ئەوەی بەئاسانیو بەبێ ماندووبوون بگەنە بەردەستی لێکۆلەران و خوێنەران و زمانەوانانی کورد.

بەشی هەرەزۆری لێکۆڵینەوەکان لەبارەی کوردی ناوەڕاستو لەچوارچێوەی رێزمانی بەرهەم هێناندان، بەئاگابوونم یان بەبێئاگا لێی. رێبازی بەرهەم هێنان، کە ئێستە بلاوترین رێبازی زمانەوانییە لە جیهاندا، جۆرێکە لەڕێبازی رۆنانکارییو باوەڕی بەوە هەیە کە بنەماکانی زمان لەگەڵ منالدا لەدایك دەبنو جیاوازی نێوان زمانە مرۆییەکان لەپەرەمیتەرەکاندا دەردەکەوێ، بۆ نموونە هەموو زمانێك خاوەنی گرێیە، (گرێ بنەمایە)، بەلام شوێنی سەرە گرێیەکە (پەرامتەرە) لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ. هەروەها زۆر لەزمانەکان جێناوی لکاویان هەیە بەلام لەوەدا جیادەبنەوە، کە هەندێ زمان رێگە بەخزاندنیان دەدات لە کەرەسەیەکی رستەوە بۆ کەرەسەیەکی تر، کەچی هەندێکی تر رێگە بەجولاندنیان نادەن. ئەوەندەی ئاگادارېم، تەنیا دوو لەم لێکۆڵینەوانە رێگایەکی وەسفیان گرتۆتەبەر، لەبەر هەڵکەوتی بابەتەکە کە بەئامانجی کۆکردنەوەی دەیتا نووسراوە، نەك بەستنی بەتێۆرێکی دیاری کراوەوە.

لە هەموو لێکۆڵینەوەکاندا رێبازی زانستی گیراوەتە بەر، کە لەزمانەوانیدا پێویستە تاڕاستیەکانی زمانەکە نەك بیروباوەڕی کەسێ یان هەستی نووسەرەکە دەرکەوێ. رێبازی زانستی بە چەند هەنگاوێدا تێپەڕ دەبێ: کۆکردنەوەی دەیتا، گریمانە دانان، شیکردنەوەی دەیتاکەو گەیشتن بەرێسای زمانی یان پێداچوونەوەی گریمانەکەو گۆڕینی تا لەگەڵ راستیەکاندا رێك دەکەوێ. بۆ گەیشتن بە بەڵگە پشت بە تاقیکردنەوەی رێزمانی بەستراوە



وەك لێکدانی کەرەسە، لادانو بریتی خستن و جولاندنی کەرەسە بەرەو پێشەوە یان دواوەو هەندێ جاریش بەواتا.

لێرەدا پێویستە سوپاسی بەرێزان (**شێروان حسێن خۆشناو**) و (**شێروان میرزا قادر**) بکەم، کە هاندەرو هاریکاربوون لەکۆکردنەوەو ریزکردنوپیتچین کردنەوەی هەموو بابەتەکانو چاپکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەرکو ماندووبوونی خۆیان.

**پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح**
**هەولێر- ئابی ٢٠٠٩**

# (خۆیەتی) لە زاری سلێمانیدا

## ١- سەرەتایەك:

تائێستە کارێکی سەربەخۆم دەربارەی (خۆیەتی)[1] لەکوردیدا بەرچاو نەکەوتووە، زۆربەی ئەو زمانەوانانەی لەڕێزمانی کوردی کاریان کردووە، کوردبن یان بێگانە، هەوڵی ئەوەیان نەداوە بەشێوەکی گشتی لەهەموو بەشەکانی زمانی کوردی بدوێن، یان زارەکانی، بێئەوەی خۆیان بەدیاردەیەکی دیاری کراوەوە، ببەستنەوەو هەوڵی تەواو بدەن بۆ شیکردنەوەیەکی تەواو وردی ئەو دیاردەیە. ئەمە بەلای منەوە یەکێکە لە گرنگترین کەم وکورتییەکانی کارەکانیان. هەرچەندە ناتوانین گلەیی لەم کارە بکەین، چونکە لێکۆڵینەوە لەلایەنێکی زمان هەمیشە دوای لێکۆڵینەوەی گشتی ئەو زمانە دەکەوێت. ئێستا کە لەپاش ئەم کارە گشتیانەی دەربارەی زمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە، کاتێ ئەوە هاتووە زمانەوانەکانمان خۆیان تەنها بەلایەنێکی زمانی کوردی یەوە خەریك بکەن و تەواو لێی بکۆڵنەوە و راستییەکانی بخەنەڕوو. هەر بۆ ئەو مەبەستەشە دەمەوێ لەم باسەدا دیاردەی (خۆیەتی) لە زاری سلێمانیدا لەهەموو دیاردەکانی تری زمانی کوردی جیابکەمەوە، بەو نیازەی چەند راستی یەکی ورد کە تائێستا یان باسیان نەکراوە یان بەپەلە زمانەوانەکانمان بەسەریاندا تێپەڕیوون، بخەمە بەرچاو هەوڵی لێکدانەوەیان بدەم.

کە دەڵێم تا ئێستا کارێکی سەربەخۆ دەربارەی (خۆیەتی) لە کوردیدا نەبووە، مەبەستم ئەوە نییە کە من یەکەم کەسم لەم بارەیەوە دەنووسم. بەپێچەوانەوە هەموو ئەوانەی لە رێزمانی کوردیان کۆڵیوەتەوە، لەم دیاردەیە دواون، نیشانەکانی خۆیەتی یان دەست نیشان کردووەو هەندێ مانای(خۆیەتی)شیان یەکالاکردۆتەوە، بەڵام بەوردی و درێژی نەیان توانیوە لەسەر ئەم دیاردەیە بڕۆن، چونکە مەبەستمان هەر ئەوە نەبووە، ویستویانە هەرچی یەك هەیە دەربارەی زمانی کوردی بخەنەڕوو. هەر لەبەر ئەمەش بووە کە نەیانتوانیوە بەشی تایبەتی بۆ خۆیەتی دیاری بکەن و کاتی تەواوی بۆ تەرخان بکەن. لەئەنجامدا دەبینین کەلێنێکی زۆر بەجێ ماوە، کە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی وردی لەسەر خۆیە، تاکو پڕبکرێتەوە.

---

١- مەبەست لە زاراوە (خۆیەتی) ئەو ئامرازانەیە کە واتای(تملك) ئەگەیەنن.



## ٢- چاوخشاندنێك بەوکارانەدا کە لە دیاردەی (خۆیەتی) دواون.

ئێرنست مەکارەس لە(ڕێزمانی کوردی)دا(١٩٥٨)ئەم راستییانەی دەربارەی خۆیەتی خستۆتەڕوو:

١-خۆیەتی لەکوردیدا بەهۆی پاشگرەوە دەردەبڕێت(ل ٤٩)

٢- ئەم پاشگرانە بەدوای ناوو ئاوەڵناوەوە دەلکێن (٤٩-٨١)

٣- جگە لەدەوری خۆیەتی، ئەم پاشگرانە دەبنە نیشانەی نیشانەی بکەرو کراویش(ل٤٩-٥٠).

مەکارەس ئەم راستییانەی لەیەك شوێندا نەخستۆتە روو(چونکە بەشێکی تایبەتی لەکتێبەکەی بۆ خۆیەتی تەرخان نەکردووە)، بەڵکو ناوبەناو لەگەڵ باسکردنی بەشەکانی ئاخاوتندا تێك هەڵکێشی کردوون. ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتە روو ئەمانەن:

١- پاشگری خۆیەتی هەر بەناوو ئاوەڵناوەوە نالکێت، بەڵکو زۆر جار دەچێتە سەر کۆتاییی کرداریش(بڕوانە بەشی ٩). ئەم راستییە نە مەکارەس و نەمەکەنزی بۆی نەچوون.

٢- ئەگەر پاشگری خۆیەتی مۆرفیمێکی سەربەخۆ بێت، ئەوە بەئاوەڵناوەو نالکێت. ئەو نموونەیەی مەکارەس لەلاپەڕە(٥٠)دا هێناویەتییەوە بەتەواوی ئەوە دەردەخات، کەئەو پاشگری خۆیەتییە بەتەنیا واتا بەدەستەوە نادات، بەڵکو دەبێت لەچوارچێوەی قسەکردندا وەربگیرێت. کاتێ ئاوەڵناوەکە دەگێڕنەوە ناو چوارچێوەکەی ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت، کە نەك ئاوەڵناوەکە بەڵکو فرێزە ناوییەکە پاشگری خۆیەتی وەرگرتووە(بگرە دەشکەوینە گومانەوە کە ئەو پاشگرە خۆیەتیی دەربڕێت). نموونەکەی مەکارەس ئەمەیە:(چاکەکانم). بۆ ئەوەی لێی تێ بگەین، دەبێت چوارچێوەیەکی بۆ دروست بکەین:

ئەمە هەموو کتێبەکانتە؟

ئەمە خراپەکانە، چاکەکانم لێ دزرا.

لێرەدا ئاشکرایە، کە ئاوەڵناوەکە بەتەنیا پاشگری خۆیەتیی وەرنەگرتووە، بەڵکو فرێزەکە-(کتێبە چاکەکان)

-ئەم ئەرکەی بەجێهێناوە. خۆ ئەگەر کردارەکە-(لێ دزرا)-نادیار نەبێت، ئەوە پاشگرەکە دەبێت بەنیشانەی بکەر، وەك لەو نموونەیەدا دەیبینین: چاکەکانم لەسەرەوە داناوە

دیسانەوە شتێکی زۆر ئاساییە بڵێین فرێزە ناوییەکە پاشگرە خۆیەتی وەردەگرێت، چونکە فرێزی ناوی پاشگری کۆ و کەس و ژمارە و ناسیاوی وەردەگرێت:

کتێبە چاکەکە

كتێبە چاكەكان

كتێبە چاكەكانم فرۆشت

ئەو رۆژە خۆشانە

خۆ ئەگەر هەر سووربین لەسەر ئەوەی كە ئاوەڵناو پاشگری خۆیەتی (وەیا پاشگری تر) وەردەگرێت، دەشبێ دان بەوەدا بنێین كەلە كاتی وادا هەندێ لەتایبەتیەكانی خۆی دەگۆڕێت وئەركی ناو دەبینێت. بەوێنە:

چاكەكانم بەواتای (كتێبە چاكەكانم) دێت.

ژیرەكان بەواتای (ئەوانەی ژیرن).

لاوەكانمان بەواتای (ئەوانەی لاون لەناو ئێمەدا. . . . .).

س. ج. ئێدمەنسن لەباسی (ئامرازی پێوەندی و پاشگری كەسی لەكوردیی خوارووودا) هەولێ ئەوەی داوە پاشگرە كەسییەكان بەپێی ئەركیان دابەش بكات. ئێدمەندس لە لێكۆڵینەوەیدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی كە بەپێی ئەرك چوار جۆری پاشگری كەسیی لەزاری كوردی خوارووودا دەست نیشان بكات. لەبەرئەوەی دابەشكردنەكەی پێوەندیی تەواوی بەباسەكەمەوە هەیە، بۆیە لێرەدا وەكو خۆی وەری دەگرم و بەداوی ئەمەشدا چەند تێبینییەك دەخەمە پێش چاو:

| ١-گیرەكی جێناو | ٢-گیرەكی كراو | ٣-گیرەكی كرداری لكاو | ٤-گیرەكی رانەبوردوو |
|---|---|---|---|
| م | م | م | م |
| ت | ت | ت | ت |
| ی | - | ێت | ێت/ئات |
| مان | ین | ین | ین |
| تان | ن | ن | ن |
| یان | ن | ن | ن |

تێبینی: ئەو بزوێنە كورتەی كە پێش (م) و (ت) و (ن) دەكەوێت نیشان نەدراوە، چونكە لەم جۆرە رێنووسەدا وێنەی بۆ دانەنراوە.

كاتێ ئێدمەندس دێتە سەر دیاریكردنی ئەركەكانی كۆمەڵەی یەكەم، دەڵێت: یەكێك لەئەركەكانی دەربڕینی خۆیەتییە. تا ئەم شوێنە لاری لەڕاكەیدا نییە. بەڵام نووسەر لەلایەكی تری باسەكەیدا كەدێتە سەر دیاریكردنی ئەركەكانی كۆمەڵەی دووەم، دیسانەوە وانیشان دەدا



ئەم كۆمەڵەش هەر دەتوانێت بۆ دەربڕینی خۆیەتی بەكاربێت. لێرەدا لەگەڵیدا رێك ناكەوین باوەڕمان وایە كۆمەڵەی دووەم هەرگیز ناتوانێ ئەو ئەركە جیبەجێ بكات. بەداخەوە نووسەر بۆ پێسەلماندنی ئەو رایەی نەبەڵگەو نەنموونەی نییە. بێگومان رەخنە لەوە ناگیرێ كە ئێدمەندس هەر ئەوەندە لەخۆیەتی دواوە، چونكە ئەو لە باسێكی تری دەدوێت، هەروەك بەناونیشانی لێكۆڵینەوەكەیدا دەردەكەوێت (لەبەشی چوارەمی ئەم باسەدا ئەو كۆمەڵە پاشگرانەی خۆیەتی دەردەبڕن دیاری كراون).

مامۆستا (تۆفیق وەهبی)ش لەكتێبی (دەستووری زمانی كوردی)دا (جیزمی یەكەم) لەدوو شوێندا هاتۆتە سەرباسی خۆیەتی. یەكەم جار لە باسی ئەركەكانی جێناوی كەسی سەربەخۆ(كە ئەو بۆ ناوی بەكارهێناوە)یەو دەڵێت: یەكێك لەئەركەكانی ئەم جۆرە جێناوانە ئەوەیە كە دەبێت بەتەواوكەری ناو (بڕوانە:ل ٨٥، خاڵی ٥). بۆ پێ سەلماندنی ئەم رایەش فرێزی (ڕەنگەكەی ئەو)ی كردۆتە نموونە. بێگومان ئەم فرێزە خۆیەتی دەردبڕێت، كەچی مامۆستا وای دانەناوە تەنانەت ئەو پاشگرانەش كە ئێمە لەم باسەدا بەپاشگری خۆیی ناویان دەبەین، مامۆستا بەتەواوكەریان دادەنێت كە گوایا بۆ تەئكید بەكاردێنرێن. لەلاپەڕەی (٩٨)یشدا نووسەر كەلەفرێزی (مانگاكەم مرد) دەدوێ، دەڵێ: (م) و (من) تەواوكەری (مانگاكە)ن ولەبەكارهێناندا جیاوازیان نییە و هەردووكیان دەوری تەئكید دەبینن. وەك دەردەكەوێت مامۆستا تۆفیق وەهبی تەنها ئەو فرێزانەی بە(هی) دەست پێدەكەن بەجێناوی خۆیەتی دادەنێت، وەك:(هی من، هی تۆ، هی ئەوان. . هتد) (ل١١٣-١١٤). بێگومان ئەم فرێزانە خۆیەتی دەردەبڕن، بەڵام تاكە رێگانین بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە. ئەم رێگایە زۆر كەم بەكاردێت (بەتایبەتی لەنووسیندا)و لەبەرئەوەی كەرتی یەكەمی لەخۆیدا دیارنییە، بۆ روونكردنەوەی خۆیەتییەكە هەموو كاتێك لەپێشەوە پێویستی بەڕستەی تر هەیە (بۆ روون كردنەوەی تەواوی ئەم كێشەیە، بڕوانە:بەشی چوارەمی ئەم باسە).

مامۆستا نووری عەلی ئەمین (١٩٥٨) لەباسی ئیزافەدا(ل٣٦) لەو جۆرە فرێزانە دواوە كە من دەڵێم خۆیەتی دەردەبڕن. وەك: پیاوەكەی نەریمان، كوڕەكەی تۆ. . . هتد. بەڵام نووسەر خۆیەتیی بەكارنەهێناوە، لەوەش دەچێت باوەڕی وانەبێت، هەرچەندە ئەو خەریكی لێكدانەوەی جۆری دارشتنەكانە نەك واتاكانیان. لەلاپەڕەی(٧٧)دا كەدێتە سەرباسی راناوی لكاو لەوەناچێت خۆیەتی لەخەیاڵدا بووبێت، چونكە هەموو فرمانەكانی جێناوی لكاو دیاری دەكات، بەڵام بەهیچ جۆرێك ئەوە دیاری ناكات، كەئەم جێناوانە بۆ دەربڕینی خۆیەتییش بەكاردێن.

لەکتێبی(قەواعیدی زمانی کوردی) (١٩٥٦)یشدا ناوی خۆیەتی نەبردووە کەچی هەندێ لەو نموونانەی هێناونێتیەوە خۆیەتی دەردەبڕن(بڕوانە:ل ٦٤). لەوە دەچێت مامۆستا نووری عەلی ئەمین یان باوەڕی بەوە نەبێت کە(ی)ی ئیزافەو ئەو جێناوانەی خۆیەتی نیشان بدەن ئەوەندە خەریکی لێکدانەوەی داڕشتن بووە کەواتای خستۆتە پشت گوێ. لەڕاستیدا باوەڕم وایە کەڕای یەکەم راست بێت، چونکە کاتێ نووسەر دێتە سەرباسی جێناوی هەیی (بڕوانە: ل٦٧) راستەوخۆ دەڵێت:(ضمیری ملکە)و لەجێی (هە، هەمە، هەتە. . .) دەتوانرێت بەکاربێنرێت. بەلای منەوە نووسەر لەدوو لاوە بەهەڵەداچووە:

یەکەم: کەدەڵێ جێناوی هەییش ئەمانەن(هی من، هی تۆ، هی ئەو. . .). لێرەدا تەنها(هی) یان (هین-لە قسەی هەندێ کەسدا)

جێناوی هەیییە نەك (من، ئەو. . .). ئەم راستیەش بەوەدا دەردەکەوێ کە ناویش لەم جێگەیەدا بەکاردێت وەك: (هی دراوسێکەمان، هی سەگەکە. . .).

دووەم: لەکوردیدا تەنها (هی) خۆیەتی دەرنابڕێت، وەك نووسەر رای دەگەیەنێ، بەڵکو هەندێ جار(ی)ی ئیزافەو وشەی لێکدراو بەبزوێن و جێناوی لکاو وکرداری (هە)ش هەمان رۆڵ دەبینن(بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم باسە).

## ٣- شێوەی جیاوازی دەربڕینی خۆیەتی لەزاری سلێمانێدا:

١-بەبەکارهێنانی ناو یان جێناوی کەسی جیاو (ی)ی ئیزافە لەنێوان ناوو جێناوەکە یان دوو ناوەکەدا، وەك: مەتەڵەکەی ئەو، چیاکانی کوردستان، باسەکەی خۆم، چا شیرینەکانی ئافتاو.[1]

---

١- مەرج نییە هەرکاتێك دوو ناو بەدوای یەکتردا بێن و(ی)ی ئیزافە پێکیانەوە ببەستێ، ئەو رۆنانە خۆیەتی دەربڕێت. لەڕاستیدا ئەم جۆرە رۆنانە پێوەندی واتایی زۆر فراوان دەردەبڕێت و بەخۆیەتی ناوەستێ. بۆنموونە کە دەڵێن: شەوی جاران، شەوگاری پایز، نوێژی شێوان، لووتکەی ئێواران. . . . ئەوە لێرەدا پەیوەندی خۆیەتی تەواو کاڵ بۆتەوەو بەزەحمەت بەدی دەکرێت. فرێزەکان زیاتر کات دیاری دەکەن وبەشی دووەم لە هەموویاندا ئەرکی دیارخەر دەبینێت (ڕەوشی ئاوەڵناوی هەیە). لەهەندێ نموونەی تردا (ی)ی ئیزافە وەکو ئەرکی ئامرازی پەیوەندی ببینێ وایە وەك: زنجیری دەست، تەوقی مل. . . هتد. لەم باسەدا تەنیا گوێمان داوەتە ئەو (ی)ی ئیزافەیەی بەتەواوی دیاردەی خۆیەتی دەردەبڕێت.



٢- بە لێکدانی دوو ناو بەهۆی مۆرفیمی(ە)وە، وەك: کوڕەپاشا، مەلاژن. . . . .

وەك لەو نموونانەدا دەردەکەوێ، زۆرجار مۆرفیمی(ە)ی لێکدانەکە، بەتایبەتی کە بەدوای بزوێنی(ێ، ە، ا، ۆ)دا دێت لەشێوەدا دەرناکەوێت.[1] بەلای منەوە ئەم شێوەیە قۆناغێکی پێشکەوتووترە لەجۆری یەکەم. لەوانەیە هەموو فرێزێکی یەکەم کەزۆر بڵاوبوونەوەو کەوتە سەر زار، لەیەك بدرێن وببنە شێوەی دووەم[2] لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەیادمان نەچێت کە(مەلاژن) هەر(ژنی مەلا) نییە، بەڵکو هەندێجار مانای تریش دەردەبڕێت.

٣-بەبەکارهێنانی جێناوی (هی) لەگەڵ ناو یان جێناوی کەسی جویدا وەك:

هی ئافتاو، هی من، هی ئەوان[3].

٤- بەبەکارهێنانی جێناوی کەسی لکاو. ئەم جێناوانە هەر ئەوانەن کە دەبن بە نیشانە بۆ بکەرو کراو. بۆ دەربڕینی.

---

١- کە بزوێنی (ە)ی بەستن دێتە دوای بزوێنی ترەوە، بەتایبەتی دوای بزوێنی درێژەوە، خۆی نامێنێ، وەك:

پیازی تەڕ = تەڕەپیاز

تەوقی سەر = تەوقە سەر

گڵی سەر = گڵەسەر

بەڵام ژنی مەلا=مەلاژن (مەلا+ ە+ژن). هەندێ جار نەك هەر دەنگەکەی دوای خۆی دەگۆڕێت، بەڵکو وشەکەش دەگۆڕێت، وەکوو: ژنی مام = مامۆژن (لەزاری سلێمانیدا ئامۆژن).

٢- مەکارەس(لاپەڕە٨٥) باوەڕی وایە کەلەم جۆرە رۆنانەدا وشەی یەکەم گرنگیی لەدووەم زیاترە. بۆ پێ سەلماندنی ئەم رایەی ئەم نموونەیەی خوارەوەی هێناوەتەوە: مێردی پیر = پیرەمێرد.

بەلای منەوە شێوەی یەکەم (مێردی پیر) ئاسیایی وبڵاوترە، بەڵام شێوەی دووەم تەئکید لەسەر (پیری) دەکات. دیسانەوە مەکارەس لەو باوەڕەدایە کەشێوەی یەکەم زیاتر لەزماندا رەگی داکوتاوە. لام وایە پێچەوانەی راکەی من نییە کەدەڵێم شێوەی دووەم قۆناغێکی زیاتری بڕیووە.

٣- هەندێك رێزمان نووس ئەم جۆرە رۆنانە لەگەڵ جێناوی خۆیەتی ئینگلیزیدا بەراورد دەکەن و بەلەیەکچوویان دادەنێن، بەڵام لەڕاستیدا لەیەکترەوە دوورن، ئەویش نەك هەر لەبەرئەوەی ئەم رۆنانە لەکوردیدا لەدوو وشە پێکهاتووە، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە کەرتی یەکەمی رۆنانەکە (هی. . . هین. . . ) جێناوێکی بێواتایە، تەنیا ئەرکی رێزمانی هەیەو بۆ دوور کەوتنەوەی لەوتنەوە بەکاردێت. بەپێچەوانەی ئەمەوە، جێناوی خۆیەتی لەئینگلیزیدا لەیەك وشەی پڕ واتا بەکاردێت، واتە هۆیەکی رێزمانییە بۆ دوور کەوتنەوە لە دووپات کردنەوە

خۆیەتی زۆرجار ئەم جێناوانە بەناوەوە یان بەدوای پاشگری ترەو دەلکێنرێن. هەندێجاریش جێگۆڕکێ دەکەن(دواتر بەدرێژی دێینە سەر باسی ئەم دیاردەیە)[1]

## ٤- جیاوازیی نێوان جۆرەکانی دەربڕینی خۆیەتی:

ئاشکرایە کەئەو چوار شێوە دەربڕینەی خۆیەتی لەڕووی ڕۆنان وبەکارهێنان وبڵاویانەوە وەکو یەکن نین وهەر یەکەیان تایبەتێتیی خۆیان هەیە کە لە چەند خاڵێکدا روون دەکرێنەوە:

١- شێوەی یەکەم لەڕووی ڕۆنانەوە بەفرێز دەژمێررێ ولە دوو وشە یان زیاتر دروست دەبێت. هەمیشە وشەی یەکەم سەرەکییەو وشەکانی تر پیا هەڵدەدەن. بۆنموونە لەفرێزی (چیاکانی کوردستان)دا وشەی (کوردستان) دەوری ئاوەڵناو دەبینێت. (چیاکان) سەرەکییە چونکە دەتوانێت جێی هەموو فرێزەکە بگرێتەوە. بەم جۆرە لە فرێزی (باسەکەی خۆم)دا، وشەی (باسەکە)و لەفرێزی (چا شیرینەکانی ئافتاو)دا وشەی (چا) سەرەکین.

لەڕووی واتاوە شێوەی یەکەم پڕە. هەموو پارچەکانی فرێزەکان(نوێ)ن. لەبەرئەوە بۆیەکەم جار دەدرێن بەگوێ گوێگردا، هیچ شتێکیان لێ نەقرتاوە. هۆی ئەمەشە ئەگەر بێت و لەچوارچێوەی قسەشدا نەبێت، هەر واتا دەدەن. لەبەر ئەم پڕیی واتایە ئەو جۆرە فرێزانە لەسەرەتای قسەدا بەکاردێن وبەرەبەرە کە شت روون بووەوەو گلۆڵەی باسەکە دەرکەوت، بەکارهێنانی ئەو جۆرە فرێزانە کەم دەبێتەوەو شێوەکانی تر (بەتایبەتی شێوەی سێیەم وچوارەم) زۆرتر بەکاردێن.

٢- جۆری دووەم لەڕووی ڕۆنانەوە وشەیەکی لێکدراوە. پارچەیەکی سەرەکییەو پارچەکەی تری دیاری کەرە. مەرج نییە پارچە سەرەکییەکە لە پێشەوە بێت(وەك لەجۆری یەکەمدا). هەندێجار پارچە سەرەکیەکە دەکەوێتە دواوە. بەوێنە لە(ژن برا)دا (ژن) سەرەکیە، بەڵام لە (مەلاژن)دا (ژن) کە کەوتۆتە دواوە سەرەکیە.

لەڕووی واتاوە ئەم جۆرەش، وەك جۆری یەکەم پڕەو مولك و خاوەن مولك دەردەبڕێت. هەردوو پارچەکە بۆ یەکەم جار دەدرێن بەگوێی گوێگرداو بۆیە هیچیان لێ ناقرتێ. ئەوەی لەم

١- جگە لەم چوار ڕێگایە، ڕێگەیەکی تریش هەیە بۆدەربڕینی خۆیەتی بەهۆی بەکارهێنانی کرداری(هە)وە یان بەهۆی چەند پاشگرێکی داڕشتنەوە، وەك: (دار، مەند. . . ) — (سەردار، هۆشمەند. . . ). لێرەدا ئەم ڕێگایانەی تر خراونەتە پشت گوێ، چونکە یەکەمیان بۆدەربڕین پێویستی بەڕستەیەکە، دووەمیشیان دەوری کەمە- بەواتایەکی تر تەنیا لەگەڵ ژمارەیەکی کەم وشەدا دێت کە ڕێزمان دیارییان دەکات.



شێوەیەدا سەرنج رادەکێشێ، ئەوەیە کە پەیوەندی خۆیەتی کراوە بەژێرەوە. لەڕووی واتاوە راستەوخۆ دیار نییە، بەڵام دوای لێکدانەوەو بەراورد لەگەڵ جۆری یەکەمدا، پێوەندی خۆیەتی دەردەکەوێ. بۆنموونە:

مەلاژن = ژنی مەلا

کوڕە پاشا = کوڕی پاشا

براژن = ژنی برا

وەستاژن = ژنی وەستا

لەم دوو رووەوە ئەمە چەشنە فرێزانە لەفرێزی خۆیەتیی جیادەکرێنەوە:

١- زۆرجار ئەم وشە لێکدراوانە مانایەکی تایبەتی چەسپاوIdiomatic ی خۆیان هەیە. جگە لەپێوەندی خۆیەتی، وەك لەسەرەوە وتمان(کراوە بەژێرەوە) هەروەها مانای تەوس و ناڕەزایی و گاڵتەش دەردەبڕێت.

٢- لەبەرئەوەی ئەم وشە لێکدراوانە لەڕێزماندا بە یەك دانە دادەنرێن، بۆیە کاتێك پاشگری(ەکە)ی ناسیاوی بۆ زیاد دەکەین هەموو وشەکە (واتا هەردوو پارچەکە) دەناسرێ. بەپێچەوانەشەوە کە پاشگری (ەکە) بۆ فرێزی خۆیەتی زیادبکەین، تەنها پارچەی دواوە دیاری دەکات. بۆنموونە:

کوڕی پاشا> کوڕە پاشاکە (وشە دیاری کراوەکە)

کوڕی پاشا> کوڕی پاشاکە (تەنها ((پاشا)) دیاری کراوە).

٣-لەڕۆناندا جۆری سێیەم دیسانەوە بەفرێز دەژمێررێ بەڵام هیچ پارچەیەکی سەرەکی نییە، چونکە ناتوانێت جێی هەموو فرێزەکە بگرێتەوە.

لەڕووی واتاوە وەکو چەشنی یەکەم و دووەم پڕ نییە، چونکە جگە لەوەی کە جێناوەکەش (بێئەوەی بزانین بۆکێ دەگەڕێتەوە) بەتەنیا واتای تەواو نادات، هەروەها خۆیەتییەکەش نەدراوە. منای جۆری سێیەم تەنها لەچوارچێوەی قسەکردندا دەردەکەوێ وبەتەواوی بەڕستەی پێش خۆیەوە بەندە. لەبەرئەوە لەقسەکردندا بۆ دووبارە کردنەوەی قسە بەکاردێت. لە نووسیندا بەکارهێنانی زۆر کەمە.

٤- جۆری چوارەم لەڕووی ڕۆنانەوە وشەیەکی ئاڵۆزە (لە مۆرفیمێکی ئازاد و مۆرفیمێك یان چەند مۆرفیمێکی بەند پێکهاتووە). لەڕووی واتاوە لەچەشنی یەکەم و دووەم واتا کەمتر دەدرکێنێ (چونکە پاشگرەکە تەواو دیاری ناکات مولکەکە هیی کێیە

هەرچەندە دەزانین کەسی چەندەمە) بەڵام لە جۆری سێیەم پڕترە. لەبەر کورتی لەهەموو جۆرەکانی تر زۆرتر بەکاردێت.

لەم باسەدا تەنها چەند تێبینییەکم هەیە دەمەوێ لەبارەی جۆری چوارەمەوە بیخەمە روو. پاشاوەی ئەم باسە تەنها پێوەندی بەو خۆیەتییەوە هەیە کەبە شێوەی چوارەم دەردەبڕرێت. (هیوادارم بتوانم لەنووسینێکی تردا لەسەر جۆرەکانی بەدرێژی بنووسم).

## ٥- جۆرەکانی پاشگرو پاشگری خۆیەتی:

هەرچەندە لەبەشی یەکەمی ئەم باسەدا وتمان ئەو جێناوە لکاوانەی خۆیەتی دەردەبڕن، لەشێوەدا هەر ئەوانەن دەبنە نیشانەی بکەرو کراون بەڵام لەڕاستیدا بەتەواوی نییە و بەلای کەمەوە دەتوانین دوو جۆری جیاواز لەم پاشگرانە دیاری بکەین: ١- کۆمەڵێك کەبۆ خۆیەتی بەکاردێت، ٢- کۆمەڵێك بۆ نیشانەی بکەرو کراو.[1]

| | کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم |
| --- | --- | --- |
| کەسی یەکەم | تاك(م) | م |
| | کۆ(مان) | ین/ |
| کەسی دووەم | تاك(ت) | ت |
| | کۆ(تان) | ن |
| کەسی سێیەم | تاك(ی) | ێ، ێت، ئا، ئات |
| | کۆ(یان) | ن/ |

کۆمەڵەی یەکەم چەند تایبەتییەکی هەیە:

١- لێرەدا دەبێت ئەو راستیە بخەینە روو کە پاشگری (م) و(ت) یەکسەر بە وشەوە نالکێن کەبەنەبزوێن کۆتاییی هاتبێت بەڵکو پێویستیان بەبزوێنکی کورتە، کەئەم رێنووسەمان دەری ناخات. مەکارەس لەو رایەدایە کەئەم پاشگرانە لەدروست بووندا (نارێکن)، بەڵام لەڕاستیدا وانی یە، چونکە وەرگرتنی(م) لە(من)ەوە، (ت) لە(تۆ)وە ئاساییە. لەکۆشدا تەنیا(ئان)ی کۆیان وەرگرتووەو بوون بە(مان)و(تان). نارێکی یەکە تەنیا لەکەسی سێیەمدا دیارە، چونکە نازانین(ی) لەچی یەوە هاتووە، بەڵام دیسان لەکۆدا راست بۆتەوەو بەهۆی نیشانەی کۆوە بووە بە(یان). لەکۆمەڵەی دووەمدا پاشگری کەسی سێی تاك زۆر نارێکە لەکەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆدا، وەك نیشانەیەکی کۆ تەنیا(ن) ماوەتەوە.



١- تەنها ئەم کۆمەڵە بۆ دەربڕینی خۆیەتی بەکاردێت: خانۆکەم، خانۆکەت، خانۆکەمان، خانۆکەتان، خانۆکەی، خانۆکەیان. . . پاشگری ن = ئێوە/ئەوان، هەروەها پاشگری ین = ئێمە هەرگیز خۆیەتی دەرنابڕن ونالکێن بەناوەوە.

٢- ئەم کۆمەڵە پاشگرە لەگەڵ کرداری رابردووی تێپەڕدا دەبن بە نیشانەی بکەر: خواردم، خواردت، خواردمان، خواردتان، خواردیان. . . .

٣-ئەگەر تافی کردار رانەبردووبێت دەبنە نیشانەی کراو:

دەتانـــــشکێنــــــم     دەیـــــــــــــــخۆم
(کراو)    (بکەر)    (کراو)    (بکەر)

دەتـــــــــکوژم     دەمـــــــــــــــخۆی
(کراو)    (بکەر)    (کراو)    (بکەر)

لەبەرئەوە ئەم کۆمەڵە ئەرکی سەرەکیان دەربڕینی خۆیەتییە و زۆر کات بەناوەوە دەلکێن، هەندێ لە زمانەوانان بە (پاشگری جێناو)ی ناوی دەبەن. ئەم ناوانانە بەلای منەوە زۆر راست نییە، چونکە بێجگە لەخۆیەتی، ئەرکی تریان هەیە، وەك لەخاڵی(٢) و(٣)ی سەرەوەدا دەردەکەوێت. هەروەها هەندێ جار هەر بۆدەربڕینی خۆیەتی بەکردارەوە دەلکێن (لەبەشی حەوتەمدا بەدرێژی ئەمە روون دەکەینەوە).

لەبارەی کۆمەڵەی دووەمەوە پێویستە ئەم تێبینییانە بخرێنە روو:

١- لەگەڵ کرداری رانەبوردوو وکرداری رابوردووی تێنەپەڕدا دەبنە نیشانەی بکەر، وەك:

دەخۆم، دەخۆیت، دەخوات، دەخۆن، دەخۆین

رۆیشتم، رۆیشتیت، رۆیشتن، رۆیشتین.

٢- لەگەڵ کرداری رابردووی تێپەڕدا دەبنە نیشانەی کراو. وەك:

شکاندمــــــــن     خواردیانـــــــــــــــین
(بکەر)    (کراو)    (بکەر)    (کراو)

٣- لەکەسی سێیەمدا وەك لەنەخشەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت پاشگرەکە شێوەی زۆرە:

رۆیشت (مۆرفیمی زیادنەکردووە).

دەخوا، دەخوات (ئا/ ئات زیاد دەکات)، لەبەرئەوەی رەگی کردارەکە بە(ۆ) دوایی دێت.

دەمرێ، دەمرێت (ێ /ێت زیاد دەکات).

دیسان هەندێ زمانەوان بەم کۆمەڵی دووەمـە دەڵـێن (پاشـگری کـرداری). ئـەم نـاوە لەجێی خۆیا نییـە چـونکە ئەنـدامانی ئـەم کۆمەڵەیـە هـەرگیز بۆخۆیـەتی بەکارنایـەن و لەبەرئەوە نالکێن بەناوەوە.

لەم باسەدا کەلەسەر خۆیەتییە بەهۆی جێناوی لکاوەوە پێوەندی راسـتەوخۆمان بەکۆمــەڵی یەکەمەوە هەیە لەمەودوا بۆ ئاسانی وسەرتێك نەدان بەم کۆمەڵەیە دەڵێین (پاشگری خۆیەتی).

## ٦- دابەش کردنی زمانەکانی جیهان بـەپێی رەوشـتی مـۆرفێم و شـوێنی زمانی کوردی:

بەپێی رەوشتی مۆرفێمەکان، زمانەکانی جیهان بەسەر چەند کۆمەڵێکدا دابەش دەبن:

یەکەم: ئەو زمانانەی کە لە مۆرفێمی جیاجیا پێك دێن وهەر مۆرفێمە واتایەك یان ئـەرکێکی رێزمانی دەبینێ. بۆکۆ، کەس، خۆیەتی، پرسـیار. . . . مـۆرفێمی سـەربەخۆیان هەیـە. باشـترین نموونە لەم جۆرە زمانە، زمانی(چینی)یە ئینگلیزیش تاڕادەیەك لەم کۆمەڵەیە، بەڵام بەتەواوی نا.

دووەم: ئەو زمانانەی ژمارەیەکی زۆر پێشگرو پاشگر بەکاردێنن بۆ ئەرکـە رێزمانییــەکان، وەکو کەس و خۆیەتی و تاك و کۆ. . . تاد. بەجۆرێك کەپاش وپیش خستنی وشە هیچ رۆڵێـك نابینێت. باشترین نموونەی ئەم کۆمەڵە، زمانی لاتینی کۆنە.

سێیەم: ئەو زمانانەی مۆڕفێمەکانیان بە بەند یـان ئـازاد بـەدوا یـەکتردا دێـن، بێئـەوەی گۆڕانیان بەسەردابێت. بەواتایەکیتر هەموو مۆڕفێمــەکان رۆنـانی دەنگیــی خۆیـان دەپـارێزن و دەنگیان لێ ناقرتێ و زیاد ناکەن. زمانی تورکی باشترین نموونەی ئەم کۆمەڵەیە کـە پــێدەڵێن Polysynthetic.

چوارەم: ئەو زمانانــەی رسـتەی ئاســاییيان نییــە و لەشـوێنی رسـتەدا وشــەی گــەورەکراو بەکاردێنن (Agglutinatve). لەم جۆرە زمانانەدا مۆرفێمی بەندو ئازاد بەیەکترەوە دەئـاڵێن تا واتای رستە دەدەن بەدەستەوە. زمانی ئەسکیمۆ باشترین نموونەی ئەم دەستەیەیە[1]

١- بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ زمانەوانە رۆژئاوایی یەکان دەیانویست بەم پێیە زمانەکانی جیهان دابەش بکەن، بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوت، کە دابەش کردنی وا بێسوودو مەحاڵە، چونکە زۆربەی زمانەکان بەتەواوی ناچنە سەر جۆرێك لەم چوارە، لەبەرئەوە تەنیا لەلێکۆڵینەوەی جۆرەکانی مۆرفێمدا بەکاردێت، نەك جۆرەکانی زمان. منیش لێرەدا هەروا بەکارم هێناوە.



ئایا زمانی کوردی بەپێی رەوشتی مۆرفێمەکان لەکام جۆرە؟ لەڕاستیدا زمانی کوردی، وەك زۆر زمانی تر لەڕیزکردنی مۆرفێمەکانیدا رێگەیەکی تایبەتی ناگرێت، لەبەر ئەوە ناتوانین لـە ریزی یەکێك لەو کۆمەڵانەی سەرەوەی دابنێین. بۆ دیاری کردنی شوێنی زمانی کوردی پێویستە هەندێ تێبینی بخەینە روو:

١-زمانی کـوردی ناچـێتە کۆمەڵـەی سـێیەمەوە، چـونکە کـە مۆرفێمـەکانی دەچـنە سەریەك، هەموو کاتێك سەربەخۆیی خۆیان ناپارێزن. هەندێ جار دەنگ ون دەکەن. هەنـدێ جار دەنگی زیاد دێتە نـاوەوە. هەنـدێ جـاریش لەلێکـدانی دوو دەنـگ دەنگێکـی جیـاواز دێتەکایەوە. بۆ نموونە:

**دەنگ زیاد بوون**

بیدروو + ەوە > بیدروورەوە

بیلێ + ەوە > بیلێرەوە

بیخۆ +ەوە > بیخۆرەوە

**دەنگ ون کردن**

منداڵە + ەکە + ان > منداڵەکان

بخۆ + ە > بخۆ

**دەنگی جیاواز**

خانوو + ەکە > خانۆکە

قاپی + ەکە > قاپێکە

٢- لە کوردیدا هەرچەندە کەس و تاك و خۆیەتی شێوەی مۆڕفێمی بەند وەردەگرن، بـەڵام ناگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی چوارەم، چونکە ئاوەڵناوو پارتیکل[1] هەرگیز نابن بە مـۆڕفێمی بەنـدو بەناویەکدا ناچن.

١- پاڕتیکلز داهێنانێکی قوتابخانەی داڕشتنە لەڕێزماندا. پێشڕەوەکانی ئەم قوتابخانەیە ناڕەزاییيەکی توندیان بەرامبەر قوتابخانەی رێزمانی کلاسیك هەبوو، گوایا ئەمانە گرنگیی زۆریان بـەواتا داوەو هـەموو کارەکانیـان لەسەر ئەم بنچینەیە بنیادناوە. ئەوەبوو لەدابەش کردنی بەشەکانی ئاخاوتندا ناووئاوەڵناوو جێتـاوو کرداریـان جیاکردەوەو بەبەشی سەرەکی یان دانان. هەموو بەشەکانی تریشیان ناونـا (پـاڕتیکلز). لەدواییـدا ئەمیـشیان بەسەر ئامرازو ئاوەڵکرداردا دابەش کرد. لەڕاستیدا پاڕتیکلز وەك هەگبەیەکی لێ هات، هەرچییەك نەکوڵایـە

٣- کوردی لەکۆمەڵی یەکەم بەوە جیادەکرێتەوە کەبۆ دەربڕینی ئەرکە ڕێزمانییەکان وەکو کەس/تاك، کۆ.. مۆڕفیمی ئازاد بەکارناهێنێت. لە هەمان کاتدا کوردی لەم کۆمەڵە دەچێ، چونکە گۆڕینی شوێنی وشە واتا دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

(پیاوەکە سەگەکەی هەڵبڕی) جیاوازە لە: (سەگەکە پیاوەکەی هەڵبڕی).

٤- تاڕادەیەکی زۆر کوردی لەکۆمەڵی چوارەم دەچێت، چونکە بۆ دەربڕینی ئەرکە ڕێزمانییەکانی پشتێکی تەواو بەپاشگر دەبەستێ. لەهەمان کاتدا بەتەواویش لەم کۆمەڵە نییە، چونکە گۆڕینی شوێنی وشەکان، وەك لەبەندی(٣)دا باسمان کرد، ڕۆڵی تایبەتیی هەیە لەواتادا.

بەپێی ئەو بەراوردەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە ڕەوشتی مۆڕفیمەکانی کوردی تاڕادەیەك لە ڕەوشتی مۆڕفیمەکانی کۆمەڵی یەکەم ودووەم دەچێت، بەڵام بەتەواوی ناچێتە سەر هیچیان. بەواتایەکی تر کوردی پاشگر زۆر بەکاردێنێ و پاشگرەکان دەتوانن بەیەکەوە بلکێن تاژمارەیان دەگاتە چوار، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرەڵڵاییی تەواو نییە لەڕیزکردنی وشەدا بۆ دروست کردنی ڕستە.

## ٧- ریزبوونی پاشگرەکان و شوێنی پاشگری خۆیەتی لە ڕستەی کورتکراوەدا:

دوای ئەوەی بەپێی ڕەوشتی مۆڕفێمەکان شوێنی زمانی کوردیمان لەنێوان زمانەکانی جیهاندا دیاریکرد و سەلماندمان کە کوردی تاڕادەیەك پشت بەپاشگر دەبەستێ بۆ دەربڕینی ئەرکە ڕێزمانیەکان و دەرمان خست کەئەو پاشگرانە توانای ئەوەیان هەیە ژمارەیەکی دیاریکراو بەدوای یەکتردا بێن و لەم بەدوای یەکترا هاتنەدا زۆرجار ڕۆنانی دەنگیان دەگۆڕێت، ئینجا دێینە سەر باسی پێوەندی پاشگری خۆیەتی لەگەڵ پاشگرەکانی تردا لە سنووری وشەدا.

لەبەرئەوەی کوردی ناوگرو پێشگر کەمتر لەپاشگر بەکاردێنێ، کاتێك ژمارەیەك پاشگر لەسنووری وشەدا بەدوای یەکتردا هاتن ئەوە دەبێت ریزبکرێن و ئەم ریزکردنەش لەخۆوە نابێت. هەرچەندە هەرجارەی بەجۆرێکە بەڵام بەپێی یاسایەکی تایبەتییە. کوردی ڕێگەی ئەوە دەدات دیاریکردن و تاك/کۆ و خۆیەتی و بکەر بەشێوەی پاشگر دەربڕێت لەیەك وشەدا (کە دەبێتە وشەیەکی ئاڵۆز). یاسایەکی نەگۆڕاویش پێوەندی ئەم دیاردانە ڕێك دەخات. بەوێنە دەبێت

---

تێیان دەهاویشت، وەك ئاوەڵکرداری کلاسیکیەکانی لێ هات. لە کوردیدا پاڕیکلژ ئەمانە دەگرێتەوە: ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی بەستن، لێکدەری(کە)، ئامرازی پرسیار، ئاوەڵکردار، ژمارە.



دیاری کردن لەپێش هەموویانەوە دەربڕێت ئنجا ژمارە، بەدوایاندا خۆیەتی و لەدوای هەموویانەوە بکەر.

ئەو ریزبوونەی سەرەوە هەمیشەییە و ناگۆڕێت. بێگومان مەرج نییە لەوشەیەکدا هەر چوار دیاردەکە هەبێت، بەڵام ئەگەر تەنیا خۆیەتی و دیاریکردن هەبێت دیاری کردن پێش بخرێت خۆیەتی لەدواوەی دابنرێت. دەتوانین بەو نەخشەیەی خوارەوە ئەم ریزکردنە پتر ڕوون بکەینەوە:

***وشە + پاشگری دیاری کردن + کۆ/ تاك + خۆیەتی + بکەر***

لێرەدا پێویستە ڕوونی بکەینەوە کەمەبەست لەپاشگری دیاری کردن تەنها(ەکە)و ئەلۆمۆڕفەکانی نییە، بەڵکو(ە)ی پاشبەندی ئاوەڵناوی ئیشارەتکردنیش دەگرێتەوە. لەو نموونانەی خوارەوەدا ئەو مۆرفێمانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە لەم باسەدا هەموویان بەپاشگری دیاری کردن دانراون:

ئەو پیاوە          **پیاوەکە** / **پیاوەکان**

ئەم کوڕە          **خانۆکە**

هەروەها پاشگری کۆو تاك. نەك هەر (ێك)و ئەلۆمۆڕفەکانی و(ئان) و ئەلۆمۆڕفەکانی، بەڵکو پاشگرە نائاسایی یەکانی، وەك (-هات / -ئات، -گەل)یش دەگرێتەوە. ئەم نموونانەی خوارەوە ریزبوونی پاشگرەکان ڕوون دەکاتەوە:

١- منداڵەکانتم ڕەوانەکرد.

منداڵ + ەکە + ئان + ت + م

دیاری کردن + کۆ + خۆیەتی + بکەر          ٤ پاشگر

٢- پارەکەتیان دۆڕاند.

پارە + ەکە + ت + یان

دیاری کردن +خۆیەتی + بکەر          ٣ پاشگر

٣- پاندانێکتم بەخشی تا خۆت هاتیتەوە.

پاندان + ێك + ت + م

تاك + خۆیەتی + بکەر          ٣ پاشگر

٤- منداڵەکانم بەزۆر ناردەوە

منداڵ + ەکە + ان + م + م

دیاری کردن + کۆ + خۆیەتی + بکەر          ٤ پاشگر

٥- لاوەکانمان نموونەن.

لاو + ەکە + ئان + مان

دیاری کردن+ کۆ + خۆیەتی ٣پاشگر

بێگومان هەندێ لەیەکدان ڕێگەی نادرێ. چەند نموونەیەکی ناپەسەند لەزاری سلێمانیدا:

* ئەم ژنەکە

ژن + ە+ ەکە

(لەکوردیدا ناوێك دووجار دیاری ناکرێت)

* ئەسپانم کڕی.

ئەسپ + ان + م

کۆ + بکەر

(لەزاری سلێمانیدا هەندێ ناو پێش کردنی بەکۆ، دەبێت دیاری بکرێت، واتە-ەکە-ی بخرێتەسەر دواتر بەدرێژی لەمە دەدوێین)

* دەستەکەمم بڕی.

دەست + ەکە + م + م

دیاری کردن +خۆیەتی +بکەر

(دیسانەوە لەزاری سلێمانیدا هەندێ ناو دەبێ بێدیاری کردن پاشگری خۆیەتی وەرگرێت. دواتر ئەم کێشەیە روون دەکەینەوە).

## ٨- ناوو ڕێکەوتنی لەگەڵ پاشگری خۆیەتیدا:

هەندێ ناو دەبێت پاشگری خۆیەتی یەکسەر بەدوادا بێت، وەك:

دەست دەستم *دەستەکەم

قاچ قاچم * قاچەکەم

پێ پێم * پێیەکەم

سنگ سنگم *سنگەکەم[1]

١- تەنیا کاتێك بۆ پارچەی لەش بەکارمان نەهێنابن، ئەم وشانە دەتوانن بەپاشگری خۆیەتی بەدوای پاشگری ناسیندا وەرگرن.



شان شانت *شانەکەم

دان دانم *دانەکەم

هەندێ ناوی تر بەپێچەوانەوە تاوەکو بەهۆی پاشگری(ەکە)یان (ە)وە دیاری نەکرێن پاشگری خۆیەتی وەرناگرن، وەك:

ئەسپ ئەسپەکەم * ئەسپم

پاندان پاندانەکەم * پاندانم

شەرواڵ شەرواڵەکەم * شەرواڵم

خانوو خانۆکەم * خانووم

پەنجەرە پەنجەرەکەمان *پەنجەرەمان

پیاڵە پیاڵەکەت * پیاڵەت

کۆمەڵێ ناو هەن بەهەردوو شێوە دەبینرێن-واتە بێ دیاری کردن لەگەڵ پاشگری خۆیەتیداو بەدیاریکردن لەگەڵ هەمان پاشگردا، وەك:

ماڵم ماڵەکەم

یارم یارەکەم

کوڕم کوڕەکەم

خوشکم خوشکەکەم

باوکم باوکەکەم

کەواتە بەپێی ڕێکەوتن لەگەڵ پاشگری خۆیەتیدا ناو لەزمانی کوردیدا دەتوانرێت بکرێت بە سێ بەشەوە:

١-کۆمەڵەی یەکەم: ئەو ناوانەن کەیەکسەر دەتوانن پاشگری خۆیەتی وەرگرن. ئەمانە بریتین لەناوی ئەندامانی لەش(قاچ، دەست، سنگ، دان، سەر، قژ، قۆڵ، پێ، چاو، لووت...تاد) و ئەو ناوانەی پێوەندی خزمایەتی یان ناسیاوی نیشان دەدەن (باوك، برا، خوشك، دایك، مام، خاڵ، ئامۆزا، ژن برا، براژن، هاوڕێ.... هتد)ە هەندێ ناوی تری، وەك (ماڵ، یار، گوڵ...).

٢- کۆمەڵەی دووەم: ئەو ناوانەن کەیەکسەر ناتوانن پاشگری خۆیەتی وەرگرن. پێش ئەوەی بکرێنە کۆ بەبێ پێویستیان بەپاشگری دیاریکردنە. ئەم کۆمەڵە بەژمارە زۆر زۆرترن لە کۆمەڵەی یەکەم: وەك: (پارە، دار، کراس، دێ، شار، دۆشەك، دەرگا.... تاد).

کۆمەڵەی سێیەم: ئەو ناوانەن کەدەتوانن لە هەدوو بارەکەدا بەکاربێن، جارێک راستەوخۆ لەگەڵ پاشگری خۆیەتیدا، جارێکی تر لەدوای ناسین پاشگری خۆیەتی وەردەگرن. وەك: ماڵ، باوك، دایك، . . . تاد. ژمارەی ئەم ناوانەش کەمن:

ماڵت وێران بێت، ماڵیان دوورە، سەروماڵی تیاچوو، ماڵەکەمی.

کچەکەی نەداوە بەشوو، کچەکە لە چیدایت؟ کچم وا نابێت.

دایکم لەماڵەوەیە، دایکەکەم بۆ وا دەکەی؟

باوکم نەماوە، باوکەکەم خەریکی چیت؟

بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە، دەتوانین چەند رێگایەك بگرین. لەدوای بەراوردکردن کامیان راستییەکەی تەواو دەرخست پەسەندی دەکەین:

١- هۆی فۆنەتیکی: ئایا دەتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە هۆی فۆنەتیکی هەیە؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارە دەبێت لەشوێنی پاشگرەکان بکۆڵینەوەو باش لێیان وردببینەوەو بزانین ئایا پاشگری خۆیەتی شوێنی تایبەتی دەگرێت و بەدوای چەند دەنگێکدا دێت و لەگەڵ دەنگی تردا رێك دەکەوێت. ئاشکرایە، لەو نموونانەی سەرەوەدا فۆنەتیك دەور لەم کێشەیەدا نابینێت، چونکە هەمان وشەی(ماڵ، کچ، دایك. . . تاد) لەهەردوو بارەکەدا دەبینرێت. بەواتایەکیتر هەر ئەودەنگانەی -ڵ-، -چ-، -ك- جارێك راستەوخۆ پاشگری خۆیەتی وەردەگرن و جارێك لەپێشدا پاشگری ناسین و ئینجا پاشگری خۆیەتی وەردەگرن. کەواتە فۆنەتیك کەم وزۆر کێشەکەمان بۆچار ناکات.

٢- هۆی رێزمانی: ئەمەشیان هەر نامان گەیەنێتە ئەنجام چونکە هەموو وشەکان خۆیەتی راستەوخۆ وەرگرن یان نا، هەریەك ئەرکی رێزمانی دەبینن ئەویش (ناو)ە. دیسان ئەگەر لەجۆرەکانی ناویش بکۆڵینەوە، دەبینین کە زۆربەیان ناوی بەرجەستەن.

٣- هۆی واتایی: کە لە واتای وشەکان ورد دەبینەوە واتا رستەکانیش لێك دەدەینەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دوو رێگەمان دەستگیر دەبێت:

أ- جیاوازیی نێوان کۆمەڵی یەکەم و دووەم لەوانەیە لەکوردیدا بەشێوەکی گشتی بگەڕێتەوە بۆ چەمکی فکرەی ژمارە. کاتێك ژمارەیەکی بێسنوورمان لە شتێك هەبێت، دەبێت یەکێکیان لێ هەڵبژێرین، بیناسێنین وئەوسا خاوەنەکەی دیاری بکەین بەپێچەوانەشەوە ئەو ناوانەی خۆیان تاڕادەیەك ژمارەیان کەمە پێویست ناکات بیان ناسێنین، بەڵکو یەکسەر دەتوانین پاشگری خۆیەتی بەدوایانەوە بلکێنین. ئەم بۆچوونە تاڕادەیەك چاری کێشەکەمان



دەکات. کۆمەڵی یەکەم وەك (سنگ، قاچ. . .) تاڕادەیەك ژمارەیان دیاری کراوە، لەبەرئەوە راستەوخۆ پاشگری خۆیەتی وەردەگرن. بەم پێیە دەوترێ:

سنگم دەیەشێت. قاچم بریندارە. (ئەمانە رستەی پەسەندن)

بەڵام رستەکانی قاچەکەت بریندارە. سنگەکەی دەیەشێت (پەسەند نین)

هەروەها ئەم بۆچوونە چاری کۆمەڵی دووەمیش: (خانوو، دار....) دەکات. ئەمانە لەسروشتدا ژمارەیان زۆرە، لەبەرئەوە پێویسیان بەوەیە بناسرێن ئینجا خاوەنیان بۆدابنرێت. بەم جۆرە:

شەرواڵەکەمم شت خانۆکەیان رووخاوە. (لەڕووی رێزمان و واتاوە رستەی پەسەندن)

بەڵام رستەکانی: شەرواڵم شت. خانوویان رووخاوە. (کە لە زاری سلێمانیدا دەبینرێن، ناپەسەندن).

ناتەواویی بۆ چوونەکەمان کاتێك دەردەکەوێ کە دێینە سەر کۆمەڵی سێیەم. وشەی (دایك)یان (باوك) ژمارەیان زۆر نییە و بگرە بەزۆری هەر بۆ تاکە کەسێ بەکاری دێنین، کەچی جارێك دەڵێین (باوکم) و جارێکیش (باوکەکەم). جگە لەمەش ئەم بۆ چوونە لەبنچینەدا راست نییە و لەگەڵ یاساکانی تری زمانی کوردیدا ناگونجێ، چونکە وەك ئاشکرایە لەناو کوردیدا کە پاشگری ناسیاوی پێوە نەبێت بە واتای (گشت) بەکاردێت و لەڕووی واتاوە کۆیەو نەك تاك. بۆنموونە دەڵێین: (بەرەو شاخ دەڕۆن) یان (منداڵ هەروایە)، ئەوەی لێرەدا لە وشەی (شاخ) یان (منداڵ) لەواتادا وشەیەکی تاك نییە. لەبەرئەوە مەبەستمان لە گشت منداڵێك ولەگشت شاخێکە، بۆیە نەك هەر نەناسراوە، بەڵکو ژمارەشی دیاری نەکراوەو بێسنوورە (بڕوانە: مەکەنزی، ل٥٠) کەم وکورتییەکی تری ئەم بۆچوونە لەوەشدایە کە نەتوانین چەمکی ژمارە کەمی تەواو دیاری بکەین بەوێنە لەڕستەی (قۆڵم ئازاری گەیشتووە)دا دەڵێین (قۆڵ) یەکسەر خۆیەتی وەردەگرێت، چونکە ژمارەی (قۆڵ) لەسروشتدا کەمە، خۆ ئەگەر قۆڵی هەموو مرۆڤێك وەرگرین، ئەوە لەژمارە نایەت... خۆ ئەگەر وابێت قۆڵی کورسیش لەدوان زیاتر نییە، کەچی هەرگیز ناڵێین (بێ زەحمەت وریابە، قۆڵی شکاوە). کەواتە لەمەسەلەی کەمی و زۆریی ژمارەدا کێشەمان پترە.

ب-بۆ چوونی دووەم بەلای منەوە لەهیی یەکەم پەسەندترو سەرکەووترە، چونکە دەتوانین بڵێین لەکوردیدا دوو جۆر خۆیەتیمان هەیە:

١-خۆیەتی ئاشنا[1]. ٢-خۆیەتیی نائاشنا.

١-خۆیەتیی ئاشنا بۆ ئەو شتانە بەکاردێت، کە پارچەیەکن و بیانەوێ یان نەیانەوێ لەخاوەنەکانیان جیانابنەوە. ئەو شتانە تاپۆکراون و بەخاوەنەکانیانەوە نەلکاون. ڕێزمانی کوردی بۆئەوەی لەخۆیەتی نائاشنا جیایان بکاتەوە بەشێوەیەکی جیاواز لەگەڵیاندا دەجوڵێتەوەو بەشێوەکی تایبەتی بە پیریانەوە دەچێت. ئەم شتانە یەکسەر پاشگری خۆیەتییان پێوەدەلکێ بێئەوەی بناسرێن. بەوێنە بڕوانە ئەو ڕستانەی خوارەوە:

دەستم شکا؟
سنگت دەیەشێت؟
قاچی نایە بانی.
مامان ساڵی جارێك نایە بەلاماندا.
دڵی نەخۆشە
باوکی بەخێویان ئەکات.

ئەم دووشتانە دوو کۆمەڵە پێك دێنن: أ- کۆمەڵی ناو کەسیماو پارچەکانی لەشن، ب- کۆمەڵی ناو کە پلەی خزمایەتی و ناسیاوی دەردەبڕن. کۆمەڵی دووەم لەدوو کاتدا پاشگری ناسین پێش خۆیەتی وەردەگرن:

یەکەم: ئەگەر زیاتر لەیەکێك هەبێت، وەك:

مامەکەیان بەجێی هێشتوون.
نەنکەکەتان چۆنە؟

---

١- زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کە خۆیەتیی ئاشنا ونائاشنا لەزۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەن. خۆیەتی ئاشنا ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بمانەوێ یان نەمانەوێ پێمانەوە لکاون ولێمان نابنەوە، وەکو سیماو ئەندامانی لەش وئەو وشانەی پێوەندی خزمایەتی دەردەبڕن. خۆیەتی نائاشناش ئەو شتانە دەگرێتەوە کەبە ئارەزووی خۆمان دەبین بەخاوەنیان، وەکو کەل وپەل وجل وبەرگ... ئەمانە لەوانەیە خاوەنەکانیان بگۆڕن یان ماوەیەك لەلایان بمێننەوە. هەندێ زمان (بۆنموونە فەڕەنسی) ئەم جیاوازی یەی خۆیەتی لەڕێزماندا دەردەبڕن، بەوەی فۆڕمی جیاواز جیاواز لەگەڵ ئەم شتانەدا بەکاردێنن. بەباوەڕی من کوردیش ئەم جیاوازییە بەهۆی ریزکردنی پاشگری خۆیەتییەوە دەردەبڕێت. بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لەم بارەیەوە، بڕوانە کارەکانی زمانەوانی ئەمریکایی (فیل مۆڕ)



خوشکەکەتان لەچیدایە؟
براکەت خەریکی چییە؟

دووەم: ئەگەر ناوەکە بەمانای مەجاز بەکاربێت، وەك:

باوکەکەم بۆ وادەکەیت (لێرەدا باوکی ئاسایی نییە، بەڵکو منداڵیشە).
دایکەکەم وانابێت (بێگومان دایکی خۆی نییە، بەڵکو لەوانەیە هەر شوشی نەکردبێت)
کوڕەکەم تۆ لەدنیا ناگەیت. (مەرج نییە کوڕی خۆی بێت، ئەگەر واش بێت چمکی خۆیەتی بووە بەژێر سۆزەوە).

٢- خۆیەتی نائاشنا. ئەم جۆرە بۆئەو شتانە بەکاردێت کەپارچەیەك نین لەخاوەنەکانیان، ناوبەناو دەست دەگۆڕن وهەمیشە نالکێن پێیانەوە. ڕێزمانی کوردی بەوە جیایان دەکاتەوە کە هەرگیز بێ پاشگری ناسین نایاندات بەکەس. زۆربەی وشەکانی زمانەکەمان لەمانەن، وەك:

فەرشەکەتم فرۆشت.
کراسەکەمم درووەوە.
پاندانەکانتم بەخشی.

ئەم بۆچوونە بەتەواوی چارەسەری کێشەکەمان دەکات. نەك هەر ڕاستییەکانی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو تێشمان دەگەیەنێ، بۆچی ئەم دوو کۆمەڵە ڕستەیە پەسەندن.

سنگم دێشێ سنگەکەم داکوتا
دڵی نەخۆشە دڵەکەم بۆچی نازانی وا باوە؟
دانم دێشێ دانەکانی کولن

## ٩- شوێنی پاشگری خۆیەتی لە فرێز و ڕستەدا:

لە بەشەکانی پێشووتردا(٥و٦) بۆمان دەرکەوت کە پاشگری خۆیەتیی ئاسایی بەدوای ناوەوە دەلکێت، بەڵام لە فرێزو ڕستەدا ئەم پاشگرە جێگۆڕکێ دەکات وبە شوێنی ترەوە دەگیرسێنەوە:

### أ- لە فرێزدا[1]

پاشگری خۆیەتی هەروەکو پاشگری کۆناسین نیشانەی بکەر بە کەرتی دووەمی(دواکەرتی) فرێزەوە دەلکێت، وەك لەو نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

کاڵەك و شووتییەکەمم فرۆشتەوە.

---

١- فرێز یان دەستەواژە لەکوردیدا چەند جۆرێکی هەیە. باشترین لێکۆلینەوە لەسەر ئەم باسە کەبەرچاوم کەوتبێت لێکۆلینەوەکەی مەکارەس (ل٩٣) و لێرەدا زۆر بەکورتی دەیخەمە روو: فرێز لەکوردیدا دەبێت بەدوو بەشی سەرەکییەوە:

١-فرێزی ناوی: کەلە دوو شێوەدا دەبینرێت: أ-کورت،

ب-درێژکراوە(گەورەکراو). فرێزی ناوی بەلای کەمەوە دیارخەرێك و دیارخراوێکی تێدایە، بەنموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| منداڵی بچووك | (کورت) | | |
| ناوی تۆ | (کورت) | پیاوی باش | (کورت) |
| چەند ڕۆژ | (کورت) | | |
| گەلێ کەس | (کورت) | | = |
| دوو منداڵی بچووك | (گەورەکراو) | | |
| ئەم ئیشەی تۆ | (گەورەکراو) | | |
| سەعات دووی پاش نیوەڕۆ | (گەورەکراو) | | |

٢- فرێزی کرداری. ئەمیش دیسانەوە دوو شێوەی هەیە:

أ-کورت. وەك: دەرکرد، بانگ کرد، ئامادەکرد، فێرکرد، پاك کرد.

ب-گەورەکراو. وەك: تێك دەدرا، پەند. . . پێدا. . .

دیسانەوە فرێزی کرداری بەلای کەمەوە دەبێت دیارخەرو دیاخراوێکی تێدا بێت و دیارخراوەکە پێشەوە دەگرێت.

جگە لەمانە، منیش لەو رایەدام، ئەگەر دوو وشە بەهۆی(و)ەوە پێکەوە ببەسترێن، یان بێتوو وشەیەك ئامرازی پێوەندی پێش بکەوێت دیسانەوە بەفرێز بژمێررێ. رەوشتی پاشگرەکانی کوردی (کە بەدوای وشەوە دەلکێن) تەواو ئەم رایەم دەسەلمێنن. بەوێنە:

لەگەڵ هاوڕێکەمدا هاتم

بەدواتا دەگەڕێم

کاڵەك وشووتیم کڕیوە



(کاڵەك و شووتی+ ەکە+ م+ م)

چەند قوتابییەکمان خوێندنیان لە دەرەوە تەواو کردووە

(چەند قوتابی+ ەکە+ مان)

دەستی راست وقاچی چەپیمیان شکاند.

(دەستی راست وقاچی چەپ +م +مان)

ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن، کە ریزبوونی پاشگرەکان لەفرێزدا جیاوازی یان نییە لەڕیزبوونیان لەوشەداو لەسەر هەمان یاسا دەڕۆن: ***فرێز + (ەکە) + (ئان) + (خۆیەتی) + (نیشانەی بکەر)***

(کەوانەکان ئەوە دەگەیەنن کە هەر یەکێك لەو پاشگرانە دەتوانن بن یان نەبن، بەڵام کە هەبوون بەو جۆرە ریزدەبن)

### ب- لە رستەدا:

لەڕستەدا پاشگری خۆیەتی لەژێر کاری نیشانەی بکەردا جێی خۆی دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەگەڵ کرداری رابردوودا نیشانەی بکەر لە کردارەکە دەبێتەوەو هەوڵی ئەوە پێشەوە دەدات خۆی بەکراو دەلکێنێت. ئەم جێگۆڕکێیە نیشانەی بکەر جێ بە پاشگری خۆیەتیش لەق دەکات وناچاری دەکات بەرەو دواوە هەڵبێت. دەتوانین ئەم جێگۆڕکێیەی نیشانەی بکەر بەتایبەتییەکی زاری سلێمانی زمانی کوردی دابنێین[1] ئەو رستانەی خوارەوە ئەم راستییە روون دەکەنەوە:

١- دەستت شکاندم.

٢- ماڵتان وێران کردم.

٣- پاندانەکەت بردم.

٤- دەستیان کردم بەزاخا.

٥-دەستت دەشکێنم.

٦- کە تۆ گەیشتیت ئەو دەستمی دەگرتەوە.

---

١- د. جمال نەبەز لەوڕایەدایە کەئەم دیاردەیە (جێگۆڕکێی پاشگرە کەسێکان دیاردەیەکی نوێیە لەزمانی کوردیدا، بەواتایەکیتر ئەم گۆڕانە لەسەدەکانی ئەم دواییەدا بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە. هەرچۆنێك بێت، ئەم گۆڕانە نەك هەر زمانی کوردیی لەزمانە ئێرانیەکان تر جیاکردۆتەوە، بەڵکو تاڕادەیەك زاری سلێمانیشی لە زارەکانی تر پچڕاندووە.

٧- ئەگەر دەستت بشكانایە باوكم دەهاتە سەرت.
٨- دەستت بشكێنم.
٩- پاندانەكەمی شكاندووە.
١٠- كەتۆ هاتیت كەلوپەلەكانمی دزیبوو.

لە رستەكانی سەرەوەدا (١-٥) پاشگری خۆیەتی شوێنێكی نائاساییی گرتووە، چونكە بەدوای كردارەو لكاوە. ئەمەش لەژێر كاری نیشانەی بكەردایە، چونكە هەروەك وتمان لەگەڵ كرداری رابردوودا جێی خۆی دەگۆڕێت وهەوڵی پێشەوە دەدات. پاشگری خۆیەتی ناچار بەرەو دواوە دێت. لەرستەكانیتردا(٦-١٠) شوێنی ئاساییی خۆی گرتووە(بەدوای مولكەكەوە لكاوە. بەو جۆرە ریزبوونەی لەبەشی{٥}دا دەرمان خست). رستەكان ئەوە دەردەخەن كە جێگۆڕكێی پاشگری خۆیەتی تەنها لەگەڵ كرداری رابردووی سادەدا دەبێت. لەگەڵ كرداری رانەبردوودا پاشگری خۆیەتی ئاسان بەدوای ناوەوە دەلكێت، ئەمەش رەوشتی ئاساییی خۆیەتییە لەزۆربەی زمانەكانی تریشدا. بەوێنە:

دەستت دەشكێنم.
ماڵت وێران بێت.
پاندانەكەتان بەكاردەهێنم.

تاكە هۆ بۆئەم رەوشتە ئاساییە ئەوەیە كەلە رانەبردوودا نیشانەی بكەر شوێنی ئاساییی خۆی دەگرێت(دەلكێت بەكردارەوە) و پاشگری خۆیەتی ناچار ناكات شوێنیتر بۆخوی بدۆزێتەوە.

## ١٠- كاكڵی باسەكە:

١- دیارە خۆیەتی لەكوردیدا لابەزیاتر لەرێگایەك دەردەبڕرێت. هەندێك لەم رێگایانە لەوانی تر كەمتر بەكاردێن. جێناوی لكاو زیاتر لەهەمووان بەكاردێت. بەكارهێنانی جێناوی (هی. . .) تەنیا لەقسەدا دەبێت. (ی)ی ئیزافە لە كوردیدا بەكارهێنانی زۆرە بەڵام مەرج نییە هەر پێوەندی خۆیەتی دەربڕێت.

٢- لەكوردیدا پاشگری خۆیەتی (جێناوی لكاو) لەشێوەدا تاڕادەیەك هەر ئەو پاشگرانەن كە دەبن بەنیشانەی كردار یان كراو، بەپێچەوانەی پاشگری كردارییەوە كە ئەمان لەكەسی سێیەمدا زۆر رێك وپێكن (لە ((ی)) شوێن نییە، وەك لەهەندێ زمانی تردا دەیبینین.



٣- لەكوردیدا پاشگری خۆیەتی (جێناوی لكاو) لەشێوەدا تاڕادەیەك هەر ئەو پاشگرانەن كەدەبن بەنیشانەی كردار یان كراو، بەپێچەوانەی پاشگری كردارییەوە كە ئەمان لەكەسی سێیەمدا زۆر رێك وپێكن(لە ((ی)) بەولاوە هیجی تر بەكارنایەت. هەروەها لەكۆدا (ین)و (ن) بەكارنایەن. بەم جۆرە وامان بەڕاست زانی كەپاشگری جێناوی لكاو بكەین بەدوو بەشەوە: ١- پاشگری خۆیەتی (كە زۆرجار بۆ خۆیەتی بەكاردێت)

٢- پاشگری كرداری (كە هەر بەكردارەوە دەلكێت). (بڕوانە: بەشی٥)

٤- پاشگری خۆیەتی كەلەگەڵ پاشگری تردا كۆدەبێتەوە شوێنێكی تایبەتی دەدرێتێ، هەمیشە لەدوای پاشگری دیاری كردنەوە دێت. بەڵام نیشانەی بكەری بەدوادا دێت. هەرچەندە لەزاری سلێمانیدا زۆربەی كات پاشگری خۆیەتی بەدوای ناوەوە دەلكێت، بەڵام بەدوای كرداری رابردووی تێپەڕیشەوە دەبینرێت. لەگەڵ هەندێ ناودا پاشگری خۆیەتی راستەوخۆ خۆی دەلكێنێ وپاشگری دیاری كردن وەرناگرێ (بڕوانە: بەشی٨) بۆ چارەسەركردنی ئەم دیاردەیە بەپێویستمان زانی خۆیەتیی ئاشناو نائاشنا لەیەكتر جیابكەینەوە.

# سەرچاوەکان

**١- سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**


- Edmonds, G. J. (1951) prepositions and personal Affixes in South Kurdish.
- Maccarus, E. (1958). A Kurdish Grammar, Washington: Washington Pantography company.
- Sapir, F. Language: (1927): A Introduction to the study of speech. New York: Harcourt Brace. Javanovich.


**٢- سەرچاوە کوردییەکان:**


- تۆفیق وەهبی (١٩٢٩) دەستووری زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دار الطباعة الحدیپە)، بەغداد.
- جمال نەبەز (١٩٧٩) زمانی یەکگرتووی کوردی، بامێرگ.
- نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.



**٭ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد" بەرگی حەوتەمی ساڵی ١٩٨٠ بڵاوکراوەتەوە.**

# رێنووسی کوردی له روانگەی فۆنەتیکەوە

### ١- سەرەتا:

هەرچەندە نوسین بابەتێکی سەرەکی زمانەوانی نییەو هەرگیز ئەو گرینگیە وەرنـاگرێ کـە به دەنگسازی و رستەسازی وشەسازی دەدرێت، زمانەوان وەك ئەندامێکی خوێنـدەوای کۆمـەڵ ناتوانێت پشتی تێ بگات ولێی نەکۆڵێتەوە بەتایبەتی لەبەر دوو هۆی گرنگ:

١- نوسین بەتایبـەتی لـە پـێش داهێنـانی تۆمارکردنـدا تاکـە سەرچـاوەی لێکۆلینـەوەی زمانەوانی بووە و دەورێکی باڵای له لێکۆلینەوەی مێژوویی بەراوردی هەبووە.

٢-نوسین دیوی دووەمی قسەکردنەو پەیوەندییەکی پتەوەی لەگەڵیدا هەیـە. بـەڵێ قـسە و نوسین بوونێکی سەربەخۆی نییە تەنها بە وردبوونەوە لەقسە دەتوانین لەنوسین بگەین.

له سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە زمانەوانی(بەتایبـەتی فۆنیمیـستەکان) هـەنگاوێکی گرنگی نا بۆ پتەوکردنی جۆری پەیوەندی نێوان زمان ورێنوس بەوەی هەوڵی دانانی رێنوسـێکی ئاسان و رەوانی دا بۆ ئەو زمانانەی بەرەو نەمان دەچوون. هەرچـەندە فۆنیمـستەکان دەورێکـی بچوکیان بەنووسین دا، بەم هەنگاوەیان خزمەتێکی گەورەی رێنوسیان کرد بنەماو تایبەتیەکانی نووسینی فۆنیمیان تەواو چەسپاند.

بەدوای ئەو هەنگاوەدا هەندێك میللەتانی تـریش کـە تائـەو کاتـە گیروگرفتـی رێنوسـیان زۆربوو، بەرێنوسەکەیاندا چـوونەوە و خـستیانە سـەر رێبـازی فـۆنیمی. لـەم لێکۆلێنەوەیـەدا دەمەوێت لەم سەر باسانە بدوێم و چەند رایەکی زمانەوانی دەربارەیان روون بکەمەوە:

١-یاسای دەنگیی زمانی کوردی.
٢-یاسای نووسینی زمانەکە.
٣-ڕادەی ڕێکەوتنیان.
٤-ڕادەی ڕێ نەکەوتنیان.
٥-گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردی لەڕوانگەی فۆنەتیکەوە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.
٦-کورتەی لێکۆڵینەوە.



مەبەستی سەرەکیم لەنووسـینی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ئەوەیـە کـە بەشـێوەیەکی زانـستیانە ئیسپاتی کەم کەڕێنووسی کوردی وەك ڕێنووسی دەها زمانی تر تەواو گونجاو و جـووت نییـە و کەم و کورتی هەیە، بەڵام هێشتا لەناڕێکیدا بـەراورد ناکرێـت لەگـەڵ ڕێنووسـی ئینگلیـزی و فەڕەنسیدا. کێشەی سەرەکی ئێمە لەوەدایە کە ڕێنووسێکی یەکگرتوومان نییە کە هـەموومان پێی بنووسین و پەیڕەوی بکـەین بێگـوێ دانـە تەگەرەوکـەم و کـورتی چـونکە ئاشـکرایە کـە ڕێنووس نییە لە گێتی دا بێ گیروگرفت بێت بەهۆی هەڵکەوت زمانی خۆیەوە کە هەمیشە لـە گۆڕندایە بە پێچەوانەی ڕێنووسەوە کە تاڕادەیەکی زۆر نەگۆڕە لەبـەر ئـەوە هەمیـشەیی شـان بەشان لەگەڵ یاسای دەنگیی زماندا ناڕوات و جووت نابێت.

### ٢-یاسای دەنگیی کوردی:

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو کارانەی دەربارەی فۆنەتیکی زمانی کوردی کـراون لـەناو خۆیانـدا لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی کوردی ڕێك ناکەون (بڕوانە د. عبدالرحمن مـارف ١٩٧٦)، ئەگـەر بە شێوەیەکی زانستیانە سەیری کێشەکە بکەین و جیاوازیە نا گرنگەکان بخەینە پـشت گـوێ و بەراوردکردنی هەندێك وشە بکەینە سەرپشك، دەتوانین ئیسپاتی کەین کە کـوردی(٩) دەنگـی بزوێن و (٢٥) دەنگی نەبزوێنی هەیە[1]. بەراوردکردنی ئەم ڕیـزە وشـەیەی خـوارەوە کـە یـەك بڕگەیین و تەنیا لەیەك دەنگدا جیاوازن بۆمان ساغ ئەکاتەوە کە دەنگی، ó,ê,á,a,û فۆنیمن لە کوردیدا: (با، بە، بێ، بۆ، بوو) دیسانەوە بە بەراوردکردنی چەند وشەیەکی وەکـو (کـڕ، کـوڕ، کووڕ) بۆمان دەرئەکەوێت کە دەنگی (i) فۆنیمێکە وەکو بزوێنەکانی سەرەوە چونکە جیـاوازی دەخاتە نێوان واتای وشەوە. دەنگی (u)یـش هـەمان پلـەی هەیـە لـە کوردیـدا. هەنـدێك لـە زمانەوانە کوردو بێگانەکان دان بەوەدا نانێن کە دەنگـی (ö) فۆنیمـە لـە کوردیـدا. ئاشـکراو بەڵگە نەویستە ئەم بزوێنە لە وشەی (خوێن) و(جوێن) و چەند وشەیەکی تری ئـەم دیالێکتکـە بەرچاو دەکەوێت فۆنیمێکی ناتەواوە چونکە:

١- له هەندێ دیالێکتی کوردیدا نییە.
٢- بڵاوی کەمە بەواتای ئەوەی لەچەند وشەیەکی دیاری کراودا دەبینرێت.

١- ئاگادارم کە لەم بارەیە لە هەموو زمانەوانەکانی تر تەواو دوور ئەکەمەوە لەبەرئەوە لەبەشەکانی داهاتووی ئەم لێکۆلینەوەیەدا بە درێژی لەم کێشەیە دەدوێم.

٣- لەوشەدا شوێنێكی دیاری كراوی هەیە وناگوێزرێتەوە،بە واتایەكی تر تەنیا لەناوەڕاستی وشەدا دێت وجەمسەرەكان ناگرێت.

لێرەدا ئەبێت بزانین كە تەواوی یان ناتەواوی لە نرخی ئەم دەنگە كەم ناكاتەوە چونكە دەنگەكە واتای وشە دەگۆڕێت هەروەك بەبەراورد كردنی ئەم دوو ریزە وشەیە دەردەكەوێ:

| | |
|---|---|
| ١- سوێر | ٢- كوێر |
| سەر | كەر |
| | كار |

هەر كۆمەڵێك لەم وشانە وەربگرین، ئەبینین لەهەموو بارێكدا وەك یەكن وتەنیا دەنگێك لەیەكتریان جیادەكاتەوە. بە كۆمەڵەی یەكەمدا بۆمان دەردەكەوێت كەa وö لەكوردی ئێستەماندا فۆنیمی سەربەخۆن.

هەندێك زمانەوان(بۆنموونە مەكارەس) لەو باوەڕەدان كە ئەم دەنگە بزوێنێك نییە، بەڵكو بریتییە لە كۆی نیوە بزوێنی و لەگەڵ بزوێنی (é)دا، كە بەرەودوا لە یەك بڕگەدا دێن. بەرپەرچ دانەوەی ئەم رایە ئاسانە چونكە:

١- لەشوێنی تریشدا دەنگیw پێش é دەكەوێت لەیەك بڕگەدا یان لەچوارچێوەی وشەیەكدا كەچی ئەو دەنگەی لەئەنجامی ئەم كۆبوونەوەیەدا دێتە كایەوە تەواو جیاوازە لەبزوێنی دوولانەی ö وە بە سەلیقەش هەست بەم جیاوازیە دەكەین.

بۆ نموونە هەموومان لەسەر ئەوە رێك ئەكەوین. كە ئەو بزوێنەی لەوشەی(خوێن،جوێن)دا هەیە زۆر جیایە لەو دەنگەی كە لە پێشی (وێل، وێر، وێنە) و كۆتای (ئەدوێ، ئەلوێ، ئەنوێ)دا ئەبینرێت.

٢-وەنەبێت دەنگی w و é هەر بەو جۆرەی سەرەوە ریزبن لە كوردیدا،بەڵكو بە پێچەوانەشەوە دەبینرێن(بەم جۆرە:ێ+و) لەهەندێ وشەدا. ئەمە لەخۆیدا باشترین بەڵگەیە كە هاتنی ئەم دوو دەنگ بەدوای یەكتردا دەنگی نوێ ناهێنێتە كایەوە.

هەروەك ئەم وشانە بۆمان دەردەخەن:(خێو، دێو، ئێوە، ئێواران) كەواتە دەنگیö لەكوریدا فۆنیمێكی سەربەخۆیە وەك هەموو بزوێنەكانی ترو دەبێت نرخی خۆی بدرێتێ. ئەوەی زیاتر سەری لێ تێك داوین لێرەدا ئەوەیە كە رێنوسی كوردی ئێستەمان بەرامبەر ئەم فۆنیمە نیشانەیەكی دوو كەرتی بەكاردێنێت.



بەهەمان شێوە، بە بەراوردكردنی وشە دەتوانین ئیسپاتی كەین كە ئەم دەنگانەش فۆنیمی نەبزوێنن لەكوردیدا: پ- ب، ت- د، ك- گ، ج- چ، ق، ح، م- ن، ل- ڵ، ر- ڕ، س- ز، ش- ژ وەك بەراوردكردنی ئەم وشانە بۆمان دەردەخات:(پەنگ- بەنگ (بەند)، تەنگ-دەنگ، كا- گا، چەنگ(چەند)- جەنگ، قەنگ، حەوت-چەوت، مەنگ- نەنگ، پەلە- پەڵە، كەر-كەڕ، زەنگ- سەنگ، ژەنگ- شەنگ).

هەندێك زمانەوان باوەڕیان وایە كە كوردی دەنگی(گ) و(ص)یشی هەیە. لەڕاستیدا ئەم دوو دەنگە هەن بەڵام لەپلەی ئەلۆفۆن دان: (گ) كاتێك دێتە كایەوە كە دەنگی (ڵ) لەپێش یان دوای دەنگی(ت) وە بێت(بڕوانە سەڵتە، تەڵە. . . هتد). دیسان دەنگی (ص) كە لە وشەی (ساڵ، شەست، سەگ)دا دەبینرێت ئەلۆفۆنی دەنگی (س)ە هەرچەندە تا ئێستا زانستیانە یاسای ئەم گۆڕانەمان بۆ دیاری نەكراوە، بەواتایەكی تر نازانین لەژێر كاری چی دەنگێكدا فۆنیمی (س) دەگۆڕێت بە(ص) و لەوانەشە كێشەكە (وەك من هەست ئەكەم) پێوەندی بەیاسای دەنگییەوە نەبێت. بەوەدا كە دەنگی (س) لە وشەی (سەگ، شەست، ساڵ. . . هتد)دا لە زۆربەی دیالێكتەكانی كوردیدا هەربە (ص) دێتە گوێ و بەوەدا كە ئەم دیاردەیە تەنیا لەم چەند وشە كەمەدا دەبینرێت، وادەردەكەوێت كە (ص) لەو ئەلۆفۆنانەیە كە مۆرفیم دیاری ئەكەن، بەواتایی ئەوەی كە هەڵكەوتی ئەو وشانە وایە كە دەنگی (ص) نەك (س) پەسەند ئەكەن. بەم پێییە دەتوانین بڵێین دەنگی (س) سەرەكییە لەكوردیدا، دەبێتە (ص) لەو وشانەی سەرەوەدا. ئەمە بەلای منەوە تاكە چارەی كێشەكەیە و لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو وشانەی دەنگی (ص) یان تێدایە كەمن و هەمووشیان دیاری ئەكرێن لەوانەیە چارەێكی باشیش بێت.

لەناو دەنگە نەبزوێنەكانی كوردیدا جیاوازی(خ)و (غ) شوێنێكی تایبەتی هەیە چونكە لەو دەنگانەن كە رەوشتێكی سەیریان هەیە. ئەم دوو دەنگە وا دەرئەكەوێت هێشتا لەباری گۆڕاندان و تەواو جێی خۆیان نەگرتووە، هەرچەندە زۆربەی، ئەگەر نەڵێم هەموو زمانەوانانی كوردی بێ مشت ومڕ هەر دوو دەنگەیان بەفۆنیم داناوە. بەباوەڕی من ئەم كێشەكەیە زانستیانە چارەنەكراوەو بیركردنەوەیەكی كەم بۆمان دەردەخات كە جیاوازی(خ)و (غ)هەمیشە نیە لە زمانەكەدا و لە زۆر شوێنی وشەدا لەناو ئەچێت هەروەك بەم راستیانەدا بۆمان دەردەكەوێت:

١- لە ناوەڕاستی وشەدا ئەم دوو دەنگە جێی خۆیان دەگۆڕنەوە بێ كاركردنە سەر واتا، لەبەرئەوە لەم شوێنەدا وشەمان نییە ئیسپاتی كا كە جیاوازیەكە گرنگە (فۆنیمیە) وەك ئەم ریزە وشانە دەری ئەخەن (باخەوان-باغەوان، باخچە-باغچە).

٢- دیسانەوە لەکۆتایی وشەدا زۆربەی کات جیاوازییەکە ئەفەوتێ کارناکات وەك لەم وشانەدا ئەیبینین(باخ- باغ، داخ-داغ، ولاخ-ولاغ) لەهەمان کاتدا وشەمان هەیە کە هەریەکێك لەدەنگەکانی لەگەڵدا دێت وەکو (شاخ، ناخ، ساغ). دیسانەوە لێرەشدا زانیاریانە بۆمان ئیسپات ناکرێ کە جیاوازی خ-غ هەیە لەزمانەکەدا.

٣- لە سەرەتای وشەدا جیاوازیەکە هەیەو دەنگەکان جێ گۆڕکی ناکەن وبەهۆی وشەی (خار- غار)ەوە دەتوانین ئیسپاتی کەین کە دوو دەنگەکە فۆنیمن. (هەرچەندە لەوانەیە وشەی خار بەکوردی دانەنرێت).

چاکترین چارە بۆ ئەم کێشە ئالۆزە ئەوەیە بڵێین جیاوازی نێوان (خ) و (غ) لە ناوەڕاست و کۆتایی وشە (لەکاردەکەوێت). لە کارکەوتن ونەمانی جیاوازی دیاردەیەکی بڵاوە لەزمانی تریشدا[1] لەبەرئەوە نابێت بە چارەیەکی سەیر وەربگیرێت بەم پێیە جیاوازیەکە تەنیا لەسەرەتای وشەدا دەمێنێت لەشوێنەکانی تردا یان دەبێتە (خ) یان (غ) بەپێی ئەو شێوەیەی قسەکەر پێی دەدوێت.

هەنێك زمانەوان دەنگی(ق) لەکوردیدا بە دەنگێکی رەسەن دانانێن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە دەنگەکە نەك ەهەر هەیە بەڵکولەپلەی فۆنیمیشدایە هەروەك بەبەراوردکردنی ئەم وشانەدا دەردەکەوێت(قات، کات، لات،قاچ، پاچ، باج)

لەم لێکۆڵینەوەدا دەنگی(ع)م بەفۆنیم دانەناوە لە کوردیدا، چونکە هەمیشە جێی خۆی دەگۆڕێتەوە لەگەڵ فۆنیمیa دا وگومانیشم نیە کە ئەمەیان سەرەکی ترە، چونکە لەو دەنگانەیە کەلە بنچینەدا لەزمانە هیندۆ- ئێرانیەکاندا هەبووە(بڕوانە بەشی٤-٧). بێجگە لەو فۆنیمانەی لێ دوواین، زمانی کوردی خاوەنی چەند دیاردەیەکی دەنگی ترە کەناخرێنە پشت گوێ چونکە گرنگی فۆنیمیان هەیە هەرچەندە کاریان بڵاوترە و زۆرجار دەگەنە سنووری فرێز و رستە. گرنگترینی ئەم دیاردانە ئاواز و گرتن و وەستانە لەناو یان سنووری وشەدا.

گومان لەوەدا نییە کە ئاواز، بەواتای بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگ لە کۆتایی قسەدا، رستەی پرسیار و سەرسوڕمان و هەواڵدان لە یەکتری جیادەکاتەوە. بۆ نموونە رستەی (ئەڕوێت) بە چەند واتایەك دێت بەپێی گۆڕینی ئاوازی وتنەکەمان:

---

١- لە ئەڵمانیدا بۆنمونەییە جیاوازی (ت/د) کەلەسەرەتاو ناوەڕاستدا هەیە، لەکۆتایی وشەدا لەکاردەکەوێت و(ت) دەمێنێتەوە.



١- ئەگەر دەنگمان وردەوردە لەسەر بڕگەی دووەم نزم بکەینەوە، ئەوا مەبەستمان ئەوەیە، کە بڕیار دراوە تۆ بڕویت، رستەکە یان هەواڵ دەگەیەنێت یان جۆرێك لەدڵنیایی قسەکەر.

٢- ئەگەر دەنگمان بەرەبەرە نزم بکەینەوە ولەهەمان کاتدا دەنگی(ی) بگرین ئەوا هەڕەشەو هەواڵدان پێکەوە دێنە کایەوە.

٣- ئەگەر لەکۆتایی رستەکە دەنگ بەرەبەرە بەرز بکەینەوە ئەوا رستەکە دەبێتە پرسیار.

٤- ئەگەر پلەی بەرزی دەنگمان کەمێك زیاتر بکەین ئەوا رستەکە سەرسوڕمان دەگەیەنێت

لە هەموو ئەم دۆخانەدا دەنگەکان یان فۆنیمە ریزبووەکان وەك خۆیان دەمێننەوەو نرخی خۆیان دەپارێزن، هەموو گۆڕانە واتاییەکان ئاواز (هەندێ جار بەیارمەتی گرتن) دەیان هێنێتە کایەوە. (بڕوانە مەکارەس: ١٩٨٥).

هەرچەندە هێشتا بەتەواوی لەگرتن (سترێس) لەکوردیدا نەکۆڵراوەتەوە بەڵام لەدەمێکەوە بۆمان روون بۆتەوە کە گرنگی فۆنیمی هەیە، چونکە جیاوازی واتایی دروست دەکات.

بۆنمونە گرتن زۆرجار رستە لەوشە(ڕەشە، رەشە- خانە، خانە) و هەندێ جاریش وشە لەفرێز جیادەکاتەوە (چوارتا، چوار تا).

دیسانەوە وەستان ونەوەستانیش لەسنووری وشەدا هەندێ جار دەبێتە هۆی واتا گۆڕین وەك لەم رستەیەدا دەبینین (ئەم بەر داره — ئەم بەرداره) ئەم رستەیە دوو واتا دەبەخشێت بەپێی ئەو وەستانەی کە لەنێوان (ئەم) و (بەر)دایە یان لەنێوان (بەر) و (دار)دا ئەبێت.

نابێت وابزانین کە فۆنیمەکانی کوردی (فۆنیمە ریزبووەکان) هەموو کاتێك وەکو خۆیان دەمێننەوەو نرخی خۆیان دەپارێزن لە هەموو شوێنێکدا. کە دەنگ دەچێتە چوارچێوەی قسەوە هەندێ جار گۆڕانی بەسەردا دێت. فۆنیمەکانی کوردیش وەکو فۆنیمی زۆربەی زمانەکانی تر بەم گۆڕانەدا دەڕۆن و لە ئەنجامدا هەندێ دەنگی تریش دێتە کایەوە کە لە پلەی ئەلۆفۆندان. وا لەخوارەوە زۆر بەکورتی لەهەندێك لەو گۆڕانانە ئەدوێن کە بەسەر فۆنیمەکانی کوردیدا دێن:

١- لێك چوون: لەم جۆرە گۆڕانەدا دوو دەنگی جیاواز لەیەکتر نزیك دەبنەوە بۆئەوەی جولانەوەی ماسولکەیی کەمتر بەکاربێت. بۆنموونە(ش) دەبێتە (ژ) یان (ف) دەبێتە (ڤ) یان (س) دەبێتە (ز) کاتێك کەوتنە پێش دەنگێکی ئاوازەدارەوە وەکو لەم نموونانەدا دەبینین: چەشت- ئەچێژێ، حەفتا-حەڤە- حەڤدە،گەستی- ئەگەزێ.

٢- دوورکەوتنەوە: لێرەدا دوو دەنگی لەیەکچوو دوور ئەکەونەوە لەیەکتری بەوەی یەکێکیان واز لەتایبەتێکی خۆی دەهێنێ بۆ سەر لێ تێك نەدان وەکو لەم نموونەیەدا دەبینین: (ممتاز — منتاز).

**٣- تواندنەوە یان لەناوچوون:** لەم گۆڕانەدا دەنگێك (بەتایبەتی نەبزوێن) لەناو ئەچێت کە پێش نەبزوێنێکی تر بکەوێت لەبەر بۆ نەهاتن یان قورسی هێشووە دەنگەکە. (نمونە: باستاناکەم-باسا ناکەم یان ددان-دان)

**٤- جێگۆڕکێ:** هەندێ جار دەنگێك یان بڕگەیەك جێ‌خۆی لەگەڵ دەنگێك- بڕگەیەکی دراوسێیدا دەگۆڕێتەوە بێئەوەی کار بکاتە سەر واتای وشەکە نمونە(فڕین-ڕفین، تەرزە-تەزرە، بەفر- بەرف).

**٥- دەنگ دروست بوون:** هەندێ جار کە دوو دەنگ بەرەو دوا دێن، دەنگێکی زیادە دێتە نێوانیانەوە تاوەکو هێشووە نەبزوێن یان بزوێنی دوولانە دروست نەبێت وەکو لەم نموونانەدا دەبینین: (خانوو-خانووەکە، دێ-دێیەکە، بیدروو+ەوە — بیدروورەوە).

بۆڕوون کردنەوەو ئاسانکردنی یاسای دەنگی زمانی کوردی وا ئەو راستیانەی سەرەوە لەنەخشەیەکدا پیشان ئەدەین:

### فۆنیمەکانی کوردی

(فۆنیمە ریزبووەکان): **١- دەنگە بزوێنەکان**

أ-بزوێنە کورتەکان: i، u ، a

ب- بزوێنە درێژەکان: é،ó،I،ú، á

ج- بزوێنی دوولانە: ö

**٢- دەنگە نەبزوێنەکان:** پ- د، ت- د، چ-ج، ك-گ،

س-ز، ش-ژ، خ-ح، ق، م- ن، ل- ڵ، ر- ڕ

**٣- نیوە بزوێن:** و، ی

(فۆنیمە سەپاوەکان)[1] ١- گرتن(سترێس) (٣پلە بەئاسانی دیاری ئەکرێت)

٢- وەستان (یان نەوەستان)

٣- ئاواز(٣پلە بەئاسانی دیاری ئەکرێت)بەرز، نزم، زۆر بەرز

---

١- لەم نەخشەیە دەنگی ڤ و غ و نگ و ع و ء بەفۆنیم دانەنراون بەپێی بیری نوسەر.



## ٣- یاسای نووسین:

بۆنواندنی یاسا دەنگیەکانی زمان، نووسین ئەتوانێت یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوە بگرێت بێجگە لە بەکارهێنانی ئایدۆگرام کە پەیوەندی بەزمانەوە نیە:

١- نووسینی وشەییی یان مۆڕفیمی: لەم جۆرە نووسینەدا وێنە بۆ هەموو وشەکان یان مۆڕفیمەکانی زمان ئەکێشرێت لەبەرئەوە ژمارەی مۆڕفیم یان وشە زۆرەو سنوورێکی تەواوی نیە، ژمارەی وێنەکانیش بێ‌سنوور دەبن وئەم جۆرە نوسینە بۆفێرکردن گران دەبێت تاکە کەڵکی لەوەدایە، کە جیاوازی نێوان دیالێکتەکان ناهێڵێت. بە واتایەکی تر قسەکەر بەهەموو دیالێکتەکان تێی ئەگەن.

٢- نووسینی دەنگی یان فۆنەتیکی: ئەم جۆرە دەکرێت بەچەند بەشێکەوە.

أ-نووسینی بڕگەیی: لێرەدا رەمز یان نیشانە بۆهەموو بڕگەکانی زمانەکە دادەنرێت. دیسانەوە لەبەر زۆری بڕگە لەزمانداو زۆری وێنەکان ئەم جۆرە نووسینە تەنها بەکەڵکی ئەو زمانانە دێت، کە بڕگەی لەیەکچوویان زۆرە و دووپات دەبنەوە وەکو زمانی یابانی. ڕێنووسی عەرەبیش تاڕادەیەك لەم جۆرەیە.

ب- نووسینی فۆنیمی: ئەم جۆرە ئێستا بڵاوترین جۆری نووسینە لە گێتی دا. لێرەدا هەموو فۆنیمەکانی زمان نیشانەی بۆ دادەنرێت. یەکێك لەچاکەکانی ئەم جۆرە نووسینە ئەوەیە، کە ژمارەی نیشانەکانی زۆر کەمترە لە جۆرەکانی تر،لەبەر ئەوە بۆ فێربوون زۆر ئاسانترە. کەم بوونەوەی نیشانەکان وە نەبێت لەبەر ئەوە بێت کە ژمارەی دەنگ لە زمانێکدا کەم بێت، بەڵکو ئەم جۆرە نووسینە گوێ ناداتە هەموو دەنگێك هەر وەك چۆن لە گوێ گرتندا خۆمان ڕاهێناوە گوێ بدەینە دەنگە گرنگەکان و دەها شتی تر کەڕاستەوخۆ پێوەندیان بە مەبەستەکەوەنیە بخەینە پشت گوێ وەك بەرزی دەنگی قسەکەر یان تایبەتیەکانی دەنگی تامنگنی یان ئەو تایبەتیانەی کە دیالێکتی قسەکەرەکە دەردەخەن. نووسین لە ڕاستیدا نابێت نیشانە بۆ هەموو دەنگێك دابنێت، چونکە هەندێك دەنگ گرنگیان نییە لەگەیاندنی مەبەستدا هەر وەك چۆن لە خوێندنەوەدا شێوەی تیپەکان، گەورەیی و بچووکیان یان ڕەنگ کردنیان، کار ناکاتە سەر مەبەستی نووسینەکە. جا نووسینی فۆنیمی لە ڕاستیدا بە گەیشتن بەم ڕاستیە و پەیڕەوی کردنی هەنگاوێکی زۆر گەورەی بەرەو پێشەوە ناوە هەر لەبەر ئەم چاکییە یەتی کەزیاتر بڵاوبۆتەوەی و تەنانەت ئەم زمانانەی کە زۆر لەکۆنەوە بە نووسینی بڕگەیی یان مۆڕفیمی نوسراونەتەوە ئێستا هەوڵی ئەوە ئەدەن بیان گۆڕن بۆ نووسینی فۆنیمی، لەبەر

ئاسانی و سەرکەوتووی ئەم جۆرە ڕێنووسە. جۆرێکی تر لە نووسینی دەنگی، کە بۆ نووسینەوەی زمان کەمتر بەکاردێت، نووسینی فۆنەتیکیە. لەم جۆرە نووسینەدا هەموو دەنگێك بێ گوێ دانە گرنگی و نا گرنگی نیشانەیەکی تایبەتی (تیپ یان سەرو بۆر) دەدرێتێ. لەبەر ئەوەی دیاردەی دەنگیی بێ سنوور لە زماندا، لەم جۆرە نووسینەدا ژمارەی نیشانە زۆر ئەبێت بەجۆرێك نەك هەر گران ئەبێت بۆ فێربوون، بەڵکو ڕێنووسەکەش ناشیرین ئەکات. لەبەر ئەمە ئەم جۆرە ڕێنووسە تەنها بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاردێت وەکو لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی. ڕێنووسی کوردی هەر لەسەرەتای بوونیەوە نووسینێکی فۆنیمی بووە، ئەگەر چی جاروباریش لەسەر ئەم بناغەیە لایدا بێت. هەر لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوە دراوە بەرامبەر هەر دەنگێك (فۆنیمێك) تیپێك یان نیشانەیەك هەبێت. هەندێ جار نووسەری کورد بەوەشەوە نەوەستاوە، تەقەلای ئەوەی داوە کە تەنانەت دەنگە ناگرنگەکانیش (ئەلۆفۆنەکان) بنوێنن، بۆ نموونە ت.وەهبی لە ڕێنووسەکە لاتینییەکەی دا دوو جۆر دەنگی (د) دەست نیشان ئەکات و بڕیاری وایە نوختەیەك لە ژێر (د)دا دەنێت بۆ دالی کلور. هەروەها لەساڵەکانی پەنجاندا هەندێ نووسەر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هیوا داوایان ئەکرد کە دوو جۆر(ك) نیشانەی بۆ دابنرێت: (ك)ی دواوە و (ك)ی پێشەوە بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە پێڕەوی کردنی ئەم جۆرە داوایانە، (نیشانە دانان بۆهەموو دەنگێك) ڕێنووسەکەمان دەگۆڕێت بە ڕێنووسێکی فۆنەتیکی لەبەر ئەوەی زمانی کوردی هەرگیز تیپی تایبەتی خۆی نەبووە، ئەو تیپە عەرەبیەی لەبەر دەستدا بووە، بۆ نووسینی کوردی پڕبەپڕی نەهاتووتە دەست. نووسەرانی کورد ناچار بوون کە دەست کاری ئەم تیپانە بکەن بەو ئامانجەی هەڵکەوتی دەنگیی کوردی تەواو بەهۆی ئەو تیپە نوێیانەوە بنوێنن. لەبەر ئەوەی ئەو هەولانەی لەسەرەتادا دراون کاری تاکە کەسێك بوون وپێوەندی نێوان نووسەرەکانمان تەواو نەبووە، کوردی ڕێنووسێکی یەکگرتووی نییە و نەبووە هەروەك چۆن تا ئێستاش بە دیالێکتێکی یەکگرتوو نانوسین. ئەمە لە خۆیدا گەورەترین کۆسپە لە ڕێگای چاککردنی ڕێنووسەکەماندا (بڕوانە بەشی (٥)ی ئەم باسە) تا ئێستا چەندەها ڕێنووس هاتوتە کایەوە، هەندێکیان بۆ ماوەیەك بەکارهاتوون و لەناوچوون، هەندێکی تریان هەر ماون و تا ئێستا گۆڤار و ڕۆژنامەیان پێ بڵاوئەکرێتەوە. بۆ ئەوەی بزانین ڕێنووسی کوردی تا چ ڕادەیەك توانیوێتی ڕاستیەکانی یاسای دەنگی زمانەکە بنوێنێ،وا لەخوارەوە چوار نموونە ڕێنووس هەڵدەبژێرین بۆبەراورد کردن. هەروەك لەسەرەوە وتمان ڕێنووس لەکوردیدا زۆرە و هەلبژاردنی ئەم چوارە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر ئەمانە بشێن یان دانیان پیانراوە، بەڵکو



لەبەرئەوەیە کە جیاوازی نێوان ڕێنووسەکانی کوردیمان تەواو بۆ ڕووندەکەنەوە. لەبەرئەوەی ئەم چوارەش لەزۆر ڕووەوە لەناوخۆیان دا ڕێك کەوتوون وجیاوازییان تەنانەت لەگەڵ جۆرەکانی تریشدا نییە، پێویست ناکات بەدرێژی لەسەر شتە ناوکۆییەکانیان بڕۆین. بەشێوەکی گشتی ئەتوانین بڵێین هەموو ئەو ڕێنوسانەی کە تیپی عەرەبی بەکاردێنن لەنواندنی دەنگە نەبزوێنەکاندا سەرکەوتوون و گیروگرفتیان کەمە (بڕوانە بەشی ٤). لەناو بزوێنەکاندا تەنیا(ڵ)و(ڕ) تەگەرە دێننە ڕێگا چونکە ئەم دوانە فۆنیم نین لەزمانی عەرەبیدا لەبەرئەوە نیشانە بەرامبەریان دانەنراوە. نەبوونی نیشانە بۆ ئەم دوو فۆنیمە کوردیە، ڕێنوس نووسە کوردەکانی ناچارکردووە، کە یان دەنگی (ل) و (ر) دووپات بکەنەوە یان سەرو بۆرو چوکلە دانێن. جیاوازی و ڕێکنەکەوتن لەسەر نیشان زیاتر لەنواندنی دەنگە بێزوێنەکاندا سەر هەڵئەدات ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

١- ژمارەی ئەو نیشانانەی لەعەرەبیدا بۆ نواندی بزوێن دانراون کە من یان زۆر کەمترە لەوەی بتوانێت تەواو بزوزێنی کوردی بنوێنێ.

٢- ڕێنووس نووسە کوردەکان لەناو خۆیاندا لەسەر ژمارەی بزوێنی کوردی ڕێك نەکەوتوون هەندێك بە(٨)و هەندێکیان بەکەمتر یان زیاتری دادەنێن.

أ- دەنگە بزوێنەکان:

| فۆنیم | م. سەعید کابان | ت. وەهبی | ئ. باڵدار | کۆڕ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١- I | ی | یی | ی | یّ |
| ٢- i | _ | ی | _ | _ |
| ٣- e | ی | ێ | ێ | ێ |
| ٤- a | ە | ە | ە | ە |
| ٥- à | ا | ا | _ | ا |
| ٦- i | _ | ی | _ | _ |
| ٧- ú | و | وو | وو | وّ |
| ٨- u | و | و | و | و |
| ٩- ö | _ | وی | _ | _ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ü-١٠ | _ | یو/دیور | _ | _ |

ب-دەنگە نەبزوێنەکان(ئەوانەی جیاواز نوێنراون):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١-ڵ | ڵ | ل | ڵ | ڵ |
| ٢-ڕ | ڕ | ر | رر | ڕ |
| ٣-ص | _ | _ | _ | ص |
| ٤-ھ | ھ | ھ | ھ | ھ/ە |

بەراوردێکی ئەو دوو نەخشەیەی سەرەوە ئەم تێبینیانەمان دەست ئەخات:

١- ت. وەهبی دەنگی I ی کوردی زیاتر لەنووسەرەکانی تر شی کردۆتەوەو ئەلۆفۆنەکانی دیاریکردووەو گەیشووتە ئەو راستیەی کە ئەم دەنگە بەدوو شێوەی جیاواز هەیە لەشێوەی سلێمانیدا: یەکەمیان دەنگی I یە کە لەوشەی گرتن، ژن، پڕ، چڕدا دەردەکەوێت. دووەمیان دەنگی بزرۆکە یە کەلە بڕگەی دوایی وشەی وەرزش دا دەردەکەوێت. بێگومان ئەم راستی دەرخستنە لەخۆیسدا سەرکەوتنێکی گەوریە شارەزاییت. وەهبی پیشان ئەدات. بەڵام دانانی نیشانە بۆیان بەلای منەوە کارێکی ناپێویستە و تەنها ئەرکی سەرشانی فێرکار زیاد ئەکات. ئەگەر پەیڕەوی ئەمە بکەین ئەبێت بەلای کەمەوە دوو نیشانە بۆ (ك) و (ج)ش دابنێین چونکە ئەمانەش لەژێر کاری دەنگەکانی دراوسێدا بەلای کەمەوە بەدوو شێوە ئەبینرێن. ئەگەر ئەم جیاوازییە فرێ دەین وازیش لە ü بێنین کە بەلای منەوە لەدیالێکتی سلێمانیدا نیە ئەوا دەبینین ت. وەهبی بۆ هەر بزوێنێك تیپێکی داڕشتووەکە پڕبەپڕی ئەیان نوێنێت، بەم جۆرە باشترین رێنووسی داناوە بۆ بزوێنەکانی کوردی. رێنووسەکەی کۆڕی زانیاری بەدوای ئەمدا دێت لەباشیدا. تەنیا نیشانەی بۆ بزوێنی(و) دانەناوەو لەمەدا لەگەڵ ئەوەی باڵدار جیاوازی تەنها ئەوەیە کە باڵدار بۆ دەربڕینی دەنگی ú دەنگ دووبارە ئەکاتەوە، کۆڕ سەری بەکارهێناوە. لەڕووی فۆنەتیکیەوە، لێرەدا کۆڕ راستتر بۆ مەسەلەکە چووە چونکە زانستانە ئەتوانین ئیسپاتی کەین کەدەنگیú بریتی نیە لە (و+و) بەڵکو دەنگێکی تایبەتیترە. رێنووسەکەی م. سەعید صدقی لەهەر چواریان درشتتر بۆ مەسەلەی نواندن چووە، چونکە چوار نیشانەی بەکارهێناوە بۆ نواندنی(٦) دەنگ وبۆ سێ بزوێن نەچووە.

٢- بۆجیاکردنەوەی (ڵ)لە (ل)هەرچوار رێنووسەکەمان وەك یەکن هەرچەندە ت. وەهبی لە جیاتی چوکلە نەختەێکی بەکارهێناوە. لەجیاکردنەوەی (ڕ) و (ر) کەلەبارەی فۆنەتیکەوە لەگەڵ (ڵ) و (ل)دا جیاواز نیە. هەردوو دەنگەکە (ڵ) و (ڕ) لەرانەوەی مەڵاشوو لە (ل) و (ر) جیایان



دەکاتەوە ێ. باڵدار پەیڕەوی هەمان یاسای نەکردووەو دیسانەوە دەنگی(ر)ی دووپات کردۆتەوە هەروەکو(ڕ) بەقەدەر(ر+ر) بێت. لەڕووی فۆنەتیکەوە ئەمە راست نییە، لەبەرئەوە دانانی چوکلە یان نیشانەی تر لەشوێنی وادا باشترە لە دووپات کردنەوەو لەڕووی ئاسانیشەوە جیانابنەوە چونکە هەردووکیان هەر دەست هەڵگرتنیان تێدا هەیە.

٣- کۆڕ نیشانەی(ھ)ی داناوە بۆ ئەو دەنگەی لەکۆتایی وشەدا کاتێك دەرکەوتوو بێت وئەیگۆڕێت بە(ە) کە دەنگەکە دەرنەکەوێت بەلای منەوە لەڕووی فۆنەتیکەوە دەنگی(ھ) لەکۆتایی وشەدا هەرگیز نایەت لە وشەی وەکو(دە، بە،کە،. . . .)دا دەنگی (ھ)مان نیە. ئینجا ئەم پێشنیارە بەلامەوە سەرلێ تێك دەریشە چونکە هەمان نیشانەیان بۆ دەنگی aش داناوە. نازانم چۆن کۆڕ بڕیاری داوە تاکە نیشانەیەك بۆ دوو دەنگی جیاواز دانێت، کە یەکێکیان بزوێن بێت و ئەویتریان نەبزوێن بێت وەك لەخوارەوە دەبینین:

| دەنگ | نیشانە |
|---|---|
| h | ھ /ە |
| a | ە |

دەربارەی دەنگی(ص) هەروەك لەبەشی دووەمی ئەو باسەدا رووڼمان کردەوە، دانانی بە فۆنیمێکی سەربەخۆو

نواندنی بەو جۆرە راست نیە، چونکە ئەگەر زانستیانەش نەتوانین ئیسپاتی کەین، کە ئەلۆفۆنە، ناشتوانین ئیسپاتی کەین کە فۆنیمە، و لەبەرئەوەی تەنها وشەی (ساڵ و سەگ وشەست) ئەبینرێت، چاکتر وایە نیشانەی بۆ دانەنێین.

## ٤- رادەی رێککەوتنی دەنگ و وێنەکانی لە رێنووسی کوردیدا:

نووسینی فۆنیمی تەواو بەو نووسینە دەوترێت، کە بەرامبەر هەموو دیاردە گرنگەکانی زمان، هەموو فۆنیمەکان ریزبوو وسەپاو، نیشانە دابنێت، بەمەرجێ هەر نیشانەیەك یەك دەنگ بنوێنێ و هەردەنگێکیش تاکە یەك نیشانەی هەبێت. بەواتایەکی تر نابێت نیشانەیەك بەرامبەر لە دەنگێ زیاتر دابنرێت یان دەنگێك لە نیشانەیەك زیاتر بەرامبەری دابنرێت. ئەبێت لەسەرەتاوە دان بەوەدا بنێین، کە نووسینی فۆنیمی تەواو یان نموونەیی لە گێتیدا بەدەگمەن هەڵ ئەکەوێت و ئەگەر هەشبێت تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورت نموونەییە چونکە زمان لە گۆڕاندایە و ئەو رێنووسەی ئەمڕۆ زمانی قسە بە تەواوی ئەنوێنێ سبەینێ لێی

دوور ئەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێنووس لە هەڵکەوتی دا وایە کە دوای گۆڕان ناکەوێت. کەواتە چاکتر ئەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی نووسینی فۆنیمی و نافۆنیمی چەند پلەیەك دیاری بکرێت چونکە لە بەراوردکردنی وادا تەنها جەمسەرەکان (فۆنیمی و نافۆنیمی) گرنگ نین، بەڵکو نێوانی جەمسەرەکان گرنگی هەیە. بەم جۆرە ئەگەر یەکێك لە جەمسەرەکان دانێین بۆ نووسینی مۆڕفیمی، ئەویتریان بۆ نووسینی فۆنیمی، ئەتوانین بەپیی تایبەتی ڕێنووسی زمانێك شوێنی بۆ بکەینەوە لەبەراوردا بۆ نموونە ئەتوانین بڵێین ڕێنووسی کوردی، هەرچەندە لە چەند ڕوویەکەوە دوور کەوتۆتەوە لە نووسینی فۆنیمی، بەڵام هەر نووسینێکی فۆنیمیە. لەم بارەدا زۆر لەدوای زمانی تورکی و فنلندی یەوە(ئەمانە لەهەرە باشەکانن و نموونەی ئەم سەردەمەن) دێ بەڵام زۆر لەپێش ڕێنووسی ئینگلیزی و فەڕەنسییەوە کە لە ڕێنووسە فۆنیمیەکانن. ڕێنووسی کوردی تێکڕا (هەر کامێکیان هەڵبژێرێت بۆ بەراوردکردن) نووسینێکی فۆنیمی یە ئەگەر چی لەچەند لایەنێکیشدا لەم ڕێبازە دەرچوبێت. بۆ ئیسپات کردنی ئەم رایە ئەم بەڵگانەی خوارەوەمان بە دەستەوەیە:

١- هەر لەسەرەتاوە نووسەرانی کورد تێکڕا هەستیان بە کەم و کورتی نووسینی مۆرفیمی و بڕگەیی کردوە هۆشیارانە لێی دوور کەوتونەتەوە (ئەگەر نووسینی بڕگەیان پەسەند بکردایە ئەوا ڕاستەوخۆ بێگۆڕین تیپی عەرەبیان وەرئەگرت، چونکە ڕێنووسی عەرەبی تا رادەیەکی زۆر ڕێبازێکی بڕگەیی وەرگرتوە) هەوڵی ئەوەیان داوە کە تەنیا یەك تاکە نیشانە بەرامبەر تاکە فۆنیمێکی کوردی دابنێن وە هەرگیز بۆ نواندنی فۆنیمێکی ریز بوو زیاتر لەنیشانەکانیان بەکارنەهێناوە و نیشانەکەش هەگیز لەیەك فۆنیمی ریزبوو پتری نەنواندوە. بێ گومان ئەمە ئەوە ناگەینێت کە کوردی ئەلۆگراڤی و نیشانەی دوو کەرتی نیە چونکە هەندێ ئەلۆگراڤ هەڵکەوتی تیپەکانی عەرەبی هێناونی و ناچار ماونەتەوە (بڕوانە بەشی چوارەم). دیارە لەڕێنووسی کوردیدا تیپ یان نیشانە تەنیا بەرامبەر فۆنیمە ریزبووەکان دانراوە، فۆنیمە سەپاوەکان (ستریس و ئاواز. . . هتد) تەواو خراونەتە پشت گوێ بەڵام هەر زمانی کوردی نییە کە ئەم کەموو کورتییە لە ڕێنووسیدا هەبێت، بەڵکو هیچ لەو زمانانەی کە پێش سەدەیەك لەمەوبەر ڕێنووسیان بۆ دانراوە، گوێیان نەداوەتە فۆنیمی سەپاو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باری زانستی فۆنەتیکی ئەوسا کە تەواو ئەو دیاردە دەنگیانەی دیاری نەکردبوو.

٢- زۆربەی نووسەرانی کورد بەهۆی شارەزاییانەوە بێت لەزمانەوانی یان سەلیقەیان بۆ جیاکردنەوەی دەنگی گرنگ(فۆنیم)بۆ دەنگ وەك دیاردەیەك چوون،بێ ئەوەی زاراوەی



(ئەلۆفۆن) بەکاربێنن، هەستیان بەبوونی کردووە و شوێنی خۆیان داوەتێ. بێ گومان هەندێ جار لەسەر جیاکردنەوەکە ڕێك نەکەوتوون و باوەڕیان یەك نەبووە، بۆ نموونە ت. وەهبی دوو نیشانە بۆ دەنگی (د) دائەنێت (د) بۆ (د)ی تەواو وە(د) (خالێك لەبندا) بۆ (د)ی کلۆر، هەروەها کۆڕی زانیاری داوای دانانی نیشانە بۆ(ص)دەکات هەر وەکو فۆنیمیکی سەربەخۆ بێت لەدەنگی(س)،بێ گومان ئەم جۆرە هەوڵانە ڕێنووسی کوردی لەڕێبازی فۆنیمی دوور ئەخاتەوە بەرەو ڕێنووسێکی فۆنەتیکی دەبات. جگە لەم هەوڵە کەمانە، زۆربەی ڕێنووسەکانی تر پەیڕەوی ئەوە دەکەن کەتەنها فۆنیمی ریزبوو بنوێنن و ئەلۆفۆنەکان دەخەنە پشت گوێ.

٣- هەر لەسەرەتاوە زۆربەی ڕێنووس نووسەکان هەستیان بەوە کردووە، کە دەنگ نرخی تەواوی خۆی ناپارێزێت ولە چوارچێوەی قسەکردندا هەندێ گۆڕانی بەسەردا دێت. (بڕوانە رۆژبەیانی: ١٩٥٨) و تەنانەت جۆری گۆڕانەکانیش تاڕادەیەك روون کراونەتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەوڵی ئەوە نەدراوە کە ئەم گۆڕانانە بەسەر ڕێنووسی کوردیدا بسەپێت و وای لێ بکرێت گۆڕانەکان پیشان بدات (بڕوانە بەشی٤بۆ هەندێ لادان) وەنەبێت پەیڕەویکردنی ئەم بنەما فۆنیمیە بە ڕێکەوت بووبێت چونکە هەندێ جار نووسەری وا هاتووە کەبە هەڵە بۆ کێشەکە چووە داوای ئاوڕدانەوەی کردووە بۆ ئەم دیاردەیە و هەوڵی داوە کەلە ڕێنووسی کوردیدا شوێنیان بۆ بکاتەوە(بڕوانە م. م. ١٩٥٨)

پەیڕەوی کردنی ئەم یاسا فۆنیمیە گرنگە، بە واتای نەنواندنی ئەم جۆرە گۆڕانانە لە ڕێنووسی کوردیدا و ڕەت کردنەوەی ئەم جۆرە داوایانە بۆتە هۆی ئەوەی کەڕێنووسی کوردی(لەگەڵ ئەوەشدا کەبنەمای نافۆنیمیش جاروبار بەکاردێنێ) ڕێبازی فۆنیمی خۆی تا رادەیەکی زۆر بپارێزێت.

٤-گەورەترین بەڵگە بۆئیسپات کردنی ئەو راستیەی کە ڕێنووسی کوردی ڕێبازێکی فۆنیمی گرتووە لەوەدایەکە بە هیچ جۆرێك بەهۆی وێنەوە وشەی هاودەنگ لە یەکتر جیاناکاتەوە،بە پێچەوانەی ئەو ڕێنووسانەی کە لە ڕێبازی فۆنیمی دەرچوون. بۆ نموونە وشەی بەند بە هەر واتایەك بەکاربێت (بەستن بێت،بەستراو یان مادە) هەر بەیەك جۆر ئەنوسرێت تەنانەت ئەگەر ئەو واتایانە گوازراوەش ئەبن. کەواتە ڕێنووسی کوردی گوێ ئەداتە دەنگ نەك مۆڕفیم و واتا.

٥- نەبوونی نیشانە لەڕێنووسی کوردیدا بەرامبەر دەنگێك کەنەخوێنرێتەوە تەنانەت ئەگەر دەنگەکەش لەبنچینەدا لەمێژووی وشەکەدا هەبووبێت وەك بە وشەی دان دا بۆمان دەرئەکەوێت، تەنها ئەوانەی بە(ددان) ئەیخوێنەوە بەم جۆرە ئەینووسن.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە تواندنەوە و لەناوچوونە لە ڕێنووسدا پیشان بدرێت چاکترە چونکە ئەوسا مێژووی وشەکەو پێوەندی لەگەڵ وشەی تردا بەهۆی ڕێنووسەکەوە دەپارێزرێت و بەم پێیە (ددان) لە (دان)ی چاوگ جیادەکاتەوە. ئەمە یەکێکە لە کەڵکە هەرە گەورەکانی نووسینی نا فۆنیمی یان ئەو نووسینانەی لە فۆنیمی لایان داوە، هەر چەندە دانانی نیشانە بۆ دەنگێکی نەبوو ڕێنووسەکەمان بار دەکات و لە کەڵکی کەم دەکاتەوە.

## ٥- بنەما نافۆنیمیەکانی ڕێنووسی کوردی (گیروگرفتەکانی ڕێنووسەکەمان):

وەك لەبەشەکانی پێشووی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونمان کردەوە ڕێنووسی کوردی لە زۆر سەرەوە ڕێبازێکی فۆنیمیانەی گرتووە چونکە هەوڵی هەرە گەورەی ئەوەیە ژمارەی فۆنیمەکانی کوردی یەکسان بکات لەگەڵ ژمارەی نیشانەکانی بەرامبەریان. لەهەمان کاتدا بێجگە لەم بنەما فۆنیمیە، ڕێنووسەکەمان ناچاربووە کە چەند ڕێگایەکی نافۆنیمیش بگرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو دەلاقە و کەلێنیانەی کە بەکارهێنانی تیپی عەرەبی لەگەڵ خۆیدا ئەیان هێنێت، بێ گومان لە لێکۆڵینەوەیەکی وا کورتا ناتوانین بە دریژی لەسەر هەر یەکێك لەم ڕێگایانە بڕۆین و هەقی خۆی بدەینێ، لەبەرئەوە وا لەخوارەوە باسی هەندێکیان ئەکەین:

**١- بەکارهێنانی نیشانەی دوو قۆڵی(یان دوو کەرتی):**

کەمی نیشانەکانی تیپی عەرەبی، بەتایبەتی ئەو نیشانانەی کە بۆ نواندنی بزوێن بەکاردێن، وای لەنووسەرانی کورد کردووە، کە دوو نیشانەی بەرودوا بۆ تاکە دەنگێك بەکاربهێنن بۆنموونە بزوێنیö کەلە وشەی جوێن وخوێن. . . هتدا. هەیە بەدوو نیشانەی (و) لەگەڵ(ێ) ئەنووسرێت. ئەوەی زیاتریش سەرمان لێتێك ئەدات لێرەدا ئەوەیە کە هەریەکێك لەم نیشانانەش نرخی تری هەیە لە هەمان ڕێنووسدا. دیسانەوە ئەگەر باوەڕمان وابێت کە دەنگی y فۆنیمە لەکوردیدا وەك زۆربەی ڕێزمان نووسەکان دەڵێن، ئەوە لەنووسینیدا هەمان کێشەمان هەیە، بەواتایەکی تر نیشانەی دوو قۆڵیمان بەکارهێناوە (ن) + (گ) بۆ نووسینی. بە بیری من لە نووسینی y دا ڕێنووسی کوردی ڕێگایەکی ڕاستی گرتووە، چونکە لە دوای پشکنینیکی زۆر بە دوای وشەدا گەیشتومە ئەو باوەڕەی کە ئەم دەنگە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەیە لە کوردیدا وە زۆر زمانەوانی کوردو بێگانە بێ مشت و مڕ بە فۆنیمیان داناوە،ئەم



دەنگە فۆنیم نیە،بەڵکو بریتی یە لە دوو دەنگ(ن)و(گ)یان(ن)و(د)کە بە دوای یەکتریدا دێن. بۆ ئیسپات کردنی ئەم رایەم ئەم بەڵگانەم بە دەستەوەیە:

١- کە ئەم دەنگە ئەکەوێتە سنووری بڕگەوە لەت ئەبێت و دەنگی(ن)لەگەڵ لەتی پێشەوەدا ئەڕوات و دەنگە(گ) لەگەڵ دواوە وەك لە (جەن. گا. وەر) و (جەن. گەل) دا ئەبینین. هەر وەکو دوو دەنگی جیاواز لە بارەیەوە هەڵس و کەوت ئەکات.

٢-ئەم دەنگە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگدا دێتە کایەوە،واتا کاتێك دەنگی (د) یان (گ)بە دوای دەنگی (ن)دا بێت وەك لە دیالێکتی سلێمانیدا لەم وشانەدا دەرئەکەوێت (چەند،مەنگ و هۆمەرمەندان). کەوا بێت هاتنە کایەی ئەم ئەلۆ فۆنەی(ن) بەهۆی یاسایەکی ئاسانی فۆنەتیکیەوە دیاری ئەکرێت و پەسەند نیە بە فۆنیم بدرێتە قەڵەم.

٣-دانانی ئەم دەنگە بەفۆنیمیکی سەربەخۆ دیالێکتی سایمانی لە دیالێکتی تری کوردی جیادەکاتەوە بەناڕەوا چونکە وەك دەردەکەوێت تەنیا دیالێکتی سلێمانی بەپێی لێکدانەوەی ئێستە خاوەنی ئەم ئەلۆفۆنەیە (بڕوانە مەکەنزی١٩٦٢) لەبەرئەوە دیسانەوە جێی گومانە کە ئەم دەنگە فۆنیم بێت.

ئەگەر ئەم رایەی من پەسەند بکرێت ودەنگی(نگ) بەفۆنیم نەژمێرێت ئەوا ڕێنووسی ئێستای کوردی چاك بۆ ئەم مەسەلەیە چووە کە ئەم دەنگە بەدوو دەنگی بەرەودوا دائەنێت ونیشانەی دووکەرتی بەکاردێنێت بۆنواندنی.

دیسانەوە ڕێنووسی کوردی نیشانەی دووکەرتی بەکاردەهێنێت بۆ نواندنی دەنگی (ڵ) وö،o،I،é،ú،o.... هتد. لێرەدا دانانی سەرو بۆرو ژێر یان دووپاتکردنەوەی نیشانە هەروەك دانانی تیپ وایە، بەواتایەکی تر، هەموویان هەر نیشانەن. ئەم نەخشەی خوارەوە ئەم بنەما نافۆنیمیەمان تەواو بۆ ڕوون دەکاتەوە.

| دەنگ/فۆنیم | ڕێنووس |
| --- | --- |
| ö | (وێ) |
| ڵ | (ڵ)یان(ل)-نوختەیەکی لەبن-یان(ل ل) |
| e | (ێ) |
| I | (ی) یان(یی) |
| o | (ۆ) |

٤-گوێنەدانە هەندێك فۆنیم: یەكێك لەبنەما نافۆنیمەكانی ترنەبوونی نیشانەیە بۆ چەند فۆنیمێك. بۆ نموونە تا ئێستا بێجگە لە تۆفیق وەهبی كەس هەوڵی ئەوەی نەداوە كە نیشانەیەك بۆ فۆنیمیi دابنێت. هەرچەندە نرخی ئەم فۆنیمە ئاشكرایە و نەنووسینی فكرەی برگە لەكوردیدا تێك دەدات ولەزمانەكانی تر بەنارەوا جیای دەكاتەوە. (بڕوانە خاڵی سێ لەخوارەوە).

هەروەها ڕێنووسی كوردی هەوڵی نەداوە درێژی و كورتی بزوێنەكان یان سترێس و وەستان و ئاواز پیشان بدات. هەروەك لەبەشی سێیەمدا روونمان كردەوە، ڕێنووسەكەمان زیاتر گوێی داوەتە فۆنیمە ریزبووەكان لەبەرئەوە فۆنیمە سەپاوەكان هەرچەندە گرنگیان ئاشكرایە، خراونەتە پشت گوێ و بێنیشانەن لەڕێنووسدا. بۆنموونە بەهۆی ڕێنووسەوە هەست ناكەین كە وشەیەكی وەكو (خانە) جیاوازە لەڕستەیەكی وەكو (خانە).

دیسانەوە ڕێنووسی كوردی دووپات كردنەوەی فۆنیمیش پیشان نادات، زۆربەی ڕێنووسەكانمان ئەم وشانەی خوارەوە بەیەك(ق)و یەك(ن) ئەنوسێت هەروەكو دووپاتكردنەوەی فۆنیمی تیا نەبێت: هۆقە، مورەبا. . . . . . هتد.[1]

**٣- بەكارهێنانی مۆرفۆگراف:**

مەبەست لەمۆرفۆگراف ئەو نیشانەیە كە بۆ مۆرفیمێك (نەك فۆنیمێك) دابنرێت. مۆرفۆگراف لەدانە سەرەكێكانی ڕێنووسی مۆرفیمە، هەرچەندە جاروباریش لەنووسینی فۆنیمدا

---

١- هەندێ لەنووسەرانی كورد باوەڕیان وایە كە هێشتا دەنگی تریش زۆرە كەلە ڕێنووسەكەماندا نانوێنێ وەكو ی-دوو دەنگی(چییا) ی-وەستاو (پەیین) ی- بەهێز- ئازایی ێ-ی كراوەی گیر(شایی یەك) یان ێ-ی كراوەی ژێدار. دیسانەوە دەنگی(و) بەباوەڕی زۆر كەس هەقی خۆی نەدراوەتێ لەڕێنووسەكەماندا چونكە و-ی دوو دەنگ (سویر)، هەروەها و-ی دوو دەنگی (جووان، خووان)، و-ی بەهێزی (كاوڕ/ئاور)، و-ی ئاڵۆز (كەگوایە لە هەندێك دیالێكتی كوردیدا هەیە) بێ نیشانەن. (بڕوانە ع. ع. شەونم، برایەتی٢ ١٩٧٠) بەباوەڕی من ئەم هەموو (و)و(ی)یە لەكوردیدا نیەو نووسەر هەندێجار نیوەی بزوێنی(و)و(ی) لەگەڵ بزوێنی I ú، u، i دا تێكەڵ كردووە، بەتایبەتی كەبەرەو دوا هاتبن. دیسانەوە نووسەر جیاوازی نێوان فۆنیم ئەلۆفۆنی خستۆتە پشت گوێ بۆیە تووشی ئەو هەڵانە هاتووە. دیارە ی- (یار) لەگەڵ یەكەم ی- (پەین)دا جیاوازی هەیە بەهۆی دەنگەكانی دەوروپشتەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە ناگرنگە(ئەلۆفۆنە) چونكە دوو وشە لەكوردیدا نادۆزینەوە كە ئەم دوو ئەلۆفۆنەی(ی) جیای كردبنەوە، لەفۆنەتیكدا ئەم جیاوازییەو چەندەها جیاوازی تر دەبێت بخرێنە پشت گوێ چونكە وەك لەفۆنەتیكدا ئیسپات بووە تەنانەت ئەو دەنگانەش كە گوێی مرۆڤ بە وەك یەكیان دادەنێتن وەك یەك نین بەتەواوی ڕێنووسیش هەرگیز ناتوانێت ئەم هەموو جیاوازیە ناگرنگانە بنوێنێ.



ئەبینرێت. نەبوونی نیشانە بۆهەندێ دیاردەی دەنگی لەكوردیدا وای لەڕێنووسەكەمان كردووە كە تاكە نیشانەیەك دابنێت بەرامبەر بە مۆرفیمێك كە لەوانەیە بریتی بێت لەفۆنیمێك زیاتر. بۆنموونە راناوی لكاوی(م، ت،. . . . هتد) كە ئەچێتە سەر كردار یان ناو (بۆ دەربڕینی خۆیەتی) ڕێنووسەكەمان هەر وا دەری ئەخات كە(م یان ت)مان زیاد كردبێ هەرچەندە لەڕاستیدا زیاتر لەو دوو دەنگە زیاد ئەكەین ئەگەر رەگی كردارەكە یان ناوەكە بەدەنگێكی نەبزوێن دوایی هاتبێت وەك لەخوارەوەدا دەیبینین:

ئەڕۆ+م= ئەڕۆم (م)

گەیشت+م=گەیشتم (/م)

خوارد+ت= خواردت (/ت)

بەكارهێنانی مۆرفۆگراف لەم نموونانەی سەرەوە بەهۆی نەبوونی نیشانەوەیە بۆ دەنگیi. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە كە ڕێنووسەكەمان دەنگە زیادبووەكانی تر دەرئەخات وەك لەخوارەوە ئەیبینین.

ئەڕۆ+ت=ئەڕۆیت

ئەخۆ+ت=ئەخۆیت

لێرەدا نیشانەی(یت) مۆرفۆگراف نیە چونكە بەتەواوی فۆنیمەكان دەرئەبڕێت.

ئەبێت ئەوە لەیادنەكەین كە بە كارهێنانی مۆرفۆگراف لەنووسینی فۆنیمی دوورمان ئەخاتەوە لادانێكی تەواوە هەرچەندە جاری واش هەیە كەڵكی زۆری هەیە چونكە دیالێكتەكان لەیەكتر نزیك دەكاتەوە.

**٤- بەكارهێنانی ئەلۆگراف:**

هەڵكەوتی تیپی عەرەبی ڕێنووسی كوردی ناچاركردووە، كە هەندێكجار پەنا بەرێتەبەر ئەلۆگراف هەروەك بەمۆرفیمی{ئەلۆ} دەردەكەوێت مەبەست لەئەلۆگراف بەكارهێنانی نیشانەیەكە، كە چەند شێوەی جیاوازی هەبێت. بۆ نموونە تیپی (ش) بەپێی شوێنی لەو شەیەكدا بە چەند شێوەیەك خۆی دەنوێنێ بەبێ ئەوەی لە نرخی خۆی بگۆڕێت وەك (شــــ)ی سەرەتا، (ش)ی كۆتایی یان سەربەخۆ یان (شـ)ی ناوەڕاست. بەم پێیە زۆر تیپە عەرەبیەكان بەلای كەمەوە سێ ئەلۆگرافیان هەیە كەبە هەر سێكیان تیپێك دێتەبەرهەم. بێگومان بوونی ئەلۆگراف لە عەرەبییدا دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی لكاندن ونەلكاندنی تیپەكان بەیەكتریەوە ئەم هەڵكەوتەیان لە چارەكردن نایەت. بەڵگەنەویستە كەبوونی ئەلۆگراف ڕێنووسەكەمانی گرانتر

کردووە بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمی فێربووندا تەگەرەیەکی گەورەیە وا لەخوارەوە هەندێك لەو تیپانەو ئەلۆگرافەکانیان دەخەینەڕوو:

(ســ)، (ســ)، (س) = س

(یـ)، (ـیـ)، (ـی) = ی

(عـ)، (ـعـ)، (ـع) = ع

(حـ)، (ـحـ)، (ـح) = ح

(نـ)، (ـنـ)، (ـن) =ن

دیسان تیپی(پ، ن، ف، ك، ش) شێوەیان زۆرە.

**٥- دانانی نیشانە بۆ ئەلۆفۆن:** لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسەرانی کورد فۆنیم و ئەلۆفۆنیان زۆر جار لەیەکتر جیاکردۆتەوە(بێ ئەوەی ئەم زاراوانە بەکاربهێنن)و زۆربەی جار نیشانەیان هەر بۆ فۆنیم داناوە،هەندێ جار لەم یاسا ڕاست و گونجاوە لایان داوە و خۆیان تووشی گیرو گرفت کردووە. بۆ نموونە، دەنگی( )(هەمزە) دەبوایە نیشانە بەرامبەری دانەنرایە چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە کەس ناتوانێت بڵێت دەنگەکە نیە لە کوردیدا، زۆر ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە ئەم دەنگە لە پلەی فۆنیمدا نیە و شوێنەکانی بەئاسانی بە یاسایەکی فۆنەتیکی دیاری دەکرێت. ئەم دەنگە لە سێ شوێندا دێتە کایەوە وەك ئەلۆفۆنێکی بزوێنەکانی کوردی

١- لە پێش هەندێ بزوێنەوە لە سەرەتای وشەدا بەتایبەتی بزوێنی é,o,á,a

٢- لە ناوەڕاستی هەندێ وشەی وەرگیراودا وەکو (سوال).

٣- لە کۆتایی تاکە یەك وشەی کوردیدا(نەء)،لێرەدا جێ گۆڕکی ئەکات لە بزوێنی á دا (نا).

کەوابێت ئەم دەنگە نابێتە فۆنیم،چونکە واتای وشە ناگۆڕێت. لەگەڵ ئەم ڕاستیەشا دەبینین کە ئەم دەنگە بە فۆنیم دانراوە لە کوردیدا و لە ڕێنووسەکەماندا (هەر کامێکیان وەرگرین)نەك هەر خۆی ئەنوێنێ بەڵکو کە دێتە پێشەوە کورسیە کیشی بۆ دائەنرێت، دیسان لە کۆتایی ئەو تاکە وشەیەشدا پیشان ئەدرێت. لە وانەیە دانانی نیشانە بۆ ئەم

دەنگە لەوەوە هاتبێت کە هەندێك دەنگی نەبزوێن لەسەرەتاوە بەبێ کورسی هەمزە زۆر بەزەحمەت ئەلکێن بە دەنگەکانی دواوەیان. (بۆ نموونە(ئەو) دەبێت بە (ەو) بنوسرێت) و رەنگە هەر ئەم هۆیەش(نەك نەزانینی پلە دەنگەکە)ئەم لادانەی هێنابێتە کایەوە،چونکە ڕێنووسە هەرە کۆنەکان نیشانەیان بۆ( ) (هەمزە) دانەناوە و ئەم وشانەیان بەم جۆرەی خوارەوە نووسیوە(بڕوانە حامید فەرەج ١٩٧٦)



| ڕێنووسی ئێستا | ڕێنووسی کۆن |
| --- | --- |
| ئەمە/ئەوە | امە/اوە |
| ئیش | ایش |
| ئاسان | اسان |
| ئیش وکار | ایش وکار |

**٦- پیشاندانی هەندێك گۆڕانی دەنگی و شاردنەوەی هەندێکی تر:**

هەروەك لە بەشی سێیەمدا باسمان کرد یەکێك لە چاکەکانی نووسینی فۆنیمی ئەوەیە، کە نایەوێت ئەو گۆڕانانە پیشان بدات کە لە ئەنجامی کارتێ کردنی دەنگی دراوسێدا دروست ئەبێت ئەگینا نووسینەکە بەرەو فۆنەتیکی دەڕوات و ژمارەی نیشانەکانمان زۆر ئەبێت، جگە لەمەش ڕێزمانیش ئەشێوێنی و بنچینەی وشە ون ئەبێت. ڕێنووسی کوردی زۆرجار پەیڕەوی ئەم یاسا فۆنیمیە ئەکات، بەڵام هەندێ جار لێی لائەدات و ئەم بێ هۆیەش دەبێتە کێشەیەکی تر. ئەوەتە زۆر جار ئەم وشانەی خوارەوە بە دوو شێوە دەبینرێن بەپێی زەوقی نووسەرەکە، لەگەڵ ئەوەشدا کە یاساکە روونە.

١-نیشانەی نەناسیاوی:ئێك دەبێتە (ئێ).

یەکێك = یەکێ

هەندێك= هەندێ

٢-نیشانەی فەرمان (ب. . .) بە تایبەتی لە کاری لێکدراودا پیشان نادرێت:

رابکە= راکە

دابنیشە= دانیشە

٣-(ت) یان (د)ی قووت دراوی کۆتایی وشە (بە تایبەتی لە دیالێکتی سلێمانیدا) بێ نیشانەیە:

کردت= کرد

باست ناکەم= باس. ناکەم

بۆت = بۆ

هەروەها هەندێجار دەنگی (گ)خوراوە:-

ئاگر=ئا. ر

سەگ=سە.

٤-دەنگی(ھ)ی قوت دراو لە نێوان دوو نە بزوێندا نانوسرێت:

ھەڵھات= ھەلاٚت

ھەندێ جار کێشەکە ئاوەژوو دەبینرێت، دەنگێك کە لە ئەنجامی گۆڕان ھاتبێتە کایەوە دەنوسرێت:

بیدرووەو=بیدرورەوە

بیخوەوە=بیخۆرەوە

بیکەوە=بیکەرەوە

بکەوە=بکەرەوە

یان گۆڕانی(ش) بە (ژ) یان (س) بە (ز) یان (ف) بە (ڤ) پیشان ئەدرێت:

چەشتم=ئەچێژێ

گەستم=ئەگەزێ

حەفتا=حەڤە/حەڤدە

(سەیر ئەوەیە لە ھەندێ وشەدا ھەر ھەمان گۆڕان ھێشتا خۆی نەکردوە بە ڕێنووسدا:(پشدەر،پێشگر، پێش مەرگە) ئەبوایە لەسەر یاسای پێشوو بەدەنگی (ژ) بنوسرانایە-پژدەر، پێژگر،پێژمەرگە- کەچی بەم شێوەیە نەبینراوە).

ئەبوایە ڕێنووسی کوردی ھەروەك چۆن گوێی نەداوەتە دەھا گۆڕانی تر، (چەند- چەنگ، ھۆنەرمەندان- ھۆنەرمەنگان) ئەم گۆڕانانەی سەرەوەشی بخستایە پشتگوێ چونکە لەئەنجامی گۆڕاندا ھاتونەتە کایەوە پیشاندانیان سوود ناگەیەنێت. ئەگەر ڕێزمانەکەش نەشێوێنێت. جگە لەمەش لە ڕێنووسدا پێویستە لەسەر یەك تەرز بدوێن، ھەرجارە بەجۆرێك نەنووسین ئەگینا ڕێووسەکە ھەرگیز جێگیر نابێت وھەر لەگۆڕاندا دەبێت.

لێرەدا ئەبێت ئەو ڕاستیەش بدرکێنین کە ئەم جۆرە گۆڕانە دەتوانین بەرینە ڕێنووسەکەمانەوەو تەنانەت بەنیشانەی تایبەتیش پیشانیان بدەین، کاتێك بمانەوێ ڕێنووسەکەمان وێنەیەکی تەواوی قسەکردن بێت. چیرۆك نووسین یان شانۆگەری ھەندێك جار پێویستی بەڕینووسی وا ھەیە بەتایبەتی بۆ دیاریکردنی یەکێك لەپاڵەوانەکان یان ئەکتەرەکان. بەلاٚم لەنووسینی ڕەسمیدا نابێت دەرگا بۆئەم جۆرە گۆڕانانە بکەینەوە تابێتە ڕێنووسەکەمانەوە، ئەگینا ڕێزمانەکە و بنچینەی وشەکانمان ئەشێوێ. جگە لەمانەش ڕێنووسەکەمان ئەوسا تەنیا دیالێکتێکی دیاریکراو یان ناوچەیەکی بچووك ئەگرێتەوە،



چونکە ئەم گۆڕانانە مەرج نیە لەھەموو ناوچەیەکدا بەم جۆرە بێت یان بەم قۆناغەدا بڕوات. بەباوەڕی من ئەبێت ڕێنووسی کوردی پیشاندانی گۆڕان بخاتە پش گوێ، تەنانەت ئەو گۆڕانانەی کە زۆر دەمێکە چەسپاوەو ڕۆیشتووە و زۆربەمان ھەستی پێ ناکەین بیگەڕێنێتە دواوە ھیچ نەبێت بەدانانی نیشانەیەك وەکو فاریزە لەجێی ئەو دەنگانە لەناو ئەچن لەقسەدا وەکو لەم فریزانەدا ئەبینین:

لەم= لەم

لەو= لەو

**٧- بەکارھێنانی نیشانە بۆچەند دەنگێکی نامۆ:**

ھەر لەسەرەتاوە زمانی کوردی لەژێر کاری ئایینی ئیسلام و دراوسێتیدا ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی وەرگرتووە. ھەرچەندە ئەو وشە وەرگیراوانە یەکسەر لەقسەدا دەخرێنە قالبی فۆنەتیکی کوردییەوەو دەنگە نامۆکانیان دەگۆڕێت بەو دەنگە کوردییانەی کە لێیانەوە نزیکن. رینووسەکەمان پەیڕەوی ئەم ڕاستیە فۆنەتیکەی نەکردووەو وشەکانی بەو دەنگە نامۆیانەوە وەرگرتووە ئەمەش بۆتە ھۆی ھێنانە ناوەوەی ھەندێ دەنگی نامۆو دانانی نیشانە بۆیان. ھەندێك لەنووسەرانمان لەزۆر دەمێکەوە بۆ ئەم کێشەیە چوون و پەنچەیان بۆ ڕاکیشاوە بەلاٚم لەناو خۆیاندا لەسەر ڕایەك نەبوون، چونکە لەقۆناغێکدا دەستکاریکردنی وشەی عەرەبی بەگوناھ زانراوەو لەقۆناغێکی تردا بەڕاست نەزانراوە چونکە (مافی دەست کاری زمانی خەڵکیترمان نیە). (بڕوانە- ڕۆژبەیانی١٩٥٨).

نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە باوەڕی وایە کە دەستکاری نەکردنی ڕێنووسی وشەی عەرەبی و وەرگرتنی بەدەستوری خۆیەوە، ھەندێ دەنگی نامۆی (بەتایبەتی دەنگی(ع)و (غ)) ھێناوەتە کوردییەوە، بەڵگەشی بۆئەم ڕاستیە زۆرە:

١-ئەم دەنگە نامۆیانە تائێستا نەچەسپاون لەکوردیدا گێژاوێکیان لەیاسای دەنگیی زمانەکەدا ناوەتەوەبەوەدا کە

أ- جێگۆڕکێ ئەکەن لەگەڵ فۆنیمی تردا بێئەوەی واتای وشە بگۆڕن وەکو: لە وشەی (عاسمان- ئاسمان، عەرز- ئەرز، ئاست- حاست، وەجاخ- وەجاغ، باخچە- باغچە، غایەن- خائن)دا ئەبینین.

ب- تائێستاش ئەم دەنگانە لەکوردیدا ڕەوشتی فۆنیمی ناتەواویان ھەیە، بەواتای ئەوەی کەلە زۆر شوێنی وشەدا نابینرێن، جگە لەوەی کە بلاٚوییان کەمترە لەدەنگیتر لەزمانەکەدا

بۆنموونە دەنگی(ع) ناچێتە کۆتایی وشە. بەم پێیە ئەم دوو دەنگە تائێستا نامۆن ونەچونەتە ریزی فۆنیمەکانی ترەوەو لەگەڵیاندا مەیانەیان کەمە.

٢- زۆربەی (ئەگەر نەڵێن هەموو)ئەو وشانەی ئەم دوو دەنگەییان تێدایە لەبنچینەدا عەرەبین،لەقسەدا زیاتر بەکاردێن و تائێستەش لەناو وشەکانی کوردیدا جێی خۆیان وا نەکردۆتەوە کە لە بنچینەیان دوو دڵ بین، هەروەك بەم وشانەدا بۆمان دەردەکەوێت (غایە، غەرب، غەڵەت، غەرەزە، غەش، غەیبەت) یان(عەرەب، عەیب، عاقڵ، عازەب وناوی تایبەتی وەکو عەلی، عوسمان. . . . . هتد)

## ٦- گیروگرفتی رێنووسی کوردی و چەند پێشنیارێك:

بەراوردێکی یاسای دەنگی زمانەکەمان لەگەڵ دەستووری نووسینی کوردی ئێستاداو لێکۆڵینەوەیەکی ئەو تێبینیە نوێیانە و کە لێکۆڵەر گەیشتێ لەبەشەکانی پێشەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان ئیسپات ئەکا کە رێنووسی کوردی سێ جۆر گیروگرفتی هەیە هەندێکیان چارەیان ناکرێت:

١-ئەو گیرگرفتانەی کە هەڵکەوتی تیپە عەرەبیەکان دەیهێنە کایەوە.

٢-ئەو گیروگرفتانەی بەکارهێنانی ئێستای تیپەکان دروستی کردوون.

٣-ئەو گیروگرفتانەی پێوەندیان بەهەڵوێستی کۆمەڵی کوردەوە بەرامبەر رێنووسی کوردی هەیە.

وا لەخوارەوە بەکورتی لە هەر یەکێك لەمانە ئەدوێین و چەند پێشنیازێك دەخەینە روو بۆ چاککردنیان.

١- گیروگرفتی هەڵکەوتی تیپی عەرەبی.

بەکارهێنانی تیپی عەرەبی لەرێنووسی کوردیدا دوو جۆرە تەگەرەمان دەخاتەرێ:

أ-ناچارمان ئەکات کە ئەلۆگراف بەکاربهێنین (بڕوانە بەشی٤خاڵی٤)

ب-ناچارمان ئەکات سەرو بۆرو چوکڵە بەکاربهێنین بۆ نواندنی فۆنیمە بزوێنەکان بەتایبەتی(شایانی باسە کە تیپی عەرەبی لەنواندنی دەنگە نەبزوێنەکاندا زۆر گونجاوە).

ج- تووشی گیروگرفتی لکاندن وجیاکردنەوەمان ئەکات.

(لەم لێکۆلینەوەیەدا لەسەر ئەم خاڵە نارۆین چونکە فۆنەتیك ناتوانێت لەم بارەیەوە هیچمان بۆ بکات).



ئەم کۆمەڵە گیروگرفتە چارناکرێن وئەبێت فێربین لەگەڵیانا بژین وبە چاکترین شێوە کەڵك لەو کەرەسەیە وەربگرین کەلە بەردەست دایە

٢-بەکارهێنانی ئێستەی تیپەکان چەند گیروگرفتێکی بۆ دروست کردوین کە لە توانادا هەیە بگۆڕین وبەسەریاندا سەرکەوێن وەکو:

١-فۆنیم نەنواندن:هەندێك فۆنیمی کوردی لە رێنووسەکەماندا بەرامبەرەکەی نیە وەکو فۆنیمیi کورت یان دەنگی دوو لانەی öهەروەها ستریس و ئاوازو وەستانیش بێ نیشانەن. کەم رێنووس هەیە کە فۆنیمی سەپاو بنوێێلەبەر ئەوە رێنووسی کوردیش ئەتوانێت واز لەنواندنی ستریسو ئاوازو دیاردە دەنگیەکانی ئەم بابەتە بهێنێت،بەڵام پێویستە نشانەی نوێ بۆ ئەم دوو دەنگەi وö داڕێژرێ چاکتریش وایە ئەم نیشانانە لە (ی) و (و) وەرنەگیرێن، تا زیاتر سەر تێك نەدەن.

**ب- ئەلۆفۆن نواندن:**

١-هەندێك دەنگ هەیە لە زمانی کوردیدا کە بە شێوەیەکی نازانستیانە پلەی فۆنیمیان دراوەتێ و نیشانەی سەربەخۆیان لە رێنووسدا وەرگرتوە،وەکو دەنگی (غ)یان(ع)یان(ص)یان(د). لە بەشی چوارەمدا زانستیانە ئیسپاتمان کرد کە ئەمانە وەك دەها دیاردەی دەنگی تر لە ئەلۆفۆن بەولاوە پلەی بەرزتریان نیە لە زمانەکەدا،لەبەر ئەوە پێ ویستە چاوێك بە رێنووسەکەماندا بخشێنینەوەو ئەو دەنگانە بێ نیشانە کەین. ئەوسا لەرێنووسی کوردیدا نیشانەی(خ)بۆ دەنگی(خ)و(غ)بەکاردێتو مرۆڤی کورد بە پیی دیالێکتەکەی خۆی ئەیخوێنێتەوە بە(خ)یان(غ). هەروەها دەنگی(ع) بە a ئەنووسین، دیسانەوە لە هەندێ وشەدا فێرکار ئەتوانێتبە(ع)بیخوێنێتەوە بەپیی هەڵکەوتی وشەکە لە دیالێکتەکەی خۆیدا. دەنگی(د) لە کوردیدا پێویستی بە نیشانە نیە،هەروەها(ص)یش. بە باوەڕی من دەنگی(ف)و(ڤ)بە شێوەیەکی وا چار ئەکرێت،چونکە(ڤ) لە شێوەی نووسینی ئێستەماندا زۆر کەمە،ئەتوانین هەر نیشانەی(ف)بۆ هەردووکیان بەکاربهێنین، دیسانەوە بەپیی دیالێکتی فێرکار نرخ وەردەگرین. ئەم جۆرە رێنووسە سێ سوودی هەیە

١-ژمارەی پیتە نەبزوێنەکان لە(٣٠)وە کەم ئەکەینەوە بۆ(٢٥).

٢-ئەم نواندنە لەگەڵ یاسای دەنگیی کوردیدا جووتە

٣-دیالێکتەکانی کوردی لە یەکتر نزیك ئەخەینەوە.

٢-هەندێك دەنگ هەیە کە ئەلۆفۆنن و لە ئەنجامی لێکدانی چەند دەنگێکەوە هاتوونەتە کایەوەو پێ ویست ناکات نیشانەیان بۆ دابنرێت یان لە رێنووسدا پیشان بدرێن، وەکو

دەنگی(د)، (ك)ی پێشەوە و(ك)ی دواوە. هەروەها هەندێك قووت دان یان تواندنەوە،یان دوور کەوتنەوە یان لە یەکچوون یان جێ گۆڕکێ هەیە کە رێنووس نابێت بیان نوێنێ. بەپێچەوانەوە رێنووسەکەمان ئەبێت تەنانەت فۆنیمی قووت دراویش بنوسێت،ئەگەر ئەمە زۆر ناپەسەند بوو ئەبێت فارزەیەك لە شوێنی فۆنیمە قووت دراوەکە دانێن،چونکە بەم شێوەیە رێنووس خزمەتی رێزمان و بنچینەی وشەکان دەکات و لە لەناوچوون دەیان پارێزێت(بڕوانە بەشی چوار،خاڵی٦).

ج-بەکارهێنانی نیشانەی دووکەرتی:-کەمی تیپە عەرەبیەکان رێنوسی کوردی ناچارکردووە کە نیشانەی دوو کەرتی(دوو قۆڵی)بۆ هەندێ دەنگ دارێژرێت وەکو دەنگی(ل)،(ر) ú,Ö,é (بڕوانە بەشی چوار،خاڵی یەکەم). ئەمە هەر چەندە گیروگرفتە چونکە لادانە لە بنەمای فۆنیمی رێنووسی کوردی،بەڵام تەگەرەیەکی گەورە نیە لە رێگای فێربووندا. ئەبێت لە یادیشمان نەچێت کە چارەکردنی ئاسان نییە چونکە هەر چۆنێك هەوڵ بدەین (بە بەکارهێنانی سەرو بۆرو چوکڵە یان بە دوو پات کردنەوەی تیپەکە) هەر هەمان گیروگرفت دێتە رێگامان. تەنیا بە دارشتنی تیپی

نوێ رزگارمان دەبێت،ئەمەش نەك هەر گرانە، بەڵکو دەبێتە هۆی زۆرکردنی نیشانەکانمان و قورس بوونی ئەرکی فێرکارەکان.

د-بە بەکارهێنانی نیشانەی نامۆی ناپێویست لە رێنووسەکەدا:زۆر جار بۆ نووسینی وشەی عەرەبی وەرگیراو یان ناوی تایبەتی عەرەبی هەندێك نیشانەی نامۆ وەکو (ص) و (ظ) و (ذ) یان (ث) و (ط)خۆیان دەکەن بەناو رێنووسی کوردیدا. بە بیری من چاکتر وایە ئەو نووسەرانە واز لەمە بهێنن بەرامبەر ئەو دەنگە نامۆیانە پێ ویستە نیشانەی ئەو دەنگە کوردییانە بەکاربهێنین کە لێیانەوە نزیکن وە لە راستیدا جێگەیان دەگرنەوە. بەم جۆرە نیشانەکانی رێنووسی کوردی کەمتر دەبێت و ئەرکی سەرشانی فێرکار سووکتر دەبێت.

**٣- هەڵوێستی خەڵکی بەرامبەر زمان و رێنووسی کوردی:**

ئەم گیروگرفتەی زمان و رێنووسی کوردی یەکێکە لەو لایەنانەی زمان کە زمانەوانی کۆمەڵایەتی بایەخیان دەداتێ و لێیان دەکۆڵێتەوە.

هەرچەندە زمانی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا توانیویەتی ئەو ئەرکانە، کە دەیان بینێ فراوانتریان بکات زیاتر دەور ببینێت لەژیانی کۆمەڵایەتی کەرتێکی زۆری کورد، بەڵام بمانەوێت یان نەمانەوێت، ئەبێت دان بەو راستیە بنێین کە زمانی کوردی تائێستا نەبووە بەزمانی سەرەکی هەندێ جینی میللەت (هەرچەندە لەوانەیە ئەم چینانە هۆشیارانە نەزانن کەوایە)،بە



واتایەکی تر،کوردی نەك هەر ئەو پلە کۆمەڵایەتیەی نەدراوەتێ کە زۆربەمان بە زمانی تری دەدەین،بەڵکو تا ئێستاش لە هەندێ شوێندا و لەلایەن هەندی کەسەوە بە چاوێکی نزم سەیری دەکرێت یان زۆربەمان سارد و کەمتەر خەمین بەرامبەری.

ئەم هەڵوێستە نالەبارەی خەڵکی بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانراوە تا ئێستا رێز بۆ رێنووسەکەمان لەناو دڵی خەڵی کورد پەیدابکرێت. بەبێ رێزگرتنیش رێنووس ناچەسپێت، بەتایبەتی کە کۆمەڵێش هیزی ئەوەی نەبێت بیسەپێنێ. گرنگی رێز لەچەسپاندنی رێنووس هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە رێزی خۆی هەبووە وەك بەناوی رێنووسەکاندا دەردەکەوێت.[1] نەبوونی رێز بۆتەهۆی گەشەنەکردن و بڵاونەبوونەوە و نەچەسپاندنی رێنووسی کوردی لەگەڵ ئەوەشدا سەد ساڵ زیاترە سەدەها هەوڵ و تەقەلا ئەدرێت و دەها لێکۆڵینەوە و باوەڕی چاك دەربارەی رێنووسی کوردی دەخرێتە بەر چاو[2]. ئەگەر خەڵکی رێزی بۆ وشە و رێنووسی کوردی هەبوایە، ئەگەر هەڵەیەکی رێنووسی بەگوناهێك دابنایە، ئەوسا لەهەندێ کەم و کورتی چاوی ئەپۆشی و هەوڵی دەدا پەیڕەوی یەکێك لەو رێبازە رێنووسیانە بکا کەلەبەر دەستان و دوای بیروڕا و زەوقی خۆی نەدەکەوت یان هیچ نەبێت بارێکی دەبوو ولە هەمان نووسیندا هەمان وشەی بەجۆرێك ئەنەخشاند. ئەگەر لەیادمان بێت کەنووسین وەکو زمان پشت بەرەمزی چەسپاو یان سەپاو (ئەو رەمزانەی کۆمەڵ بڕیاریان لەسەر دەدات) دەبەستێت، ئەوسا دەزانین کە مەسەلەی رێز لێگرتن چەند گرنگە بۆ چەسپاندنی رێنووس. تا ئەو رێز لێگرتنە لەخۆماندا لەخۆیەوە نەیەتە کایەوە، رێنووسی کوردی هەر لە قۆناغی گۆڕان و پوختەکردندا دەمێنێتەوە.

پەیداکردنی ئەو رێزە بۆکوردی بەگشتی و بۆ رێنووس بەتایبەتی لەئەرکە گرنگەکانی سەر شانی رێکخراوە کۆمەڵەییەکانە هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا زانستگاو دەزگا رۆشنبیرییەکان و کۆڕی زانیاری. هەموو ئەو دەزگایانە پێویستە لەسەر جۆرێك رێنووس رێك بکەون و هەوڵی چەسپاندنی بدەن، تەنانەت ئەگەر زۆریش بەکاربهێنن- ئەگینا فێرکارو خوێندەواران هەر لەم ئاژاوەیەی ئێستای رێنووسی کوردیدا دەژین.

---

١- زۆر میللەت وایان زانیوە کە رێنووسەکەیان خواکردە وەك بەناوەکانیانا دەردەکەوێ-دیڤان گاری(نوسینی سانسکریتی) بەواتای(شاری خوا)دێت،هێرۆگلیفی(نوسینی میسریە کۆنەکان) بەواتای(نووسینی پیرۆز) دێت، دیسان ئاشوریەکانیش باوەڕیان وابوو کە خواکەیان(نێبوو) خەتی بزماری بۆ ناردوون.

٢- زمانەوانی کوردی بەکێشەی رێنووس دەست پێدەکات و تا نزیکەی نیو سەدە لەم باسە بەولاوە لە هیچی تر نەکۆلیوەتەوە.

## ٧- كورتەی لێكۆڵینەوە:

دوای شیكردنەوەو یەكالاكردنی یاسای دەنگیی كوردی و خستنەڕووی هەندێك زانیاری نوێ دەربارەی دەنگەكان و پلەی گرنگیان، دوای بەراوردكردنی ئەم دەنگانە لەگەڵ دەستووری نووسینی ئێستای كوردیدا نووسەر گەیشتە ئەو راستیە كە رێنووسی كوردی وەك رێنووسی زۆربەی زمانەكانی گێتی لەسەر رێبازێكی تێكەڵ (فۆنیمی ونافۆنیمی) دەڕوات، نەك وەك رێنووسی فنلندی و توركی (نوێ) تەواو جووتە لەگەڵ فۆنیمەكان، نەوەك رێنووسی ئینگلیزی و فەرەنسی تەواو جیابۆتەوە. دیارە ئەم رێبازە تێكەڵە بۆتەهۆی هەندێك گیروگرفت كە بەشێكیان (بەتایبەتی ئەوانەی كە هەڵكەوتی تیپی عەرەبی دەیان هێنێ) چاریشیان نیە بەڵام بەڕای نووسەر ئەو ئاژاوەیەی فێركارو خوێندكاری كورد لەناویدا دەژی ناگەڕێتەوە تەنیا بۆ ئەو گیرگرفتانە كە بە ئاسانی چاویان لێ دەپۆشرێت (میللەتانی تر چاویان لەكەم كورتی زۆرلەمە گەورەترە پۆشیوە) بەڵكو بۆ دوو هۆی سەرەكی دەگەڕێتەوە:

١-زۆری و جۆر بەجۆری ئەو رێنووسانەی كە لە ئارادان و پەیڕەوی نەكردنی رێبازیك یان رێنووسێكی دیاری كراو.

٢-ئەو هەڵوێستە نالەبارەی كە خەڵكی بەرامبەر زمان و رێنووسی كوردی هەیانە و بۆتەهۆی ساردی و كەمتەرخەمی و گوێنەدان بەرێنووس و هەڵەی رێنووسی.

## سەرچاوەکان


**أ- بە زمانی کوردی:**

١-ئەحمەد عەزیز ئاغا، ئەلفبای ئەحمەدی عەزیز ئاغا، رۆژنامەی ژین،٥٤٠،ساڵی١٩٣٧.

٢-ئەحمەد عەزیز ئاغا،چۆن بنووسین؟، رۆژنامەی ژیان، ٩، ساڵی١٩٣٧.

٣-م. م.، نووسینی زمانی کوردی، هیوا، ژمارە٨، ١٩٥٨.

٤- ب، فەرمانی ئێستا، هیوا، ٩، ١٩٥٨.

٥-جەمیل رۆژبەیانی، چۆن زمانەکەمان بنووسین؟، هیوا،١٠ی ١٩٥٨.

٦-بلە، خۆپاراستن لەلایەنگری ناڕاستی، شەفەق، ژمارە ٥-٦، بەرگی یەکەم، مایس و حوزەیران ١٩٥٨.

٧-تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی جیزمی یەکەم، ١٩٢٩.

٨-ع. ع. شەونم، دەستووری نووسینی کوردی، برایەتی ژمارە ٢، ١٩٧٠.

٩-حامید فەرەج، رێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا، چاپخانەی کۆڕ ١٩٧٦.

١٠-تۆفیق وەهبی، سپاس، پێشکەوتن، ٣، ١٩٥٨.

١١-رێنووسی کوردی، چاپخانەی کۆڕ، ١٩٧٦.



*** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد بەرگی نۆیەم ساڵی١٩٨٢ بڵاوکراوەتەوە.**

# زمانی مرۆڤ و زمانی گیانلەبەری تر

١- چاو پیاخشاندنیك بە فۆلكلۆری میللەتاندا ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات کە، هەرزۆر لەکۆنەوە مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبووە کەتەنیا خۆی تاکە زیندەوەر نیە بتوانێت بدوێت و مەبەستی خۆی بەهۆی زمانیەوە دەربڕێت، بەڵکو هەندێك گیانلەبەری تریش ئەم توانایەیان تێدا بەدی دەکرێت. نەك هەر ئەمە بەڵکو لەوەش دەچێت مرۆڤ باوەڕی بەوە بووبێت کە (زمانی) هەندێك زیندەوەری تر (هەروەك زمانەکەی خۆی) لەسەر یاسایەکی واتایی و دەنگی و ڕێزمانی دیاریکراو دەڕوات. بەوەدا کە هەندێك ئادەمیزاد وەکو(سلێمان) و (سیگمۆند فرۆید) وەك دەڵێن توانای فێربونی زمانی زیندەوەرانیان هەبوە. جگە لەمەش لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا ناوبەناو فەرهەنگی فەرەنسی- قەل یان ئینگلیزی- مەیمون دەکەوتە بەردەست.[1]

٢- لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بەدواوە ئەم جۆرە بۆچونانە تەواو خرانە پشت گوێ بەتایبەتی لەبەرئەوەی زمانەوانانی ئەو سەردەمە بەو تەکنیکە کۆنەیەوە نەیدەتوانی بەجۆرێکی زانستیانە لەدیاردەیەکی وەك (زمانی زیندەوەرانی تر) بکۆڵێتەوە، زمانەوانیش وەك زانستێك دەبوایە خۆی لە بابەتی وا (نازانیاریانە) دوور بخستایەتەوە تاوەکو پەردە زانستیەکەی لەسەر رانەماڵرێت، بەتایبەتی چونکە ماوەیەکی کورت بوو ئەم پایەی وەرگرتبوو، زۆر بەتەنگیەوە دەهات و ئامادەنەبوو لە پێناوی بابەتی ئاوادا خۆی بخاتە بەر پلارو لە نرخە (زانستیانەی) خۆی کەم بکاتەوە و جارێکی تر بچێتەوە ریزی بابەتە زانستیەکان. هە لەبەر ئەم هۆیانە، کە دەبینین ئەو پێناسانەی لەم سەردەمەدا بۆ (زمان) دەخرانە بەرچاو، بەتایبەتی هی زمانەوانە ئەمەریکیەکان، کەم وزۆر پەنجەیان بۆ پەیوەندی زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر درێژنەدەکردو بەلایدا نەدەهاتن. زۆربەشیان زۆر بە ئاشکرا بۆ ئەوە دەچوون کە (زمان) بەتایبەتی هی (مرۆڤە)ومۆری هیچ زیندەرێکی تری پێوە نییە. بەبیروڕای زۆربەی ئەم

---

١- بۆ نمونە فەرهەنگەکەی (DuPont do Nemours)ساڵی ١٨٠٧ کە تیایدا سەدەها وشەی فەرەنسی بەرامبەر وشەی (هوزارەو) و زمانی قەلەباچکە دانراوە. هەروەها (achwidetsky) یاریدەدەرێکی باخچەی گیانلەبەرانی واشنتۆن لەم دواییەدا فەرهەنگێکی ئنگلیزی- مەیمون و مەیمون- ئینگلیزی دەرکردوە.



زمانەوانانە قیژەو بانگی گیان لەبەری تر پایەی(زمانی) نابێت بدرێتی (هەرچەندە هیچ هۆیەکی رەوایان بە دەستەوە نەبوو). بۆ ئەوەی تەواو لە هەڵوێستی ئەم زمانەوانانە بگەین و والە خوارەوە چەند پێناسەیەکی ئەو سەردەمە دەخەینە روو:

(١) زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتی بە مرۆڤ بەکاری دێنێ بۆ دەربڕینی بیر و هەست و ئارەزوو، بەهۆی رەمزی دەنگی لەسەر یاسا رۆیشتوە و کار دەکات و لە ژێر ((ئیرادەدایە)) (ئێدورد ساپیر).

(٢) زمان بریتیە لە چەند رەمزێکی لە خۆوە کە بە هۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێت هاریکاری بکات. (بلۆك و تراگەر).

(٣) زمان کۆمەڵە رەەمزێکی دەنگێکی لە خۆوەیە کە بەکاردێت یان دەتوانرێت بەکاربێت لە لایەن مرۆڤەوە بۆ لە یەکتر گەیشتن و پۆلکردنی شت و رووداوەکانی دەوروبەری،-(جۆن کارۆل).

هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە، بە نهێنی یان ئاشکرا، رێکن لەسەرئەوەی کە گوایە زمان مافی مرۆڤە بەتەنیا. هۆیەکی ناغەریز، کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ لەیەکترگەیشتن، هاریکاری یان دەربڕینی هەست و ئارەزووەکانی بەکاری بهێنێت. بەواتایەکی تر، بەلای ئەم زانایانەوە زمان هۆیەکە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە زیندەوەری تر. ئەم باوەڕەش ماوەیەکی زۆرەو تا ئێستاش لە کارە زمانیەوانەکاندا دوپات دەکرێتەوە.

٣- هەموو ئەو زانایانەی باوەڕیان بەوە هەیەکە زمان زیاتر لە هەمو هۆیەکی کەلتوری تر مرۆڤ لە گیانلەبەری تر جیادەکاتەوە، راستیەکی گەورەیان خستۆتە پشت گوێ ئەویش ئەوەیە کە زمانی مرۆڤ لەزۆر سەرەوە لە قیژەو بانگی زیندەوەری تر دەچێت، ئەوندە ناوکۆیان زۆرە کە لەبەراوردکردن دێن و بگرە جیاوازی نێوانیان تەنیا لە (پلە)دایە نەك لە (جۆر) وەك بەم بەراوردەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت:

ا- زمانی مرۆڤ لەسەر بناغەی فۆنێم کاردەکات، بەواتای ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر دەنگ دەربکات، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەو دەنگانە بەکاردێت بۆ جیاکردنەوی واتا (بۆ قسەکردن). بەم دەنگە گرنگانە دەگوترێت (فۆنێم) ژمارەیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت. وەکو بۆمان دەرکەوتوە ژمارەی ئەم فۆنێمانە لە زمانی مرۆڤدا لەنێوان (١١) و (٦٧)دایە. بێگومان کەمی و زۆری ئەم فۆنێمانە گرنگ نیە لە زماندا، چونکە لەم ژمارە کەمە دیاریکراوە، مرۆڤ دەتوانێت ژمارەیەکی بێسنور وشەو رستە

دروست بکات بەهۆی (لێکدانەوە). (هەر لەبەر ئەمەشە کە ناتوانین بڵێین زمانێك لەزمانێکی تر پێش کەوتوترە، چونکە هەمو زمانێك دەتوانێت ئەم کەرەسە بنچینەیە بەکار بهێنێت بۆ پۆلکردنی دەوروبەر، لەسەر یەکێك لە (ئاستەکانی) زمان: وشە یان فریز یان رستە، بۆ نموونە ئەو دیاردەیەی کە زمانێك لە ئاستێکدا دەری دەبڕێت لەوانەیە زمانێکی تر هەمان دیاردە لەئاستی تردا دەربڕێت.[1]

قیژەو بانگی زیندەوەری تر وەك لێکۆڵینەوەی زانستی بۆمانی دەرخستوە دیسانەوە وەك زمانی مرۆڤ بەندە بە (فۆنێمەوە)، بەواتی ئەوەی کە بانگ و قیژەی زیبندەورە تریش دەتوانرێت شیبکرێتەوەو کەرت بکرێت، بۆ چەند پارچەیەکی دەنگی بنچینەیی (فۆنێم) کە لە قیژەو هاواری تردا خۆیان دوپات دەکەنەوە. ژمارەی ئەو دەنگە بنچینەییانەش لە نێوان(٧) و (٣٧)دایە.

کەواتە زمانی مرۆڤ لەگەڵ بانگی زیندەوەری تردا لە بەراورد کردن دێت، چونکە وەك لەسەرەوە روون بۆوە، هەردووکیان کەڵك لە (فۆنێم) وەردەگرن. دیسانەوە دەبێت لێرەشدا ئەو راستیەمان لە بیر نەچێت کە زۆر و کەمی فۆنێمەکان کەم و زۆر پەیوەندی بە (دواکەوتوی)یان (پێشکەوتوی) زمانەوە نییە، فۆنێم زۆری ئەوە ناگەیەنێت کە زمانەکە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە ئەرکی زیاتری لەسەرە، هەروەك کەمی فۆنێمیش لە لێهاتووی زمانەکە کەم ناکاتەوە. تەنیا لەبەرئەوی قیژەو بانگی زیندەوەری تر لەگەڵ زمانی مرۆڤدا کەڵك لە فۆنێم وەردەگرن ئیتر نابێت واتێبگەین کە هەردووکیان یەك پلەدان. ئاشکرایە کە زمانی مرۆڤ (پێشکەوتووترە) (بەواتای ئەوی ئەرکی کۆمەڵایەتی زیاتر بەسەرەوەیە) چونکە لەزمانی مرۆڤدا فۆنێمەکان زۆر بە ئاسانتر لە یەك دەدرێن و بیری نوێیان پێدەدرێت. ئەم توانای لەیەکدانە کەو هەق بۆ زۆری و کەمە فۆنێمکانیش دەکاتەو لە بانگ و قیژەی زیندەوەرانی تردا زۆر کەم هێزە و ئەرستۆ(٢) هەزارەها ساڵ لەمەو بەر بەتەواوی ئەم جیاوازییەی نێوان زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تری دەرخستووە.

ب- هەرچەندە وا بە بیردا دەهات کە بەکارهێنانی رەمز تەنیا لەزمانی مرۆڤدا هەیە، لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایە، رونی کردۆتەوە کە (ڕەمز) بە هەموو جۆرەکانیەوە لەبانگ و قیژەی

---

١- بڕوانە باسەکەی (کلیر رەسل) و (و. م. رەسل) کە تیێدا ژمارەی ئەو فۆنێمانە ئەدەن کە لە (زمانی) زیندەوەری تردا بۆمان ساغکراوەتەوە، بۆنمونە: دۆلفینی ئەمازۆن(٧) جۆرێك جوت(٧) مریشکی ماڵی(٢٠) گۆرێلا (٢٠) شامپانزی (٢٣) مەیمونی یابانی (٣٧).



زیندەوەری تریشدا هەیە. مەبەست لە رەمز لیسرەدا (نیشانەیەکە) کە (واتایەك) یان (گرنگیەکی) درابێتێ. وەك بەم پێناسەیە دەردەکەوێت رەمز هەمموو کاتێك دوو دیوی هەیە: نیشانە (کە لەزماندا دەنگ دەگرێتەوە) و واتای نیشانەکە. رەمز لە راستیدا بریتیە لە یەکگرتنی هەردو دیوەکە، نیشانەکە و واتاکە. بەپێی پەیوەندی ئەم دیوەی رەمز، سێ جۆر رەمزمان هەیە:

١- رەمزی سروشتی ٢- ڕۆەمزی وێنەیی ٣- رەمزی لەخۆوە.

مەبەست لە رەمزی سروشتی ئەو رمزانەن کە یەکێك لە دیوەکانی لە ئەنجامی دیوەکەی تریەوە دێتە دی. بە واتایەکی تر پەیوەندی نێوان فۆرم و واتاکەی پەیوەندیەکی هۆییە وەك پەیوەندی نێوان (وەنەوزدان) و (خەواڵووی) یان(هەور)و (باران) یان (سەرما) لەگەڵ (نزمبونەوەی پلەی گەرما) یان (لافاو) لەگەڵ (بەرزبونەوەی ئاستی ئاو). ئەم جۆرە رەمزە بەمرۆڤ دروست ناکرێت، بەڵکو مرۆڤ هەر توانای ئەوەی هەیە کە وەکو دیاردەیەکی سروشتی لیکیان بداتەوە و پەیوەندیەکەیان دیاری بکات.

ڕمزی وێنەیی هەروەك بەناوەکەیدا دەردەکەوێت ئەو رەمزانەن کە تیایدا فۆرم و واتا لە یەك دەچن، با ئەم لە یەکچوونەیان لە راستیشدا هەیە یان خەڵکی وای بە بیردا دێت کە هەیە. رەنگی سوور، بۆ نموونە لە ئیشارەتی هاتووچۆدا بەمانای (مەترسی) و (وەستان) دێت چونکە (سور) رەنگی (خوێن) یان (ئاگر)ە، ئەم دوانەش هەر کاتێك بەرچاو کەوتن (مەترسیەك) لە ئارادا هەبووە. لێرەدا لێکچونێك هەیە لە نێوان (سور) و (خوێن)دا، ئەم لەیەکچونەش جارێکی تر گواستراوەتەوە بۆ نێوان رەنگی (سوور) و (مەترسی)یان (وەستان)، لە رەمزی وێنەیدا پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا وەکو پەیوەندی نێوان (وێنە) و (وێنەگیراو وایە). بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوە، ئەم جۆرە رەمزە لە داتاشینی مرۆڤ خۆیەتی.

رەمزی لە خۆوە ئەم جۆرانەن کە نەك هخیچ لەیەکچونێك لەنێوان فۆررم و واتادا نیە بەڵکو هیچ جۆرە پەیوەندییەك نایانلکێنێ بەیەکەوە. بۆ نمونە هیچ جۆرە هۆیەکگ پاڵ بە مرۆڤەوە نانێت کە ئەم نیشانەیە (√) لە بیرکاریدا بۆ رەگ دابنێت. و. هیچ هۆیەك وای لە کورد نەکردووە کە بە پیاو (مرۆڤ) بلێت (پیاو)، وشەکە. یان بەگیانلەبەر بلێت (زیندەوەر). لە هەمانکاتدا لەم جۆرە رەمزانەدا کۆمەڵ نەك تاکە کەس، پەیوەندی فۆرم و واتا رادەگرێت. لەبەر ئەمەیە کە تاکە کەسێك گەر بە تەنیا وشەیەکی نوێ دابتاشێت، ئەو بەرهەمە مەرج نییە ببێتە پارچەیەك لە کەرەسەی ئەو زمانە، تاوەکو زۆربەی ئەو خەڵکەی

کە بەو زمانە کە قسەدەکەن پەسەندی نەکەن. کەواتە ڕەمزی لە خۆوە کۆمەڵێك دایدەتاشێت، لێکی دەداتەوە رایدەگرێت بە هۆی جۆرێك لە (ڕێککەوتن) لەنێوان قسەپێکەرانی زمانێی دیاریکراودا.

زمانی مرۆڤ بە زۆری هە ڕەمزی لە خۆوە بە کاردێنێت. تەنانەت ئەو ڕەمزانەش کەوا بەبیردا دێت کە لە بنچینەدا لە لاسایی کردنەوەی چەند دیاردەیەکی سروشتیەوە هاتونەتە کایەو ەوەك (حەپە) یان (ڤرە) وشەی سروشتی ڕەمزی وینەیی نین، هەرچەند سەرزاری لەم جۆرە ڕەمزە دەچن یان نزیك دەبنەوە. ئەم ڕەمزانە نابێت بە (وێنەیی) دابنرێن چونکە لە زمانێکەوەبۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن.

بانگ و قیژەی زیندەوەری تریش کەڵك لە دوو جۆر ڕەمز وەردەگرێت: ڕەمزی وێنەیی و ڕەمزی لە خۆوە، بەڵام بەپێچەوانەی زمانی مرۆڤەوە، بەزۆری پشت بەڕەمزی وێنەیی دەبەستێت و زۆر کەمتر ڕەمزی لەخۆوە بەکاردێنێت. بۆ نمونە ڕەوشتی زیندەوەرێکی وەك کەڵەشێر پێش ئەوەی بکەوێتە شەڕەوە (باڵ فش کردن،پۆپنەبەرزکردنەوە،سووڕانەوە بەدەوری خۆیدا) جۆرێکە لە ڕەمزی وێنەیی هەمان کەڵەشێر کە دوو دڵ بێت لە شەڕیان بیەوێت هەڵبێت خۆی خەریك دەکات بە گەڕان بەدوای دانەو دەنووك لە زەوی دەدات، هەروەکو خەریکی خواردن بێت کەچی تەواو ئاگای لە دوژمنەکەیەتی و چاك خۆی ئامادە دەکات بۆ بەرهەڵستی. ڕەوشتی وابەگشتی بە کارهێنانی ڕەمزی لەخۆوەیە چونکە هیچ پیوەندییەك- لە یەکچوون یان هۆ- نیە لەنێوان ((گەڕان بە دوای دانا)) و ((خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ))، بەڵام لە بەرئەوەی هەموو ئەم جۆرە زیندەوەرانە لە هەڵوێستدا هەمان ڕەوشتیان هەیەوهەمووشیان لە یەکتری تێ دەگەن وبەهەڵە ناچن (هەمان واتا دەدەن بەو ڕەوشتە) کەواتە ئەم کۆمەڵە ((ڕێك کەوتوون)) لە سەر ئەوەی ئەم ((جولانەوەیە)) بەو ((واتا))یە بێت هەروەك چۆن مرۆڤی کورد ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بە((پیاو))-مرۆڤ — بڵێین ((پیاو)) (وشەکە).

وەك لەسەرەوە بۆرمان رون دەبێتەوە کە ڕەمز تایبەت نییە بە زمانی مرۆڤ. زمانی زیندەوەری تریش (ڕەمز) بەکار دێنێت بە هەموو جۆرەکانیەوە. تاکە جیاوازی لە نێوان زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تردا لە روی ڕەمزەوە لەوە دایە کە زمانی مرۆڤ بە زۆری ڕەمزی لە خۆوە بەکاردێنێت، بەڵام بانگ و قیژەی تری زیندەوەری تر بە پێچەوانەوە بەزۆری ڕەمزی وێنەیی بەکاردێنیت و ڕەمزی لە خۆوە (هەرچەندە لە بانگو قیژەیاندا هەی) زۆر کەم بەکاردێت. کەواتە دیسانەوە جیاوازی نێوان دو زمانەکە لە (پلە) دایە نەك (جۆر).



دەبێت لێرەدا پەنجە بۆ ئەو راستیە راکێشین کە بەکارهێنانی ڕەمزی وێنەیی و پشت نەبەستن بە ڕەمزی لە خۆوە، زیانێکی زۆری بە زمانی زیندەوری تر گەیاندووەو تەواو لە چالاکی و توانای کەم کردۆتەوە، چونکە ئەو جۆرە ڕەمزە وەك ڕەمزی لە خۆوە بە ئاسانی لە (وێنەگیراو) واتا نابێتەوە و کەرت ناکرێت تاوەکو لەگەڵ پارچەی تردا لە یەك بدرێت و ڕەمز یان نیشانەی ترمان بداتێ. لەبەر ئەوەیە کە زمانی زیندەوەری تر دەستە وەستانە بەرامبەر هەڵوێستی نوێی و ژمارەی ئەو بیرانەی کە بەهۆیەوە دەردەبڕدرێت زۆر کەمەو سنورێکی تەسکی هەیە. زمانی مرۆڤ، بە پێچەوانەی ئەمەوە بێ دەسەڵات نییە بەرامبەر هەڵوێستی نوێ و دەتوانێت هەموو مەبەستێك دەربڕێت، تەنانەت گەر مەبەستەکەش تەواو نوێ نەبێت و لەمەو پێش نەبووبێت. چونکە نیشانەی لە خۆوە بەکاردەهێنێت و، ئەمانەش لە هەڵکەوتدا توانای ئەوەیان هەیە لەت بن و یەکبگرن لەگەڵ نیشانەی تردا بۆ دەربڕینی نوێ.

ئەم توانایەی زمانی مرۆڤ، توانای داهێنان، لە کاتێکدا تەواو هەستی پێدەکرێت کە زمانێك پێویستی بە وشەیەکی نوێ بێت بۆ دەربڕینی بیرێکی نوێ. لە کاتی وادا هەندێك جار وشەیەکی (تاریك) خۆی دەکات بە زمانەکەداو خەڵکی لەسەر واتاکەی ریدەکەون، بێ ئەوەی ئەو وشەیە هیچ پەیوەندیەکی هەبێت لەگەڵ وشەی تردا، بەڵام زۆربەی جار، هەر لە کەرەسە کۆنەکە وشەیەکی نوێ پێکدەهێنرێت بۆ دەربڕینی ئەو بیرە نوێیە. زمان لە بنچینەدا بەم شێوەیە دروست بووە و هەر بەم ڕێگایەش گەشەی کردووە و مەبەستیشمان (لەکەرتکردن) و (لێکدان) ڕەمزەکان هەر ئەمەیە.

سەرنجێکی کەم لەچەند وشەیەکی زمانی کوردی دیاردەی کەرتکردن و لێکدانمان زیاتر بۆ روونەدەکاتەوە. گریمان مرۆڤێکی کورد لە قۆناغێکی بوونیا وشەی (سوتاندن) و (گەندان بۆمیوە)و(هەڵ کرۆزاندن)ی زانیوە. هەروەها لە فەرهەنگی بیریشدا وشەی (بۆن کردن) هەبووە کاتێك ئەو مرۆڤە تووشی هەڵوێستی هاتبێت کە تیایدا پێویست بووبێت دیاردەی (بۆنکردن) لەهەمان کاتدا لەگەڵ دیاردەکانی تردا (سوتاندن، گەندان، هەڵ(کرۆزاندن)) بەکاربهێنێت، زمانەکەی لەبەر ئەوەی ڕەمزەکانی لە خۆوەنییە ڕێگەی ئەوەی داوەتێ بەهەر جۆرێك بێت ئەم بیرە نوێیانە دەربڕێت و بەم جۆرە (بۆنی سوتاندن، بۆمی گەندان، بۆنی هەڵکروزاندن) هاتۆتە ناو کوردیەوە، بێگومان لێکدانی وشە بەم جۆرە سادەیە (هەر وشە دانە پاڵ یەك) لە توانا و چالاکی زمان کەمدەکاتەوە، لەبەر ئەوە زۆربەی کات دلڕشتنی رۆنانی نوێ نەك (هەر درانە پاڵ) بەڵکو (کەرتکردنیشی) تێدەکەوێت، بەمەرجێك ئەم کەرتکردن و لێکدانە نەبێتە هۆی

دروستبوونی تەمومژی واتایی و سەر لێتێکدان. بەم جۆرە (بۆنی سوتان) دەبێتە (بۆسۆ) و (بۆنی گەندان) دەبێتە (بۆگەن) و (بۆنی هەڵکڕوزاندن) دەبێتە (بۆکڕوز). ئەم کەرتکردن و (بۆ/ن، هەڵ/کڕوز/اندن، سو/اندن)و دانەپاڵ و(بۆ/کڕوز) و گۆڕانە دەنگیانە (سو/ سۆ) کاتێك ڕوودەدات کە سەر لێتێکدان لە زمانەکە دروست ناکات (بەواتایەکی تر هەر ئەو ڕۆنانە بەواتا دژ بەمەلە زمانەکەدا نەبێت). بێگومان دەبێت ئەوە بزانین کە مەبەست لە (لەیەکدان) لە زماندا تەنیا ئەوە نیە کە ڕۆنانمان بۆ ئاسانتر بکات و تاوەکو ئاسانتر بگوترێت و باشتر بەدەمابێت، بەڵکو مەبەستی هەرە گەورە لە بەکارهێنانیدا ئەوەیە بە هۆی کەرتکردن و لێکدان و گۆڕانەوە، پارچە کەرەسەی خامی ترمان دەست بکەوێت، تاوەکو بۆ کاتی پێویست وشەی تری لێداتاشین بەپێی یاسای زمانەکە. لەو لێکدانانەی سەرەوەدا بۆنمونە، ئەو پارچانەی (مۆرفێمانەی) کە ماونەتەوە وەکو (-ن) یان (اندن) کەڵکێکی گەورەیان لێوەرگیراوە بەوەی یەکەمیان بۆتە نیشانەی چاوگ و دووەمیان بوە بە نیشانە بۆ کاری تێپەر.

ج- زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر لەسەرێکی تریشەوە لە یەکدەچن، هەردووکیان بۆ گەیاندنی مەبەستەکە لە دو شتدا کۆدەبێتەوە: گەیاندنی هەست و پۆلێنکردنی دەوروبەر. کە دەڵێین ئەرکی هەردو زمانەکە (گەیاندنی زانیاری) و (لەیەکگەیشتنە) مەبەستمان ئەوەیە کە هەردووکیان لە (کۆمەڵ)دا بەکاردێن و بە لای کەوە بۆ گەیشتن لێیان پێویستمان بە دو ڕۆڵە: ڕۆڵی قسەکەرو ڕۆڵی گوێگر. زۆربەی کات بۆ بۆ هەریەکێك لەم ڕۆڵانە پێویستسمان بە کەسێك دەبێت، بەڵام هەردو ڕۆڵەکەش هەندێ جار (کاتی قسە لە بەرخۆمانەوە دەکەین) بەیەك کەس دەبینرێت.

لێرەشدا دیسان دەبینین کە هەردوو زمانەکە (زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تر) وەك یەکن و ئەوجیاوازییەی هەیە لەنێوانیدا تەنیا جیاوازیەك لە پلەی تواناییاندا. ئاشکرایە کە زمانی مرۆڤ زۆر بە تواناترە، زۆر چالاکترە لەگەیاندنی هەست و زانیاری دەربارەی دەوروپشتی مرۆڤ. بە پێچەوانەی ئەمەوە، زمانی زیندەوەری تر، لەبەرئەوەی بۆهەرهەلوێستێکی دیاری کراو (بانکیك)یان (هاواریك) تەرخاندەکات و لەبەر ئەوەی ((هەلویست)) و ((بانگەکە)) جیانابنەوە لە یەکتری، (بەواتایی ئەوەی هەردوکیان لە یەك کات رادەبێت ئامادەبن) توانای ئەوەی نییە دەربارەی رابردووی بدوێت یان باسی دوارۆژبکات یان لەبارێکی ناواقیعی (خەیالی) بکۆلێتەوەکە (ئەکەر) و (کاشکی) و ((خۆزگەی)) تێ بکەوێت زمانی زیندەوەری تر تەنیابە ((ئیستا))وە، بە ((رانەبردووەوە)) بەستراو و دەربارەی ئەو شتانەن کاتی ((وتن)) لەدەوروبەردان.



د- هەردووجۆرە زمانەکە، دیسان نەك هەرپشت بەرەمزدەبەستن، بەلکوهەردووکیان نیشانەدەنگیەکان ناکوێرانە و ڕێکوبێك خۆیان دووپات دەکەنەوە لە شریتی وتندابەمەبەستی زانیاری گەیاندن و لە یەکتر گەیشتن.

هـ- یەکێك لە تایبەتییە ناوکۆکانی هەردووجۆرە زمانەکە لەوە دایە کە ڕۆل گۆرینەوەیان تێدەکەوێت، بەواتای ئەوەی ئەو زیندەوەرەی کە دەنگەکان دەردەکات توانای ئەوەشی هەیە دەنگەکان وەربگرێت و شیبیان بکاتە و تێیان بگات. بەم جۆرە ((قسەکەر)) هەمووکاتێك دەتوانێت ببێتە گوێگر بیستەر. بەپێچەوانەشەوە، گوێگر بیستەر دەبێتە ((قسە کەر)).

و- لەهەردوو جۆرە زمانەکەدا بەکارهێنانی رەمزەکان (وتن) دەبێتە هۆی پێشکەوتن ((رەوشتێکی)) دیاریکراو لە گوێگردا، ئەم رەوشتەش دەبێت لەگەڵ مەبەست و نامەی وتنەکەدا بگونجێت. هەرئەم رەوشتەشە بۆمان دەردەخات کە لەیەك گەیشتن لە ئارادا هەیە.

ز- هەردوو جۆر زمانەکە رێگەی دەم / گوێ بەکار دێنن بۆ تێگەیشتن لەیەکتر. بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە لە دو سەرەوە کەڵکی هەیە بۆ زیندەوەر، یەکەم: زیندەوەر پێویستی بە وزەیەکی زۆر کەم دەبێت تاوەکو قەناعەتەکە بخاتە ئیش (لەم رووەوە بەراوردی قسەکردن بکە لەگەڵ راکردن، هەستان، خواردن. . . . . . . . تاد.). دووەم: وتن یان قسەکردن ڕێگە لە چالاکی تر ناگرێت و بەم جۆرە زیندەوەر دەتوانێت لە کاتی راکردن، خواردن یان هەستاندا قسە بکات.

دەبێت ئەوەش بزانین کە رێگەی دەم / گوێ، تاکە قەنات نییە بۆ لەیەکترگەیشتن (سەیرکردن، دەست تێوەدان بەڵکو رێگەی تریش هەیە) و ڕێکەوتیش نییە کە لە زیندەوەردا ئەم ڕێگایە پەسەند کراوە و گەشەی پێدراوە.

ح- هەردوو جۆرە زمانەکە خاوەنی یاسای رستەیی و واتایی تایبەتی خۆیانن.؟ بە واتایەکی تر ڕێز کردن، خستنە پاڵ یەکتری و دانانی رەمزەکان هەر لەخۆوە و بێ یاسا نابن بەڵکو لەسەر رێ و شوێنێکی تایبەتی دەڕوات. هەروەها لە رێی ئەو رەمزانەوە زیندەوەر لە دەورو بەری خۆی دەکۆڵێتەوە.

گ- لەهەردوو جۆرە زمانەکەدا رەمزەکانی وتن پاش ماوەیەك لەدەم دەرچون کۆتاییان دێت و جارێکی تر گوێگر بۆی ناگەرێتەوە دواوە. بەم جۆرە مێشکی قسەکەرو گوێگر ئەرکێکی گەورەی دەکەویتە ئەستۆ ئەویش کۆکردنەوەیە. ئەگەر لەبەر ئەم ئەرکە گەورەییەی مێشك نەبوایە، لەوانەیە مرۆڤ بیری داهێنانی نوسینی نەکردبایەوە.

ی- لەهەردوو جۆرە زمانەکەدا بڵاوبوونەوەی دەنگەکان بەهەمو لایەکدا (ئاڕاستە نەکراوە). بەپێچەوانەوە وەرگرتنی دەنگەکان پێویستی بە ئاڕاستەکردنی گوێ هەیە.

بەواتایەکی تر، بۆ ئەوەی لە مەبەستی وتن بگەین پێویستمان بە گوێگرتنە نەك (بیستن) ئەم تایبەتیەش ڕێگەی دەم و گوێ سەپاندویەتی بەسەر زیندەوەردا.

ك- لە هەردوو جۆرە زمانەکەدا ئەو زانیارییەی ڕەمزەکان دەیگەیەنن هەموی بەیەکجار بەسەریەکەوە ناگەنە گوێ بەڵکو بەرەبەرە دێت. بەم جۆرە گوێگر ماوەی ئەوەندە دەبێت کە مەبەستەکە یان نامەکە شیبکاتەوە، بێگومان ئاگاداری ئەوەین کە شریتی دەنگەکان و ئاوازی وتن لەیەکتر جیانابنەوە و هەردوکیان بەیەکەوە دەکەنە گوێگرو دو ئەرکی جیاواز دەبینن (ئاواز زیاتر شێوەی قیەکردن دەردەبرێت وەکو دودڵی، تەوس، پرسیار، گومان. . . . . . . هتد). بەلاٌم ئەم پێکەوە گەیشتنەیان ئەرکێکی وا قورس نییە بە سەر مێشکەوە کەوا بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو ئەرکەی بۆ نمونە چاو بۆ مێشکی دروست دەکات بەوەی بەوەی وێنەی دەیەها شت لە هەمان کاتدا دەنێرێت بۆ لێکدانەوە.

ل- لەهەردوو جۆرە زمانەکەدا قسەکەر ئاگاداری مەبەستی خۆیەتی دەزانێت چیوتووە و دەتوانێت بەهۆی مێشکەوە دوای قسەی خۆی بکەوێت و بە جۆرێکی گونجاو وتنەکەی تەواو بکات. بەم جۆرە قسەکەر تەواو ئاگادارە و ڕاستەوخۆ هەست بەوە دەکات گوێگر تێدەگات، گوێی لێیەتی، قەناتی گفتوگۆ کراوەیە یان بەپێی ئەم زانیارییە ڕەوشتی خۆی دەگونجێنێت و بۆ کێشەکە دەچێت. بەهۆی ئەم ئاگادارییەوەیە کە قسەکەر دەتوانێت ئاگاداری هەڵەی قسەبێ و هەندێ جار لە ناوەڕاستی وتندا خۆی ڕاستدەکاتەوە (بەیەکجاری. . . . بەیەکجاری خۆم ڕزگار کرد لەدەستی).

دیسانەوە بەهۆی ئەم وریای و چاودێرییەی گوێ و مێشکی قسەکەرەکەوەیە کە ساوا دەتوانێت قسەکانی خۆی لەبەر ئەوانەی دەوروبەر داتاشێت و بەم جۆرە خۆی فێری زمانەکەی یان زمانەکانی دەورو پشتی بکات.

٤-بەم بەراوردەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی زیندەوەری تریش ئەگەر لە پلەی زیندەوەری تریش ئەگەر لە پلەی پێشکەوتوی و چالاکیشدا وەك زمانی مرۆڤ نەبێت هێشتا هەر دەبێت بە زمان دابنرێت چونکە لە بنەڕەتدا وەك یەکن: یەك کەرەس بەکار دێنن، یەك ڕێگە دەگرن، بۆیەك مەبەست هەوڵدەدەن، تەنیا جیاوازیەکە لە وەدایە کە زمانی زیندەوەری تر بۆ ئەوەی بگاتە پلەی زمانی مرۆڤ، چەند تایبەتیەکی تری پێویستە. ئەم تایبەتیانەش ڕاستەوخۆ



پەیوەندیان بە ئەرکی یان کاری زمانەوە هەیە نەك چۆنیەتی هەڵکەوتی بایۆلۆجیانەی مرۆڤ، ئەو تایبەتیانەش ئەمانەن:

١- پەیوەندی نیشانەو واتا لە زمانی مرۆڤدا بەزۆری پەیوەندییەکی لە خۆوەیە و ڕەمزەکانی ڕەمزی لە خۆوەن بە زۆری هەرچەندە ڕەمزی وێنەیش هەندێجار بەکاردێت. (بڕوانە بەشی ٣ -ب).

٢- لە زمانی ئادەمیزدا گۆڕینی فۆرم دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. ئەم گۆڕانانە لە هەموو ئاستێکی زماندا هەیەو هەستی پێدەکرێت: لە ئاستی دەنگدا (فۆنێم) /کار، پەلەپەلە. . . . . . . . . . تاد. لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا: شارە/شارەکە/شارێك / شارەکان. . . . . . . تاد. هەروەها لە ئاستی ڕستەدا.

٣- لە زمانی مرۆڤدا ئەو شریتە دەنگەی لەدەم دەردەچێت دەتوانرێت کەرت بکرێت، بەواتایەکە تر شریتە دەنگەکە بریتییە لە دانەی زمان لەناو دانەی تری زماندا. بەم پێیە، ڕستەی ئالۆز بریتییە لە چەند ڕسستیەکی سادە، ڕستەی سادە بریتییە فرێزی ناو و فرێزی کار، ئەمانەش لە وشە پێکهاتوون، وشەش لە مۆرفێم، مۆرفێمیش لە فۆنێم. . . . . . . . . . . هتد. ئاشکرایە کە دانانەی زمان هەریەکەیان لە ئاستێکدا کاردەکەن و (مۆرفێم لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنێم لە ئاستی فۆنۆلۆجی. . . . هتد). هەریەکەیان (پلە)یەکیان هەیە و ئەو دانانەی پلەیان بەرزترە (ڕستە بۆ نمونە) ناچنە ناوی/یان نابنە بەشێك لەوانەی پلەیان نزمترە (هەرگیز ڕستە نابێتە بەشێك لە فرێز، بەلاٌم بەپێچەوانەوەئەمکە ڕوودەدات بە واتای ئەوەی فرێز دەتوانێت ببێتە بەشێکی ڕستە)

٤- تایبەتیەکی تری زمانی مرۆڤ لەوەدایە، کە ژمارەیەکی زۆر لەدانە پلە بەرزەکانی ئاستێکی دیاریکراوی زمان هەمو کلتێك کەرت دەکرێت و دەگۆڕێتەوە بۆ ژمارەیەکی کەمتر لەدانەی ئاستێکی تری نزمتری لەخۆی. بەم جۆرە ڕۆستەیە بێ سنورەکانی هەرزمانێك وەربگرین.؟ دەبینین پێکهاتووە لە چەند هەزار وشەیەك، ئەم چەند هەزار وشەیەش لە سەدەها مۆرفێم پێکهاتووە، مۆرفێمەکانیش هەمیان لە ژمارەیەکی زۆر کەم فۆنێم پێکهاتوون (بڕوانە بەشی ٣-ا). ئەمانەش لە ژمارەیەك لە (تایبەتی جیاوازکەر) (distinctive featwes) پێکهاتوون کە بە باوەری هەندێ زمانەوانان ژمارەیان لە هەمکو زمانەکانی مرۆڤدا لە (١٢) زیاتر نیە (یاکوبسن ١٩) شایانی باس کە ئەم لەتکردن و گۆڕینەوەیە زۆر تەواوە، بە واتای ئەوەی (لەتەدانە) یان ( )پاشماوە) لە هیچ ئاستێکی زماندا نامێنێتەوە لە دوای گۆڕینەوە،

دەبێت ئەوەش بزانین کە زمانی مرۆڤ بە هۆی (دانە) و (ئاست) (پلەی) دانەکانەوەیە، کە توانیوێتی توانای (لەیەکدان) و (داهێنان) پەیدا بکات. (بڕوانە بەشی٣).

٥- زمانی ئادەمیزاد، بە پێچەوانەی زمانی زیندەوەری ترەوە بەهۆی فێربونەوە لە نەوەیەکەوە دەگاتە نەوەیەکی تر. هیچ بەڵگەیەکی زانیاری لە بەرۆدەستدا نیە بۆمان بسەلمێنێت، کە منداڵ زمانی دایك و باوکی ئاسانتر فێردەبێت. منداڵ کە دێتە دنیاوە ئەو توانایەی لەگەڵدایە کە فێری زمانێك یا چەند زمانێکی مرۆڤ ببێت بێ دیاریکردن.

٦- جگە لەم تایبەتیانە، زمانی مرۆڤ چەند تایبەتمەندیەکی تریشی کەوەکە ئەمانە گرنگ نین/ بەواتای ئەوەی ئەو ەتایبەتیانە بن یا نەبن، زمانێك مەرجەکانی تری تێدابو هەر بە زمانی مرۆڤ دادەنرێت. لەم تایبەتیانە:

١-توانای شێواندن: زمانی مرۆڤ بەپێی ئارەزوی قسەپێکەرانی دەوروبەری پێ دەشێوێنرێت و درۆی پێدەکرێت، ئەم توانایەی زمان راستەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەڵدانای چیرۆك و هەڵبەستدا.

٢-توانای راستی دەربڕین: زمانی مرۆڤ بە گشتی ئەو توانایەی کە راستی پێدەردەبڕێت، هەر زمانێك ئەو توانایەی نەبێت (زانیاری) پێ تۆمار ناکرێت.

٣-توانای (خۆ) دەربڕین: زمانی مرۆڤ رێگە دەدات بە قسیەپێکەرانی کە بە ئارەزوی خۆیان کە لە زمانەکی خۆیان بکۆڵنەوەوە پێی بدوێن. زمانێك ئەو تواناییەی نەبێت، زمانەوانی و فەرهەنگ و فەلسەفەی پێ نانوسرێت.

٤-توانای وەرگێران: زمانی مروڤ توانای ئەوەی هەیە وەربگێڕدریچتە سەر زمانی تر یان زمانی تر وەرگێریتە سەر خۆی.

٥- ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم دوایانەدا دەربارەی زمانەکانی گێتی کراو ە، بە تایبەت لە بارەی هەڵکەوتو جۆری یاساکانیەوە (فۆنۆلۆجی، رستەیی یان واتایی بێت هەندێ تایبەتی تری زمانی مرۆڤی خستۆتە رو. زمانی مرۆڤ بە گشتی لە سەر چەند بنەمایەك کاردەکات.

أ-بنەمای ئەرك سوککردن: بەپێی ئەمك بنەمایە زمانی ئادەمیزاد بە گشتی هەوڵدەدات لە ئەرکی قسە پێکەرانی کەم بکاتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەو فۆرمانەی زۆر بەکاردێن (١) کەمن لە ژمارەدا(٢) کورتن و (ژمارەی بڕگەیان کەمە) (٣) فرە واتان. یەکەم کەس کە یەکەم بنەمای دەستنیشان کرد لە زمانی مرۆڤدا، ك. زیپف بوو. وشەکانی زمانی مرۆڤ بە بروای زیپف وەکو ئەو ئامێرانەن کە مرۆڤ بەکارین دێنێت، ئەو ئامێرانەی کە زۆر بە کاردێن



دەبێت سوك بن، لەبەردەستا بن و بە کەڵکی زۆر ئیش بێن. بۆ سەلماندنی ئەم بنەمایەی زمان، زیپف بە درێژی بەراوردی ئەرکی چەند وشەیەکگی بڵاوی چەند زمانێك دەکات و بەدوایدا دەگاتە ئەم ئەنجامە(بڕوانە- زیپف-١٩٤٩)

ب- بنەمای هەڵبژاردن: لەهەمو ئاستێکی زماندا، هەر زمانێك بگرین دەبینین لە ناو ئەو یاسانەی کە لەزمانی مرۆڤدا بڵاون و بەکاردێن، تەنیا چەند یاسایەکی دیاریکراوی بۆخۆی هەڵبژاردوە و هەندێك لەم دیاردانەش لەڕوی ژمارەوە زیاترن لە زمانی مرۆڤدا لە دیاردەی تر. بەم پێیە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا دەبینن کە جیاوازی دەنگداری و کپی زۆر بڵاوی لە زماندا لە جیاوازی لێوخرکردن و لێو- پیانکردنەوە. هەروەها لەو ئاستی رستەسازیشدا دەبینین هەر زمانە کۆمەڵە یاسایەك هەڵدەبژێرێت. بۆ نمونەش لە زۆربەی زمانەکانی گێتیدا فرێزی ناوی بریتیە لە ناو لەگەڵ ئاوەڵناودا (ناو+ئاوەڵناو) نەك (ئاوەڵناو + ناو)

دەبێت لێرەدا پەنجە بۆ راستیەکی تر رابکێشین لەم هەڵبژاردنەدا، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ یاسا لە پێشترە لە هەندێ یاسای تر. بۆ نمونە ئەو زمانانەی کە بزوێنەکانیان بەپێی بەرزونزمی دابەش دەکەن لەوانەشە بەپێی خڕۆی و ناخڕی لێویش دابەشی بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە نابێت. بە واتایەکی تر زمان، بزوێنەکانی هەر بەپێی خڕی و ناخڕی دابەش بکات بەڵام زمان زۆرە کە بەپێی بەرزو نزمی پۆلێنیان دەکات (کوردی). لە ئاستی یاساشدا لە پێشتری هەندێ یاسا ئاشکرایە. بۆ نمونە تەنیا لە دوای جیاکردنەوەی رنگە بنەرەتیەکان، زمان فۆرم دادەنێت بۆ رەنگە نابنەڕەتیەکان. بەم پێیە (سور) پێشترە لە (پەی) جگەری.........)

ج- بنەمای جەمسەر گرتن (الاستقطاب): یەکێك لەو تایبەتیە ناوکۆیانەی کە لەزمانی مرۆڤدا هەیە ئەوەیە کە هەموویان لەو دو جەمسەرەی کە لە ئارادایە (جەمسەری ئیجابی و سابی یان نەفی و میبت) زیاتر جەمسەری یەکەم پەسەند دەکەن. ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێت کە:

١- جەسەری دەوم نەك یەکەم لە هەمو زمانێکدا نیشانەی بۆ دانراوە (خۆش/ناخۆش، دەرۆم / نارۆم، دەوڵەمەندە/ دەوڵەمەندن، . . . . . . . . هتد)

٢- جەمسەری یەکەم لە پێشترە لەفێربون و ریزکردندا، زۆر لێکۆڵینەوە دەری خستوە کە منداڵ لە پێشەوە فێری وشە ئیجابیەکان دەبێت ئینجا وشە دژ واتاکانیان، دیسانەوە لە وتنیشدا دەبینین کە وشە ئیجابیەکان پێش دەکون، بە تایبەتی کە داوای وەشەی دژواتا لە خەڵك دەکەین.

٦- به لێکۆڵینەوەکانی سەرە وەدا بۆومان دەردەکەوێت کگە ئـەو جیاوازییـەی لـە نێـوان زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری تردا هەیە، جیاوازیە لە پلەدا هە رگیز ناگاتە ئەو رادەیە هەر دو جۆر زمانەکە تەواو لە یەك بکات یان لەیـەك بترازێـنیٚ و وامـان لێبکـات دوای بۆسـچونە هەڵەکەی زمانەوانە سلوکیە ئەمەریکیەکان بکـەوین و گـویٚ نەدەینـە ئـەو هـەموو تایبەتیـە ناوکۆیانە و هەردو جۆرە زمانەکە بە دوو دیاردەی تەواو تەواو جیا لە یەکتر دابنێین.

بۆ ئەوەی چاکتر لەوە بگەین کە لە نێوان زمانی مـرۆڤ و قیـژەو بـانگی زۆینـدەوەری تـردا هەب\=یە  پێویستمان بەوە هەیە کە زمان بەگشتی وەك پەیژەیەکی چـەندەها پلـەیی تەماشـا بکەین، بەرزترین  پلەی پەیژەکە داۆبنێین بۆ زمـانی مـرۆڤ لەبەرئـەوەی باشـترین و چـالاکترین جۆری زمانە، پلەی دوای ئەم دابنێن بۆ زمانی دۆلفین، چونکە تەواو نزیك دەبێتەوە  لە زمـانی مرۆڤ و تایبـەتی ناکۆکیمـان هێنـدە زۆرە کـە بـەهۆی ئـامێری فۆکـۆدەرەوە، کـە تـەرەدودی شەبەنگەی قسەی دۆلفین دەگۆڕێت بۆ تەرەدودی قسەی مرۆڤ، مرۆڤ دەتوانێت لەسەر  زەویـەوە قسە لەگەڵ دۆلفینێکدا بکات کە لەژێر ئاودا بێت. هەر یەکەیان تەرەدودی خۆیـان بـەکاردێن، ئامێرەکە تەرەدودی هەریەکەیان دەگۆڕێتە سەر ئەوی تریان، بەم جۆرە بەسـەر کۆسـپی هـەواو ئاودا زاڵ دەبێت و مرۆڤ و دۆلفین دەتوانن لە یەکتری بگەن (خۆن لیلی ١٩٨٠). بەدوای زمانی دۆلفیندا، نزیکترین بانگ و قیژە بۆ زمانی مرۆڤ سـەمای هەنگـە چـونکە چـەند تایبەتیـەکی گرنگی تێدا دەبینرێت وەکو بەکارهێنانی رەمزی لە خۆوەوە، بوونی دەنگویاسایەکی رێزمانی، توانای لەیەکدان و دروستکردنی رەمزی نـویٚ، رۆڵ گۆڕینـەوە و توانـای گوێزانـەوەی کـات و شوێنی قسەیان، دووان  لە رابوردوو نەهاتووە. بەم جـۆرە دەتـوانین پلـەکانی تـری پەیژەکـەش تەرخان بکەین  بۆ زمانی زیندەوەرەکانی تر بەپێی نزیکی ودووریان لە زمانی مرۆڤەوە تـاوەکو وێنەیەکی راستی پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ و زمانی زیندەوەری ترمان دەست کەوێت.

# سەرچاوەکان

1 -Noel minis: (1971) Liny uistics at laevy, pp. 161-190.

2 -Bouchev, T., Osgood: 1969 the pollyana hypoth-esis.

3 -pvemack, D: 19. Lanyuaye in chimmpanzea, science 172 pp.808-822.

4 -Brown, Ro, w: 1973 A Fivst Lanyauye

6 -osyood, chaveles, E. 1996: lectwev on Lanyauye pevtovmance, pp. 1-17.

* ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگۆڤاری کاروان ژمارە (٥)ی ١٩٨٣ بڵاوکراوەتەوە.

# شێوازی ئاخاوتن لە ناو ئافرەتانی سلێمانیدا

## ١- سەرەتا:

شێوازیی لەو زاراوانەیە، لەبەر زۆری بەکارهێنان سواوە. لەبەرئەوەی زاراوەکە لە زمانەوانیدا بە زۆر واتای جیاجیا بەکارهاتووە و لە ئەدەبیشدا هەر زۆر لە مێژەوە شوێنێکی تایبەتی هەیە، شتێکی زۆر ئاساییە کە لە تەمومژدا بێت و گەردی مێژوی لێنیشتبێ و لە لێکۆڵینەوەیەکی وادا پێویستی بە روونکردنەوە و سنور دیاریکردنبێت.

لە رەخنەی ئەدەبیدا شێواز بەو بەرگە رازاوەیە دەگوترێت کە بەبەر بیردا دەکرێت[١]

لە زمانەوانیشدا، هەندێ جار وەك دەرچوون یان لادان لە رێگای دەربڕینی ئاسایی[٢] و هەندێ جاریش وەك هەڵبژاردن لە نێوان چەند دەربڕینێکی هاوشاندا سەیرکراوە.[٣] مەبەست لە

---

١- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم شێوازە بڕوانە:

Enkvist N. E, etal 1965 linguistics and style, London, oup, p. 12

زۆر نوسەر (Stendha) شێواز بەو بەرگە دادەنێن کە دەکرێتە بەر کارێك و جوانی پێدەبەخشێ. مەترسی و کورتەی باوەڕی لەوەدایە کە تەنیا ئەو کارانەی بە جوان دادەنرێن بە خاوەن شێواز دەناسرێن. بە پێچەوانەشەوەی بەپێی ئەم بیرەییە کار زۆرە کە شێوازیان نییە.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆ نمونە، ئی ڤیلاندەر لەو باوەڕەدایە کە شێواز بریتیە لە شێوەی پێشکەشکردنی باسێك لە ئاسایی نەچێت و جۆری بابەتەکەو مەبەست و کەسێتی نوسەرەکە بچەسپێنێ. کێشەی ئەم جۆرە پنانسانەی شێواز لەوەدایە کە (ئاسایی) و(لادان) بە ئاسانی لە زماندا دیاری ناکرێن.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بە رای پەسەندکەرانی ئەم جۆرە پێناسەیەی شێوازییە شێواز بریتیە لە هەڵبژاردنی رێگایەکی تایبەتی لە نێوان چەند رێگایەکی دەربریندا کە هەمویان بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست بە کاردێن. بەم پێیە کێشەی شێواز دێتە کایەوە دەمانەوێ بریاربدەین لەبەرچی نوسەرێك لە نێوان چەند وشەیەکی هاوواتا یان نزیك لە یەکتری یەکێکیانی هەڵبژاردوەو ئەوانیتر بە کارنەهێناوە.



شێواز لەم لێکۆڵینەوەیدا ئەو کۆمەڵە تەکنیکەیە کە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێك لە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێکی تر جیادەکاتەوە.

یەکێك لە بیرە سەرەکیەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی سەر بە کۆمەڵێکی تایبەتن وا چاوەڕواندەکرێن وەك ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە رەفتار بکەن و شێوازی ئاخاوتنی ئەوان بەکاربێنن. لە بەرئەوەی شێواز بە پێی باری گوتن و بابەتی گوتن و نێوانی گوتن و پلەو پایەی هاوبەشەکانی قسە و تەمەن و جنسیان دەگۆڕێ[١] ئاساییە کە ئافرەت بە شێوازی تایبەتی خۆی قسە بکات، بە واتای ئەوەی چەند تەکنیکێکی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێ لە ئاخاوتندا کە رەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی خۆی بێ و پەیوەندی بە کەسێتی خۆیەوە هەبێت. بەڵگەنەویستە کە ئەندامانی کۆمەڵەکە خۆیان (بۆ نموونە: ئافرەتان) مەرج نییە لەناو خۆیاندا هەست بەوە بکەن کە کۆمەڵەکانی تری کۆمەڵ جیاوازن یان شێوازێکی ئاخاوتنی جودایان هەیە. بە زۆری ئەوەی لە دەرەوەی کۆمەڵەکەنییە واتا ئەندامانی کۆمەڵانی تر بۆ نموونە پیاوان، هەست بەم جیاوازییە ئەم کۆمەڵە دەکەن لە هەڵسوکەوت و رەفتار و شێوازی گوتندا هەر لەبەر ئەمەیە کە زیاتر پیاوان هەست بەوە دەکەن کە ئافرەتان کە شێوازێکی ئاخاوتنی جیاوازیان هەیە لەبەر ئەوەی شێوازی ئاخاوتن دەبێتە بەشێك لە خوو لە مرۆڤدا، ئافرەت هەست بەوە ناکات کە شێوازێکی جیا لە بەرامبەر پیاودا بەکاردێنێ تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە ئافرەتەکەی بەرانبەری شێوازێکی نامۆ یان نا ئاسایی بەکاردینێت، بەواتایەکی تر تەنیا لەو کاتانەدا هەست بەو شێوازە تایبەتیەکەی خۆیان دەکەن کە یەکێکیان لێی دەردەچێت.

کەواتە مەبەست لە شێوازی شاخاوتنی ئافرەتانی سلێمانی ئەو شێوازە کۆمەڵایەتیە کوردییە کە لە ئافرەتانی ناوچەکە چاوەڕواندەکرێت بەکاریبێنن. ئەم شێوازەش برتییە لە چەند تایبەتیەك کە ئافرەتان لەم کەڵچەرەدا لە گوتندا پەیڕەوی دەکەن وگرنگە لایان لێی لانەدەن و لەسەری بڕۆن چونکە مۆری تایبەتی خۆیانی پێوەیە و لادان و دەرچون لێی پشتکردنە لە کۆمەڵەکەیان و تێکدانی یەکێتی کۆمەڵەکەیانە و بگرە هەڵگەڕانەوەیەکە کە ئەندامانی تری کۆمەڵەکە بە توندی بەرهەڵستی دەکەن و بەرەنگاری دەوەستن یان بە لای کەمەوە بە دڵیان نابێت و دەیدەنە بەر تانە و توانج و پلار.

---

١- بڕوانە:

Wilkinson ،A ،The Foundation of Language ،1970 ،London ،oup ،p. 17-23

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا لە شێوازی قسەکردنی ئافرەتانی سلێمانی دەکۆڵینەوە. هەرچەندە شێوازی نووسینی ئافرەتانی سلێمانی وا چاوەڕواندەکرێ جیاواز بێت لە شێوازی نوسینی پیاوانی ناوچەکە.[1] (هەر لەبەر ئەوەی هەرلایەکیان سەر بە کۆمەلێکی جیاوازن) لێرەدا گرنگیمان نەداوە بە شێوازی نوسین لەبەر دوو هۆی تایبەتی:

یەکەم: (شێوازی نوسین دەتوانرێ بە ئارەزوی نوسەر ئاراستە بکرێت)، بە واتایەکی ترییە نوسەر دەتوانێ بەسەریدا بچێتەوەو بیگۆڕێت چاکی بکات و رێکیبخات و بە ئارەزوی دڵی خۆی هەڵیسوڕێنێ.

هەرچی گوتنەییە بە پێچەوانەوەییە چاك ناکرێت و رێکناخرێ و تا رادەیەکیش بە ویست و ئیرادەی قسەکەر هەڵناسوڕێ، چونکە ئەوەی دەگوترێ هەڵناگیرێتەوەو ناگەرێنرێتەوە دواوەو قسەکەر ناتوانێت بەسەریدا بچێتەوە.

جا ئەگەر وەك لێکۆڵینەوەکانی (لابۆڤ) دەریخستوە،[2] ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی لە پیاوان گوێڕایەڵتربن بۆ یاساو حەز بەسەرکەشی و دەرچون لە یاسا نەکەن. ئەوا نوسین لەبەرئەوەی زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندایەو مەودای پێداچونەوەی تێدایە، کەمتر ئافرەت دەردەخات. بە واتایەکی تر بە هۆی گوتنەوە دەتوانین راستەوخۆ لە راستی ئافرەتان و هەستی بەرانبەر خۆیان و کۆمەڵەکەیان بگەین. هەرچی نوسینە مەرج نیە راستی ئافرەتمان بۆ دەربخات، چونکە زۆر ئافرەت هەن حەزدەکەن وەك پیاو بنوسن و، هەندێ جاریش زۆریان پێخۆشە کە نوسینەکەیان لە هی پیاو جیانەکرێتەوە لەبەر ئەمە لەوانەیە بە ئارەزوی خۆیان لاسایی شێوازی پیاوان بکەنەوە.

دووەم: ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئافرەتانی سلێمانی دەنوسن، ئەمانەش بەرهەمیان هێندە کەمە کەرەسەیەکی ئەوتۆمان ناداتێ کە بتوانین یاسای گشتی لێدەربکەین بەسەر نوسینی ئافرەتانی سلێمانیدا بە گشتی بیان سەپێنین و دڵنیابین لە دروستی کارەکە، بەتایبەتی چونکە،

---

١- بڕوانە:
Hait ‹m. p. The Sexology of style and language and style vl. Ix ‹no. 2 ‹spring 1976 pp. 17-23.

٢- بڕوانە: Labov, w. 1969, the logic of non-standard English, in language and socil context, Gi Goili(ed) London, penguin, pp179-218



تەنانەت ئەم بەرهەمە کەمەشیان لە یەك بابەت نیە (هەندێکی شیعرە، هەندێکی چیرۆکی کورت و کەرەسەی وەرگێراوە) تابۆ لێکۆڵینەوەمان بشێت.

## ٢- کۆمەڵەی ئافرەتان و پێویستی بە شێوازی تایبەتی:

پێش ئەوەی بێینە سەر دیاریکردنی شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتانی سلێمانی دەبێ بیسەلمێنین کە ئافرەت کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بەوە دەبێ لە روانگەیەکی مێژوییەوە لە پەیوەندی نێوان ئافرەتان و پیاوانەوە بکۆڵینەوە لە سەرەتای پەیدابونیانەوە.

ئەگەر ئافرەت کۆمەڵێکی جیاواز پێك نەهێنێ و لە بارێکی جیاوازدا نەژی و هیواو ئامانجی جیاوازی نەبێ، ئەوا پێویست ناکات شێواز لە پیاو جیاکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئافرەتان لە ژمارەدا نیوەی مرۆڤ پێك دێنن، لەوەتەی مرۆڤ لەم سەر زەمینە سەریهەڵداوە، ئافرەت هەر لە دوای پیاوەوە بوەو هەر شوێنی دووەمی دراوەتێ. ئەم راستیەش وەنەبێ هەر لەبەر هەڵکەوتووی ئافرەت خۆیەوەوە بووبێ، بەڵکو لەبەرئەوەبووە کە پەروەردە کۆمەڵایەتیەکەش کە دیسان هەر لە ژێر دەسەڵاتی پیاودابوەو هەر بەرەو ئەم شوێن و پلەیەیەی بردووە.

ئەم گێتییە هەمیشە هەر پیاو خاوەنی بووە. بەڵگەشی ناوێ کە بیسەلمێنین کە گێتی هەروا بە ئاسانی دەست پیاو نەکەوتوە بەڵکو لە دوای سەرکەوتن بە سەر دەیان کۆسپ و تەگەرەدا کە یەکێکیان ئافرەت بووە پیاو توانیویەتی بە سەر سروشتدا زاڵ ببێ ودەست بەسەر زەویدا بگری.

لە چەرخی بەردیندا کە زەوی هەموو کەسێ خاوەنی بوو، کە چەکی دەستی مرۆڤ زۆر سادە بوو، هەردوو کۆمەڵەکە نێرو مێ یەکسان بوون. کە پیاو خەریکی راو بوو ژن لەماڵەوە دەمایەوە، بەڵام ئەویش خاوەنی بەرهەمی خۆی بوو، شتی دەچنی و شتی لە قوڕ دروستدەکرد و بەرەنجی ژیانی خۆی دەژیا، لەبەرئەمە لەگەڵ پیاو یەکسان بوو.

لەگەڵ دۆزینەوەی ئاسن و مس و برۆنزدا، لەگەڵ دروست بوونی گاسن و بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵدا، کە هێزی شان و بازوو گرنگیەکی تایبەتی وەرگرت، کار جارێکی تر دابەشکرایەوەو ئیشی ماڵ بەر ژن کەوت. بۆ یەکەمجار لە مێژودا، ئافرەت هەندێ لە دەستکەوتەکانی پێش خۆی لە دەست چوو دوای پیاو کەوت لە پلەو پایەدا. لە قۆناغی کشتوکاڵدا دەسەڵاتی پیاو زیاتر چەسپا. ئافرەت لەم قۆناغەدا ناچاربوو لە روی ئابوری و تەنانەت بۆ مانەوەشی لەسەر زەوی زیاتر پشت بە

پیاو ببەستێ چونکە کۆتی منداڵ بوون و سك پڕ بوون منداڵ بەخێو کردن زیاتر لە ماڵدا بەستیەوە بە تایبەتی لەبەرئەوەی کە سروشت وەك شیردەرەکانی تر زۆربونی کاتیشی پێ نەبەخشیوەو منداڵ بە دوای منداڵدا هاتون. پیاو لەم قۆناغەدا لەو پەڕی دەسەڵات بووە. نەك هەر توانیویەتی خۆی بپارێزێ و بژێنێ بەڵکو کۆمەڵی ئافرەتیشی پاراستوە و ژیاندونی پیاو هەر تەنیا دەوری هەنگی نێری نەبوە بەڵکو، بە پێچەوانەی هەموو گیاندارانەوە، داهێنەریش بووە. هەر ئەو گورزەی کە گیانەوەری دڕندەی پێ لەخۆ دورخستۆتەوە و میوەی پێداگرتووە، بۆتە ئامێرێك لە دەستیدا بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سروشت و دەوروبەریدا. بەم جۆرە لادەبینین کە باری ئابوری و بایۆلۆجی مرۆڤی سادە بوو بەهۆی دروست بوون و کۆبونەوەی دەسەڵات بەدەست پیاوەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا باری ئافرەت هەرباشبوو چونکە هێشتا یاسا نەبوو کە کۆت وزنجیریان بکات وهیچ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیش نەبو کە جیایان بکاتەوە لە پیاو.[1]

کاتێ مرۆڤ گەیشتە قۆناغی کشتوکاڵی بەربڵاو، ڕێکخراوو یاسا کەوتنە کۆتکردنی ئافرەت پیاو دەستی بەسەر زەوی و زاردا کێشا، دەستی بەسەر منداڵ و ئافرەتیشدا کێشا. لەبەرئەوەی ئافرەت بەهۆی مێردەوە لە دایك و باوکی خۆی جیادەبووە.

منداڵەکانیشی هەربۆ مێردەکەی دەبوو، منداڵ نە بۆ دایکی دەبو نە بەناوی دایکییەوە بانگدەکران، مێرد وایلێهات وەك هەر کەلوپەلێکی تر تەماشای ئافرەت بکات.

لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا باری ئافرەت هەروا مایەوە. هەر لووت شکاو و بێبەشبوون، وەك مشەخۆر تەماشا دەکران. داستان و چیرۆکی ئەو سەردەمە ئافرەتیان بە تەمەڵ و بێ هێزو داوێن پیس دادەنا. هەرچەندە لە قۆناغی وریابوونەوەدا ئافرەتانی چینە سەرمایەدارەکان کەمێك حاڵیان باشتربوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی روکاری پیاو بەرامبەر ئافرەت هەروەك خۆی بوو. ئەوەتە لە سەدەی هەژدەیەمیندا روناکبیرێکی وەوك ڕۆسۆ هەستی خۆی بەرامبەر ئافرەت بەم جۆرە دەردەبڕێ (ئافرەت دەبێ لەپیاو خوێندەواری کەمتر بێ، ئافرەت دەبێ وادروست بێکە پیاو بەسەریدا زاڵ بێ، دەبێ بەرگەی ستەمی پیاو بگرێت)[2].

تەنیا لە دوای شۆڕشی پیشەسازی ئافرەت توانی کەمێك لەوو مافانەی لەسەرەتای ژیانیەوە داوارانبوونی بیگێرێتەوە دەست خۆی. داهێنانی مەکینەوبەکارهێنانی لە بەرهەمدا بە

١- بڕوانە:

Simme de Beauvoir ‹The Second sex ‹1976 ‹London ‹penguin ‹pp. 93-139

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٩



شێوەکی بەربڵاو، لە لایەکەوە جیاوازی نێوان پیاوو ئافرەتی لە هێزی شان وبازوودا لابرد و لە لایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی پیاو خۆی بەتەنیا کەرەکەی پیبەرێوە نەدەبرا، ناچربوو جارێکی تر ئافرەت بهێنێتەوە کۆری بەرهەمهێنان.

بەم جۆرە شۆڕشی پیشەسازی دەزگای گێتیەکی نوێی بۆ ئافرەت خستە سەر پشت بووە سەرەتایەك بۆ ژیانێکی نوێو رزگاربونیان لە ستەمی پیاو.

ئەم چاوپێداخشاندنە خێرایە بەسەر مێژوی پەیوەندی ئافرەت و پیاودا لە سەرەتای پەیدابونیانەوە تا ئەمڕۆ چەند راسستیەکی سەرەکیمان بۆ دەخاتە روو، کە راستەوخۆ پەیوەندی بە دروستبونی شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتەوە هەیە:

١- هەموو مێژوی ئافرەت و کێشەی ئافرەت لە داهێنای پیاوە. پیاو هەر لەسەرەتای پەیدا بوونیەوە بە زۆری لە بەر زۆری بەهێزی شان و بازوی خاوەنی زەوی و کۆمەڵ بووە، خۆی ئایین و بەهاو رەوشت پێوانەی کۆمەڵایەتی داهێناوە.

ئافرەت بە شێوەیەك هەرگیز دژی ئەم ئیمپراتۆریەتەی پیاو نەوەستاوە، ئەگەر ناو بەناویش نارەزایی خۆی بەرانبەر ترش و تاڵی بەشی خۆی دەربڕیبێ بۆ ئەم مەبەستەش خۆی گەیاندبێتە سەر شەقامەکان و دروشمی تایبەتی خۆی دەبەزاندبێ، ئەم لنارەزایە نەیگەیاندۆتە ئامانجی خۆی بەڵکو هەرپیاو بڕیاری لەسەر بەشی ئافرەت داوەو ئەگەر جاربەجاریش بەپێی بەرژەوەندی و پێویستی یان لەترسی خۆی کۆتێکیشی بۆ شکاندبێ یان لە ستەمێك رزگار کردبێ، هەر خۆی رزگار کردوە. ئافرەت هەر لە سەرەتای مێژوەوە تا ئەمرۆ کۆمەڵێکی کۆمەلایەتی سەربەخۆی پێکهێناوە کە لە پیاو جیاوازبووە. لەبەرئەوە وا چاوەڕواندەکرێ کە هەڵسوکەوتی تایبەتیشی هەبێت و خاوەنی شێوازێکی تایبەتیش بێت لە قسەکردندا، کە رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵەکەی خۆیان بێت.

٢- هەرچەندە هۆکاری وانیە کە زمانی ئافرەت و پیاو یان نێرو مێ یان کاربەدەست و بێدەسەڵاتان بە شێوەیەکی سروشتی و هەمیشەیی لە یەکتری جیا بکاتەوە یان وتەواو بیان ترازێنێ[1]. ئافرەت لەبەرئەوەی خزێنراوەتە ماڵەوە و بەزۆری کاری ماڵی پێسپێردراوە و لە بەر

١- بڕوانە:

Elgin Review of kramarae, s Women and men speaking in anguage v. 58. no 4, December 1982 pp. 940-943 .

لێرەدا باوەڕی ئێمە پیچەوانەی باوەڕی هەندێ زمانەوانە کە ئافرەت بە کۆمەڵێکی دەمکوتکراو دادەنێن و لایان وایە ئەو شێوازەی ئافرەت پێیدەدوێن شێوازێکە پڕە لەکەم و کورتی لەبەر ئەوەی لە داهێنانی پیاوەو

ئەوەی پیاو بە دەسەڵاتترە و تەنانەت بڕیار و پێوانەکانی ئەم کوەنارەشی هەر پیاو دایان دەنێ، ئافرەت پێویستی بە شێوازێکی تایبەتە لە قسەکردندا تابتوانێ لەگەل پیاودا رێکبکەوێت. بە واتایەکی تر، ئافرەت دەبێ نەخشەی خۆی هەبێ لە قسەکردندا یان تەکنیکی تایبەتی خۆی هەبێ لەو چوارچێوە تەسکەی کە تێیدا دەژی. هەرئەم پیلانە تایبەتیەی ئافرەتە یان ئەم سیتراتیجیەتەی قسەیە کە وایلێکردوین باوەڕمان هەبێت کە ئافرەت لە قسەکردندا شێوازێکی تایبەتی هەیە.

ئەو تەکنیکە قسەییانەی کە ئافرەت بۆ خۆی دادەنێت و بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی تایبەتی خۆی نەك هەرباری مێژوویی و پەیوەندی لەگەل پیاودا دروست کردووە بەڵکو ژیانی رۆژانەی ئەمرۆو پەروەردەی ماڵەوە و قوتابخانە و دەرگاکانی راگەیاندن گەشەی پێدەدەن تێیدا و زیاتری تژی دەکەنەوە کە فێری ئەم نەخشە قسییانە بێت و پەیڕەویان بکات.

١- تەکنیکی قسەیی ئافرەتان یان ئەو نەخشانەی ئافرەت لە قسەکانیاندا بەکاری دێنن بۆ ئەوەیە، کە بگەنە مەبەستەکانی خۆیان، ئەم مەبەستانەش بریتین لە چەند تایبەتمەندیەك کە پەیوەندیان لەگەڵ پیاودا تیایاندا دروستی کردون و بوون بە بەشێك لە کەسێتی ئافرەت.

هەموو ئەو کەرەسانەی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەمان کۆمان کردونەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە ئافرەت لە ئاخاوتندا بەکاریدێنن، بە واتایەکی تر کە ئافرەت نەخشە بۆ قسەکردن دەکێشێ دەیەوێ یەکێك لەم مەبەستانەی خوارەوە بێنێتە دی:

ا- بنەمای بە زەق دەرنەبڕین:

ئافرەت لە قسەکردندا هەرگیز نایەوێ خۆی بەزەقی دەربڕێ. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو بارە کۆمەلایەتیەی کە تێیدا دەژی و پێچەوانەشە لەگەڵ رادەی سەربەستی و باوەڕ بە خۆکردنیدا. بەواتای ئەوەی کە تا سەربەستی زیاتر بێت و باوەڕی بە خۆی زیاتربێت کەمتر (نازەقی) لە شێوازی ئاخاوتنی بە دیدەکرێ و بە پێچەوانەشەوە.

ب- لە قسەکردندا ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی دەیەوێ بیرەکانی بە ناسکی دەربڕێ و ئەگەر بە زاریش بێت نایەوێت وشەکانی خەڵکی تر راستەوخۆ بریندار بکات.

---

ئەوان بۆ خۆیان دروستکردوە. ئەم زمانەوانانە، دیسان باوەڕیان بە (نیسبەت) هەیە لە کەڵچردا، بە واتای ئەوەی کە زمان تەواو دەکەوێتە ژێر کاری کەڵچەرەوە. بەلای ئێمەوە ئەمانە بە نارەوا (باری ئافرەت وا بەم خراپیە دەبینین و دروست نیە بڵێین لەبەرئەوەی ئافرەت (ژێر دەستەیە) بە چاوێکی ترەوە لە دنیا دەگەن و هەستیان بەرانبەر بەو جیاوازە لەبەر ئەمە پێویستیان بە شێوازێی نوێیە کە لەگەڵ ئاواتیاندا بگونجێت.



لەبەرئەوە دەبینین لەو کاتانەشدا کە بەڕاستی دەیەوێ پلار و توانج و تانەش بهاوێ وشەکان سەرزاری بێگوناه و ناسکن.

ئەگەر بە وردیەکی تەواو لەم دوو مەبەستەش وردبینەوە دەبینین، کە هەموویان بۆ هێنانەدی ئامانجێکی گەورەترە، کە بەشێکی زۆر گرنگە لە کەسیەتی ئافرەتدا لەم کەڵچەرەی ئێمەدا و مێژووی بەسەرهاتی لە سەر ئەم زەمینە و پەیوەندی لە گەڵ پیاودا تێدا دروستکردووە و قوڵی کردۆتەوە و ژیانی رۆژانەشی زیاتر لە ناخیدا دەیچەسپێنێ، ئەم مەبەستە گەورەیەش ئەوەی کە ئافرەت لە بەرئەوەی لەو شوێنە ناسکەی کە هەیەتی ناتوانێ خۆی بەرامبەر پیاو لێپرسراو بکات، دەیەوێ تادەتوانێ لە بۆڵەی پیاو بەدوور بێت. هەر لە بەرئەمەش کە لە کۆمەڵی ئێمەدا ئافرەت، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەربەخۆیی ئابووریان نییە کەم و زۆر خۆیان لە بڕیاری گرنگ دووردەخەنەوە و هەمووی بۆ پیاو بەجێدێڵن، چونکە ئەگەر لە بڕیارەکە بەشدارنەبن ئەوا لێپرسراویش نابن لە بەرامبەریدا، بێگومان ئەم خۆ دوور خستنەوەیە لە بڕیاردان یان ئەم دوورەپەرێزیە شتێکی زۆر ئاساییە لە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتدا رەنگی دابێتەوە.

بە رای ئێمە، ئەم دوو بنەمایەی سەرەوە کە ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی لە ئاخاوتندا پەیڕەویان دەکات بۆ ئەوەیە کە (گۆتاوی) زیاتر نەخاتە ئەستۆی خۆی.

٢- بێگومان دەبێ بزانین ئەم نەخشەو پیلانە قسەییانەی کە دەگوترێ ئافرەت لە قسەکردنیدا بە کاری دێنێ و کەڵکی لێوەردەگرێ وە نەبێ بە ئاگاداری خۆی بێت یان زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم (نەخشەکێشانە) بەشێك، لە رەوشتی رۆژانەی ئافرەت یان خوویەك کە خۆنەکردە و هەروەك لەمە و پێش گوتمان مێژووی ژیانی و بەسەر هاتی لەسەر زەوی و ستەمی پیاو تێیدا پەیدا کردوەو کەم و زۆر لە ئافرەتی هەمو گێتیدا هەیەو راستەوانەشە لەگەڵ رادەی سەربەستی و مافی ئافرەتدا.

بە واتای ئەوەی تا ئافرەت سەربەستی زیاتر بێ و مافی بڕیاردانی زۆرتر بێت لە کۆمەڵگەیەکدا، کەمتر پێویستی بەم نەخشەدانانە بێ ئاگاییانە دەبێ و زۆرتر شێوازی قسەکردنی بە تایبەتی لە ئاستی رستەسازی و پڕاگماتیکدا لە شێوازی پیاو نزیك دەبێتەوە.

## ٣- تایبەتیەکانی شێوازی ئافرەتی سلێمانی:

### ا- تایبەتی فەرهەنگی یان لێکسیکی:

فەرهەنگی ئافرەت لە هەندێ بابەتدا تەواو دەوڵەمەند و تێرە لە لایەنی تەرەوە لاوازو بێپیتە. ئەم دەوڵەمەندیەو بێ پیتیەش یان دابەشبوونە نا یەکسانە، رەنگدانەوەی ئەو رۆڵەیە، کە ئافرەت لە کەلچەری ئێمەدا دەیبینێ و پەیوەندیەکی پتەوی بەو ئەرکەوە هەیە کە کۆمەڵەکەمان بە ئافرەتی سپاردووە.

بۆ نموونە، ئافرەتی سلێمانی وا چاوەڕوان دەکرێ کە فەرهەنگی ماڵداری (چێشتلێنان، جل برین و دورین، منداڵبوون، ژن هێنان، میوانداری، نەخۆشی منداڵ، دوعا، سوێند، جنێو، تانە، پلار و. . . . هتد) زۆر بە پیت و تێر بێت. بە پێچەوانەی پیاویشەوە، وا لە ئافرەتی سلێمانی رادەبینرێ کە فەرهەنگەکەی زۆر لاوازو پەرپوت بێت. کە دێیتە سەر هەندێ باس کە پیاو شارەزایی تێیدا زیاترە وەك بازرگانی فیتەری بە هەموو جۆرەکانیەوە، وەرزش و لێخورین، پارچەی مەکینەو هەموو ئەو وشەو زاراوانەی کە پەیوەندی بە باری ئابووری و سەربازی و شەڕەوە هەیە.

ئەم دیاردەیە لە خۆیدا زیانبەخش نییە، بە واتای ئەوەی هیچی تێدا نیە ئەگەر ئافرەت لە هەندێ لایەنەوە فەرهەنگەکەی زیاتر بۆیێت وشەی پتر تێدا بێت، بەلاّم کێشەکە ئەوەیە، لە هەندێ شوێندا و لای هەندێ کۆمەڵ زانینی ئەم وشە و زاراوانە بە (عەیبە) دادەنرێ، چونکە بە چاوێکی بەرزەوە سەیری ئەو کارانە ناکەن کە بە ئافرەت سپێردراون.

وا لە خوارەوە هەندێ وشە و زاراوەی بەشێك لە فەرهەنگی ئافرەتی سلێمانی[1] دەخەینە بەر چاوو بە پێی بابەت بەشیان بکەین.

بێگومان ئەم وشەو زاراوانەی خوارەوە هەمو شتێك نین تەنیا مشتێکن لە خوارێ:

١- ئەو وشە و زاراوانەی پەیوەندیان بە ماڵدارییەوە هەیە بە گشتی:

---

١- شایانی باسە کە زۆربەی ئەم نمونانەم لە راپۆرتی قوتابی (پەروین یارەوە) وەرگرتووە، هەرچەندە دابەشکردنەکە و لێکدانەوە و بەستنەوەیان بە باسەکەوە هی خۆمەو خۆم بەرنبەر هەڵەیان لێپرسراو دەبم. پەروین یارە یەکێکە لە قوتابیانی پۆلی چوارەمی بەشی زمانی وردی زانکۆی سەلاحەدین (١٩٨٤) و لە راپۆرتی باسکراودا سەرکەوتوانە پەنجەی بۆ تایبەتی فەرهەنگی ئافرەت راکێشاوە.



ا- وشە:

کاسەوکەوچك، قاپوقاچاغ، سەرهەویر، زەوا(د)، خەستوخۆڵ، قەرەبرووت، قاوەڵتی حاجەت[1]، پەلۆلە، جلبڕین، پاشتێلانە و حەوتە حەمام.

ب- زاراوە:

وانان تەڕدەکات، دەست و دەمی پێوە ئەخورێ، دەمی نەکێشاوە، ساردو سڕە، (وەك دەمی مردوو) دایکی بمرێ نانەکەی بە دڵەوە نەنوسا، جگەرە کێشێ دانیشم. . . .

### ٢- چاکو چۆنی:

وابلاّوە کە ژن زیاتر لە پیاو درێژە بە چاك و چۆنی دەدات، لە کاتێکدا کە چاك و چۆنی پیاو لە دوو سێ رستە کۆتایی دێت، چاك و چۆنی ژن زیاتر درێژە دەکێشێ و وشەو زاراوەیان بۆ ئەم دیاردەیە زۆر زیاترە لە پیاو.

با بەراوردێکی ئەم دوو ئاخاوتنە لە نێوان (٢)پیاو و، (٢) ژندا بکەین، تا چاکتر شتەکەمان بۆ روون بێتەوە:

١: دوو پیاو:

یەکەم: رۆژباش

دووەم: رۆژباش

یەکەم: چۆنی چاکی

دووەم: باشم، سەلامەت بی تۆ چۆنی

یەکەم: زۆرباشم خۆشبی.

---

١- جوتە وشەی وەك: (نان و مان)و (کاسەو ماسە) کە پارچەی دووەمیان لە کێش و پێوانەی یەکەمیانە، زۆر بلاّوە لە قسەی ئافرەتانی سلێمانیدا و بۆ هەموو ناوێك، بەمەرجێك بەدەنگی /م/ دەستپێنەکات، دەست دەدات. (خەڵك و مەڵك)، ماڵ واڵ یان منداڵ و منداڵ) بلاّوی و زۆری بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لەئاخاوتنی ئافرەتی سلێمانیدا لەو نوکتەیەدا دەنگی داوەتەوە کە تێیدا ئافرەتێك دەچێتە لای قازی و شکات لە مێردەکەی دەکات کە گوایە زۆری دەچەوسێنێتەوە و ئەم لەماڵەوە بم رۆژگارە خەریکی ئیشە (حاجەت و ماجەت دەشۆم، نان و مان ئەکەم، خواردن مواردن ئامادە ئەکەم، چێشت و مێشت لێئەنێم. . . (ژنەکە دەڵێ. قازیش بڕیار ئەدات کە لەوە و دوا ئافرەتەکە) حاجەت بشواو ماجەت نەشوا، نان بکات و مان بۆ مێردەکەی دانێ. خواردن بکات و واز لە ماردن بێنێت.

**٢: دوو ئافرەت:**

یەکەم: چۆنی؟چاکی؟باشی شکور؟ منالّەکان چۆنن؟ باشن؟ ئەرێ ئەوە دیارنین، عەیب ناکەن خۆتان شاردۆتەوە، هەر ئێمە باشترین هەر هەوالّتان ئەپرسین، ئێوە دەرگاشمان ناقلّیشێننەوە باوکم بێزتان نایە.

دووەم: (ئینجا دووەم دەست دەکات بە وەلاّم دانەوە.)

**٣-دوعا:**

فەرهەنگی ئافرەت پرە لە دوعا، هەندێ لەمانە داوایە بۆ سزادانی کەسەکەو هەندێکیشی بۆ پاداشتە. هەردوو جۆرەکە پڕە لەو وشانەی کە بەزۆری ئافرەت بەکاریدێن و ئەوانەی نیشانەیان لە سەرە هەرگیز لە فەرهەنگی پیاودا نابینرێن:

ا- بۆ سزادان: باوانت شێوێ (لە منالّ دەکرێ)، روت رەش بێت، بەملی شکاو، بە ئەستۆی وردت، زمانت موی لێبێ، سەری زمانت بە برین چێ، کۆستت کەوێ.

ب- بۆ پاداشت دانەوە (دوعای خێر):

*خوا چاکتان بۆ بکات، بێوەی ربن، (*) لە قەزاو قەدەر بەدووربن، (*)لە شەڕی شەیتان و لە بەلاّی ناگەهان و لە فیتنەی ئاخر زەمان بە دوور بن، رو سور بیبت (بۆ کچ)، رو سپی بیت (بۆ ژن)، عەمرت درێژ بێت (بۆ مندالّ)، خوا دەست بە بیالّتەوە بگرێت، قەزات لە مالّم کەوێت، رەحمەت لە شیرت، (*)، سکت نەسوتێ (بۆژن)، (*)، کزەت لێنەکەوێ، کوڕت نەمرێ،(*)، جەرگت نەسوتێ، سەرفراز بیت، کاك ئحمەدی شێخە دەست بە بالّتەوە بگرێ، لەش بە بار نەبی، کە نەفتی سەر جێگانەبی، لەدەورت گەرێم، بە ساقەکەت بم، بە خوا بە دلّی خۆتت لەگەلّبکات، خوا ئاگادارت بێت..........هتد.

٤- مندالّ لەدایك بوون و ژنهێنان و بووك گواستنەوە لە ژیانی ئافرەتاندا گرنگیەکی یەکجار زیاتری هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە، کە لەم لایەنەشدایە فەرهەنگی ئافرەت دەولّەندترە هەندێ زاراوەی تێدایە کە لە فەرهەنگی پیاودا نیە:

(*) خوا لێتان موبارەك کات، (*) بە کوڕوکچ،(*)، سەرربەرزق،(*)، نوخشەتان لێبێ، پێ و قەدەمی خێر بێ، (*) بە دایك و باوك گەورە بێت، خوا مرادم با خۆم ژنی بۆبێنم، بە شادی دۆست، بە کوێرای دوژمن.



٥- دیسانەوە ژن لە پەیوەندیدا لەگەلّ یەکتردا زۆر گەرم و گوڕترن و زیاتر یەکتری بەسەر دەکەنەوە و هەستی بەزەیی زیاتر دەردەبرن وپۆزشی گەرمترو ناسکتر بۆ یەکتر دەهێننەوە، هەروەك لەم دەستە واژانەی خوارەوەدا کە هەر ئافرەت بە کاریاندێنێ بۆمان دەردەخەن:

**ا- میوانداری:**

مالّەکەتان رووناك کردینەوە، ئەبوایە مەڕێکمان لە بەر پێتا سەربریایە، پلیەاتن لێنااین، چاومان رۆشن، اومان روون بووە.

**ب-دلّنەوای لە کاتی مردنی کەسێکدا:**

دەستم شکێ مەرگی عەزیزت نەبینی،گەردنی خۆش و ئازا(د) بێ، کوێرایم دایە، خوا سەبورین بدا، خوا خراپترمان پیشاننەدا.

**ج- پۆزش هێنانەوە:**

لە گولّ کالّترت پێنالّیم، هەزار منالّ ئەکەم بە ساقەت، هەر تۆ دلّت نەیەشێ بۆ تۆ نەبی بۆ کێ باشە، هەردوو چاوم کوێر ئاگاو عیلم و خەبەرم نیە، هەر. . . . . . . . منالّەکەم بەدەستی خۆت کفن کەی شتی وا بە دەما نەهاتووە، کوڕم بمرێ نەمزانیوە نەخۆشی.

**د- سوێند خواردن:**

بە چل وچوار هەزار پێغەمبەر. . . . . . .، بە کاك ئەحمە(د)ی شێخ. . . .، بەغەوسی بەغا. . . . . .، بەو کەسەی کەس لە رەنگی نییە، بەو خوایەی هەموومان ئەکات، بەو گۆرەی (رەحمەتی، جوانەمەرگی) تێچووە.

٦- لە جنێو دانیشدا ئافرەت کەمتر لە پیاو جلّەوی خۆی بۆ دەگرێ، هەر لەبەر ئەمەشە لەم لایەنەوە فەرهەنگی ئافرەت تەواو دەولّەمەندە و زۆر زاراوەی هەیە کە تەنیا ئافرەت بە کاریان دێنێ:

دەلّەقۆڕ. .، هەر خۆت بەخۆت بی، بەرماوەی هەموو کەسی دەم ناخەمە دەمی تۆوە هەی والێکرااوی وا پێکراوە، قلّقە کۆن(بە پیاو)، سەرت لە قوڕنێیت(بە مندالّ)، بە پەنگ بی، شار بەدەر کرێیت، سەرت تاشن. سەرت بە تاشین چێت، رەبی چونت هەبێ و هاتنەوەت نەبێ، گلاراوگری (بەمندالّ)، خێر لە خۆت نەبینی، بەر گولە کەوی، بە پەنگی رۆژگار بی، دەردێ بگری دەرمانی نەبێ بێ باوك بی، بێ باوك گەورە کرێی، مالاّنگەری سەرسوالّکەری هەتیوچەی نەدیوبدی، رەبی هەرشەوەو قەبرێ بناسێ، ئەو باوکە سوالّکەرەت، بە پەگنی دنیا و قیامەت بن، خێر لە دنیا و قیامەتت نەبینی چەنەچەن، شاتەشات، کچەتیوەی بەرەلاّی کۆلاّنان،

عیبرەت، شکڵت خواتەوە، ئەیەڕۆ چەند بێ شەرمە دارزێی بێ ئسوولّ، دەك لەوەلاتر چی، رەبی کلّو کۆت دامرێ، ئاگرێ گری کوژنەوەی نەبێ، پێچکت بەقەبری باوکم بیەلّم ئەمەت بەسەرەوە چێت، ئاین و ئۆین کەر.

**ب-درکاندنی ناڕاستەوخۆ:**

تایبەتیەکانی تری شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتی سلێمانی لە ئاستی فەرهەنگیدا زۆری و بڵاوی ئەو وشەو زاراوانەیە کە خۆی دەیانهێنێتە شێوازەکەیە و بۆ ئەوەی لە ژێر پەردەی شەرمەوە لەو دیو پەرژینێکی قایمەوە بیرەکانی بدرکێنێ.

یەکێك لەو تەکنیکە گرنگانەی کە پیاو لە ئاخاوتندا لە ژن جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پیاو بە پێچەوانەی ژنەوە زۆر بێ پەردەتر مەبەستەکانی خۆی دەدرکێنی و راستەوخۆو بێ پێچ و پەنا لە ناسکترین کێشە دەدوێ، ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاو نەك خاوەنی خۆیەتی بەڵکو خاوەنی کۆمەڵیشەو پێوانەی ئاکاروبەهاش هەر خۆی داینـاوە و پێویستی بەشەرم و شکۆ نیە رلە کەس. لە لایەکی تریشەوە ئافرەت زیاتر باوەڕی بە هێزی شاراوەو خێر و شەڕ هەیە، لەبەر ئەوەیە بە پێویستی دەزانێ لەبەر پیرۆزی یان لە بەر ترسیدا خۆی لە هەندێ باس نەدا، بە شێوەیەکی راستەوخۆ مشت ومڕ بە هیچ جۆرێ دەربارەی هەندێ کێشە نەکات.

ئەو باسانەی کە ژن راستەوخۆ بێ پەردە لێیان ناکۆڵێتەوە دەبن بە چەند بەشێکەوە: ئەوانەی پەیوەندیان بە شەرمەوە هەیە(وەك باسی جینسی و جنێو)، ئەوانەی ترس یان پیرۆزی قەدەغەیان دەکات (وەك نەخۆشی و مردن)، بۆ نمونە ئافرەت لە تاو شەرم دەیان زاراوەی جۆراو جۆر بە کاردێنێ یان دادێنی تاوەکو بێپەردە ووشەیەکی وەك خۆشەویستی لە ئاخاوتندا بە کارنەیەنێ بە تایبەتی کە بەرامبەرەکەی پیاو بێت. ئەوەتە کوڕوکچانی دراوسێکانی (دڵیان بەیەکترەوەیە)، (حەزیان لەیەکتری کردووە)، (هەتیوەکە دڵی بە چەتیوەکەوەیە)، (شێت و شەیدای بووە)، (ئەیەوێ بیهێنێ)، (بە دڵیاچووە) و (داوای دەکات). بەڵام هەرگیز وشەی (خۆشی ئەوێ) بەکارناهێنێ چونکە قەدەغەیە بە لای ئەمەوە. دیسانەوە لە ترساندا لە جیاتی ئەوەی رونی کاتەوە کە مێردەکەی مردووە، دەیان رێگای ناڕاستەوخۆ دەگرێ هەر بۆ ئەوەی وشەی مردن بەکارنەهێنێ. ئەوەتە (باوکی منالّەکان کۆچی (دوای) کردووە)، (لە دنیا دەرچوە)، (قەزاو بەڵای ئێوەی بردوە)، (ئەمری خوای کردووە) و (فەرمانی خوای بە جێهێناوە). هەروەها نەخۆشیش بە لای ئافرەتانەوە هێزێکی رەشی تێدایە لەبەر ئەوەی بە ئاسانی نابێت ناوی ببرێت، بە تایبەتی ئەو



نەخۆشیانەی سەخت و کوشندەن. هەر لەبەر ئەمەیە سیلی جاران و سەرەتانی ئەم سەردەمە بە (دەعباکە)، (دوا براوکە)، (دەردە پیسەکە) و (هەرامەکە) پەنجەیان بۆ رادەکیشرێ بێگومان ناوی پیرۆزیش لە شوێنی نەگونجاو و پیسدا راستەوخۆ نایەت، لە بەر ئەوە ئافرەتان لەم شوێنانەدا سوێندەکەی بە (گولّێکی پاك) دەخوات. هەروەها لە جنێودانیشدا بۆ ئەوەی لە وشەی بێ پەردە دورکەوێتەوە زۆرجار پەنا دەباتە بەر (ئەو کچە تیوەی والێکراوەی وا پێکراوە)، (ئەو شار بەدەرکراوە)، (ئەو بە پەنگ بووە) و (مالّانگەرە).

بە کارهێنانی ئەم تەکنیکە لە قسەی ئافرەتدا زۆرجار (سەرزاری) ناسکیەکی تەواو دەدات بە قسەکانی وامان لێدەکات وابزانین کە ئافرەت زۆر بەتەنگ بەرامبەرەکانیەوەیەتی و دەستی رێز دەنێتە سەریان تەنانەت لە ناخۆشی و تورەیشدا (لە گول کەمتر بە خەڵکی نالّێ) و لەوانەشە وامان لێبکات باوەڕمان بەوە نەمێنێت کەئافرەت قسەی رەق و ناخۆش دەزانێ، بەڵام لەڕاستیدا وەك لە باسی تایبەتیەکانی رستەی ئافرەتدا زیاتر بۆمان دەردەکەوێت ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی گشتی بەشێکە لەو هەموو نەخشە قسەییانەی کە ئافرەت بۆ دارخستنەوەی خۆی لە (گوتاو رۆی) دوا بڕیاڕ دەیاننەخشێن. بە واتایەکی تر ئەم تەکنیکە بەشێکە لە (هێڵی خۆ پاراستن) ئافرەت لەبەرئەوەی گوێرایەڵترە لە پیاو بۆ یاسا کۆمەڵایەتیەکان بەلایەوە گرنگە کە ئەم یەکەم کەس نەبێ لە پێوانە و بەهاو ئاکارانە دەرچێ، کە لە کۆمەڵەیەکدا هەیە و پەیڕەوی دەکرێ نەوەکو هەموو تاوانەکە بخرێتە ملی ئەم.

**ب- تایبەتی فۆنەتیکی:**

لە رووی دەنگەوە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان شێوازێکی ئافرەت و شێوازی تردا نیە. لێرەدا دوو دیاردە بەرچاو دەکەون کە شایەنی لێکۆڵینەوەن:

أ- هەندێجار ئافرەت بەزۆری بۆ خۆدەرخستن تەکنیکێکی تایبەتی بە کاردێنێت، کە کار دەکاتە سەر زۆربەی فۆنێمەکانی گوتن، پیاوان زیاتر لە ژنان هەست بەم تەکنیکە دەکەن، پێیدەڵێن خۆ ناسککردنەوە یان دەنگ باریك کردنەوە.

لە دەنگ باریککردنەوەدا ئەم ئەم گۆڕانکاریانە بەسەر دەنگدا دێت:

١- لەگەڵ هەموو رێچکەی گوتنەکەدا ئافرەتەکە لێو پاندەکاتەوە (ئاسایی لێو پانکردنەوە لەگەڵ بزوێنەکانی پێشەوەی کوردیدا (و/ێ/ی/ز) لەگەڵ هەندێ نەبزوێنی وەك (ف،ڤ)دا دەڕوات نەك هەمو فۆنێمەکان).

٢- هەموو وشەکانی گوتنەکە زۆر بە ئاشکرا دانپێدادەنێ و کەمێك زیاتر لە نێوانیاندا دەوەستێ، بە واتایەکی تر، ئافرەتان دەبێ بە لەسەر خۆی و بێ هەڵەشەیی قسە بکەن.

٣- بێدەنگیەکی زیاتر لە ئاسایی دەخاتە پێشگوتن(سەرەتای قسە) و دوای گوتنەوە(کۆتایی قسە).

٤- زۆربەی یاساکانی دەنگ لابردن (دەنگ قوتدان) دەخاتە پشت گوێ.

بۆ نمونە لە جیاتی (باس ناکەم)، (شێئەلمحێدین) و (کاعەلی) هەر (باست ناکەم)، (شێخ ئەلمحێدین) و (کاك عەلی) بەکاردێنێ. بە واتایەکی تر بە شێوازێکی رەسمی دەدوێ.

٥-هەندێ لە دیاردە دەنگیە ناوەندیەکان (وەك بەرمەڵاشودان) کە دیاردەیەکی زۆر بڵاوە لە زاری سلێمانیدا و بە تایبەتی کاتێ دروست دەبێ کە بزوێنەکانی پێشەوە بە دوای دەنگی (ك،ف،پ)دا بێن لە ناو دەبرێن. بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی (ك) نزیك لە دەنگی (چ) لە وشەی (کێ)دا بە کاربێنێ، ئافرەتەکە لەسەرخۆ ماوەیەك لە سەر (ك)دا دەوەستێ و ئینجا بەرەو (ێ) دەڕوات، بەم پێیە (ك) بە ئاسایی وەك (ك)ی وشەی (کاو، کەی، کاروان) دەردەکەوێت.

٦- بە درێژای گوتنەکە دەم و چاوو لێوودەست بزواندنێکی تەواو بە دی دەکرێ شایانی سەرنجە کە ئەم دیاردەی خۆ ناسکردنەوەیە (خۆ بەناز فرۆشتنی پێدەڵێن) هەموو ئافرەتێ بەکارناهێنێ و ئەوانەی بەکاردێنن لەوانەیە بێ ئاگابن لەوانەشە ئەندامانی کۆمەڵگەی خۆیان هەستی پێنەکەن ئەگەر زۆر خەست نەکرێتەوە.

هەموو دیاردەکە، دەستنیشانکردن و ناونانی کاری پیاوە، هەرچەندە بەکارهێنانی تەکنیکەکە پەیوەندی بە جینسی قسەکەرانەوە نیە بەواتایەکی تر ژنان لە ناو خۆیاندا و لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی تریشدا بەکاریدێنن. دیسانەوە وەك دەردەکەوێ بەکارهێنانی تەکنیکەکە پەیوەندی بەتەمەنی ئافرەتەکەوە کەمە چونکە لە زۆر لاتەمەندا هەر بەکاردێ. زیاتر لەوەدەچی کە (کە خۆ بەناز فرۆشتن بەند بێت بە جۆری باسەوە نەك ئاخاوتن و تەمەنی کەسەکان، بەوەدا کە دیاردەکە بە زۆری لەو کاتانەدا بەکاردێ کە ئافرەتەکە باسی خۆی دەکات یان شانازی بە شتێکەوە دەکات و خۆی پێوە بادەدات).

تایبەتیەکی تری دەنگی هەیە، کە زیاتر نەوەی پێشووتری ئافرەتانی سلێمانی لەنەوەی ئێستا و پیاوان جیادەکاتەوە، ئەویش گۆڕینی دەنگی /ڵ/ بوە بۆ /ر/ لە هەمو وشەیەکدا، بە واتایەکی تر، نەهێشتنی فۆنێمی /ڵ/ لە کوردییدا. دیاردەکە وەك پاشماوە هەر لە قسەی



ئافرەتە بە ساڵاچووەکاندا ماوە و نەوەی ئێستا لەم یاسایە لایداوە. بۆ نموونە، زۆر لە ئافرەتە بەتەمەنەکان بە (خۆڵ) و (ڕۆڵە) دەڵێن (خۆر) و (ڕۆرە). بە باوەڕی هەندێ شارەزا،[1] ئەم دیاردەیە لە ژێر کاریگەری دیالێکتە ناوچەییەکانی تری کوردیدا هاتۆتە ناو شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتانی سلێمانیەوە، بە تایبەتی لە ژێر کاری دیالێکتی کۆیە و موکریاندا کە هەردووکیان لە بنەرەتدا لەگەڵ دیالێکتی سلێمانیدا ئاشناو نزیکن لە یەکتریەوە. بە لای لێکۆڵەرەوە ئەم بیرە لە شوێنی خۆیدا نییە و بە ئاسانی رەتدەکرێتەوە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

١- ئەگەر دیاردەکە لە ژێرکاری دیالێکتی تردا بوایە، دەبوایە کاری لە شێوازەکانی تریش بکردایە و فۆنێمی /ڵ/یش، لەوانیشدا لە ناو ببردایە. ئاشکراشە کە شێوازی پیاو ئەم دیاردەیەی /ڵ/ گۆڕینەی تێدا نییە.

٢- زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە /ڵ/ دەگۆڕن بە /ر/ ر نەك هەر لە ناوچانەوە نەهاتون، بەڵکو وەك خۆیان روونیان کردۆتەوە لە پەیوەندیشیان بە خەڵکی ئەو ناوچانەوە نەبووە یان زۆر کەم بووە، لەبەرئەوە رێی تێناچێ کە کەوتبنە ژێر کاری دیالێکتی ترەوە.

هەمو ئەو کەرەسە قسەییانەی کە لێکۆڵەر کۆی کردونەتەوە و هەموو ئەو زانیاریانەی دەربارەی ئەو ئافرەتانە دەستی کەوتووە پەنجە بۆ راستییەك رادەکێشن کە دیاردەکەمان بۆ لێکدانەوە ئەویش ئەوەیە، کە ئەم تایبەتیە بەشێك بووە لە چەند تایبەتیەکی تر، کە کاتی خۆی شێوازی ئاخاوتنی چینە خانەدانەکانی کوردی لە شێوازی ئاخاوتنی چینە هەژارەکان جیاکردۆتەوە و لەوانەشە، لە بنەرەتدا هەر تایبەتیەکی شێوازی ئافرەتانی ئەم چینە بووبێت نەك هەموو چینەکە. ئەمەش بەوەدا دەردەکەوی ئەو ئافرەتە کەمانەی کە تائێستا ئەم دیاردەیە لە قسەکانیدا بە کاردێنن، هەموویان لە کۆندا لە چینێکی دەوڵەمەند و فەرمانڕەوا بوون.

---

١- بە باوەڕی م. کامەران ئەم گۆڕانەی /ڵ/ پەیوەندی بە زارەکانی تری کوردیەوە هەیە، بە تایبەتی زاری موکریان. دیسان هەر ئەویش نیە کە بەن جۆرە بۆ کێشەکە دەچێ.

## ج- تایبەتمەندی نازمانی[1]:

جگە لە تایبەتیە زمانیەکان (تایبەتی فۆنەتیکی و فەرهەنگی و رستەیی چەند تایبەتیەکی نازمانی هەیە کە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت لە شێوازەکانی تر جیادەکاتەوە. ئەم تایبەتیە نازمانیە بریتین لە ئاوازو دوور و نزیکی قسەکەران و چۆنیەتی دانیشتنیان لە بزاوتنی دەم و لێو لە کاتی ئاخاوتندا.[2] رەوشت لە ئاخاوتندا لە چەند کەرەسەیەکی تێکچرژاو و بە ناویەکتردا چوو پێکهاتبووە. .

١- بۆیە بەم هۆکارانە دەگوترێ نازمانی یان زمان ئاسا چونکە تەنیا لە هەندێ تایبەتیدا لە زمان دەچن. بۆ نمونە ئەم هۆکارانە وەك زمان لە خۆوەن و بڕیاری کۆەڵیان پێویستە، بەواتای ئە وەی پەیوەندی نیە لە نێوان فۆرم و واتایاندا. هەر وەك نازانین بۆچی کورد بە (سەگ) دەڵی (سەگ) و عەرەب پێی دەڵێ (کلب) هەروەها ناشزانین بۆچی سەر لەقاندن بۆ سەرەوە بۆ رەتکردنەوە بێت و بۆ خوارەوە رەزامەندی پیشاندان بێت. (بێگومان لە هەندێ کەڵچەردا ئەمەش بە پێچەوانەوەیە). دیسانەوە لە لایەکی تریشەوە ئەم هۆکارانە لە زمان ناچن چونکە زۆربەیان وەك مشەخۆر وان بەسەر ورگی زمانەوە دەژین، بە واتای ئەوەی تەنیا لەگەڵ زماندا گرنگی پەیدا دەکەن و لەکاتی قسەکردندا نەبێت هیچ واتایەك نابەخشن. شایانی باسە هەمو زمانەوانەکان لەسەر پێناسەی ئەم هۆکارانە رێکناکەون. هەندێکیان وەك ك(کریستەڵ) تەنیا بەوانە دەڵێ نازانی کەلەگەڵ زماندا بەکاردێن، بەلای هەندێکی ترەوە وەك (ئابەر کرۆمی) زاراولەکە هەمو هۆکارێك دەگرێتەوە چاویبێت یان دەنگی لەگەڵ زماندا بڕوات یان بەتەنیا بەکاربی. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئیشارەو پەیوەندی بە کەڵچەرەوە. بڕوانە:

1959,new York Doubleday The silent Language ،T،E ،Hall

Laverjohn language and non- verbal communication in handbook of perceptioned. Carteret and Freidman new York ،academic press ،pp. 345-85

٢- لەمبارەیەو نوسەرێکی ربەریتانی (ئی مەمۆریك) دەڵێ:

بڵاوترین زمان لە جیهاندا ئەو زمانەیە کە نە ناوو نەفەرهەنگی هەیە. ئەگەر ئافرەت بیت ئەوە هەر لە منداڵیەوە فێری بوویت، ئەگەر پیاو بیت ئەوە هەرگیز فێری نابێت تەنانەت ئەگەر پەنجا ساڵیش پێوەی خەریك بیت. (ریدرز دایجیست مانگی ٩، ١٩٥٦ ل٤٣) بێگومان نوسەر لێرەدا مەبەستی لە بەکارهێنانی ئاوازو بزواندنی برۆو دەست و چاوو دەمە بەیەکەوە کە زۆر جار ئافرەت لە ناو خۆیاندا پلارو وتانە و گلەیی و رەزامەندی پێدەگۆڕنەوە، بێئەوەی پیاو هەست بەوە بکات کە جەوی نێوانیان ناخۆشە. بۆ نموونە، کە ئافرەتێك بە هاورێکانی دەڵێت: (نافەرمون بێنە ماڵەوە؟) لە برێتی (فەرمون وەرنەماڵەوە) یان (ئەبێ بێنە ماڵەوە)، هاورێ ئافرەتەکەی چاك لە مەبەستەکەی دەگات و ساردو سڕی بانگکردنەکەهەست پێدەکات نەك هەر وشەکان



گرنگترینی ئەم کەرەسانە بێگومان زمانە چونکە ئەو هۆکارەیە کە هەموو زانیاری (واتا) دەگەیەنێ. بەڵام زمان بەتەنیا هەرخۆی ئەم کارە ناکات بەڵکو لە ئاخاوتندا لەگەڵ هۆکارە نازمانیەکاندا تێکەڵ دەبێت و بە هەموویان ئاخاوتن پێکدێنن.

بە شێوەیەکی گشتی هۆکارە نازمانیەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە[1]:

هۆکاری گوێی (ئەوانەی دەبیسرێن)، هۆکاری چاوی (ئەوانەی دەبینرێن) ئاواز نمونەیەکی کۆمەڵەی یەکەمە، جۆری دانیشتن و ماوەی نێوان قسەکەران دەست و دەم و لێو بزواندنیش لە کۆمەڵەی دووەمن. هەندێ لەم هۆکارانە بەندن بە زمانەوە، بەواتای ئەوەی لەکەڵ زمان بەکاردێن و بێ زمان هیچ واتایەك نادەن بەدەستەوە. وەك لێو هەڵقورتاندن و دەست راوەشاندن. هەندێکی تر لەم هۆکارانە سەربەخۆنییە بە واتای ئەوەی بەبی زمانیش کاردەکەن و واتا دەگەیەنن وەك: سەرلەقاندن بۆ خوارەوە(سەردانەواندن) و سەرەوە (سەربەرزکردنەوە) کە زۆر جار لە جیاتی (بەڵێ)و(نەء) زمانی بەکاردێن. بێگومان لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە هەروەك هۆکاری بەند لێیان دەکۆڵینەوە چونکە زیاتر دەمانەوێ دەست نیشانی رۆڵیان بکەین لە ئاخاوتنی ئافرەتی سلێمانیدا.

هەموو ئەو کەرەسانەی کۆمانکردونەتەوە دەربارەی رەوشتی ئافرەت لە کاتی ئاخاوتندا ئەم راستیانەی خوارەوەمان بۆ دەردەخەن:

١: ئافرەت زۆر زیاتر لە پیاو کەڵك لە ئاوازی دەنگ وەردەگرێ و ئەوەتە لەم رستەی ئافرەتدا ناواختێك (ئاخ، ئۆف، ئەیەڕۆ. . . هتد). نەبێت ئەمەش لەوانەیە بگەرێتەوە بۆوەی کە ئافرەت کەمتر لە پیاو دان بە خۆیدا دەگرێ و زیاتر جڵەو بۆ هەستی خۆی بەرانبەر رووداو و باس و کات و شوێن و کەسانی ئاخاوتنی شلدەکات.

٢: دوور و نزیکی کەسانی ئاخاوتن لە یەکتریەوە بەتایبەتی کە یەکێك لە کەسەکان ژن بێت بە پێی چەند هۆکارێك دەگۆڕێت:

و جۆری رستەکەوە (پرسیار نەك داوا) بەڵکو بە هۆی تەماشاردن و چاودێری کردنی لە بزاوتنی دەم و لێو ئاوازی گوتنەکەشەوە. پیاو بە پێچەوانەوە، زۆربەی کات لە نیازی ئافرەتەکە ناگات لە باری وادا و گوتنەکە لەوانەییە بە بانگێکی گەرم و گوڕ لێکبداتەوە.

١- بڕوانە: ل٣٥٢ ١٩٧٦، john Laver

أ-  جۆری پەیوەندی کەسەکان.

ب- جینسی کەسەکان.

ت- قۆناغی ئاخاوتن.

کە ژنان لە ناو خۆیاندا قسە دەکەن زۆرتر لە پیاوان لەیەکتر نزیك دەبنەوە.

بە پێچەوانەوە کە یەکێك لە کەسەکان پیاو بێت، دوورتر لە پیاو دەوەستن. هەروەها تا هاوبەشەکان پەیوەندیان خۆشتربێت و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیان نزیکتر بێت لەیەکتر، زیاتر لەیەکتر نزیکدەبنەوە و بە پێچەوانەوە. دیسان بە درێژایی ئاخاوتن ئافرەت لە پیاو زیاتر دەجولێ و بە شێوەیەکی گشتی ماوەی نێوان کەسانی ئاخاوتن لە سەرەتاوە زۆرترە لە ناوەڕاست و کۆتایی ئاخاوتندا.

٣: جۆری دانیشتن پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندی کاتیدا هەیە. بۆ نموونە کە دوو ژن کاریان بە یەکتر بێ یەکسەر دەچنە لای یەکەوە. کە لە پێشبڕکێدا بن، زیاتر بەرانبەر بە یەکتر دادەنین چاودێری یەکتر دەکەن، بە پێچەوانەوە پیاوان لە پێشبڕکێدا لە یەکتر دووردەکەونەوە.

٤: ئافرەت زیاتر لە پیاو دەم و چاو دەبزوێنێ و لێوی هەڵدەقورتێنێ و لەش دەجولێنێ و دەست رادەوەشێنێ و هەروەها لە پیاویش زۆر وریاترە لە بەکارهێنانیدا.

ئەوەی پیاو لە چەند رستەیەکدا لە بەرانبەرەکەی دەگەیەنێ، ئافرەت بە لێو هەڵقورتاندنێك یان بە تیلەیەکی چاو دەیکات. هەروەها ئافرەت زیاتر لە پیاو دەبزوێ لەگەڵ کات و شوێن و کەسدا. بۆ نموونە، ئیشارەتی دور لەگەڵ (ئەو، ئەوان، ئەوێ و ئەوسا) بەکاردێنێ. لەگەڵ (من، ئێمە، ئێرە و ئێستا) بە زۆری دەست لە خۆی نزیك دەکاتەوە.

٥: چاوتێبڕین لە هەموو جۆرە ئاخاوتنێکدا گرنگە چونکە نیشانەی ئەوەیە کە قەناتەکە کراوەتەوە،بە واتای ئەوەی خەڵکەکان ئامادەن لەگەڵ یەکتریدا بدوێن.

دیسانەوە چاوتێبڕین بەندە بە پەیوەندی نێوان کەسانی ئاخاوتنەوە. تا هاوڕێیەتی زیاتر بێت کەسەکان زیاتر سەیری یەکتری دەکەن لە کاتی ئاخاوتنداو بە پێچەوانەشەوە. ئەوەی سەرنج رادەکێشێ لێرەدا ئەوەیە کە ژن بە شێوەیەکی گشتی زیاتر سەیری بەرامبەرەکەی دەکات لە کاتی ئاخاوتنداو تا کەسەکانیش تێکەڵ بن، زیاتر کات بۆ سەیرکردن و چاودێری تەرخان دەکات. بە پێچەوانەوە کە شوێنی قسە تەسك بێت (وەك لەناو پاسدا بۆ نموونە) ئافرەت کەمتر چاودێری بەرامبەرەکەی دەکات. هەروەها ئافرەت چاوتێ برین بۆ((نۆبە)) وەگرتن لە قسەدا زۆر بەکاردێنێ. ئەگەر بیەوێ مەودا نەدات بە بەرامبەرەکەی کە وەڵامی بداتەوە و نۆبە بڕی لێبکات،ئەوا بەردەوام سەیری ناکات.



بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت زیاتر لە پیاو کەڵك لە هۆکاری نازمانی وەردەگرێ لە ئاخاوتندا نەك هەر بۆ گەیاندنی مەبەست بە تەنیا بەڵکو بۆ زامن کردنی رۆڵ گۆڕینەوە و روون کردنەوەی بیروڕاو دەم کوتکردنی بەرامبەرەکەی و درێژەدان بە ئاخاوتن.

د: تایبەتی رستەیی:

بۆ شیکردنەوەی هەندێ لەو رستانەی کەلەکاتی ئاخاوتندا لە زاری ئافرەت دەردەچێ پێویستمان بەوە دەبێت کەلە دوو ئاستدا لێیان بکۆڵێتەوە:[1] ئاستی سەرەوە کەفۆرم واتای ئاسایی وشەکان دەگرێتەوە و ئاستی ژێرەوە، کە پەیوەندی بە مەبەستی ئافرەتەکەوە هەیە و ئەو ئەرکەمان بۆ دەستنیشان دەکات کەدەیەوێ وشەکانی پێی هەڵسن.

بێگومان داننان بەبوونی ئەم دوو ئاستەدا کارێکی گرنگو پێویستە، چونکە باری کۆمەڵایەتی ژن وای لێکردووە کەنەتوانێ ئەو بیرەی هەیەتیو ئەو کارەی دەیەوێ بە ئازادی دەریبڕێ لە بە ئەمەیە کە ئاستی سەرەوەو ژێرەوەی رستەکانی زۆربەی کات واتاکانیان وەك یەك نیە و هەردووکیان یەك شت ناگرنەوە. بۆ نموونە ئەو رستەیەی کە لە سەرەوە یان لە سیمادا پڕە لە رێزگرتن و سادەیی لە وانەیە لە ژێرەوە پڕبێت لە گلەیی و سەرزەنشت و پلار. بۆ ئەوەی چاکتر لە کێشەی سەرەوە و ژێرەوەی رستەی ئافرەت بگەین وا لە خوارەوە رستەیەك شیدەکەینەوە:

لە یەکێك لەو ئاخاوتنانەی تۆمارمان کردووە، لە مێردەکەی دەپرسێ:

سەعات چوار یەی بە شوێنما بۆ ماڵی باوکم؟

هەرچەندە رستەکە لە شێوەی پرسیاردایە و بەمە مافی بڕیاردانەکەی داوە بە مێردەکەی لە سیمادا پڕە لە رێزگرتن، بەڵام بارو شوێنی قسەکردنەکە چەند راستیەکمان دەداتێ:

١) قسەکە هەرچەندە لە شێوەی پرسیاردایە ژنەکە، وای لە مێردەکەی دەوێ بە پرسیاری دانەنێ، چونکە زۆ بە تەنگەوەیە بچێت بە شوێنیا بەلایەوە چاکترەو واشی لێدەوێ کە وەك فەرمان سەیری بکات.

١- داننان بە بوونی دوو ئاستدا، ئاستی ژێرەوە ئاستی سەرەوە لە شیکردنەوەی وشەدا لەم سەردەمەی زمانەوانیدا شتێکی زۆر ئاسایی و بلاوە و بنەمایەکی گرنگی رێزمانی (تەحویلیەکانە)و بوونی ئە دوو ئاستە لە زۆر دیاردەی تریشدا هەستی پێدەکرێت.

شێوەی دەربڕینەکە (پرسیارەکە) لە ژێر هۆکاری تردایە و (بوونی خەڵکی تر لەوێدا) ئەمە نابێ لە کێشە سەرەکیەکە بگۆڕێ کە مێردەکەی دەبێت و پێویستە (یان ئەرکی سەر شانیەتی) کە بڕوات بە شوێنیدا.

ئافرەتەکە مەبەستی لە دووپاتکردنەوە و چەسپاندنی کاتەکەیە سەعات (٤) نەك ڕوودان یان ڕوونەدانی کارەکە.

کەواتە ڕستەکە هەر (وەرە بە شوییێنما سەعات چوار) ەو بەو پەڕی ناسکی و ڕێزلێنانەوە دەربڕاوە. چونکە باری کۆمەڵایەتی ئافرەتە وای لێکردوە کە نەتوانێ بە زەقی ئەوەی دەیەوێ دەریببڕێ، ناچار دەیەوێ قسەکەی خۆی بخاتە زاری مێردەکەیەوەو بڕیارەکەش بکات بە بڕیاری مێردەکەی خۆی بەمەش (گوتاو ڕۆی) بڕیارەکە لە ئەستۆی ئەودا نابێت.

٢) بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە شاراوەیەی ژێر ڕستەکە ئافرەت پێویستی بەوە دەبی پشت بە هۆکاری نازمانی ببەستێ وەك: لێوجولاندن و دەم قوچاندن و تیلە سەیر کردن. گرنگ ئەوەیە کە دوای ماوەیەك هەڵستان و دانیشتن لەگەڵ ئافرەتدا، پیاوبە هەموو ئەو هۆکارانە ڕادێت و فێری واتاکانیان دەبێت.

٣) گومان لەوەدا نیە کە مێردەکەشی باش لە واتا شاراوەکە دەگات، چونکە ئەگەر کارەکەشی بۆ جێبەجێ نەکرێ ناڵێ (خۆتۆ داوات لێنەکردم بێم بە شوێنتا، بەڵکو تت گەر پێتکرا). کەواتە مێردەکەش کە بڕیارەکە ژنەکە داویەتی بەناوی ئەمەوەو بەڵکو تەنیا جێبەجێکردنی لەسەربووە.

کەواتە بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەندێ ڕستەی ئاخاوتنی ئافرەت دەبێت نەك هەر گوێ بدەینە واتای وشە فەرهەنگیەکان بەڵکوو دەبێ لە مەبەستی ژێرەوەی ئافرەتەکەش بگەین و سەرنجێکی چاك لە ئاوازی دەنگی و بە کارهێنانی هێزو بزاوتنی لەش و جولاندنی دەم و لێوو برۆو چاویشی بدەین چونکە ئەمانەش بۆ ژن زمانێکی تایبەتن.

بە شێوەیەکی گشتی ڕێزلێگرتن لە ئاخاوتنی ئافرەتدا تەکنیکێکی زۆر گرنگ و کاریگەرو بڵاوە. ئەم ڕێزلێگرتنەش کە تێیدا ئافرەت خۆی بەکەمتر لە بەرانبەرەکەی دادەنێ (ئەگەر بۆ گاڵتەش بێت) بە زۆر ڕێگای خۆی دەکات بە ناو ئاخاوتنی ئافرەتدا، هەندێ لەم ڕێگایانە ئەمانەن:

أ- زۆر بەکارهێنای ئەو وشەو زاراوانەی کە گومان دەردەبڕن. وەك (وابزانم، لاموایە، دەنگ وایە، ئەبێ، ئەڵێن، ڕەنگە، (وا)، قا.... دەنگ وا بڵاوە و..... هتد.



بە بەکارهێنانی ئەمانە لە ئاخاوتندا ئافرەت دەتوانێ ئۆبالی کارەکە لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕێزی خۆی پیشانی بەرانبەرەکەی دەدات.

ب- بەکارهێنانی شێوەی پرسیار لە جیاتی یان لەو شوێنانەدا کە شێوازەکانی تردا فەرمان بەکاردبێ. بۆ نموونە، ئافرەت زیاتر دەڵێ (بڕۆین؟) لە جیاتی (بابڕۆین)، ئەگەر فەرمانیش بەکاربێنێ ئەوا زیاتر لە قیپاو هەوڵی ناوخنی بۆ دەدات تا کەمتر کاریگەر بێ و بەرانبەرەکەی نەتەزێنێ.

یەکێك لە نیشانەکانی تری خۆ بەرپرسیارنەکردن لە ئافرەتدا لەوەدا دەردەکەوێ کە بە درێژایی تەمەنی ڕێگای ئەو دەدات کە خەڵکی بە کورتەی ناوەکەوەیەوە بانگی بکات. بەم کارە تەمەنی خۆی ڕادەگرێ و نایەڵێت هەرگیز بەساڵدا بچێت و ئەوکاتانەی خۆی دێنێتەوە یاد کە منداڵێکی بێدەسەڵات بووە و بۆ هەمو کارێکی پشتی بەخەڵکی تر بەستووە. بۆ نموونە، شتێکی زۆر ئاساییە کە تەنانەت ئافرەتێکی زۆر بە ساڵدا چوش بە (گوڵەخان، نەسە خان و ئاتە خان) بانگبکەین لە جیاتی (گوڵاڵە، گوڵزارخان یان نەسرین خان). بە پێچەوانەوە بە کارهێنانی کورتە ناو، پیاودا بۆ بانگکردن زۆر درێژە ناکێشێ و کە پیاو چووە ساڵەوە تەنانەت گەیشتە سی ساڵ و کەمتریش ڕێگە نادات بە کەس بە تایبەتی نەناسیار کە بە ناوە کورتەکەیەوە بانگی بکات، تەنانەت ئەگەر نازناویشی لەگەڵدا بێت لەبەر ئەمە دەبینین کە (کاك دڵە، وەستا قالە، حاجی عەلە، خاڵە عوسە، مامە فەرە) لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا نەبێت لە جیاتی (کاك دڵشاد، وەستا قادر، حاجی عەلی)بەکارنایەن[1].

---

١- ئاگاداری ئەوەین کە هەندێ ناو وەك (حەمە، خولە، قالە. . . . .) لەگەڵ هەندێ نازناوو داتا دوا ساڵەکانی ژیانیش ئاسایی بۆ بانگکردن بەکاردێ. بۆنموونە، زۆر ئاسایە لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا بەیەکێك بگوترێ: کاکە حەمە، مامە قالە، بابە خولە. . . هتد (ئەم ناوانە زۆر ئاساین و لە سلێمانیدا ئێستا بە کاردێن). ئەمە بێگومان. نمونە نین کە دژی بیرەکەی ئێمە بوەستێ، چونکە لە ڕاستیدا بە باوەڕی ئێمە، ئەم ناوانە لەوە دەرچوون کە کورتە ناوبن، بەڵکو ناوە درێژەکەی بەرانبەریان لەبیر چۆتەوەو خۆیان بوون بە ناوی بنەڕەت. لەبەر ئەمەیە کە بە یەکێکی بە ساڵاچوو دەڵێی (خاڵ قالە) هەست ناکەین کە کورتە ناومان بە کار هێنابێت.

## کاکڵەی لێکۆڵینەوەکە:

که دەڵێن ئافرەت شێوازێکی جیاوازی سەربەخۆی هەیە لە ئاخاوتندا، مەبەستمان ئەوە نیە کە کوردیەکەی جیاوازەو پیاوان تێیناگەن، بەڵکو دەمانەوێت بڵێن کۆمەڵەك پیاو کە ئافرەتی بە زۆرە ملیَ لە ماڵەوە خزاندوەو خۆی کردوە بە خاوەنی کۆمەڵ و پێوانەو بەهاو ئاکاری خۆی بەسەر کەسانی تردا سەپاندووە بەمە ئافرەتی ناچارکردوە پەنا بەرێتە بەر هەندێ تەکنیك لە ئاخاوتندا کە رەنگدانەوەی ئەم بارەی ژیان و کەسێتی خۆیەتی.

بڵاوترین شێوەی ئەم تەکنیکە بۆیەکێکی رێزلێگرتن و ناسکیە کە لە سیما یان دیوی ناوەوەی هەموو ئاستێکی قسەی ئافرەتدا هەستی پێدەکرێ، بەم ناسکی و دەستی رێزلێنانە کە بە هۆی چەند هۆکارێکی زمانی و نازمانیەوە دەستی دەخات دەتوانێت دیوی دەرەوە داپۆشێ و ئەو راستیە بشارێتەوە کە ئەم لەبەر ئەو بارە ناسکەی تێیدا دەژی ناتوانێ خۆی بەرانبەر زۆر شت لێپرسراو بکات و وای بە باشتر دەزانێ کە بڕیاری راستەوخۆ نەدات و بڕیارِی سەرزاری بۆ پیاو بەجێبهێڵێت، بەڵام ناوبەناو خۆی بڕیارەکانی فێربکات و وای لێبکات ئەم ببێتە دەمڕاستی. بەمجۆرە خۆی هەر گوڵەخان و ئاتەخانە و تا دەگاتە حەفتا ساڵەش هەر سەرزاری بێدەسەڵات و بێگوناهە. بەڵام کەسێتی خۆیشی هەرپاراستووە و هەر خۆی لەو دیوی پەردەوە فەرمانڕەوایی دەکات.[1]

که دەڵێن ئافرەت لەم کەلێچەرەی ئێمەدا ئەم تەکنیکانە بەکاردێنێ مەبەستمان ئەوەیە، کە وایان لێچاوەروان دەکرێ بەم جۆرە بکەونە ئاخاوتنەوە. بێگومان ئافرەت هەیە کە ئەم تەکنیکانە بەکارناهێنن، بەڵام ئافرەتێکی ئازاو بەجەرگی دەوێ کە لە کۆمەڵەکەی خۆی

١- بێگومان بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتی سلێمانی زیرەك و وریاو ژیرن و خاوەنی بیرێکی مەنتیقین. بەمە لێکۆڵینەوەکەمان پێچەوانەی ئەو بیرانە دەوەستێ کە ئافرەت بە گشتی بە ساویلکە و ناشی و گێل دادەنێن، (بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە، د. کوردستان موکریانی. دەنگی ئافرەتی کورد لە هۆنراوەکانیدا، بەیان ژمارە ٦٣ی حوزەیرانی ١٩٧٤ یان Sexology of style کە لەسەرو ترەەوە ناومان هێناوە.) ئەم بیرەی لێکۆڵینەوەکەمان کە(ئافرەتان ژیرو هۆشیارن) لەگەڵ بیرو رای هەندێ لە خاوەن کارگەو کاربەدەستەکانی هەندێ لە کارگەکانی ناو سلێمانیدا رێکن- بە بیرورای زۆربەیان (دیداری کەسی) ئافرەتی کرێکاری سلێمانی نەك هەر ژیرو وریان بەڵکو لە زۆر کاریشدا لە پیاو سەرکەوتووترن، بە تایبەتی لە هەستکردن (perception) و رەنگ ناسینەوەدا بە بیرو رای ئەمانە ئافرەت وێنەی نیە.



هەڵگەرێتەوەو وەك هەموو ئافرەتێکی تر هەڵسوکەوت نەکات و جێی رەزامەنددی ئافرەتانیش بێ.

ئەم تەکنیکانە وەنەبێ تەنیا لە ئەنجامی ئەوەو هاتبێت کە پیاوو ئافرەت هەڵکەوتەیەکی بایولۆجی جیایان هەیە، بەڵکو رەوشتیچکی زمانیە و وەك هەموو رەوشتێکی تر لە ژێر کاری راهێنان و پەروەردەدا لە منداڵیەوە لە ئافرەتدا دروست بووە، بە واتایەکی تر بۆیە ئافرەت ئەم تەکنیکانە لە ئاخاوتندا بەکاردێنێ چونکە لە مناڵیەوە و بێئاگایی خۆی لە کۆمەڵی پیاودا فێرکراوە ناو بەناو پاداشتی لەسەر ئەم رەوشتەی وەرگرتووە.

بەوەی ئافرەتێکی نائاساییان داناوە. تەنانەت لەو کۆمەڵانەشدا کە بە ئاشکرا دان بە مافی ئافرەتدا دەنرێ قوتابخانەو ماڵ و دەزگاکانی راگەیاندن هەر فێری ئەم ناسکی و بە ئابڕوویە سەرزاریەیان دەکات لە ئاخاوتندا هەر ئەمەشیان تێدا دروست دەکات.

*** ئەم لێکۆڵینەوە لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە(١٠٧)ی ساڵی ١٩٨٥بڵاوکراوەتەوە.**

# هێماكاری[١] و زمانەوانی

## ١- سەرەتا:

زمانەوانی بریتییە لەلێكدانەوی زانیاریانەی زمانی مرۆڤ و ئەو بابەتە مرۆڤیانەیە، كـە لەلایەكەوە دەكەوێتە سەر سنووری چەند زانـستێكی وەك كۆمەڵناسـیو زانـستی دەروونو مێژوو و ئەدەب و لەلایەكی تریشەوە كەڵك لە زانیـاری بـایۆلۆجیو نیورۆلـۆجیو فیزیـاو بیركاریو لۆجیكو هێمالۆجی وەردەگرێ. ئەم بابەتەی دوایـی، هێمـالۆژی، پەیوەندییــەكی پتەوی لەگەڵ زمانەوانیـدا هەیـە، چـونكە هـەردوو زانیارییەكـە خـەریكن بەلێكدانـەوەی پەیوەندی نێوان فۆرِم و واتای هێما. تاكە جیاوازییان لەم رووەوە لەوەدایە، كـە هێمـالۆجی وەك زانستێك لەهەمـوو جۆرە پەیرەوێكی هێما دەكۆڵێتەوەو پەیوەندی نێوان فـۆرِمو واتـای هەموو هێمایەك ئاشكرا بكاتو بزانێ پەیوەندییەكی رێكـە یـان نارێـك، راسـتەوخۆ یـان ناراستەوخۆ.[٢] هەرچی زمانەوانییە، تەنیا خەریكی لێكدانەوەی جۆرێكی تایبەتی هێمایە،

---

١- مەبەست لەهێماكاری داهێنانو بەكارهێنانی هەموو جۆرە هێمایەكە. هێمالۆجی ئەو زانستەیە كـە خـۆی بەلێكدانەوەو شیكردنەوەی هێماوە خەریك دەكات. بەبیری سۆسێر هێمالۆجی ئەو زانیارییە، كە لەژیانی هێمـا دەكۆڵێتەوە وەك راستییەكی كۆمەڵایەتی. هەندێ زمانەوان هێمالۆجی بەبەشێ لەزمانـەوانی دادەنـێن چـونكە بێزمان هێما واتای نابێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Naitsir Cnolya Bdna luap robaF, 1975 noitaitini a  aleuqitsiugnil. Pp. 8-16

٢- بۆ نموونە، رەنگەكانی گلۆپی پەڕینەوە بـەپێڕەوە هێمایـەكی رێـكوپێكی راسـتەوخۆ دەژمێـردرێ چـونكە نیـشانەو یاسـاكانی نـاگۆڕێنو دیـاریكراون. بەپێـچەوانەوە لەوحـە یـان وێنـە نیـشانەیەكی نارێـكو پێـكو ناڕاستەوخۆیە چونكە نیشانەو یاساكانی دەگۆڕێنو بـەپێی بڕیـاری هونەرمەنـد، بەواتایـەكی تـر لێكدانـەوەی وێنەیەك لەیەكێكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێ، بەپێی شارەزایی لەهونەردا.



ئەو جۆرەی كە لەزماندا كاردەكـات و (هێمـا زمانییـەكان) دەیـەوێ سروشـتی پەیوەنـدی فۆرمو واتا لەمانەدا دیاری بكات.

## ٢- هێماكاری لەژیانی مرۆڤدا بەگشتی:

گیانەوەر لەناوخۆیاندا زۆرجار لەسەر ئاو و خواردنو شـوێنو سـەركردایەتی شـەڕدەكەن. مرۆڤ، بەپێچەوانەوە، نەك تەنیا لەسەر ئەم شتانە خۆیان بەڵكو لەسەر هێمایانەش كە خـۆی بۆ ئەو شتانەی دادەنێ هەمیشە لەشەڕكردن دان. ئەوەتە مـرۆڤ نـەك هـەر لەسـەر خـواردن بەڵكو لەسەر پارە (كە هێمایەكی خواردنە)، هەر لەسەر دەسـتەڵاتو سـەركردایەتی بـەڵكو لەسەر ئەستێرەی سەرشـانو خـەتو تـەخت(كـە هێمـای دەسـتەڵاتن) یـەكتری دەبڕێننـەوە لەكاتێكدا، كە هێماكاری بۆتە بەشێكی گرنگ لەژیانی رۆژانەی مـرۆڤو هـەموو لایـەنێكی گرتۆتەوە، دیاردەكە زۆر كەم كاری كردۆتە سەر گیانەوەری ترو بەدەگمەن لەناویاندا هەسـت بەبوونی دەكرێ. هەر لەبەرئەمەشە، كە زۆر شارەزا لەو باوەڕەدان كە هێماكـاری زۆر زیـاتر لەزمانو هۆشو كۆمەڵ پەروەری مرۆڤی لەگیانەوەر جیاكردۆتەوە.

هێماكاری بریتییە لەوكارەی كە مرۆڤ تێیدا بەئارەزوو خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناو خۆیاندا پێكبێن شتێك دانێن بەهێما بۆ شتێكی تر. ئەم هەلومـەرجی پێكهاتنـەش لەو كاتانەدا دێتە كایەوە، كـە دوو مـرۆڤ یـان زیـاتر بەیـەكتر دەگـەن دەیانـەوێ ژیـانی خۆیان رێكبخەن.

هەروەك لەپێشترەوە روونمان كردەوە هێماكاری هەموو لایەنێكی ژیانی مرۆڤی گرتۆتـەوە. بۆ هەرلایەك دەچین دەبینین ئەم هێماكارییە لەكاردایەو كەڵكی لێوەردەگیرێ. تـاج، ئەسـتێرەی سەرشان، خەتی سەر باسكو ملوان هێمان بۆ پایەی سـەربازی. ئەمووسـتیلەو بـازنو گـوارەو پشتێنو گۆبەرۆكی زێڕ هێمای دەوڵەمەندین. جلی تایبەتی هێمایە بۆ ئەنـدامێتی كۆمـەڵێكی دیاریكراو هەروەك چۆن سەربازو پۆلیسو پزیشكو پاشاو پیاوی ئاینیو قوتابیی زانكۆ، بەهۆی جلەكانیانەوە دەناسرێنەوە چـونكە بەرگـەكانیان هێمایـە بـۆ كاركردنیـان نـەك هـەر لەبـەرگ هەڵبژاردندا، بەڵكو لەخواردنو تەنانەت لەناوماڵیشدا هێماكاری باوەو كەڵكێكی زۆری هەیـە. بۆنموونە لای موسڵمانەكان برنجو گۆشت لێنان لەئێوارانی هەینیو شەوی مـەولوود دا هێمایـە بۆ موسڵمانێتی راست. هەروەك هێنانەوەی میوان لەشەوی وادا هێمایە بۆ یەكسانیو نـەبوونی جیاوازی چینایەتیو مرۆڤایەتی. دیسانەوە هەڵبـژاردنی ناومـاڵیش هێمایـە بـۆ پایـەو چـینی

کۆمەڵایەتی خاوەن ماڵ. بۆ نموونە، لەهەندێ چیندا گۆڕینەوەی سەیارە لەبەر باشیو خراپی یان نوێو کۆنی مۆدیلەکە نییە، بەڵکو هێمایەکە بۆ چینو پایەو بەهای کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی.[1]

لە هێماکاریدا پێویستمان بەوە دەبێت کە سێ خاڵی سەرەکی لەیادنەکەین:

١- مرۆڤ هەموو کاتێ توانای ئەوەی هەیە بەها (نرخ) یان هێما بۆ هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی دابنێو بیانداتەپاڵ هەر شتێك بیەوێ. بۆ نموونە، ئێمەی مرۆڤ دەتوانین لەناوخۆماندا رێکبکەوینو (س) بۆ (شەرواڵ)و (ج) بۆ (کراس) دانێین، یان (س) بۆ (چیا) و (ج) لەجیاتی (کێو) یان (س) بۆ هەردی شاعیرو (ج) بۆ (زێوەر) بەکاربێنین. ئەم هێماکارییە هەرچەندە لەخۆیدا ئاشکراو دیارە، چەند راستیەکمان بۆ روووندەکاتەوە، کە زۆرجار لەیادانین یان دەخرێنە پشت گوێ.

أ- هێما لەبنەڕەتدا خاوەنی هیچ تایبەتێکی خۆی نییە، لەبەرئەوە نەجوانە نەناشیرین، نەخراپەو نەچاك، نەلەبارەو نەنالەبار بەڵکو ئەم تایبەتیانە زۆرجار بەهەڵە دەدرێتە پاڵی و پاشماوەیەك لەخۆشمان دەبێ بەڕاست.

ب- هێماکاری بەندە بەپێکهاتنو رێککەوتنی کۆمەڵە خەڵکێکەوە. بەواتایەکی تر، هێماکاری بەبڕیاری کۆمەڵ دێتە کایەوەو مانەوەشی بەندە بەمانەوەی ئەم بڕیارەوە، هیچ هێزێکی تر ناتوانێ لەناوی بەرێ یان بیپارێزێ کۆمەڵەکە خۆی نەبێ.

ج- پەیوەندی نییە لەنێوان شێوەی هێماکەو ئەو شتەی بەرامبەری دادەنرێ. بۆ نموونە، رێکەوتنەکە پایەی سەربازی لەناو کۆمەڵی ئێمەدا بەخەتو ئەستێرەو تاج نیشان دەدرێ، لەهەندێ کۆمەڵدا هەمان واتا بەهۆی پەڕی رەنگاورەنگەوە دەگەیەنرێ. (وەك لەناو هیندیو ئەمریکایەکاندا باوبوو).

د- لەسەرەتای دانانو بەکارهێنانی هێمادا هەندێ جار هەست بەوە دەکرێ، کە نامۆو نالەبارە بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ئەم نامۆییو نالەبارییە لەناودەچێتو تا زیاتر بڵاوبێتەوە بەناوخەڵکەکەداو فراوانتر بەکاربێت، کەمتر نامۆییو نالەباری پێوەدیار دەبێتو زیاتر دەچەسپێ. لەم رووەوە، هێمای نوێ وەك بەرگی نوێ وایە لەڕۆژانی یەکەمیدا خۆش نییە لەبەرا.

١- رەنگە زۆر کەس تێبینی ئەوەی کردبێت، کە زۆر کەس بەتایبەتی لەوانەی پارەدارن، کە لات دەبنو بێ پارە دەبن، سەیارەکانیان دەگۆڕنو مۆدیلی نوێی قەشەنگ دەهێنن تاوەکو راستی باری ئابووری خۆیان بشارنەوە. لەم دۆخانەدا گۆڕینی سەیارەو بەرگ. . . . . . هتد. هێمایەکە بۆ چینو پایەی ئابووری ئەم کەسانەلەکۆمەڵەکەدا.



٢- مرۆڤ نەك هەر دەتوانێ هێما بداتە پاڵ شتێك بەڵکو توانای ئەوەشی هەیە، کە هێما بۆ هێمای تر دابنێ، بۆ نموونە، هەر لەنموونەی یەکەمدا، ئێمە دەتوانین هێمای (م) لەجیاتی هەموو (س) سینەکانی سەرەوەو (ن) لەجیاتی هەموو (ج) جیمەکانی سەرەوە بەکاربێنین. بەم جۆرە (م) یەکسان دەبێت لەگەڵ (شەرواڵ، چیا، هەردی) و لەگەڵ (کراس، زێوەر). ئەم توانستە، توانای هێمادانان بۆ هێمای تر، هەر لەمرۆڤدا بەم جۆرە فراوانیە هەیە. ئەگەر مرۆڤ ئەم توانستەی نەبووایە، نەی دەتوانی یەکێك لەهەرە دەسکەوتە گرنگەکانی بهێنێتە دی، کە داهێنانی نووسینی فۆنەتیکییە. نووسینی فۆنەتیکی (بەهەردوو جۆرەکەیەوە، بڕگەییو فۆنیمی) کەتێیدا پیت دەگۆڕینەوە بەدەنگ(فۆنیم)و دەنگ بە واتا دووجار دوورکەوتنەوەیە لە واقیع دووجار رووتکردنەوەیە (تجرید)، چونکە هێما (پیت) دادەنێن بۆ هێمای تر (فۆنیم).

هەرچی جۆرەکانی تری نووسینە (نووسینی واتایی کە بریتییە لەبیریو وێنەیی) تەنیا پێویستی بەوەیە، کە هێما (لێرەدا پیت) بۆ شت (لێرەدا بیر) دابنێین، لەبەرئەوە هەنگاوێك کورتترەو یەك جار لە واقیع دوورکەوتۆتەوە.

٣- شایانی باسە، کە واتا یان ئەو بەهایەی دەدرێتە پاڵ هێمایەك لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر یان لەچینێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ. بۆ نموونە لای چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ بەرگی ئاڵاو واڵاو پێڵاوی پاژنە بەرزو نینۆکی درێژو تیژ هێمای کارنەکردنو رەنج بردنی خەڵکی ترە. هەمان دیاردە لای چینی ناوەند بەو واتایە دێ کە ئەمانیش هیچیان لەو چینانەی سەرەوە کەمتر نییە.

کەم شت هەیە، کە مرۆڤ دەیکات یان دەیەوێ بیکات یان هەیەتی یان دەیەوێ ببیێت، کە جگە لەبەها بایۆلۆجیو میکانیکیەکەی بەهایەکی هێمایشی نەبێت. هێماکاری لەهەموو جۆرە کۆمەڵێکی مرۆڤانەدا هەیەو هەموو لایەنێکی ژیانی ئادەمیزادی گرتۆتەوە و لەکۆمەڵە هەرە پێشکەوتووەکانیش دا هەست بەبوونی دەکرێ.

ئاشکراشە، کە هێماکاری تاڕادەیەك ژیانی مرۆڤی ئاڵۆزاندووە و هەندێ رەوشتی ناپێویستی تێیدا دروستکردووە، هەر ئەمەشە وای لەهەندێ لە فەیلەسووفەکان کردووە وا بیربکەنەوە کە ژیانی ئاژەڵانی تر لەبەرکەمی هێماکاری سادەترو ئاسانترو سروشتی ترو خۆشترە. زۆرجاریش ئاڵۆزی ئەم ژیانەمان وامان لێدەکات ئاوات بەئاژەڵ بخوازین. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم هێماکارییە کە چەندین رەوشتی ناپێویستو ناژیرانە لەمرۆڤدا دروست دەکات، هەرخۆی بۆتە هۆی دروستکردنی زمانو هەموو ئەو دەسکەوتە گرنگو مەزنانەی کە

مرۆڤ بەهۆی زمانەوە چنگی دەکەوێ، بێگومــان وەك هــەروەك چــۆن کێــشەی دەســتنەکەوتنی بەنزینو دەستنەکەوتنی پارچەی سەیارە نابێت وامان لێبکات ئاوات بەو سەردەمانە بخوازین کە بەکەر هاتووچۆ دەکرا، هەروەها ئەو ڕەوشتە ئـاڵۆزو نـاژیرو بێمانـای کـە هێماکـاری ناوبــەناو دەیهێنێتە ژیانی مرۆڤەوە، نابێت وامان لێبکات ئاوات بەژیانی ئاژەڵو گیانەوەر بخوازین، هەر لەبەرئەوەی سادەو ئاسانە. چارە لەوەدایە کە هەوڵبدەین لە هێماکاری بگەین، وەك یەکێك لەو هەزاران دیاردەییەی کە لەدەوروبەرماندا هەن. هەر کاتێك بەتــەواوی لــەهێماکاری گەیــشتین، ئەوا لە مەترسی ئەوەدا ناژین، کە بەهەڵەدا بچینو ببینە کۆیلەی هێماکاریو لەســەر پەنــچەی ئەو بجوولێینەوەو بەخواستی ئەو بیربکەینەوەو بمان خەڵەتێنێ یان لەخشتەمان بەرێو بــەدەردی ئەو پیرەژنانەمان بەرێ کە نەیدەزانی شانۆگەری هێماکاییەو سەری لــەوە ســوورمابوو، کەچــۆن پاڵەوانێك، کە (لەشانۆگەرییەکدا) کــوژرا یــان مــرد، جــارێکی تــر (لەشــانۆگەرییەکی تــردا) "زیندوو" دەبێتەوەو سەرهەڵدەداتەوە وەنەبێ هەر مرۆڤــی ســاویلکەو نەخوێنــدەوار بکەوێتــە هەڵــەی واوە، بــەڵکو زۆرجــار تەنانــەت مرۆڤــی خوێنــدەوارو لــەدونیا گەیــشتووش بەتەڵــەی هێماکارییەوە دەبێتو بێئەوەی بەخۆی بزانێ لەم پیرەژنە خراپتری بەسەردێت.[1]

## ٣. ١: هێماکاری لەزماندا:

لە پێشترەوە لەوە دوایــن، کــە مــرۆڤ بــەپێکهاتن دەتــوانن هێمــا بــۆ هەرشــتێك بیانــەوێ بەکاربێنن. هەر لەسەرەتای پەیدابوونیانەوە لەســەر ئــەم زەوییــەو بــەدوای پەیــدابوونی کــاری کۆمەڵێدا مرۆڤ هەر لەسەر ئەوە پێك هاتوون، کە دەنگو قیــژە (ئەوانــەی کــە بــەهۆی ســیو قوڕگو دەمو لووت و ئەندامانی تری ئاخاوتنەوە پێکدێن) بکەن بەهێتا بۆ ئەو ڕووداوانەی کــە لەدەوروبەریاندا ڕوودەداتو مێشکیان تۆماری دەکات.

زمان لەبنەڕەتدا بریتیە لەم ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتیە، بــۆ نموونــە، ئــەو کەســانەی بــەکوردی دەدوێن بێئاگایی خۆیان پێکهاتوون لەسەرئەوەی دەنگی /بەر/ وەك هێمایەك لەجیاتی (میوەی

١- بڕوانە: awkayah, 1974, egaugnal ni thguaht noitcadna, p. 21-30
هایاکاوە، ل٢٥، نموونەیەکمان لەسەر ئەم دیاردەیە دەداتێ لەدوای ئــەوەی ئەکتــەرێکی ئــەمریکی لەفلمێکــدا دەوری سەرۆکی ئەمریکی (ڕۆزفلت) دەبینێ. زۆر لەزانکۆ ئەمریکییەکان بانگی دەکەن کە دەربارەی ژیانی ئەم سەرۆکە بدوێ (هەروەکو ئەم ڕۆزفلت بێت).



درەختو گیاو گوڵ) بەکاربێت. ئەوانــەی گوێیــان لــەم وشــەیە دەبــێو لــەکوردی تێدەگــەن وا چاوەڕوان دەکرێت هەمان دیاردە لەمێشکیاندا تۆماربکەن.


بێگومان هەروەك چۆن لە هەندێ کۆمەڵدا (پەڕ) دادەنــرێ بــەهێما بــۆ پایــەی ســەربازیو کۆمەڵایەتیو لە هەندێکی تردا ئەستێرەو خەت بەم ئەرکە هەڵدەسێ، هــەروەها هــەر کۆمەڵــە دەنگێکی جیاواز (هێمایەکی جیاواز) بۆ هەمان دیاردە بەکاردێنێو ئەوەی لەکوردیــدا (بــەر)ی پێدەوترێ لەعەرەبیو ئینگلیزیو زمانی تردا هێمای بۆ دانــراوە. ئەگــەر دوو کۆمــەڵ هــەمان هێمایان بۆیەك دیاردە بەکارهێنا، ئەوا یان ئەو دوو کۆمەڵە خــزمن یــان یــەکێکیان هێماکــەی لەویترەوە خواستووە یان تەنیا ڕێککەوتە، کە ئەو دوو هێمایە لەیەکتردەچن.

شایانی باسە کە مەرج نییە، هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان هێماو شتەکەی بەرامبەریــدا هەبێت هەروەك چۆن کەسێك دەتوانێ جلی قوتابی لەبــەربکاتو بێئــەوەی لــەزانکۆ بێــت یــان خۆی بەبرسی یان تینو یان تــووڕە پیــشان بــدات. هەرچــەندە ئــەم ڕاســتیە ئاشــکراو بەڵگــە نەویستە، زۆرجار هەستی پێناکەین تا هەوڵی تەواو نەدەینو بەوردی بیر لەکێشەکە نەکەینەوە. وەك بەڕەوشتو شێوەی بیرکردنەوەماندا دەردەکەوێ بێئــەوەی هــیچ بەڵگەیــەکمان بەدەســتەوە بێت هەندێجار لەو باوەڕەداین (یان وا ڕەفتار دەکەین) کە پەیوەندییەك هەیــە لــەنێوان هێمــاو بەرامبەرەکەیدا (ناوو ناولێنراودا)، ئەگینا بــۆ وابەبیرمانــدا دێ، کــە زمــانی بێگانــە ئاســایی "سەیرە" و پڕە لەوشەی "عەنتیکە"و هیچ "ناوێکیان" لەگەڵ "ناولێنراودا" ڕێناکــەوێ، یــان بۆ وا بەبیرماندا دێ کە وشــەی "گــا" لەکوردیــدا دەبــێ وەك ئاژەڵــەی بەرامبــەری دەوەســتێ ناشیرینو دەبەنگو گیژو وێژبێت یان بۆ وشەی "هەستیار" ڕەتکەینەوە هــەر لەبەرئــەوەی لــە "کەمتیار" دەچــێ، لەکاتێکــدا کــە دەزانــین کــە هێمــا نەجوانــەو نەناشــیرین نــە پەیوەنــدی بەناولێنراوەوە هەیە.)

## ٣. ٢: تایبەتیو دیوەکانی هێمای زمانی:

زمانی مرۆڤ بریتییە لەو پێڕەوەی (نیزامە) کە مرۆڤ بۆ لەیــەکتر گەیــشتن بــەکاری دێنــێ. بەکارهێنانی ئەم پێڕەوەش بەندە بەتوانای داهێنانو لێکدانەوەی بەکارهێنانی هێماوە، کە مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرێکی تر جیادەکاتەوە. هێمای زمانی بریتییە لەڕۆنانێك کــە دوو دیــو یــان دوو ڕووی هەیە، دیوێکی پێکهــاتووە لــە ریزەدەنگێــك، کــە بــەرگوێ دەکــەوێ (دەبیــسترێ)و دیوەکەی تریشی بریتییە لەبیرێك کە بەرامبــەر ئــەم ریــزە دەنگــە دێــتو لەمێــشکی مرۆڤــدا

هەڵگیراوە. هەردوو دیوی هێماکە دەنگو بیر بەهۆی کاری تێکەڵکردنەوە[1] بەیەکترەوە دەلکێن. بەم پێیە لەکوردیدا هێشوە دەنگی {پژدەر} (کە ڕێنووسی کوردی وەك "پشدەر" دەینوێنێ) و ئەو واتایەی کە هەیەتی (ناوچەیەك) دەگەێنێو بەهەردوکیان هێمایەك پێك دێنن. ئەم دوو دیوەی هێما بەزۆر چەشنی جیاواز لەزمانەوانیدا ناویان براوە. هەندێ زمانەوان بەم هێشوە دەنگە دەڵێن (فۆرم) (ڕوخسار) یان (ناو)و بەدیوە واتاییەکەش دەڵێن (بیر)، (ناوەڕۆك) یان (چەمك). بەم جۆرە دەتوانین بڵێین فۆرمی (پشدەر) لەگەڵ واتاکەیدا یەك دەگرنو لەکوردیدا هێمایەك دروست دەکەن وەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:




بۆ ئەم وێنەیە قەرزاری (Brosnan)م بڕوانە: Brosnana etal, 1970, Introduction to phonetics, Great Britain, p. 1-8

لەو زمانانەدا، کە خاوەنی ڕێنووسن هێما زمانییەکە دەتوانرێ بەهۆی پیتەوە بنوێنرێو رووخسارێکی تریشی بدرێتی، کە لەبەرچاوا بێت(بخوێندرێتەوە). بەم جۆرە هەر ئەو هێمایەی سەرەوە دەتوانرێ وەك هێشوە پیتێك پیشان بدرێ (پشدەر). لەم دۆخەدا هیچ لەکێشەی

١- مەبەست لەکاری تێکەڵکردن لێرەدا "اقتران" یان "noitaicossa"

بڕوانە: Brosnana etal, 1970, Introduction to phonetics, Great Britain, p. 1-8



هێماکە نەگۆڕاوە چونکە هێشوە پیتەکە وەك هێشوە دەنگی (فۆنیم) لێك دەداتەوەو دەیلکێنێ بەواتاکەوە. هەر لەبەرئەمەیە کە دەڵێین لە نووسیندا دوو هەنگاو (شەقاو) لەڕاستی دوور دەکەوێتەوە. (بڕوانە: ١. ٣)

دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەم دوو دیوەی هێمای زمانی (فۆرمو واتا) لەیەکتری جیانابنەوە هەرچەندە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە ناوبەناو لەیەکتریان دەترازێنن. هێمای زمانی خاوەنی چەند تایبەتێکی خۆیەتی:

١- پەیوەندی نێوان روخسارو ناوەڕۆك لەزۆربەی هێما زمانییەکاندا پەیوەندییەکی لەخۆوەیە. بەواتایەکی تر، هێشوە دەنگی {پژدەر} خاوەنی هیچ تایبەتێکی خۆی نییە، کە وای لێکردبێت بڵێین لەبارە یان دەگونجێ بۆ ناونانی ناوچەکە. هەروەها هیچ شتێکیش نییە وامان لێبکات بڵێین ئەم "بیرە" پڕبەپڕی "فۆرمەکە"یە. هەر لەبەرنەبوونی ئەم پەیوەندییە کە ناتوانین وەڵامی پرسیاری وەك: (بۆ کورد بە "شێر" دەڵێ "شێر") بدەینەوە لەوە بەولاوە کە بڵێین هەر لەمێژەوە باوکو باپیرمان لەسەر ئەمە ڕێکەوتوونو ئێمەش بەدوای ئەمانەدا لەسەر ئەم ڕێکەوتنە دەڕۆین.

٢- سنوور دانانێ بۆ درێژی هێمای زمانی. وشەیەکی کورتی وەك "باڵ" دەتوانێت بەهێمایەك دابنێینو هەروەها رستەیەکی درێژ یان تەنانەت ئاخاوتنێکیش هەمووی پێکەوە بەتاکە هێمایەك دانێین. دیسانەوە دەتوانین بڵێین رستە یان پارچەیەك ئاخاوتن پێکهاتووە لەلێکدانی دەیانو سەدان هێمای زمانی جیاجیا، بۆنموونە رستەیەکی کوردی وەك: "کەرەکە کەپرەکەی رووخاند" دەتوانرێ بەتاکە هێمایەك دابنرێ لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین رستەکە لەچەند هێمایەك پێکهاتووە وەك (کەرەکە)، (کەپرەکە)، (ڕووخاند). بێگومان ئەم هێمایانە لەهەموو زمانێکدا وەك یەك بەرەودوانایەن. لەکوردیدا (کەر+ ەکە) دەبێت بەڵام لەئینگلیزیدا بەپێچەوانەوە دێنو ئامرازی ناسین پێش ناوەکە دەکەوێ.

شایانی تێبینی کردنە، کە هەر یەکێك لەم هێمایانە ئەندامی کۆمەڵە هێمای ترن لەزمانەکەداو تەنیا ئەندامانی کۆمەڵەکە دەتوانن جێگای بگرنەوە لەرستەکەدا. بۆ نموونە دەتوانین لەجێگای هێمای (کەرەکە) لەهەمان رستەدا، منداڵەکە، شوانەکە، گاوانەکە،...... هتد بەکاربێنین، بەڵام ناتوانین ئەندامی کۆمەڵێکی تری وەك: (ئازا، گەورە، زل..... هتد) لەجێگای (کەرەکە) بەکاربێنین.

٣- هێمای زمانی بەپێی کات ریزدەبن، بەواتای ئەوەی، کە هێماکان لەرێچکەی گوتندا بەدووی یەکتریدا دێنو بەشێك لەو بەهایەی کە هێماکە هەیەتی لەوەوە وەریگرتووە، کە بەدوای هێمای تردا دێت. (پەیوەندی ئاسۆیی)[1]

٤- هەموو ئەو هێمایانەی کە لەزمانێکدا بەکاردێن بەیەکەوە پەیڕەوێ دروست دەکەنو بەهای هەر هێمایەك وەردەگرین دەبینین کە لەپەیوەندی نێوان هێماکانی پەیڕەوەکەوە هاتووەو لەئەنجامی بەرامبەر وەستاندن دێتەکایەوە (پەیوەندی شاقوولی)[2]

## ٤. هێماکاریو زمانەوانی، پەیوەندی نێوانیان:


بەبڕوای زۆربەی زمانەوانەکان زمان بریتیە لە کۆمەڵە هێمایەکی تێکچڕژاو، کەوابێ بریتی دەبێ لەلێکدانەوەیەکی زانیاریانەی ئەم هێمایانەو پەیوەندی نێوان فۆڕمو واتایان، هەر لەبەرئەمەشە، کە هەر ئاستێك لەئاستەکانی زمانەوانی خەریکی لێکدانەوەو شیکردنەوەی لایەنێکی هێمای زمانییە. بۆنموونە فۆنۆلۆژیو فۆنەتیك خەریکی لێکدانەوەی فۆڕم یان رووخساری هێمای زمانینو هەریەکەیان رۆشنایی دەداتە بەر لایەنێکی ئەم فۆڕمە، فۆنۆلۆژی خەریکی لێکدانەوەی ئەرکی ئەم فۆڕمانەیە لەزمانێکی دیاریکراوداو فۆنەتیك وەك دیاردەیەکی دەنگی لێیان دەکۆڵێتەوە. ئەم وێنەی خوارەوە پەیوەندی نێوان هێماو ئاستەکانی زمان دەخاتەڕوو:

---

١- مەبەست لەپەیوەندی ئاسۆی کاری هێمایەکە لەسەر هێماکانی تری دراوسێ. بۆ نموونە لەرستەیەکی وەك: (ئەم پیاوە لەماڵەکەدا بوو) ئاشکرایە کە ئەو بزوێنەی لکاوە بە (پیاو)ەوە لەژێر کاری (ئەم)دا بووە، هەروەها ئەو پاشگری (دا)یەی کە بەپاشکۆی (ماڵەکە)وەیە پاشبەندی ئامرازی (لە)یە کە لەپێشترەوە هاتووە. لێکۆڵینەوەی ئەم پەیوەندی دراوسێیەتی یە بەشێکی گرنگە لەرێزمان چونکە ئەم جۆرە ریزبوونە بەها دەداتبە هێماکان.

٢- هێمای زمانی هەندێجار بەها لەبوون یان نەبوونی خۆی وەردەگرێ. بۆنموونە بەهای هێمایەکی وەك (شەنگە) لەوەوە وەرگیراوە، کە فۆنیمی /ش/ بەرامبەر /ج، س، ق، ژ، ل، ر، د،. . . . . . هتد/ دەوەستێ وەك ئەم وشە کوردیانە دەری دەخات: جەنگ، سەنگ، قەنگ، ژەنگ، لەنگ، رەنگ، دەنگ.






## ٥. هێما لەڕووی تاریکیو روونییەوە:[1]

وەك لەپێشتر بۆمان دەرکەوت ئەو هێمایانەی کە پێڕەوی زمان پێکدێنن هەموویان لەو بابەتەن کە پێویستیان بەپەسندکردنی کۆمەڵە. یەکێك لەبیرە هەرە گرنگەکانی سۆسێر ئەوەیە، کە زمانی مرۆڤ پەیڕەوێکی هێمایی تاریكو لەخۆوەیە.

---

١- لێرەدا زاراوەی (تاریك) بەرامبەر (opaque) بەکارهاتووەو زاراوەی روونیش بەرامبەر (motivated) یان (Transparent) دەبێ پەنچە بۆ ئەو راستیە رابکێشین، کە سێ جۆرە روونیمان هەیە: (١) روونی فۆنەتیکی وەك وشەی (فڕە، قڕە، بۆڵەو شنەو کۆکە. . . . هتد)کە پەیوەندییەکی دەنگی لەنێوان فۆڕمو (ڕوخسار) واتایاندا هەیە. (٢) روونی فۆنۆلۆژی، کە لە وشەیەکی وەك (گەڕانەوەو رۆیشتنەوەدا) بەدی دەکرێ، لێرەدا هەرچەندە مۆڕفیمە پێکهێنەرەکان {گەڕان} و {-ەوە} یان {ڕۆیشتن} و {-ەوە} تارکن. وشە ئاڵۆزەکە بەڕوون دادەنرێ چونکە پاشگرەکە کلیلێکە بۆ روون کردنەوەی واتاکەی. (٣) روونی واتایی، کە بەندە بەبوونی واتای ئاساییو رەوانبێژی وشەوە. بۆ نموونە (دەم) دەم کە بەواتای ئەندامێکی ئاخاوتنو خواردن بێت لەمرۆڤ و گیانەوەردا واتایەکی تاریکی هەیە، بەڵام لە واتا رەوانبێژیەکەیدا، بەواتایەکی تر لە (دەمی مقەس)و (دەمی کۆڵان)دا واتاکەی بەڕوون دادەنرێ چونکە واتا ئاساییەکەی کلیلیکە بۆ دۆزینەوە واتا رەوانبێژیەکەو هەڵهێنانی مەبەستەکە لەم جۆرە فرێزانەدا.

کێشەی لەخۆوەیی هێماکان هەر زۆر لەمێژەوە (هەر لەکاتی ئەرستۆوە) بۆتە هۆی مشتومڕێکی زۆرو ئەوانەی باوەڕیان بەوە هەیە، کە جۆرێ لەپەیوەندی لەنێوان فۆڕمو واتادا هەیە، وشە سروشتییەکان دەهێننەوە بەبەڵگە. بەباوەڕی ئەمانە هەموو هێماکانی زمان لەبنەڕەتدا وەکو (پشە)و (ختە)و (بۆڵە)و (قرە). . . . . . هتد. لەلاسایی کردنەوەی دەنگە سروشتیەکانەوە هاتوون. بێگومان لایەنگرانی ئەم بیرە لەوەدەچێ بیرلەوەنەکەنەوە، کە تەنانەت ئەم وشە سروشتیانەش (کە ژمارەیان زۆر کەمە لەزماندا) پێویستیان بەبڕیاری کۆمەڵەو تەنانەت فۆڕمەکانیشیان لەزمانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە (سەگی کوردی دەوڕێو دەحەپێنێ، کەچی سەگی ئینگلیزی باو-واوێتی). جگەلەمەش ئەم وشانە لەزمانی تردا بەئاسانی ناناسرێنەوە. ئەگەر پەیوەندی لەنێوان فۆڕمو واتا هەبایە، دەبوو لەهەموو زمانەکانی جیهاندا ئەم وشە سروشتیانە یەك فۆڕمیان هەبایەو بەئاسانی لەوشەی تری زمان جیابکرانایەتەوەو بناسرانایە.

تاریكو روونی هێما پەیوەندی نییە بەبوون یان نەبوونی پەیوەندی نێوان فۆڕمو واتا یان رووخسارو ناوەڕۆکی هێمادا، بەڵکو بەندە بەپەیوەندی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان هێماکانی زمان خۆیاندا هەیە. روونی هێما بەچەند رێگایەك دێتەکایەوە:

١- بەهۆی داڕشتنەوە، بەزیادکردنی گیرەك (پاشگر، پێشگر، یان ناوگر) بۆ نموونە (نەرم) لە بنەڕەتدا تاریکە، بەڵام واتایی وشەی (نەرمایی) روونتر دەبێ ئەگەر پێش ئەمە بەوشەی (نەرم) گەیشتینو پاشگری (-ایی)مان لەوشەی تردا (ڕقایی، ئاوایی..... هتد) بەرچاوکەوتبێت.

٢- بەهۆی لێکدانەوە (بەخستنە پاڵ یەکتری دوو وشە یان زیاتر). بۆ نموونە وشەی (دەست) و (کێشان) واتاکانیان تاریکە، بەڵام لەوشەی لێکدراوی (دەستکێش)دا واتاکەی روونترە.

٣- بەهۆی تێکەڵکردنەوە: بۆ نموونە واتای (زانین)و (کۆکردنەوە) تاریکن بەڵام لە (زانکۆ)دا کە بریتییە لە کرتاندنی چەند دەنگێك و تێکەڵکردنی دەنگە پاشماوەکانی ئەو دوو وشەیە واتاکە بەروونتر دادەنرێ. تاریك و روونی لە هێمای هەموو زمانێکدا هەیە، بەڵام گرنگی دیاردەکە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێو تەنانەت لەچوارچێوەی یەك زمانیشدا لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەگۆڕێ. بۆ نموونە وشەی (دڵخۆش)و (دڵپاك) و (ڕووخۆش) لەڕووی رۆنانەوە روونن، بەڵام هیچ کەرەسەیەکی تر لە کوردیدا واتای (وەرە) روون ناکاتەوە.



بەپێی گرینگی دان بەتاریكو روونی هێما زمانییەکانی جیهان دەبن بەدوو بەشەوە:

١- ئەو زمانانەی کە هێماکانیان بە زۆری تاریکن، وەك فەڕەنسی.

٢- ئەو زمانانەی کە هێماکانیان بەزۆری روونن، وەك ئەڵمانی.

کوردی لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا دەوەستێ، چونکە وشەی تاریکی زۆرە، هەرچەندە لە داتاشینی وشەی نوێدا، وشەی روون پەسند دەکات.[1]

لە زماندا دەبێ دیاردەی تاریكو روونیش بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی بڕیاری کۆمەڵەوە چونکە بوونی پەیڕەوێکی تەواو روون زمانەکە بێپێز دەکاتو توانای گۆڕانکاریو گونجاندنی لێدەبڕێ. روونی هێما دەبێت هەروەك رابەرێك کاربکاتو تەنیا یاریدەی خوێنکاران بدات بۆ لەبەرکردنی واتای هێماکان. بێگومان نابێت پشت بەڕوونی هێما ببەسترێو دەبێ خوێندکار بە وریاییەوە لەگەڵیدا رەفتاربکات تا بەهەڵەی گەورەدا نەیبات. بۆ نموونە هاتنی پاشگری (- یلکە) بەدوای هەندێ ناوی کوردیدا نابێ وا لەخوێندکار بکات وابزانێ لە وشەی (چاویلکە)و (ساویلکە) هەمان پاشگر دووپات بۆتەوە.

## ٦. نیشانەو هێما، جیاوازیو لێکچوون:

نیشانە و هێما لەو زاراوانەن، کە هەر زمانەوانە بەجۆرێکی جیاواز بەکاریان دێنێ. نیشانەی ئاسایی مانایەکی فراوانتری هەیەو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەبرێتی شتی تر دادەنرێنو سەرنج بۆ شتێك رادەکێشن، کە خۆیان نین. لەبەرئەمە، وشە بەنیشانەی دەژمێردرێو زمانیش بەپەیڕەوێکی نیشانەیی دادەنرێ. ئەگەر نیشانە بەم واتا فراوانە بەکارهات، ئەوا دەبێت بەچەند جۆرێکەوە وەك (هێما)و (ئیشارە)و. . . . . هتد.

---

١- چاوپیاخشاندنێك بەو وتارو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی وشەی نوێ داڕشتن کە لەڕۆژنامە کوردیەکاندا بڵاودەکرێنەوە، ئەم راستیەمان تەواو بۆ دەردەخات کە بەزۆری نارەزایی تووند بەرامبەر ئەو وشەو زاراوانە دەردەبڕێ کە تاریکن لەواتادا، بەواتای ئەوەی لەوشەی تری کوردییەوە دانەتاشراونو وەك دەڵێی بنەڕەتیان نییە. بۆ نموونە وشەیەکی وەك (ئاکار)و (هێما) کەمتر پەسندن وەك لەوشەی (هۆشەکی)و (هێماکاری) چونکە نازانین لەکوێوە هاتوونو لەچییەوە داڕێژراون. ئەمەش بەڵگەیەکە کە زمانی کوردی وشەی تاریك زۆر پەسند ناکاتو زیاتر بەلای ئەو وشانەدا دەچێت کە واتاکانیان روونە بەهۆی دەنگەوە یان مۆفۆلۆژییەوە یان واتاوە.

هێما بەلای زۆربەی زمانەوانەکانەوە بریتییە لەو نیشانانەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن یان وەك چەکێك بۆ بیرکردنەوە بەکاریان دەهێنێ. بەلای هەموو ئەو زمانەوانانە کە نیشانەو هێما جیادەکەنەوە لەیەکتری هەموو هێمایەك نیشانەیە، بەڵام هەموو نیشانەیەك هێما نییەو تەنیا ئەو نیشانانە هێمان کە بۆ لەیەکترگەیشتن یان تێگەیاندن بەکاردێن‌و ڕەوشت‌و داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی چەسپاندوونی یان بڕیاری کۆمەڵیان لەسەرە. بەواتایەکی تر هێما بەو نیشانانە دەوترێ، کە مۆری کۆمەڵیان لێدراوەو کۆمەڵ پەسندی کردوون‌و ئەندامانی کۆمەڵێك بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاریان دێنن. بۆ نموونە، لەوانەیە بەپێی شارەزایی‌و زانینی پێشووترمان (زەردهەڵگەڕان) بە (نەخۆشی) و (دووکەڵ) بە (ئاگر) و (سووربوونەوە) بە (شەرم)وە ببەستینەوەو بڵێین (سووربوونەوە) نیشانەی (شەرم) و (دووکەڵ) نیشانەی (ئاگرە)ە. بەڵام ناتوانین بڵێین (دووکەڵ) هێمای (ئاگر)ە و (زەردهەڵگەڕان) هێمای (نەخۆشی)یە، چونکە ئەم نیشانانە مۆری کۆمەڵیان پێوە نییەو بوون‌و نەبوونیان پەیوەندی بەپەسندکردنی یان ڕازیبوونی کۆمەڵەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی سروشتی (دووکەڵ)و (ئاگر)و (زەرهەڵگەڕان)و (نەخۆشی) بەیەکترەوە دەبەستێتەوە. بەپێچەوانەشەوە پەیوەندی نێوان کۆمەڵە دەنگێکی وەك (ئاگر)و لەگەڵ ئەو دیاردەیەی لە کوردیدا دەیگەیێنێ (واتاکەیدا) پەیوەندییەکە کە لە داب‌و نەریت‌و خووڕەوشتی کوردەوە هەڵقوڵاوەو مۆری کوردی پێوەیەو کۆمەڵگای کوردی پەسەندی کردووە. لەبەرئەمە، دەتوانین بڵێین فۆڕمی ئاگر بۆ ئەو گڕە گەرمەی دەتوانێ شت بسوتێنێ.

هەرچەندە زمان گرنگترین و ئاڵۆزترین پەیڕەوە، کە کەڵك لەهێماکاری وەردەگرێ، دەیان پەیڕەوی نازمانی تریش هەن، کە کەڵك لە هەمان بنەما وەردەگرن‌و لەسەری دەڕۆن بەڕێوە، بەواتای ئەوەی شتێك لەبری شتێکی تر بەکاردێنن، بەپێی بڕیاری کۆمەڵ بڵاوترین جۆری ئەم پەیڕەوانە گڵۆپی پەڕینەوەو نیشانەکانی سەر ڕێگاو بزاوتنی دەست‌و دەم‌و لێوو برۆیە.

هەندێ شتی تریش وەك (وێنە) و (نەخشە) زۆرجار وەك نیشانە سەیردەکرێن، چونکە شتی تر دەنوێنن نەك خۆیان. ئاشکرایە، کە ئەم نیشانانە نەدەچنەوە سەر ئەوانەی کە پێیان دەڵێن سروشتی وەك (هەور و باران) و نە لەو نیشانانەن کە بۆ لەیەکترگەیشتن‌و تێگەیاندن بەکاردێن. لەبەرئەوەی جۆرێك لەلێکچوون لەنێوان (وێنە) و (شتەکەی) بەرامبەریدا هەیە. بەم جۆرە نیشانانە دەوترێ نیشانەی وێنەی[1]

---

١- یەکەم کەس کە وشەی وێنەیی (Iconic) بۆ ئەم جۆرە هێمایانە بەکاردێنێ (چارلز هاریس)ە، بڕوانە:
Meetham (editor) Encylopeedia of Linguistics, information and control, porganon, pp510-512.



بێگومان هەموو نیشانەیەکی وێنەیی هەمان ئەرك نابینێ، بۆنموونە (وێنە) یان (تابلۆ) ئەگەر جگە لەواتا بنەڕەتیەکەی واتاو بیری تریش دەربڕێ، واتاو بیرەکەپەیوەندی بەبڕیاری کۆمەڵگاوە نییە. بەڵکو واتاو بیرەکە لەئەنجامی ڕێککەوتنی چەند هونەرمەندێکەوە دێ‌و ئەوان دەتوانن لێکی بدەنەوە. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، نیشانەیەکی سەر ڕێگا ئەگەر لەڕواڵەتیشدا وێنەیی بێت (پەیوەندی لێکچوون لەنێوان نیشانە و واتاکانیاندا هەبێ) بەکارهێنان‌و کەڵك لێوەرگرتنی بەندە بەبڕیاری خەڵەوە بەگشتی‌و بەمەبەستی تێگەیاندن‌و لەکترگەیشتن دانراوە. بەپێی پۆلێنەکەی سەرەوە نیشانەکانی سەر ڕێگا، لەبەرئەمە، دەبێ بەهێمایەکی وێنەیی دانێین، نەك نیشانەیەکی وێنەیی. بەمە (وێنە) و (تابلۆ) و (نەخشەکە)(کە نیشانەی وێنەیین) لەگڵۆپی پەڕینەوەو نیشانەکانی سەر ڕێگا (کە هێمای وێنەین) جیادەکرێنەوە، بەپێی ئەوەی ئایا لێکدانەوەو بەکارهێنانیان پێویستی بەبڕیاری کۆمەڵە یان لێکچوونەکە لەخۆیدا بەسە بۆ لێکدانەوەیان.

هەرچەند جیاکردنەوەی هێما و نیشانە مشتومڕێکی زۆری لەدوایە، لەڕاستیدا جیاکردنەوەیان لە زمانەوانیدا هێندە گرنگ نییە، چونکە زمانەوانی هەر خەریکی لێکدانەوەی لەیەکتر گەیشتنە. لەبەرئەمە زاراوەی هێما بەکاربهێنیت یان نیشانە ئاشکرایە کە مەبەستەکە هەر هێمایە، بەواتای ئەو نیشانەیەی کە مۆری کۆمەڵی پێوەیە.

هەندێ زمانەوان بەجیاکردنەوەی نیشانەو هێما ناوەستن بەڵکو دەیانەوێ نیشانەو هێما لە ئیشارە(isiang) جیابکەنەوە. بەلای ئەمانەوە ئیشارە بریتییە لەو نیشانانەی کە هەستی پێدەردەبڕدرێت وەکو بانگ‌و هاوار و (ئاخ، ئۆف. . . . . هتد) ئاوازو درێژی دەنگ‌و هێزی بزاوتنی دەم‌و لێو و چاو و برۆ. . . . . هتد. ئیشارە لە دوو لایەندا لەنیشانەو هێما جیادەبێتەوە:

١- شتەکەی کە بەرامبەری دەوەستن دیاریکراونین.

٢- هەموویان بۆ هەست دەربڕین نەك بۆ زانیاری گەیاندن بەکاردێن.

ئاشکرایە کە نیشانە لەچوارچێوەیەکدا کاردەکەن بەڵام هەموو چوارچێوەکان لەئاڵۆزی‌و وردیدا وەك یەك ناوەستن. بۆنموونە، پەیڕەوی بزاوت (لێوهەڵقورتاندن، دەم خوارکردنەوە، چاوهەڵتەکاندن) تەسکەو نیشانەکانی لەیەکتردەچن‌و لەناوخۆیاندا ڕێکن. پەیڕەوی گڵۆپی پەڕینەوە بەپێچەوانەی پەیڕەوی بزاوتنەوە، پەیڕەوێکی تەسکترەو (ژمارەی نیشانەکانی کەمترە) داخراوترە (نیشانە هەموو ڕۆژێ زیاد ناکات). لەبەرئەوە پەیڕەوێکی درشت‌و سادەیە. زمان بەپێچەوانەی هەردووکیانەوە، پەیڕەوێکی تەواو ئاڵۆزو وردە چونکە ژمارەی نیشانەکانی (هێماکانی) زۆرن‌و هەمیشە کراوەشن (هەر لەزۆربوون دان). لەبەرئەمەیە، کە لەهەموو

ئاستێکی زماندا (دەنگسازی و ڕێزمانو واتاسازی)دا هەست بەوە دەکرێ کە دانەکان تەواو تێکچرژاونو شلو شێواوی تێدا نییە.

دیسانەوە بەپێی رادەیی پێویستیان بەبڕیاری کۆمەڵ دەتوانین نیشانە بکەین بەچەند جۆرێکەوە:

١- ئەوانەی کە تەواوبەندن بەبڕیاری کۆمەڵەوە و بێپەسەندکردنی کۆمەڵ ژیانیان نییە، وەك ئەو هێمایانەی کە لەبیرکاریدا بەکاردێن (+، -، ÷، ×. . . . . . هتد).

٢- ئەوانەی تاڕادەیەك پێویستیان بەبڕیاری کۆمەڵە وەك نیشانەکانی سەر ڕێگا، کە تاڕادەیەك تێکەڵن. بەواتای ئەوەی هەندێکیان پێویستیان بەو بڕیارەیەو بەبێ ئەم لێك نادرێنەوەو هەندێکی تریان بەبێ ئەم بڕیارەش دەژین. گڵۆپی پەڕینەوەش هەر لەبابەتی دووەمە چونکە هەندێ رەنگی تێدایە (سەوز، زەرد) کە دەبێ کۆمەڵ ڕێککەوێ لەسەر واتاکانیان. هەرچی رەنگی سوورەکەیەتی پێویستی بەم پێکهاتنەی خەڵك نابێ چونکە وێنەییە لەسروشتدا لەبەرئەوەی لەخوێن دەچێو خوێنبەربوون (مەترسی مردن) دەخاتەوە بیر.

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگۆڤاری کاروان ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٨٥دا بڵاوکراوەتەوە.**

# زمانی مرۆڤ و گڵۆپی پەڕینەوە

## ١- سەرەتا:

مەبەستی سەرەکی لە داهێنان و بەکارهێنانی زمان تێگەیشتنی دەوروبەری مرۆڤە و پەیوەندیکردن بە خەڵکی هاوزمانەوە بە واتایەکی سادەتر، زمان بۆ پەیوەندیکردنە لەگەڵ دەوروبەردا.

بێگومان جگە لەزمان، مرۆڤ رێگەی تریشی دۆزیوەتەوەو داهێناوە، بۆدابین کردنی ئەم پەیوەندییە[1]. هەندێ لەم رێگانەلەگەڵ زمان خۆیدا بەکاردێن و قسە دەچەسپێنن(وەك بزاوتنی دەستودەموچاو). هەندێکی تریان بە تەنیا خۆیان بەبێ زمان دەتوانن بەکاربێن بۆ پەیوەندیکردن[2]. (وەك گڵۆپی هاتوچۆی ناو شارەکان)

هەرچەندە هەموو ئەم رێگایانە بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا بەکاردێن‌و لە سوودو چالاکیدا ناگەنە زمانی مرۆڤ، بەڵام لەسەر هەمان بنەمای زمان بنیات نراون.

## ٢- زمان و کۆد و پێڕەو:

هەموو زمانەوانەکان سەر بە هەر قوتابخانەیەکی زمانەوانی بن لەسەر ئەو بیرە رێك دەکەون کە زمان کۆدە (شیفرەیە).[3] کۆد بریتییە لەژمارەیەك کەرەسە کە دەتوانرێ لەیەك بدرێن بۆ بەرهەمهێنانی کەرەسەی نوێی ئاڵۆزتر. کۆد لەزماندا ئەو کەرەسانەن (یان ئەو فۆرمانەن) کە لەپاڵ یەکتریدا ریزدەکرێن بۆئەوەی فرێزو رستەو دانەی تریان لێ بێتە بەرهەم. کاتێ بەم کۆمەڵە فۆرمە دەوترێ کۆد کە واتادار بن. جگە لەمەش مەرجە کۆد بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکیدا بەکاربێن.

١- وەك پەیوەندیکردن بەهۆی دووکەڵ‌و ئاوێنەو تەپڵ‌و سەماو فیکەو چەندین رێگەی جیاوازی ترەوە.

٢- بۆ نموونە، بزاوتن بریتییە لەجولاندنی دەست و دەم و چاو و برۆ هەندێ جار بەتەنیا بەکاردێت بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵکیدا. زۆرجاریش بزاوتن لەگەڵ زماندا پێکەوە دەڕۆن قسە بەهێزتردەکەن.

٣- لێرەدا " کۆد" هەروەك "هێما" و "ڕەمز" بەکارهاتووە بڕوانە(Brosnahan) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە.



دیسان زۆربەی زمانەوانەکان ئاسایی زمان وەك پەیڕەوێکی داخراو سەیردەکەن ئەگەر تەنیا بە مەبەستی لێکدانەوەو شیکردنەوەش بێت.[1] پەیڕەوەکە وەك پەیڕەوی بیرکاری لە ناوەوە رێکەو وردەو ئاڵۆزەو لەدەوروبەر داپچڕاوەو چەپەکە، بەواتای ئەوەی نەکاردەکاتە سەر دەوروبەرو نە لە دەوروبەرەوە کاری تێ دەکرێ.

ئەگەر ئەم دوو بیرەمان دەربارەی هەڵکەوتی زمان بەلاوە پەسەند بێت، بەواتای ئەوەی ئەگەر زمان بەکۆد دابنێین و وەك پەیڕەوێکی داخراو سەیری بکەین، ئەوسا تێ دەگەین کە لە زۆر رووەوە زمان لەگڵۆپی هاتوچۆی ناوشارەکان جیانابێتەوەو ئەو بەشانەی لەزماندا جیادەکرێنەوە لەگڵۆپی هاتوچۆشدا تێبینی دەکرێن. وا لەخوارەوە بەوردی لەم بەشە سەرەکییانەی هەردوو پەیڕەوەکە دەدوێین.

## ٣- بەشەکانی هەردوو پێڕەوەکە:

١- پێڕەوی زمانی مرۆڤ بەلای بەشی زۆری زمانەوانەکانەوە لەچەند بەشێکی وەك ئەمانەی خوارەوە پێکدێ[2]:

أ- سینتاکس (دەستوری ریزکردن و دانە پاڵ یەکتری کە دەستەکان‌و دیاریکردنی ئەو لێکدانانەی کە پەسەندن لە زمانێکدا)

ب- سێمانتکس (واتا دانان بۆ لێکدانە پەسەندەکان)

ج- پراگماتیکس (ئەو دەستورانەی کە لێکدانە پەسەندەکان لەگەڵ رەوشتی کۆمەڵایەتیدا گرێ دەدات)

٢- پێڕەوی گڵۆپی هاتوچۆش دیسانەوە هەر ئەم بەشانەی تێدا بەدی دەکرێ.

أ-سینتاکس (یاسایودەستوری لێکدان و ریزکردنی سێ رەنگە سەرەکیەکە: سوور، زەرد، سەوز) کە لە سێ یاسادا کۆدەبێتەوە رەنگەکان هەریەکە بەتەنیا بەکاردێن و بە پێچەوانەی ئیشارەی هاتوچۆی هەندێ شوێنی تر، نابێ تێکەڵ بکرێن.

١- بڕوانە (Bell, 1976, p. 18-20)

٢- ئاشکرایە کە زمانەوانەکان هەموویان لەسەر ئەم سێ ئاستە رێك ناکەون. هەندێکیان ئاستی سەرەکی‌و (فۆنۆلۆجی و مۆڕفۆلۆجی و سینتاکس) لەئاستی ناسەرەکی (فۆنەتیك و سێمانتیك) جیادەکەنەوەو هەرچەندە ئەم دابەشکردنەی کە لەم باسەدا هەیە بەتایبەتی بە کەڵکی بەراوردەکردنەکەمان دێ، وەنەبێ لەخۆیدا نائاسایی بێ، چونکە لەزۆرکاری زمانەوانیشدا دەبینرێ.

ڕێ ڕەوی گۆڕان تەنیا ڕێگەیەکی هەیە[1]:

سەوز ← زەرد ← سوور

ب- سێمانتیکس: (دانانی واتا بۆ لێکدانە پەسەندەکان، واتە بۆ ڕەنگەکان) لێرەدا بەسێ یاسا ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکرێ سوور= وەستان، زەرد= پەلەکە دەبێ بەسوور، سەوز= دەرچوون(بۆ شۆفێر)

ج- پڕگماتیکس (گرێدانی لیکدانە پەسەندەکان لێرەدا "سوور"و "سەوز" "زەرد" بەو ڕەوشتە کۆمەڵایەتییانەی کە شۆفێرێك دەبێ بیکات.

دیسانەوە ئەمەش لەچەند یاسایەکدا کۆدەبێتەوە:

١- ئەگەر گڵۆپەکە سووربوو: شۆفێر قاچ لە بەنزین هەڵدەگرێ، لە ئاوێنەکەوە سەیردەکات تا دڵنیابێت سەیارەکەی دواییەوە لێی نادات، بەدەست ئیشارەتی هێواشکردنەوە دەدات پێ لەسەر برێك دادەنێ و پێ دەنێ بەکلاجدا، گێڕ دەگۆڕێ بۆ قورستر. . . . هتد.

٢- ئەگەر گڵۆپەکە سەوزبوو، شۆفێر کەمێ لەخێرای خۆی کەم دەکاتەوەو ئەوسا تێدەپەڕێ.

٣- ئەگەر گڵۆپەکە زەردبوو دەبێ: أ- یان پەلە بکات دەرچێ یان

ب- خێرایی کەم دەکاتەوە تا گڵۆپەکە دەبێتە سوور ئەوسا ڕەوشتەکانی(١)ی سەرەوە جێبەجێ دەکات.

## ٤- لێکچوون:

١- بوونی کەرەسەکان لەهەردوو پێڕەوەکەدا پەیوەندی بە ئارەزوو خواستی ئەو خەڵکەوە هەیە کە پێڕەوەکەیان داهێناوەو بەکاری دێنن. بەواتایەکی تر زمان خەڵك کردەو هەروەك چۆن دەتوانین لەبری ڕەنگی"زەرد" ڕەنگێکی تر لەگڵۆپەکەدا بەکاربێنین، هەروەها دەشتوانین، ئەگەر خەڵکەکە ڕێکەوێ، لە کوردیدا هەموو دەنگێکی/ڕ/ بگۆڕین بە/غ/ لەهەر شوێنێکی وشەدا هات بەبێ ئەوەی زمانەکە بشێوێ.

دیسانەوە هەروەك گۆڕینی ڕەنگەکان تاماوەیەك خەڵکەکە ئاسایی نایەتە بەرچاویان، گۆڕینی دەنگێکیش لەزمانەکەدا ماوەیەکی دەوێ تا خەڵکەکە لەگەڵیدا ڕادێن و هەر لەو

١- مەرج نییە بەتەنیا ئەم سێ ڕەنگەلەهەموو گڵۆپێکی پەڕینەوەدا بەکاربێت و ڕەنگەکانیش دیسانەوە مەرج نییە هەر بەم پێیە بگۆڕێن. لێرەدا ئێمە بەتایبەتی دەربارەی ئەو گڵۆپانە دەدوێن کە لە عێراقدا دەبینرێن.



ماوەیەشدا، گۆڕینەکە دەدرێتە بەر پلارو ڕەخنە. چاکترین بەڵگە بۆئەم ڕاستییە زاراوەی نوێیە کە بۆماوەیەکی دوورو درێژ بارێکی ناهەمواری هەیە لەزمانەکەداو هەموو کاتێ لەوانەیە فڕێ بدرێتە دەرەوە.

٢- لێکدانی ڕەنگەکان و لێکدانی دەنگەکانی زمان دیسانەوە بەویست و خواست و بڕیاری خەڵکە[1]. دەتوانین، بۆنموونە، لەگڵۆپی هاتوچۆدا، لەبری "زەرد" سەوزو سوور تێکەڵ کەین وەك لەهەندێ وڵاتدا دەکرێ. هەروەها زمانیش دەتوانین دەنگی/ك/و /أ/و/ت/ لەیەکتر بدەین، "کات"و "تاك" یان لێ بەرهەمبێنین وەك لەکوردیدا کراوە. لەهەمان کاتیشدا نەیەڵێن"ئاتك" بێتە بەرهەم. هەروەها دەتوانین ڕێگە بەهەندێ لێکدان بدەین‌و هەندێکیتر قەدەغە کەین وەك (٢) و (٤)ی خوارەوە:

١- زۆرجار بەعەرەبی قسەدەکات.

٢- قسەئەکات بەعەرەبی زۆرجار.

٣- بەعەرەبی قسەدەکات زۆرجار.

٤- قسە بەعەرەبی زۆرجار دەکات.

٣- دانان‌و هەڵبژاردنی واتاش بۆ کەرەسە پەسەندەکان دیسانەوە لەخۆوەیەو بەئارەزووی کۆمەڵە"سوور" دەبێ بۆچی بۆ وەستان ببێتە نیشانە؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە "مەترسی" پیشان دەدات؟ ئەی "سوور" بۆچی دەبێ "مەترسی" پیشان بدات؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە"خوێن"و "ئاگر" پڕمەترسی بن؟ خۆبەبێ خوێن کەس ناژیو بێ ئاگریش مرۆڤ هرگیز گەشەی نەدەکرد. . لەمەش سەیرتر هەڵبژاردنی"سەوز"ە بەنیشانەی "دەرچوون"و زەرد "بۆخۆئامادەکردن".

١- بەکارهێنانی ڕەنگی جیاواز یان بەکارهێنانی ڕەنگی تێکەڵ لەجیاتی یەکێ لە ڕەنگە سادەکان هیچ لەکێشەکە ناگۆڕێ‌و شتێکی ئاساییە. گرنگ ئەوەیە کە چەند ڕەنگێك هەبێ‌و بەدوای یەکتردا بگۆڕێن‌و هەریەکەیان واتایەکی بدرێتێ.

### ٥- جیاوازی:

ئەم جیاوازیانەش لەنێوان دوو پێڕەوەکەدا تێبینی دەکرێ:-

١- لەچاو گلۆپی هاتوچۆی ناو شاردا زمانی مرۆڤ ئالۆزترو چالاکترو وردترەو بۆهەموو ئەرکێك دەست دەدات لەبەرئەوەی کەرەسەکانی زۆر دەوڵەمەندترە (دەنگەکانی) لێکدانی کەرەسەکانی ئالۆزترو پرترە پێویستی بەسەدان و هەزاران یاساو دەستوری زیاترە[1].

٢-پێڕەوی گلۆپی هاتوچۆ دەتوانرێ وەك پەیڕەوێکی داخراو سەیر بکرێ، چونکە پەیوەندی نییە بەسەیارەوەو لەژێرکاری ئەمانەدا نییە. بەڵام زمان ئەگەر بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەش بەپێڕەوێکی داخراو دابنرێ، لەڕاستیدا خۆی پێڕەوێکی کراوەیە لەژێر کاری خەڵکیدایەو کاریش دەکاتە سەر بیری ئەوانەی قسەی پێدەکەن.

٣- بێگومان جیاوازی سەرەکی لەنێوان دوو پێڕەوەکەدا لەوەدایە کە زمانی مرۆڤ کەڵك لەدەنگ وەردەگرێ، بەڵام گلۆپی ڕێکخستنی هاتوچۆ ڕەنگ بەکاردێنێ. بە واتایەکی تر زمان قەناتی دەموگوێ هەڵدەبژێرێ، هەرچی گلۆپەکەیە قەناتی چاو ومێشك بەکاردێنێ، ئەم هەڵبژاردنە جیاوازەی قەناتەکە وای کردووە کە لەزماندا دوو ڕۆڵی دروست بێ، ڕۆڵی قسەکەرو گوێگر، دوو ڕۆڵەکەش دەگۆڕینەوە، بەواتای ئەوەی قسەکەر دەبێ بەگوێگرو بەپێچەوانەشەوە. لەگلۆپی هاتوچۆدا قەناتەکە تەنیا بەیەك باردا کاردەکات، ڕەنگەکە دەبینرێ بەهۆی چاوەوە دەنێرێ بۆ لێکدانەوە. بەواتایەکی تر شۆفێرەکە ناتوانێ ئیشارەت بدات بەڵکو هەر دەتوانێ وەریگرێ و شیبکاتەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە لەزماندا تاکە کەسێك دەتوانێ "ئیشارە" بداتو ئیشارەتەکانیش لێك بداتەوە.

---

١- هەر لەبەر ئەمەشە کە زمانی مرۆڤ چالاکی زیاترەو ئەرکی گەورەتر دەبینێو دەچێتە ناخی مرۆڤەوەو دەبێتە دیاردەیەکی گەورە لەژیانی ڕۆژانەیدا.

## سەرچاوەکان

1- Barber, C. L. The story of Language, London, 1964 0
2- Bell, R. T. Sociolinguistics, London 1976.
3- Brosnahan etal. Introduction to Phonetics, London, 1970
4- Potter, S. Modern Linguistics, London, 1957.
5- Saussure, g de Course in General Linguistics (London, 1960).

* ئەم لێکۆڵینەوە لە گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٣٧)ی ساڵی ١٩٨٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# سنوور و بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی[١]

## ١- سەرەتا:

هەرچەندە پەنابردنە بەر هۆکاری کۆمەلآیەتی لە زمانەوانی هەر لەئارادابووە، ناو بەناو بۆ لێکدانەوەی هەندێ دیاردە بەکارهاتووە (بۆ نموونە لە لێکدانەوە و دابەشکردنی ئەلۆفۆن و گۆڕانی دەنگ لە شێوەزارەکانی زماندا)[٢]

١- لەم لێکۆلینەوەیەدا زاراوەی (کۆزمانەوانی) بەرامبەر sociolinguistics ی ئینگلیزی و(علم اجتماع اللغە)ی عەرەبی بەکارهاتووە. ئاشکرایە کە بەدوای زاراوەی ئینگلیزیەکەدا ویستوومە زاراوەکە لە لێك دان و تێکەلّکردن و کرتاندنی پارچەکانی (کۆمەلّناسی) و (زمانەوان) وەرگرم زاراوەکە پڕبەپڕی دیاردەکە ناوەستێ هەرچەندە ماوەیێکی زۆر بە دوای زاراوەیەکی باشتردا گەڕام و داوام لە زۆر شارەزاش کرد زاراوەیێکی باشترم بەم واتایە بۆ داتاشن بەلاّم بێ سوود بوو ولەمە باشترمان چنگ نەکەوت. هەرچۆنێك بێت زاراوەکە ئەو کەلّکەی هەیە کورتە و بەئاسانی وشەی تری بۆ دروست دەکرێ وەك (کۆزمانەوان) و(کۆزمانەوانی) ئاولّناو. . . . . . هتد.

شایانی لێ دوانە کە هەرچەندە لەسەرەتای پەیدابوونی کۆزمانەوانیدا زۆر زاراوەی وەك ethnography communicatio ethnoLingu anthropoiogical erhnograpny بەهەمان واتای کۆزمانەوانی بەکاردەهاتن، ئێستە دوای ئەو هاشە هووشە بابەتەکە کەمێك نیشۆتەوە تەنیا دوو زاراوە زۆر بەم واتایە بەکاردێن:

(socinogy of Language) (sociolinguistics)

تەنانەت ئەم دووانش لە زۆر کاتدا هاوواتا نین و جیاوازێك لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت ئەوەی یەکەمیان بەو کۆزمانەوانی یە دەوترێ کە بە بەشێکی جیانەبووەوە لە زمانەوانی دادەنرێ دووەمیان زیاتر ئەو کەسانە بەکاری دێنن کە باوەڕیان بەوە هەیە کە کۆ زمانەوانی بەشێك نییە لە زمانەوانی و بەلّکو بابەتێکی سەربەخۆیە (وەك ئۆستن و سیرڵ). (بڕوانە دوا لاپەڕەکانی ئەم لێکۆلّینەوەیە بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە).

٢- بۆنمونە کە دەلّێن لە زاری سلێمانی دا شێوازی نارەسمی خێرادا فرێزێکی وەك (توخوا!) دەگۆڕێ و هەندێ فۆنیمی لێ دەکرتێ و دەبێتە (تخوا)، ئەوا پەنامان بردۆتە بەر هۆکاری کۆمەلآیەتی (شێوازی رسمی ونارسمی) بۆ لێکدانەوەی دەنگ گۆڕان هەروەها کە دەلّێن لەشێوازی ئاخاوتنی ئافرەتی سلێمانی دا لە کاتی (خۆناسك



تەنیا لەم سالآنەی دوایدا کۆزمانەوانی ئارەزووی جیابوزنەوەی تێدا پەیدابووە و بەتایبەتی لەدوای سالّەکانی سییەوە کە زمانەوانەکان ویستیان سنووری زمانەوانی تەسکتر بکەنەوە، وەك پێڕەوێکی داخراو لەزمان بکۆلّنەوە هەولّی خۆیان بۆ شیکردنەوەی رۆنانی ناوەوەی زمان تەرخان کرد و کەوتنە دۆزینەوەی پەیوەندی، رکارەکان(لێڤلّەکان) و دانەکانیان.[١]

سەرەتای ئەم جیابونەوەیە لەکارەکانی مالینۆڤسکی و فێرث دا لەسالّەکانی بیست وسییەوە سەری هەلّداوە.[٢] زمان لە روانگەی ئەمانەوە بریتییە لە هەلّبژاردنی روشتێ لە نێوان سەدان رەوشت کە لەژێر دەستەلآتی مرۆڤ دان بەپێی باری کۆمەلآیەتی، یان بۆنەی قسە.[٣] بەدوای

کردنەوە)دا / ك / نەرم کردن نامێنێ و / ك/ ی (کا) دەوترێ ئەوا دیسان پەنامان بردۆتە بەر هۆکاری کۆمەلآیەتی لە دابەش کردن و لە کارکەوتنی کاتی فۆنیم ئەلۆفۆندا.

١- بە دوای شاکارەکەی بلۆم فیلّدا(Language) کە لە سالّی١٩٣٠دا بلآوکرایەوە قوتابخانەی تەرکیبی ئەمەریکی رەگی داکوتاو خۆی چەسپاند. زمانەوانانی ئەم قوتابخانەیە سنووری بابەتی زمانەوانی یان تەواوتەسك کردەوەو هەموو پەیوەندیەکی زمانەوانیان لەگەلّ مێژوو و کۆمەلّناسی و فەلسەفە و واتاسازیدا بڕی بەنیازی ئەوەی زمانەوانی بکەنە (زانستێکی سەربەخۆی دوور لە فەلسەفە) لە کارەکەی بلۆم فێلّدو کاری زمانەوانەکانی دوای خۆیدا (پایك وچەند زمانەوانێکی کەمی لێ دەرچێ) بۆ ماوەی سێ سالّێك زمانەوانی تەرکیبی هەر خەریکی لێکدانەوەی ئاستەکانی زمان و (ئاستی دەنگسازی و وشەسازی) و دانەکانیان بوو (فۆنیم،مۆڕفیم،ئەلۆفۆن،بڕگە،ڕستە،فرێز. . . .) تەنانەت لە رۆنانی ناوەوەی زمانداتەنیائە و دیاردانەیان لێکدەدایەوە کە فۆڕمیك بەرامبەری هەبوایە. بەواتایێکیتر،هەر خەریکی لێکدانەوەی دیوی دەرەوەی رۆنان بوون

٢- بڕوانە Halliday,M,A(Language in a Social Perspectives ed.

Barrie Wade,Heineman books, 1982 pp 88-109

کە تێدا دەلّێ: فێرث لەسالّی١٩٣٥دا زاراوەی(زمانەوانی کۆمەلّناسی) بۆ یەکەمین جار بەکارهیناوە و لە لێکۆلینەوەی زمان لە چوارچێوەی کۆمەلّ دا بە درێژی دواوە. . . . . . . . . (ل ٨٩) هەروەها لەهەمان لاپەڕەدا دەلّێ فیرث باوەڕی (کۆنتییسکتی دۆخ)و (کۆنتیسکتی کەلەپور)ی لە مالینۆفسکی یەوە وەرگرتووە.

٣- هەمان سەرچاوە (ل٩٠) زمان بریتییە لە کۆمەلّە رەوشتێکی دوایی نەهاتوو کەلەبەر دەستی مرۆڤدایە و دەتوانێ لێیان هەلّ بژێرێ و کۆنتیکستی کەلەپور ئەو دەوروبەرەیە کە هەموو ئەو رەوشتانەی تێدایە کۆنتێکستی دۆخ دەوروبەری هەلّ بژاردنێکە بەتەنیا. بەواتایێکی تر کۆنتێکستی کەلەپور ئەو هەلّ بژاردنانەن کە هەن بەلآم کۆنتێکستی دۆخ هەلّ بژاردنە راستەکەیە.

ئەمانەشدا (پایك)[١] لە ئەمریكا لە ساڵەكانی پەنجاوە خەریكی بەستنەوەی وشە و ڕێزمانە بەبار و پەیوەندی كۆمەڵایەتی قسەكەرانەوە.

گرنگیدان بەكۆمەڵ پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەناو چوارچێوەی زمانەوانیدا شتێكی زۆر ئاساییە لەبەرئەوەی كە پەیوەندییەكی بەتین لەنێوان زمان و كۆمەڵ دا هەیە وەك بەم خاڵانەی خوارەوەدا بۆمان دەردەكەوێ:

١- مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێ لە كۆمەڵ دا بژی و بمێنێتەوە. زمان چالاكییەكی كۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی هۆییێك بێت بۆ هەست دەربڕین و زانیاری گەیاندن[٢] لە زۆر باردا زمان بۆ گەیاندنی زانیاری و هەواڵ بەكارنایەت بەڵكو بۆ جێ خۆش كردن و خۆبردنە پێشەوە و خۆ چەسپاندن و شوێن گرتنە لەناو ریزەكانی خەڵكیدا. بەڵگەمان بۆ ئەمە دەیان فۆرمیولایە وەك (چاكی؟)، (چۆنی؟)، (ڕۆژباش). . . هتد لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەیان جار دووپات دەبێتەوە بە مەبەستی رازی كردنی خەڵك[٣]

٢- زمان هەویەی كۆمەڵایەتی قسەكەر دیاری دەكات هەربەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیاربدەین قسەكەر خەڵكی كوێیە، لە چ بارێكی دەروونیدا دەژی، هەستی بەرامبەر بابەتی قسەكەر و گوێگر و دەوروبەری چی بەسەر بەچی چینێكە و رادەی خوێندەواری چەندە[٤]

---

١- هەمان سەرچاوە (ل -٩١)گرنگیدان بە زمان مرۆڤ وەك پیاوێكی كۆمەڵ لە كارەكەی پایكدا (بۆ یەكەم جار لەساڵی ١٩٥٤ بلاوكراوەتەوە ئاشكرایە لێرەدا پایك دەیەوێ تایبەتی فەرهەنگی ڕێزمانی لەگەڵ كارلێ كردنی كۆمەڵ دا لەیەك بدات.

٢- بڕوانە: Abercrombie D. (The Souial basis of Language in Teaching English as a second Language, ed. Allen and Campbeel, 1981,TMH New Delhi,pp 259- 268 .

٣- هەمان سەرچاوە (ل. ٢٦٠).

٤- هەمان سەرچاوە(ل. ٢٦٢)كە كەسێك قسە دەكات گوێگر قسەكانی وەك دوو پێڕەو رەمز لێك دەداتەوە: ١- ئەو پێڕەو رمزانەی كە دەربارەی بابەتی قسەكەیە. ٢- ئەو پێڕەو رەمزانەی لە هەمان كات داشتێك دەربارەی قسەكەر دەدات بەدەستەوە بەتایبەتی دەربارەی كەسێتی قسەكەر. ئەم دوو پێڕەوە رمزیانە پەیوەندیان بەیەكترەوە نییە هەروەك چۆن رۆیشتن وشێوەی خۆگۆڕین پەیوەندییان لەگەڵ یەكتری دانیە بەلام هەردوكیان كەسێتی خەڵكی دیاری دەكەن.



٣- زمان مرۆڤ و دەوروبەری دەگەیەنێ بەیەكتری ولە هەمان كاتیشدا رەنگدانەوەیێكی ئەو بارە كۆمەلایەتییە كە قسەكەرانی تێدا دەژین.[١]

بەڵگەمان بۆ ئەم باوەڕە دەیان وشە و زاراوەن كە بێ لێكدانەوە و بەستنەوەیان بە باری كۆمەلایەتی خەڵكەوە واتاكانیان دیاری ناكرێن و لێكنادرێنەوە وەك وشەی (دەرەبەگ) و (مسكین) و (ڕەنجدەر) و (مەیتەر) و دەیان وشەی تری كوردی كە پەیڕەوێكی كۆمەلایەتی دەنوێنن ولە دەرەوەی ئەو پەیڕەوە واتایان لێك نادرێتەوە.

## ٢-سنوور و بەشەكانی كۆزمانەوانی:

ئاشكرایە كە مرۆڤ بەردەوام زمان بەكاردێنێت (لە شێوەی گوتن دا بێت یان نووسین) بۆ بەجێهێنانی كاری رۆژانەی خۆی و دەربڕینی مەبەستە جۆربەجۆرەكانی، فەرمان بێت یان داوا، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بێت، دەربڕینی هەست و رووكار بێت بەرامبەر دەوروبەری یان بۆ جێ خۆشكردنی خۆی و دەست خستنی رەزامەندی خەڵكی بێت.[٢] لەهەمان كاتیشدا لەبەرئەوەی مرۆڤەو بەشێكە لە كۆمەڵەكەیی و بەبێ ئەوان هەڵ ناكات، پەیوەندییەكی تەواوی لەگەڵ كۆمەلانی خەڵكدا هەیە بەتایبەتی لە رێگەی ئەو رەوشت و خوو و نەریتەوە كە بە تێپەڕبوونی كات دەبێتە ناوكۆ لە نێوان هەموو لایەنەكانی كۆمەڵەكەیدا. كۆزمانەوانی لەم دوو لایەنەی رەوشتی مرۆڤ دەكۆڵێتەوە:زمان بەكارهێنان و بنەما كۆمەلایەتییەكانی ئەم رەوشتە.[٣]

---

١- هەمان سەرچاوە (ل ٢٦٨) زمان وا لە مرۆڤ دەكات بتوانێ لە كۆمەڵ دابژی و لە هەمان كاتیشدا جۆری ئەو كۆمەڵگایەی تێدا دەژی كارێكی تەواو دەكاتە سەر زمانەكەی. رۆنانی واتایی و ۆنانی كۆمەڵایەتی تەواو دەچنە ناو یەكەوە ئەمەش گەورەترین گیروگرفت دێنێتە سەر رێگای ئەوانەی دەیانەوێ فێری زمانێكی بێگانە بن. دەیان وشە تەنیا لە چوارچێوەی كۆمەڵایەتی خۆیاندا واتایان هەیەو بێ شیكردنەوەی ئەم چوارچێوەیە واتا نادەن بەدەستەوە وڕوون كردنەوەیان بەهۆی وشەی هاوتای زمانی ترەوە كارێكی هەڵە وناپەسەندە.

٢- بڕوانە: Fowler,R. Understanding Language, 1974 Routledge Kegan Paul, Great Britian,

Chapter 240-258 .

٣- بڕوانە (ل Abercrombie٢٦٦) لەسەرووترەوە بە درێژی ناونیشانی دراوە.

کۆزمانەوانی خەریکی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کەلەنێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی زمان یان زاردا هەیە هەوڵی ئەوە دەدات تێمان بگەیەنێت چۆن خەڵکی دەتوانن کەڵك لە گانگای زمانیان[١] وەرگرن و بەپێ ئەو دەورەی لە کۆمەڵ دا دەیبینن قەنات بگۆڕن[٢].

بە شێوەکی گشتی کۆزمانەوانی لە هەموو لایەنەکانی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێ وەك:

دەوری زمان لەکۆمەڵ دا کاری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر زمان، گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی هەستیان بەرانبەر زمانەکەی خۆیان، هەستیان بەرانبەر زمانەکانی تر، هەستیان بەرانبەر ئەو زارانەی بەکاری دێنن و زارەکانی تری زمانەکە، هەستیان بەرانبەر پایەی کۆمەڵایەتی قسە پێکەرانی زمانەکە یان زمانی تر. . . . هتد[٣]

لەناو ئەو هەموو بابەتانەدا کۆزمانەوانی بەتایبەتی گرنگداوە بە لێکۆڵینەوە دەربارەی هەست و رووکاری خەڵکی بەرانبەر زمان زارو قسە پێکەرانیان، هەرچەندە ئەم کێشەیە هەر سەرنجی ئەمان بەتەنیا راناکێشێ بەڵکو رۆژنامەنوس و شارەزایانی پەروەردە و پێشڕەوە رامیاریەکانیش زۆر پێوەی خەریکن[٤]. کێشەکەش وەنەبێت لەم سالأنەی دوایدا سەری هەڵدابێت بەڵکو کێشەیێکی زۆر کۆنەو بە دەیان نمونەی مێژوویی لەسەر دێتەوە.[٥] لە گێتی

١- مەبەست لە کانگای زمانی ئەو سامانە زمانی یەیە، کە ئەندامانی کۆمەڵێك بوونەتە خاوەنی وەك ژمارەی ئەو زمانانەی دەیزانن و رادەی زانینیان و چۆنیەتی بازدانیان لە زمانێکەوە یان لە زارێکەوە یان شێوازێکەوە بۆ یەکێکی تر بێ گومان ئەو زانیاریانە هەموویان لە مێشکی مرۆڤی ئەو کۆمەڵەدا کۆکراونەتەوە.

٢- بڕوانە: ishman J. A(The Sociology of Language) (in Language and Social Context edited by pp Gilioli Harmondsworth 1972, pp 48

٣- هەمان سەرچاوە (ل ٤٥).

٤- هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە.

٥- بۆ نموونە هەڵهاتن و لەناچوونی زمانی لاتینی (شێوەی قسەی) دوای ئەوەی بۆ سەدان ساڵ زمانی ئاینی و میری بوو لە ئەوروپادا و بوژاندنەوەی و سەرهەڵدانی زمانە ناوچەییەکان کە تائەو کاتەش بەچاوێکی سووکەوە سەیر دەکران یەکەم جار لە رۆژئاوای ئەوروپاداو بەرەبەرە لەناوچەکانی تردا چاکترین نموونەی مێژووییە دەربارەی ئەم کێشەیە. ئەگەر هەستی خەڵکی ئەوروپا بەرامبەر زمانی لاتینی زارە ناوچەییەکان نەگۆڕایە، ئەوا ئەو زارە ناوچەییانە سەریان هەڵنەدەدا و گەشەیان نەدەکرد و نەدەبوونە زمانی سەربەخۆ و بۆ



ئەمرۆماندا کێشەکە بە رادەیێك پەرەی سەندووە و بەجۆرێکی وا فراوان سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە کە هیچ زمانەوانیك ناتوانێ دیاردەکە بخاتە پشت گوێ.[١]

بەپێی ئەو بابەتانەی رەچاوی دەکات کۆزمانەوانی دەکرێت بە سێ بەشەوە:[٢]

١- کۆزمانەوانی کاتی: کە زیاتر هەوڵدەدات و پێش بینی ئەوە بکات، کە لە کۆمەڵگایەکی تاکە زمانی دا کام شێواز ئاسایی و بلاو و پەسندە، لە کۆمەڵگای فرەزمانیش دا دەیەوێ بزانێت کام زمان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندە و بلاوە و ئەرکی زۆرە و کام زمان ناپەسندە. بەشێوەیەکی گشتی کۆزمانەوانی ئێستەیی دەیەوێ وەلامی پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە: کێ لە کەی دا لەکوێ و بۆچی مەبەستێ زارێ یان زمانێکی دیاریکراو بەکاردێنی؟[٣].

٢- کۆزمانەوانی مێژوویی یان داینامیکی کە هەوڵ دەدات ئەو هۆکارانە دیاری بکات کە دەبنە هۆی گۆڕانی هەست و رووکار بەرامبەر زمان یان زار بە تێپەڕبوونی کات و دەیەوێ تێمانبگەیەنێ کە دوو کۆمەڵگای لە یەك چوو زۆرجار پاش ماوەیەك دوو رووکاری جیاواز بەرامبەر زمان پەیدادەکەن.

هەموو مەبەستێکی ژیان بەکارنەدەهاتن. ئەگەر هەست و رووکار بەرامبەر زمان نەگۆڕایە ئەوا ئینگلیزی وفەڕەنسی و ئەڵمانی و دەیان زمانی ئەوروپی تر ناویان پەیدانەدەکرد.

١- بڕوانە Fishman بۆ نمونەی تر (ل ٤٥-٤٦). وەنەبێت ئەم کێشەیە لە گێتی ئەمڕۆماندا نەبێت: فەڕەنسایی یەکانی کەنەدە لە هەرێمی کیوبیك دا لەمێژەوە داوای لابردنی ئینگلیزی و چەسپاندنی فەرەنسی دەکەن فلیمینەگەکان لە بەلجیکا داوای ئەوە دەکەن هۆڵەندی و بەلچیکی بەیەك چاو سەیر بکرین لەناوچەی برۆکسل دا، هەندێ لە ویلزیەکان دوای بوژاندنەوەی زمانی ئێرلەندی دەکەن کە تالأنی لە ئیسپانیاو فریزی بریتۆنی هەوڵی بوژاندنەوەی زمانی نەتەوەیی خۆیان دەدەن ئەمانە هەموویان نمونەن دەربارەی ئەو گۆڕانە بە ئاگا و رێکوپێکەی کە لە هەستی خەڵکی هەندێ کۆمەڵی ئەمڕۆمان دا بەرامبەر زمانی خۆیان و بێگانە بەدی دەکرێ.

٢- بڕوانە Fishman (ل ٤٦) کۆزمانەوانی، ناوبراو کۆزمانەوانی دەکات بەدوو بەشەوە لە کۆزمانەوانی کارەکی لە دواییدا وەك بەشێکی سەربەخۆ دەدوێ. ئێمە وامان بە چاکتر زانی زمانی یەکسەر کۆزمانەوانی بکەین بەسێ بەشەوە. بێگومان کۆزمانەوانی کارەکی دەتوانێ بچێتەوە سەر هەردوو بەشەکەی تر، کاتی یان مێژوویی بەپێی سروشتی ئەو کێشانەی دەیەوێ چاری بکات، گرنگ ئەویە کە هەڵکەوتێکی کاری هەبێت، بە واتای ئەوەی بەدوای چارەیێکی کاتی دا بگەڕێ لێرەدا مەبەستمان لە کارەکی (عەمەلی) یا(تطبيقي).

٣- هەمان سەرچاوە. (ل. ٤٨)

٣- کۆ زمانەوانی کارەکی کە هەوڵی ئەوە دەدات نەخشە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کیشەی کارەکی بەپەلە دابنێت وا لە خوارەوە لە سنوری کاری هەریەکە لەم سێ بەشە دەدوێین:

### أ-کۆزمانەوانی کاتی یان ئێستایی:

یەکێك لەدۆزینەوە گرنگەکانی کۆزمانەوانی کاتی ئەوەیە، کە لە کۆمەڵگای فرەزمانەدا ئەندامانی کۆمەڵگاکە هەموو کاتێك تاکە زمانێك بەکارناهێنن بۆ جێبەجێ کردنی کاری رۆژانەیان.[١] بۆ نموونە، لە هەولێردا هەندێ فەرمانبەران لە کاتی راپەڕاندنی کاردا نەك هەر لەیەکێ زارەکانی کوردییەوە بازدەدەن بۆ زارێکی تر بەڵکو زمانی عەرەبی و تورکمانی تێهەڵکێش دەکەن. کۆزمانەوانی کاتێ بەتایبەتی خەریکی لێکۆڵینەوەیە دەربارەی هەڵکەوت و سروشتی ئەم بازدان و قەنات گۆڕین و تێهەڵکێش کردنە و دەیەوێ ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانە دیاری بکات کە دەبنە هۆی ئەوەی قسەکەر لە شێوازێکی زمانەکەیەوە باز بداتە شێوازێکی تری ئەو زمانە. لە کۆمەڵگای فرە زمانیشدا دەیەوێ ئەو زمانە، یان شێوازەکە دیارییبکات کە بە ئاسایی و گشتی لەناو کۆمەڵانی خەڵکەکەدا بەکاردێ و باوێتی و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند دەکرێ. هەر وەك بەوتێ بینییانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ دیاردەی بازدان تەنیا لە کۆمەڵگای فرە زماندا بەدی ناکرێ. تەنانەت لەو کۆمەڵگا کەمانەشدا کە تاکە یەك زمان دەزانن، کانگای زمانی کەسانی ئەم کەمەڵگایە لە کۆمەڵە شێوازێکی جیاجیا پێکدێت وەك شێوازی پیشەیی و ناوچەیی و چینایەتی و جینس و تەمەن و بابەت و دەیان شێوازی تر. ئاشکرایە کە هەر یەکە لەم شێوازانە بوار، یان بۆنەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو شێوازەی، بۆ نموونە، لەناو بازاڕدا بەکاردێ بە کەڵکی ناو پۆل و قوتابخانە نایەت، یان ئەو شێوازەی ئافرەت[٢] بەکاری دێنێ زۆر جار لە رووی فەرهەنگی و فۆنەتیکی و رستەسازییەوە لە شێوازی پیاو جیادەبێتەوە و بۆتەی تایبەتی خۆی هەیە. جا قسەکەر ناچارە بەپێی بۆنە و بوار لە

١- هەمان سەرچاوە. (ل. ٤٧)

٢- لە لێکۆڵینەوەیێکی تردا (شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتی سلێمانی) نووسەر توانیوێتی شێوازی قسەکردنی ئافرەتی سلێمانی لە شێوازەکانی تری کوردی سلێمانی جیابکاتەوە لە چوار ئاستدا: ١- ئاستی رستەسازی ٢- ئاستی فەرهەنگی ٣- ئاستی فۆنەتیکی ٤- ئاستی نازمانی (بزاوتنی دەم و چاو و برۆ لێو. . . . . هتد) ئەم شێوازە تایبەتیەی ئافرەتی سلێمانی کەسێتی ئافرەتی سلێمانی دەردەخا و رەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە کە تێدا دەژی.



شێوازکەوە بازبداتە سەرشێوازێکی تر. یەکێك لە لایەنەکانی ((توانستی تێ گەیاندن))[١] لەوەدایە کە قسەکەر بتوانێ بەئاسانی لە شێوازێکەوە بچێتە سەرشێوازێکی تر تەنانەت هەندێ جار لە هەمان بۆنە و بواردا. بۆ نموونە، ئەو پیاوەی کە لە ناو بازاری سلێمانی دا، لە ژێرکاری شێوازی ئاخاوتنی ژنەکەیدا ((ئەیەڕۆ)) بەکاردێنێ، یان شتێك بە ((کیبار)) دادەنێ، یەکسەر دووچاوی زەقە و لێوی هەڵ قورتاو دەم و چاوی مۆنی خەڵکەکەی دەوروبەری دەبێت و راستەوخۆ هەست دەکات بەوەی کە نەك هەڵە بەڵکو کفرێکی گەورەی کردووە.

لە کۆزمانەوانیدا بازدان لەشێوازی زمانێکەوە بۆ شێوازیکی تری ئەو زمانە، یان لە زمانێکی جیاوازەوە بۆ زمانیکی تر بە یەك چاوسەیر دەکرێ و بەیەك بابەت دادەنرێ و قسەکەر هەر لە سەرەتای زمان فێربوونەوە ئەم بازدان و تێ هەڵکێشکردنەش فێردەبێ. تائیستا دوو جۆر بازدان و قەنات گۆڕین گرنگی دراوەتێ:[٢]

#### ١- بازدانی خۆنەکرد:

لەم جۆرە شێوازگۆڕینەدا بازدان لەشێوازێکەوە بۆ یەکێکی تر پەیوەندی بە هەڵوێستەوە هەیە، بەواتاییێکی تر گۆڕان لە هەڵوێست دەبێتەهۆی گۆڕان لە شێوازی قسەکردندا یان گۆڕان لە شێوازدا زۆرجار نیشانەی ئەوەیە کە گۆڕانێك لە پەیوەندی نێوان قسەکەر گوێ گراندا هاتۆتە ئاراوە، یان بابەتی قسەکە گۆڕاوە یان شوێنی بەیەك گەیستنەکە تایبەتێکی وەرگرتووە. پەیوەندی قسەکەران لەگەڵ یەکتریدا جۆری بابەت و چۆنیەتی دەوروبەر لەو هۆکارانەن کە هەڵوێست دیاری دەکەن،[٣] هەرچەندە جۆرەکانی هەڵوێست هەمیشە لە گۆڕاندان و تەنانەت لە لێکۆڵینەوەیەکەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تریش دەگۆڕێت. بۆ دیاریکردنی هەڵوێستە گرنگەکان کۆزمانەوان دەبێ پەنا بەرێتە بەر دیدار و تێبینی گشتی و ئەزموون پشکنینی کۆمەڵایەتی.

بەو هەموو هەڵوێستانەی کە پێویستیان بە یەك شێواز قسەکردنە دەوترێ (بوار) بۆ نموونە ئەگەر خەڵکی لە بازاڕ و سینەما چایخانە و قوتابخانەدا هەمان شێوازی ئاخاوتنیان بەکارهێنا لە کۆمەڵگایەکدا، ئەوا هەموو ئەم شوێنانە بەیەکەوە بەیەك بوار دادەنرێن. خۆگەر شێوازی

١- بڕوانە Bernstein,A. (Social Class, Language and Socialization) in Language and Social context,1972, ed by GiGioli,Harmondsworth,pp. 160-161 .

٢- بڕوانە Fishman (ل ٤٩).

٣- هەمان سەرچاوە (ل ٤٩).

ئاخاوتنی خەڵکی لە سینەما و لەقوتابخانە جیاوازبوون لەیەکتری ئەوا دەبێت هەریەکەیان بە (بوارێکی) تایبەتی دابنێین. هەر لەبەر ئەمەیە کە ژمارەی (بوار) لە لێکۆلینەوەیەکەوە بۆ لێکۆڵینەوەییێکی تر دەگۆڕێ. لۆرنس گرینفیلّد لەو لێ کۆڵینەوەیەیدا کە دەربارەی پۆرتۆرکوییە (دوو) زمان زاکان کردوێتی دانی بە بوونی تەنیا (٥) پێنج بواردا ناوەکە هەموو ئەو هەڵوێستانە دادەپۆشی کە لەماوەی ساڵێکی لێکۆڵینەوەکەیدا بەرچاوی کەوتوون[١] بوارەکان بریتیین لە بواری ماڵەوە (ناوخێزان)، بواری هاوڕێیەتی، بواری ئایین (لەناو کەنیسەدا)، بواری کاروبواری پەروەردە (لەناو قوتابخانەدا). وەك لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەریخستووە، زۆربەی دانیشتوانی پۆرتۆریکۆ زیاتر زمانی ئیسپانی لە بواری هاوڕێیەتی و ماڵەوە بەکاردێنن. بۆ نمونە (لە سینەما، لە چایخانە، لەناوماڵدا، هەروەها لە ناوخۆیاندا لە شوێنە گشتیەکانی تردا وەك کتێبخانە و باخ. . . . هتد). هەرچی زمانی ئینگلیزییە ئەو بەتایبەتی لەبواری خوێندن و ئایین ئیشکردندا بەکاریدێنن، بەواتایێکی تر هاوڵاتەییەکی پۆرتۆریکۆیی وای لێ چاوەڕوان دەکرێ کە لە کەنیسە و دائیرە و قوتابخانە و زانکۆدا بەزمانی ئینگلیزی بدوێ. هەر کاتێ هەڵوێستەکەش گۆڕا لە جەوێکی نارِسمی، ئەوا واچاوەڕوان دەکرێ کە قسەکەرمان زمان بگۆڕن و بازبدەنە سەر ئیسپانی.

## ٢- بازدانی خۆکردە:

هەندێ جار قسەکەر، یان گوێگر شێواز، یان زمانەکەی دەگۆڕێ و بازدەداتە سەر شێواز، یان زمانێکی تر بێ ئەوەی هەڵوێست گۆڕابێت، یان پێویستی بەم شێوازگۆڕینە هەربێت. بەواتایەکی تر، گۆڕانی شێواز هەندێجار پەیوەندی بە هەڵوێستەوە نامێنێ. ئەم چۆرە قەنات گۆڕینە ئاسایی بۆ ماوەیەکی زۆر کورت دەمێنێتەوە و قسەکەران، یان گوێگرانی تر دوای ناکەون و لەسەر شێوازەکەی خۆیان بەردەوام دەڕۆن و گوێ نادەنە ئەم شێواز گۆڕینە دووی ناکەون. چونکە شێوازگۆڕینەکە هەڵوێست نەی هێناوەتەدیو تەنانەت لەگەڵیشدا ناگونجێت. ئەم جۆرە شێوازگۆڕینە زیاتر بۆ پێ داگرتن و پێکەنین بەکاردێ هەرچەندە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە هەڵگەڕێتەوە و کارەکە پێچەوانە کاتەوە. بۆ نموونە، با لەم دوو پارچە ئاخاوتنەی خوارەوە بکۆڵینەوە:

١- هەمان سەرچاوە(ل ٥٢).



١- ڕێبوار: بێزەحمەت، ئەتوانم تەلەفۆنەکەت بەکاربێنم؟
دوکاندار: (دوای تەواوکردنی کارەکەی) زۆر سوپاس.
دوکاندار: شایانی نییە، بەساقەی سەرت بم![١]
٢- دایك: شیلان خەریکی چییە؟
برای شیلان: لەحەوشە گەمانی خۆی دەکا.[٢]

لە پارچەی یەکەمدا دوو شێواز چوون بەناو یەکتریدا:

١- شێوازی رەسمی کە بەزۆری ئەو کەسانە بەکاری دێنن کە تەواو یەکتری ناناسن یان لە یەکترەو نزیك نەبن.

٢- شیوازی ئافرەت، کە تەنیا لەنێوان دوو کەس دابەکاردێ کە هەردووکیان ئافرەت بن، لەبەرئەوەی دوکاندارەکە لێرەدا پیاوە نەك ئافرەت تیکەڵکردنی ئەم دوو شێوازە کارێکی پەسەند نییە و لەوانەیە ڕێبوارەکە لە مەبەستی پیاوەکە نەگات (نەزانێ بۆ گاڵتەیە) و بەجۆرێکی تر لێکی بداتەوە زویر بێت یان سەری لێی سوڕبمێنێ.

لە پارچەی دووەمدا دوو زاری ناوچەیی تێکەڵ کراون دایکە بەزاری سلێمانی پرسیار دەکات کەچی بە زاری هەولێری وەڵامیدراوەتەوە. تێکەڵکردنی دوو زاری ناوچەیی، وەك تێکەڵکردنی دوو شێوازی جیاواز نییە و زۆر جار بێ گیروگرفت و گۆتاو تێپەڕ دەبێ ئەگەرچی هەندێ جار دەبێتە هۆی لە یەکتر نەگەیشتن و پلار و توانج هاویشتن.

هەردوو پارچە ئاخاوتنەکەی سەرەوە ئەو راستیەمان بۆ دەردەخەن کە بازدان، یان قەنات گۆڕینی خۆکردە بەپێچەوانەی بازدانی خۆنەکردەوە، کارێکی پڕ مەترسی یەو زۆرجار بەهەڵە لێکدەدرێتەوە دەبێتەهۆی زویربوون، بە واتای ئەوەی زۆرجار قسەکەر یان گوێگر وا تێدەگات

١- لە سەرەتای ئاخاوتنەکەوە تا فرێزی (بەساقەی سەرت بم) شێوازێکی رەسمی ئاساییە، بەڵام ئەم فرێزە لەو جۆرانەیە کە تەنیا ئافرەتی لە سلێمانی بەکاری دێنێ. لەبەرئەوە وا چاوەڕوان دەکرێ کە ڕێبوارەکە دابچڵەکێ وچاو ببرێتە دوکاندارەکە تا ئەو کاتەی بۆی روون دەبێتەو بۆچی مەبەستێ بەکاری هێناوە (بۆ گاڵتەیە، لەنەشارەزایی خۆیەتی یان ئەو بەمناڵ دادەنێ. . . . . . هتد)

٢- لەم پارچە ئاخاوتنەدا دوو زاری ناوچەیی تێکەڵ بوون،زاری ناوچەی سلێمانی کە دایکەکە قسەی پێ دەکات واری هەولێری کە لە وەڵامی کچەکەدا بەکارهاتووە. جیاوازی دوو زارەکە لە هەموو ئاستەکان دا دیارە: ئاستی فۆنەتیکی خووی(هەولێر) خۆی(سلێمانی) ئاستی فەرهەنگ: گەمە (هەولێر) یاری (سلێمانی) ئاستی ڕێزمانی دەکا (سلێمانی) دەکات (هەولێر) تێکەڵکردنی زار گۆتاو رووی لێ چاوەڕواننکرێ و زۆربەی کات بەسەلامەتی تێپەڕ دەبێ.

که گاڵتەی پێدەکرێ و ئەمەش دەبێتە هۆی دڵگران بوون تەنیا ئەو کاتە گوێگر دیتەوە باری ئاسایی کە تەواو بۆی دەردەکەوێ لە ڕەوشتی قسەکەرەوە کە بە نیازی خراپ بازی نەداوەتە سەر شێوازی تر و گۆڕینەکە تەنیا بۆ خۆشی و گاڵتە و پێکەنین بووە. ئەم لە یەکتر نەگەیشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە هەریەکە لە ئەندامانی کۆمەڵگاییێك دەچنەوە سەر کۆمەڵێك، چینێك، یان ناوچەیەییێك وا چاوەڕوانیان لێدەکرێ کە بە شێوازی ئەو کۆمەڵە ئەو چینە یان زارەی ئەو ناوچەیەی خۆیان قسەبکەن و قسەیان لەگەڵ بکرێ.

دیسانەوە دەبێت بزانین کە بازدانی خۆکردە شتێکی زۆر پێویست نییە، بەڵکو بەئارەزووی قسەکەر یان گوێگرە و بەندە و دەتوانێ هەرگیز بەکاریشی نەهێنێ. جگە لەمەش تەنیا ئەو کاتە کەڵك لەم بازدانە وەردەگیرێ کە هاوبەشانی ئاخاوتنەکە تەواو لە یەکتری بگەن و هەمان باوەڕیان هەبێت دەربارەی دەرچوون و لادان لەشێوازە ئاساییە گونجاوەکە و شێواز تێکەڵ کردن، بەواتاییێکی تر ئەگەر هاوبەشانی ئاخاوتن ئاگاداری لادان و شێوازگۆڕینی یەکتر نەبن و پێش بینی نەکەن ئەوا لەیەکتر ناگەن و گیروگرفت دێتە نێوانیانەوە.

### ب – کۆزمانەوانی داینامیکی، یان مێژوویی:

کۆزمانەوانی مێژوویی بەدوای ئەو هۆیانەدا دەگەڕێ کە دەبنە هۆی گۆڕان لە هەڵبژاردنی زمان دا بە تێپەڕبوونی کات. بەکارهێنانی دوو زمان، یان زیاتر لە کۆمەڵگای ئەم سەدەیە دا کارێکی تەواو ئاساییە، بەڵام زۆر جاروا ڕوودەدات کە ئەم کۆمەڵگایانە بە قۆناغی زمان گۆڕینەوەدا دەڕوات وپاش ماوەیەك یەکێك لەم دووزمانە جێگا بەویتریان لەق دەکات و هەمووبوارەکانی لێدەگرێ و وای لێدێ کۆمەڵگاکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر یەکێك لەم دوو زمانە و ئەویتریان واز لێ دێنێ. نموونەی مێژوویی دەربارەی زمان گۆڕینەوە زۆرە و[1] بەڵگەش زۆرە کە دیاردەکە لەهەموو کاتێکدا لە هەموو کۆمەڵگایەکی فرەزمان بەردەوامە[2].

---

١- بڕوانە.Gal Language Shifr Academic press Newyork Chapter 1 pp. 1-17:  کە دەربارەی دۆخی زمانە لەشارێکی نەمسا شاری ئۆبەرفات (فێڵ سوور)کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی نەمساوە یەکێکە لەو شوێنانەی کە پاش چوار سەدساڵ جووتە زار (دوو زمان بەکارهێنان) ئێستە بە قۆناغی زمان گۆڕاندا تێ پەڕدەبێ وئەڵمانی لە هەموو بوارێکدا و بۆ هەموو کاروبارێك، لە ماڵەوەو دەرەوەو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەشدا خەریکە جێگای زمانی هەنگاری دەگرێتەوە.

٢- بڕوانە Fishman (ل ١٤)



گەڕان بەدوای هۆکانی زمان گۆڕینەوەدا، کە ئەرکی سەرەکی کۆزمانەوانی مێژووییە وەنەبێ کارێکی ئاسان بێت لەو کۆسپ تەگەرانەی دێنە ڕێگەی و کارەکەی تێکدەدەن ئەمانەی خوارەوە شایانی لێك دانەوەن:

١- ئەو کۆمەڵگایەی کە بەقۆناغی زمان گۆڕینەوەدا تێپەڕ دەبێ وەك هەموو کۆمەڵگاییێکی تر تا چەند نەوەیەکیش دوای دەست پێکردنی ئەم کارە بێ جیاوازی هەردوو زمانەکە بەکاردێنێ. بە واتایەکی تر دیاردەی زمان گۆڕینەوە، هەرچەندە هەمیشە بەردەوامە بەئاسانی هەستی پێ ناکرێ و ماوەیەکی زۆر درێژیشی دەوێ تا تەواو دەردەکەوێ بەم جۆرە دیاردەکە لەو جۆرانەیە، کە تا قۆناغێکی باش نەبڕێ و تەواو بلاوّنەبێتەوە هەست بەبوونی ناکرێ، چونکە سەرزاری لە قۆناغەکانی یەکەمیندا هیچ نیشانەیەکمان نییە کە پیشانمان بدات کە کارەکە کەی دەستی پێکردووە و بەردەوامە.

هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانیین هۆیەکانی زمان گۆڕینەوە دیاری بکەین، ناتوانیین کتومت چەند هۆکارێ هەڵبژێرین و دڵنیا دیاردەکەیان بخەینە ئەستۆ بە واتایەکی تر، هەرچەندە دەزانیین دەیان هۆ لە ئارادان کە دەبنە هۆی زمان گۆڕینەوە، چەند هۆکارێکی تایبەتیمان نییە کە پێش بینی کاری زمان گۆڕینەوە بکات. بۆ نموونە داگیرکردنی سەربازییانە، گۆڕانی سنوری رامیاری و هاتنەکایەی میری، یان دەوڵەتی نوێ و بیری نەتەوایەتی (گەشە وبلاوّبونەوەی) ئەمانە هەموویان تاڕادەیەك دەبنە هۆی دروستکردنی کەمایەتی زمانی وا کە لەتاو نەبوونی دەستەلاّتی ڕامیاری و ئابوری وبیری نەتەوایەتی واز لە زمانەکەی خۆیان دێنن و دەچنە قۆناغی زمان گۆڕینەوە.[1]

---

لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دواییدا زۆر لە گوندو بریتۆنیەکانی فەڕەنساو ویلزی یەکانی بریتانیاو تەنانەت گوندە سلۆڤینەکانی نەمسا بەرەو زمانە نەتەوەیەکانی ئەم ولاّتانە ڕۆیشتون و وازیان لەزمان و زارە ناوچەییەکانی خۆیان هێناوە. هەروەها لە گینای نوێدا زارە هۆزایەتیەکان وردە وردە دەکشێنەوە دواوە و ناوچەکانیان بۆ ئینگلیزی بەجێ دێڵن. لە زۆر شوێنی ئەمریکای سەرووش دا بەتایبەتی (ولاّتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا) نەوەی کۆچکەرەکان زمانی نەتەوایەتی خۆیان لەبیر کردووەلا خوویان داوەتە ئینگلیزی تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەش دا کەتاکە زمانێك بەکاردێنن، شێوازو زارەکانی ئەو زمانە زۆرجار دەکەونە شانەکی لەناو خۆیان دا و هەریەکەیان دەیەوێ جێ بەوی تریان لەق بکات و دەری پەڕێنێ.

1 - بڕوانە (Gal)(ل ١٧)

هەروەها بارکردنی کۆمەڵە خەڵکی داپچڕاو بەرەو ئەو شارو گوندانەی کە بەزمانێ یان زاری تر دەدوێن و پەیدابوون و سەرهەڵدانی زمانی یەکگرتوو لەو وڵاتانەی تا ماوەیێك لەژێر چەپۆکی داگیرکەردا بوونییە ئەمانەش زۆرجار دەبنە هۆی زمان گۆڕینەوە و هەڵگرتنەوەی زمانی نەتەوایەتی، یان زمانی زۆربە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە لە هەر وڵاتێکدا ئەم هەل ومەرجانە هاتنەکایەوە ئەوا خەڵکی ئەو وڵاتە لە گەڵ دیاردەکە دەژین. بە واتایەکی تر، لە زۆر وڵاتدا تەنانەت بوونی چەندین لەم هۆکارانەش نەبۆتەهۆی زمان گۆڕینەوە. لەبەر ئەمە بوونی ئەم هۆکارانە لەو وڵاتەدا لەگەڵ دیاردەکە دەژین هێشتا ڕێگای ئەوەمان نادات بە دڵنیاییەوە دیاردەکان لە هەموو کات و شوێنێك دا بدەینە پاڵ. دیسانەوە نوێکردنەوەی وڵات و داهێنانی پیشەسازی و بەرەو شارستانی چوون و داپچڕان و نەمانی گیانی نەتەوایەتی کۆمەڵ و زمان پەروەری و دەیان هۆکاری تریش چەندیش گرنگ بن لە هێنانەدی زمان گۆڕینەوەدا، ناتوانن هەموو کاتێ لە هەموو کۆمەڵگایەك دا ببنە تاکە هۆی زمان گۆڕینەوە.

جگە لە دیاردەی زمان گۆڕینەوە کۆزمانەوانی مێژوویی خەریکی لێکدانەوەی ئەو گۆڕانانەیە کە بەسەر کانگای زمانی کەس و کۆمەڵ دا دێت لەئەنجامی کۆبوونەوەو نزیکبوونەوەی ئەو کەسانەی کە بە زمانی جیا جیا دەدوێن. لێرەدا کۆزمانەوانی مێژوویی دوو جۆرە کۆمەڵ یان کەس جیادەکاتەوە:[1]

### ١- زمانزانی لاسەنگ

مەبەست لە ((زمانزانی لاسەنگ))ئەو کۆمەڵە کەسانەن کە دوو زمان،یان زیاتر دەزانن و بەکاردێنن، بەڵام یەکێك لەم دووانە بەرەبەرەجێگای بەویتریان لەق کردووە و خەریکە هەمووبوارێکی لێدەتەنێ و لە کەڵکی دەخا. چاکترین نموونە لەسەر ئەم جۆرە کۆمەڵانە ئەوانەن کۆچ و بار، یان گوێزاوەتەوە بۆ وڵاتێکی پێشکەووتوتر لەوەی خۆیان وەك ئەو هیندیانەی لە بەریتانیا جێگیر بوون و ئەو کرێکارە جەزائیریانەی لە فەرەنسە دادەنیشن و ئەو کوردانەی لەتورکیاوە ڕادەکەن بۆ وڵاتە یەك گرتووەکانی ئەمەریکا.

---

ئەو هۆکارانەی کە بەبیری Gal بوونەتە هۆی زمان گۆڕینەوە لە ئۆبەرڤارت دا گەورەبوونی شارەکە و پەل هاویشتن و فراوانبوونی لەگەڵ گەشەی ئابووری بڵاوبوونەوەی پیشەسازی دا بە باوەڕی لێکۆڵەر گۆڕینەوەکە کاتێ دەستیپێکرد کە خەڵکی کەوتنە بەکارهێنانی ئەڵمانی بۆ ئەوەی وای دەرخەن کە کرێکارن.

١- بڕوانە Fishman (ل ٥٢-٥٣)



ئەم کۆچکەرانە پاش ماوەیەکی زۆر کەم دوایی جێگیربوونیان لەو راستیە دەگەن، کە دەبێ جگە لە زمانەکەی خۆیان زمانی هەواری نوێشیان فێربن بەتایبەتی لەبەر دوو هۆ:

١- وەك زمانێك بۆ تێ گەیشتن نەك هەر لەخەڵکی وڵاتە نوێ یەکان،بەڵکو لەو کۆچکەرانەش کە وەك ئەمان لە وڵاتی ترەوە دێن و بەزمانی جیاجیا لە قۆناغی یەکەم دا قسەدەکەن.

٢- وەك دەرووییێك بۆ پێش کەوتن لەباری ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتییەوە. زۆرجار ئەم پێش کەوتنە(تەنانەت کار پەیداکردنیش) بەندە بە فێربوونی زمانە نوێکەوە.

لەبەرئەوەی هەوارگەی نوێیان تەواو لە وڵاتەکەی خۆیان جیاوازە، ئەم کۆچکەرانە ناتوانن پارێزگاری لە جۆری ژیانی ماڵ و خێزانە بنچینەیی یەکەی خۆیان بکەن (بە واتای ئەوەی نەیەڵن بگۆڕێ و هەر وەك خۆی بی هێڵێتەوە).

لەگەڵ لەناوچوونی داب و نەریتی کۆنیاندا بەتایبەتی دوای لەناوچوونی نەوەی یەکەمیان، زمانەکەشیان بواری مانەوە و گەشەی کەمتر دەبێ و وردە وردە زمانە نوێیەکە لە هەموو بوارەکاندا جێگەی دەگریتەوەو بە هەموو ئەرکەکانی ئەم هەڵدەستێ، تا وای لێدێت لە ژێر کاری قوتابخانە و دەزگاکانی راگەیاندن بەرەو لە بیرچوونەوە دەڕوات. نەوەی دووەمی ئەم کۆچکەرانە زمانە نوێیەکە نەك هەر لەدەرەوە (لەقوتابخانە و شوێنی کارو. . . هتد). بەڵکو لە ماڵەوەش بەکاری دێنن. لە نەوەی یەکەمیشیاندا زمانە نوێ یەکە دیسانەوە بەسەر زمانەکەی خۆیاندا زاڵە بەواتای ئەوەی نزیکەی لە زۆربەی بوارەکانی ژیانیاندا بەکاردێ و زمانی دایك دەورێکی ئەوتۆی هەرچەندە هەر دەمێنێ و ناتوێتەوە لە قەوارەی زمانەکەی تردا.

تەنیا لەیەك دۆخ دا ئەم (زمانزانی لاسەنگە) تەنانەت لەناو کۆچکەرانیش دا نایەتەدی، ئەویش لەو دۆخەدا دەبێت کە ژمارەیەکی زۆر لەمانە بەتایبەتی لەو کۆمەڵانەی کە هاو زمان هاوزارن سەریان بنێن بەیەکترەوە لە یەك ناوچەدا کۆببنەوەویەك کۆمەڵگا پێك بێنن وەك کۆمەڵگای ئەڵمانەکان، ئیسپانییەکان و ئەسکەندەناڤییەکان لە وڵاتە یەك گرتووەکانی ئەمەریکا یان کۆمەڵگای کوردەکان لە بێروت[1] لەم شوێنانەدا هەرچەندە کۆچکەرەکان فێری

---

١- بڕوانە دۆخی زمان لە وڵاتە یەك گرتووەکانی ئەمریکا لە: Inglehart and Woodward (Language Conflicts and political community in Language and context,1972,(ed),p. p GiGlioli, Harmonds worth,pp 358-360 بەشێوەکی گشتی زمانی کۆچکەران لە ئەمریکادا بەرەو تواندنەوە دڕوات بەتایبەتی ئەگەر کۆچکەرەکان لەناو ئەو خەڵکانەدا بڵاوببنەوە کە بە ئینگلیزی دەدوێن. تەنانەت لەو

زمانە نوێ یەکە دەبن، بەڵام زمانە بنەڕەتیەکانیش هێشتا لە زۆر بواردا بەکاردێن و (بۆ نموونە، لەماڵەوە لە چایخانە،لەناو هاوڕێ و دراوسێ دا. . .) پێشکەوتن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە مەرج نییە هەر بەوهۆی فێربوونی زمانە نوێیەکەوە بێت. بێ گومان ئەگەر کۆچکەران وا سەر نەنێن بەیەکتریەوە و لەیەك شوێندا هەموویان پێکەوە جێگیر نەبن و نەژین ئەوا، وەك لە سەرەوە باسمان کرد زمانە بنەڕەتیەکەیان لە ژێرکاری زمانە نوێیەکەدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەکشێتەوە و جێگە بۆ زمانە نوێیەکە بەجێدێڵێ تاوای لێدێ تەنانەت ئەو مندالانەی کەهەر لە ساوایەوە دوو زمان هەڵ دەگرنەوە، زمانی دایکیان و زمانە نوێ یەکە، بەرەبەرە کەگەورە دەبن بەرەو یەك زمانی دەڕۆن بەتایبەتی کە دەنێرێنە بەر خوێندن و هاوڕێ لەنەتەوەکەی تر دەگرن و دەبنە دراوسێ کەسانی ئەم نەتەوەیە.

### ٢-زمانزانی هاوسەنگ:

بەو کۆمەڵە کەسانە دەوترێ کە دوو زمان یان زیاتر دەزانن و هەریەکەیان لە چەند بوارێکی دیاریکراودا بەکاردێنن و دوو زمانەکە رێگەی گەشە لە یەکتری ناگرن.(١) یەکێك لەو نمونە بلاوانەی کە کۆزمانەوانی لەسەر زمانزانی هاوسەنگ دەی هێنێتەوە باری زمانی فەڕەنسی وئینگلیزییە، لە شاری مۆنتریاڵ، ناوچەی کیوبیك لە کەنەدا(٢).

باری کۆمەڵایەتی فەڕەنسایی یەکان لەباری کۆچکەرەکانی ولاتە یەك گرتووەکانی ئەمریکا زۆر جیاوازە. فەڕەنساییەکانی ئەم شارە لە بنەڕەتدا کەمێك ئینگلیزی لە قوتابخانە و دەرەوەدا هەڵ دەگرنەوەو فێری دەبن، بەڵام قوتابخانە سەرەتاییەکان و دەزگا ئایینی یەکانی ناوچەکە هەر فەڕەنسی بەکاردێنن. تەنانەت لە قۆناغی ناوەندی و دوای ناوەندیش و ئامادەیش هەر ئەو دەوڵەمەندە فەڕەنساوی یانە فێری زمانی ئینگلیزی دەبن کە ئامادەن پارەی پێ بدەن و دیسانەوە ئەم فێربوونەش لە ژێر چاودێری دەزگا پەروەردەیی یە فەڕنسییەکان دایە. لەبەر ئەمە منالی فەڕەنسی تا ژیانی لە چوارچێوەی ماڵەوە و کەنیسە و دراوسێ دا بەسەربەرێت هەر تاکە

شوێنانەشدا کە کەمە نەتەوەکان سەر دەنێن بە یەکەوە لای یەکتریەوە جێگیر دەبن بەبێ زانینی ئینگلیزی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر ناکرێ.

١- Fishman (ل ٥٢-٥٣)

٢- بڕوانە دۆخی زمان لە کەنەدە لە. . . . . . Inglehart (ل ٣٦١-٣٦٢)



زمانە و بێویستی بە ئینگلیزی لە هیچ بوارێك دا نابێ. هەمان منالّ، ئەگەر بیەوێ خوێندنی بالا تەواو بکات، ئەوا ناچار دەبێت ئینگلیزی فێربێت و بێتە زمانزان. بەم جۆرە دەبینین کە بواری بەکارهێنانی فەڕەنسی هەر لەبنەڕەتدا لە رووی ئەرکەوە تەواو لە یەکترەوە جیاکراونەتەوە. ئینگلیزی نەك هەرناگاتە دەست هەموو فەڕەنسیەکی ناوچەکە، بەڵکو لەشێوەی قسەدا بەکاردێ و تەنانەت لە تەمەنێکی درەنگیشدا دەگات، لەبەر ئەمە کۆمەڵگاکە فەڕەنسییە و بە فەڕەنسیش دەمێنێتەوە، هەرچەندە خەڵکەکە شارەزای دوو زمانیش بن. ئەو گۆڕانەی لەم دواییەشدا کە بەسەر باری مۆنتڕیاڵدا هاتووە دیسانەوە ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە کۆمەڵگاکە فەڕەنسییە نەك ئینگلیزی.

دەزگا پەروەردەییە فەڕنسیەکانی کەنەدە ئەوەندە پەلیان هاویشتووە کە ژمارەییێکی زۆر لە کەسانی بە توانایان پێگەیاندووە. ئەمانە ئەوەندە زۆرن لە دەزگا فەڕنسیەکاندا جێگەیان نابێتەوە و ناچاربوون لە دەزگا بازرگانی و پیشەسازی یە ئینگلیزییەکاندا دابمەزرێن. بەم جۆرە دەبینین کە زمانی فەڕەنسی بەهۆی ئەم دەرچووانەوە گەیشتۆتە ئەو بوارانەش کە تاماوەیەك لەمەوبەر هەر ئینگلیزی زانەکان جێگەیان تێدا دەبووەوە بەمە فەڕەنساییە کەنەدیەکان خۆیان دڵنیادەکەن کە نەوەکانی دوارۆژیشیان هەر فەڕەنسە دەردەچن. هەرچەندە لە هەموو لایەکەوەتەنانەت لە مۆنتڕیاڵیش دا فەڕەنسایی یەکان بە ئینگلیزی دەورە دراون، ئەمان توانیویانە بارێکی زمانزانی هاوسەنگیی دەستەبەر بکەن و بیپارێزن تەنانەت تاکەی خۆیان قورسترکەن.

کۆزمانەوانەکان زاراوەی (زمان زانین) بۆ کەس بەکاردێنن. بۆ نموونە ئەو کەسەی دوو زمان یان زیاتر بزانێ بە (زمان زان) دادەنرێ. کە دێنە سەرباسی کۆمەڵێك یان ولاتێك زاراوەی(زار) دەهێننەکایەو. بۆ نموونە، ئەو کۆمەڵەی دوو زمانی تێدا بەکاربێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناو کۆمەڵەکە بە کۆمەڵێکی (جووتە زار)دەژمێرێ. لە کۆمەڵی وادا هەر زارە لەبوارێکی جیاوازدا بەکاردێ و هەردووکیان دانیان پێدا دەنرێ وبە پەسند دادەنرێن، هەرچەندە یەکێك لەم دووانە بە(بەرز)دەژمێرێت ئەوی تریان بەچاوێکی نزمترەوەسەیر دەکرێ.(١)

کەبەپێی زمان زانین (لەلایەن خەڵکەوە) و زار زانین (هەڵ گرتنەوەیان لەلایەن میرییەوە) لە کۆمەڵ دەکۆڵێنەوە، چوار جۆر کۆمەڵ دێنە ئاراوە:-

١- بڕوانە Ferguson. C. A(Diglossia)in Languae and context 1972. PP. 232-243

بەباوەڕی فێرگەسن یەکێك لەو دوو زارە، یان زمانە بە (بەرز) دەژمێرێ و ئەویتریان بە (نزم).

**أ-كۆمەڵی زمانزانی جووتەزار:**

لەم جۆرە کۆمەڵانەدا خەڵکەکە بەگشتی دوو زمان دەزانن و هەردووکیشیان لەلایەن دەوڵەتەوە کەم و زۆر پەسەندن، هەرچەندە یەکێکیان پلەوپاییێکی بەرزتری وەرگرتووە بەچاوێکی بەرێزترەوە سەیر دەکرێ. چاکترین نموونە لەسەر ئەم کۆمەڵە عەرەبە عێراقی یەکانە کە زمانی عەرەبی (فصحی) بۆ بەرێوەبردنی کاروباری پەروەردە و ئایینی و میری بەکاردێنن و بە عەرەبی (عامیە)ش لەناو خۆیاندا لە ماڵەوە و دەرەوەی لە جەوی هاورێییەتی و دراوسێتیدا دەدوێن. لەگەڵ ئەوەشدا کە زاری (عامیە) پلەی زمانی میری نییە، بەواتای ئەوەی بەکارنایەت بۆ خوێندن و کاروباری دادگا، زارەکە پەسەندە و قەدەغە ناکرێ و لەوانە نییە زمانی (فصحی) بوارەکانی لێوەرگرێتەوە. لە هەندێ کۆمەڵگادا دوو زمانی جیاواز نەك دوو شێوەی یەك زمان دەوری (بەرز) و (نزم) وەردەگرن.[1]

ئاشکرایە کە بوونی (فصحی) و (عامیە) هەر بەتایبەتی لە عێراقدا نییە، بەڵکو لە هەموو ولاتە نیشتمانی عەرەبدا دوو شێوەی عەرەبی خۆی دەنوێنێ: شێوەی قورئان (پایەبەرز) شێوەی قسە (کە زارە ناوچەییەکانی) دەگرێتەوە. بێگومان ئەم شێوەیە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بەیەك چاو سەیر ناکرێ و لە هەندێ ولاتی نیشتمانی عەرەبدا تا ئێستەش دان نانرێ بەبەرهەمی (زاری قسە)دا و شتی پێ بلاوناکرێتەوە.

**ب- کۆمەڵی زمان نەزانی جووتە زار:**

گەلێ جار وا رێ دەکەوێ کە دوو کۆمەڵ یان زیاتر لەبەر چەند هۆیەکی رامیاری و ئابووری یەك دەگرن بێ گوێدانە جیاوازی کەلەپورو زمان. ئاسایی دوو کۆمەڵی وا سنوورەکان خەرِ دا دەخەن و رێگە نادەن بە کەسانی نامۆ (ئەوانەی ناگەرێنەوە بۆ کۆمەڵەکە و لەناو کۆمەڵەکەدا

1- بڕوانە Fishman (ل ٤٩).

بۆنمونە دانیشتوانی پاڕاگوای کەڵك لە ئیسپانی و گۆڕانی وەردەگرن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری خۆیانییە ئیسپانی بۆ کاروباری پەروەردەو ئایین میری بەکاردێنن، گۆڕانیش لەناو خۆیان دا لەماڵەوەو لە دەرەوە پێی دەدوێن. لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆڕانی لەناوچەکەدا پلەی زمانی میری نی یە، زمانەکە لەڕووی کۆمەلایەتیەوە پەسەندە و لە مەترسی قەدەغەکردن دوورەو لەوانە نییە زمانە بەرزەکە (ئسپانی) چێگەی پێ لەق بکات و دەری پەڕێنێ.



لەدایك نەبوون) بچێتەناویانەوە و تێکەلاویان بێت. ئەندامانی هەر کۆمەڵە شارەزایی هەر لە زمانەکەی خۆیدا پەیدادەکات و هەرچەندە دووزار یان زمان لە ولاتەکەشدا هەبێ، دوو کۆمەڵەکە راستەوخۆ لەیەکتری ناگەن.

نموونەی مێژوویی لەسەر ئەم جۆرە کۆمەڵە زۆرە. تاقمە دەسەلاتدارەکانی ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە کۆمەڵگایەکی وا دەژیان. ئەمانە لەخەڵکی گوندەکان داپچڕابوون و پەیوەندییێکی ئەو تۆیان لەگەڵ خەڵکە ئاساییەکەدا نەبوو. ئەم دەستەلاتدارانە لەناو خۆیاندا تێکرا بە زمانێکی بەرز (بۆ نموونە فەرەنسی) دەدوان خەڵکە ئاسایی یەکەش بەزمانێکی تر.

جاری واش هەبوو تەنانەت دوو زمانەکەش دووربوون لە یەکتری بە واتای ئەوەی خزمایەتییە راستەوخۆ لەنێوانیان نەبوو لەبەر ئەمە گەلێ جار دەستەلاتدارەکان تەنیا بەهۆی وەرگێڕانەوە لە خەڵکەکە دەگەیشتن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردوو کۆمەڵەکە لە رووی ئابووری رامیارییەوە یەك بوون (بەواتای ئەوەی خەڵکی یەك ولات بوون).

هەریەکەیان بەزمانێك دەدوا.[1] هەمان نموونە تائێستاش لە هەندێ ناوچەی هیندستاندا ماوە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە (گلاوەکان) تێدا دەژین.[2] ئەمانە خۆیان بەزمانێك دەدوێن و گەورەکانیان بە زمانێکی ترو زۆربەی کات لەیەکتری ناگەن.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بلێین، کە ئەم جۆرە کۆمەڵگایە لەناو میللەتە دواکەوتووە گەشەنەکردووەکاندا دەردەکەون لەو شوێنانەدا کە جیاوازی چینایەتی زۆرە و زۆر دەوڵەمەند لەگەڵ زۆر هەژار و چەوساوەدا بە یەکەوە کۆمەڵی پێك دێنن ئاشکرایە کە کۆمەڵی وا تووشی دەیان گیروگرفت دەبێت لە قۆناغی بەرەو پیشەسازی و نوێ کردنەوەدا. بلاوبوونەوەی خوێنەواری لەم قۆناغەدا پێشکەوتنی چینە رەنجدەرەکان لە رووی ئابوورییەوە دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان، یان وایان لێ دەکات داوای یەکسانی پلەو پایە بۆ زمانە پێ شێلکراوەکەیان بکەن. ئەو گیروگرفتە زمانیانەی لە ویلزو کەنەدەو بەلجیکادا شتێکن لە بنەڕەت دا لەم بابەتە.[3]

1- بڕوانە Abercrombie ل. ٢٦٤

2- بڕوانە دۆخی زمان لە هێندستان لە. . . . . . Inglehaet (ل ٣٦٤-٣٦٥).

3- هەمان سەرچاوە. بڕوانە دۆخی زمانی بەلجیکا(٣٦٢-٣٦٣)

### ج-کۆمەڵی زمانزانی ناجووتەزار:

لێرەدا مەبەستمان لەو کۆمەڵگایەیە کە ئەندامانی زیاتر لەیەك زمان دەزانن و لە هەمان کاتیشدا زمانی بەرزو نزم لەیەکتری جیاناکەنەوە. لەم جۆرە کۆمەڵەدا زۆر کەس هەردوو زمانەکە دەزانن و هەریەکەیان لە بوارێکی جیاوازدا بەکاردێنن. ئەم دۆخە لەو کۆمەڵانەدا بەدی دەکرێ کە بەقۆناغی گۆڕان دا تێپەڕ دەبن یان لەسەردەمێکی ئاڵۆزو نائاسایی و ناهێمنیدان، ئەو کاتانەی کە بەهاو ئاکارو پێوانەی کۆن و وازی لێهێنراوە هێشتا پێوانە و بەها نوێیەکانیش جێ خۆیان نەگرتووە.

بۆ نموونە، شۆڕشی پیشەسازی زۆرجار کرێکارەکان ناچاردەکات (بەتایبەتی ئەوانەی بەدوای کاردا وێڵن و لە کۆمەڵەکەی خۆیان ترازاون) کە واز لە شێوە ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان و تەنانەت شێوە زمانەکەی خۆشیان بێنن. پێش ئەوەی تەواو لە بۆتە کۆمەڵایەتییە نوێ یەکەشدا بتوێنەوە، فێری شێوە نوێیەکە دەکرێن. بەم جۆرە دەبینین کرێکارەکان کوێرانە و بێ ئاگا هەردوو شێوە زمانەکە، کۆنەکەی خۆیان و نوێیەکەی دوای بارکردنیان ناو بە ناو بەکاردێنن و زمانی ماڵەوە و گارگەیان دەکەن بەناو یەکتری دا[1]

لە کۆمەڵگای وادا ئەگەر ئەم دوو شێوەیە، شێوەی کۆن نوێ، دوو زمانی جیاواز نەبن، ئەوا هەردوو شێوەکە موتوربە دەکرێن بەیەکتری و زمانێکیان لێ دێتە بەرهەم. کە دەبێتە زمانی یەکەمی نەوەکانی دوارۆژییان.

بەم پێ یە دەبینین کە کۆمەڵگای زمانزانی بێ جووتەزار کۆمەڵگایەکی کاتییە کە بەهۆی نوێ کردنەوە بەرەو پیشەسازی رۆیشتنەوە دێتە کایەوەو بۆ ماوەیەکی کورت لە دوای دا بەرەو یەکێك لە جۆرەکانی تر دەڕوات.

### د-کۆمەڵی زمان نەزانی ناجووتەزار:

ئەو کۆمەڵەیە کە نەزمانزانی تێدا بڵاوە نەزمانی بەرزو نزمیان هەیە. ئەم کۆمەڵە(ئەگەر لە ئارادا هەبێت) دەبێت کۆمەڵێکی بچووك و داترازاو بێ پسپۆڕی بێت.[2] لە کۆمەڵی وادا لەبەرئەوەی هەموو لە یەکتر گەیشتنی بەرەو رووەو شێوەزمانەکان دەوری جیاوازیان پێ

---

١- بڕوانە Ingleheut etal (ل ٣٦٣)

٢- هەمان سەرچاوە ل (٣٦٨)



نەسپێراوە، شێوەکان گەشە ناکەن و نادانامیکی دەبن. دیسانەوە ئەم جۆرە کۆمەڵگایە جۆرەێکی کاتییە و زیاتر لەوانەیە لەناو ئەو میللەتانەدا سەرهەڵبدات کە شێوەی تیرەو هۆز و خێڵدا دەژین. تەنانەت لە باری وا سادەشدا، زۆر هۆکار دەبنە هۆی جیاوازی لە کانگای زمانی خەڵکەکەدا وەك ژن هێنان لە دەرەوەی خێڵ و هۆزو زەوی و زار داگیرکردن یان کڕین و پەرش و بڵاوبوونەوەی تیرەو هۆزەکان، گەشەی ئابووری بە یەك گەیشتن لەگەڵ خەڵکی تردا بەهۆی خێراو ئاسان بوونی هاتووچۆوە. ئەمانەو دەیان هۆی تر دەبنەهۆی فراوان بوونی کانگای زمانیی کۆمەڵەکە. ئەم فراوان بوونەش کە سەرەتای قۆناغێکی نوێ یە-قۆناغی زمان زانین- پاش ماوەیەکی کورت کۆمەڵەکە بەرەو جۆری یەکەم لە کۆمەڵ دەبات. کۆمەڵی زمانزانی جووتەزار.

### ه-کۆزمانەوانی کارەکی:[1]

وەك بۆمان دەرکەوتووە کۆزمانەوانی کارەکی بۆ هەموو ئەو بابەتانە بە کەڵکە، کە زمانەوانی کارەکی دەوری تێدا دەبینێت وەك وتنەوەی زمانی دایك لە قوتابخانەداو وتنەوەی زمانی بێگانە و وتنەوەی زمانی دووەم و وەرگێڕان و داهێنان و پێداچوونەوەی رێنووس و بڕیاری رامیاری دەربارەی زمان و نەخشە کێشانی زمانی. هەر کامێك لەم گیرو گرفتانە وەربگرین دەبینین دابین کردنیان بە شێوەیەکی سەر کەوتووانە پێویستی نەك هەر بە شیکردنەوەیەکی قووڵی زمانەکە هەیە (لایەنە زمانەوانی یەکە) بەڵکو بەبێ شیکردنەوەی وردو تەواوی بارە کۆمەڵایەتی یەکە هەرگیز ناگاتە ئامانجێکی بە کەڵك.[2] وا لە خوارەوە لەهەندێ لەم گرفتانە دەدوێین تا بۆمان روون بێتەوە کۆزمانەوانی بەتایبەتی کۆزمانەوانی کارەکی، دەتوانێ چیمان لە بارەیانەوە بۆ بکات.

---

١- شیانی تێبینییە کە هەندێ زمانەوان وەك (ویرسۆن) کۆزمانەوانی وکۆمەڵناسی زمان لەیەکتری جیا دەکەنەوە و یەکەمیان وەك کۆزمانەوانی ئێستەیی ودووەمیان وەك کۆزمانەوانی مێژوویی سەیر دەکەن(بڕوانە بەشی شەشەم لەPapers in applied Linguistics

(ed) Allen etal 1975

٢- بۆ نمونە لێ کۆلینەوە دەربارەی داهێنان یان چاکردن و گۆڕینی رێنوس یان دۆزینەوەو چەسپاندنی زمانی یەکگرتوو لە ولاتێك پێویستیان بە ششیکردنەوەیێکی ورد و قوڵی باری رامیاری و کۆمەڵایەتی ولاتەکە هەیە زۆر بەر لەوەی دەست بکەین بەگۆڕینی رێنوس یان نەخشە دانانی زمانی. بڕوانە خوارتر بۆ درێژی ئەم کێشانە.

### ١-داهێنان و پێداچوونەوەی رێنووس:

ئاشکرایە کە نوێکردنەوە و پێشخستنی ولاّت لە رووی کۆمەلاّیەتی نەتەوایەتییەوە پەیوەندیەکی تەواوی لەگەلّ بلاّوبوونەوەی خوێنەواری دا هەیەو زۆری ئەم خوێندن بلاّوکردنەوەیش لەبەر نەبوونی رێنووسێکی پڕبەپڕو گونجاو نایەتە دی. دەبێت بەهەلّەش بۆ کێشەکە نەچین و وابزانین کەبوونی رێنووسێکی گونجاوی فۆنیمی پڕبەپڕ لە خۆیدا بەسە بۆئەوەی رێنوسەکە پەسەند بکرێت لەلایەن خەلّکی ولاّتەوە، چونکە هەروەك لەسەرەوە گوتمان کێشەکە هەر پەیوەندی بەزمانەوانییەوە نییە بەتەنیا بەلّکو کێشەییێکی کۆمەلاّیەتیشەو دەبێت لەم روانگەیەشەوە سەیربکرێ و باری کۆمەلاّیەتی بۆ خۆش بکرێ.[1] بەر لە گشت شتێك دەبێ ئەو کەسانەی رێنووسەکەیان بۆ ئامادە دەکرێ هەست بەوە بکەن کەپێویستیان بە فێربوونی ئەو رینووسە هەیە. ئەمەش بەوە دەکرێ کە:

١-وریا و هۆشیار بکرێتەوە تا ئامادەیی وەرگرتنی رێنووسەکەیان تێدا پەیدادەبێ.

٢-دەیان خەلاّت و پاداشتی کۆمەلاّنەیان بۆ دانێن بەوەی یان پلەییێکی بەرزتریان بدەینێ کەبەسەرکەوتووانە فێریبوون یان بەلای کەمەوە لەناو خەلّکەکەدا ئەو هەستەیان بۆ دابین بکەن کە دەستکەوتێکی گەورەیان هێناوەتە دەست و بەمە خزمەتی گەل نیشتمانیان دەکەن. لە لاییێکی تریشەوە دەتوانین بەشێوەییێکی تر ئەم کەسانە هان بدەین فێری رێنووسەکە بن و لەسەری بڕۆن، ئەویش بەنزم کردنەوەی پلەی ئەوانەی کە لە کاردان و فێری رێنووسەکە نابن، لێی لادەدەن. تا یەکێك لەم رێگایانە نەگرن ناتوانین رێنووسێکی نوێ بچەسپێنین.

دابینکردنی ئەم دۆخە کۆمەلاّیەتییە لەپێش هەموو شتێکی ترەوە دەبێ، چونکە رینووس چەندیش رێك و پێك و گونجاو و دیمەن جوان بێت، ناچەسپێ تا خەلّکەکە رێزییان بۆی نەبێ لە دوای ئامادەکردنی ئەم بارە کۆمەلاّیەتییە ئەوجا دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە تا رێنووس دیمەن جوان بێت، چاکتر دەوترێتەوەو تا لەکەلّ راستییە زمانیەکان دا بڕوات و فێربوون و بلاّوکردنەوەی ئاسانتر دەبێت.

دەبێت ئەوەش لەیادنەکەین کە هەلّبژاردنی پێڕەوی رێنووسیش دیسانەوە بەندە بەهۆکاری رامیاری و کۆمەلاّیەتییەوە نەك بە زمانەوانی و پەروەردییەوە. بۆ نموونە شتێکی رێکەوت

١- بڕوانە: بۆ ئەو لێکۆلینەوەیەی نووسەر دەربارەی رێنووس وگرنگی ئامادەکردنی کۆمەلّ پێش گۆڕان و رێکخستن و چاکردنی. (ڕێنووسی کوردی لەڕوانگەی فۆنەتیکەوە)



نییە کەپیتەکانی زمانی هیندییە ئەمریکاییەکان لەسەر بنەمای پیتی ئینگلیزی داتاشراو، هەروەك پیتی زمانە نەتەوەییە جۆربەجۆرەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دەچنە سەر کیریلیك و هی میللەتەکانی ئەمریکای خواروو دەچنەوە سەر ئیسپانی.

دیسانەوە پێداچوونەوە و چاکردنی رینووسە کۆنەکانیش بەندە بەهۆی رامیاری و کۆمەلاّیەتییەوە و کێشەکە کەم و زۆر پەیوەندی بە زمانەوانی یەو نییە و دەبێت لە سنووری کۆزمانەوانیدا چاربکرێت بۆ نموونە نەرویج توانی بەسەر کیشەی رێنووس و زماندا سەربکەوێ هەرچەندە لە بارێکی ناخۆش و ئالۆزیش دابوو[1] بەلاّم ولاّتانی پاکستان و هیندستان کە لە هەمان باردان تا ئێستەش نەیان نوانیوە رێنوسێکی واداهێنن کە هەموو خەلّکی ولاّتەکە بەدلّیان بێت.[2] زیرەکی ووریایی نەرویجییەکان لەوەدا بوو کە دۆخێکی کۆمەلاّیەتی لەباریان بۆ نەخشە رێنووسییەکان خۆش کرد، بەلاّم هیندییەکان، بەتایبەتی لەبەر دواکەوتوویی و کەم هۆشیاریی خەلّکە ئاساییەکە و زۆریی کەمایەتی نەتەوایەتیو زمانی جیاجیا ئەم دۆخە لە بارەیان بۆئامادە ناکرێ.

### ٢- دانانی نەخشەی زمانی:

گرنگی نەخشەدانانی زمانی لەو ولاّتانەدا دەردەکەوێ کە فرەزمان، یان فرەزارن. نەخشەی زمانی بۆ دوو مەبەست دەکێشرێ:[3]

أ- بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری وەك کاروباری پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەلاّیەتی.

ب- بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتیمانی هەستی هاوولاّتیەتی و نەتەوایەتی و کەلەپوری هاوبەش رۆلّێکی تایبەتی لە نەخشەدانانی زمانیدا دەبیینێ مەبەست لە کەلەپوری هاوبەش بوونی چەند تایبەتی یەکی کەلتووریە(ئایینی، مێژویی، یان یاسایی) کە مولّکی هەموو خەلّکی وەلاّتەکە بێت و هەموو هاوبەش بن تێداو ئەندامانی کۆمەلّەکە هەموویان کۆکاتەوەو بیان لکێنێ بەیەکتریەوە. لەو شوێنانەدا کە کەلەپوری هاوبەش هەیەو زمان و ئەدەبەکە دەی نوێنێ،ئەوا ئەو زمانە دەبێتە زمانی میری، یان نەتەوەیی و گیروگرفت نایەتە رێگەیان کێشەی زمانی لەو ولاّتانەدا دێتەکایەوە کە خاوەنی ئەم کەلەپورە هاوبەشە نین.

١- هەمان سەرچاوە.

٢- بڕوانە دۆخی زمان لە هیندستان لە. . . . . . Inglehart (ل ٣٦٤-٣٦٥)

٣- بڕوانە Bell, T, R Sociolinguistics London, 1976 pp. 164-185.

تا ئێستە لە هەڵبژاردن و چەسپاندنی زمانی میری و نیشتمانی دا بیر لەسێ جۆرە نەخشە کراوەتەوە[1] بەناوی نەخشەی(أ،ب،ج)ەوە بلاَوکراونەتەوە. وا لە خوارەوە کەمێك لەسەریان دەدوێین بۆ روون کردنەوە:

**١- نەخشەی(أ):**

ئەم جۆرە نەخشەیە بە کەڵکی ئەو وڵاتانە دێ، کە کاربەدەستەکانیان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە وڵاتەکەیان کەلەپوری هاوبەشی تێدا نییە و بەهیچ شتێکی ناوکۆ نییە ئەندامانی کۆمەڵگاکە کۆبکاتەوە. ناچار لەباری وادا دەبێت زمانێك لەدەرەوەی وڵاتەوە بێنن. بەتایبەتی زمانی کاربەدەستە داگیرکەرەکانی پێشوویان و(چونکە ئەمانە لەسەردەمی پێشووتردا ژمارەیێك قسەپێ کەریان پەیداکردووە) وەك زمانێکی میری و نشتیمانی بەکاربێنن.

لە وڵاتی وادا کاربەدەستان هەر بەدووی ئامانجە ئیدارییەکانەوە دەبن دەتوانن تەنیا ئەمانە بهێنەدی. ئەم دۆخەش تەنیا لەو وڵاتانەدا دەبێ کە فرەهۆز و فرەنەتەوە، یان فرەزارن، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ماوەییەکی کورتە سەربەخۆییان وەرگرتووە لە سەردەمی پێشووتریان دا زمانێکی میری نوسراویان نەبووە. ئەم جۆرە نەخشەیە چەند وڵاتێکی ئەفریقایی وەك کامیرۆن و غینیای نوێ تا ئێستاش لەسەری دەڕۆن.[2]

**٢-نەخشەی(ب):**

ئەم نەخشە کتوومت پێچەوانەی جۆری یەکەمەو لەو وڵاتانەدا بەکاردێ کە هاوڵاتییەکانی هەست بەوە دەکەن کە خاوەنی کەلەپوورێکی هاوبەشن و زمانێکی ناوکۆیان هەیە. ئەم زمانە هاوبەشە دەکرێتە زمانی میری و نیشتیمانی لە وڵاتدا و بەمەش هەردوو جۆرە ئامانجەکانیان، نەتەوەیی و ئیداری دێنەدی. نموونەی ئەم نەخشەیە لە سۆماڵ و تایلەندا دەبینرێ. هەندێ وڵاتی تریش، کە تا ماوەیەك لەمەوبەر لەسەر نەخشەی(أ) دەڕۆیشتن ئێستاکە بەرەو ئەم جۆرە دێن و دەیانەوێ پەیڕەوی نەخشەی (ب) بکەن وەك ئەندەنوسیا و تانزانیا و فیلیپین.[3]

**٣-نەخشەی(ج):**

ئەم جۆرە نەخشەیە کاتێك بەکاردێ، کە وڵاتێك زیاتر لە میراتییێکی یان کەلەپورێکی هاوبەشی تێدابێت و هەریەکەش لەمانە زمانێك بیان درکێنێ کە ئەرکی

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو (ل. ١٧٤)

٢- هەمان سەرچاوە (ل. ١٧٢).

٣- هەمان سەرچاوە (ل. ١٧٣).



ئایینی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەبێت. بێگومان ئەم زمانانە دەکەونە شانەیەکی (تنافس) لەناوخۆیان داو هەریەکەیان دەیەوێ خۆی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێ. لەباری وادا نەخشەی زمانی دەبێت زیاتر هەوڵی هێنانەدی تەنیا یەکێك لە ئامانجەکان بدات (کە ئەویش ئامانجە ئیداریەکانە) نەك هەردووکیان چاکترین چارە لە باری وادا دامەزراندنی دەستەڵاتێکی مەرکەزییە کەخۆی بەهۆی زمانێکەوە بگەیەنێتە خەڵکەکە یان زۆربەیان لە هەمان کاتیش دا سەربەستیەکی تەواو بە کەمایەتییە زمانیەکانی تریش بدرێ. کێشەکە زۆرجار بەوە چارە دەکرێ کە شانبەشانی زمانێکی نیشتیمانی و میری هەندێ جار دووان، دان بە زمانێك یان چەند زمانێکی ناوچەییدا بنرێ و پایەی زمانی میری و ناوچەییان بدرێتێ لەو ناوچانەدا کە خەڵکەکە بەکاری دێنن. ئەم جۆرە نەخشەیە قورساییەکی زۆر دەخاتە سەرشانی هاوڵاتیان (بەتایبەتی قسەپێکەرانی زمانە میرییە ناوچەیەکە) بەوەی ناچاریان دەکات دوو زمان فێربن. هیندستان و نایجریا لەو وڵاتانەن پێڕەوی ئەم نەخشەیە دەکەن.[1]

ئەم تێڕوانینە کۆزمانەوانییە نوێیە بۆتە هۆی دابەشکردنەوەیەکی نوێی زمان بەپێی پایە و پلەی کۆمەڵایەتی و رووکاری خەڵکی ومیری. لەبرێتی دابەشکردنی زمان بۆ چەند زارو بەچکەزارێك، زمان ئێستاکە لە چەند شێوەیەك دەبینرێ:[2]

**١- تاکە زمان:**

ئەو زمانەیە کەتەنیا خۆی زمانی میری و نیشتمانی وڵاتێکە وەك، عەرەبی لەزۆربەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و فەرەنسی لە فەرەنسادا.

**٢- زمانی میری هاوبەش:**

بەو زمانە دەوترێ کە شان بەشانی زمانێکی تری میری و نیشتمانی بەکاربێت وەك فەرەنسی و ئینگلیزی لەکامیرۆن و ئینگلیزی و ئوردوو لە هندستان. . . . . . . . . هتد.

**٣- زمانی میری ناوچەیی:**

ئەو زمانەیە کەلە ناوچەیەك دا پلەی زمانی میری و نیشتمانی هەبێت، یان بە ئەرکی ئەو هەڵسێت وەك زمانی فەرەنسی لەکیوبێك.

١- هەمان سەرچاوە (ل ١٨١).

٢- هەمان سەرچاوە (ل. ١٨٢).

**٤- زمانی هاندراو:**

ئەو زمانەیە کە هەرچەندە پلەی زمانی میری و نیشتمانی ناوچەیی نییە، دەزگاکانی راگەیاندن کەڵکی لێوەردەگرن و لەدیدارو چاوپێکەوتن و هەندێ بەرنامەی رادیۆ تەلەفیزیۆندا بەکاری دێنن.

**٥- زمانی چاولێ پۆشراو:**

ئەو زمانەیە کە دەزگاکانی میری نەهانی بەکارهێنانی دەدەن و نە لەرێگەشیدا دەوەستن، بەڵکو چاوی لێدەپۆشن و هەقیان بەسەریەوە نەماوە وەك زمانی کۆچکەرەکان لە ئینگلترەدا.

**٦- زمانی قەدەغەکراو:**

ئەو زمانەیە کە میری دانی پێدانەناوە حەزناکات بەکاربێت و هەوڵی ئەوەش دەدات نەهێڵێ قسەی پێبکرێ بە تایبەتی لە شوێنە گشتییەکان دا وەك زمانی کوردی لە تورکیا.

## ٣- پەیوەندی نێوان زمانەوانی و کۆزمانەوانی:

لەگەڵ ئەوشدا، کە کۆزمانەوانی و زمانەوانی لە زۆر رووەوە لە یەکدەچن و تایبەتی و ناوکۆیان زۆرە، هەریەکەیان پێ لەسەر چەند لایەنێکی جیاوازی زمان دادەگرێ و ئەمەش بۆتە دروست بوونی چەند جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوانیاندا، کە دەتوانین لەچەند خاڵێك دا روونی بکەینەوە:

١- زمانەوانی ئەم سەردەمە خووی داوەتە (توانستی قسەکەر) و دەیەوێ بگاتە ئەو یاسا زمانیانەی، کە لە مێشکی قسەکەردا هەیە ئەو توانایەی داوەتێ لە قسەی بەرامبەرەکەی بگات و (هەرچەندە لەمەوپێش نەیبیستبێ) خۆشی قسەی وابکات کە لەمەوبەر نەوترابێ، کۆزمانەوانی، بەپێچەوانەوە، (بەجێهێنان)، (قسە) نەك (توانستی) مرۆڤ بەکەرەسەی لێکدانەوەی خۆی دادەنێ، چونکە ئەم زیاتر کەڵك لە لێك دانەوەی جیاوازی و هەڵەی قسە وەردەگرێ، بەواتایەکی تر، زمانەوانەکان (توانست) و (بەدیهێنان)[1] یان (زمان وقسە) لەیەکتری جیادەکەنەوە و دای دەترازێنن و گوی بەلێکدانەوەی یەکەم دەدەن و باوەڕیان وایە کە دووەم لەم قۆناغەدا بە کەڵکی لێك دانەوە نایەت، چونکە هۆکاری دەروونی و نازمانی تێکەڵدەبێ، دەبێ هیچ نەبێ دوای لێکدانەوەی توانست لێکبدرێتەوە. کۆزمانەوانی

١- بڕوانە Fowler,R. کە لەسەرو ترەوە دراوە(ل ٢١٢-٢١٣)



بەپێچەوانەوە لەو کەم و کورتی جیاوازیانەی قسە دەکۆڵێتەوە کە زمانەوان زۆر خۆیان تێناگەیەنێ، دەتوانین بڵێین کۆزمانەوانی بەو لایەنانەی زمان دا دەڕوات و لێیان دەکۆڵێتەوە کەزمانەوانی بەجێیان دەهێڵێ یان دەیان خاتە پشت گوێ.[1]

٢- تا لەم ساڵانەی دوایش هەموو قوتابخانە زمانەوانییەکان بێ جیاوازی لێکدانەوەی خۆیانیان لە سنووری رستەدا دەڕەستاند.[2] بۆنمونە تحلیلییەکان لە رستەوە بۆ شیکردنەوەی دەنگ دێن هەموو یاساکانیان (یاسای دەرهێنان و گۆڕین)[3] تەنیا بۆ دەرکردنی رستەیەکە دای دەنێن بەبناغە زمان. تەرکیبییەکانیش، بە پێچەوانەوە، لە دەنگەوە دەست پێدەکەن و بە پروسکاوی دەیگەیەننە رستەو هەرگیز لەمە بەولاوە ناڕۆن. هەرچەندە ئەم دوو بۆچوونە لە رووخساردا جیاوازن و یەکەمیان گوێ دەدات بە لێکدان و دووەمیان بەشیکردنەوە، هەردووکیان لەوەدا رێك دەکەون، کە رستە دوا دانەی رێزمانە. کۆزمانەوانی بەپێچەوانەوە دەیەوێ لە سنووری رستە دەرچێت و بگاتە رۆنانی وا کە رستە کەرەسە بێ تێیدا. لەبەر ئەمە کۆزمانەوانی گوێ ناداتە رستەی تاك و تەرازو کە لەلایەن کەسێکەوە وترابێ. زیاتر خۆی بە پەیوەندی قسەکەر و گوێگرو بابەتەوە خەریك دەکات و لە رۆنانی وادا کە لە رستە گەورەتر بێت وەك دەق (تێکست) یان پارچەیەك ئاخاوتن، یان دیدار یان وەڵام و پرسیارێك.

٣-زمانەوانی زیاتر پەیڕەوێکی داخراوە گوێ بەڕۆنانی ناوەوەی زمان دەدات و دەیەوێ رێکارەکان و دانەی رێکارەکان و پەیوەندی نێوانیان روون بکاتەوە. کۆزمانەوانی بە پێچەوانەوە، ئەوەندەی لەم رێکارانە دەکۆڵێتەوە[4] ئەوەندە لەدانەی رێزمانی دەدوێ کە پەیوەندیان بە دیاردەیێکی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت. بەواتایێکی تر بەلای کۆزمانەوانەوە، بۆ

١- بڕوانە Bernstein کە لە پێشووتر باس کراوە (ل ١٦٠-١٦١)

٢- تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا زمانەوانەکان تاك وتەرا هەوڵی ئەوە دەدەن لە دانەی گەورەتر لە رستە بکۆڵنەوە بڕوانە:

1-Halliday etal (Cohesion in English) Longman, 1976

2- Scott etal, English Gramman, Heineman, London, 1968.

3- Talmy Givon (ed) Syntax and Semantics, Volume 12, 1979.

3- بڕوانە - Jacobsen, Transform aliomal Generative Grammar, North-Holland, 1977 pp. 65-89

٤- بڕوانە Bell (ل ٢٠١)

نموونه فۆنەتیك شتێك نییه لەبەر خۆی دوای کەویٛ لێیبکۆڵێتەوە. کاتێك فۆنەتیك گرنگی پێدەدریٛ و لێدەکۆڵرێتەوە کە تایبەتییەکی فۆنەتیکی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەبێت، چینێك له چینێکی تر جیابکاتەوە، یان بێتە نیشانە بۆ کۆمەڵێك و لە کۆمەڵانی تری داپچڕیٛ.

٤- زمانەوانی وەك تەنێکی یەك پارچەی تێك چڕژاوی بەناویەك داچوو سەیری زمان دەکات. کۆزمانەوانی، بەپێچەوانەوە، زمان بە کۆمەڵە شێوازێکی جیاجیا دادەنیٛ و دەیەویٛ ئەرکی کۆمەڵایەتی تایبەتی ئەم شێوازانە یەکەیەکە دیاری بکات.

لەگەڵ ئەم جیاوازیانەش دا نابێت ئەو لە یادکەین، کە کۆزمانەوانی ناتوانیٛ دەست لە زمانەوانی بەردات. ئەو کۆمەڵە زانیاری یەی زمانەوانی لەسەرەتای پەیدابوونیەوە تا ئێستە دەستی خستووە کۆزمانەوانی نیان خاتە پشت گویٛ. هەر لەبەر ئەمەشە کە کۆزمانەوان هەر خۆی بەزمانەوان دادەنیٛ هەرچەندە ئەم زیاتر خەریکی لێکدانەوەی پەیوەندی زمان و کۆمەڵە و دەیەویٛ ڕۆنانی زمان لەگەڵ ڕۆنانی کۆمەڵدا بەراود بکات و تەنانەت لە هەندیٛ ڕاستی زمانەوانیش بەگومانە و دەیەویٛ لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە هەندیٛ ڕاستی بکۆڵێتەوە. لەم ڕووەوە کۆزمانەوان لە دایلێکتۆلۆجی (زارەوانی) و زانستی شێواز نزیك دەبێتەوە، چونکە لەلایەکەوە گویٛ دەداتە جیاوازی نێوان زمان و زارو بەچکەزار، لە لایەکی تریشەوە دانەی گەورەتر لە ڕستە بەمەودای خۆی دەزانیٛ. بەڵام دیسانەوە کۆزمانەوانی لە زارەوانی لە چەند خاڵێك دا جیا دەبێتەوە:

١-زارەوانی بۆچوونێکی مێژوویيە[1] هەوڵی ئەوە دەدات پەیوەندی مێژوویی نێوان زارەکانی زمان بکات و ئەو پاشماوانە بدۆزێتەوە، کە یەکێك، یان زیاتر لە زارەکان پاراستوونی. لەبەرئەوە زارەوانی زیاتر گویٛ دەداتە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو فۆڕمانەی کە هاوبەشن و ئەو فۆرمانەی نەشازن، نەك ڕەوشتی قسەکەر. کۆزمانەوانی هەروەك لە سەرەتا لێی دواین، پەیڕەوی بۆچوونێکی کاتی و مێژوویی دەتوانیٛ بکات و هەڵبژاردنی زمان و جیاوازی
زار بە باری کۆمەڵایەتی خەڵکەوە دەبەستیٛ.

٢-زارەوانی، زمان و زارەکانی وەك تەنێکی خاوەن سنوور و چوارچێوەدار سەیردەکات و باوەڕی وایە، کە دەتوانیٛ سنووری زارەکان بەهۆی هێڵی ڕاستەوە دیاری بکات و بۆمان دەرخات لە کویٛ دا سنووری زارێك دوایی دێت لی کوێدا سنوورەکە دادەخریٛ.[2]

١- بڕوانه Freedman D. C. (ed) Linguistics and Literanry style(New York)1970.

٢- Hockett, A cours in Modern Linguistics 1958, New york P. 473. لێرەدا هێڵی ڕاستمان بەرامبەرا (lsogloss) بەکارهێناوە.



کۆزمانەوانی بەپێچەوانەوە هێند لە سنووری زارو شێوەزارەکان دڵنیا نییە و وەك کۆنتینیەیەك[1] سەیری کێشەکە دەکات و دەیەویٛ ئەرکی کۆمەڵایەتی شێوەزارەکان دیاری بکات و نیشانەی تەمەن وجینس و چین وپایەی کۆمەڵایەتی خەڵکەکە لە شێوازەکان دا پێشبینی بکات.

کۆزمانەوانی، هەروەك لە پێش ترەوە لێیدواین، لەزانستی شێواز و ڕەوانبێژیش جیادەبێتەوە چونکە:

١- بەپێچەوانەی ڕەوانبێژیەوە کۆزمانەوانی گویٛ ناداتە شێوازی (پەسەند) و هەوڵی ئەوە نادات شێوازی پەسەند بێتەوەو فێری خەڵکی بکاو،یان بیسەپێنیٛ. بەواتایێکی تر، کۆزمانەوانی، ئەرکی ئەوەیە کە شێوازەکان دیاری بکات و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان بدۆزێتەوە، بێئەوەی نرخی جوانیان بۆ دانیٛ[2]

٢-دیسانەوە هەرچەندە ڕەوانبێژی و کۆزمانەوانی هەردووکیان گویٛ بەدەق (تێکست) دەدەن، گرنگی پێدانەکە لە بابەتێکیانەوە بۆ ئەوی تریان جیاوازە. کۆزمانەوانی گویٛ بە هەموو کەرەسەیەکی زمانی دەدات زاری بێت، یان نووسراو ڕەوانبێژی و زانستی شێواز، بەپێچەوانەوە، هەر گویٛ بەتێکستی (دەقی نووسراو) دەدەن.[3]

## ٤-ئامانجی کۆزمانەوانی:

ئامانجی سەرەکی کۆزمانەوانی ئەوەیە، پەیوەندی نێوان بینای کۆمەڵایەتی و ڕۆنانی زمان بدۆزێتەوە.[4] بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە،کۆزمانەوانەکان دووڕێگەی جیاواز دەگرن:[5]

١- لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە زۆر کێشەی زمانی هەیە هێندە تێك چڕژاوەو بەناو یەکتری دا چووە کە ناتوانینن لە یەکتریان جیا بکەینەوە. بۆنموونە سنووری نێوان زمانی مرۆڤ وزمانی گیانەوەری تر،یان سنووری شێوازەکان، یان زارەکانی زمانێك. . . . . بڕوانه(Bell)(ل١٣٥-١٤٠).

٢- بڕوانه Enkvist etal Linguistics and style. OUP,1964. pp 10-15.

٣- هەمان سەرچاوە(ل١٢)

٤- بڕوانه Fishman (ل ٤٥)

٥- بڕوانه (Bell) (ل ٢٥-٢٨)

**١-لەڕێگەی کۆزمانەوانی یەوە:**

ئەم بۆچوونە زمانەوانیە لە تێڕوانیندا دەیەوێ ئەو راستی یە کۆمەلأیەتیانەی، کە زمانەوانی گشتی چاویان لێ دەپۆشێ لە چوارچێوەی زمانەوانیدا شوێن و هەقی خۆیان بدرێتێ کۆزمانەوانی، لەم روانگەیەوە، هەولّی سەرەکی ئەو دەبێ بابەتی زمانەوانی فراوانتر بکات و[١] وای لێبکات نەك هەر گوێ بداتە شی کردنەوەی زمان بەلّکو بیبەستێتەوە بە قسەکەرو گوێگرو بابەت و ئەو بارە کۆمەلأیەتییەی زمانەکە تێدا بەکاردێ.

**٢- لەڕێگای کۆمەلّناسی زمانەوە:**

ئەم بۆچوونە دەیەوێ بینای کۆمەلأیەتی و ڕۆنانی زمانی لەیەك بیردۆزی ڕەمزی لەیەکبدا و لێك دانەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ڕەمزانە لە چوارچێوەی کۆمەلّدا[٢] سەرەتای ئەم بۆچوونە لە کارەکانی(سۆسێر) و (پایك)دا پەنجەی بۆ راکێشراوە. ئەم تێڕوانینە بۆچوونێکی یەك گرتووی فرەبابەت وفرەئاستەو نیازی گەورەی بە دەستەوەیە.[٣]

ئاشکرایە کە لە ڕێگای یەکەمدا کۆزمانەوانی دەبێتە بەشێك لە زمانەوانی ئەمەش لە لای زۆربەی زمانەوانەکانی ئەم سەردەمە پەسەندە.[٤] بۆچوونی دووەم کە لەلایەن هەندێ کۆمەلّناسی بەناوبانگەوە پەسەند دەکرێ،[٥] بەشوێنێکی وا (نزم) بۆ کۆزمانەوانی رازی نابن.

## ٥- سەرچاوەکانی کۆزمانەوانی:

کۆزمانەوانی وەك زانستی دەروون و[٦] زمانەوانی دەیان بابەتی تر، لەو زانیاریانەی کەلە سنووری چەند زانیاریەکی تردا کار دەکات هەر لەبەرئەمەشە کەپشت بە هەموو ئەو

١- هەمان سەرچاوە (ل ٢٦)

٢- بڕوانە Halliday, 1982 (ل ٩١)

٣- بڕوانە (Bell) (ل ٢٨)

٤- وەك جۆمسکی و فرۆمکین.

٥- وەك ئۆستن و سێرڵ.

٦- بڕوانە Slobin,D(Psycholingwste) adapled edited by Khalil AL-Hamach(P1-2).



ڕاستیانە دەبەستێت کە زانستی رامیاری و ئابووری دەروونەوە دەستدەکەون هەرچەندە پشتی تەواوی بە دوو زانیاریە سەرەکێکە کۆمەلّناسی و زمانەوانی، دەبەستێ کە ناوەکەی لێوەرگرتوون. دیسانەوە کۆزمانەوانی بۆ گەیشتن بە زانیاری نوێ هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێ کە ئەم زانیاریانە لە لێکۆلّینەوەدا دەیگرن وەك دیداری کەسی رای خەلّکی وەگرتن و لێکۆلّینەوەی مەیدانی و بیرکردنەوەی خۆیی و تۆمارکردنی دیاردەی زمانەوانی و کۆمەلأیەتی. . . . . . . . . هتد.

## سەرچاوەکان

1 -Abercombie, D. (1981) the Social basic of language. In Teaching English as second language. Allen and compble(ed). New Dehi: TMH, 259-268.

2 -Bell, R. (1976) socialinguistics. London: Batsford.

3 -Bernstern, A (1972) social class language an socialization. Language and social context. Giglioli, p. p (ed) London: Hatmond worth.

4 -Enkvist, N, spencer, J, Greogory, M, (1964) Liquistics and style oxford: oxford university press.

5 -Fishman, J. A. (1972) the sociology of language, Jn language and social context. Giglioli, pp. (ed) London; Harmond worth.

6 -ferguson, C. A. (1972) Diglossia. In language and social context Giglioli. P. p (ed) London: Harmond worth. 232-243.

7 -freedom, D. C (1970) Linquistics and Liteary style, Newyork.

8 -Gal, S. (1978) language shift. New york: Academic press.

9 -Halliday and Hasan (1976) conesion in English. London: Longman.

10 -M. A. (1982). Language in a social prespective. In Barrie wade(ed(

11 -Ingle hart and wood ward (1972) Language conflicts and political community. In Giglolig pp. (ed) Language in context.

12 -Jacobsen, p. (1977) Transformational generative grammar, Amsterdam. North Holland.



13 -Scott, F. S. Bowley, C. C. Brocket, C. S, Brown, J. g. and Goddard, P. R. (1968). English grammar: a Liguistic study its classes stracture. London: Heineman.

14 -Talmy Givon (1979). From discourse to syntaxt. In syntax and semantics. Talmy Givon (ed) volume 12.

* ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٢ ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتەوە.

# دیسان ئیدیەم پێداچوونەوەیەك لەبەر رۆشنایی زمانەوانیدا

## ١- پێناسەی دیارەکە:

زاراوەی ئیدیەم تا ئێستا بەچەند واتایەکی جیاجیا بەکارهاتووە. هەندێ جار بەواتای زمانی کۆمەڵە خەڵکێك دێ[١] و زۆرجاریش ئەو دەربرینانە(تعابیر) دەگرێتەوە، کە بەتایبەتی لەزمانێکی یان شێوە زمانێکی دیاری کراودا هەن وئەو زمانە یان ئەو شێوە زمانە لەوانیتر جیادەکانەوە[٢]. نزیکترین پێناسە کە لەگەڵ مەبەست و تێڕوانینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بگونجێت ئەم پێناسەیەی خوارەوەیە[٣]:

ئیدیەم بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن. ئەو واتایەی کە دێتە کایەوە (لەئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە) لەواتای کەرتەکانەوە یان پەیوەندی رێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێت.

ئەم پێناسەیە دوو پێوانەی روونمان دەداتێ بۆ ناسینەوەی ئیدیەم:

١- ئیدیەم لەڕووی رۆنانەوە ناسادەیە، بەواتای ئەوەی لەڕووی رێزمانەوە لەدوو کەرت یان زیاتر پێك دێت.

ئیدیەم بەپێی ئەم پێناسەیە بێهاوتایە، بەواتای ئەوەی واتای ئیدیەم لەرۆنانی رێزمانی و رۆنانی واتایی کەرتەکانەوە نایەت یان، بەواتایەکیتر، واتای ئیدیەم تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بەواتای کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە نییەو لەمانەوە واتای ئیدیەمەکە نادۆزرێتەوە. بەم پێیە، فرێزی (دووزمان)و (بەدەست) لەڕستەی یەکەمدا ئیدیەمن، بەڵام لەڕستەی دووەمدا بەئیدیەم دانانرێن لەبەر نەبوونی مەرجی دووەم:

---

1- English Grammar, Vikas publishing House, New Delhi,Part II, p.44 (1977) Trivedi, R. D.

٢- هەمان سەرچاوە ل. ٤٥.

3- Meetham, A. R. (ed)1974, Encyclopaedia of Linguistics Informational Control, pergammon Press,p. 667 -



(١) أ- حەز لەمرۆڤی دووزمان ناکەین. (فتنە)

ب- دوو زمان دەزانێ.

(٢) أ- پیاوێکی بەدەستە. (بەدەسەڵاتە، دەست رۆییوە).

ب- بەدەست نامەکەی نووسی. (چاپی نەکرد؟)

هەندێ زمانەوان پێناسەی ئیدیەم وا فراوان دەکەن کە مۆرفیم و گوتنیش بگرێتەوە. هەرچەندە ئەمانە مەرجی دووەمیان تێدایە لەهەڵکەوتدا، بەواتای ئەوەی بێهاوتان یان واتاکانیان پێشبینی ناکرێ[١]، بەلای ئێمەوە چاك وایە سووربین لەسەر بوونی مەرجی یەکەمیش و مۆرفیم بە ئیدیەم دانەنێین تاوەکو بتوانین سنووری ئیدیەم بەرێکی بکێشین و لە دانە رێزمانیەکانی تر جیای بکەینەوە. بەم پێیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئیدیەم بەو دەربرینانە دەوترێ کە فرە کەرتن، بەڵام لە رووی واتاوە ناکرێن (بێئەوەی واتاکە بشێوێ).

بەپێی ئەم بۆچوونەمان ئیدیەم بەدانەیەکی واتایی دادەنرێ پەیوەندی (نواندن) دەبەستێتەوە بە دانە رێزمانییەکانی ترەوە[٢]. لەبەر ئەمە، کە ئیدیەم هەندێجار بەهۆی فرێزەوە دەردەبڕرێ و هەندێ جاریش دانەی لەمە گەورەتر دەینوێنێ (وەك گوتن یان رستە). بۆ نموونە هەموو ئەو کەرەسە زمانی یانەی خوارەوە، بەپێی ئەم بۆ چوون و پێناسەیەمان بەئیدیەم دادەنرێن، هەرچەندە لە رووی رێزمانییەوە دەبن بەچەند پۆلێکی جیاوازەوە:

١-ئیدیەم (لەشێوەی وشەی لێکدراودا).

چاوچنۆك، گوێ لەق، دەست بڵاو، زمان درێژ.

٢-ئیدیەم(لەشێوەی فرێزدا).

مانگابەکەڵ، چاولەدەر، ئەسپێی کراسەکۆن.

٣-ئیدیەم (لەشێوەی رستەدا).

باڵی لێ پەیدابووە.

ئاویان کردە ژێر.

پارووی گەورە دەگلێنێت.


بەشووی داوی.

ئەم نەخشەیەی خوارەوە پەیوەندی ئیدیەم لەگەڵ دانە رێزمانییەکانی تردا دەردەخات:

---

1- Pyles \ Algeo, 1979, English Harcourt Brace,p. 10I

2- Bolinger, D. (1972) Regarding Language, Harcourt Brace, New York pp. 52-53.




## ٢-سنووری ئیدیەم:

### ٢-١ ئیدیەم وفرێز:

چاکی ئەو پێناسەی سەرەوە لەوەدایە، کە بەئاسانی ئیدیەم لەفرێز جیادەکاتـەوە. هەرچـەند ئیدیەم لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا لەفرێز دەچێت (لەڕواڵەتدا)، بەواتای ئەوەی هەردووکیان فرە کەرتن لەزۆر ڕووەوە ئیدیەم لەفرێز جیادەبێتەوە:

١-فرێز ڕێگەی ئەوە دەدات وشەی تر بەکاربێت لـەجێی کەرتـەکانی خـۆی بێئـەوەی واتـا گشتیەکە بگۆڕێت یان ئەو گۆڕینە کار کاتە سەر کەرتەکانیتر، هەرچەندە ژمارەی ئـەو گۆڕینـە ڕێزمانیانەی کە ئیدیەم ڕێگەیان دەدات بۆ نموونە، لەفرێزی (لەماڵـەوە) دەیـان وشـە دەتوانـێ جێگەی (ماڵەوە) بگرێت (لەڕووی تیۆریەوە دەتوانین بڵێین هەموو ناوێك بەمەرجێ شوێن پیشان بدات دەتوانێ بێتـە ئـەم چواچێوەیەوە) وەك (دەرەوە) و(نـاوەوە) و(ژوورەوە)، بەپێـچەوانەوە، لەئیدیەمدا ئەم گۆڕینانە یان نابێت (وەك لەئیدیەمی (چـنگ لەسـەر شـان)دا دەیبیـنین) یـان لەسنووری زۆر تەسکدا دەبێت (وەك لەئیدیەمی (شووڵی لێ هەڵبڕی)دا) کە دەتوانێت نەك هەر ڕاناوەکە، بەڵکو کەرتی دواوەیشی بگۆڕین بێئەوەی ئیدیەمەکە بشێوێ! شووڵت لێ هەڵبڕیووە، شووڵیان لێ هەڵکێشاوە.

٢- لەفرێزی ئاسایی هەر وشەیە واتای سەربەخۆی خۆی هەیە و ئـەو زانیارییـەی فرێزەکـە دەیگەیەنێ بەرەبەرە وشە لەدوای وشە لەزیادبووندایە تا دواکەرتی فرێزەکەو هـەر وشـەیە کـار لەوەی پێشەوەی دەکات. بۆ نموونە لەفرێزێکی وەك (ئەم سەر زەمینـە پـان و بەرینـە) هـەموو کەرتەکان (ئەم، پان، بەرین) واتای سەر زەمین دیـاری دەکـەن و تـا نەگەیتـە دوایـی فرێزەکـە بەتەواوی تێناگەیت لەچی سەر زەمینێك دەدوێن و مەودای ئەوەشمان هەیە تـا کۆتـایی شـتێك بڵێین کە گوێگر بەتەمای نەبێ (وەك: ئەم سەر زەمینە پان و بـەرین و پـڕ ئاشـووبە. . . . . . ئەم سەر زەمینە پان و بەرین و پۆخڵەکە. . . . . .). لە ئیدیەمدا،



پێچەوانەوە کەرتەکان واتای سەربەخۆی خۆیان نییە، بـەڵکو وازیـان لـەواتا بنەڕەتیـەکانی خۆیان هێناوە لەپێناوی ئەو تێکەڵی و تێکچرژانە کە پێکی دەهێنن. لەبەر ئەمەناتوانین بڵـێین لەئیدیەمدا وشە لەدوای وشەدا زانیاریمان زیاد دەکات، بەڵکو کە گەیشتە کۆتـایی ئیدیەمەکـە ئەوسا واتایەکی ئامادەکراومان دێتە دەست. بەوتایەکی تر تا دەگەینە دواکـەرتی ئیدیەمەکـە ناتوانین پێشەکی واتای دانەکە بزانین. لەم تایبەتییەدا، ئیدیـەم لەوشـە دەچـێت، هـەردووکیان دانەی ئامادەن لە زمانداو پێویستیان بەوەیە لەفەرهەنگ تۆماربکرێن[1].

٣- لەبەرئەوەی کەرتەکانی ئیدیەم زۆر لەگەڵ یەکتریدا دێن و لەپاڵ یەکتردا دەبینرێن و تێکەڵیەکی تەواویان لەنێواندا هەیە زۆربـەی قـسەکەرانی زمانەکـە دەتـوانن ئیدیەمەکـە تەواوکەن هەر کەرتێکیان گوێ لێ بوو. بۆنموونە، قسەکەرێکی کـوردی بەئاسـانی دەتوانـێ ئیدیەمێکی وەك (ملی شکاند) یان (چاوبەستی لێ کـرد) تـەواو بکـات هـەر کـە کـەرتی یەکەمی درایە. بەواتایـەکی تریـە تێکـەڵی کەرتـەکانی ئیدیـەم ئـەم توانایـە دەدات بـە قسەکەر کە بتوانێت پێشبینی کەرتەکانی تر بکات بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە ژمارەی ئـەو کەرتانەی کە لەو چوارچێوەیەدا دێـن کـەمن. بەپێـچەوانەوە لـەفرێزی ئاسـاییدا (بـەڕەڵا) قسەکەر ناتوانێ پێشەکی بۆ کەرتەکان بچێت چونکە ژمارەی ئەو کەرتانەی کەبەتەمایـەتی ولەو چوارچێوەیەدا دێت بێسنوورەو بەراورد ناکرێ لەگەڵ ژمارەیان لە ئیدیەمدا. بۆنموونـە لە چوارچێوەی (بۆ.....)دا سەدان وشەی کوردی جێگـەی دەبێتـەوە، بـەڵام لەچوارچـێوەی (شوڵی لێ......)، تەنیا چـەند کارێـك جێگـەیان دەبێتـەوە ئـەوەی یەکـەم جـار بـەبیردا دێ(هەڵکێشاوە) یان (هەڵبڕیوە)یە چونکە ئەم کۆمەڵە وشەیە زۆر لەگەڵ یەکتریـدا دێـن و هاوڕێیەتیان گرتووە.

٤- یەکیەتییەکی واتایی یان تایبەتیەکی واتایی لەئیدیەمدا هەیە کە لـە فرێـزی ئاسـایی نییە[2]. بۆنموونە، (بەخێرایی)و (بەپەلە) فرێزن، بەڵام ((چنگ لەسەر شان)) (هەرچەندە لەواتاو ڕۆناندا لەگەڵ ئەمانـەدا جیاناکرێتـەوە) بەئیدیـەم دادەنـرێ، چـونکە کەرتـەکان بەهـەموویان واتایەکی تایبەتمان دەدەنێ، کە هیچ پەیوەندییەکی بە واتای(چنگ) و(لەسەر شان)ەوە نیە. ئەم یەکیەتی واتایە زیاتر لەوەدا دەردەکەوێ کە ناتوانین هیچ کـەرتێك لـەم کەرتانـە لابـەرین یـان

---

١- هەمان سەرچاوە. ل ٦٨.

2- Kooij, J. G(1968) "Compounds and Idioms ", Lingua 2 I pp. 250-268 .

بیگۆڕین بێئەوەی واتای ئیدیەمەکە بشێوێنین. تەنانەت ڕێگەی ئەوەشمان نییە وشەی هاوواتاش بخەینە جێگەی کەرتەکان وەك ئەو نموونانەی خوارەوە بۆمان دەردەخەن.

١- چنگ لەسەر شان = زۆر بەخێرایی

* قۆڵ لەسەر شان.
* دەست لەسەر شان.
* مەچەك لەسەر شان.
* باسك لەسەر شان.
* چنگ لەبان شان.
* قۆڵ لەبان شان.
* مەچەك لەبان شان.
* چنگ لەسەر مل.
* چنگ لەسەر دەفەی شان
* چنگ لەسەر شانی ڕاست.
* چنگ لەسەر پشت.

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، لەفرێزی بەرەڵادا (ئەوانەی ئیدیەم نین) یەکیەتی واتایی نییە. لەبەر ئەمەیە کەدەتوانین بەئاسانی بەپێی خواست و ئارەزووی خۆمان کەرتەکان بگۆڕین و پاش و پێشیان پێبکەین بێئەوەی واتای فرێزەکە بشێوێنین وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێ:

بەخێرایی (خۆی کرد بە ژوورەکەدا)

بەپەلە. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

بەڕاکردن. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

بەقەڵەمباز. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

بەپەرۆشەوە. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

بەهەنگەشەلێ. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

بەسواری یەو. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

بەپاسکیلەکەیەوە. . . . . . . . . . . . . . . . . .

بەهەڵەداوان. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .



## ٢-٢ ئیدیەم و وشە:

لەڕواڵەتدا ئیدیەم و وشەی لێکدراو لەچەند ڕوویەکەوە لەیەکتری دەچن:

١- ئیدیەم دانەیەکی وشە ئاساییە، بەوتای ئەوەی ئیدیەم وەك وشە هەڵسوکەوت دەکات. بەڵگەمان بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە کە وشە زۆرجار دەتوانێ جێگەی ئیدیەمێك بگرێتەوە بێئەوەی واتای ڕستەکە تێك بدات:

١- دنیا کش وماتە (ئیدیەم)

١'- دنیا خامۆشە (وشەی سادە)

٢-ئەو دوانە دڵیان پێکەوەیە (ئیدیەم)

٢'- ئەو دوانە حەزیان لەیەك کردووە (وشەی لێکدراو)

٣- دیمەنێکی دڵ ڕفێنە (ئیدیەم)

٣'- دیمەنێکی جوانە (وشە)

٤- لاوێکی دڵ قایمە (ئیدیەم)

٤'- لاوێکی ئازایە، نەترسە (وشە)

بەڵگەیەکی تریش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئیدیەم وشەی ئاسایە لەوەدایە، کە ئیدیەم وەك وشە یەکیەتیەکی ڕۆنانی لە نێوان کەرتەکانیدا هەیە[1]. دیسانەوە وەك وشە ڕێگە نادات بەکەرەسەی تر بچێتە نێوان کەرتەکانیەوە و لەیەکتریان دووربخاتەوە. بۆ نموونە، هەروەك چۆن وشە ڕێگەی کەرەسەی تر نادات بچێتە نێوان مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیەوە[2] (چاکتر:*چاك نەتر) ئیدیەمیش هەمان ئارەزووی خۆپاراستن و خۆجیاکردنەوەی لەکەرەسەی تر تێدا بەدی دەکرێ. ئەم دەربڕینانەی خوارەوە لەبەر لادان لەم یاسایە لە ڕووی ڕێزمانەوە بەهەڵە دادەنرێن:

| | | |
|---|---|---|
| (١) لەش بەبار (نەخۆش) | *لەش زۆر بەبار | *لەش نە بەبار |
| (٢) پایزە برا | * پایز گەورە برا | * پایزە زۆر برا |
| (٣) ئەسپێی کراسەکۆن | *ئەسپێیەکی گەورەی قەڵەوی کراسەکۆن | |

٢- وشەو ئیدیەم هەردووکیان بەئامادەکراوی هەن و دەخرێنە گوتنەوە. بەواتایەکی تر، وشەو ئیدیەم لەم کەرەسانەن کە واتای فەرهەنگی یان هەیە و پێویستیان بەوە دەبێت

---

1- Bolinger, pp. 67-68.

٢- هەمان سەرچاوە

لەفەرهەنگدا تۆمار بكرێن و واتاكانیان روون بكرێتەوە[1]. لەم رووەوە، بە پێچەوانەی فرێزو وشەی لێكدراوەوە رەفتار دەكەن چونكە ئەمانە پێویستیان بەتۆماركردن نییە لە فەرهەنگدا چونكە بەئاسانی لەواتای كەرتەكان و پەیوەندییە رێزمانیەكەوە (بەستن یان لێكدان) دەتوانین واتای فرێزەكە یان وشە لێكدراوەكە هەڵبێنین. بەپێچەوانەوە، ئیدیەمێكی وەك (كونەبا) یان (لەگوێی گادا نوستووە)، هەرچەندە لەڕووی رێزمانیشەوە شیبكرێتەوەو كەرتی وردتریان لێ دەربێت، لەبەرئەوەی كەرەسەی ئامادەكراون، ئەم شیكردنەوەو كەرتكردنە ئەوەمان ناداتێ لە واتاكانیان بگەین. لەبەر ئەوە دەبێ لەم رووەوە ئیدیەم وەك مۆرفیم سەیربكرێت و شینەكرێتەوە بۆ كەرتی وردتر، ئەگینا واتاكەی دەشێوێ[2]. هەر لەبەر ئەمەشە لەزۆربەی فەرهەنگەكاندا ئیدیەم وەك وشە بەدانەیەكی زمانی دادەنرێ. لەدوو سەرەوە وشە لە ئیدیەم جیادەبێتەوە:

**أ- لەڕووی رێزمانەوە:**

وشە لەمۆرفیمێك یان زیاتر پێكدێت، بەڵام ئیدیەم لەچەند وشەیەك. بۆنموونە ((ئاگردان)) كە وشەیەكی لێكدراوە، لەمۆرفیمی ((ئاگر))و ((دان)) پێكهاتووە، بەڵام ئیدیەمی ((ئاگری بن كا)) لەوشەی ((ئاگر))و ((بن))و ((كا)) راستەوخۆ پێكهاتووە. بەواتایەكی تر كەرتە پێكهێنەرەكانی هەموویان دەتوانن جارێكیتر سەربەخۆ بەكاربێنەوە[3]. هەرچی كەرەسە راستەوخۆكانی وشەیە هەندێكیان سەربەخۆ بەكاردێنەوە، بەڵام هەندێكی تریان (مۆرفیمە بەندەكان) بەتەنیا هەر خۆیان بەكارنایەنەوە، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین وشە شیدەكرێتەوە بۆ دانە(یەكە) لەوە زیاتر كەرت ناكرێت بەڵام ئیدیەم شی دەكرێتەوە بۆ كەرەسەی لێكدراو، كە زۆربەیان جارێكیتریش شیدەكرێنەوە (وەك دانەی ((ئاگری)) كە دیسانەوە دەبێت بەدوو مۆرفیمەوە ((ئاگر)) لەگەڵ ((- ی)) نیشانەی ئیزافە، بڕواننە نموونەكانی سەرەوە.

1- Arnold, I. V. (1973) the English Word, Mir publishing House, Moscow , pp 67-73.

٢- بڕوانە: Pyles \ Algeo p. 10I

٣- بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین وشە دەبێ دووپات بێتەوە هەرچەندە كەرتەكانی ئیدیەم مەرج نییە سەربەخۆ بەهەمان واتا دووپات بێتەوە تەنانەت ئەگەر وشەش بن. بۆنموونە كەرتی دووەم لە ئیدیەمی ((قسەو مسە)) بەو واتایەی هەیەتی تەنیا لەم ئیدیەمەدا دەبینرێ وهەرچەندە وشەشە جارێكیتر لەزمانەكەدا دووپات نەبۆتەوە.



**ب- لەڕووی واتاوە:**

وەك لەپێشترەوە روونمان كردەوە لەواتای كەرتەكانی وشەیەكەوە دەتوانین پێشبینی لەواتای وشەكە بكەین بۆنموونە، كەواتای ((پیاو))و ((چاك))مان زانی دەتوانین واتای ((پیاوچاك)) بزانین بێئەوەی پێویستمان بەفەرهەنگ هەبێ. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، واتای كەرتەكانی ئیدیەم یارمەتیمان نادات بۆهەڵهێنان و دۆزینەوە واتای ئیدیەمەكە، بەڵكو هەندێجار دەبێتەهۆی سەرلێتێكدان و بزركردنی واتاكە، چونكە كەرتەكان لەپێناوی هێنانەدی ئەو ئیدیەمەدا زۆرجار

یان بەتەواوی وازیان لە واتاكانیان هێناوە یان هەندێ رووی واتاكانیان خستۆتە لاوە. لەم رووەوە لێكچونێك لەنێوان ((مەرەكەبی كیمیاوی))[1] و ((ئیدیەم))دا بەدی دەكرێ. هەروەك چۆن توخمی هایدرۆجین و توخمی ئوكسجین وازیان لەهەندێ تایبەتی خۆیان هێناوە لەپێكهێنانی مەرەكەبی ((ئاو))دا، هەروەها وشەیەكی وەكو ((كون)) و وشەیەكی وەك ((با)) وازیان لەهەندێ لایەنی واتای بنەڕەتیەكانی خۆیان هێناوە بۆ پێكهێنانی ئیدیەمێكی وەك ((كونە با)). لەبەر ئەمەیە كە شیكردنەوەی ئیدیەمەكە بۆ ((كون)) و((با)) نامان گەیەنێتە واتای ئیدیەمەكە بەڵكو ئەگەر واتای ((كون)) و ((با))مان نەزانیایە، رەنگە بەئاسانیتر فێری واتای ((كونە با)) ببوینایە كەمتر لێمان تێكبچوایە یان لەبیرمان بچوایەوە. واتای ئیدیەمەكە كەمرۆڤێكی پڕ لەهاش و هووشە و هیچ لەبارا نەبوو دەگرێتەوە هیچ پەیوەندییەكی بەواتای وشەی ((كون)) و((با))وە نییە، چونكە لێرەدا ((كون)) كە بە واتای (سەرچاوە) دێت وازی لە واتا بنەڕەتیەكەی خۆی بەتەواوی هێناوە. هەروەها وشەی ((با))ش كە لە بنەڕەتدا بەواتای (هەوایەكی جوڵێنەر) دێ وازی لە زۆر لایەنی ئاساییەكەی خۆی هێناوەو لێرەدا زیاتر كاری با لەسەر دەوروبەرو ئەو هاشە و هووشەیەی كە بەهۆیەوە هەست بەبوونی با دەكرێ دراوەتە بەر رۆشنایی و تاكیدی كراوەتە سەر. بەواتایەكیتر، لەئیدیەمی ((كونەبا))دا ((با)) بە واتای ئەو هاشە و هووشە دێ كە لە بنەڕەتدا بەشێكی گرنگ نییە لە وشەی ((با)) بەهۆیەوە پێناسە ناكرێ. بێگومان واتاكە لەمەشەوە گۆڕاوە بۆ هاشە و هوشەی بێسوود یان قسەی هیچ و پووچ. ئیدیەمەكە یان مەرەكەبە كیمیاویەكە بە واتای ((كەسێك كە سەرچاوەی قسەی پڕوپوچ بێت))

1- Meys,W. J. (1974) Compound Adjectives in English and Ideal speaker- Listener North Hollands, Amsterdam, p .

دێت. بەم جۆرە دەبینین نەك هەر کەرتەکانی ئیدیەمەکە لەپێناوی ئیدیەمەکەدا واتای خۆیان ناوەتە لاوە بەڵکو مەرەکەبە کیمیاویەکەش لە ئەنجامی یەکگرتنی کەرتەکان واتایتری بۆخۆی سەندووە، کە لەکەرتەکانەوە نەهاتووە. لێرەدا ئەو واتا زیادەیە ئەوەیە، کە ئیدیەمەکە بێئەوەی هیچ گیرەکێك وەرگرێ، ئەرکی رێزمانیشی گۆڕاوە لەناوێکی بەرجەستەوە بووە بەناوێکی بکەر، چونکە ئیدیەمەکە بە واتای ((ئەو کەسەی کە........ .))دێ. لەکاتیتردا زمانی کوردی بۆ دەربڕینی ئەم ئەرکە پاشگر بەکاردێنێ وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

کرێکار (کرێ + کار) = ئەو کەسەی بەکرێ کار دەکات.

جووتیار (جووت + یار) = ئەو کەسەی زەوی دەکێڵێ.

ئاسنگەر(ئاسن + گەر) = ئەو کەسەی کەبە کاری ئاسنەوە خەریکە.

کوونەبا (کون + با +.) = ئەو کەسەی کە سەرچاوەی قسەی هیچ وپووچە.

## ٣- تایبەتیەکانی ئیدیەم:

لەدوای ئەوەی پێناسەیەکی وردی ئیدیەممان کردو بەوردی لە وشەو فرێزمان جیاکردەوە و پەیوەندیمان لەگەڵ ئەم کەرەسە زمانیەدا دەرخست دەتوانین لە سێ خاڵدا تایبەتیەکانی ئیدیەم دیاری بکەین:

**١-واتای ئیدیەم لەکۆی واتای کەرتەکانی گەورەترە:**

وەك لەبەشی یەکەم و دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا روونکرایەوە ئیدیەم بریتییە لەو زنجیرە وشەیەی کە واتای کەرتەکانی گەورەترە لەوەدا، کە واتای ئەم بەشانە نامان باتە سەر واتای ئیدیەمەکە و توانای دۆزینەوەی واتاکەیمان ناداتێو هەندێجار رێگەشمان لێ هەڵە دەکات. بۆ نموونە، زانینی واتای(کەوڵ=پێست)و (کۆن=نوێ) یاریدەمان نادات بۆ لێکدانەوەی واتای ئیدیەمی (کەوڵەکۆن)چونکە بەواتای(پێستێکی کۆن)نایەت وەك رۆنانە رێزمانیەکەی دەریدەخات (ناو+ئیزافە+ئاوەڵناو) بەڵکو بە واتای (کەسێکی پیری پەك کەوتە) بەکاردێت. ئەم واتایەشی پەیوەندییەکی زۆر کەمی بەواتای کەرتەکانەوە هەیە چونکە(کۆن) لێرەدا بەواتای(بەتەمەن)بەکارهاتووەو زیاتر لە(پیر)نزیك بۆتەوە. (کەوڵ)یش بۆتە (نسبە) بۆ مرۆڤ کەشتێکی زۆر نائاساییە لەبەر ئەوەی (کەوڵ) لەکاتی ئاساییدا بۆ(مرۆڤ)بەکارنایەت. جگە لەمەش گۆڕانێك لەپۆلی ناوەکەدا روویداوەو لەناوێکی بەرجەستەوە گۆڕاوە بۆ ناوی بکەر (ئەو کەسەی کە. . . .)هەموو ئەو گۆڕانکاریانەییە



پێکەوە وامان لێدەکات، کە ئیدیەم وەك وشەیەکی نوێی ئامادە سەیر بکەین و بەواتا و فۆڕمەوە لەبەریان بکەین، کاتێ کە زمانێکی بێگانە فێردەبین. بەواتایەکی تر ئیدیەم وەك هەموو مۆڕفیم و وشەیەکی سادە لەڕووی واتاوە هێمایەکی(تاریکە) و[1] بەمە لەوشەی لێکدراوو فرێز جیادەبێتەوە کە کەرەسەی رونن لەزماندا.

٢-ئیدیەم سەرکەشەو کەم خۆی دەدات بەدەست یاسای گۆڕانکارییەوە. یەکێك لەتایبەتییەکانی ئیدیەم لەوەدایە کە سەرکەشەو سەرپێچی لەزۆربەی یاسا گۆڕانکاریەکان دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئیدیەم بۆتە یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆربەی زمانەوانەکان (سەر بە هەر قوتابخانەیەك بن)[2] دوورە پەرێز لێی دەوەستن و خۆیانی لێ گێل دەکەن و نایانەوێ پێیەوە خەریك بن. ئەم سەرکەشییەی ئیدیەم لەوەدا دەردەکەوێ کە زۆر جار فۆڕم و رۆنانی نزیك خۆی لێوە وەرناگیرێ. یاسا گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی گشتی دەبن بەسێ چەشنەوە:

١-یاسای ئاسانکاری کە ئەو یاسا زمانیانە دەگرێتەوە کە بە هۆیەوە دەمانەوێ لەدووپاتکردنەوەی کەرەسەیەکی زمانی رزگارمان بێت. ئەم چەشنە یاسایە لەدوو شێوەدا دەبینرێ:

١- ئەو یاسایانەی کە کەرەسەی دووپات کراو دەسڕنەوە.

٢-ئەو یاسایانەی کە کەرەسە دەگۆڕنەوە بۆ کەرەسەی کورتتر لەخۆی.

بۆنموونە رستەیەکی وەك (نازانم کەی بێم بۆلات) لە (من١ نازانم من٢ کەی بێم بۆ لات)ەوە وەرگیراوە بەهۆی سڕینەوەی راناوی (من٢)ەوە کە دووپات بۆتەوە بۆ هەمان کەس (من١)[3] دەگەڕێتەوە. بەهەمان شێوە بەکارهێنانی یاسای ئاسنکاری (چەشنە یەکەم سڕینەوە) لەڕستەی دووەمدا لەدووپات کردنەوەی منداڵەکان (ڕستەی یەکەم) رزگارمان دەبێ:

(١)منداڵەکان لەسەر شەقام یاری دەکەن.

(٢) بچۆ بیانهێنەوە.

---

1- Ullman,S(1957) Principles of semantics 2nd edition,Glasgow, Jackson, Oxford Blackwell .

2- Kooij,p. 245 .

3- Langacker, R. W. (1967) Language and Its Structure 2and edition, Harcourt Brace, pp. 127-128

٢- یاسای ئاخنین: بەو یاسایە ئەوترێ، کە هەندێ کەرەسەی زمانی دەئاخنینە ناو ڕستەیەکەوە. ئاسایی ئەم کەرەستانە لەڕوویی واتاوە بەتاڵن و زیاتر ئەرکی ڕێزمانی دەبینن، وەك ئەو یاسایەی کە پاشبەندی(ە) بەدوای ئاوەڵناوی ئیشارەوە دەلکێنێت لەکوردیدا:

(ئەو پیاو ← ئەو پیاوە) یان ئەو یاسایەی کە(ی)ی ئیزافە دەئاخننە نێوان دوو ناو یان ناوێك و ئاوەڵکارێك یان ناوێك و ئاوەڵناوێك گەرماو شیرین ← گەرماوی شیرین، پیاوەکە بەر دەرگا ← پیاوەکەی بەردەرگا، کوڕ ئازا ← کوڕی ئازا.

٣- یاسای پاش و پێشکردن: ئەو یاسایانەن کە شێوەی ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستە دەگۆڕن و هەندێ کەرەسە پاش یان پێش ئەوانیتر دەخەن وەك ئەو یاسایانەی کە لاڕستە دێننە پێش شاڕستەوە یان هەندێ ئاوەڵناو دەبەنە پێش ناوەوە یان ئامرازی پرسیار دەبەنە پێش ڕستەوە وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

(١) من نایەم تاتۆ نەڵێیت ← تاتۆ نەڵێیت من نایەم.
(٢) شیلان دوێنێ گەیشتە جێ ← کەی شیلان گەیشتە جێ؟
(٣) پیازی تەڕ ← تەڕە پیاز
(٤) کاڵەك شووتی ← شووتی وکاڵەك
(٥) بڕۆ تا نەهاتوون بەدواتا ← تا نەهاتوون بەدواتا بڕۆ.

ئەم یاسایانە بەسەر هەموو فرێزێکی ئاساییدا جێبەجێدەبن، لەگەڵ زۆربەی ئیدیەمدا ڕێك ناکەون. جگە لەمەش هەر ئیدیەمە لەگەڵ جۆرێك لەم ڕستانەدا دەڕواو تەنانەت تا هەر ئیدیەمە تاکە وەرنەگرین هەوڵی ئەوە نەدەین یاساکانی بەسەردا جێبەجێ بکەین نازانین کام یاسایە لەگەڵ کام ئیدیەمدا ڕێك دەکەوێ. بۆنموونە هەندێ ئیدیەم ڕێگە بەیاساکانی تێئاخنین و ئاسانکاری و پاش و پێشکردن دەدات وەك:

١- لە گوێی گادا نووستووە. (= ئاگای لە دنیا نییە)
أ- بۆ من لەگوێی گادا نووستووم! (تێئاخنین)
ب- کاکە (ئێوە) ئەوان لەگوێی گادا نووستوون (تێئاخنین)
ج- دەزانێ (دەزانیت) لەگوێی گادا نەنووستوم.
٢- زمان لووس
پیاوێکی زمان لووسە
پیاوێکی چەند زمان لووسە (زمان لووس بوو) (تێئاخنین)



تۆ سەیری چەند زمانی لووسە (زمانت لووسە) (تێئاخنین)
زمانی زۆر لووسە (تێئاخنین)
زمان لووسی لەخۆی دێ.
٣- ناوی بەگەرووی ئاشا چێت
ناوت/ ناوتان/ ناویان بەگەرووی ئاشا چێت (تێئاخنین)

لە هەمان کاتیشدا هەر ئەم ئیدیەمانە خۆیان ڕێگە بەهەندێ چەشن لەو گۆڕانکاریانە نادەن[1]. ئەم ئیدیەمانەی خوارەوە هەموویان ناپەسەندبوون، چونکە بەزۆر هەندێ یاسای گۆڕانکارییان بەسەردا جێبەجێکراوە:

❊ کە تۆ هاتیت من لەگوێی گادا نووستبووم. (تێئاخنین)
❊ ناوت بەگەرووی ئاشا نەچێت. (تێئاخنین)
❊ ئەو ساڵە من لەگوێی گادا نەنووستبووم. (تێئاخنین)
❊ ناوی بەگەرووی ئاشێکی گەورەدا چێت. (تێئاخنین)
❊ لەگوێی گادا بنوو!
❊ ناوی بەگەرووی ئاشدا بەرە!
❊ زمانم نا لووسە.

هەندێ ئیدیەمیش هەن خۆیان بەدەست هیچ لەم یاسایانەوە نادەن و هەروەك خۆیان بێئەوەی فۆرم بگۆڕن دەچنە گوتنەوە وەك:

١-ڕیس و گوریس بۆمن مەخوێنەرەوە.
❊ گوریس و ریس. . . . . . . . . . . . . . . . .
٢- من تاقەتی ئەو ڕاوە ڕێوییەم نییە.
❊من حەز لەم ڕاوە ڕێوییە دەکەم
٣- کەوڵەکۆن!
❊کەولێکی کۆن.

---

١- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرکەشی ئیدیەم وخۆنەدانی بەدەست هەندێ دەستووری ڕێزمانەوە بڕوانە پێشەکی. . . . .
Cowie / Mackin (1957). Oxford Dictionary of Current Idiomatic English VI. I, Oxford .

٤- کەوتۆتە راو رووت

* کەوتۆتە رووت و راو

٥- شەڕی خۆتڕێن دەکات

* شەڕی خەڵك تڕێن دەکات

٦-شەل نییە و پای شکاوە.

*شەل نیم و پام شکاوە.

٧- لەم بەندو باوە سەرم دەرناچێ

*لەم باو و بەندە سەرم دەرناچێ

* لەم بەندو باوە سەرم دەردەچێ

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئیدیەم زۆر کەمتر لەفرێزی ئاسایی خۆی دەدات بەدەست یاسای گۆڕانکارییەوە هەرچەندە ئەم سەرکەشی و سەرپێچیەی ئیدیەمیش لە ئیدیەمێکەوە بۆ ئیدیەمێکی تر دەگۆڕێ[1] هەندێکیان تەواو سەرکەشن و خۆیان بەدەست هیچ یاسایەکەوە نادەن (وەك شەل نییەو پای شکاوەی)، هەندێکی تریان سەرکەشی و سەرپێچیان زۆر کەمەو خەریکن لەسروشتدا لە فرێزی ئاسایی نزیکدەبنەوە (وەك زمان لووس). بەڵام بەشی زۆریان لەنێوان ئەم دوو پەڕەدا دەوەستن و هەندێ یاسا وەردەگرن و هەندێکیش رەت دەکەنەوە. وەك (دانی پێدا نا) کە دەتوانین دەستکاری راناوو تافی کاتەکەی بکەین دانم پێدا نەناوە، دانیان پێدا ناوە، دانی پێدا مەنێ! بەڵام ناتوانین وەك کردارێکی لێکدراو کەرتەکانی پاش و پێش بخەین.

**٣-ئیدیەم بەواتا خوازراوەکەی زیاتر بەکاردێ و واتا پیتیەکەی بەرەو لەبیر چوونەوە دەڕوات:**

ئاشکرایە کە زۆربەی ئیدیەم لە قۆناغی ئێستەیدا لەدوو شێوەدا دەبینرێت، شێوەی ئیدیەمی (ئەوەی کە واتاکەی خوازراوەو دوورە لەواتای کەرتەکانیەوە) و شێوەی پیتی(ئەوەی کە واتاکەی لەکۆی واتای کەرتەکانیەوە دێ و بێ یارمەتی فەرهەنگ واتاکەی ئەدۆزرێتەوە). بۆ نموونە رۆنانێکی وەك (سك سووتان) هەردوو بەکارهێنانەکەی هەیە وەك لەم نموونانە بۆمان دەردەکەوێ:

١- بڕوانە لێکۆڵینەوەی م. غازی وەیس کە بە پێچەوانەی ئەم رایەوە دوو جۆر ئیدیەم لە یەکتری جیادەکاتەوە،ئیدیەمی فۆڕم گۆڕو ئیدیەمی فۆڕم نەگۆڕ. (ئۆتۆنۆمی، ژمارە ٤، ساڵی حەوتەم، ل ٥٩-٦٤).



١-وریابە، لەزۆپاکە نزیك مەکەرەوە با سکت نەسووتێ. ئاگرەکە پڕژایە ناو پشێتنەکەیەوەو سکی سووتاند.

٢-نەکەی ئازاری ئەو پیرێژنە سك سووتاوە بدەی، دوعای گیرا دەبێت.

ئافتاو: هەواری نوێتان پیرۆز بێت و تیابحەسێنەوە!

فاتە: سکت نەسووتێ! (منالەکەت نەمرێ)

لە کۆمەڵی یەکەمدا رۆنانەکە فرێزێکی بەرەڵایەو واتاکەی لە(سك) و(سووتانەوە) بەدی دەکرێ و هەموو یاسا گۆڕنکاریە رێزمانیەکانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێن. (بەوتایەکیتر: دەکرێ بەپرسیار، دەکرێ بەنەفی، راناوەکانی دەگۆڕێت بەهی تر، وشەی تری تێدا ئاخنرێ وەك سکت سووتا، وریابە سکت بە سۆپاکە نەسووتێ، سکی زۆر سوتاوە. . . . ئاگادار بە سکت دەسووتێ)[1] لەکۆمەڵی دووەمدا رۆنانەکە ئیدیەمە و واتاکەی لە واتای کەرتەکانیەوە دوورەو زۆر یاسای گۆڕانکاری رەتدەکاتەوە (* وریابە سکت نەسووتێ، سکی سووتا*، سکت نەسووتێ (بۆ پیاو)[2]. . . هتد، دەبێ لەو راستیە بگەین کە زمان تاڕادەیەك دەتوانێ رێگە بەم (بەرەڵاییە) بدات و بهێڵێ هەمان رۆنان بە دوو واتای جیاواز یان زیاتر بەکاربێت. تا ژمارەی ئەم جۆرە رۆنانە پڕتەمومژانە پتر بێت، سەر لێ تێکدان زیاتر دەبێ و توانای زمانەکە کەمتر دەبێتەوە[3] جا هەر لەبەر ئەمەشە کە ئیدیەم زیاتر بەواتا خوازراوەکەی بەکاردێ و دەکەوێتە سەر زاری خەڵکی و بڵاودەبێتەوە. لە زۆر کاتدا کە ئیدیەمەکە بەواتا خوازراوەکەی زۆر بڵاوبووەوە لەناو خەڵکیدا چەسپا ئیتر واتا تیپیەکەی بەرەو لەبیرچوونەوە دەڕوات ولەوانەیە پاش ماوەیەکی مێژوویی لەزمانەکەدا دەژی، بەڵام شان بەشانی یەکتری بەکارنایەن. بەڵگەشمان بۆ راستی ئەم باوەڕە ئەوەیە کە بۆ روونکردنەوەو تێگەیشتنی واتای پیتی ئیدیەمێك پێویستمان بە دەوروبەر هەڵبەستن زۆر دەبێت، بە واتایەکی تر خەڵکی لەواتا خوازراوەکەی ئیدیەم زووتر تێدەگات وەك لە واتا پیتیەکەی، هەرچەندە گوێگر زۆربەی کاتیش ئاگاداری

1- Francis, W. N. (1973) the English Language, Norton and Company, New York, p. 117-119

٢- ئەم نموونەیە یەکێکە لەدەیان ئیدیەم کە تەنیا ئافرەت لەزاری سلێمانیدا بەکاریان دێنێ.

٣- بڕوانە: Ullmann, p. 34.

هەردوو واتاکەیە بەوەدا کە زۆرجار کەڵك لەم بارە وەردەگرێ و دەیکاتە سەرچاوەیەك بۆ نوکتـە لەکاتی ئاخاوتندا[1] وەك بەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

(١)- کاکە تۆ زۆرت تێ گووشیوە؟

- راستە، وام دەزانی شلەکە لەدەستم رادەکات

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

(٢)- کوڕم گوێ مەدەرێ، دنیا پێچی مێزەرێکە

- ئەی لەو پێچە وریابە وەرنەگەڕێی

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

بۆ زیاتر روونکردنەوەی هەردوو واتای ئیدیەم، واتای خوازراو و واتای پیتـی، وا لـەخوارەوە هەندێ نموونە دەدەین.

(١) کۆمەڵی یەکەم: بریتییە لەکۆمەڵە ئیدیەمێك کە بە هەردوو واتاکە دێن و لەسەر زارن.

(٢) کۆمەڵی دووەم: بریتییە لەچەند ئیدیـەمێك کـە لەبەرئـەوەی تـەواو چەسـپاون واتـای پیتیان لە ناوچووە و دەوروبەر هەڵبەستنیش ئەم واتایەیان زیندوو ناکاتەوە.

(٣) کۆمەڵی سێیەم: بریتییە لەهەندێ ئیدیـەم کـە زۆرجـار دەبنـە سەرچـاوە بـۆ نوکتـە لەبەرئەوەی گوێگر دەتوانێ خۆی بەئارەزووی خۆی لەمەبەستی قسەکەر گێـل بکـات و بـەواتا پیتیەکە وەریگرێ بەمەبەستی گاڵتە و پێکەنین.[2]

(١)کۆمەڵی یەکەم

١- حەوشەکە خوارە!

= (١) بیانوومان پێدەگرێ.

= (٢) حەوشەی (خانووەکە) خوارە.

٢- زمانی سووتا

= (١) هەڵەی کرد

---

١- بۆنموونە، ئیدیەمێکی وەك (run down) لەڕستەیەکی وەك (He can run down himself) دوو واتـا دەدات بەدەستەوە بەپێ باری قسە: ١- ئەو خۆی دەتوانێ بڕوات ٢- ئەو خۆی دەتوانێ بکات بە ژێـرەوە (بـە ژێر سەیارە، عەرەبانە.... هتد) قسەکەر دەتوانێ یاری بەم دوو واتایە بکات وبۆ گاڵتە بەکاری بێنێ.

٢- بڕوانە Arnold, p. 155.



= (٢) زمانی بەچایەکە سووتا

٣-پرچی سپی بهۆنیتەوە

= چاوەڕوانی بێهودە ئەگەر بەتەمای کۆشك و تەلار بێت دەبێ پرچی سپی بهۆنێتەوە

٤-خۆی پێدا هەڵواسیوە

=(١) بەمەرامێك خۆی لەیەکێك نزیك دەکاتەوە.

=(٢)مناڵەکە خۆی (بەلۆریەکەدا) هەڵواسیوە

٥- لەبەری دا

=(١) فەوتانی (پارەکەی باوکی لەبەرد دا)

=(٢) تایەکەی لەبەرد داوەو تەقاندوێتی

(٢) کۆمەڵی دووەم:

١- گوێی مسی تێکراوە

٢- سەری هێناو برد

٣- دڵی شکاند

٤- دڵی دایەوە

٥- دڵی شەقی برد

٦- دڵی لێ سەندم

٧- دڵی لێ هەڵکەنراوە

٨- شەڕی پێفرۆشتم

٩-قسە بەردەداتەوە

(٣) کۆمەڵی سێیەم:

١- دەستی رەشە!(ئەی بۆ ناوبەناو نایشوات)

٢- سەری سووکە!(خۆ نەت کێشاوە تا بزانی)

٣- سەری گوریسەکەی بەدەستە (هاکا پچڕانی. . . . . .)

٤- دنیای بەکۆڵەوە گرتووە(بۆیە ناتوانێ هەنگاوێ بڕوات)

٥- دڵی لەسەر لەپی دەستێتی (کوا من نەم دی بەدەستیەوە)

٦- حەمامی ژنانە! (ئەی کوا ناترەکەی)

## ٤- پلەکانی ئیدیەم[1]:

هەرچەندە یەکێك لەتایبەتییە هەرە گرنگەکانی ئیدیەم لەوەدایە، کە واتایەکی تایبەتی بێهاوتا دەبەخشێ، کە پەیوەندییەکی زۆر دووری بە واتای کەرتەکانیەوە هەیە، ئاشکرایە کە هەموو ئیدیەمێك لەم رووەوە وەك یەکتر نین. هەندێ ئیدیەم وتاکانیان تەواو تاریکە و چەندین یاسای واتاییان دەوێ تاوەکو لە واتای کەرتەکانەوە بمانگەیەننە واتای ئیدیەمەکە هەمووی. هەندێ ئیدیەمیتر، بەپێچەوانەی ئەمانەوە، گۆرانکاریەکی واتایی کەمتریان بەسەردا هاتووە تەنیا چەند قۆناغێك لە واتای کەرتەکانەوە دوورکەوتوونەتەوەو بە ئاسانتر دەتوانین بیانگێڕینەوە سەر واتای کەرتەکانیان. بۆ نموونە، ئیدیەمێکی وەك (چنگ لەسەرشان) ناچێتە ریزی ئیدیەمێکی وەك (دڵ پاك) یان (سەرڕاست) ئەگەرچی بەهەمووشیان دەوترێ (ئیدیەم). واتای(چنگ لەسەرشان) تەواو تاریك و لێڵە و زۆر بەگران لەواتای کەرتەکانەوە بەدی دەکرێ. بەپێچەوانەشەوە، هەموو کورد زمانێك هەست بەوە دەکات کە لە (دڵ پاك) و (سەرڕاست)دا ئەو تاریکییەی کە لە ئیدیەمەکەدا هەیە زۆر کەمترەو گەیاندنیان و بەستنەوەیان بەواتای پیتی کەرتەکانەوە کارێکی گران نییەو پێویست بە خەیاڵکی بەپیت ناکات. سەرنجێکی ورد تێماندەگەیەنێ کە ئەو جیاوازییە لە (تاریکی) و (ڕوونی) ئەم دوو کۆمەڵە ئیدیەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستیەی کەلە کۆمەڵەی دووەمدا(دڵ پاك) و (سەرڕاست) تەنیا یەکێك لە کەرتەکان- دڵ و سەر-واتا بنەڕەتیەکەی خۆیان گۆڕیووەو دوور کەوتوونەتەوەو لەوە کەوتوون کە ئەندامێ بن لە لەشی ئادەمیزاد بەڵکو بوونەتە نوێنەری ئادەمیزادەکە خۆی. کەرتەکانی تر (-((پاك و راست))-)کەم و زۆر واتا بنەڕەتیەکەی خۆیان پاراستووە. لەبەرئەوەی ئەم گۆڕنکاریەی کەبەسەر ئیدیەمی (دڵ پاك) و (سەرڕاست)دا هاتووە زۆر بڵاوە نەك هەر لەکوردیدا، بەڵکو لە زمانی تریشدا و لەبەرئەوەی بنەمای (بەکارهێنانی پارچە لەجیاتی هەموو) لە ئیدیەمیتریشدا دەبینرێ، کورد زمانێك بەئاسانی لەواتای (دڵ)و (پاك)ەوە یان (سەر)و (ڕاست)ەوە زۆر بەئاسانی دەگاتە واتای ئیدیەمەکە هەمووی کە (ئەو کەسەی کە پاکە یان راستە)دەگرێتەوە. بێگومان بەدیکردن و دۆزینەوەی واتای (چنگ لەسەرشان) لە واتای

١- بڕوانە: Kooij, J. P252 لێرەدا نووسەرنەك هەر دوو پلەی ئیدیەم بەڵکو چەند پلەیەك ئیدیەم لەیەکتری جیادەکاتەوەو نموونەین لە ئینگلیزیدا بۆ دەهێنێتەوە. بەڕای ئەم ئیدیەمێکی وەك(sweet meat) یار، پلەیەکی زیاترە لە (sweet heart)/ (حەڵوا) هەروەها ئەمەش پلەیەك لەسەروو (sweet corn)وەیە.



کەرتەکانیەوە پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی قووڵترەو زۆربەشمان چەندیش جڵە و بۆ خەیاڵ شل کات رەنگە هەر نەیگاتێ تاوەکو واتاکەی پێنەوترێ یان لەفەرهەنگدا دەری نەهێنێ یان لەئەنجامی دووپاتبوونەوەدا بە هۆی دەوروبەری قسەوە بۆی روون نەبێتەوە و هەڵی نەهێنی. کەواتە بەلای کەمەوە دەتوانین دوو چەشن ئیدیەم لەیەکتری جیابکەینەوە:

ئیدیەمی پلە یەك و ئیدیەمی پلە دوو. ئیدیەمی پلەیەك ئەو ئیدیەمەیە، کە واتاکەی تەواو تاریکە و زۆر لە واتای کەرتەکانی دوورکەوتۆتەوەو پەیوەندییەکی کەی لە رووی واتاوەی لەگەڵیاندا ماوە و بۆ گەیشتن لە واتای کەرتەکانییەوە بۆ واتای ئیدیەمەکە هەمووی پێویستمان بەئاساى واتای ئاڵۆز دەبێت. ئیدیەمی پلە دووش ئەو ئیدیەمەیە کە تاڕادەیەك واتاکەی

ڕوونە یانە بەهۆی ئەوەوە، کە یەکێك لەکەرتەکانی واتا بنەڕەتیەکانی خۆی پاراستووەیان بەهۆی ئەوەوە، کە دەتوانین لەواتای کەرتەکانەوە بەهۆی یاسایەکی جیهانی و بەربڵاوەوە بگەینە واتای ئیدیەمەکە هەمووی. وا لەخوارەوە چەند نموونەیەك لەسەر هەردوو چەشنەکە دەدەین لەگەڵ چەند تێبینیەکدا دەربارەی چۆنیەتی جیاکردنەوەیان لەیەکتری.

(١) أ- ئیدیەمی پلەیەك. لە وشەی (دڵ)ەوە:

دڵتەڕ، دڵقایم، دڵسووتاو، دڵشکاو.

هەردوو کەرتەکە و واتاکانیان گۆڕاوە:

١- دڵ: نەك هەر کۆئەندامێکی لەشە بەڵکو لەجیاتی ئادەمیزاد بەکارهاتووە بەواتای (ئەوکەسەی کە. . . . . . . . . . . .)

٢-کەرتی دووەمیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. تەڕ (بەواتای بەزەوق)، قایم=نەترس وسوتاو=بەبەزەیی وشکاو=یەشاو. . . هتد

ب- ئیدیەمی پلە دوو: دڵمردوو، دڵوریا، دڵڕەق، دڵنەرم، دڵپاك، دڵگەرم. . . . . . . . .

ئەم ئیدیەمانە واتاکانیان روونترە لەکۆمەڵی (أ) لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- تەنیا یەکێك لە کەرتەکانیان واتاکانیان تەواو گۆڕاوە. (دڵ) لەهەموو ئەم ئیدیەمانەدا بە واتای (ئەو کەسەی کە....) دێ. ئەم گۆڕانەش هێندە قووڵ نییە چونکە گۆڕانێکی بڵاوە نەك هەر لە کوردیدا بەڵکو لەزمانی تریشداو تەنانەت لەوشەشدا روودەدات وەك بەکارهێنانی (تاج) یان (کۆشك) لەجیاتی(پاشا) کە دەوترێ، بۆنموونە، کۆشك بڕیاریدا. . . . لەجیاتی ئەوی بڵێین(پاشا بڕیاری. . . .).

٢- ئەو گۆڕینە کەمەی لەواتای کەرتی دووەمدا هەستی پێ دەکرێ بەگۆڕان دانانرێ، چونکە لەراستیدا لە واتای بنەڕەتی وشەکاندا هەیە تەنیا لێرەدا ئەم لایەنەی خراوەتە بەر رۆشنایی. بۆ نموونە، دڵ مردوو لەو واتایەی(مردوو)ەوە وەرگیراوە کەلە ڕۆنانێکی وەك (زەوق مردوو)دا هەستی پێ دەکرێ. هەروەها (ڕەق) و(نەرم) و(پاك) و(گەرم) کە لەو ئیدیەمانەی سەرەوەدا هەن دیسانەوە بەهەمان رێگە لە یەکێك لەواتاکانی ئەم وشانەوە وەرگیراون کە لە ڕۆنانێکی وەك(مرۆڤێکی پاکە/نەرمە/ڕەقە)یان پاکە/ڕەقە/گەرمە/نەرمە لەگەڵ خەڵکیدا) هەستی پێ دەکرێ. بەواتایەکی تر،هەرچەندە وشەی (نەرم) و (ڕەق) و(پاك) لەم ئیدیەمانەدا واتاکانیان خوازراوە، بەلام (خواستنەکە) ئەوەندە بلاوە لەزمانداو ئەوەندە بەکارهاتووە کە دەتوانین بە (خوازەی) دانەنێین و لە راستیشدا لە زۆر کەم لەم جۆرە ئیدیەمانەدا هەست بەم(خواستنە) دەکەین، هەر لەبەر ئەمەشە وا هەست دەکەین، کە گێڕانەوەی ئەم ئیدیەمانە و بەستنەوەیان بەواتای پیتەکانیانەوە کارێکی گران نییەو بەهۆی یاسای واتاییەوە دیاری دەکرێ. هەر ئەمەشە کە وامان لێ دەکات ئەم چەشنە ئیدیەمانە بەپلە دوو دابنێین چونکە ئەو خواستنەی تیایاندا هەیە سوواوە و لە کارکەوتووەو جوانی تێدا نەماوە و سەرنجی خەڵکی راناکێشێ. بەپێچەوانەشەوە، ئەو خواستنەی لە ئیدیەمی پلەیەکدا هەیە هێشتا نەسواوەو جوانی تێداماوە و کار دەکاتە سەر خەڵکی. جیاکردنەوەی ئیدیەمی پلە یەك لەئیدیەمی پلە دوو لەسەر بنەمای واتاییە نەك لەسەر بنەمای هەڵکەوتی ئەو فۆڕمانەی کە ئیدیەمێك پێك دێنن. بە واتایەکی تر، هەمان فۆڕم لەوانەیە لە هەردوو چەشنە ئیدیەمەکەدا خۆی نیشان بدات. بۆنموونە، وشەی (یەك) لەئیدیەمی (یەك شەوە) لە دروستکردنی ئیدیەمێکی پلەیەکدا بەشداری کردووە چونکە:

١- ئیدیەمەکە فۆڕمێکی تێدا نییە بەواتای (ئەو کەسەی کە. . . . . .) بێت. (مۆرفیمی{-ە} لە کوردیدا ناو دروست دەکات لە ناویترەوە(وەك شەو ← شەوە، بەلام نەبینراوە ناوی کار دروست کات لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین لێرەدا بەوکارە هەستاوە.

٢-ئیدیەمەکە فۆڕمێکی تێدانیە، کە کەمێك بەلای واتاکەیدا بچێت و بیری (دەوڵەمەندی) یان (سامان) بگەیەنێ.

٣- (یەك) لێرەدا ژمارە نییە بەڵکو لەگەڵ (شەو)دا بەیەکەوە رۆشنایی دەخەنە سەر کورتی ماوەکە.

کەواتە (یەك شەوە) بەواتای ئەو کەسەی کە لەماوەیەکی کورتدا سامانێکی زۆری دەست دەکەوێ، ئیدیەمێکی پلە یەکە چونکە پەیوەندی نێوان ئیدیەمەکە و واتای کەرتەکانی زۆر



دووره لەیەکترییەوە. دیسانەوە بەهەمان وشە، وشەی (یەك) لە دروستکردنی دەیان ئیدیەمی پلە دووشدا بەشداری کردووە وەك (یەك باڵ)، (یەك تەن)، (یەك ساڵ) کە تیایاندا کەرتی (یەك) هەر واتا بنەڕەتیەکەی خۆی پاراستووە و وەك ژمارە بەکارهاتووە و کەرتەکانیتریش دیسانەوە گۆڕانێکی هێندە بنەڕەتیان بەسەردا نەهاتووە کە واتای پیتی ئیدیەمەکە و واتا خوازراوەکەی نەگەیەنەوە بەیەکتری.

هەرچەندە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە لەو ئیدیەمانەن کە (ئاوەڵناون) لە رووی رێزمانەوە، دەبێ وا نێنەگەین کە ئیدیەمێکی پلە یەك و دوو تەنیا لەناو ئەم کۆمەڵە ئیدیەکەدا دەناسرێنەوە. بۆنموونە ئیدیەمێکی وەك (دڵی لە مشتیدایە) یان (دڵی لەسەر لەپی دەستێتی) ئیدیەمێکی پلە یەکە، بەلام (دڵی نەرم بوو) یان(دڵی دەلەرزێت) لەو ئیدیەمانەیەکە پلەدوون[1].

## ١-٥ پۆلکردنی ئیدیەم:

جیاکردنەوەی فرێزو وشەو رستە لە ئیدیەم و دانانی کەرەسەکانی پێشەوە بە دانەی رێزمانی و کەرەسەی دوایی بە دانەیەکی ئاستی واتاسازی (بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ زانیاری زیاتر) نەك هەر پێویستە بۆ ئەوەی لەدیاردەی ئیدیەم بگەین، بەڵکو ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنێ کە لە دابەشکردنی ئیدیەمدا دەتوانین دوو رێگە بگرینە بەر:

١-بەهۆی شیکردنەوەی واتای ئیدیەمەوە وەك پۆلێنەکەی (د. ئەورەحمانی حاجی مارف) و زۆربەی ئەو پۆلێنانەی لەزمانی روسیدا کراون(بڕوانە پاشکۆی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ نرخاندنێکی ئەم جۆرە دابەشکردنە بەگشتی و پۆلێنەکەی د. ئەورەحمانی حاجی مارف بەتایبەتی)

٢- بەهۆی شیکردنەوەی رۆنانی سەرەوەی ئیدیەمەکە وەك پۆلێنەکەی م. غازی وەیس (دیسانەوە بڕوانە پاشکۆی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ زانیاری زیاتر) بوونی ئەم دوو رێگایە لەدابەشکردنی ئیدیەمدا ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە ئیدیەم دانەیەکی واتاییە و بەهۆی

---

١- بڕوانە: Kooij, J. P252 لێرەدا نووسەرنەك هەر دوو پلەی ئیدیەم بەڵکو چەند پلەیەك ئیدیەم لەیەکتری جیادەکاتەوەو نموونەین لە ئینگلیزیدا بۆ دەهێنێتەوە. بەڕای ئەم ئیدیەمێکی وەك (sweet meat)یان، پلەیەکی زیاترە لە(sweet heart)/(حەڵوا)هەروەها ئەمەش پلەیەك لەسەروو(sweet corn) وەیە.

دانەی ڕێزمانییەو یان لەشێوەی ئەمانەدا (لەشێوەی وشەی لێکدراوو فرێزو ڕستەدا)خۆی دەنوێنێ. بەواتایەکیتر، ئیدیەم وەك (واتا) یان (بیر)پەیوەندی بەئاستی ژێرەوە هەیە کاتێ کە شێوەی وشەی لێکدراوو فرێزو ڕستە وەردەگرێ، دێتە ئاستی سەرەوەو بوونێکی فیزیکی دەدرێتێ و دەتوانرێ بەپێی ڕۆنان دابەش بکرێت. تا لەشێوەی بیردا بێت و لە ئاستی ژێرەوە بێت، هەر دەتوانین لەسەر بناغەی واتا بیکەین بەچەند پۆل و کۆمەڵێکەوە. شایانی باسە کە لەهەردوو پۆلێنەکەدا تووشی چەندین گیروگرفت دێین و هیچیان تەواو نموونەیی دەرناچن، چونکە ئیدیەم ئاڵۆزترو دژوارترە لەهەموو کەرەسە زمانییەکانی ترو[1] زۆرکەم خۆی دەدات بەدەست ئاسای ڕێزمانی و واتاییەوەو لەمەشدا چۆتەوە سەر واتاو دانەی واتایی بەگشتی کە لە هەڵکەوتدا ناوێزەییەکی(شواذ) زۆری تێدایە[2]

## ٢-٥ پۆلێن بەپێی ڕۆنان:

بەپێی ڕۆنانی سەرەوە ئیدیەم دەکرێت بەچەند کۆمەڵێکەوە:

**١-کۆمەڵ ناو-ئاسا:** ئەو ئیدیەمانە دەگرێتەوە کە ئەرکی فرێزێکی ناوی دەبینن لە ڕستەدا،بەواتای ئەوەی یان دەبنە بکەر یان بەرکار. ئەو کۆمەڵەش لەچەند کۆمەڵێکی بچوکتر پێك دێت:

أ- کۆمەڵەی (ناو+و+ناو):وەك بڕوبیانو، بەیت وبالۆرە، دەست و پەیوەند، ئاین وئۆین، ئاشناو ڕۆشنا، باس و خواس، پشت وپەنا، پەل و پۆ، ڕازو گلەیی، دێو ودرنج.

ب- (ناو+ی+ناو+(ئاوەڵناو): وەك ئەسپێی کراس کۆن.

ج-(ناو+ە+ناو)وەك: قنگەشەڕ پایزەبرا، شەڕەدەنوك، شەڕەسەگ، شەڕەشۆق، فەریکەکەر، سیرەکۆڵە، نانەسکی، بڕەڤۆك.

د- (ناو+ی+شوێن): قسەی گوێ ئاگردان، بزنی دێلێژە، پشتەماڵی حەمام. . . . هتد.

ه- (ناو+شوێن) وەك شەولەبان، هەموو ئەو کۆمەڵانەی سەرەوە لەوەدا یەك دەگرنەوە کە لەدوو کەرتی سەرەکی پێك هاتوون کە هەردووکیان ناون، جا یان بەهۆی (و) یان(ە) یان (ی)ی

١- هەمان سەرچاوە ل ٢٥٠.

٢- هەموو زمانەوانە تەرکیبییەکان بەتایبەتی ئەمریکاییەکان باوەڕیان وابوو کەلە قۆناغی ئێستای زمانەوانیدا (تاساڵەکانی پەنچا)و بەهۆی ئەو تەکنیکانەی کە لەبەر دەست دایە واتنا شی ناکرێتەوە. لەبەرئەوەی زۆربەی زۆریان، جگەلە(pike) واتایان دەخستە پشت گوێ.



ئیزافەوە یان بە بێ‌هۆ بەستراون بەیەکتریەوە. دەتوانین دروستبوونی هەموو ئەم کۆمەڵانە بەهۆی نەخشەیەکی واوە پیشان بدەین.

ن+ناو(    )=مەرج نییە هەبێ.

/ و، ە، ی = ئامرازی بەستن/

= هیچ/

أ =یەکێك لە

ن +          أ + ن + (ئاوەڵناو)

بەم جۆرە دەگەینە یاسایەکی گشتی دەربارەی ڕۆنانی ئەم جۆرە ئیدیەمە ناو-ئاسایانە لەکوردیدا ئەویش ئەوەیە کەلە دوو ناو پێك دێن کە بەهۆی یان بێ هۆ بەسترابن بەیەکتریەوە. لەم ڕووەوە لەفرێزی ناو ئاسایی دەچن و لەمان جیانابنەوە[1].

چەشنێکی تر لەئیدیەمی ناو-ئاسا ئەوانەن کە دەتوانن بەداینامیکییان دابنێین لەبەرئەوەی کەرتی دووەمیان کاریان ڕەگی کارە. ئەمانەش لە دوو شێوەدا دەبینرێن:

١-(ناو + کار): وەك گورگەزێ (گورگ ئەزێ)

ئەم کۆمەڵە ژمارەیان زۆر کەمە لەکوردیداو لەوە ناچێت ئێستاکە ئەم ڕێگە بۆ دارشتنی وشەی نوێ بەکاربێت.

٢-ناو + ڕەگی کار: وەك شەڕفرۆش، گێرەشێوێن، کفن دز، کاسەلێس، نمەك ناس.......هتد.

ئەم کۆمەڵە زۆر چالاکە لەزمانی کوردیدا و بەردەوام لەداڕشتنی وشەی نوێدا بەکاردێ. شایەنی باسە کە ئەم کۆمەڵە دەشتوانێت ببنە بەشێك لەئیدیەمی ئاوەڵناوی، چونکە لەکوردیدا هەردوو ئەرکەکە (ئەرکی ناو ئەرکی ئاوەڵناو) دەتوانن ببینن لەڕستەدا وەك بەم نموونانەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێ

١- گێرەشێوێن بۆ دەرەوە. (منالەکان بۆ دەرەوە. . . . . . . . . . .)[2]

١- فرێزی ئاسایی لەکوردیدا لە قاڵبێکی وادا دەبێ: ناو + (و، ە، ی) + ناو یان ئاوەڵناو وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: کاڵەك وشووتی، شەقامی کاوە، سەعات چوار، ئەم پیاوە ئازایە. . . . . . . .

٢- جۆرێکی تر لەئیدیەمی ناو-ئاسا لەدوو ناو پێکدێت، کە دووەمیان لەسەر وەزنی یەکەم داڕێژراوە وەك (قسەومسە) و کاڵەك و ماڵەك بەپێچەوانەی ڕای هەندێ کوردانەوە، ئەم جۆرە فرێزەم لێرەدا بەئیدیەم نەداوەتە

٢- ئیدیەمی ئاوەڵکار ئاسا: بەو ئیدیەمانە دەوترێ کە دەتوانن لە رستەدا ئەرکی ئاوەڵکار ببینن، بەواتای ئەوەی چۆنیەتی کارەکە دیاری بکەن. ئەم چەشنە ئیدیەمە لە جۆرەکانی تر زۆر کەمترن لەژمارەداو لەچەند شێوەیەکی دیاریکراودا دەبینرێن:

١- (ناو+و+ناو) وەك (تەپ ونم) = (ڕەپ و راست)، (کوت و پڕ) لەڕستەی (ڕەپ و راست قسەکەم نمایە مستی) یان (کوت وپڕ خۆی کرد بە ژوورەکەمدا).

٢- (ناو+شوێن): (چنگ لەسەر شان) لەڕستەی (چنگ لەسەر شان هەڵی کوتایە سەرمان).

ئەم جۆرە ئیدیەمەش دەتوانین لەشێوەی یاسایەکدا پیشان بدەین، چونکە یان لەدوو ناو یان ئاوەڵناو پێك هاتوون، کە بەهۆی ئامرازێکەوە (و) یان بەهۆی ئامرازێکی پەیوەستەوە(حرف جر) بەسترابن بەیەکتریەوە:

ناو(ئاوەڵناو) + أ و{یان ئامرازی پەیوەست} أ +ناو (ئاوەڵناو)[1]

**٣- ئیدیەمی ئاوەڵناو — ئاسا:**

ئەو ئیدیەمانەن کە ئەرکی ئاوەڵناو دەبینن بەواتایەکی تر لە رستەدا جێگەی ئاوەڵناو دەگرنەوە بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین ئەم چەشنەش بکەین بەدوو کۆمەڵەوە کە هەریەکەیان لە چەند کۆمەڵێکی وردتر پێك هاتوون:

أ-ئیدیەمی ئاوەڵناوی نادایینامیکی: بەو ئیدیەمەیە ئاوەڵناو ئاسایانە دەوترێت کە کار یان رەگ بەشداری لەدروست بوونیاندا ناکات. ئەم چەشنە لەچەند کۆمەڵێکی بچووکتر پێك هاتووە:

١- کۆمەڵی (ناو+ ناو): وەك: خەیاڵ پڵاو.

٢- کۆمەڵی (ئاوەڵناو +و + ئاوەڵناو): وەك: رەق و تەق، کش و مات، شل و شێواو، عاڵ و ساڵ، کاڵ و کرچ.

قەڵەم (بڕوانە د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لەبەر دووهۆ ١- لەڕووی واتاوە ئەم فرێزانە ئەو بێهاوتاییەیان تێدا نییە کە بەگشتی لەئیدیەمدا هەیە، بەواتای ئەوەی واتاکەیان لەسەرجەمی واتای پارچەکانەوە نەهاتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەموو واتاکە لەکەرتی یەکەمدا کۆبۆتەوە. ٢- ئەم شێوە فرێزە، بەپێچەوانەی ئیدیەمەوە کە نەگۆڕو چەسپاوە وڕەق هەڵاتووە، بەردەوام لەزمانەکەدا بەکاردێ و فرێزی نوێی لەسەر دادەڕێژرێ (وەك فیدیۆ ومیدیۆ، غەسالە و مەسالە. . هتد.

١- دیسانەوە ئەمەش لە رۆناندا دەچێتەوە سەر رۆنانی ئاوەڵکاری لێکدراوی ئاسایی وەك (شڵپ وهۆڕ) و(تەپ وکوت) و. . . . . هتد.



٣- (ناو+ئاوەڵناو): وەك: ترزك، دەست رەش، دەست پیس، دەست پاك، رووخۆش، دڵخۆش، گوێ لەق، چاوچنۆك، زمان درێژ، زمان لووس، لووت بەرز، سك پڕ، چاونەرم، روو رەش، سەرسەخت، رەزاگران، لەش سووك.

٤- (ناو+ ئاوەڵناوێکی لێکدراو): وەك: لێوبەبار، مانگابەکەڵ، چاوبەخومار، لەش بەبار، لەش بەدۆشاو.

٥- ژمارە(ئاوەڵناو) + ناو وەك: دووزمان، دووگیان، تەنیاباڵ.

٦- (ناو+شوێن) وەك: چاولەدەر، چاوبەرەو ژێر، ئاگری بن کا، گونکی سەردڵ، گوێ لەمست.

ب- ئیدیەمی ئاوەڵناوی داینامیکی: بەو ئیدیەمە ئاوەڵناو ئاسایانە دەوترێ کە کەرتی دواوەیان یان کارە یان لە کارەوە وەرگیراوە، ئەم چەشنەش لە چەند شێوەێکدا دەبیندرێ وەك:

١- ناو +. . . . . . . . + پارتی سپڵ: وەك: قنگ لێ کەوتوو.

٢-ئاوەڵناو+ڕەگی کار: وەك: دوورکوژ (= لەدوورەوە جوانە)، رەش بین، دوورناس، دووربین (=پیش بینی لەدواڕۆژ دەکات)گەش بین. . . . . . هتد[1]

**٤- ئیدیەمی کار — ئاسا.**

بەو ئیدیەمانە دەوترێ کە یەکێك لەکەرتەکانی، بەتایبەتی کەرتی دواوە لەشێوەی کاردابێت. ئەم جۆرە ئیدیەمە زۆر لەسادەترین رستەی کوردی (کار+ڕاناو) نزیك دەبێتەوە، چونکە زۆربەیان تەنیا راناوێکیان کەمترە لەم جۆرە رستەیەو دانانی راناوەکەش پێویستە بۆ تێگەیشتن لە ئیدیەمەکە هەرچەندە بەشێکی سەرەکیش نییە لێی ئیدیەمی کار-ئاسا

لەزۆر شێوەدا دەبینرێ لە کوردیدا. وا لەخوارەوە هەندێ لەم شێوانە دەخەینە روو:

١- (ناو +کار) وەك: باری کەوت. . . . . . . ئابڕووی چوو، پێستیان گوورووو، ئاشی دەگەڕێ.

٢- (ناو+ ئاوەڵناو +کار): ئاگرەکەی خۆش کرد، دەمی شیرین کرد، دەمی چەورکرد.

٣- (ئاوەڵکر+کار): بەرزدەفڕێ، زۆری تێدەگووشێ.

٤- (ناو+و+ناو+کار): پەڕوباڵی دەرکرد.

٥- (ناو+کار+ئاوەڵکار) وەك: ئاوی کردەژێر.

١- زۆربەی ئەمانەش لە رۆناندا دەچنەوە سەر رۆنانی ئاوەڵکاری لێکدراوی ئاسایی وەك: خان ومان، باڵابەرز، کلك وگوێ کراو، لێوداقلێشاوە. . . هتد.

٦- ناو+(بەرکاری ناڕاستەوخۆ)+کار: ئاگری تێبەربوو، ئاش بەتاڵی(پێ)کرد، پێی(لێ)داگرت، دانی پێدانا.

ج-(ڕۆنانی جەر+کار): بەدەمیدا، بەرگوێم کەوت، بەسەراچووم، بەشوویدا، لەسەری کردەوە، بەسەرمان دەکاتەوە. . . . . . هتد شایانی تێبینییە کە هەندێ لەم شێوانە زۆر بڵاونین لە زمانەکەدا و تەنیا چەند نموونەیەکمان لەسەریان دەست دەکەوێ(وەك ە). هەندێ شێوەی تریان، بەپێچەوانەوە، زۆربڵاون و بەردەوام ئیدیەمی نوێمان دەدەنێ وەك(١،٦،٧. . .) لەبەر ئەوەی ئیدیەمی کار-ئاسا لەکوردیدا شێوەی زۆرە، نەمانتوانی هەموو شێوەکانی کۆبکەینەوەو دابەش بکەین و ئەو شێوانەی سەرەوە هەموو باسەکە تەواو ناکەن و هەندێ شێوە هەیە نەمان خستۆتە بەرچاو تا باسەکە هەندەی تر ئاڵۆز نەکەین. بۆ نموونە، لەو دابەشکردنەوەی سەرەوەدا جێگەمان بۆ ئەو ئیدیەمە کارئاسایانە دانەناوە کە کارەکەیان (هەبوون/بوون) ن.

وەك: دڵیان بەیەکترەوەیە/ سەری گوریسەکەی بەدەستە/ بوو بەڕیشەوە/بوو بەپەڕۆ/....هتد[1]

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین کە هەندێ ئیدیەم (وەك هەندێ وشە) لەزیاتر لەکۆمەڵێك لەمانەی سەرەوەدا دەبینرێن. بەواتایەکی تر،هەندێ ئیدیەم لەکۆمەڵێکەوە دەچن بۆ کۆمەڵێکی ترو بەپێچەوانەوە وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١- پرسە گورگانێی پێ ناوێ. (ناو –ئاسا)　　پرسە گورگانێی پێکردین (کار- ئاسا)
٢- باری کەوتووە (کار — ئاسا)　　بارکەوتووەکان(ناوی بکەری)بار کەوتوو(ئاوەڵناو)
٣- جێی خۆی خۆش کرد (کار- ئاسا)　　حەزم لەجێی خۆ خۆش کردن نییە. (ناو)
٤- خۆی بردە پێشەوە. (کار –ئاسا)　　حەزی لەخۆبردنە پێشەوەیە (ناو- ئاسا)

ب- پۆلێن بەپێی واتا: لەپۆلینکردنی واتاییدا دوو بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێ.

### ١- پۆلێن بەپێی بابەت.

ئەو زمانەوان و شارەزایانەی کە ئیدیەم بەکێشەیەکی زمانەوانی کارەکی دادەنێن خۆیان بە کۆکردنەوەی ئیدیەم و لێکدانەوەی واتا و شیکردنەوەیان خەریك دەکەن بێئەوەی گوێ بدەنە

١- ئەو ئیدیەمانەی کاری (بوون) یان تێدایە کۆمەڵکی گەورەن و نموونە لەسەریان زۆرە وەك: رێوی دەرەوە، شێری ماڵەوە، زمانی لەدەمدا نییە، پشتی قایمە، زۆری تێ گووشیوە، بەدنمەکە. . . . . هتد.



کێشە تیۆرییە سەرەکیەکانی ئیدیەم و چۆنیەتی دابەشکردنیان هەندێکیش لەمانە لە فەرهەنگەکانیاندا رێگەی بابەتیان گرتووە لە پۆلینکردنی ئیدیەمدا و ئیدیەمی کشتوکاڵیان لەئیدیەمی راو و یاری ماڵەوەو مووبەق و خوێندەواری جیاکردۆتەوە[1].

ئەم بۆچوونە زیاتر لای رۆژئاواییەکان (ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکاییەکان) باوێتی و بۆ ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ فێری زمانێکی بێگانە بن. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە فێربوونی ئیدیەم و زاڵ بوون بەسەریدا یەکێکە لەو گیرگرفتە سەختانەی کەدێنە رێگای خوێندکاری زمانی بێگانە و زاڵ بوون بەسەریدا پێویستی بەهەوڵێکی یەکجار زۆرە.

٢-پۆلێن بەپێی پەیوەندی نێوان سەرجەمی واتای ئیدیەم، واتای کەرتەکانی:

ئەم بۆچوونە زیاتر گوێ دەدات بەلایەنە تیۆرییەکان ئیدیەم خۆی بەشیکردنەوەی واتای کەرتەکانیەوە خەریك دەکات و دەیەوێ پەیوەندی نێوان واتای سەرجەمی ئیدیەم و واتای کەرتەکانی دیاری بکات. ئەم کێشەیە زیاتر لەلایەن زمانەوانەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە گوێی دراوەتێ و تاڕادەیەك تەنیا لای ئەمان (فریزیولۆجی) بۆتە بەشێکی گرنگی زمانەوانی[2].

یەکێك لەو پۆلینە واتاییانەی کە لەم رووەوە لەئیدیەم دەکۆڵێتەوە دابەشکردنە بەناوبانگەکەی ڤینۆگرادۆڤە کە لەبنەڕەتدا بۆ لێکۆڵنەوەی ئیدیەم لە رووسیدا دای ناوە[3]. ئەم پۆلێنە کە بریتییە لە دەستکارییەکی بنەڕەتی پۆلینەکەی زمانەوانی سویسری چارلز بالی[4]، بەندە بەتاریکی روونی ئیدیەمەوە[5] و بەپێی ئەم بنەمایە ڤینۆگرادۆڤ سێ جۆر ئیدیەم (یان فریزیۆلۆجی) جیادەکاتەوە:

### ١- ئیدیەمی (فریزیۆلۆجی) تێکچڕژاو "Phrasiologioal Fusions"

بەو ئیدیەمانە دەڵێ، کە کەرتەکانیان تەواو تێك ئاڵاون و واتای کەرتەکان بە تەواوی لەناو بۆتەی ئیدیەمەکەدا تواونەتەوەو واتای ئیدیەمەکە لە واتای کەرتەکانەوە پێشبینی ناکرێ. ئەم

١- هەندی نووسەریش بەپێی تیپی ئەبجەدی لە ئیدیەمەکان دەدوێن وەك زۆربەی ئەو کارانەی‌دەربارەی ئیدیەمی عەرەبی کراوەو هەروەها کارەکەی م. جلال مەحمود علی لە کوردیدا.
٢- بڕوانە: Arnold, p. 154
٣- هەمان سەرچاوە، پۆلێنەکەی ڤینۆگرادۆڤ ل ١٥٥.
٤- هەمان سەرچاوە ل ١٥٦.
٥- بڕوانە Ullmann, p.

جۆرە ئیدیەمە بە ئاسانی لەزمانێکەوە وەرناگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر. نموونە لەکوردیدا کێ بە کێیە؟ چنگ لەسەر شان، سەرچاو (هاتی). . . . . . . . هتد.

**٢- ئیدیەمی یەکگرتوو:**

بەباوەڕی ڤینۆگرادۆڤ ئەم جۆرە روونە، بە واتای ئەوەی کە واتاکانیان تاڕادەیەك لەکەرتەکانەوە بەدی دەکرێن. جگە لەمەش لەژمارەدا لەجۆری یەکەم زۆرترن و واتای کەرتەکانیشی خوازراوە. ئەمانە زیاتر خۆ دەدەن بەدەست یاسای گۆڕانکارییەوەو بەئاسانیش وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی تر[1].

**ئیدیەمی لێکدراو:**

ئەم چەشنە ئیدیەمە تەواو روونەو یەکێك لەکەرتەکانی راستەوخۆ واتای خۆی داوە بەئیدیەمەکەو واتای کەرتەکەی تریش خوازاوە. ئەم جۆرە ئیدیەمە زیاتر لەجۆری دووەمیش خۆی دەدات بەدەست یاسای گۆڕانکاییەوە وەك: قسەومسە، شت ومت، زمان لووس، دلڕەق..... هتد. لەزمانی کوردیدا. سەرنجێکی ورد لەو دابەشکردنەی سەرەوە ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات، کە لەگەڵ ئەوەشدا پۆلێنەکە لەسەر بناغەکی درووستە چەند کەم وکورتیەکی تێدایە تەنیا لەو کاتانەدا دەردەکەوێ، کە دەمانەوێ لە زمانی تردا بەکاریبێنین، کەموکورتیەکانیش ئەمانەن:

١- تاریکی وڕوونی کەرەسە لەڕووی واتاوە نابێت بەبنەمایەکی تەواو بۆ پۆلێنکردنی دیاردەیەك، چونکە تاریکی و روونی لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێ بەپێی پلەی رۆشنبیری و شارەزایی لە زماندا.

٢-ڤینۆگرادۆڤ زۆر سەرکەوتوو نییە لەجیاکردنەوەی جۆری یەکەم و دووەمی ئیدیەمدا چونکە ئەو بنەمایانەی دەمانداتێ لەهەردووکیاندا هەیەو دەبێ تەنیا بە رادە یان پلەی بوونیاندا دوو جۆرە ئیدیەمەکە لەیەکتر جیابکەینەوە ئەمەش لەخۆیدا کارێکی ئاسان نییە. بۆنموونە کە هەوڵی ئەوە دەدەین پۆلێنەکەی لەکوردیدا بەکاربێنین دەبینین دەیان ئیدیەم سەر بەهەردوو بەشەکە دەردەچن و پۆلێنەکە دەستەوەستان دەوەستێ بەرامبەریان، چونکە بەپێی

---

١- بە باوەڕی من بەپێی ئەو بنەمایانەی کە ڤینۆگرادۆڤ داوێتی زۆر بەگران جۆری یەکەم و دووەم لەیەکتری جیادەکرێنەوە. لەبەرئەمە نموونەم لەکوردیدا بۆ کۆمەڵی دووەم (ئیدیەمی یەکگرتوو) نەهێناوەتەوە. بڕوانە خوارتر بۆ نرخاندنێکی ئەم پۆلێنە بەگشتی.



ئەو بنەمایانەی کەهەمانە (وەك تاریکی و روونی، توانینی وەرگێڕان و خوازراویی و نەخوازراویی. . . . هتد)لە یەکتر جیاناکرێنەوە. بۆنموونە، هەرچەندە ئیدیەمی (دڵپیس) و(دڵپاك) لەیەك چەشنن بەپێی تاریکی و روونی و خوازراویی و نەخوازراوییە ئەگەر بەپێی توانستی وەرگێڕانیان بێت ئەوەا دەبێت هەریەکەیان سەر بەجۆرێك بن، (دڵپاك) سەر بەئیدیەمی یەکگرتووە چونکە بەئاسانی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی تری وەك عەرەبی وئینگلیزی و (دڵپیس) سەربە جۆری تێکچڕژاوە چونکە بەئاسانی وەرناگێڕرێتە سەر زمانی تر. لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە تەنانەت ئیدیەمی (دڵپاك) یش بەدڵنیاییەوە نادرێت تەنیا بە یەکێك لەچەشنەکان چونکە دەتوانین بیشیسەلمێنین کە دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری سێیەمیش لەبەرئەوەی یەکێك لەکەرتەکانی(پاك) تاڕادەیەکی زۆر واتای خۆی پاراستووە و لە (پاکی جلەوە) بۆ (پاکی دەست) و (پاکی دڵ) بازێکی واتای گەورە نەدراوەو دەتوانرێ بەئاسانی هەردوو واتاکە بگەێنرێتەوە یەکتری. بەم جۆرە دەبینین پۆلێنەکەی ڤینۆگرادۆڤ وەك زۆربەی پۆلێنە واتاییەکان درشتەو ناتوانێ بەوردی ئەو چەشنە ئیدیەمانەی ناویان دەنێ لەیەکتریان جیابکاتەوە.

هەروەك لەسەرووترەوە دەرمان خست پۆلێنەکەی ڤینۆگرادۆڤ لەم شێوەی ئێستایدا زۆر بەگران لەکوردیدا کەڵکی لێوەردەگیرێت. بەڵام گۆڕینێکی زۆر کەم لەپۆلێنەکەدا وای لێ دەکات بەکەڵکی کوردی بێت. گۆڕینەکەش ئەوەیە کەدەست لەجیاکردنەوەی جۆری یەکەم ودووەم هەڵگرین و هەردووکیان بشکێنینەوە و بیانکەین بەیەك جۆر، چونکە هەروەك لەسەرووتر پیشانماندا جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ڤینۆگرادۆڤ داوێتی کارێکی زۆر گرانەو هەندێ ئیدیەم سەر بەهەردوو جۆرەکە دەبن جیاناکرێنەوە. بەدوای گۆڕینێکی وادا، تەنیا دوو جۆر ئیدیەم لەکوردیدا لەڕووی واتاوە لە یەکتر جیادەبنەوە. ئیدیەمی یەکگرتوو و ئیدیەمی لێکدراو. لە ئیدیەمی یەکگرتوودا واتای ئیدیەمەکە لە ئەنجامی تواندنەوەی واتای کەرتەکانەوە دێ و لەژێر کاری مێژووی خەڵك و کەڵچەرەکەیاندایە. لەڕووواڵەتدا ئەم جۆرە ئیدیەمانە رەق و وشك و نەگۆڕن بە واتای ئەوەی کەرتەکانیان شوێن ناگۆڕن و رێگە بەکەرەسەی تر نادەن لەیەکتری بیان ترازێنێ و بێتە نێوانیانەوە خۆشیان پاش و پێش کەم دەکەن. هەندێ جار ئەم وشکی ونەگۆڕییەی بەهۆی (وەزن وقافیە)و لێك چوونی دەنگ و هاوواتایی یان دژواتاییەوە چەسپاوتر بووە (بۆنموونە: حازروبزر، هاتەران و پەتەران، بێسێودوو، دیق وفیق(تەنك)، ریس و گوریس، حوشترو قاپ قاپ. . . . هتد). هەندێ جاریش رەقی و

نەگۆڕیی ئیدیەمەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی یەکێك لەکەرتەکانی کۆنە و لەناوچووە و بەکارنایەت (وەك ((نۆلە)) لەئیدیەمی ((نۆنۆلە)) و ((لۆغان)) لەئیدیەمی ((شایی و لۆغـان))دا. . . .). زۆربەی کات واتای ئەم جۆرە ئیدیەمانە جوانترو ڕەوانبێژیترو بەهێزترە لەواتای ئەو کەرەسـانەی لە زمانەکەدا هەن بەهەمان واتای ئەمانەوە دەتوانرێن لەجێگایان بەکاربێن وەك لەم نموونانـەی خوارەوە دەردەکەوێ:

١-(چنگ لەسەرشان خۆی کرد بەژووردا)= بەپەلە. . یان بەخێرایی خۆی کرد بەژووردا.

٢-(دڵیان بەیەکترییەوەیە)- یەکتریان خۆش دەوێ یان حەزیان لەیەکترکردووە.

٣-(دڵی لەژنەکەی پیسە)- گومانی لەژنەکەیەتی.

٤-(ڕووی گەرمە)- (ناسکە لەگەڵ خەڵکدا).

٥-دەستی گەیاندە منداڵەکە= لەمنداڵەکەی دا.

ئیدیەمی لێکدراو، بەپێچەوانەی جۆری یەکەمەوە، تەنیا یـەکێك لەکەرتـەکانی گـۆڕانی واتایی بەسەردا دێ و ئەم گۆڕانەش مەرج نییە هێز و ڕەوانبێژی و جوانی پێببەخشێت. جگە لەمـەش لەڕۆنانـدا شـل و شـێواوترە، بـەواتای ئـەوەی ڕێگـا زۆرتـر دەدات بەیاسـا گۆڕانکارییەکانی زمان و ئاسایش خاوەنی ئەو هۆیانە نییـە کـە کەرتـەکانی ئیدیـەم توونـد دەکاتەوە وەك وەزن و قافیەو دژواتـایی و هاوواتـایی. . . هتـد. بـەم پێیـە، هـەموو ئـەم ئیدیەمانەی خوارەوە لەجۆری لێکدراون:

١-گۆشتی خۆشە (=برینی زوو چاك دەبێتـەوە) گۆشـتی تاڵـە(-گۆشـتی درەنـگ چـاك دەبێتـەوە)، گۆشـتی قیمـەت ناکـات، لەیەکـەم و دووەمـدا (گۆشـت) واتـای خـۆی پاراستووە،(تاڵە) و (خۆشە) کەمێك واتایان گۆڕیوە. لەسێیەمدا(گۆشت) واتاکـەی گـۆڕاوەو بووە بە(=(کەس یان خۆ)).

٢-گوێی مـسی تێکـراوە (تێناگـات) یـان(کـەڕە) گـوێی تەپـە(-سەرشـۆڕە)، گـوێی لێ خەفاندووە. (خۆی لێ کەڕ کردووە) لە یەکەمدا(گوێ) بەواتا بنەڕەتیەکەی خۆی هاتووەو ((مس تێکردن)) بە واتای (گرتن) و (داخستن) هاتووە و ئەمەش کەمێك گۆڕانی واتـایی تێدایـە. لـە دووەم و سێیەمدا ((گوێ)) بـە واتـای نـوێ بـەکارهاتووە. شـایانی سـەرنجە کـە پۆلێنەکـەی ڤینۆگرادۆڤ لەدوای ئەم گۆڕینەی ئێمە پێشنیازی دەکەین لەگەڵ جیاکردنـەوەی ئیدیـەمی پلـە یەك و پلە دووەدا (بڕوانـە بەشـی چـوارەمی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە) یـەك دەگرێتـەوەو وەك یـەك دەردەچێ. بەواتایەکی تر، هەموو ئەو ئیدیەمانەی ئێمە بە پلە یەکیان دادەنێین دەچـنە جـۆری



یەکگرتوو (یان تێکچرژاوەوە)و هەمـوو ئیدیەمە پلە دووەکانیش لەو جۆرە دەبن کە ڤینـۆگرادۆڤ لەپۆلێنەکەی خۆیدا بە(لێکدراو) یان دەداتە قەڵەم.

٦- گەشەی واتایی لەئیدیەمدا:

بۆ ئەوەی لەو گەشە واتاییە بگەین کە بەسەر فرێزێکی بـەرەڵا یـان وشـەیەکی لێکـدراودا دێت و دەیکات بە ئیدیەم دوو جۆر واتا لەیەکتری جیابکەینەوە[1]

١- واتای سەرەکی (یان ڕاستەوخۆ یان گشتی).

٢- واتای لاوەکی (یان خوازراو یان تایبەتی).

جۆری یەکەم ئەو واتایە دەگرێتەوە، کە وشەیەك یان کەرەسەیەکی زمانی تر کاتێك پەیدای دەکات کە خۆی بەتەنیا بەکارهاتبێت(وەك ئەو واتایانەی کە فەرهەنگ تۆمـاری دەکـات) یـان لەگەڵ هاوسێ‌و هاوڕێی ئاسایی خۆیدا بێت وەك واتای وشەی(باران) لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

١- ئێمە نەگەیشتبوینە ماڵەوە کە باران لێی داکردین.

٢- بارانەکە هەموو گیانمانی تەڕکرد.

٣- لەماوەیەکی کورتدا بارانەکە لافاوێکی دروست کرد. وەك ئەم ڕستانەی سەرەوە بۆمـان دەدەخـەن واتـای سـەرەکی (وشـەی بـاران) بریتییـە لەچـەند سـیمایەك کـە بـە هۆیانـەوە دەتوانین(باران) لەدیاردە نزیکەکانی(وەك تـەرزە بەفرسـەهۆڵ. . . . . هتـد) جیابکەینـەوە. سیما جیاکەرەوەکانی بـارانیش وەك واتـای فەرهـەنگی وشـەکە بۆمـان دەردەخـات ئەمانـەی خوارەوە پێکهاتووە:

١- باران بریتییە لە دڵۆپە ئاو.

٢- ئەم دڵۆپانە خەستبوونەتەوە.

٣- ئەم دڵۆپانە ڕەق نەبوون (نەیان بەستووە).

٤- ئەم دڵۆپانە لە هەورەوە دێن بۆ سەر زەوی.

٥- ئەم دڵۆپانە گەلێ جار زۆرو تیژن و بەدوای یەکتردا دێـن. هەنـدێ لـەم سـیمایانە نـاو کۆیە(هاوبەشە) لە نێوان (باران) و(تەرزە) و (بـەفر)دا وەك سـیمای (١،٢). هەنـدێکی تریـان

1- 1s iViktor, v. L. (Semantic word structure and Extra Linguistic Factors), in Soviet Studien Language and Language behaviour, 1975, North- Holland, Amsterdam, p. 126 .

(باران) لە(تەرزە) جیادەکاتەوە (سیمای ٣). سیمای پێنچەمیش ناوکۆیە لەنێوان (باران) و(تەرزە)، بەڵام ئەم دووانە لە (بەفر) جیادەکاتەوە. واتای سەرەکی وشەی (باران) بریتییە لەکۆی هەموو ئەم سیمایانە بەیەکەوە.

جۆری دووەم واتای لاوەکی، ئەو واتایەیە کە وشە یان کەرەستەیەکی تری زمان لە ئەنجامی کۆبوونەوەو هەڵسوکەوت و رەفتاری لەگەڵ هاوڕێی نائاسایدا پەیدای دەکات. بە واتایەکی تر ئەم جۆرە واتایە، تەواو بەندە بە دەوروبەرەوە و وشەکە بەهۆی ئەم لاو لایەوە ئەم واتایە دێنێتە کایەوە. واتای لاوەکی لەوانەیە هەر یەکێك بێت لەسیما جیاکەرەکانی واتای سەرەکی و درابێتە بەر رۆشنایی و پێی لەسەر داگیرابێ. بۆنموونە، وشەی (باران) لەئەنجامی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ چەند کەرەسەیەکدا کە زۆر کەم (هاوڕێیەتی) دەکەن، دەتوانێ واز لە هەموو سیماکانی خۆی بێنێ و یەکێك لە سیما لاوەکیەکان هەڵبژێرێ و بیداتە بەر رۆشنایی وەك لەم رستەیەی خوارەوەدا دەبینین:

**گوللە وەك باران دەبارێ.**

لێرەدا بەهۆی دەوروبەریەوە- لەئەنجامی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ وشەی (گوللە)دا —(باران) دەستی لە سیمای ١-٤ هەڵگرتووەو تەنیا سیمای پێنچەمی داوەتە بەر رۆشنایی، لەکاتێکدا ئەم سیمایە تەنانەت یەکێکیش نییە لەوانەی کە (هەمیشەیی) بێت، بەواتایەکی تر، هەموو بارانێك زۆر تیژو بەهێز نییە، دڵۆپەکانی مەرج نییە خێرا بەدوای یەکتریدا بێن لەبەرئەوەی سیمای پێنجەم، هەروەك لەسەرەوە دەرمانخستووە هاوبەشە لەنێوان (باران) و (تەرزە)دا وشەی (تەرزە)دەتوانێ لەهەمان رستەدا جێگەی (باران) بگرێتەوە:

**گوللە وەك تەرزە دەبارێ.**

بەڵام لەبەرهەمان هۆ وشەیەکی وەك (بەفر) ناتوانێ بەم کارەهەڵسێ لەبەرئەوە رستەیەکی وەك: گوللە وەك بەفر دەبارێ ناپەسەندە.

بەم جۆرە دەبینین لەو رستانەی سەرەوەدا (باران) واتایەکی لاوەکی یان تایبەتی وەرگرتووە، چونکە بەهۆی دەوروبەریەوە (بەهۆی هاوڕێی نائاساییەوە) هەندێ سیمای جیاکەرەوە بنەڕەتییەکانی خۆی سڕیوەتەوەو سیمایەکی لاوەکی هێناوەتە پێشەوەو داویەتە بەر رووناکی. هەروەك چۆن لەشانۆگەرێتیدا هەموو رۆشنایەکە هەندێ جار دەخرێتە سەر خاڵێکی بچووك و هەموو ئەم لاولای خاڵەك لەتاریکیدا دەهێڵرێتەوە، لێرەشدا بەهۆی دەوروبەری وشەکەوە دەتوانین یەکێك لە سیما ناسەرەکیەکانی وشەی باران، کە توندوتیژی زۆری خێراییە، بەم جۆرە



بۆ ماوەیەکی کورت، هەموو سیماکانی ترمان شاردۆتەوە یان سڕیوەتەوە، هەرچەندە سیماکان ماون ولە بەکارهێنانی تری وشەکەدا دەردەکەونەوە، لەم بەکارهێنانەدا (تەجمید) یان لەکارخراون. ئەم نموونانەی کەلە سەرەوە داومانە دەربارەی گۆڕانی واتاییە لە وشەدا، بەڵام سەرنجێکی ورد ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات کە ئیدیەم دروستبوونیش لەئەنجامی هەمان گۆڕانی واتاییەوە (سیما سڕینەوەو بەر رۆشنایی دان) دەبێ، بۆنموونە واتای سەرەکی وشەی (پەردە) وەك لەم رستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

١- پەردەکە دادەرەو با دیار نەبین.
٢- پەردەکە دڕاوە.
٣- ئەو پەردەیە هەڵ دەرەوە با چاومان لە کۆڵان بێ.

بەواتای ئەو پارچە قوماشەیە کە بەسەر دەرگا، پەنجەرە یان کونێکدا دەدرێ بەمەبەستی داپۆشین یان شاردنەوەو خاوەنی سێ سیمای واتاییە کە لە دیاردە نزیکەکانی خۆی جیادەکاتەوە. سیماکانیش شتێکن لەمانەی خوارەوەدا:-

١- بەسەر (کونێکدا) دەدرێ.
٢- لەپارچە قوماشێك پێك دێ. (لێرەدا قوماش دەبێ گونیە و شتی تریش بگرێتەوە).
٣- بۆ شاردنەوە بەکاردێ.

هەمان وشە کە لەگەڵ وشەی (کوللە)دا کۆدەبێتەوە وشەی لێکدراوی (پەردە کوللە) دروست دەکەن وەك لە رستەی لە پەردە وکوللەدا دەنووین لەترسی مێشوولە. واز لەیەکێك لەسیما جیاکەرەوەکانی خۆی دێنێ- (سیمای یەکەم)و دوانەکەی تر دێنێتە پێشەوەو دەیان داتە بەر رووناکی و بەم جۆرە لەپێناسەی (پەردەو کوللە)دا گرنگی دەدرێ بەوەی کە لە پارچە قوماشێکی تەنك پێك دێت و بۆخۆپاراستنە.

سیمای یەکەم کە پەردە دەبێ (بەسەر کونێکدا بدرێ) لەکارخراوەو گۆڕاوە بۆ بە(دەوری قەرەوێڵەدا دەدرێ). لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕانە شتێکی هێندە سەرەکی و دوور لەیەکتری نین- هەردووکیان هەر شوێن دەگرنەوە (کوللەو پەردە) بەئیدیەم ناژمێررێن چونکە واتاکەی لەواتای کەرتەکانیەوە پێش بینی دەکرێ.

دیسانەوە هەمان وشە، وشەی (پەردە) کە لەگەڵ کاری (پیادە)دا کۆدەبێتەوەو بەتایبەتی کەکارەکە شێوەی (فەرمان) وەردەگرێ لە ئیدیەمی: هەر پەردەیەکی پیا(د)ە (پێدادە)

ئەوا نەك تەنیا وازی لەسیمای یەکەمی هێناوە (لێرەدا دەرگاو پەنچەرە زیاتر سەرمان لێ تێك دەدا و نایەلێ بۆواتای ئیدیەمەکە بچین) بەڵکو سیمای دووەمیشی (پارچە قوماش) دەست

پێوەناوەو دووری خستۆتەوە. لەم ئیدیەمانەدا تەنیا سیمای سێیەم (شاردنەوە) هاتۆتە پێشەوەو دراوەتە بەر رۆشنایی (بێگومان سیماکانی تریش هەر ماون هەرچەندە چوونەتە تاریکیەوەو بوون بە ژێر لێوەوە کەم دەردەکەون. لێرەوە (کون) بووە بە (کەم کورتیەك) یان (عەیبێك) کە پێویستی بە (شاردنەوە) هەیەو پەردەکەش، ئەو شتەی کە عەیبەکەی پێ دادەپۆشرێ مەرج نیە قوماش بێ بەڵکو هەموو شتێ دەگرێتەوە...) لەبەرئەمەشە کە بۆ روونکردنەوەی واتاکە پێویستمان بە وشەی وا دەبێ کە بەواتای (شاردنەوە) بێت لەشێوەی فەرماندا وەك:

١- هەر بیشارەوە.
٢- هەر باسی مەکە (ئەوەندە ناپەسەندە).
٣- هەر لای کەس ئەم قسەیە مەکە.
٤- هەر مەهێڵە کەس بزانێ.

وەك بەم رستە هاوتایانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، (پەردە) وازی لەدوو سیمای بنەڕەتی خۆی هێناوە لە ئیدیەمەکەدا لەبەرئەوە لێکدانەوەی وشەی وەك (قوماش) و (کونی) هەر تێناکەوێ. بەڵکو لەجیاتی (پەردە) دەتوانین بۆلێکدانەوەو روونکردنەوەی واتای ئیدیەمەکە وشەیەکی وەك (قوڕ) بەکاربهێنین کە تەنیا لە واتادا لەوەدا لەگەڵ (پەردە)دا یەك دەگرنەوە کەهەردووکیان بۆ مەبەستی (شاردنەوە) و (داپۆشین) لێرەدا بەکاردێن، (هەرچەندە داپۆشین مەبەستێکی سەرەکی ((قوڕ)) بەکارهێنان نییە، بەواتای ئەوەی ((قوڕ)) وەك ((پەردە)) هەر بۆ ((شاردنەوە)) بەکارنایەت). ئەم رستەیەی خوارەوە ئەم راستییە دەسەلمێنێ.

**هەر پەردەیەکی پێادا دە = هەر قوڕێکی پیادا دە.**

لەبەرئەوەی گۆڕانی واتایی لەخۆیەوە بێ رێوشوێن روونادات (ئەگەر وابوایە کەس لە واتای نوێی وشە نەدەگەیشت)، بەڵکو بەپێی یاسایەکی مەنتیقی و دەروونی دەڕوات بەرێوە، دەتوانین جۆرەکانی واتا گۆڕین دیاری بکەین و بزانین کام لەم گۆڕانانە بەسەر فرێزێکدا هاتووەو گۆڕیوێتی بۆ ئیدیەم[1]. واتا گۆڕین چەند جۆرێکی هەیە، کە گرنگترینیان (ئەوانەی لەدروست بوونی ئیدیەمی کوردیدا دەوری باڵایان هەیە) ئەمانەی خوارەوەن.

1- Leech, G. N. (1968) A Linguistic Guide to English poetry, Longman, London pp.147-178 .



**١- واتا خواستن.**

واتا خواستن بەندە بە لێکچوونی دوو شت یان زیاتر لە رووی ئەرك، دیمەن، رەفتار یان شوێن و کاتەوە. ئاسایی دوو جۆرە خواستن لەیەکتری جیادەکرێتەوە

**١-خوازە:**

لێرەدا دووشت(یان زیاتر) بەیەکتری ئەچوێندرێن و ناوی یەکێکیان دەنرێ لەویتر (یان لەوانیتر). خوازە لە هەڵکەوتدا زۆر لە لێکچواندنێ دەچێ، کە ئامرازی لێکچواندنەکەی نەمابێت (لێکچواندنی شاراوە)[١] لێکچواندن لەخوازەدا لەوانەیە لەرووی ئەرکەوە بێت،(وەك(سەرکار) وەك چۆن(سەر) لەشی ئادەمیزاد(دەبات بەرێوە) هەروەها سەر کاریش ئەرکی(سەر) دەبینێ یان کار دەبات بەرێوە) یان لەرووی دیمەنەوە(وەك سیەمارە-سیە وەك مار)،یان لەرووی شوێنەوە(وەك:سەقاپ، قاچی مێز)، زۆرجاریش لێکچواندنی نێوان دووشت پەیوەندی بەکاتەوە هەیە (وەك کورتە چیرۆك،چیرۆکی درێژ یان وتارێکی کورت). بڵاوترین جۆر لەخوازە لەزمانی کوردیدا، ئەوانەن کە پەیوەندیان بە ئەندامی لەشی ئادەمیزادەوە هەیە(وەك: دەمی کانی، رووبار، چاوی مێز) دەستی(دەستکی) کورسی، زمان و مل و لەشی پاندان. . . . هتد) واتای خوازەی زمانی بەئاسانی لەدەوروبەرەوە هەڵدێ و جۆری لێکچواندنەکە بەئاسانی جیادەکرێتەوە بێئەوەی پێویستمان بەبیرێکی قووڵ و لێکدانەوەیەکی زۆر بێ وەك ئەوەی لە خوازەی ئەدەبیدا پێویست دەبێ[٢]. نموونەمان زۆرە لەسەر ئەو ئیدیەمانەی کەبەهۆی خوازەوە لەکوردیدا دروست بوون. وا لەخوارەوە هەندێ نموونە دەخەینەڕوو تەنیا بەمەبەستی روونکردنەوەی رێبازەکە نەك بە نیازی تۆمارکردنی هەموو ئەو ئیدیەمانەی بەم رێگەیە دێنە زمانەکەوە چونکە ئەمانە لەژمارەدا بێ سنوورن و هەر روو لەزۆر بوونیشن.

هەزار قوڕو چڵپاو بە قنگیا هەڵپڕژاوە=(قاڵ بووە)، وشکەپیاو، وەك تڕی بن گۆم رۆیشت، وەك ئاو بخواتەوە،(بەئاسانی)،

ناوی بەقوڕدا(بەکۆڵەکەی، قوڕگی ئاشدا) بچێتە خوارێ، نانی کەوتە رۆنەوە، مێشی میوان نییە=(بێ باکە، گوێ ناداتە هیچ) ریشی ماش و برنجە(ڕەشو سپی تێکەڵە)، مەچۆرە

١- هەمان سەرچاوە,

2- Leech. G. N. (Linguistics and the Figures of speech)in Essays on style and Language, (ed)Fowler R. (1975)Routledge and Kegan, pp. 135-156.

ژێر داری شکستەوە، مارانگازە، لێی کەوتە تەقە=لێی کەوتە پلار هاویشتن، لەنێو دوو ئاگردایە، مل لەچەقۆ ئەسوێت، لەگوێ گادا نووستووە، ئاوی کردە ژێر، لەبنی کولەکەی دا=هەموو نهێنییەکانی درکاند. ماستاو دەکات= دەیەوێ خۆی بەرێتە پێش، لەیەك پڕن، نانی شوانی خواردووە. لێکچوواندنەکە لەهەندێ لەمانەدا لەڕووی دیمەنەوەیە (وەك ریش ماش و برنج، لەهەندێکی تریاندا لەڕووی ئەرکەوەیە (ماستاو دەکات=چۆن ماستاو رێبوارێکی تینوو رازی دەکات، رەفتاری تۆش  هەمان ئەرك دەبینێ بۆ رازیکردن) لەبەشێکیانیشدا لێکچوونەکە پەیوەندی بە رەفتارەوە هەیە (وەك مێشی میوان نییە= وەك چۆن گوێ ناداتە مێشێ بەلایدا بڕوا، کێشەکانی ژیانیشی هەروا بەئاسانی گرتووە). دیسان لە هەندێکی تریاندا لێکچوونەکە لەڕووی شوێنەوەیە(وەك،لەگوێی گادا نووستووە=گوێی گا وەك ئەو دنیایەی تۆ داخراوەو هەواڵی بۆناچێ، هەروا: لە بنی کولەکەی دا =کولەکە= شوێنی هەموو نهێنیەکانە کە شکا هەموو نهێنییەکان دێنە دەرەوەو دەکەونە روو)

لەبەشێکی زۆریشدا واتا گواستنەوەکە لەوەدایە کە وشە سەرەکیەکە واتاکەی فراوانتر بووە، بەواتای ئەوەی شت زیاتر دەگرێتەوەو زۆرتر دیاردە دادەپۆشێ[1]. ئەم واتا فراوانیەش بێگومان لەئەنجامی ئەوەدا دێتە کە وشە لەگەڵ هاوڕێی تردا خۆی دەبینێتەوەو دەوروبەری (نائاسایی) بۆخۆی دروست کردووە. بێگومان زۆربەی کات وشەکە بە هەردوو واتاکە، واتا فراوان و واتا تەسکەکەیەوە، لەزمانەکەدا دەمێنێتەوە، هەرچەندە هەندێجار لەدوای بڵاوبوونەوەی وشەکە بەواتا فراوانەکەی، واتا تەسکەکەی لەناو دەچێ‌و نامێنێ. شایانی تێبینییە کە ئەم واتا فراوانە زۆربەی کات وشەکە لە بەشێکی ناوەوە(ناوی بەرجەستە) دەباتە بەشێکی تر (ناوی نابەرجەستە). وا لەخوارەوە هەندێ ئیدیەمی کوردی دەخەینەڕوو، کە واتاکانیان لەوەوە دروستبوون کە وشە سەرەکیەکە (نان) واتایەکی فراوانتری بۆخۆی پەیداکردووە:

١- نان و دۆی بڕی (دەرپەڕاند).

٢- نانی بڕی (= لەکارەکەی دەریانکرد).

٣- نان و نمەك دەتگرێت (= چاکەی دەتگرێت).

٤- نان و نمەکیان بەیەکەوە خواردووە (= هەقیان بەسەریەکەوە هەیە).

٥- نانی بەئاو نابێت (=نابێت بەهیچ).

1- Pyles\ Algeo pp. 225



٦- نانی کەوتۆتە رۆنەوە (= کەوتۆتە خۆشیەوە).

٧- نانی نانییە (=چاکە بۆ چاکە دەکات).

٨- نانی وا لەدۆڵی ئەوەدا (= بەهۆی ئەوەوە دەژی).

٩- نانی پێپەیدا ناکرێ (= خۆی پێ بەخێوناکرێ).

١٠- نانێکی بەو رۆنەوە خواردووە (جارێك خێری لەشتێ بینیوەو بەتەمای کەڵکی تریشە لێی دەست کەوێ).

لە هەموو ئەو ئیدیەمانەی سەرەوەدا وشەی (نان) واتاکەی فراوان کردووە بەوتای (هەر شتێك کە مرۆڤ پێی دەژی، {بژوێن}دێت). لەهەمان کاتیشدا وشەکە واتا تەسکەکەی خۆی پاراستووە و(وەك چوو نان بکڕێ، نانێکی بیست فلسی بێنە، نان وچا دەخۆی) هەردوکیان شان بەشانی یەکتری لەزمانەکەدا ماونەتەوەو بەکاردێن.

**ب- درکە[1].**

لەم جۆرە خواستنەدا ئەو دوو شتەی ناو دەگۆڕنەوە زۆر نزیکن لەیەکتری، بە واتایەکی تر، لێرەدا ناو گۆڕینەوەکە لەنێوان دوو شتدا دەبێ کە لەواقیعدا پەیوەندیان زۆرە لەگەڵ یەکتردا. لەوانەیە پەیوەندییەکە پەیوەندی شوێن بێت یان

کات، ئەرك بێت یان هۆ یان لەوانەشە یەکێك لەشتەکان نیشانەی ئەویتریان بێت. بێگومان، ئەم جۆرە واتا خواستنە، وەك خوازە، تەنیا هەر لەئیدیەم دا دەورێکی باڵای نیە، بەڵکو لەبواری تریشدا زۆرر بەکاردێ وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

١- شارەکە خرۆشا (لێرەدا مەبەست لەخەڵکی شارەکەیە).

٢- گەڕەکەکە لێمان کۆبۆوە.

٣- وەستاین تا ماڵەکە هاتنە دەرێ.

٤- ئەو قۆرییە/ کترییە برێژە. (چایەکەی یان ئاوەکەی ناوی. ). کاری ئەم جۆرە واتا خواستنە لە ئیدیەمدا زۆر بڵاوە.

وا لە خوارەوە چەند نموونەیەك دەدەین و دووشتە پێوەندیدارەکەش دیاریدەکەین.

١- ورگی سەر ناوە= قەڵەو بووە (پێوەندییەکە لەنێوان ورگ و خواردندایە، ورگ سەرنان لەئەنجامی زۆر خۆرییەوەیەو دەبێتە هۆی (قەڵەوی))

١- بڕوانە Leech 1968, p. 152

٢- لێوی لێ نەداوە= نەی خواردووە، تامی نەکردووە. (پێوەندییەکە لەنێوان لێوو کۆئەندامانی خواردندایە لەبەر ئەوە(دەم) دەتوانێ جێگەی بگرێتەوە.)

٣- لێوی لە لێوی نەداوە=قسەی لەگەڵ نەکردووە.

٤- لێوی هەڵ نەپچڕی=قسەی نەکرد. ((لەهەردووکیاندا (لێو) پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی ئاخافتن دا هەیە لەبەرئەوە (زمان) دەتوانێ بێتە جێگەی بەهەمان واتا).

٥- دووکەڵ لەماڵی هەڵناسێ= هەژارە. (دوو کەڵ لێرەدا نیشانەیە بۆ (چێشتلێنان)، دوو کەڵ (جاران) لەهەر ماڵێکەوە هەڵسابێت، ئەوا نیشانەی ئەوە بووە کە ماڵەکە شتێ ئامادە دەکەن بۆ خواردن).

دەبێت لێرەدا پەنجە بۆ ئەو راستیە رابکێشێن، کە واتا خواستن بە هەموو جۆرەکانیەوە دیاردەیەکی زۆر بڵاوە نەك هەر لە زماندا بەڵکو لە ئەدەبیشدا هەرچەندە دیاردەکە لەزمان و ئەدەبدا لەیەکتری جیاوازن[1]. لەواتا خواستنی ئەدەبیدا نووسەرو خوێنەر هەردووکیان کەم و زۆر بەئاگان لەخواستنەکە. جگە لەمەش واتا خواستن لەئەدەبدا بەری بیرکردنەوەو خەیاڵی رەسەنی تاکە شاعیرێك یان نووسەرێکە. هەرچی واتا خواستنی زمانییە، قسەکەرو گوێگر یان نووسەرو خوێنەر مەرج نییە هەست بە بوونی بکەن. لەسەرێکی تریشەوە، دیاردەکە لەزماندا مۆری کۆمەڵی پێوەیە و مانەوە و لەناوچوونی بەندە بەبڕیاری کۆمەڵەوە. جگە لە واتا خواستن، واتا گۆڕین شێوەی تریش وەردەگرێ. هەرچەندە ئەمانە دەوریان لە ئیدیەم دروستکردندا کەمترە لەڕێگەی پێشوو، بەڵام ئەوەندە گرنگن کە نەتوانین بە ئاسانی بیانخەینە پشت گوێ. وا لەخوارەوە زۆر بەکورتی لەم رێگەیانەش دەدوێین.

**١- خوێ پێوەکردن (موبالەغە)[2].**

هەندێ جار واتای ئیدیەمەکە بەگشتی بریتییە لەو خوێیەی کەپێی خۆش کراوە. بەواتایەکی تر، هەر ئەوەندە کە زانیمان ئیدیەمەکە خوێی پێوەکراوە ئیتر بەشی زۆری واتا شاراوەکەمان دۆزیوەتەوەو دەتوانین پێشبینی واتا گشتییەکەی بکەین. بۆ نموونە، لە ئیدیەمی (موو بەبەینیانا ناچێ)، هەر کە زانیمان لێرەدا (موو) بۆ موبالەغە بەکارهاتووە، ئیتر دەزانین کە ئیدیەمەکە بەواتای (زۆر نزیکن) یان(زۆر رێکن لەگەڵ یەکتریدا) دێ. نموونەی تر، دەربارەی ئەم دیاردەیە

1- Leech, 1975 p. 140

2- Leech, 1968, pp. 162-170



لە کوردیدا زۆرە وەك(هەژدە هەژدە قسە دەکات=(زۆر. . . .)، هەزار ئاڵم و ساتم دەکات، هەزار تەڵەی بەکلك تەقاندووە= (زۆر فێڵبازە)، هەزار پەلی بەپشتی براکەی دا داوە، هەر دەرە لنگێی لە ماڵی پاوە، لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکۆییە، لەهەولێر کۆنترە (=زۆر کۆنە.....)، لەسەگ سواڵ دەکات (=زۆر هەژارە)، لە هەزار ئاوی داوە (=زۆر وریایە)، هەزار فاکت بە فیکێکی (=زۆر فێڵبازە)، یەك باڵە=(بێ یاریدەدەرە)، یەك قسەیە(=لەقسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە)، هەر دانێکی بەسەد ساڵ دەرهاتووە (=زۆر پێسکەیە)، هەر پەلێکی بەدەست ئیزرائیلێکەوە بێت=(چەندیش پشتی هەبێ)، لەهەزار ئاشی کرد (=زۆر هەولێدا). . . . . . . یەکێك لە تایبەتیەکانی ئەم جۆرە ئیدیەمانە ئەوەیە، کە لە لێکدانەوەیاندا پێویستمان بەوشەیەکی وەك (زۆر) یان (چەند) یان (هێندە) دەبێ.

**٢- تەوس[1]:**

هەندێ جار بۆ لێکدانەوەی ئیدیەمێك پێویستمان بەوە دەبێت، کە بزانین بەتەوسەوە گوتراوە، بەواتایەکی تر، واتای ئیدیەمەکە کتومت پێچەوانەی واتای وشەکانە. بۆ نموونە، کە دەڵێین (پاشەڵ جوانە)؟ واتای ئیدیەمەکەمان بۆ لێك نادرێتەوە تا لەو راستیە نەگەین کە لێرەدا(جوان) بەتەوسەوە بۆ گاڵتەپێکردن بەکارهاتووەو کتومت پێچەوانەی (جوان)ەو زیاتر بەواتای (پیس) یان (بۆگەن) دێ هەمان گۆڕانی واتایی لە ئیدیەمی (دەست بخەرە دەمیەوە بزانە دەیگەزێت) و (دەستی بە ماڵی خۆیەوە نا) و (دەستی خێری نایە سەر) وەدەیان ئیدیەمی تردا بەدی دەکرێ.

**٣-پۆشین[2]:**

دروستبوونی هەندێ ئیدیەم لەبنەڕەتدا چەند دیاردەیەکە، کە لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی یان دینی دەمانەوێ بە زەقی و راستەوخۆ لێیان نەدوێین بەلایاندا نەچین. ئەم دیاردانە بەزۆری پەیوەندییان لەگەڵ جنس و نەخۆشیدا هەیە نموونە لەسەر ئەو جۆرە ئیدیەمانەی، کە بۆ پۆشین هاتوونەتە کایەوە زۆرە وا لەخوارەوە هەندێکیان دەخەینە روو:-

١-دەستیان لێوەشاندووە (=لەبریتی ((شێت بووە))). ٢-دەستیان تێکەڵکردووە. ٣-دەست بەئاو دەگەیەنێ. ٤-چاو لەدەرە. ٥-چووە سەرجێگای ٦-لەدەرکەیەتی. ٧-بازاڕی گەرمە. (بۆکچ) ٨-دڵیان بەیەکترەوەیە. ٩-دڵتەڕە. ١٠- دووگیانە (بۆ ژن = سکی پڕە).

١- هەمان سەرچاوە.

٢- بڕوانە Pylesl\Algeo p. 201

شایانی تێبینییە کە هەر ئیدیەمێ وەردەگرین دەبینین، کە بەزیاتر لەیەکێك لەم گۆڕانە واتاییانەی سەرەوەدا تێپەڕ بووە. بەوتایەکی تر هەمیشە دووان ین زیاتر لەم گۆڕانە واتاییانەی سەرەوە تێپەڕ بووە. بەواتایەکی تر هەمیشە دووان یان زیاتر لەم گۆڕانە واتاییانە لە ئیدیەمێکدا هەن و هەست بەبوونیان دەکرێ. بۆنموونە، کە دەڵێین((حەوت ئاشی داوەو مشتێ ئاردی نییە))، ئەوا ژمارەکە، ((حەوت)) بۆمان دەردەخات کە قیەکە خوێی پێوەکراوە، لەهەمان کاتیشدا (مشتێ ئارد) خوازەیە، بەواتای ((بژوێن)) دێ (هەر شتێ مرۆڤ پێی بژی).

دیسانەوە دەتوانین وشەی (ئارد) وەك ((درکە))ش سەیر بکەین، چونکە لەجیاتی ((نان)) بەکارهاتووە کە یەکێکە لەوە کەرەسە گرنگانەی کە لە ئارد دروست دەکرێ. هەروەها دەبینین کە بەواتای ئەو ((ئاردە)) نەهاتووە کە دەکرێتە کیسە و فەردەوەو لەبازاڕ دەفرۆشرێ، بەڵکو بەواتای بژوێن هاتووە. بەم جۆرە دەبینین لەئیدیەمێکی وادا نزیکەی هەموو جۆرە واتا گۆڕینەکان (خوازە و درکە و موبالەغە). . هەموو بەیەکەوە دەورێکی بالآیان گێڕاوە لەدەرهێنان و دروستکردنیدا.

## ٧- کورتەی لێکولێنەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی ئیدیەم ئەو ڕۆنانە دەگرێتەوە کە لە دوو وشە یان زیاتر پێك هاتبێت و لێکدانەوەیەکی سیماتیکی هەمیشەیی هەبێت و واتای گشتی لە واتای کەرتەکانیەوە دیاری نەکرێ. ئیدیەم دانەیەکی سیماتیکییە (دیارکردنی سنووی بەندە بەواتاوە)، بەڵام لە فرێز و رستە و وشە لێکدراو خۆی دەنوێنێ. لەبەر ئەمە، بەگرنگمانزانی لەسەرێکەوە ئیدیەم لەمانە جیابکەینەوەو لەسەرێکی تریشەوە، لەپۆلێنکردنی ئیدیەمدا فۆڕم و واتا بکەینە بنەما. یەکێك لەمەبەستە هەرە سەرەکیەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو مەبەستەی کە لەچەندین شوێنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دووپات کراوەتەوە، ئەو راستییە کە ئیدیەمی ئیمڕۆی زمانی کوردی (تەنانەت هەموو زمانێکی تریش) لەبنەڕەتدا نموونە بەکارهێنانی خوازەی زمانی بوون و بە تێپەڕبوونی کات یەکێك لەم واتا خوازراوانە جێگیر بووەو خۆی سەپاندووە و رەق هەڵگەڕاوە[1] کورد زمانێکی ئیمڕۆ لەوانەیە تەواو بێئاگا بێت لە واتای بنەڕەتی ئیدیەمێك، لەوانەشە بەئاگا بێت. بەئاگایی و بێئاگاییەکەی پەیوەندی تەواوی بە

1- Arnold p. 152.



کۆنی و نوێی ئیدیەمەکەوە هەیە. ئەو ئیدیەمانەی کاتیان زۆر بەسەردا تێپەڕیووە، واتا پیتیەکەیان (واتا بنەڕەتیەکەیان) لەناوچووە.، بەپێچەوانەشەوە، ئەو ئیدیەمانەی کە تاڕادەیەك نوێن، هەردوو واتاکەیان زیندووەو شان بەشانی یەکتری بەکاردێن، هەرچەندە واتا خوازراوەکە (ئیدیەمەکە) بڵاوترە.

بەڕای لێکۆڵەر ئەو یاسا واتاگۆڕینەی کە فرێزێك یان وشەیەکی لێکدراو دەگەیەننە پلەی ئیدیەم هەر ئەو یاسا گشتیانەن کە لەواتاگۆڕیندا دەورێکی باڵا دەبینن، وەك خوازە و درکە و پۆشین و موبالەغەکردن بەژێرلێوەوە و واتا فراوان کردن. . هتد.

هەرچەندە لێکۆڵەر لێرەدا لەهەڵکەوت و چۆنیەتی نووسینەوەی ئەم یاسایانە نەدواوە، ئاشکرایە کە ئەو رایانەی کە لە دوابەشی لێکۆلینەوەکەدا دەربڕیوون بۆ ئەوە دەست دەدەن کە بکرێنە بنەما بۆ دەرهێنانی (بەو واتایەی کە تەحویلییەکان بەکاری دێنن) ئیدیەم لەفرێزو وشە لێکدراوی ئاساییەوە[1]. بێگومان یەکێك لەتایبەتیەکانی ئەم جۆرە یاسایانەی دەبێ سیما گۆڕبێ و (سیمای واتایی فرێزە بنەڕەتییەکە بگۆڕێ بەوەی سیمای تری بداتێ یان هەندێ لەسیما بنەڕەتیەکەی بسڕێتەوە) یاساکانیش دەبێ بەسەر ڕۆنانی سەرەوەی (فرێزێکدا) جێبەجێ بکرێن.

### پاشکۆی لێکۆڵینەوەکە (١)

کاری پێشتر دەربارەی ئیدیەم لەکوردیدا، پێداچوونەوەو نرخاندنێك ئیدیەم لەو دیاردە زمانیانەیە، کە لەچاو دیاردەکانی تری زمانی کوردیدا کەمێك گوێی پێدراوە و چەند کتێبێك و لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی نوسراوە، بەڵام بەشی زۆری ئەم کارانە لەفەرهەنگ نزیك دەبنەوە و

١- بۆ زیاتر روون کردنەوەی کارو ئەرکی یاسای واتاگۆڕ وا لە خوارەوە بەدرێژی پیشانی دەدەین چۆن ئیدیەمی (پەردەیەکی پیادادە) لە فرێزی ئاسایی (پەردە دادانەوە)وە وەردەگیرێ بەهۆی یاسای واتاگۆڕەوە ئەرکی گۆڕینی هەندێ تایبەتی (پەردە) دەگرێتە ئەستۆ. شایانی باسە کە ئەم یاسایانە دەبێ ئارەزوومەندانە بەکاربێ بەسەر ئەو رۆنانەدا جێبەجێ بکرێ کە دەچێت بۆ بەشی فۆنۆلۆجی. بۆ دەرهێنانی رستەی (ژنەکە پەردەیەکی بە پەنجەرەکەدادا) پێوستمان بەچەند یاسایەکی دەرهێنانە (وەك رستە بریتیە لە فرێزی کاری و فرێزی ناوی، فرێزی ناو پێکهاتووە لەناو لەگەڵ نیشانەی ناسین دا. . . هتد) کە دەتوانین بەهۆی ئەم دایەگرامەی خوارەوە پیشانی بدەین (بۆ بینینی دایەگرامەکە تەماشای کۆتای ئەم باسە بکە، لەلاپەڕەی ٢٠٠)

لەکاری ڕێزمانی دوورن[1]. بە واتایەکی تر، زۆربەی ئەم کارانە بریتین لەگەڕان بەدوای ئیدیەمی کوردیدا و تۆمارکردنیان و لێکدانەوە و شیکردنەوەی وتاکانیان. بێگومان نووسەری ئەم کارانە ئاسایی گرنگی نادەن بە لایەنی تیۆری کێشەی ئیدیەم بەدەگمەن خۆیان بەکێشەی پۆلێن کردنیانەوە خەریك دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆربەی جار ئیدیەمەکان لەم کارانەدا بەپێی تیپی سەرەتای ئیدیەمەکە ریزدەکرێن و باسیان لێوە دەکرێت. بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم جۆرە کارانە ئاسانن یان بێکەڵکن، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەم کارانەدا ئەرکێکی زۆر گەورە دەکەوێتە سەر شانی نووسەرو بەرهەمەکەش کارەکییەو دەبێتە بناغەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی تیۆری.

لە ناو ئەم کارانەدا کە پێشتر دەربارەی ئیدیەم نووسراون، دوو لێکۆڵینەوە جێگەی تایبەتییان هەیە و شایانی توێژینەوەیەکی وردن، چونکە ئەم دووانە بۆ یەکەم جار لەکوردیدا خۆیان لەهەندێ لایەنی تیۆری ئیدیەم دەدەن و هەوڵێ دەدەن زانیاریانە ئیدیەم دابەش بکەن. ئەم دوو لێکۆڵینەوەیەش، یەکەمیان چەند باسێکی د. ئەورەحمانی حاجی مارفە[2] و دووەمیان لێکۆڵینەوەیەکی کورتی م. غازی فاتح وەیسە[3]

د. ئەورەحمانی حاجی مارف لەپێشەکی لێکۆڵینەوەکانیدا فرێزی گیراو (کە لێرەدا ئیدیەمی پێدەڵێین) لەفرێزی نەگیراو (ئاسایی) جیادەکاتەوەو پێناسەیەکی (ئیدیەم) دەکات کە زیاتر بەندە بەواتاوە. بەدوای ئەمانەشدا، د. ئەورەحمانی حاجی مارف پۆلێنێکی واتای ئیدیەم دەخاتە روو کە لەبناغەو زاراوەدا لە پۆلێنەکانی ڤینۆگرادۆڤ و لارین و سمیرنتسکی دەچێ[4]

هەرچەندە لەوردەکاریدا (تفاصیل) لەمانەوە دوورە. لەم بوارەدا د. ئەورەحمان هەندێ راستی بۆ یەکەمجار دەربارەی کوردی دەخاتەڕوو چەند تێبینییەکی ورد دەربارەی دیاردەکە بەگشتی تۆمار دەکات. کورتی کارەکەی د. ئەورەحمان بە بیروڕای ئێمە لەدوو خاڵدا کۆدەبێتەوە:

١- بڕوانە: جەلال ئەمین مەحمود، ئیدیەم لەزمانی کوردیدا، ١٩٨٢، بەغداد، کە کارێکە لەم بابەتەوە زۆربەی نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەی لێوە وەرگیراوە.

22-١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، ١٩٧٥، بەغداد.

٢- (کارێکی گەورە لەباسی ئیدیەم لەزمان وفەرهەنگ نووسی کوردیدا) حوزەیرانی ١٩٨٠، بەیان، ژمارە ٦٣ ل. ١-٦.

٣- غازی فاتح وەیس (فۆرم وناوەڕۆکی ئیدیەم)، ئۆتۆنۆمی، ژمارە ٤، ساڵی حەوتەم، ل ٥٩-٦٤.

4 -Arnold p. 155



١- لەلێکۆڵینەوەکەیدا د. ئەورەحمان گرنگییەکی تەواوی داوە بە (واتا)و کەم و زۆر خۆی بەفۆڕمی ئیدیەمەوە خەریك نەکردووەو هەوڵی ئەوەی نەداوە ئیدیەم لەو وشەی لێکدراو و رستە و لارستە جیابکاتەوە یان بەپێی ئەرکیان دابەشیان بکات. لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەو راستییە دواوین کە ئیدیەم، هەرچەندە دانەیەکی واتاییە دەبێ لە رووی فۆڕم واتاوە لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە ئیدیەم خۆی لەشێوەی وشەی لێکدراو و رستەدا خۆی دەبینێتەوە.

٢- پۆلێنە واتاییەکەی د. ئەورەحمان تاڕادەیەك درشتەو دیاردەکە بەتەواوی رەچاو ناکات و جۆرەکانی ئیدیەم بەتەواوی و بێ گیروگرفت لەیەکتری جیاناکاتەوە.

جگە لەوەی کە پۆلێنەکە پشت بەدوو بنەمای جیاواز دەبەستێ، فریزیۆلۆژی یەکگرتوو بەپێی واتا لەوانەی تر جیادەکاتەوە، گوایە واتاکانیان لەسەر پاکی پارچەکانەوە هاتووە، بەڵام فریزیۆلۆژی تێکئالاّو و تێکچرژاو بەهۆی چالاکی —مردوو زیندوویی- کەرتەکانیانەوە جیادەکاتەوە)[1]. د. ئەورەحمان نەیتوانیوە سەرکەوتوانە جۆری دووەم و سێیەم لە یەکتری جیابکاتەوە بەجۆرێك، کە ئیدیەمی یەکگرتوو تێکەڵ بە ئیدیەمی تێکئالاّو نەبێ و هەریەکەیان سنووری خۆیان بپارێزن. بۆنموونە، ئیدیەمی (خۆڵە تەل دان) بەجۆری تێکئالاّوە دادەنێ، چونکە (لەتەل دان) تەنیا فرێزدا هەیەو لەکوردیدا بەم واتایە جارێکی تر بەکارنەهاتووە. هەروەها ئیدیەمی (ناوی بەگەرووی ئاشاچێ) بە جۆری یەکگرتوو دادەنێ[2] لەبەرئەوەی (واتاکەی) لەسەرپاکی ئەو وشانەوە کە پێکیان هێناوە دەردەکەوێ. ئاشکرایە ئیدیەمەکەی دوایی بەئاسانی دەتوانرێ لەهەمان کاتدا بەجۆری تێکئالاّو دابنرێ، چونکە (گەرووی ئاش) جارێکی تر بەم واتایە کە لێرەدا هەیەتی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. دیسانەوە هەموو ئەم ئیدیەمانە (دەستەئەژنۆ)، (کای کۆن بەباکردن) (کەوڵەکۆن) بەپێی پۆلێنەکەی ئەورەحمان سەر بەهەردوو جۆرەکە دەبن چونکە واتای ئیدیەمەکە لەسەرپاکی واتای کەرتەکانەوە هاتووەو لەهەمان کاتیشدا ئەو کەرتانەی ئیدیەمەکە پێك دێنن وەك دەستە= دەست لە سەر کەوڵ[3] =پیاو، کا= بەواتای (شەڕو ناخۆشی)، هەرگیز جارێکیتر بەم واتایانە بەکارنەهاتووەتەوە. وە نەبێ

١- بڕوانە د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ ل ٦١-٦٦.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٦٤ نموونەکەش لێرەوە وەرگیراوە.

٣- لێکدانەوەیەکی ئەم ئیدیەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە (دەستە ئەژنۆ) لە دەست لەسەر ئەژنۆوە) وەرگیراوە. هەروەها لە (کەوڵەکۆن)دا (کەوڵ) بەواتای (کەس) دێ. دیسانەوە (کا) لە (کای کۆن)دا بە واتای (شەڕ) یان (ئاشووبە) دێت.

پۆلێنەکە هەر لەنموونەکانی ئەورەحمان خۆیدا تووشی گێروگرفتمان بکات، بەڵکو خەمان نەگونجان دێتە ڕێگەمان کە دەمانەوێ پۆلێنەکە بۆ جیاکردنەوەی ئیدیەمی تر بەکاربهێنین. دەتوانین، بۆنموونە زۆر بەئاسانی بیسەلمێنین کە دیسانەوە ئیدیەمێکی وەك (ئاگرێکی نایەوە) (نموونەکەی م. غازی) لەهەمان کاتدا (بەپێی ئەو بنەمایانەی کە د. ئەوڕەحمان داوێتی) سەر بەهەردوو جۆرەکە دەبێ. لەلایەکەوە لەجۆری یەکگرتووە چونکە واتاکەی لەسەر پاکی کەرتەکانیەوە دێ: بەواتایەکی تر کاتێ (ئاگر) بەواتای (ئاشووبە)و (شەڕ) دێ کە لەگەڵ کارێکی وەك (نانەوە) و (خۆشکردن)دا کۆبووبێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئیدیەمەکە لەجۆری تێکئالاوە، چونکە یەکێك لە کەرەسەکان (نایەوە) جارێکی تر لەکوردیدا بەواتای (کردنەوە) و خۆشکردنی (ئاگر)، تەنیا لەچەند مەودایەکی زۆر تەسکداو بەتایبەتی هەر لەگەڵ کاری (نانەوە) و (خۆشکردن) دا بەواتای فیتنەو شەڕو ئاشوب دووبارە دەبێتەوە.

هەرچەندە ئەم دوو کەم وکورتییە لەنرخی کارەکەی د. ئەوڕەحمان کەم دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵنەوەکانی دەربارەی ئیدیەم وردن و کەلێنێکی باشیان گرتووە.

شایانی تێبینییە کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی ئەوەمان داوە لەم دوو کورتییە خۆلادەین، لەبەرئەوە لەبەشی

یەکەم و دووەم و سێیەمدا لەڕووی فۆڕمەوە لە ئیدیەم دەکۆڵینەوە.

بەشەکانی تریشمان بەگشتی بۆئیدیەم لە رووی واتاوە تەرخان کردووە. دیسانەوە بۆئەوەی نەکەوینە هەڵەی دابەشکردنەوە، دوو جۆر پۆلێنکردنمان خستۆتەڕوو بەپێی ڕۆنان بەپێی واتا (بڕوانە بەشی (٥)). لەپۆلێنی واتایشدا هەوڵی ئەوەمان داوە (بەپێچەوانەی پۆلێنەکەی د. ئەوڕەحمانەوە) تەنیا دوو جۆر ئیدیەم لەیەکتر جیابکەینەوە. جا ئەمە هەرچەندە لەوردی کارەکە کەم دەکاتەوە لەسەرێکەوە، بەڵام لەسەرێکی ترەوە تووشی گێروگرفتی ئەوە نابین، کە ئیدیەمێك سەر بەدوو لایەن یان دوو جۆر بێت، چونکە سنووری نێوان دوو جۆرە ئیدیەمەکە روون و ئاشکرا و فراوانە.

لەلێکۆڵینەوەکەیدام. غازی لەهەردوو لایەنەکەی ئیدیەم فۆڕم و واتا دەدوێ هەوڵی ئەوەدەدات بیان بەستێتەوە بەیەکترەوە.

لێکۆڵینەوەکە بەگشتی نەك هەر وردو قووڵ و رەسەنە بەڵکو بیر جوولێنیشە. بەواتای ئەوەی دەیان پرسیار دێنێتە کایەوە و هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات. لەزۆر رووەوە لەگەڵ



بیروڕاکانی م. غازی ڕێك دەکەوین، وا لەخوارەوە تەنیا ئەو خاڵانە دەخەینە روو کە بەلامانەوە دروست نین:

١- م. غازی لەڕووی فۆڕمەوە ئیدیەم دەکات بەدوو بەشەوە: ئەوانەی فۆڕم دەگۆڕن و (وەك لەسەر بانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە) ئەوانەی لەڕووی فۆڕمەوە نەگۆڕن (لەگوێی گادا نووستوە!) بەلای ئێمەوە ئەم دابەشکردنە دروست نییە، چونکە هەموو ئیدیەمێ زۆرو کەم فۆڕم دەگۆڕێ و یەکێك لەتایبەتییەکانی ئیدیەم ئەوەیە کە فۆڕمەکانیان بەگشتی خەست بۆتەوەو رەق هەڵهاتووەو توانای گۆڕانیان کەمە (بڕوانە بەشی سێ، خاڵی دووەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ زانیاری زیاتر) جا تەنانەت ئەو ئیدیەمانەی کە م. غازی بەفۆڕم گۆڕیان دادەنێ زۆر یاسای گۆڕانکاری رەت دەکەنەوەو لەم رووەوە زۆر فرێزی ئاسایی (نەگیراو) (جیاوازن بۆ سەلماندنی ئەم راستیە، وا لەخوارەوە ئەو نموونەیە شیدەکەینەوە کە م. غازی لەسەر ئیدیەمی فۆڕم گۆڕ داوێتی و یاسایانە دیاری دەکەین کە رەتیان دەکاتەوە[1]. هەرچەندە نموونەکە (وەك لەسەر بانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە) ڕێگەی ئەوە دەدات (وەك م. غازی دەری خستووە*) کە بەرکارەکەی بگۆڕێ، لەهەمان کاتیشدا، چەندین یاسای گۆڕانکاری رەت دەکاتەوە:

١- کاری ئیدیەمەکە نەفی ناکرێ(*): وەك لەسەر بانێکەوە فڕێم نەدەنە خوار ێ.

٢- ئیدیەمەکە هەموو ناکرێ بەپرسیار(*) ئایە وەك لەسەر بانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە وایە؟

٣- پرسیار لە بەشێکی ناکرێ بێ ئەوەی واتاکەی بشێوێ: وەك لەکوێوە فڕێم بدەنە خوارەوە؟

٤- ڕێگای ئەوە نادات شوێنەکە (بناسرێ)(*)، وەك لەسەر بانەکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە.

٥- ڕێگا نادات شوێنەکە لەشێوەی کۆدا بێ(*): وەك لەسەر بانانەوە فڕێم بدەنە خوارەوە(*). وەك لەسەربانەکانەوە فڕێم بدەنە خوارەوە.

٦- ڕێگەی ئەوە نادات (شوێنەکە) سەربانەکە پاش کەوێ(*): وەك فڕێم بدەنە خوارەوە لەسەر بانێکەوە.

٧- نابێت بەتەواوکەر بۆ کاری تر (ناوەخن ناکرێ لەگەڵ رستەی تردا) لێم پرسی وەك لەسەربانەوە فڕێ درابێتە خوارەوە(*). ئەزانم وەك لەسەربانێکەوە فڕێ درابمە خوارەوە.

---

١- غازی فاتح وەیس ل ٦٠.

٨-ئیدیەمەکە ناچێتە شێوەی فرمانەوە(*): وەك لەسەربانێکەوە فڕێم مەدەرە خوارەوە(*). فڕێی مەدەرە خوارەوە وەك لەسەر بانێکەوە.

٩- کاتێ کارەکە نابێ دیاری کرێ(*): ئەمڕۆ (دوێنێ) وەك لەسەر بانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە.

١٠- تافی کارەکە بەمەرجێ دەگۆڕێ (بیری ئیلزامی) تێدا بمێنێ، لەبەر ئەمە کارەکە ناگۆڕێ بۆ رابووردوو (ڕابووردووی سادەو بەردەوام و تەواو) و رانەبووردووی سادە(*): وەك لەسەربانێکەوە فڕێیان دابوومە خوارەوە. ئەو تێبینیانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دروست نییە بەم ئیدیەمە بڵێین (فۆڕم گۆڕ) هەر لەبەر ئەوەی کە دەتوانین بەرکارەکەی بگۆڕین و هەندێ وشەی هاوواتا بخەینە جێگەی کەرتەکانی. هەروەها دروستیش نییە بە ئیدیەمێکی وەك(لەگوێی گادا نووستووە)[1] (نموونەکەی م. غازی لەسەر ئیدیەمی فۆڕم نەگۆڕ) بڵێین فۆڕم نەگۆڕ، چونکە تەنانەت ئەم ئیدیەمەش وەك هەموو ئیدیەمێکی تر ڕێگا بەچەند یاسایەکی گۆڕانکاری دەدات کە بەسەریدا جێبەجێ بکرێ، هەر وەك چۆن ڕێگەش لەهەندێکی تر لەم یاسایانە دەگرێ. بۆ نموونە، ئەم ئیدیەمە ڕێگەی ئەم یاسایانەی داوە:

١- دەکرێ بە تەواوکەر بۆ فرمانی تر (دەچێتە ناو رستەی ترەوە). وا مزانی لەگوێی گادا نووستووە. وا دەزانێ لەگوێی گادا نووستووم.

٢- ڕێگەی ئەوە دەدات بکرێت بە نەفی: خۆ من لەگوێی گادا نەنووستووم! هەروەها کە دەچێتە رستەی تریشەوە هەر دەکرێ بە نەفی: چاك دەزانی من لە گوێی گادا نەنووستووم و نانووم.

٣- کارەکە دەخرێتە هەندێ تافی ترەوە: خۆت دەزانی من لەگوێی گادا نانووم.

٤- کاتی ڕووداوەکە دەتوانرێ بەهۆی ئاوەڵکارەوە دیاری بکرێ: ئەو کاتەی تۆ باسی دەکەیت من لەگوێی گادا نووستووم. جارێکی تر من نابینی لەگوێی گادا بنووم. ئەو ساڵە هەموو لەگوێی گادا نووستبووین.

٥- وەك جۆری فۆڕم گۆڕ(بەپێی رای م. غازی) ڕێگە دەدات راناوەکە و کارەکەی بگۆڕێ بە راناوو وشەی هاوواتای تر:

لەگوێی گادا نووستبووم/ نووستبووین، نووستبوون. . . . . .

لەگوێی گادا خەوتووم، خەوتوون.

---

١- هەمان سەرچاوە ل ٦١.



کەواتە، تاکە جیاوازی نێوان ئەم دوو ئیدیەمە لەوەدا نییە کە یەکێکیان فۆڕم گۆڕو ئەویتریا فۆڕم نەگۆڕە، بەڵکو لەوەدایە کە هەریەکەیان ڕێگە بە جۆرێك یاسای گۆڕانکاری دەدات و ڕێگە لە جۆرێکی تر دەگرێت. لەبەر ئەمە پێوانەیەکی راست و دروستمان دەست ناکەوێ بۆ جیاکردنەوەو ترازاندنیان لە یەکتری بەپێی فۆڕم.

٢-ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە زۆر زمان ئیدیەمی هاوبەشیان هەیە، بەواتای ئەوەی کە هەندێ ئیدیەم بەهەمان فۆڕم و واتا لەدوو زمان یان زیاتردا دەبینرێن. م. غازی بۆ ئەم راستیە چووە، بەڵام ئەو چەند ئیدیەمەی کە بەرامبەر یەکتری لە کوردی و ئینگلیزیدا دایناون زۆربەیان تەنیا لە فۆڕمدا لەیەکتر دەچن و لەواتادا تەواو جیاوازن. بەواتایەکی تر، ئەم نموونانەی م. غازی تەنیا لەڕووخسار یان رواڵەتدا لەیەکتر دەچن، بەڵام لەژێرەوە تەواو جیاوازن وەك بەوردی لەخوارترەوە دەری دەخەین[1]

أ- گوێ دان= Lend me your ears

(گوێ دان) لەکوردیدا بەواتای (گرنگی پێدان) یان (نەخستنە پشت گوێ) دێت. ئیدیەمە ئینگلیزیەکە بە واتای(گوێم لێ راگرە) یان(گوێم لێ بگرە) دێت، دەربڕە ئینگلیزیەکە زۆر ئەدەبییە و لە ئینگلیزی رۆژانەدا بەکارنایەت: بۆ پێچەوانەشەوە(گوێ بگرە) ی کوردی زۆر بڵاوە.

ب- دەست شۆردن= wash one's hands of

ئەم دووانە دیسانەوە لە واتادا وەك یەکتر نین. لەکوردیدا کە دەست لەیەکێك یان لەکارێك (دەشۆین) ئومێدمان پێی نامێنێ وبەتەمای خێر نین لێی بوەشێتەوە بێتەدی، بەپێچەوانەوە، کە لە ئینگلیزیدا دەست لەکەسێك یان کارێك(دەشۆین) پەیوەندیمان بەکەسەوە یان کارەکەوە نامێنێت و لێپرسراو نابین بەرامبەر هەر هەڵە و گۆتاوڕۆیەك کارەکە هەیبێ یان هەر کێشەیەك کەسەکە تووشی بێت-کەواتە ئیدیەمەکە زیاتر لە کوردیدا بەرامبەر (هەقم بەسەرەوە نییە) دەوەستێ.

ج- بەدەستی ئەوە= on one's own hand

دیسانەوە ئەم دووانە بەرامبەر یەکتر ناوەستن لەڕووی واتاوە، ئیدیەمە ئینگلیزییەکە بەواتای(هی خۆی) یان(ئەو دەبێ پێی هەستێ (بەکارێك) دێت و یەکێکە لەو ئیدیەمە یەکگرتووانە کە گرانە وەربگێڕرێنە سەر زمانی تر. (بڕوانە کۆتایی بەشی پێنجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە).

---

١- هەمان سەرچاوە ل ٦١.

٣- دەستی پاکە= have clean hands

ئەم دووانەش کت و مت واتایان لە کوردی و ئینگلیزیدا وەك یەك نییە، چونکە دەست پاکی لە کوردیدا بەواتای سەر راستی و دزی نەکردن دێت. هەرچی ئیدیەمە ئینگلیزییەکەیە بەواتای (بێ گومان) یان(بێ گوناح) دێ و ئەم دوو شتەش لەیەکترەوە دوورن، چونکە کەسێك دەتوانێ بێگوناح یان بێتاوان بێ (پیاو کوژ نەبێ)، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەست پاك نەبێ (بدزێ). کەواتە ئیدیەمە ئینگلیزییەکە پەیوەندی بە (پیاو کوشتن)ەوە هەیە، کوردیەکەش بەرەوشتی کەسێکەوە.

٣-م. غازی لەو باوەڕەدایە کە ئیدیەم لەگەڵ رستەی فرەواتادا نابێ تێکەڵ بکرێ و ئەو رستانەی کە دوو واتا دەبەخشن (ئەبێ لەڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە لێك بدرێنەوە)[1] هەرچەندە لێرەدا تەمومژێك لەبیرەکاندا هەیە و م. غازی راکەی خۆی بەزەقی و بەئاشکرا نەدرکاندووە، وا تێدەگەم م. غازی دەیەوێ بڵێ (سك سووتان) بە واتای "مناڵ مردن" جیاوازەو پەیوەندی بە"سك سووتان" بەواتا پیتیەکەیەوە نییە. بەباوەڕی من ئەم دوو شتە هەر یەکێکن "سك سوتان" بەواتای "مناڵ مردن" یان "جەرگ سووتان" وەك درکەیە لەجیاتی کەسێکی زۆر خۆشەویست (کە بەشێك بێت لە ئافرەتەکە) بەکارهاتووەو "سووتانیش" بەواتای خوازراوی "مردن/لەناوچوون" دێت. زۆربەی ئیدیەم ئەم دوو واتایەی هەیە، هەرچەندە ئیدیەم بەواتا خوازراوەکەی زۆر بڵاوتر بەکاردێ (بڕوانە بەشی ٣-٣و بەشی چوار بۆ لێکدانەوەی ئەم باوەڕە بەدرێژی). بە باوەڕی ئێمە ئیدیەمێکی وەك "کاسەلێس" لە رستەیەکی وەك (ئەو کەسەی کاسە دەلێسێتەوە وەردەگیرێ و ئەم ڕۆنانە ژێرییە دوو ڕۆنانی سەرەوەمان دەداتێ ١- واتای پیتی وشەکانە ٢- واتای خوازراو (کەسێکی سووك) واتای دووەم لە واتای یەکەمەوە بەهۆی چەند یاسایەکی واتاگۆڕەوە دێتە کایەوە. هەرچەندە تائێستا بیرمان لەهەڵکەوت و چۆنیەتی ئەم یاسا واتاگۆڕانە نەکردۆتەوە، بەڵام (بڕوانە بەشی شەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە) دڵنیاین کە دەبێ لەو جۆرانە بێ کە خوازەو درکە و موبالەغە و پۆشینی زمانی (نەك ئەدەبی) ڕەچاو بکات. تەنانەت ئەو ئیدیەمانەش، کە ئێستا تەنیا واتا خوازراوەکەیان ماوەتەوە واتا بنەڕەتییە پیتییەکەیان لەناوچووە (وەك گونکی سەردڵ، دڵتەڕ، رەزاگران، دەست رۆییو. . . هتد) دەبێ بەباوەڕی ئێمە ڕۆنانێکی ژێرەوەی بۆ دابنێین، کە کتومت واتا پیتییەکەیان بێت هەرچەندە ئەمانە لەزمانەکەشدا نەمابن. شایانی تێبینییە کە تیاچوونی واتا بنەڕەتییە پیتییەکە

١- هەمان سەرچاوە ل ٦٢.



پەیوەندی لەگەڵ پلەی ئیدیەمایەتی وجۆری ئیدیەمەکەدا (یەکگرتوو و لێکدراو) هەیە: ئیدیەمی پلەیەك یان یەکگرتوو ئەوانەن کە واتا بنەڕەتیەکان لەناوچووە ئیدیەمی پلەدوو یان لێکدراو ئەوانەن کەهەردوو واتاکانیان ماوە و قسەکەر یان گوێگر ئاگاداری ئەم راستیەن و زۆرجار کەڵکی لێ وەردەگرن نەك بۆ تێگەیاندن بەڵکو بۆ گاڵە و گەپ (بڕوانە بەشی ٣-٣).

٤- م. غازی لەپۆلێنکردنی ئیدیەمەکاندا بەپێی فۆرم (ڕۆنان) کەوتۆتە گێژاوەوە، چونکە نەی توانیوە بەپێی ئەو بنەما بێهێزەی کە دایناوە بۆ خۆی جۆرەکانی ئیدیەم (ناوی و ئاوەڵناوی و فرمانی) بەتەواوی لەیەکتری بترازێنێ و جیایان بکاتەوە. هۆی سەرەکی ئەم گێژاوەش لەوەدایە، کە پێوانەکەی م. غازی تەمومژێکی زۆری پێوە نیشتووەو مەبەستەکەی ئاشکرا نییە. بۆ نموونە کە دەڵێ ((بە ئیدیەمێك ئەتوانرێ بووترێت ئاوەڵناوی ئەگەر ئاوەڵناوێکی تێدا زاڵ بێ یان فرمانی ئەگەرفرمانێکی تێدا زاڵ بێ))[1] دەبوایە "زاڵ" بوونی تەواو روون بکردایەتەوە، چونکە زیاتر لە واتایەکی هەیە و هەموو پۆلێنکردنەکەش بەم بنەمایەوە بەندکراوە. بەلای منەوە بێهێزی بنەماکە وای لە م. غازی کردووە ئیدیەمی:

١٧- لەشی سووکە.

١٨- لەشی گرانە.

بە ئاوەڵناوی دابنێ، لەکاتێکدا کە ئەمانە لەبەرئەوەی ((کاریان)) تێدایە هەر دەبێ کاری بن، چونکە هیچ ئاوەڵناوێك بەتەنیا جێگەیان ناگرێتەوە:

لەشی سووکە *ئازا.

لەشی گرانە *تەمەڵ.

جگە لەمەش، ئەمانە کاتێك دەبنە ئاوەڵناوی کە لەیەکتری نەترازێن:

لەش سووك — کوڕێکی لەش سووکە.

لەش گران — کیژێکی لەش گرانە.

لێرەدا، لەبەرئەوەی (ئاوەڵناون) دەتوانین ئاوەڵناوێ لەجێگەیان دانێین، بەڵام دیسان ئەمانە هەر کاری (کارەکە) ناکەن.

لەش سووك = ئازا.

لەش گران = تەمەڵ

١- هەمان سەرچاوە ل ٦١.

کوڕێکی لەش سووکە = کوڕێکی ئازایە.

کوڕێکی لەش گران بوو = کوڕێکی (تەمەڵ) بوو.

**٢٣**- دڵیان بەیەکەوەیە.

ی بەئیدیەمێکی ناوی داناوە دیسانەوە لەبەر ئەوەی ئیدیەمەکە کاری تێدایە(ە)، هیچ ناوێ بەتەنیا ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە. خۆ ئەگەر م. غازی لەوانەش بێ کە(-م، -ن، -یت،...هتد) بە((کار)) دانەنێ ئەوا هەر دەبوایە تێبینی ئەوەی بکردایە کە ئیدیەمەکە لەبەشی ((گوزارە)) predicete دا دێ لەڕستەدا وبەشی گوزارەش بەلایەنی کەمەوە دەبێ کار-ئاسا بێ وەك بەم تاقیکردنەوانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١- ئەم کوڕو کچە دڵیا بەیەکەوەیە.

٢- ٭ ئەم کوڕو کچە هاوڕێ.

(ئەگەر ئیدیەمەکە ناوی بوایە دەبوو ((هاوڕێ) جێگەی بگرتایەوە.)

٣- ئەم کوڕو کچە بوون.

(کارەکە ((بوون)) دەتوانێ جێگەی ئیدیەمەکە هەمووی بگرێتەوە. کەواتە ئیدیەمەکە"کار- ئاسا" یە)


٤- ئەم کوڕو کچە دەڕۆن.

(دیسانەوە کارێکی تەواویش دەتوانێ ئەرکی ئیدیەمەکە هەمووی ببینێ).

٥- ئەم کوڕو کچە هاوڕێن.

(لێرەدا ناوێك وکارێك جێگەی ئیدیەمەکەیان گرتۆتەوە. لەبەرئەوەی ناوەکە بەتەنیا ناتوانێ ئەم کارە بکات(بڕوانە ڕستەی دووەم لەسەرەوە)، بەڵام کارێك بەتەنیا دەتوانێ(بڕوانە ڕستەی **٣**و٤لەسەروترەوە) کەواتە ئیدیەمەکە کار-ئاسایە نەك ناوی).






دوای بەجێهێنانی یاساکانی بەشی فۆنۆلۆژی ڕۆنانی سەرەوە دەبێت بە(ژنەکە پەردەیەکی پێدادا.) یاسای واتاگۆڕ کاتێ جێبەجێدەکرێت، کە (پەنچەرەکە) ببێتە ناوێکی نابەرچەستە، وەك (کێشەکە، مەسەلەکە...هتد.)

**٭ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی کورد) بەرگی پازدەهەم ساڵی ١٩٨٦ز بڵاوکراوەتەوە.**

# رستەسازی

## ٥- گوتن

ئەو کەرتەیە کە قسەکەر پاش و پێشی بەوەستان دەگرێت. لەوانەیە لەیەك وشە، یان زیاتر پێك هاتبێت. بەشی سێ و چوار لە داڕشتنی ئەو وشانە دەدوێ کە هەر خۆیان بەتەنیا رستەییەکی تەواو پێك دێنن. بەشی پێنجەم دەربارەی ئەو گوتنانەیە، کەلەیەك وشە زیاتر پێك دێن. ئەم گوتنانە لەوانەیە لە دەستەواژەییەك، یان لاڕستەییەك، یان لەیەکدانی چەند لاڕستەییەك بێ، دەستەواژە بریتییە لەڕۆنانێك کە لە سەرەیەك و (دیارخراو) دیارخەرێ، یان چەند دیارخەرێك دروست بووە. دەستەواژە سەرەیەکی گەورەکراوەو هەمان ئەرکی سەرەکەش دەبینێ. بەپێچەوانەشەوە، لاڕستە دوو سەرەی هەیە و(بکەر و کار)خۆی ئەرکی هیچیان نابینێ. بەم جۆرە دەبینین، کە لاڕستە بەهۆی ئەرکەوە لەڕستەدا پێناسە دەکرێن نەك بەهۆی راستی فۆنۆلۆجی یەوە. بەم پێیە(دانەی رستەیی) ئەو دەستەواژە، یان لاڕستەیە دەگرێتەوە کە تاکە وشەیێك دەتوانێ لەڕستەدا جێگەیان بگرێت. (بڕوانە:ڕیزبوونی وشە لەلاڕستەدا،(٣،٢،٥) بەپێی ئەو پێناسەی لێرەدا دەیگەینێ لاڕستە جیانابێتەوە لە(ڕستە) ی رێزماننووسە ئەوروپییە دێرینەکان (کلاسیکیەکان). ئەم پێناسەی ئێمەش لەچارلز فرێزەوە وەرگیراوە، کە دەڵێ: رستە یەك گوتنی سەربەخۆیە، بچووکترین گوتن، یان گوتنێکی گەورەکراو مەبەست لە "سەربەخۆ"یی ئەوەیە کە گوتنەکە نەبووبێت بەکەرتی رۆنانی گەورەتر لەخۆی لەڕووی رێزمانەوە.

### ٥-١ دەستەواژە:

ئەو کۆمەڵە وشەیە کە لەسەرەو (دیارخراو) دیارخەرێ پێکهاتبێت، بەمەرجێك تاکە وشەیێك بتوانێت جێگەی بگرێتەوە لە هەر شوێنێکی رستەدا بن. دەستەواژە دوو جۆرە: دەستەواژەیی ناوی و دەستەواژەیی کاری.



### ٥- ١ -١ دەستەواژەی ناوی:

سەرەی ئەم جۆرە دەستەواژەیە لەوانەیە ناو، یان ئاوەڵناو، راناو، یان ئامراز بێت (ئامرازی پرسیار، ژمارە، نیشانە). سەرە، دیارخراو ئەو وشەیەکە دیارخەرەکان دیاری دەکەن. دیارخەرەکان دەبن بەدوو کۆمەڵەوە:-

١- ئەوانەی دوایی سەردەکەون و بەمۆرفیمی ئیزافەوە بەستراون پێوەی (ئەمانە بەزۆری ناو وئاوەڵناو و راناون)،

٢-ئەوانەی پێش سەرە دەکەون و بەئاشکرا پێوەی نابەسترێن (ئەمانە هەندێکیان ئامرازن پێیان دەوترێ (دیارخەری پێش سەرە).

مۆرفیمی(ی) ئیزافە دوو وشە یان کۆمەڵە وشە دەبەستێت بەیەکترەوە بەمەرجێك بە هەردووکیان ئەرکی یەك وشەیان هەبێت(Endo centric) بەواتایەکی تر، بەمەرجێك یەکێکیان سەرەکی بێت و ئەوی تر، یان ئەوانی تر دیارخەر.

#### ٥-١-١-١ سادەترین دەستەواژەی ناوی:

١- بڵاوترین جۆری دەستەواژە لەکوردیدا ئەو دەستەواژەیە، کە لە دیارخراو دیارخەر پێك هاتبێت و بەمۆرفیمی ئیزافە پێکەوە بەسترابن:-

کەرتی سەرەکی (دیارخراو) + ی ئیزافە + کەرتی ناسەرەکی (دیارخەر)

ئاسایی کەرتی سەرەکی دەبێ ناو، راناو، یان ئاوەڵناو بێت و دیارخەریش دیسانەوە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆیەکێك لەم بەشانەی ئاخافتن. بەم جۆرەی خوارەوە:-

منداڵی بچووك / منداڵ - ی — بچووك

ماڵی پیاوەکە / ماڵ — ی - پیاوەکە

پیاوێکی باش / پیاو — ی — باش

ناوی تۆ / ناو — ی- تۆ

خەریکی نووسین / خەریك — ی — نووسین [١]

٢- جۆری دووەم لەدەستەواژەی ناوی لەبەشێکی سەرەکی پێکهاتووە، کە یەك دیارخەری لەپێشەوە بێت. لێرەدا ئیزافە رۆڵی نییە. بەم جۆرەی خوارەوە:-

---

١- ئەم نموونەیە لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا ناڕوات، لەجۆری ئەوان نییە(دەستەواژیەکی ناوی نییە)(وەرگێڕ)

دیارخەر + دیارخراو (کەرتی سەرەکی)

ئاسایی لەزۆربەی ئەم جۆرە دەستەواژانەدا ناودەبێت بە دیارخراو و ئامرازی پەیوەندی، ئاوەڵکاری پلەو ئامرازی نیشانە رۆڵی دیارخەر ئەبینێ دیارخراو هەمیشە ناوێکی تاکە لەدوای ئامرازی پرسیار و ژمارە و پەیوەند و نیشانەوە و ئەم لاولای بە (ە) کەرتەکانی ئامرازی نیشانەی پچڕاو گیراوە (ئەم. . . . . . . ە)، یان (ئەو. . . . . . . . . . . . ە)

چەند رۆژە؟، دوو منداڵ، لەبەغدا، گەلێ کەس، ئەو شەوە

هەندێ جار دیارخەر ئەبێت بەناو و دیارخراو ئەبێت بەئامراز (بەتایبەتی ژمارە):

سەعات دوو

ئەو دەستەواژە ناوییانەی کە دیارخەرەکەیان ئامرازی پەیوەندییە (وەکو:لە بەغدا) پێیان دەوترێت دەستەواژەی (جەر) یان پەیوەند. ئەم جۆرە دەستەواژەیە بەوەدا لە دەستەواژەی ناوی جیادەکرێتەوە کە ئەرکی ناو نابینێ (نابێتە بکەر یان بەرکار) بەڵکو ئەرکی دیارخەر دەبینێ لە دەستەواژەی کاریدا.

## ٥-١-١-٢ دەستەواژەی ناوی گەورەکراو:

ئەم دوو جۆرە دەستەواژە سادەیە توانای گەورە بوونیان هەیە بەوەی هەردووکیان لەیەکتر دەدرێن یان دەستەواژەیێك، یان لاڕستەیێکی تریان پێوە دەبەسترێ، کە ئەرکی دیارخراو دەبینێ:

١- گەورەکردن بە لەیەك دانی هەردوو جۆرەکە (٥-١١١) دەستەواژەکە لەوانەیە بەجۆرێك گەورەبکرێت کە ئامراز، دیارخراوو(سەرە) ئیزافە و دیارخەری تێدابێت بەم جۆرە:

دیارخەر + دیارخراو + (ی) ئیزافە + دیارخەر

دوو منداڵی بچووك

ئەو شەوەکەی سەرجۆ[1]

ئەم ئیشەی تۆ

٢- دەستەواژەکە دەتوانرێت وا گەورە بکرێت دیارخراو و ئیزافە و دەستەواژەیەکی ناوی تری تێدا بێت دەستەواژەی دووەم لەوانەیە جۆرێك بێت لەو دووانەی پێشتر(٥-١-١-١) یان لە گەورە کراوەکەی سەرەوە بێت.

١- ئەم نموونەیە هەڵەیە چونکە دوو ناسیاری لەدەستەواژەیەکدا نایەن، یان دەبێت (ئەو شەوەی سەرجۆ بێت) یان (شەوەکەی سەرجۆ) لەوە دەچێت /-ەکە/ هەڵەی چاپبێت. (وەرگێڕ)



دیارخراو +ی ئیزافە + دەستەواژەیەکی تر

نموونە: ناوی مدیری موعاریف

جاسووسی سەد ساڵ

خانەی بەجەنگ

سەبەبی ئەم ئیشەی تۆ

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ

٣-جۆری سێیەم لە دەستەواژەی ناوی گەورەکراو لەدوو دیارخەری پێش سەرەو سەرەیەك پێك دێ وەك لە خوارەوە دەبینرێ:

دیارخەر + دیارخەر + دیارخراو

نموونە: چەند بێ ئینسافی ت *

٤- جۆرێکی تر لە دەستەواژەی ناوی گەورەکراو پێك هاتووە لەدیارخراوێك (سەرەیەك) کە بەدوای لاڕستەیێکی دیارخەری وەسفی بێت. سەرەو دیارخەرەکە بە(ی) ئیزافە بەیەکەوە دەبەسترێن لەبەرئەوەی ئەم جۆرە دەستەواژەیە گوتنی وادەگرێتەوە لە لاڕستە گەورەترە، لەگەڵ لێکدانی لاڕستەدا (بڕوانە ٥،٣،٢٢) باسی دەکەین.

## ٥-١-٢: دەستەواژەی کاری

دەستەواژەی کاری بەلای کەمەوە دەبێت لە دیارخراو و دیارخەرێك پێك بێت، دیارخراوەکە کارەو دیارخەرەکەش لەوانەیە ئاوەڵکار، ناو، یان ئاوەڵناو بێت. دیارخەرەکە پێش سەرە دەکەوێ:

دیارخەر + دیارخراو(بەشی سەرەکی)

جۆرێکی تایبەتی لە دەستەواژەی کاری لەکاری لکاندن و (بڕوانە ٣- ٤١٤, ٥-١٢١) و گوزارەیێك پێك دێ، کە ئەرکی دیارخەر دەبینێت. دیارخەرەکە، یان ناوە، یان راناوەو دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، بۆ نموونە: ئەم پیاوە بۆیاخچییە.

هەندێ جاریش گوزارەکە ئاوەڵناوە ئامرازی پرسیارە دەستەواژەیەکە بە ئامرازی پەیوەندی دەست پێ دەکات. لەم کاتانەدا ناگەڕێتەوە بۆ بکەر بەڵکو دەبێت بەدیارخەر بۆی:

چۆنی؟چاکی؟

زۆربەقووەتە

دەستەواژەی کاری وانەیەکی رستەییە، بەواتایـەکی تـر، دەتوانێـت جێـی کـارێکی سـادە بگرێتەوە. بۆ سادەترین جۆری دەستەواژەی کاری (بڕوانە ٥-١٢١)

### ٥-١-٢-١. سادەترین جۆرەکانی دەستەواژەی کاری:

سادەترین جۆری دەستەواژەی کاری بە یەکێك لەم شێوانە دادەڕێژرێت:

١- ئاوەڵکار+کار: دەرکرد/ دەرکە (سەگەکە لێرە دەرکە)

٢- ناو + کار: بانگ کرد/ کە (مەلا بانگ ئەکات)

٣- ئاوەڵناو + کار: ئامادە ئەکرد کە خۆی ئامادە ئەکا

٤- گوزارە + کار: بێ ئینساف +ە چەند بێ ئینسافی[1]

### ٥-جۆرەکانی دەستەواژەی کاری گەورەکراو:

کاتێك کە دەستەواژەی کاری گەورە دەکرێ، یەکێك لەم دوو جۆرە داڕشتنە وەردەگرێت:-

٥- ئاوەڵکار + ئاوەڵکار + کار (١=١) تێك وەردە (ئاوتێك وەرئەدا.)

٦- ناو + ئاوەڵکار + کار = (٢+١) پەند پێدا /دە (بۆچی پەندت پێدام) (بڕوانە ٥-٤)

### ٥-١٢٣دەستەواژەی کاری لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا:

ئەم جۆرە دەستەواژانە لەزمانەکەدا زۆر بڵاون و دەتوانین بڵـێین هــەموو نــاو و ئاوەڵنــاوێکی کوردی لە دەستەواژەی کاریدا بەکاردێن. بڵاوترین کار لە جۆری (٢) و (٣) دا کاری / کرد/ە- کاری تریش کەهەر لەم شوێنانە دا دێن ئەمانەن: بوو/ب

/و/دار/. ژمارەیەك ناو و ئاوەڵناو لەگەڵ ئەم دوو کارەی دوایی دا بەکاردێن بـۆ دەربڕینــی تێپەڕو تێنەپەڕ:

فێرکرد (تێپەڕ) فێربوو (تێنەپەڕ)

پاك کرد (تێپەڕ) پاك بوو (تێنەپەڕ)

---

١- ئەم نموونەیە رستەیە، چونکە کاری تێدایە. (وەرگێڕ)



### ٥-١٢٤ نەخشەی داڕشتنی دەستەواژەی کاری:

| کار | ئاوەڵکار | ئاوەڵکار | |
|---|---|---|---|
| | | | ناو |
| | | | |
| | | | ئاوەڵناو |
| کـــــاری لکاندن | گوزارە | | |

## ٥-٢ لاڕستە

لاڕستە ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە بەلای کەمەوە لەبکەرو کارێـك پێـك دێـت بەمـەرجێك بکەرو کارەکە لەژمارەدا رێك کەون. بکەر لەوانەیە لەناو کارەکـەدا بـەهۆی پاشـگری کـەس و ژمارەوە دەربڕێت. (بکەری دەرنەکەوتوو، یان شاراوە وەك لە/ هات/ دا دەبینرێـت. بـەم پێیـە کار بەخۆی لاڕستە دروست دەکات. هەندێ جاریش بکەر بە وشـەیێکی سـەربەخۆ دەردەبڕێـت (بکەری ئاشکرا) وەکو لەم / نموونەیەدا دەبینین: پیاو هات.

کارو بکەر زۆربەی جار لەژمارەدا رێك دەکەون بەڵام لێرەدا لادان هەیە:-

١-ئەگەر بکەر ژمارەبێت کارەکە بەتاکی دەمێنێتەوە (سەیری نموونەی ٤ بکە لە خوارترەوە)

٢- ئەگەر بکەر جێ ناوی (تۆ) بێت کارەکە لەوانەیە کۆبێت بۆ رێزلێگرتن: تۆ چی ئەخوێنن[1]

٥-٢-١ بکەر لەوانەیە ناو بێت، یان ئاوەڵناو، راناوبێت، یـان ئـامراز (ئـامرازی) پرسـیار ژمارە، ئاوەڵکرداری شوێن یا چەندێتی، ئامرازی پەیوەست، پەیوەند، یان نیشانە).

تەنانەت دەستەواژەی ناویش دەبێتە بکەر. (تەنیا دەستەواژەی پەیوەند نەبێت). کارەکەش دەتوانێ لە شێوەی دەستەواژەیێکی کاری دا بێت.

ئەم نموونانەی خوارەوە جۆرەکانی بکەر روون دەکاتەوە. لە هەموو رستەکان دا (جگە لـە ٨ کە (کە) تێیدا بکەرە) وشەی سەرەتا ئەرکی بکەر دەبینێ:

---

١- ئەم نموونەیە هەڵەیە هەرچەندە دیاردەکە هەیەو راستە وەك ئەو کاتانەی بە تاکە کەسێك دەوترێ (فـەرموو دانیشن.) (وەرگێڕ)

١- ناو: چەتەكان هەڵ هاتن.

٢- راناو: ئەوانيش هيچ قسە ناكەن.

٣- ئامرازى پرسيار: كێ ئەزانێ؟

٤- ژمارە: دوويان هاتن.

٥- ئاوەڵكارى شوێن: ئێرەم پێ خۆشە.

٦- ئاوەڵكارى چەندێتى: هەندێ لەدۆست و برادەر تەدبيرى دەكەن[١]

٧-نيشانە: ئەمە باشە.

٨- پەيوەست (لێكدەر): ئەو كە هات باژبوو[٢]

## ٥-٢-٢ بەركار:

ئەو لاڕستەيەى كارەكەى تێپەڕە لەوانيە بەركارى راستەوخۆى كارەكەى تێدابێت. ئەم بەركارە يان ناوە، يان راناوە، يان ئاوەڵناوە يان ئامراز (ژمارەو ئامرازى نيشانە وئامرازى پرسيار). بەركار ئەو ناوەيە، كە دەكەوێتە بەركارى فرمانەكە. ئەم نموونانەى جۆرى بەركار روون دەكەنەوە:

١- ناو: كەرەكە بكڕە.

٢- ئاوەڵناو: كۆنەكەى خوارد.

٣- ڕاناو: تۆم بينى.

٤- پرسيار: چيت دەوێ؟

٥- ژمارە: دووانيان ئەكڕێ.

٦- نيشانە: ئەوە نازانێ.

## ٥-٢-٣ ريزبوونى وشە لە لاڕستەدا:

لە خاڵى ٥-٢١و ٥-٢٢دا پێناسەى بكەر و بەركارمان كرد. ريزبوونى ئەم دوو دانەيە رێكە و بەم شێوەى خوارەوە دەبێ:

---

١- (دەكەن) ئەبێت (ئەكەن) بێت، لەشێوەى سلێمانييدا، بەتايبەتى كە كەرەسەى شيكراوە شێوەى قسەكردن بێت. (وەرگێڕ)

٢- /ك/ هەرگيز نابێت بەبكەر لە كورديدا، بكەرەكە سفرەو لەكارەكەدايە، /-كە/ لێكدەرە. (وەرگێڕ)



بكەر (ب)، بەركار (بە) وكار (ك): (ب) +(بە) + ك

((ب و بە) لەناو كەوانە دان، بەواتاى دەتوانرێن بكرتێن بێئەوەى، رستە بشێوێنين)

بەم جۆرە كورتترين لاڕستە لەكارێك پێك دێ كە بكەرێكى شاراوە، يان دەرنەكەوتووى لەگەڵدا بێت. ئەگەر بكەرو بەركار دەربيرێت، ئەوا هەريەكەيان دەچێتە ئەو شوێنەوە كە لەنەخشەكەماندا پيشان دراوە. وا لەخوارەوە جۆرە بنچينەكان و جۆرە نابلاوەكانى لاڕستە پيشان دەدەين:

### ٥-٢-٣-١ جۆرە بنچينەكانى لاڕستە:

بريتييە لەمانەى خوارەوە!

١- ك: هات — پيربووم

٢- ب+ ك: منيش يەم

٣- بە + ك: دەستت ماچ ئەكەم

٤- (ب) + بە+ ك+: خاوەن ماڵ كاغەزەكە ئەخوێنێ[١]

مەرج نييە ئامرازى پرسيار هەر لەسەرەتاى رستەدا بێت، بەڵكو بەپێى ئەو ئەركەى، كە هەيەتى دەچێتە شوێنى بكەر، يان بەركار: مەلا چى ئەكا؟ (چى بەركارە)

تۆ كێيت؟ (كێ گوزارەيە)

### ٥-٢-٣-٢ چەند جۆرێكى نابلاوى لاڕستە:-

لێرەدا مەبەست لە نابلاو ئەوە نييە كە لەزمانەكەدا كەم بەكاردێن، بەڵكو لەبەرئەوە پێيان دەڵێن نابلاو، چونكە ژمارەى ئەو كارانە لەم جۆرە لاڕستانەدا بەكادێن كەمە. جۆرى پێنچەم بۆنموونە، بەتايبەتى بۆ كارێ وەك "پيشان. . . . . دا" دەست دەدات و بەدەگمەنيش بەكاردێ جۆرى شەشەم ديسانەوە جۆرێكى تايبەتييەو هەر بۆ كارى/ گوتن/ى قسە راستەخۆدا دەست دەدات. نموونەى ئەم جۆرە لەچيرۆك گێڕانەوەدا زۆر دەبينرێ:

٥-(ب) + بە + بە +ك: دووبەركار، ك ئەو كارانە دەگرێتەوە(١) كە وەك (پيشان. . . دا) ن. نموونە:

---

١- لە شێوە دوانى سلێمانييدا دەبێ (ئەخوێنيتەوە) بێت (وەرگێڕ)

خۆی وا ماندوو پیشان دا. . . . .

(٦) (ب) +ك + بە (قسەی راستەوخۆ)

ك ٣ = کاری وەك (گوتن) دەگرێتەوە

وت. . . لێ: پرس/ پرسی

نموونە: مەلا ئەڵێ یەك قاچ

### ٥-٢-٤. ریزبوونی دیارخەرەکان:

لە خاڵی ٥-٢٣ لە ریزبوونی ئەو کەرەسانە دوایین، کە بنەڕەتیین لەڕستەدا وەك بکەر و بەرکار و کار. لاڕستە لەوانەیە دیارخەریشی تێدا بێت و ئەمانیش شوێنی تایبەتی خۆیان بگرن. ئەم شوێنانە رەمزی (د) ی بۆ دادەنێین لەم نەخشەیەی خوارەوەدا، کە بریتییە لە گەورەکردنێکی یاسای (ب) +(بە) +ك:

(ب) + (د) + (بە) + (د) + ك + (د)

دیارخەر (د) لەوانەیە تاکە وشە، یان دەستەواژەییێك بێت. ئەو کەرەسانەی کەلە خانەی (د) بەکاردێن، هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ کەرەسەکەی پاش خۆیان. ئەوانەی خانەی (د) و (د) دەگەڕێنەوە بۆ کارەکە. ئەوانەی دەچنە (د) و یان چۆنیەتی یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ پیشان دەدەن. ئەوانەی خانەی (٣) بە شێوەیێکی گشتی شوێن پیشان دەدەن.

ئەو دیارخەرانەی، کە شوێن پیشان دەدەن لەدوو خانە، یان لە دوو شوێن دا دەبینرێن، (د) یان (د). دیارخەری کات و چۆنیەتی ئاسایی دەچنە خانەی (د) وە. بەڵام دیارخەری کات دەشتوانێ بچێتە ناو خانەی (د) وەو بەمە سەرنج (تأکید) بۆ خۆی رابکێشێ، کە دیارخەری شوێن دەکەونە خانەی(د) وە، زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ کارەکە. وا لە خوارەوە لە خانەکان دەدوێین و ئەو کەرەسانە روون دەکەینەوە، کە دەکەونە ناونیانەوە ئەو واتایانەش دەردەخەین، کە وەریدەگرن لەم شوێنانەدا.

١- خانەی (د ١)

ئەو دیارخەرانەی لەم شوێنەدا دێن بۆ هەموو کەرەسەکانی دوایی خۆیان دەگەڕێنەوە ئەم خانەیە بە گشتی بۆ دیارخەری کات، شوێن مەبەست و هاوکاری دەست دەدات، کە چەند دیارخەرێ بەیەکەوە دێن، ئەوا کات پێش شوێن دەکەوێ و شوێنیش پێش چۆنیەتی بۆ نموونە:

(د ١): کات، شوێن، چۆنیەتی



دوێنێ لە ماڵی ئێمە بە دەست مارێکی کوشت. کاتێك دوو کەرەسەی کات لە خانەی(د ١) دێن، ئەوا کاتە گشتییەکە پێش دیارکراوەکە دێ. نموونە: بەیانی زوو هەڵسا

دوێنێ شەو

کەدوو دیار خەرێ شوێن بەدوای یەکتری و لەم خانەیەدا بێن، ئەوا بێ جیاوازی واتایی دەتوانن جێگەکەکانیان بگۆڕینەوە:

٢- خانەی (د٢):

ئەو دیارخەرانەی ئەم خانەیە دەگرن ئاسایی بۆ کارەکە دەگەڕێنەوە بۆ نموونە: کوردی باش ئەزانێ.

بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئاسایی ئەم شوێنە دەگرێ: کتێبەکەم بە رەشوڵ فرۆشت

٣- خانەی (د٣)

کەرەسەی ئەم خانەیە زۆر راستەخۆ بۆ کارەکە دەگەڕێنەوە. بەم جۆرە کە دیارخەرێکی شوێن دەکەوێتە ئەم خانەیەوە لەجیاتی خانەی (د١)، ئەوا یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ کارەکە نەك بۆ هەموو کەرتەکانی رستەکە بەڵام لەگەڵ کاری جوڵاندندا ئەم خانەیە بەتایبەتی بۆ کەرەسەی شوێنە.

چوو بۆ کوێ؟

یەکێك لە واتا تایبەتیەکانی ئەم خانەیە "سەرنجڕاکێشانە" کە دانەیێك (کەخانە تری هەبێت) بکەوێتە ئەم خانەیەوە ئەوا سەرنج بۆ خۆی رادەکێشێ:

کتێبەکەم فرۆشت بە رەشۆڵ.

وتم پێت.

### ٥- ٢-٥ کەرەسەی سەرەتا:

هەندێجار وشەیێ یان کۆمەڵە وشەیێك پێشی لاڕستە دەگرێ. ئەم کەرەسەیە لەوانەیە لێکدەرێ (پەیوەستی) بێت (وەك وەر) یان ئامرازێکی رامان بێت (خۆ)، یان ناوێ بێ لەدۆخی بانگکردندا (وەك خەڵکینە) یان دەستەواژەییێکی پەیوەند بێت (وەك: لەپاش نان خواردن)، یان کەرەسەییێکی کات بێت (جارێك. . .)

لەم لاڕستە تەواو گەورەکراوەی خوارەوەدا رەمزی (س)مان بۆ کەرەسەی سەرەتا داناوە:

(س) + (د١) + (بە) + (د٢) + ك + (د ٥ ٣٣٠ **لێکدانی لاڕستە:**

له خاڵی ٥-٢١٠٥-٤ له دارِشتی لاڕسته دوایین. گوتن لەوانەیە زیاتر لە لاڕستەییەکی تێدابێت، کە یەکێکیان دیارخەرە بێت بۆ ئەوی تر. (بڕوانە٥، ٣٢١) یان بگەڕێتەوە بۆ دەستەواژەییەکی ناوی. (بڕوانە ٥. ٣٢٢). ئەم ئەرکە رستەیانە بەهۆی لێکدەرەوە پیشان دەدرێ لە (٥-٣١)دا لێیان دەدوێین. ڕۆنانی لاڕستە هەمیشە لەشێوەی نەخشەی (٥-٢٥) دایە بێگوێ دانە ئەرکی رستەیی.

## ٥-٣-١: لێکدەرەکانی لاڕستە:

لارستە لێکدەرەکان ئەو ئامرازانەن کە پەیوەندی نێوان لاڕستەو کەرتەکانی تری گوتنێك دیاری دەکەن. هەندێ لەم لێکدەرانە لەگوتنێك دا دێن کە لاڕستەیەك، یان زیاتر پێك هاتبێت. هەندێکی تریان تەنیا لەو گوتنانەدا دێن کە زیاتر لەلاڕستەییەکی تێدابێت. جۆری یەکەم لەم لێکدەرانە پێیان دەوترێ "سەربەخۆ" جۆری دووەم بە لێکدەری "ناسەربەخۆ" ناو دەبرێن. هەندێ لێکدەر، سەربەخۆ و ناسەربەخۆ، تەنیا لەو لاڕستانەدا بەکاردێن، کە کارەکەیان مەرجی بێت(ئیلزامی). ئەمانەش لەبەشی ٣١٢٠٥دا باس دەکرێن.

**٣-١-١-٠-٥. لێکدەری سەربەخۆ:**

مەبەست لەو لێکدەرانەیە کە دەکەونە لاڕستەییەکی تەنیا وەیان لەلاڕستەیەك دا دەبن کە بەشێك بێت لەگوتنێکی گەورەتر. ئەمانە هەندێ لێکدەرو ئامرازی پرسیار دەگرنەوە.

| لێکدەر | ئامرازی پرسیار |
|---|---|
| با | ئایە؟ |
| بەشکم | بۆچی بۆ |
| بەڵام | چەند |
| بەڵکو | چی |
| چونکە / چونکێ | چۆن |
| دوایی | کام |
| ئەگینا | کێ |
| تەنانەت | کەی |
| وا | کوێ - کوا |



**خۆزگە**

بۆنموونە لەسەر ئەم لێکدەرانە بڕوانە (٥٢٠٣)و (٥٣٠٣) لێکدەرەکان تەنیا لەخانەی (س)دا دەبن (بڕوانە٢٥٠٥) ئامرازی پرسیار دەکەوێتە خانەی (س) یان (ێ) یان (بە) بەپێی ئەرکی ئامرازەکە لەڕستەدا (بڕوانە ٥- ٢٣١)

**٥-٣-١-٢ لێکدەرە ناسەربەخۆکان:**

بەو لێکدەرانە دەگوترێ کەتەنیا لەو لاڕستانەدا دێن، کە بەشێکن لەگوتنی گەورەتر. ئەم لێکدەرانە هەندێ ئامرازی پەیوەست و لێکدەری /کە/ دەگرێتەوە وەك:

| ئامرازی پەیوەست | لێکدەر |
|---|---|
| ئەگەر | کە |
| هەتا | |
| کە | |
| مەگەر | |

بۆنموونە لەسەر ئەم لێکدەرانە بڕوانە(٣-٢-٥)و(٥-٢-٢-٣)لێکدەری ناسەربەخۆ دەکەوێتە خانەی (س)ی نەخشەی (٥-٢٥)ەوە.

**٥-٣-١-٣: لێکدەرەکان وشێوەی کار:**

هەندێ لێکدەر سەربەخۆو ناسەربەخۆ تەنیا لە لاڕستەییێك دا دێن کە کارەکەیان لەدۆخی مەرج دا بێت ئەم لێکدەرانە بریتین لە: با مەگەر

بەشکم ڕەنگە

ئەگەر خۆزگە

هەتا

هەموو لێکدەرەکانی تر بەزۆری لەگەڵ کارێك دا، دەبن کە لەدۆخی ئیخباری دا بێت. کە لەگەڵ کارێك دا بێن لە دۆخی مەرجیدا، ئەوا بۆ دەربڕینی بارێکی ناواقعییە (شتێك کە نەیەتەدی) (بڕوانە ٣-٤١٥) یان لەبەر ئەوەیە کە ئەو ناوەی لێکدەرەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، ناوێکی نە ناسراوە. (بڕوانە ٥-٣٢٢).

**٥-٣-٢-٠: لاڕستە وەك دانەییێکی ڕستەیی:**

لە گوتنێکا کە لەدوو لاڕستە یان زیاتر پێك هاتبێت، ئەو لاڕستەیەی کە بە لێکدەرێکی ناسەربەخۆ دەست پێدەکات، بە لاڕستەی گیراو(بەند) یان شوێن کەوتوو ناو دەبرێ. هەندێ جار لێکدەرەکە بە ئاشکرا دەرنابڕێت. هەر کاتێك توانیمان لێکدەرێك بخەینە پێش لاڕستەیەکەوە بێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕین، ئەوا ئەو لاڕستەیە گیراوە (بەندە). بەم پێیە لەبەرئەوە دەتوانین لێکدەری (ئەگەر) بخەینە پێش لاڕستەی (بەتۆیانا بماڵیانە) لە گوتنی (بەتۆیانا بماڵیانایە ئەبوویت بە چوارپێ.) بێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕین، ئەوا (بە تۆیانا بماڵیانایە) لاڕستەیەکی گیراوە. لاڕستەکەی تر لاڕستەییێکی ئازادە (سەربەخۆیە) لاڕستەی بەند لە خانەی (س) یان (د ١) یان (د ٣) ی لاڕستەی ئازاد دا دەبینرێ و بەمەش یان چەند لاڕستەییێکی بەرەو دوا دروست دەکات یان دەگەڕێتەوە بۆ دەستەواژەییێکی ناوی. خالێ(٥,٣٢١) چۆنیەتی ڕیزبوونی لاڕستەی بەندمان لە گوتنی گەورەتردا بۆ ڕوون دەکاتەوە. خالێ (٥,٣٢٢) دەربارەی ڕیزبوونی لاڕستەی بەندە، کە بگەڕێتەوە بۆ دەستەواژەییێکی ناوی.

**٥-٣-٢-١: ڕیزبوونی لاڕستە:**

لاڕستەی بەند هەندێجار ئەرکی دیارخەر دەبینن لە ڕستەی سەربەخۆدا، لێرەدا لاڕستەی بەند خانەی (س)، یان (د ا) یان (د ٣) دەگرێت و بەرەودوا دەبێت لەگەڵ لاڕستەکانی تردا. لەم نموونەی خوارەوەدا لاڕستەبەندەکان خراونەتە کەوانەوە. (بڕوانە ٥-٢٤) بۆ لێکدانەوەی واتای ئەم خانە دیارخەرانە

١- لاڕستەی بەند لە خانەی (س) دا:

| (س) | (ب) | (ك) | (د ٣) |
|---|---|---|---|
| (ئەگەرنەم دەنەوە | خۆم | ئەزانم | چی ئەکەم |

٢- لاڕستەی بەند لە خانەی (د ١) دا:

| (س) | (د ١) | (ك) |
|---|---|---|
| ئەمانیش | کەئەم بینن | ئەترسن |

٣- لاڕستەی بەند لە خانەی (د ٣) دا:

لاڕستە لەم شوێنەدا:

١- دەبێ بە بکەری لاڕستەی ئازاد



| ك | (د ٣) |
|---|---|
| باشترە | کەبزانن |

٢- بە بەرکاری لاڕستەی ئازاد:

| (ب) | ك | (د ٣) |
|---|---|---|
| مەلا | ئەبینێ | بەرماڵەی لە شوێنی خۆی نەماوە |

٣- تاکید وەردەگرێ

| س | بە | ك | د ٣ |
|---|---|---|---|
| توخوا مەلا[1] | چیت | ئەکرد | ئەگەر بەرماڵەکانمان نادایتایەوە |

**٥- ٣-٢-٢: لاڕستەی وەك دیارخەری دەستەواژەی ناوی:**

ئەو لاڕستە بەندەی کە بەلێکدەری/-کە/ دەست پێ دەکات لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ دەستەواژەییێکی ناوی لە لاڕستەیەك دابێت، یان تەنیا و لە هەچ شوێنێکی لاڕستەکەدا بێ. ئەم جۆرە ڕۆنانە (بڕوانە ٤-٥-١١٢)سەرەییێك و لاڕستەییێکی هەیە. سەرەکە لەوانەیە ناو بێت، یان ڕاناو، یان ئامرازی نیشانە. ئەگەر ناو یان ڕاناو، ئەوا هەمیشە دیارخەری پچڕاوی(ئەو. . . . ە) و هەندێ جار (ئەم. . . . ە) ی بۆ دەگەڕێتەوە. ئەم لاڕستە دیارخەرە بە لێکدەری کە دەست پێ دەکات و بە(ی) ئیزافە بەسەرەکەوە بەستراوە هەرچەندە کە وی ئیزافەش دەتوانرێ لابرێ بێ ئەوەی واتای ڕستەکە بگۆڕێ. ئەم ڕۆنانە بەم جۆرە دادەڕێژرێ:

ئەو + سەرە +ە -ی- لاڕستەی کە

نموونە: ئەوانەی سەگەکە خواردی کۆن بوو.

ئەم کەسە کە گۆرانی ئەڵێ برای منە.

ئەوەی خواردت ڕیتەوە

سەرەی دەستەواژەکە ئەو ناوەیە کە لێکدەرەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. کە لەوانەیە خۆی بکەری کاری لاڕسەکەی بێ. ئەگەر بکەر بێ و ناوەکەی بۆی دەگەڕێتەوە نەناسراوبێ (بەواتای ئەوە

---

١- لێرەدا (مەلا) بکەرە، نەك کەرەسەی سەرەتا، دەبوایە ڕستەکە بەم جۆرە شیبکرایەتەوە:

| س | ب | بە | ك | د٣ |
|---|---|---|---|---|
| توخوا | مەلا | چیت | ئەکرد. . . . . . . . . (وەرگێڕ) | |

ئەگەر ناوەکە ئامرازی ناسین، یان نیشانەی لەگەڵ دا نەبێ) ئەو (ی) ئیزافەی ناوێت و ئەو کارەی کە لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێ دەبێ مەرجی بێ. لەکاتی وادا ئەو و ئەوە لەوانەیە ناسراو یان نەناسراو بێت بێ ئەوەی جیاوازی لە شێوەیدا هەبێ. ئەم رستانەی خوارەوە جیاوازی ناوەکە و شێوەی کارەکە روون دەکەنەوە:

ئەو کە زیرەکە سەر ئەکەوێ. [1]

ئەو کە زیرەك بێ سەرئەکەوێ. (هەر کەسێ. . . . . ز بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر کە بکەری کارەکە نەبێ، ئەوا کارەکە دەبێ گرەیەکی راناوی هەبێ (٣-٤٢١) کە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ دیارخراوەکە،(سەرەکە) ڕێك بکەوێ.

ئەم کەسە کە تۆ ئەیناسیت برای منە
دەستێك کە حاکم بیبڕێت خوێنی نییە.

## ٥- ٤-٠ پاشگری خزاو(گوێزراوە)

هەموو کارێك بەهۆی پاشگرەوە کەس و ژمارەی بکەرەکەی دیاری دەکات (بڕوانە٣-٤١١). دیسانەوە ئامرازی پەیوەندیش دەتوانێت پاشگری راناوی وەرگرێت و بەم هۆیەوە ژمارەی بەرکارەکەی پیشان بدات. (بڕوانە ٣-٥١١). بەڵام هەندێجار ئەم پاشگرانە لەجیاتی ئەوەی بە کارەکەوە، یان بە ئامرازێکی پەیوەندەوە بلکێن دەچنە سەر وشەکانی تری لاڕستە. (بۆ خزاندنی پاشگری ژمارەو کەسی کار بڕوانە٥-٤١، بۆ خزاندنی پاشگری بەرکاری ئامرازی پەیوەندی بڕوانە ٥-٢٤) بە هەر حاڵ دوو جۆر خزان هەستی پێ دەکرێ بەپێی ئەوەی کاری لاڕستەکە یان رەگی رابردوو یان رانەبردووەوە وەرگیراوە.

## ٥-٤-١ پاشگری بکەری خزاو:

کە لاڕستەیێك جگە لەبکەری دەربراو و کار وشەی تری تێدا بێت، ئەو پاشگری ژمارە-کەس لەکاری تێپەڕدا هەوڵی پێشەوە دەدات وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

کوشتم مارێك[2]
مارێکم کوشت

1- ئەم رستەیە بەلای منەوە رێزمانی نییە. (وەرگێڕ)

2- ئەم رستەیەش لەکوردیدا نایەت یان بەلای کەمەوە ناپەسەندە، ئەگەر ناڕێزمانیش نەبێت. (وەرگێڕ)



لێرەدا پاشگری کەس-ژمارە لەکارەکە جیابوونەوەو لکاوەبە بەرکارەوە. (مارێکم) بە تەنیا گوتنێکی تەواو نییە. پاشگری بکەری دەخزێ و بە هەموو وشەیەکەوە دەلکێ جگە لەمانە:

١-لەناو بەشەکانی ئاخاوتن دا هەندێ ئامراز وەك ئامرازی رامان، پەیوەست و ئاوەڵکاری کات هەرگیز ئەم پاشگرانە وەرناگرن.

٢- لەناو کەرەسە رستەییەکان دا پاشگری خزاو بە بکەری دەربڕاو و دەستەواژەی پەیوەندو دیارخەری پێش سەرەوە نالکێ. ئەم خزانە هەر روو دەدات بکەری دەربڕاو لە رستەدا هەبێ یان نەبێ. ئەگەر بکەری دەربڕاو هەبێت، پاشگری بکەر لەگەڵ ئەمدا رێدەکەون. لەم رستانەی خوارەوەدا ئاوەڵناو، راناو، ئاوەڵکار، پێش کارو ئامرازی پرسیار پاشگری خزاوییان وەرگرتووە:

| | |
|---|---|
| چاکم کرد. | —چاك-م- |
| من تۆم بینی. | —تۆ-م |
| وامان کرد | وا-مان |
| پیاوەکان دەریان کرد | دەر-یان |
| چۆنتان زانی | چۆن-تان |

جۆری خزاندنەکە لە پاشگری کاری و پەیوەندی دا جیاوازە. هەروەها خزاندنەکە بەپێی تافی کارەکە (ڕابردوو و رانەبردوو)
دەگۆڕێ. لێرەدا لە پاشگری کاری دەدوێین. بۆ خزاندنی پاشگری پەیوەندی بڕوانە(٥-٤٢).

١- لەو کارانەدا کە لە رەگی رابردووەوە دروست دەبن، پاشگری کەس-ژمارە دەخزێت و دەکەوێتە سەر یەکەم وشە بە مەرجێك لەو وشانە نەبێت کە لە(٥-٤١) دا دیاری کراون:-

| | |
|---|---|
| مەلا چەقۆکەی هێنا | -هێنای |
| دوو هێلکەم خوارد | -خواردم |
| حەزم لەتۆ کردووە | -کردوومە |
| بارام رای کرد ـــــــ | -کردی |
| ماڵمیان وێران کرد | -کردیان |

٢- لە کاری رانەبرردوودا تەنیا

٣- کار رەوشتێکی تایبەتیان هەیە (ڕێگەیان تێدادەچێ)

وت ــــــ لێ
ویست ــ ئەوێ

هە. . . . . . . . بوو/ هە. . . . . . . . یە

کە پاشگرەکە لەکارەکە دەبێتەوە، کارەکە لەشێوەی ڕانەبردوودا دێت و / ئە/ ی باری کارەکە وەردەگرێت. پاشگرەکە خۆی دەچێتە سەر یەکەم وشەی ڕستەکە دیسانەو بەو مەرجەی لەو وشانە نەبێ کە هەرگیز پاشگر وەرناگرێ:

نموونە: ئەلێیت چیت ئەڵێ؟[1]

ئەتانەوێ کام کورسییەتان ئەوێ

هەمە ترۆمبیلێکم هەیە.

لەدەستەواژەی کاری (خۆشویست) دا پاشگری کار دەچێتە سەر (خۆش) و پاشگری بەرکار دەلکێت بە کارەکەوە(ئەوێ)

نموونە خۆشم ئەوێیت

بکەر بەرکار

تۆم خۆش ئەوێ

بکەر بەرکار

**٥-٤-٢ پاشگری پەیوەندی خزاو:**

پاشگری پەیوەندی، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرکاری پەیوەند لەو کارانەدا کە تێپەڕن یان لەو کارانەدا کە ڕانەبردووی لکاون دەخزێتە پێشترەوە:

١- لەو ڕستانەدا، کە تافەکەی ڕابردووە پاشگری بکەری کاری تێپەڕ دەخزێتە وشەیێکی پێشی ڕستەکە(بڕوانە ٥-٤١) دیسانەوە پاشگری بەرکاری پەیوەندیش دەخزێت و دەچێتە سەر کارەکە. ئەو پاشگرەی دەلکێت بەکارەکەوە دەگۆڕێت لە پاشگرە ناوییەکانەوە بۆ پاشگری کاری (٣-٤١١). پاشگرە کارییەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرکاری پەیوەند و پاشگرە ڕاناوییەکەی پێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بکەر ئامرازەکە بەبێ پاشگر دەمێنێتەوە هەر وەك لەم نموونەیەدا دەردەکەوێ:

چاکی لەگەڵ کردم چاك لەگەڵم کردی

(ی) ڕاناوی کەسی سێیەم لەکارەکە بۆتەوە و چۆتەسەر وشەکەی پێشەوە. پاشگری(م) لە ئامرازەکە بۆتەوەو چۆتە سەر کارەکە. ئامرازەکە(لەگەڵ) بەبێ پاشگر ماوەتەوە. ئەگەر ئامرازەکە بچێتە پێشترەوە، ئەوا خۆی پاشگری کارەکە وەردەگرێ وەك لەم نموونەیەدا پیشان دراوە:

١- ئەمەش هەڵەیە ڕاستیەکەی: چی ئەڵێیت. (وەرگێڕ)



پێیان بەخشیم

دارِشتنەکەی بەم جۆرەیە

ئامرازی پەیوەند-بکەر+کار-بەرکار

(پێ ــــــ یان بەخشید-م)

نموونەی تر لەم بارەیەوە(نموونەیەکیش لەسەر کاری نادیار)

لەبەرم کردن

چێشتم بۆ لێنایت.

پێت وتم

چەنگیان جەزا لێ سەندرا

بەڵام ئەگەر کارەکە پێش ئامرازی پەیوەند و پاشگرەکە کەوت (ڕستە وا نائاساییە و تەنیا بۆ تاکید بەکاردێ بڕوانە ٣لە ٥-٢٤ دا) ئەوا ئەو یاسایەی سەرەوە کارناکات.

نموونە: وتم پێت. (من پێم وتی)

٢- کە کاری ڕستەکە ڕانەبردوو بێت، پاشگری پەیوەند دەچێتە وشەیێکی پێشی ڕستەکە، بەمەرجێ کارەکە تێپەڕ بێت، یان کاری لکاندن بێت. پاشگرەکە دەچێتە وشەی پێشی ڕستەکە بە مەرجێ لەوانە نابێت کە پاشگر وەرناگرن (٥-٤١).

چام بۆ بێنە

چیرۆکێکت بۆ ئەڵێم[1]

ئێرەم پێ خۆشە.

*** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە(١١٥)دا لەساڵی ١٩٨٥ بڵاوکراوەتەوە.**

**سەرنج:** هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە وەرگێڕانە لەزمانی ئینگلیزیەوە کە لە نووسینی (ئێرنست مەکارەس)ە، بەڵام لەبەرئەوەی خزمەتێکی زۆری زمانەوانی کوردی دەکات بەپێویست زانرا جارێکی تر لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی تردا بڵاوبکرێتەوە.

١- لە زاری سلێمانیدا (چیرۆك ناوترێت) ڕاستیەکەی: چیرۆکێکت بۆ ئەگێڕمەوە. (وەرگێڕ)

# کار پۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان

**سەرەتا:**

پۆلێنکردنی کار لەڕووی ڕۆنانەوە و جیاکردنەوەی کاری سادەو ناسادە و ئاوێتە یەکێکە لەو بابەتانەی ڕێزمانی کوردی کە لەچاو بابەتی تردا لە لایەن ڕێزماننووسی کورد و بێگانەوە تارادەیەك لێیکۆڵراوەتەوەییە هەرچەندە تائێستا کتێبێك یان لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەئارادانییە، کە بە تەنیا بۆ کار یان کار لە رووی داڕشتنەوە تەرخان کرابێت. ئاسایی هەموو ئەو زانایانەی زمان دوو جۆر کار بەپێی ڕۆنان لە کوردیدا جیادەکەنەوە: سادە و ناسادە[1] هەندێکیشیان لەم سنوورەدا ناوێستن و لەناو ناسادەشدا داڕژاو و ئاوێتە وەك دوو کۆمەڵی جیاواز سەیردەکەن[2].

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەم دەرخستن وسەلماندنی چەند تێبینی وڕایەکی تایبەتییە دەربارەی پۆلێن کردنی کاری کوردی لەڕووی داڕشتنەوە، کە لەزۆر لایەنەوە دژ بەبیرو بۆچوونی هەموو زمانەوانەکانی پێشووە. ئەم ڕایانەش لە دووخاڵدا کۆدەبنەوە:

جیاکردنەوەی کاری داڕژاو لە کاری سادە نەك هەر دیاردەیەکی نا پێویستە، بەڵکوپێچەوانەی ڕاستیەکانی زمانی کوردییەو بەندیش نیە بە هیچ بنەمایەکی ڕێزمان و واتاییەوە. بەواتایەکی تر ئەو کارانەی کە زمانەوانەکان بە سادە ناویان دەبەن لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە هەر کاری داڕژاون ولە هەموو لایەنێکەوە وەك ئەوان ڕەفتاردەکەن. جیاکردنەوەی لە یەکتری نەك هەر لەجێی خۆی دا نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی سەرلێکدان و بزربوونی چەند یاسایەکی گشتی کوردیو هەندێ راستی ڕێزمانی زمانەکەش دەشارێتەوە.

---

١- لەمانە بڕوانە: مامۆستایان سەعید صدقی ١٩٢٨، نوری عەلی ئەمین ١٩٥٧، هەورامانی ١٩٧٣، نەبەز ١٩٧٦، کۆڕی زانیاری ١٩٧٦، مەکارەس ١٩٥٩، مەکەنزی ١٩٦٠ (بڕوانە بەشی یەك بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە).

٢- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ١٩٧٦ و کتێبی قوتابخانەکان (دیسانەوە بڕوانە بەشی یەك بۆ وردەکاری زیاتر).



جگە لەمانەش ئەم جۆرە پۆلێنە بۆتە هۆی دروست بوونی دوو لایەنییەکی ناپێویست لە دابەش کردن وجیاکردنەوەی پاشگرەکان دا کە تەنیا بە یەك بوونی کاری سادەو داڕێژراوا چار دەکرێ.

ئەو کارانەی کە زمانەوانەکانی پێشتر بە کاری لێکدراو یان ئاوێتەیان دادەنێن بڕێتین لە چەند کۆمەڵێك کاری لەیەك نەچووی جیاجیا کە بە شێوەیەکی نادروست خراونەتە یەك خانەوەو بە ئارەزوو وەك یەك سەیر دەکرێن. جیانەکردنەوەی ئەم پۆلانەی کاری لێکدراو لە یەکتری دیسانەوە بۆتە هۆی بزربوون و شاردنەوەی هەندێ یاسای گشتی زمانەکە کە ئەرکی سەرەکی ڕێزماننووس دەرخستن و دۆزینەوە و لێکدانەوەی چۆنیەتی کارکردنی ئەم یاسایانەیە.

لێکۆڵینەوەمان جگە لە سەرەتا بریتیە لە چوار بەش. لە بەشی یەکەمدا بەسەر ئەو کارانەدا دەچینەوە، کە دەربارەی پۆلێنکردنی کار دەدوێن لە کوردیداو بە کورتی یەکە یەکە لە کۆنەوە بۆ نوێ هەڵیان دەسەنگێنین و چاکە و کەم و کورتیان دەخەینە ڕوو. بەشی دووەم بریتییە لەهەوڵێکی لێکۆڵەر بۆ شیکردنەوەیەکی نوێی دیاردەی کاری سادەو ناسادە, لێرەدا لە بەر تیشکی تێڕوانینێکی نوێدا دەگەینە ئەوئەنجامەی، کە جیاکردنەوە کاری سادەو داڕێژراو کارێکی ناپێویست و بێ کەڵکە و بۆتەو هۆی سەر لێ تێکدان چونکە بەندە بە جیاکردنەوەی دوو پۆل پاشگر کە هەر یەکن و لە هیچ زمانێکی جیهان دا جیانەکراونەتەوە لە بەرئەوەی هیچ بنەمایەکی ڕێزمانی لە یەکتریان ناترازێنێ. لە بەشی سێیەمدا کە بۆ پۆلێنکردنی کاری لێکدراوی تەرخان دەکەین دیاردەی کاری لێکدراوسەر لەنوێ شی دەکەینەوە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنین کە کاری لێکدراو بریتییە لە چەند پۆلێك کاری جیاواز کە هەریەکەیان لە بنجێکی جیاوازەوە هەڵ دەقوڵێن و هەریەکەیان بە شێوەیەك ڕەفتار دەکەن لەبەر ئەوەی پلەی نزیکی و دووربیان لە کەرەسیەکانی تری ڕستەوە کار دەکاتە سەر پێوەندیی ئەم کارانە بە تەواوکەر و سەربارەوە, ئاسایی دەبێ ئامادەیی جیابوونەوەی کەرتەکانی کاری لێکدراو بایەخێکی بدرێتێ لە پۆلێنکردنیاندا. بەدوای ئەمانەدا لە بەشی چوارەم دا یاسا پێك هێنەرەکانی داڕشتنی کار لە کوردی دا لە چوارچێوەی ڕێزمانێکی تەحویلی دا دەخەینە ڕووز لێرەدا ئەو شوێنانە دەکەونە ڕوو کە تێیان دا کوردی پێویستی بە کارێکی وەك (بوون, هەبوون یان کردن) دەبێت. لە دوابەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە دا لە چاکەی ئەم بۆچوونە نوێیە دەدوێین.

## ١- پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی کارەکانی پێشوو:

ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو کارەکانی پێشتردا تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە ڕێزمان نووسەکان نەك هەر لەسەر بەشەکانی کار ریکنەکوتوون، بەڵکو پێوانەیەکی یەکگرتووشیان لە پۆلێنکردندا بەکارنەهێناوە. لەلایەکی تریشەوە هەریەکەیان وەك ئاگاداری کارەکانی پێش خۆی نەبووبێت یان گوێی نەدابنێ زاراوەی جیاجیای بۆ هەمان دیاردە بەکارهێناوە.

بەم جۆرە لەکاتێکدا کە زۆربەی ڕێزماننووسەکان (سەعید صدقی ١٩٢٨: ١٨، نوری عەلی ئەمین ١٩٦٠: ١٥٦، هەورامانی ١٩٧٣: ١٥٩, نەبەز ١٩٧٦: ٣٥، کتێبی قوتابخانەکان ١٩٨٢: ١٤٦ دوو جۆر کار, سادە و لێکدراو، لە یەکتری جیا دەکەنەوە, ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی (١٩٧٦: ٢٣٢-٣٤)، بە پێچەوانەی هەموانەوە کار دەکات بە سێ چەشنەوە: لێکدراو، داڕێژراو، تێکەڵ. دیسانەوە لەکاتێکدا کە سەعید صدقی ((لفظ)) دەکات بە پێوانە لە پۆلێنەکەیدا, نوری عەلی ئەمین ((ریشە)) و((واژە))، هەورامانی ((وشە)) و((رەگ))، نەبەز ((پارچە))، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ((وشە)) بەکاردێنن. سەیر ئەوەیە کەس لەم نوسەرانە پێناسەی پێوانەکەی خۆیان نەکردووە. دەبێ وای بۆ چووبن کە پێوانەکەیان روون و ئاشکرایە لای هەموو کەس و تاکە یەك چەمك دەدات و زمانەوانەکان لەسەر پێناسەکەی ڕێککەوتوون. ئەمە لە کاتێکدا کە یەکەیەکی وەك ((وشە)) هەر لە سەرەتاوە لە پێناسەکردن نەهاتووە و نایەت[1]. لەسەرێکی تریشەوە شەڕی زاراوە بە هەموو ئەم کارانەوە دیارە. بۆ نموونە, ئەو کارەی کە سەعید صدقی بە((تەنیا)) دای دەنێ، لای هەورامانی((ساکارە))و لای ئەوانی تر هەموویان ((سادەیە)). دیسانەوە ((تێکەڵ)) لای سەعید صدقی بەرامبەر ((ناسادە)) ی نەبەزو ((لێکدراو)) ی هەورامانی و ((داڕێژراو)) ی کتێبی قوتابخانەکان و ڕێزمانی ئاخاوتن دەوەستێ. ئاشکرایە، کە شەڕی زاراوەو ژمارەی ئەو کۆمەڵە کارانەی جیا دەکرێنەوە هەرگیز لە گرنگیدا ناگەنە بەکارهێنان و دەرنەچوون لەو پێوانەیەی، کە دادەنرێ بۆ پۆلێنکردن. گەورەترین کەم و کورتی ئەم پۆلێن کردنانە بە لای منەوە لەوەدایە، کە ڕێزماننووسەکان لە پێوانەکەی خۆیان لایان داوە, بە تایبەتی لەبەر ئەوەی چەمك و پێناسەی پێوانەکەیان لەلا روون نەبووە. بۆ نموونە کە سەعید صدقی ((چون)) بە ((تەنیا)) دادەنێ و ((هەڵچون)) و ((پێلێخستن)) بە ((تێکەڵ)) لەبەر ئەوەی

---

١- زمانەوانی، محمد معروف فتاح، ل ١١١



کاری یەکەم لە یەك ((لفظ)) پێك هاتووە و ئەوانەی دووەم لە دوو ((لفظ)) ئەوەی سەر تێك دەدا چەمکی((لفظ)) ە, چونکە نازانین بەرانبەر بڕگە و وشە یان رەگ بەکارهاتووە بە هەر یەکێکیش لە مانەی دابنێین, هێشتا پۆلێنەکە راست دەرناچێت[1]. دیسانەوە نوری عەلی ئەمین پێوانەی ((ریشە)) بەکاردێنێ ئاگاداری ئەوە نییە کە کە هەموو نمونەکانی (کەوت, خست, یوا, کرت, هەڵفری، لەدایك بوو, دانیشت, پێکەنی)، ئەوانەی بۆ کاری سادەو لێکدراو هێناونیەوە هەر یەك ریشەیان تێدایە و دەبوایە بە پێی پێناسەو پێوانەکەی خۆی سادە بوونایە. هەروەها نەبەز کە (بڕین, سوتان، نالاندن) بە کاری سادە بژمێردرێ, دەبێ حیسابی بۆ مۆرفیم نەکردبێ کەچی لە هەمان کاتداو لە هەمان باسدا (چێشت لێنان و دەربازبوون و باوەڕپێکردن و سەرلێدان) بە ناسادە دادەنێ چونکە لە ((کارێکی سادە و دو پارچەی تری کە کار نەبێ)) پێك هاتوون، دەبینین کە چەمکی ((مۆرفیم)) (بێئەوەی ناوی بهێنێ) لە پۆلێنەکەیدا بەکاردێنێ, پۆلێنەکەی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی لەوەدا تێدەچێن کە (١) وشە دەیکات بە پێوانەو بەلایەوە (خواردی، نوستت، پسا) وشەن ونابێت کەرت بکرێن، لە کاتێکدا هەرکامێك لەمانە بگرین سادە نین، چونکە کەرت دەکرێن بۆ مۆرفێمی وردتر. (٢) پۆلێنەکە بە چەمکی ((زیادە))وە بەنددەکات بێئەوەی پێناسەی ((زیادە)) بکات و بە لایەوە ((زیادە)) هەندێ جار وشەی واتادارەو هەندێ جار پاشگرو پێشگرە و پێشگۆڕیش دەبێت واتا گۆربێت. لەمانەشدا گوێنەدان بە بنەماکانی زمانەوانی دەردەکەوێ چونکە و وشەو پاشگرو پێشگر هەریەکەیان چەمکێکی جیاوازیان بۆ دانراوە. (٣) لە هەندێ نمونەدا (دەست لێ هەڵگرتن, پێ لێ هەڵبڕین) بەر کاری بە یاریدەیان (لەمن، لەتۆ. . . . .) بە بەشێکی نەپچراو لە کارداناوە و لەسەر ئە بنەمایە کاری تێکەڵیان جیاکردۆتەوە.

بەگشتی ئەو رەخنەیەی لەم کارانە دەگیرێ ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای مۆرفێم بۆ دیاردەکە نەچوون و لەبەرئەوەی یان چەمکی مۆرفێم لە ئارادا نەبو ە (وەك سەعید صدقی) یان خۆیان نەیانویستوە (وەك ئەوانی تر).

---

١- لە بەر ئەوەی سەرجەمی نموونەکان لەیەك رەگ پێکهاتوون (دەبوایە بەپێی هەرسێکیان تەنیا / سادە بوونایە) و لە ژمارەی بڕگەدا ((هەڵچون)) و ((پێلێخستن)) وەك یەك نین (دەبێ سەر بە دوو کۆمەڵی جیاواز بن بەپێی پێوانەکە) و دیسانەوە ((هەڵچوون)) و ((چوون)) دەتوانرێ بە یەك وشە دابنرێن، هەرچەندە وشە نە لە کوردیو نە لە زۆربەی زمانەکانی تردا دانەیەك نیە بە ئاسانی پێناسە بکرێ.

## ٢- کاری دارێژراو:

لێرەدا دەمانەوێ بە هۆی لیکدانەوەیەکی وردو قوڵی کارەوە، لە رووی واتاو ئەرکەوە ئەو بنەما لاوازانە هەڵبوەشێنینەوە کە پۆلێنە کۆنەکان بۆ جیاکردنەوەی کاری دارێژراوو لێکدراو یان دارێژراوو سادە دایان ناون و هەنگاوبنێین بەرەو دەستورێك بۆ پێناسەکردن و دیاریکردنی کاری دارێژراو.

یەکەم پۆلی کارکە بە ناسادە (دارێژراو) دانراون ئەوانەی کە بە هۆی لکاندنی هەندێ پێشکاری وەك (هەڵ, رۆت، دات، دەرت) یان پاشگری (-ەوە) دێنە کایەوە. بۆ نمونە وشەی (هەڵکرد, رۆچو، داخست, راخست, هاتەوە. . . . . . هتد) بە پێی تێروانینی هەموو وشەی نادەن (دارێژراون). دیارە ناو بردنی ئەم کارانە بە دارێژراو لە زۆر دەمێکەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەم پێشکارانە ئەو پاشگرە وەك ئاوەڵکار رەفتار دەکەن. لێرەدا چەند هەڵەیەك لەم بۆچوونەدا بەر چاو دەکەون کە دەبێ تێبینی بکرێن.

هەڵبژاردنی ئەم بێشکارانە و جیاکردنەوەیان لە هی تر کە وەك ئەمانن لە ئەرکدا شتێکە بە ئارەزو بووەو بەند نەکراوە بە هیچ بنەمایەکی رێزمانییەوە. بۆ نمونە پێشگری (بەر, دەر،-پێش, -پاش) لە کاری (بەرکەوت، سەرەوت، پێشکەوت, پاشکەوت)دا، دیسانەوە هەر ئەرکی ئاوەڵکار دەبینن و دەبوایە ئەم کارانەش هەر دارێژراو بوونایە، کەچی بە لای زۆریانەوە بە لێکدراو دانراون هەر لەبەر ئەوەی، کە ئەم پێشگرانە ((بەسەر بەخۆیش)) دەبینرێن بێئەوەی ئاگاداری ئەو راستیە بین کە ئەمانە جۆرێکی ترن و لە گەڵ شێوەی سەر بەخۆکاندا لە ئەرك و واتادا جیابونەتەوە، بۆ نمونە (سەر) لە کاری (سەرکەوت)دا، جیاوازە لە (سەر) لە (سەرتاش و سەردان)دا لە روی ئەرك و واتاوە بەوەدا کە (سەر) ی یەکەم ئاوەلکارو (سەر)ی دووەم ناوەو ئەندامێکی لەشەو ئەوی تریان بە واتای (بۆ سەرەوە) دێت. لە لایەکی تریشەوە، هەر (سەر)ی یەکەم پێشگرەو ئەی تریان وشەیە.

لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە بەلای هەموویانەوە تەنیا پاشگری (-ەوە) کاری دارێژراو دروستدەکات[1]. هیچیان کەم و زۆر بیریان لە پاشگری (-اند) نەکردۆتەوە و کارێکی وەکو (شکاند,تاساند, رماند)یان بە سادە لێکداوەتەوە، هەرچەندە زۆر ئاشکرایە کە (-اند) مۆرفێمێکی بەندە و بە کۆتای کارەوە دەلکێ پەیوەندی رێزمانی بەکارەوە زۆر زیاتریشە لە

---

١- بروانە کتێبی قوتابخانەکانییە پۆلی یەکەمی ناوەندی،ل (-).



پاشگری (-ەوە) چونکە ئەگەر ئەمیان تەنیا دووپاتبوونەوەی کارەکە دەردەبرێ کە لە زۆر زماندا بە هۆی یەکگێرەکی تایبەتیەوە, دەرنابرێ ئەگەریش دەربڕێ بە پاشگری رێزمانی دانانرێ، ئەوی تریان هاوبەش بۆ کارەکە زیاددەکات و کارای رستەشش دەکات بە سەرچاوەی روداو. لەمەدا (-اند) پاشگرێکی رێزمانیەو پەیوەندی راستەو خۆتی بە کارەوە هەیە و دەبێ لە پۆلێنکردنی کارادا بایەخێکی زۆر زیاتری بدرێتێ نەك بخرێتە پشت گوی و پلەی مۆرفێمیشی نەدرێتێ وەك لەم پۆلێنەدا روی داوە.

دیسانەوە هەڵەیەکی تری ئەم جۆرە پۆلێنانە لەوەدایە کە هەندێ مۆرفیمی رێزمانی بەندی تری کوردیش پشتگوێ دەخات، بەتایبەتی ئەو مۆرفێمە بەندانەی کە تاف و(بەردەوامی نابەردەوامی) موودی(دیارو نادیاری و مەرجی و نەرێ) کاتر پیشان دەدەن وە ك (-دە, بە-مە، /نە/ نا-، ایە) بەم پێیە کارێکی وەك: دەڕۆم، دەمخوارد، بمخواردایە، برۆ, مەڕۆ.... هتد, دەبێ سادە بن نەك دارێژراو.

هەروەها ئەم پۆلێنانە گوێی نەداوەتە راناوە لکاوەکان کە هیچ کارێکی کوردی بەبێ ئەمانە تەواو نابێ با ئەمانە پاشگر بن یان نەبن, مۆرفیمی بەندن و دەبێ واسەیر بکرێت, ئیتر چۆن کارێکی وەك ((خواردم، سوتا، چوو. . . . . هتد) بە سادە دادەنرێ وەك لەم پۆلێنانەدا باوە.

بەم جۆرە دەبینن کە ئەم پۆلێنانە زۆر ناسەرکەوتوو بێسوودن، چونکە ناتوانن زانستیانە نەکاری دارێژراو لە کاری لێکدراو جیابکەنەوە و(دەرکەوت دارێژراوە، بەڵام سەرکەوت لێکدراوە) نەدەشتوانن, لەلایەکی تریشەوە کاری سادە و نادەادە (دارێژراو) لە یەکتر بترازێنن، چونکە بە پێی ئەم بۆ چونانە (دەڕۆم. نادەم, مەڕۆ) سادەن, بەڵام (هەڵکرد, رۆکرد, راکرد) دارێژراون. سەرنەکەوتویی پۆلێنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم رێزمان نووسانە هەر دانیان بە بوون و ئەرکی مۆرفێمی دارشتندا ناوەوە, هەر ئەرك و توانای ئەو مۆرفیمانەیان لێکداوەتەوە کە واتای دەگۆڕن، وەك (هەڵ-، را-, دا-، -ەوە) لە (گرت-هەڵگرت, کرد-راکرد, گرت- داگرت, هات-هاتەوە). هەموو مۆرفیەکانی تر, ئەوانەی ئەرکی رێزمانیان هەیە, ئەمان گوێییان نەداوەتێ و, بێ بایەخ سەیریان کردون, لەگەڵ ئەوەشدا کە گرنگی ئەوانە لە پاشگری دارشتن زیاترە چونکە ئەمانە زۆر بە رێك و پێکی و بەر بڵاوی لە زمانەکەدا کاردەکەن.

بە هەڵگرتنی ئەو سنوورەی کە لێرەدا بە زۆر لە نێوان پاشگری رێزمانی نارێزمانیدا داتاشراوە دەگەینە پۆلێنێکی تر ___ نادەادەو لێکدراو___ کە لە هەموو سەرێکەوە لە پۆلێنە

کۆنەکە ___ سادە، ناسادە (داڕێژراوو لێکدراو) ___ پەسەندترو رێکترە. جیانەکردنەوەی گیرەکی داڕشتن و ڕێزمانی لێرەدا لەبەر ئەم بنەمایانەی خوارەوەیە:

هەموو ئەم گیرەکانە بەهەموو چەشنەکانیانەوە مۆرفیمن و ناتوانرێ لە پۆلێنێکدا، کە بە پێی رۆنان بێت، بوونیان بەر چاو نەگیرێ,. بۆ نمونە لەکارێکی وەك (ڕادەکەن)دا (-ڕا،کە-) بە مۆرفیم دانران, ناچارین کە (دە و ن) هەر بە مۆرفیم دانێین. هەروەها لە ((سوتام))دا کە (سوت-) بە مۆرفیم دابنرێ، ئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ((-م))یش هەر هەمان حیسابی بۆ کراوە.

ئەم گیرانە لە هەر جۆرێك بن لە شێوەی مۆرفیمی بەندان لە زمانەکەدا. بە واتایەکیتر جارێکی تر بە هەمان ئەرك و واتا سەربەخۆ پات نابنەوە.

ئەم گیرانە هەموویان وەك گیرەی بەند لە هەموو زمانێکدا واتای خۆیان بزردەکەن و بە هۆی ئەرکەکانیانەوە دەناسرێنەوە، تەنانەت ئەم ئەرکانەش هەموو کاتێ بە ئاسانی دیاری ناکرێن وەك:

دە- =نیشانەی بەردەوامی (دەڕۆم, دەخوارد)

ب- = نیشانەی ئیلزامی

-مە/نا/ نە = نیشانەی نەفی


هەڵ ___ =بۆ سەرەوە زیادبوون


دا___، رۆ___ = بۆ خوارەوە.

لابردنی سنووری نێوان گیرەکی ڕێزمانی داڕشتن و سەیرکردنی هەموویان وەك مۆرفیمێکی لەوبەند و لێکدانی کاری سادە و داڕێژاوی پۆلێنە کۆنەکە و دانانی هەردوکیان بە (داڕێژراو) بە ئارەزو نییە بەڵکو چەندین هۆ هەن کە پاڵپشتی ئەم دەکەن.

(١) لە روی واتاوە واتای کاری ناسادە (سادە و داڕێژراوی کۆن) لە کوێ هەموو کەرتەکانیەوە دێ بە واتایەکی تر، واتای کارەکەی لە لێکدانی کەرتەکانەوە هاتووە و مەرج نیە هەریەکێك لەم کەرتانە واتا یان ئەرکی تایبەتی خۆی هەبێت. بۆ نموونەکە بەراوردێکی ئەم سێ کارە داڕێژراوەی خوارەوە دەکەین و واتاو ئەرکی کەرتەکانی شیدەکەینەوە دەبینین لە یەکەمدا هەر کەرتە ئەرکێکی تایبەتی پێسپێردراوی هەیە، بەڵام لە دووەمدا هیچ کەرتێك بە تایبەتی ئەرکی ((بەردەوامی)) نابێنێ، هەرچەندە چەمکی بەردەوامی لە کارەکەدا هەر ماوە. لە سێیەمدا ئەرکی بەردەوامی جارێکی تر بە هۆی کەرتێکەوە دەردەبڕدرێت.





(٢) دیسانەوە لە روی رستەسازیشەوەئەم کارە دارێژراوانە هـەموویان وەك کـارێکی سـادە هەڵسوکەوت دەکەن چونکە رێگە نادەن کەرەسەی تر بچێتە نێوان کارەکانیانەوە.[1]

(١) منداڵەکە رایکرد

* منداڵەکە رای خێرا کرد

(٢) نەم خوارد

* نەخێرا خواردم

(٣) سوتام

* سوتا خێرا

(٣) نیشانەیەکی تری رەفتاری هەموو ئەم کارە دارێژراوانە وەك کارێکی سادە لەوەدایە کە کەرتەکانی جێگۆڕنین, بە واتای ئەوەی پاش و پێش ناکەن و هەر کەرتە شوێنی خۆی دەپـارێزێ و کەرتەکان ریز تێکنادەن:

(١) ئاوەکە هەڵدەچێت

* ئاوەکە دەچێت هەڵ

(٢) مناڵەکە بە دارەکەدا سەرکەوت.

* مناڵەکە بە دارەکەدا کەوت سەر.

(٣) نان دەخۆن

* نان خۆن دە

(٤) نەم دەخوارد

* نە دەم خوارد

(٤) نیشانەیەکی تری رەفتاری لەیەکچووە هەمو ئەم کـارە دارێژراوانـە لەوەدایـە، کـە لـە هەموویاندا تاکە یەك هێزی سەرەکی هەیە کە دەکەوێتـە سـەر کەرتەکـەی پێـشەوە وەك لـەم کارانەدا دەبینرێ

ڕام کرد, سەرکەوت، دەرکەوتن

دەخۆم, نارۆیت، بخۆن

---

١- مەبەست لە کەرەسە لێرەدا وشەی سەربەخۆیە (ئاوەڵکار، ناو. . . . .) نەك راناوی لکاو کە دەچێتە نێوان کەرتەکانی کارەوە، وەك: هەڵیانگرت، هەڵم خست. بە پێویـستم نـەزانی لـە سـەرەوە ئەمـە روون بکەمـەوە چونکە وەك هەموو لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات راناوی لکاوم بە کەرتی کاری دارێژراوم داناوە.



تەنانەت گۆڕانی شوێنی هێزەکە هەندێ لەم کارانە لە ناوەکانیان جیا دەکاتەوە

سەرکەوت (کار) هەڵکەوت (کار)

سەرکەوت (ناو) هەڵکەوت(ناو)


(٥)دەلیلێکی تریش بۆئەو راستی یەی کەئـەم گـیرەك و رەگانـە بـە هـەموویان کـارێکی دارێژراوە دروست دەکەن کە وەك یەك دانەی رێزمانی کاردەکات ئەوەیە کـە گیرەکـە ریزمـانی یەکان بەپێش رگەکەیەوە دەلکێن.

ڕام کرد، رام نەکرد، رابکە، رادەکەم، رام بکردایە، رابکەم.

خواردن دەخۆم، بخۆم، نەخۆم، مەخۆ، بخوات.

کرتاند بکرتاندایە، نەکرتاند، بکرتێنە.

لەبەر تیشکی هەموو ئەو راستیانەی سەرەوە دەبـێ لـە پـۆلینکردنی کـاردا جیـاوازی نـەکرێ لەنێوان گیرەکی رێزمانی و نارێزمانی هەموویان هەربە مورفیمی بەند دابنرێن. هەرلەبـەر رۆشـنای ئەم بنەمایەدا بەلای ئیمەوە کاری سادە لەکوردیدا نییە، بە واتای ئەوەی کەکار لە کوردیدا دەبێـت بەلای کەمەوە لە دووکەرت (مۆرفیم) پێك بیت وەك لەم نەخشەیەدا روون کراوەتەوە:




---

١- (٧) م١، م٢، م٣ = مۆرفیمی بەندی یەکەم و دووەم م . . . . . . . . . . هتد.

نمونە: دادەشکێنمەوە (١ + ٢ + ٣ + ٤ + ٨ + ٧)

هەڵکرد (١ + ٣ + ٨)

هەڵکردووە (١ + ٣ + ٧)


دەڕۆم (٢ + ٣ + ٨)

سووتا (٣ + ٨)

دام نەگیرساندایەتەوە (١ + ٨ + ٢ + ٣ +٤ + ٨ + ٧)

دام نەگیرساندووە (١ + ٨ + ٢ + ٣ + ٤ + ٥ + ٨)

## داڕێژراوی نادیار




نمونە: هەڵدەدرێتەوە (١ + ٢ + ٣ + ٤ + ٥ + ٨ + ٧)

نووسرایەوە (٣ + ٤ + ٥ + ٨ + ٧)

---

١- هەموو شوێنەکان جگە لە هەشتەم ئاسایی بەو جۆرەی سەرەوە ڕیزدەبن. [- ەوە ] ئاسایی لە دواوە دێ، [- اند] پێش [ _ وو ] و [- ایە ] دەکەوێ. هەرچی کەرتی هەشتەمە (ڕاناوە لکاوەکان) شوێنێکی تایبەتی و نەگۆڕیان نییە و هەرجارەی بەکەرتێکەوە دەلکێن. دیسانەوە ئەمانە هەرچەندە مۆرفیی بەندن لەم ڕۆنانەدا, لە سەرێکی تریشەوە لە هەموو مۆرفیمە بەندەکانی تر جیاوازن، چونکە بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆش لە زمانەکەدا دەبینرێن (من، ئەو، تۆ، ئەوان. . . . . . . . . هتد) لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵە داخراوە لە بارێکی تایبەتی دان، بە واتای ئەوەی نە پاشگرن و نەمۆڕفیمی سەربەخۆ و شوێنیش دەگۆڕن بە پێی کاریگەری و کاتی کارەکە، وامان بە باشتر زانی ئەم تایبەتییەی راناوەکان لە نەخشەکەش دا نیشان بدەین، لە بەر ئەوە دوا شوێنمان بۆ داناو لە سەرەوەی هێڵەکە (بە پێچەوانەی کەرتەکانی ترەوە) خانەمان بۆ کردەوە.



نەخشەکانی سەرەوە ئەم ڕاستیانە روون دەکەنەوە:

ڕەگی دیار دەمی کات پیشان دەدات، بەڵام ڕەگی نادیار رابردوو و رانەبردوو دەرناخات.

ژمارەی کەرتەکانی کاری داڕێژراو لەنێوان ٢-٧ دایە، بەواتای ئەوەی هەرگیز لە دوو مۆرفیم کەمترو لە حەوت زیاتر نابێ.

ئەو کەرتانەی زیاتر لە ئەندامێکیان هەیە (وەك ١، ٢، ٣، نەخشەی یەك و ١، ٢ و ٥ نەخشەی دووەم), لەمانە تەنها یەکێك لە یەك کاتدا هەڵدەبژێرێ. بۆ نموونە، لە کۆمەڵەی یەکەم کە(دا-) بەکارهات ئیتر مەودا نییە (هەڵ-)یان (-ڕۆ) هەڵبژێرێ. تەنیا لە یەك جۆر کاتدا، رابردووی بەردەوام لەکۆمەڵێ دووەم (دە-نە-)پێکەوە بەکاردێ. وەك. نەم دەخوارد، نەدەهاتم، نەدەنووست.

(٣) تەنیا کۆمەڵەی هەشتەم دەتوانن لەکارێکدا پاتبیتەوە، بە واتای ئەوەی دوو جۆر لەیەك کاردا بەکاربێت، ئەویش دەبێ جارێك بگەرێتەوە بۆ بکەرو جارێکی تر بۆ بەرکارو پێشبینی ئەوەش ناکرێ،کامیان پێشتر دەکەوێ.




هەموو ئەومۆرفیمانەی کە کاری داڕێژراو پێك دێنن بەندن. هەرچەندە راناوە لکاوەکان و هەندێ لە ڕەگەکان لەشێوەی مۆرفیمی سەربەخۆدا دەبینرێن, [- م= ص، ڕۆ_ =ڕۆ (ڕۆ)، ڕەوت] ئەمانەش لەداڕشتنی کاردا هەمیشە بە شێوەی مۆرفیمێکی بەند کاردەکەن پەیوەندیان لە رووی واتاو سینتاکەوە بە ((شێوە)) سەربەخۆکەیانەوە نەماوە.[1] لەو کۆمەڵە مۆرفیمانەی سەرەوە دوانیان لە هەموویان گرنگترن، چونکە بێ ئەم دووانە کار دروست نابێ، ئەمانەش: ڕەگ و راناوی لکاوە. هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەوانی تر ئارەزوومەندانەیە.

بەم جۆرە دەبینین کە لەڕاستیدا کاری سادە لە کوردیدا نییە بە واتایەکی تر, کار نییە لە زمانەکەدا تەنیا لە یەك مۆرفیم پێك بێت.

---

١- بۆ نموونە بوونی راناوی سەربەخۆ لە رستەدا نابێتە هۆی فرێدانی راناوی لکاو * من دەڕۆ. هەروەها (ڕەوت) و (ڕەفتار) و (ڕەو) لە واتادا لە (ڕۆیشتن) دوور کەوتوونەتەوە, جگە لەمەش زۆربەی ڕەگەکان شێوەی سەربەخۆیان هەر نیە وەك هاویشتن، بردن، مردن، کوشتن، خستن، ڕواین، شکاندن، برژاندن. . . . . . .

هەموو كارێك لە هەردەم و تاقیكدا بێت بەلای كەمەوە دەبێ لەدوو مۆرفیم پێك بیت. بەلای منەوە ئەم رستی یە زۆر ئاشكراو روونەو رێزمان نووسە كاتی پێشتر بەئارەزوو بەم شێوەیە بۆ دیاردەكە نەچوون لەبەر سێ هۆی تایبەتی كە بەلایانەوە نە نگ بووە وادانێ پێ دانێن.

(١) بەلایانەوە سەیر و نائاساییە لە كاتێكدا كاری ناسادە هەبیت لە زمانێك داییەكاری سادە نەبێت.

(٢) نەیانویستووە راناوە لكاوەكان بە پاشگر دابنێن چونكە بە لایانەوە پاشگر هەر دەبێ واتا بگۆرێ و ئەمانەش واتاگۆر نین. بۆ ئەوەی نەچوون كەئەم راناوە لكاوانە پاشگربن یانەبن،هەر مۆرفیمن. كەمۆرفیمیش بن، دەبێ كارێ سادە لە كوردیدا نەبێ،چونكە كار بەلای كەمەوە دوو مورفیمی دەوێ بۆ پێك هێنانی.

(٣) بۆ ئەوە نەچوون كەدووجۆر مۆرفیم لەزماندا هەیەییەمۆرفیمی دارِشتن و(وەك هەل-رِۆ-،-ئایی-ی. . . . . لەوشەی (هەڵچون، رۆچوو، نەرمایی، بێ دەنگی. . . . هتد) مۆرفیمی رێزمانی (وەك مۆرفیمی. ئاند-وو-ایە-ب- لەوشەی. سووتاند، خواردوو، بگرتایە یان پێش پرتك و ئامرازی بەستنەكان).

ئەم دووجۆرە مۆرفیمانە بەوەدا لەیەكتری جیادەبنەوە كەجۆری یەكەم واتا هەندێ جاریش بەشی ئاخاوتنی كەرەسەكە دەگۆریو هەمیشە دەكەوێتە پێش مۆرفیمی رزمانی یەوە لەرِیزبووندا (لەبەر ئەمە هەندێ جار بەمۆرفیمی پیش كۆتای ناو دەبرێت). هەرچی مۆرفیمی رێزمانی یە لە ئەنجامی پێوستی یەكی سینتا كسی یەوە دێتە ئاراوەو نەواتا گۆرەو نەبەشی ئاخاوتنی كەرەسەكە دەگۆرێ و هەمیشە لە ریزبووندا لەدواوەیەو وشەكە دادەخات. جیاكردنەوەی ئەم دووجۆرە مۆرفیمە لەیەكتری كارێكی پێویستە، بەلاّم نابێت ئەو راستی یەمان لە بیر بەرێتەوە كەهەردووكیان هەر مۆرفیمن و هەندێ جا سەربەخۆن جاری تریش هەیە لە شیوەی گیرەكدان. لەوە دەچێ رێزمان نووسەكان پێشتر هەر دان بە مۆرفیمی دارِشتن دا بنین و ئەمانە بە گیرەك(پاشگر یان پیشگر)بزانن بەوەدا لە پۆلین كردنی كاردا هەر حیسابیان بۆئەمانە كردوە. لەسەریكی تریشەوە، تووشی هەڵەیەكی گەورەتر بوون چونكە كە ئەم مۆرفیمە رێزمانی یانە یان كە بە گیرەك دانەناوە. ئیتر حیسابی مۆرفیمشیان بۆ نەكردووە. بەم جۆرە ئەم ئەم مۆرفیمە نەك هەر لە گیرەكی بەڵكو لە مۆرفیمیش كەوتوون و بوونەتە كەرتێكی بنەرِەتی كەرەسەكە بەپشت گۆی خستنی ئەم راستییەی زمانەكە، رێزمان نووسەكانی پێشتر خۆیان توشی گیر و گرفتی گەورەتر كردووە، چونكە خۆیان ناچاركردووە نەك هەر نیشانەكانی



كات وتاف وموو (دە-ب-، ایە، نە-) لە پیش كارەكان (هەڵ-را-رۆ-) جیابكەنەوە بەڵكو ئەو نیشانانەی بەبەشێكی بنەرِەتی و نەبچراو لەرِەگی كارەكە دابینین و نەك بە گیرەك بەڵكو بە مۆرفیمیش حیسا بیان بۆ ناكەن. ئەمەش پۆلبینەكەی خستوونە تە گیژاوی تەم و مژو دوو لایەنی یەوە چونكە دەبێ نە پێی پۆلینە كەیان (دەرِۆم، برۆو مەرِۆ)سادە بیت، لە كاتێكدا (داچووم، رۆكرد، هەڵواسی) نادەن.

دان نان بە بوونی كاری سادە لە كوردی دا نەك هەر لەگەڵ راستیە كانی زمانەكەدا جووتە و دەگونجیت، بەڵكو پۆلینی كاریش لە ناوێزەی و تەم و مژو دوولایەنی پۆلینە كۆنەكە رزگار دەكات (برِوانە دووابەش بۆ چاكەو كەڵكی ئەم پۆلینە نوێیە لە چاو پۆڵێنەكەی پێشتردا).

## ٣-كاری لێكدراو (پێناسە):

بیرورِاكانی بەشەكانی پێشتری ئەم لێكۆڵینەوەیە وا دەریدەخەن كە بەلای ئێمەوە كاری لێكدراو بریتییە لەو كارەی كە كارێكی دارِژراو بەشداری لە پێكهێنانیدا بكات، بەلاّم جگە لە مەش دەبێ بەلای كەمەوە كەرەسەیەكی تریش لەگەڵدا بێت. ئەم كەرەسەیە كەبە زۆری مۆرفیمێكی سەربەخۆیە لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵكاردا ئاسایی پێش كارە دارِژاوەكە دەكەوێ.

بەڵێنی دا. (ناو + كاری دارِژاو)

جیا بۆوە. (ئاوەڵناو + كاری دارِژاو)

توندی كرد. (ئاوەڵناو + كاری دارِژاو)

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین، كە هەندێجار مۆرفیمێكی بەند یان چەند مۆرفیمێكی بەندیش كەرتی یەكەمی كارەكە پێك دەهێنن:

دەربەست نەهات. (دەر + بەست) دەر كرابوو.

دەرباز بووم. (دەر + باز)

وەك بە نموونەكانی سەرەوەدا دەردەكەوێ ئەو كارە دارِێژراوانەی بەشداری دەكەن لە دارِشتنی كاری لێكدراودا ژمارەیان كەمەو بەزۆری بریتین لە (بوو، كرد، هەبوو)، هەرچەندە تارِادەیەكیش (برد، خوارد، دانا، گرت) لێرەدا چالاكی دەنوێنن. دیسانەوە ناو بە ناو كاری تریش هەر دەبینرێت:

رِەش هەڵگەرِا.

ژەنگی هێنا.

شایانی سەرنجە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لێکدراو گەورەترین دانەی کارە، کە هەوڵی دیاریکردن و جیاکردنەوەی درابێ. بە واتایەکی تر، بە پێچەوانەی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردییەوە[1], جیاکردنەوەی کاری ئاوێتەمان بە نا پێویست و نا کارەکی دانـاوە لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

هەموو کارێکی لێکدراو بە پێی بۆچوونەکەی ئێمە بە لای کەمەوە لە سێ کەرت کـەمتری نیە (واتا هەموو کارێکی لێکدراوئاوێتەیە), چونکە هەروەك لە باس کردنـی کـاری داڕێـژراوادا ڕوونمان کردەوە (بەشی دووەم)، کاری داڕێژراو لە ٢-٧ مۆرفیم (کەرت) پێـك هاتووەوکـارێکی لێکدراویش جگە لەم (٢-٧) بەلای کەمەوە مۆرفیمێکی لەگەڵدایە. کەواتە کارێکی لێکـدراو هەرگیز لە ((وشەیەکی واتادار و پێشگر یان پاشگر)) (پێناسەی ڕێزمانی ئاخـاوتن بـۆ کـاری ئاوێتە)[2] کەمتر پێك نایەت.

ئەوەی بەلای ڕێزمانی ئاخاوتنەوە گەورەترین ژمارەی کەرتی کاری لێکدراوە (کە سـیانە و هەر لەبەر ئەمە بە ئاوێتەی دادەنێن), لە بۆچوونەکەی ئێمەدا کەمترین ژمارەیـە، کـە بتـوانێ کاری لێکدراو داڕێژێ. ئاشکراشە کە لەم بۆچوونەدا ژمارەی کەرت بەرچاو نـەگیراوە، چـونکە زۆرجار وا ڕێدەکەوێ کە ژمارەی کەرتەکانی کاری داڕێژراو لەوانەی لێکدراو زیاترن:

دایان گرتنەوە. (وشەیەکی داڕێژراوە کە لە (٥) مۆرفیم (کەرت) پێکهاتووە)

دەستی کردەوە. (وشەیەکی لێکدراوە لە (٣) مۆرفیم پێك هاتووە)[3]

(١) ڕێزمانی ئاخاوتن بەوەی کە کارێکی لێکدراوی سێ کەرتی بەو مەرجانەی بۆی داناوە بە ئاوێتەی دادەنێ، دەرگایەك دەکاتەوە کە پێوەدانی نابێ، چـونکە دەبـێ دانـەی گـەورەتریش (چوار کەرتی و پێنج کەرتی و. . . . . . . . .) جیا بکاتەوە.

دەستی بکردایەوە. (وشەیەکی واتادار + پێشگر + دوو پاشگر)

دەستی نەکردایەتەوە. (وشە + دوو پێشگر + دوو پاشگر)

---

١- ل ٣٥٠

٢- هەمان لا پەڕە.

٣- هەر ئەم نموونەیە بەلای ڕێزمانی ئاخاوتنەوە ئاوێتەیە چونکە لە لە وشەیەکی واتـادارو پاشـگرو پێـشگرێ پێك هاتووە.



ئەمەش بێ گومان تووشی گێژاومان دەکات چونکە هەمان کار لـە ڕابـردوو و ڕانـەبردوودا یان لە ئەرێ و نەرێ دا دەبێت جورێکی تایبەتی بێـت. بـە پێـی تێڕوانینەکـەی ئێمـە ئەمانـە هەموویان هەر لێکدراون، چونکە لـە کـارێکی داڕژاو و (کـردووە، بکردایـەوە، نەکردایـەوە) مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێك هاتوون.[1]

جیاکردنەوەی کاری ئاوێتە لە ڕێزمانی ئاخاوتندا وەك بە هەندێ نموونەیدا دەردەکەوێ تەنها بۆ ئەوەیە جێگە بۆ ئەو کارانە بکەنەوە کە ((سەر زاری)) لە سێ مۆرفیمی جیاواز پێك هاتوون وەك (دەست لێ هەڵگرتن, پێ لێهەڵبڕین (نموونەی خۆیان), سەر لێـدان, بـاوەڕپێکردن), بـەلاّم لێکدانەوەیەکی ئەم کارانە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە (لێ و پێ) کەرتێك نیە لە کارەکە بەڵکو بۆ جێگیرکردنی بەرکاری بەیاریدە دانراون و دەتوانرێن لابرێن وەك بەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| سەریان لە باوکیان دا | سەریان لێدا (سەردا (کارەکەیە)) |
| باوەڕ بە ئێوە ناکەم | باوەڕتان پێناکەم (باوەڕکرد) |
| دەستی لە کچە هەڵگرت | دەستی لێی هەڵگرت (دەست هەڵگرتن) |
| پێی لە هەموو نەریتێ هەڵبڕیوە | پێی لێ هەڵبڕیوە (پێ هەڵبڕین) |

## ٣:٢ جۆرەکانی کاری لێکدراو:

ئەو کارانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە لێکدراو نـاو دەبـرێن بـریتین لـە دوو کۆمـەڵ: (١) ئەوانەی کە ڕووداو پیشان دەدەن. (٢) ئەوانە کە بار دەگەیەنن. هەریەکەش لـەم دوو کۆمەڵـە خاوەنی چەند تایبەتیەکی خۆیەتی (بڕوانە بەشی ٣:٣ بۆئەم تایبەتیە) ئەوەی شـایانی سـەرنجە ئەوەیە کە ئەم دوو کۆمەڵـە بـەهۆی جـۆری کەرتـەکانی پێـشەوە جیاناکرێنـەوە وەك هەنـدێ زمانەوان هەوڵی داوە[2]، بەڵکو بەهۆی ئەو کارە داڕێژراوەوە دەبـێ کـە بەشـداری دەکـات لـە

---

١- شایانی سەرنجە کە هەموو ڕۆنانێك لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و کارێکی داڕێژراو پێك دێت.

٢- بۆ نموونە ماکەرەس (١٩٥٩: ٩٥) بە پێی بەشی ئاخاوتنی کەرتەکەی پێـشییەوە کـار دەکـات بـە چـەند بەشێکەوە (١) ئاوەڵکار + کار (دەرکرد)

(٢) ناو + کار (بانگ کرد). (٣) ئاوەڵناو + کار (ئامادە کرد) (٤) گوزارە + کاری بە یاریدە (بە ئینسافە). بێ کەڵکی ئەم جۆرە پۆلێنە بەلای ئێمەوە لەوەدایە کە هەمان کاری داڕێژراو دەتـوانێ زیـاتر لـە یـەکێك لـەم

رۆنانی کارە لێکدراوەکە. بەم پێیە دەبێ دوو جۆر کاری داڕێژراو جیابکەینەوە: ئەو کارە داڕێژراوانەی کە رووداو دەگەیەنن و ئەوانەی سیفەتێك یان بارێك دەدەنە پاڵ بەشدارێکی رستە. بۆ نموونە کارەکانی کۆمەڵەی یەکەمی خوارەوە هەموو رووداو پیشان دەدەن و ئەوانەی دووەم سیفەتێکی بکەر (بکەری رێزمانی).

(١) سوێندی خوارد
دەرگاکەی چاك کرد
گفتی دامێ
دەربەست نەهات

(٢) شارێکی پاك بوو
جوان بووە
دەرباز بوو
دەربەست نیە[1]

لێکدانەوە و بەراوردکردنی ئەو دوو کۆمەڵە رستەیە وامان بۆ دەردەخات کە تاکە سیمایەك گرنگی وەردەگرێ لە جیاکردنەوەی کاری (لێکدراوی) رووداو و بارگەیەندا: خۆکرد خۆنەکرد. ئاسایی کاری رووداو گەیەن خۆکردە بەهێز بێت یان بێهێز، بە واتای ئەوەی لە ژێر کاری بکەردایە جووڵە پیشان بدات یان نەدات. بەپێچەوانەشەوە کاری بارگەیێن بێ هێزو خۆنەکردە، بە واتای ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی نییە جووڵە بگەیەنێ یان نەگەیەنێت. وا لەخوارەوە هەندێ کار لەبەر تیشکی ئەم دوو سیمایەدا شیدەکەینەوە.

١. کاری لێکدراوی رووداو گەیەن
(أ) خۆکرد + بە هێز
شەڕی کرد

کەرەسانە وەربگرێ, بەواتایەکی تر، هەمان کار دەشتوانێ، بۆ نموونە، ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاریش وەرگرێ (وەك: دەر / بانگ / ئامادەکر). یان ئاوەڵناو و ناو پێش خۆی بدات: وێنەکە جوان بوو / وێنەکەی جوان کرد. شەڕی کرد / شەڕی بوو.

١- بەلای ئێمەوە لەم جۆرە رستانەدا کاری ((هەبوون)) تێ چووە و لە بنەڕەتدا رستەکە بەم جۆرە بووە: دەربەست هەم / دەربەست نەهەم.



شڕی کرد
سوێندی خوارد
(ب)خۆکرد+بێ هیز
خۆشی دەوێ
حەزی لێکرد
داوای کرد

٢. کاری لێکدراوی بارگەیەن:
(أ)خۆنەکرد+بێ هیز
دڵیان بە یەکترەوەیە
کوڕە بەجەرگە
(ب)خۆنەکرد +بەهیز
لەپڕ بەلادا هات
دەرباز بوو

کەوا بوو بۆ جیاکردنەوەی کاری (لێکدراوی) رووداو، گێر لە کاری (لێکدراوی) بارگەیەن دەبێ لەباری بکەری رستەکە لە رووی واتاوە بکۆ لێنەوە. کاری رووداو گێر لەگەڵ بکەرێکدا دێ کەچەند مەرجێکی تێدا بێت:

(١)کارا بێت، بەواتای ئەوەی خۆی کارەکە بکات بەویستی خۆی.

(٢)سەرچاوەی کارەکە بێت. بەواتایەکی تر کارەکە لەوە وە بێت تەنانەت ئەگەر خۆشی نەیکات وەك: قازی دزەکەی بەرەڵا کرد. سوێندی دام. (من-سوێندخوارد)، بەلام ئەو زۆری لێکردم) بایەکە شووشەکەی ورد و خاش کرد.

(٣)دەستی هەبێت لە ئە نجامدانی کارەکەداو چووبێتە ناو کارەك ەو تەنانەت ئەگەر بە رێکەوتیش بیت: بەرێکەوت لەئاهەنگەکەدا چاوی بە کچەکە کەوت. هەندێجار بکەر هەموو ئەم وەرچەخانەی تێدایە، بەلاّم بوونی تاکە یەکێك لەمانە بۆمان دەردەخات کەکارەکە رووداو گێڕە، هەروەك نەبوونی ئەم مەرجانەش لەبکەری رستەدا ئەوەیە کە کارەکە بار دە گەیەنێت.

### ٣:٣ کاری لێکدراوی رووداو گێڕ:

لەم جۆرە کارە لێکدراوەدا کەرتی یەکەم بەزۆری لە شێوەی کۆمەڵەیەکی ناوی دایە کە بە پرتك یان بێ پرتك دەست پێدەکات کە ئاسای دەوری بەرکارێکی راستەوخۆ یان بەیاریدە دەبینێ:

چاکەتەکەی لەبەرنەکرد. (لە بە ر کرد)بەڵێنیدا. گوێ ناگرێ. ئاگری لە خەرمانەکە بەردا. (ئاگری. . . . . بەردا) داوای کرد.

ئەم جۆرە کارانە چەند تایبەتی یەکی خۆیان هەیە کە لە کاری دارێژ راوو کاری بارگەیەن جیایان دەکاتەوە:

(١)ئەم کارانە لەڕووی واتاوە بەگشتی روونن. بەواتایەکی تر واتاکانیان لەواتای کەرتە کانیانەوە پێش بینی دەکرێن و دەدۆزرینەوە چونکە هەرچەندە بریتیشە لەبەر کارێك و کارێکی دارێژراو، بەلاّم بەشی زۆری واتاکە لەواتای بەرکارەکەدا خەست بۆتەوە کارەکەش واتاییەکی فەرهەنگی ئەو تۆی نییە و تاکە گرنگی لەوەدایە کە بەهۆی گەردانکردنیەوە کات و تاف و ڕەوو بار (دیار و نادیار)پیشان دەدات:

سوێندم خوارد (ڕابردوو)
سوێند دەخۆم (ڕانە بردوو)
سوێندم دەخوارد (بەردەوام)
سوێندم خواردووە (تەواو)
سوێندم خواردبوو (ڕابردووی دوور)
سوێند بخۆم (ڕانەبردووی ئیلزامی)
سوێندم بخواردایە (مەرجی)
سوێند بخۆ (فرمان)
سوێند بخورێ، سوێند دەخورێ (نادیار)

(٢) لەبەرەوەی واتای رۆنانەکە هەمووی بەزۆری لەکەرتی یەکەمدا کۆدەبێتەوە دەبینن ئاسای هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر چونکە دابەش بوونی هێز پەیوەندی بە زانیاری نوێوە هەیە هەر کەرەسەیەکی رستە زانیاری نوێ بدات بەگوێگر و خوێنەر، ئەو کەرەسەیە دەرکەوتووتر دەوەستێ بەوەی هێزی سەرەکی وەردەگرێ و دەبێتە چە قێك بۆ ئاواز گسۆ رین. سەرنجیك لە چۆنیەتی گۆرانی شوێنی هێزی سەرەکی لەم رۆنانەی خوارەوەدا ئەم رستی یە دەسەلمینێ:



خواردم (دارێژراو).
دەخۆم (دارێژراو) بەلاّم سوێند دەخۆم. (لێکدراوی روو داوگێر)
بەڵێن دەدەم. داوایکرد.

بەلاّم لەرێژەی نەرێدا، هێزی سەرەکی دەچێتە سەر پێشگری نەرێ، چونکە ئەم پاشگرانە لە کوردیدا هەمیشە هێزی سەرەکی بۆ خۆیان رادەکیشن لەبەر ئەوەی هەڵویستی قسەکەر بەرامبەر هەموو رستەکە دەدرکێنن:

مەخۆ، ناخۆم
مەکە، نەخۆی
سوێند مەخۆ، سوێند نەحۆی
سویند ناخۆم

(٣) هەندێ لەم کارانە بەقۆناغی واتا خواستندا رۆشتوون بە واتایەکی تر واتای رۆنانەکەی لە کۆی واتای کەرەتەکانیەوە نەهاتوون، بەڵکو بریتی یە لەواتای ئەمانە و واتای تریش. لەبەر ئەم جۆرە کارانە لەهەمان کاتدا بە ئیدیەم دادەنرێت لە کوردی ئێستادا.[1] وەك:

زمان درێژ مەکە.
چاومان پێیکەوت
گوێی شۆر کرد
دڵی پیس بووە

(٤) لەبەر ئەوەی کەرتی یەکەمی ئەم کارانە خۆیان بەرکارن، بە پێچەوانەی کاری ناسادەوە، رێگە بە بەرکاری راستەو خۆی تر نادەن لە گەڵیاندا بێت:

چراکەی هە ڵکرد. (دارێژراو)
مۆمەکەم کوژاندەوە. (دارێژراو)
* شووشەکەم درزی برد (لێکدراو)

ئاسایی هەردوو جۆرە کارەکە بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەردەگرن:

چراکەی بەمن کوژاندەوە
مۆمەکەی بۆمن هەڵکرد

---

١- بڕوانە: دیسان ئیدیەم.

سوێند بەمن دەخوات

سوێندی بۆ من خوارد

بەڵێنی بەوان داوە

هەر لەبەر ئەوەیە کەهەر ناوێك لەپێش ئەم کارانەوە بێت بکەری رستە لێك بدرێنەوە، نـەك بەکاری راستەوخۆ:

شووشەکە درزی برد

منالەکان گفتیان دا

خەلکەکە گوێ لە ئێوە ناگرن

بە پێموانەشەوە ناوی پێش کاری ناسادە دەتوانن ئەرکی بکەر یان بەرکار ببینن:

چراکە داگیرساوە

چراکەم داگیرساند

(٥)کەرتی سەرەکی کارەکە لە رۆنانی تریشدا واتای خـۆی دە پـارێزێ یـان بەهـەمان واتـا دێت. بەواتایەکی تر، ناوەکە واتای خۆی ناگۆرێ یان واتاکەی کاڵ نابیتەوە. بۆ نموونـە، وشـەی ((گوێ)) لەهەموو ئەم رستانەی خوارەوەدا هەر بەواتای ((ئەندامێکی لەش))دێ

گوێ بگرە

گوێیان بری

گوێ قورسە

گوێ شۆرە

گوێ ناداتە کەس

بەپێچەوانەشەوە کـەرتی یەکـەمی کـاری دارێـژراو واتایـەکی ئاشـکرای نییـە و لـە هـەر رۆنانێکدا تایبەتی هەیە، بەواتایەکی تر، فرە واتاو واتا گۆرە. بۆنموونە، کەواتای (-هەڵ)(دا-)(را) (رۆ-) یان (-ەوە) دەکۆڵینەوە دەبینین هەر یە کەیان بریتییە لـە چـەند ئـەلۆمۆرفێك وەك بەم نموونەدا دەردەکەوێت:

أ-(هە ڵ-): ئالأکەیان هە ڵکرد =بەرز کردنەوە بە رەو ژوور.

ب-(هەڵ-)گلۆ پە کەی هە ڵکرد =داگیرساند

ت-(هەڵ-) بایەکی توند هەڵیکرد = دەستی پێکرد

ج-(هەڵ-)منالەکەمی هەڵ خەڵەتاند



ح-(هەڵ-) گۆرەکەیان هەڵبەست

خ-(هەڵ-) لە گە ڵ تۆ دا هەڵناکەم

د-(هەڵ-) شەرێکی هە ڵگیرساند

ر-(هە ڵ-)جلە کان هەڵ دەخات

ز-(هەڵ-) ئەسپەکە هەڵ دێرا

س-(هەڵ-) هەڵی کوتایە سەر منالە کە

ش-(هەڵ-) هەلێکی چاکی بۆ هە ڵکەوت

ع-(هەڵ-)پیاوەکە هە ڵمەدە

سەرنجێکی سەر پێ ی ئەم نموونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆر جار دڵنیا نـابین لەواتای (هەڵ-)وەك لە نموونەکانی ج-ع) سەرەوەدا دەبینین. ئەمەش رەفتـارێکی زۆر ئاسـاییە لە مۆرفیمی رێزمانی رێزمانەکانیشدا دەردەکەوێ کە سەر بەخۆن وەك لە پـێش پرتـك و پـاش پرتکدا دەردەکەوێ:

| | |
|---|---|
| بە پێ دەروات | بەسەریەوەدا |
| دای بە من | بە رۆژ ئەنوێ |
| لە تۆ بەشکە | بە شوویان دا |
| دای بەئەرزا | بە پیاو دەکرێ |

کەواتە جیاکردنەوەی ئەم مۆرفیمانە لە کەرەسەی سـەربەخۆی واتـادارو لێکـدانیان لەگـەڵ مۆرفیمی بەندیتردا وەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا کراوە لە جێی خۆیدایەتی.

(٦) هەردوو کەرتی کارەکە دەتوانن جێگە بگۆرنەوە, بە واتای ئـەوەی پاشـوپێش بکـەن و کەرتی یەکەم بچێتە دواوە. ئەم دیاردەیە بـە تایبـەتی لـە شـێوازی ئـەدەبی کوردیـدا بەرچـاو دەکەوێ و دەبیتەهۆی هێنانەناوەوە و خولقاندنی گومان و لە پری و بەتەمانەبوون.

ا- ریزبوونی ئاسایی

گوێ

قەپاڵ

رێگە     + راناوی + گرت

مان

ب- ریز بوونی نائاسایی:

گوێ

گرت + راناوی + قەپاڵ

ڕێگە

مان

ئەو گومان و لە پری و بەتەمانەبوونەی کە لە ئەنجامی ریزبوونی نائاساییەوە دێتە کایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جۆری کارە بە تاڵەکە پێشبینی دەکرێ، چونکە ژمارەیەکی زۆر کەم لە کار لەم چوارچێوەیەدا بە واتایەکی تر ئەو پۆلە کارەی لێرەدا دەبینرێت پۆلێکی داخراوەو لە (کرد, گرت دا، کەوت) و هەندێ جاریش (خوار, هێنا. .) تێناپەڕێ[1], بە پێچەوانەشەوە، ئەو پۆلە ناوەی لێرەدا دێت، بێ سنوورە و کراوەیە و دوای نایەت لەبەر ئەمە کارەکە دێتە پێشەوە هەرگیز ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین چ ناوێك بە دوایدا دێت, چەندیش بگەڕێین لە مێشکی خۆماندا لێکیبدەینەوە بەڵام لەو بارانەدا کە نلەکە لە پێشەوە دەدرێت بە ئاسانی پێشبینی کارەکەی دواوەی دەکرێت چونکە ژمارەی ئەو کارانەی بۆ ئەم شوێنە دەست دەدەن کەمن و پۆلێنێکی داخراون و تاڕادەیەکی زۆر لە روی واتاوە بە تاڵن و هەمووشیان هەر بەیەك واتا دێن, جگە لەمەش هەڵبژاردنی ئەم کارانەو رێکەوتنییان لەگەڵ ناوەکاندا چەند یاسایەکی ئاسان و بەربلاوی زمانەکە دیاریدەکات, کە هەر لە زوەوە قسەکەر فێری بووە و هەڵەی تێدا ناکات.

لەبەرئەوەی کەرتی پێشەوەی ئەم کارانە ناون دەتوانن وەك هەموو ناوێکی کوردی ئەرکی دیارخراو ببینن و دیارخەر لە پێش و پاشیانەوە بێت. لەم کاتانەدا دوو کەرتی کارەکە لەیەکتری دوور دەکەونەوەو دیارخەرەکان دەچنە نێوانیانەوە. تایبەتی ئەم کارانە زیندوویەکی تەواویان دەداتێ و هەر ئەمەشە کە بووەتە هۆی بەربلاویان لە کوردیدا. بڕوانە ئەم رستانەی خوارەوە کەرتی کارەکان هێڵیان بە ژێردا هاتووە:

گوێ لەکەس ناگرێ

ڕێگایەکی سەخت و دژواری گرتە بەر

---

١- کاری (بوون) و (هەبوونی) پەنامەکیش لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە ناودا کاری لێکدراوی رووداو گێڕ پێك دێنێ: شەڕی بوو, ناخۆشیان بوو. . . . .



ئاگرێکی زۆر گەورەی لە ماڵی خۆی بەردا

ئەو کەڵەی ئێوە گرتووتانە بەکەس ناگیرێ

ئەو بەڵێنەی تۆ داوتە بەکەس نادرێ

لێرەدا چەند خاڵێك سەرنج رادەکێشن:

کەرتی یەکەمی کارەکە، کە کۆمەڵێکی ناوییە هەروەك هەموو کۆمەڵێکی ناویی دەتوانرێ گەورە بکرێ. بەواتای ئەوەی بوونی ئەو کۆمەڵە ناوییە بە کەرتێکی کارەکە لە ئەرك و بایەخی کەم نەکردۆتەوەو بەمە پێوەندنەکراوەو هەموو مافێکی سەرەی کۆمەڵەی ناویی پاراستووە بۆیە دەتوانرێ ئاوەڵناوی ئیشارەو ژمارەو ئاوەڵناوی ئاسایی و رستەی گەیەنەرو نیشانەی کۆ. . . . . . . . . . هتد, وەربگرێ.[1]

سەرەی کۆمەڵە ناوییەکە بەزۆری وەك ناوێکی رووت (بێ گیرەك) دێ و ئارەزوی وەرگرتنی نیشانەی ناسیاری و نەناسیاری و کۆی کەمەو هەندێ سەرە بە ئاشکرا رەتیان دەکاتەوە و لەگەڵیاندا ناڕوات: ئەو بەلێنەی تۆ داوتە بە کەس نابرێتە سەر

ئەو هەوڵەی ئێوە داتان کەس نەیدەدا

ئەو قەپالانەی ئەو گرتی بەکەس ناگیرێ.

- قەپاڵەکانی ئەو گرتنی گەورە بوون.
- قەپالێك ئیوە گرتان گەورە بوو.
- قەپاڵەکە تۆ بیگری دەبێ گەورە بێ.

(٢) ئەو سوێندەی تۆ خواردت زۆر ناڕەوا بوو.

* سوێندەکەی تۆ دەیخۆیت ناڕەوایە.

* سوێندێك تۆ دەیخۆیت گەورەیە.

* سوێندەکان تۆ دەیانخۆیت گەورەن.

(٣) بەپێی ترازاندن و نەترازاندنی دوو کەرتەکە لە یەکتری جیاوازیەکی تەواو لە نێوان ئەم کارانەدا بەدی دەکرێ بە واتای ئەوەی لە کاتێکدا هەندێ لەم کارانە رێگە دەدەن کەرەسەی تر بچێتە نێوانیانەوە، هەندێکی تر جگە لە راناوی کەسی رێگەی ئەوە نادەن کەرەسەی تر لەیەکتریان بترازێنێ و بچێتە نێوانیانەوە. بەراوردێکی کۆمەڵی یەکەم و دووەم, لەم رستانەی خوارەوە ئەم راستیە دەخاتە روو:

---

١- بناغەی سادەترین رستەی کوردی، رۆشنبیری نوێ وریا عومەر ئەمین

١- پچراو
واز لە مافی خۆی چۆن دەهێنیٚ.
ئاگری لە ماڵی خۆی و خەڵکی بەردا.
هەوڵێکی یەکجار گەورەی بۆ مناڵەکاندا.
٢- نەپچراو:
شوشە گەورە جوانەکە درزی برد.
من بۆ ئێوە بۆچی ئازار بکێشم.
مناڵەکە فریوی خوارد.


(٨) جیاوازیەکی تری نێوان ئەم کۆمەڵە و کۆمەڵەکانی تر لەوەدایە کە کاری ئەم کۆمەڵە تێپیەڕ بێت یان تێنەپەڕ پێویستی بە بەرکاری راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆوە هەیە و هەرگیز بە پێچەوانەی کۆمەڵی یەکەمەوە لەگەڵ ئاوەڵکاردا نایەت وەك نمونەکانی (١) و (٢) دەردەخەن:

١- هەڵ کرد, راکرد, رۆکرد, داگرت
= ئاوەڵکار + کار
٢- بەڵێنی دا, سوێندی خوارد، چاوی کەوت بە
= ناو + کار

(٩) بەپێچەوانەی سەرەی کۆمەڵی ناوی ئاسایی، کەرتی پێشەوەی ئەم کارە ئاوێتانە پرسیار لە بارەیانەوە ناکریٚ. بە واتایەکی تر، ئەم ناوانە نابنە وەڵام بۆ پرسیارێك کە بە ئامرازی (چی) بکرێت.
مناڵەکە (چی) گرت؟
-* ئاگر, قەپاڵ، گویٚ، رێگە
لێرەدا چەند تێبینیەك هەیە کە دەبیٚ بخرێنە روو:
(١) کە پرسیار لە بارەی کەرتی پێشەوەی ئەم کارە ئاوێتانە دەکەین ئەو وەڵامەی کە دێتەوە ئەم کەرتە نیە بەڵکو بەر کاری راستەو خۆی ترە، کە ئاسایی لەگەڵ کارەکەدا بە بڵاوی بەکاردیٚ. بۆ نموونە لەوەڵامی پرسیاری وەك: مناڵەکە چی گرت؟
شتێکی وەك: چۆلەکەیەك، باڵندەیەك، مریشکەکە. . . . . . هتد, زیاتر چاوەڕوان دەکریٚ ببیٚ بە وەڵام وەك لە قەپاڵ گویٚ, رێگە، مان, پیٚ. . . . . . . . . هتد.



(٢) لەم کارە لێکدراوانەدا کە بەرکاری بەیاریدە دەکەوێتە نێوان کەرتەکانیەوە، کەرتی یەکەم (ناوەکە) کەمتر دەست دەدات بۆ پرسیار لێکردن, بەواتایەکی تر، ناوەکە چاوەڕیٚ ناکرێت ببێت بە وەڵام بۆ پرسیارێك کە بە(چی) بکرێت:
سبەینیٚ چی دێنیت؟
پارە, خواردن, هیچ
واز، هەرەس.
بە پێی ئەم بۆچوون و شیکردنەوەیەمان ئەم کارە لێکدراوانە لە ژێرەوەیان لە بنجدا بەم جۆرە خۆیان دەنوێنن:




### ٤:٣ کاری لێکدراوی بارگەیەن:

ئەم کارە لێکدراوانەش بریتین لە دوو کەرت یان زیاتر کە بەشی یەکەمیان ئاوەڵناوو بەشەکەی تریان کارێکی داڕێژراوە بەتایبەتی کاری (بوون) و (هەبوونی) پەنامەکی وەك لەم رستانەی خوارەوەدا دەردەکەویٚ:
مناڵەکان لە رێگا جیابوونەوە.
شارەکەیان کاول کرد.
بۆچی وا بێهێز بوون؟

ئەم کارە ئاوێتەیانەش خاوەنی تایبەتیەکی خۆیانن:

(١) کەرتی یەکەم بە زۆری ئاوەڵناون یان ئاوەڵکارن، بەڵام لەکوردی پێشتردا ئەم شوێنە ناوی بکەرو ناوی بەرکارو چاوگی تێدا بەکارهاتووە بەتایبەتی ئەو کەرەسە وشەییانەی لە ئەرەبییەوە هاتوون.

(١) دەرگاکەم چاککرد (ئاوەڵناو)

(٢) پەنجەرەکە توند بکە (ئاوەڵناو / ئاوەڵکار)

(٣) گوندەکە بێدەنگە (ئاوەڵناوی لێکدراو)

(٤) بەلاماندا تێپەر بوو.

(٥) دەربەست نەهات.

(٦) دەرباز بووە.

(٢) لەم کارانەشدا دیسان هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی پێشەوەی کارەکە لەبەرئەوەی ئەمیان واتای کارەکە هەمووی هەڵدەگرێ. کەرتی دووەم لە رووی واتاوە زۆر بۆشەو لە هەڵوێستی قسەکەر، نوسەر بۆ جۆری کارەکە بەولاوە هیچ زانیاریەکی تر ناگەیەنێ.

(١) تۆپەکانی جیاکردەوە.

(٢) منالەکان جیابوونەوە.

(٣) شارێکی جوانە.

(٣) دیسانەوە هەر بەشی دووەم (کارە بۆشەکە) گەردانە دەکرێ بۆ پیشاندانی تاف و کات و رەوت.

جیای بکەرەوە, کردەوە, بکەرەوە, بکردایەوە، کرایەوە

(٤) کەرتی یەکەم بە هۆی دیارخەرەوە فراوان دەکرێ، بەڵام ئاوەڵکاری رادە هەردەبێ لە پێشیەوە بێت:

ئەو کیژە جوان بوو.

ئەو کیژە جوان بوو.

ئەو کیژە جوان زۆر بوو.

ئەو کیژە جوان بوو زۆر؟

(٥) بە پێچەوانەی کاری لیکدراوی روداوگێرەوە, دووکەرتی کارەکە پاش و پێش ناکەن، بەواتای ئەوەی جێگە ناگۆڕنەوە:



* ئەو کیژە بوو جوان.

* دەرگاکەم کرد توند.

* ئاوەکەیان کردەوە پاك.

(٦) دوو کاری لێکدراو بە زۆری لەم جۆرە کارە لێکدراوەدا چالاکی خۆیان دەنوێنن: کاری بوون و هەبوونی پەنامەکی. هەردووکیان لە واتادا گرنگیان کەمەو تەنیا لەوەدایە کە کاتی کارەکە دەردەخەن. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە کاری بوون لەم رۆنانەدا بە دوو واتای جیاواز دێن: (١) گۆڕاوو. . . . بووە. (٢) ئەوسا. . . . . . بوو. وەکو لەم رستانەدا دەردەکەوێ:

ماڵەکە پاك بوو (ئەوسا پاك بوو).

ماڵەکە پاك بوو (گۆڕا, ئێستا پاکە)

لە واتای دووەمدا کارەکەی هێزی سەرەکی لە سەرەوە بەمە لە قسەکردندا لە یەکەم جیادەکرێتەوە.

هەندێ کاری داڕێژراوی تر ناو بەناو بە هەمان واتای ((بوون)) لەم جۆرە کارانەدا دێ. لە هەموویان چالاکتر لێرەدا چەند کارێکە وەك (هەڵگەراو هات و کەوت). هەڵگەڕا شانبەشانی (بوون) لەگەڵ رەنگدا بە کاردێ بۆ تایبەتی فیزیکی وەك:

بۆ رەش، سوور، زەرد هەڵگەراوی؟

بۆ رەش، سوور، زەرد بووی؟

کاری هات و کەوت زیاتر لەگەڵ چەند ئاوەڵناوو ئاوەڵکارێکدا گیربوون:

لە دوای مردنی باوکی بێ ناز کەوت.

کەی بە ئاگا هاتی؟

لە پڕ بەلادا هات.

(٧) دووبەشی کارەکە بە پێچەوانەی جۆری یەکەمی کاری لێکدراوەوە توانای لەیەکتری جیابونەوەیان نییە, بەواتایەکی تر, لەیەکتری ناپچڕێن و رێگەی کەرەسەی تر (مۆرفیمی سەربەخۆ) نادەن بچێتە نێوانیانەوە.

منالەکە بێدەنگ بوو.

منالەکە بێدەنگ تەواو بوو.

منالەکە تەواو بێدەنگ بوو.

منالەکەم تەواو بێدەنگ کرد.

(٨) هەندێك لەم جۆرە کارە لێکدراوانە بە هۆی پاشگری بەیاریدەوە فراوان دەبن, ئەمەش لە دوو باردا دەبێ:

یەکەم: کە بەرکاری بەیاریدە دەوری سوود وەرگر دەبیینێ. لێرەدا بەرکاری بە یاریدە ئاسایی بە پرتکی (بۆ. . . .) دەست پێدەکات:

دەرگاکەی بۆ من چاککرد.

پەنجەرەکەم بۆ توند بکە.

شەقامەکەیان بۆ پان بوو.

هەندێ جار دوو واتاییەك دێتە کایەوە و بەرکاری بەیاریدەیان سوودی وەرگرتووە یان زیانی کردووە.

١- پێڵاوەکانم بۆ گەورە کرد (تا بەکەبڵکی بێت)

٢- پێڵاوەکانم بۆ گەورە کرد (تا بەکەڵکی نەیەت)

دووەم: بەکاری بەیاریدە دەوری سەرچاوەیەك دەبینێ، کە جۆرە هەستێك لە بکەرەکەدا دروست دەکات، لێرەدا کەرتی یەکەمی کارە ئاوێتەکە ئاسایی ئەو ئاوەڵناوانەن کە هەست دەردەبڕن و بەرکاری بە یاریدەش ئاسایی بە (لە. . . .) دەست پێدەکات.

لە من تورە بوو


ل ئێوە پەست دەبێت

لە تۆ زویر بوو

لە خۆی رازی نیە

لە خۆی ناڕازی بوو

ئەم جۆرە کارە، لێکدراوە لە ژێرەوە بەم وێنەییەی خوارەوە دەردەکەێ:




پێش کۆتای هێنان بەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە پێویستە دو خاڵ تێبین بکەین:



ئەو کارە داڕێژراوانە ی کە کاری لێکدراو پێکدێنن وەك کرد, گرت, هات, هێنا......هتد, هەموویان لەم کارانەدا دەوری کارێکی یاریدەدەر دەبینن، بەواتای ئەوەی لەگەڵ کەرەسی تدا یان بە یاریدەی کەرەسەی تر کارێك دەهێننە ئەنجام بێگومان هەر ئەم کارە داڕێژراوانە جارێکی تر لە رستەی تردا کاری سەرەکی پێك دێنن. وەك بەبراورد کردنی ئەم رستانەدا دەردەکەوێ کارەکانی کۆمەڵی یەکەم کاری داڕێژراوی تەواون و کۆمەڵی دووەم کاری یاریدەدەرن:

| | |
|---|---|
| دزەکەیان گرت | مانیان لە کار گرتوە |
| ئیشەکەی نەکرد | پێڵاوەکەی چاك نەکرد |
| منالەکان کەوتن | منالەکان بێ ناز کەوتن |
| منالەکە هات | ئەو بە ئاگا هات |
| شایی بوو | منالەکە لە دایك بوو |
| دوێنێ لە ماڵ دەرچووم | پیاوەکە دەست پیس دەرچوو |

کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لەگەڵ ئەو رایە بڵاوەدا نیە کە کوردی کاری یاریدەدەری تیدا نیە یان تەن\یا کارێکی وەك (بوون) و (هەبوون) کاری یاردەدەن لە زمانەکەدا.[1]

هەرچەندە کارێکی وەك (کرد) لەگەڵ ناو و ئاوەڵناوو ئاوەڵکاردا بەکاردێ, ئەمە نابێتە گیروگرفت بۆ ئەم پۆلێنە چونکە دابەشکردنەکە بەند نی بە کەرەسەی پێشی کارە داڕێژراوەکە, بەڵکو بە پێی واتاکانی دانراوە. ئینجا کاری یاریدەدەری (کردن) لەگەڵ ناودا یان ائاوەڵناودا جوت دەبێت, هەر ئەو جۆرە لێکدراوە دروست دەکات کە بە (ڕوداوگێڕ) ناومان بردوە, چونکە ڕوداوێك بە ئەنجام دێنێ نەك سیفەت بداتە پاڵ بکەر. بەم جۆرە پۆلێنەکە لە دە لایەنیەکی گەورە ڕزگاری بوە:

منالەکان شەڕ دەکەن (ناو+کردن) = روداو

منالەکان ناز دەکەن (ئاوەڵناو+کردن) = رووداو

چراکەی هەڵکرد (ئاوەڵکار+کردن) = روداوو

١- لەلای مەکنزی (١٩٦١: ٨٤)، بۆ نموونە کاری یاریدەدەر بریتییە لە (بوون) و (کو ئەو لە راناوە لکاوەکانی (- م، - ت،- ن و، ئێن) دەیان بینێ) و (دەبێ) (ل: ١٠٣) بە واتای((پێویستە)). لەم لێکۆڵینەوەدا جۆری دووەم (دەبێ بڕۆم / بخۆم. . . . . . هتد) پشت گوێ خراوە چونکە کاری لێکدراو دروست ناکات. جگە لەمەش بەلای ئێمەوە (دەبێ بڕۆم) دوو کاری گاڕێژراوی سەر بەخۆن هەریەکەیان کاری پاڕستەیەکە: من شتێکم دەوێ + من دەڕۆم دەەوێ بڕۆم.

## یاساکانی داڕشتنی کۆمەڵەی کار:

هەمو لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی لاپەڕەکانی پێشتری ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوە دەگەیەنن کە دوو جۆر بار (گوزارەی) جیاوازلە کوردیدا دەبینرێت: ئەو بارەی کە کارێکی داڕێژراو سەرەیەتی و ئەو بارەی کە بریتیە لە کەرەسەیەکی ترو (ناو, ئاوەڵناو ئاوەڵکار) کارێکی داڕێژراوی بۆش (کەم واتا). بەم پێیە، دەستورێکی وەك ئەمەی خوارەوە هەمو داڕشتنێکی بار دەخاتە روو:

١) بار ← [1] + (ئاوەڵکار)[2] + (ك پرتکی)[3] + کار

٢) کار ← داڕێژراو[4] + یاریدەدەر[5]

هەرچەندە دەستووری دووەم ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکات کاری یاریدەدەر بێتە ناو بارەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاری یاریدەر هەر یەك جۆری نیە (بوو, کرد, هەبوو) پێویستمان بە یاسای تر دەبێ تا بتوانین لە ناو ئەم کارانەدا رستەکەیان هەڵبژێرین و لە شوێنی راستی خۆیدا دایبنێین. ئینجا لەبەر ئەوەی کە نەبەشی ئاخاوتنی کەرەسەکەی پێشیەوەو نە ریزبوونی کەرەسەکانی بار خۆیان یارمەتی نادەن لە هەڵبژاردنی جۆری کارە یاریدەدەرەکەدا چونکە وەك بینیمان کارێکی وەك کرد لەگەڵ ناو و ئاوەڵناوو ئاوەڵکاردا دێت ناچار دەبین پەنا بەرینەبەر, هەڵکەوت و تایبەتی واتایی ئەم کارە یاریدەدەرانە تا بگەینە یاسایەك بتوانێ بۆمان دیاری بکات کامیان لە کوێدا بە کاردێت و کامیان بە کارنایەت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە هۆی لێکجیاکردنەوەی کاری یاریدەدەری یارگەیەن و کاری یاریدەدەری رووداو گێڕەوە دەگەینە ئەو

١- ك = کۆمەڵە.

٢- ئاوەڵکار ئەو وشە یان کۆمەڵە یان پارستەیە کە شوێن و کات و چۆنیەتی و رادەو نیازو هۆ پیشان بدات: دوێنێ، بە پێ، لەشار، بە زۆر. . . . . . . . . .

٣- پرتکی = ئەو کۆمەڵەی بە پێش پرتك دەست پێ دەکات یا بەرکاری بە یاریدە وەك بە من، لە من، لە رستەی ((دای بە من)) و ((لە من دەترسێ)) دا.

٤- کاری داڕێژراو وەك رۆیشت، هات، خواردی، نووستین، فڕاندمان. . . . . . . . . . . . .

٥- کاری یاریدەدەر: وەك: بوو، هەبوو، کرد، گرت، لەم رستانەدا:

جوان بوو.　　　شارێکی جوانە.

لەباوەشی کرد　　　لە باوەشی گرت.



یاسایانە. جیاوازی نێوان ئەم دوو پۆلە کارە لە شیکردنەوەی رێزمانیدا زۆر بەربڵاوە پێویست نە بەڕوون کردنەوە و نە بەپاکانە ناکات. لێرەدا ئەوەندە بەسە سەرنج لەوە بدەین کە تەنیا کاری روداوگێر بە هۆی (چی یان چی روویدا؟) پرسیاری لە بارەوە بکرێ.


ژنەکە منداڵەکەی لە باوەش کرد / لە باوەش گرت.

سوێندی خوارد / پێڵاوەکەی فرێدا.

جوان بوو / شەڕی بوو.[1]

بەم جۆرە بە هۆی جیاکردنەوەی باری رووداوگێر و بارگەیەن و گۆڕان گەیەن دەگەینە سێ دەستوور کە بەتەواوی شوێنی بەکارهێنانی (بوو١)و(بوو٢)و (هەبوو) و (کرد) و کارە یاریدەدەرەکانی تر دیاریدەکا تئەم دەستورانە شێوەیەکی وا وەردەگرن:


ئەگەر باری رستە، بارگەیەن بوو، دەبێ کاری(بوو١) هەڵبژێرین و هەرکاتێ کاری داڕێژراوی ترمان نەبوو لەبری (بوو١) کاری هەڵگەرا ئارەزوومەندانە بەکاردێ, بەمەرجێ ناوی رەنگێك لە بارەکەدا هەبێت.




1- CHAFE 1970

٢- بوونی بەکاری راستەوخۆ لەم رستەیەدا پێویستە، بەڵام مەرج نیە هەموو کارێکی لەم پۆلە تێپەڕبێت، بڕوانە: خول خواردن، رەنج دان. . . . . . . . کە تێنەپەڕن.

ئەگەر باری رستە گۆرانێکی پیشاندا کە بەسەر بکەردا (بکەری رێزمـانی) هـاتووە، ئـەوا (بوو٢) دەبێتە کاری رستەکە.




ئەگەر باری رستە رووداوێکی گەیاند، کە بکەری رستە بە ئەنجامی گەیاندبێت، ئەوا کـاری یاریدەدەری (کرد) شوێنی کار دەگرێ. لە بری کرد, چەند کارێکی یاریدەدەری تـریش دەتـوانن لەم شوێنەدا بێن وەك (گرت، خوارد، دا, برد. . . . . ) لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئـەم بریتیانـە بەنـدە بـە هەڵکـەوتی کەرەسـەکانی پێـشیانەوە ئـەوان دیاریدەکـەن کـام کـار هەڵدەبـژێرین, فەرهەنگی زمان دەبێ ئەم پەیوەندیە بەندێتیە پیشان بدات وەك لە خوارەوە دەیبینن:


سوێند = سوێند . . . . . . . . . . . . . . خوارد

باوەش = لە باوەشی . . . . . . . . . . . . . . گرت / کرد

ڕەنج = رەنجی . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . دا

خول = خول. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . خوارد






بەم جۆرە لێکدانی ئەم سێ دەستورەش لەگەڵ دوانەکەی پیشتردا، یاسایی داڕشتنی بـار لـە کوردیدا ئەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگرێ:

(١) بار (ک ناوی) + (ئاوەڵکار) + (ک پرتکی) + کار

(٢) کار داڕێژراو

لێکدراو

(٣) داڕێژراو داڕ - دە — رەگ (تاند) (-وو) (ایە) (-ەوە) راناو

هەڵ - نە-

ڕۆ - ب —

(٤) لێکدراو ناو ئاسا + یاریدەدەر

(٥) ناو ئاسا ناو

ئاوەڵناو

ئاوەڵکار

کردن (+ رووداو)

بوو١ (+ بار)

بوو٢ (+ گۆڕان)

وا لەم دەستورانە چاوەڕێ دەکرێ کە باری هەموو رستەیەکی دیاری هەواڵدەری کوردی لێك بداتەوە کارەکەی تێپەر بێت یان تێنەپەر داڕێژراو بێت یـان لێکـدراو, بێگومـان بـۆ داڕشـتنی رستەی نەرێ و پرسیارو نادیار و ئەو کارە لێکدراوانەی کە کەرەستەی تر دەتوانێ بچێتە نێـوان کەرتەکانیەوە پێویستمان بە یاسای تەحویلی دەبێ کە لە هەڵکەوتدا لەم دەستورانە ناچن.

## ٥- لایەنە چاکەکانی ئەم پۆلێنە:

شایەنی سەرنجە کە ئەو پۆلێنەی لە دوتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خراوەتەڕوو لە زۆر سەرەوە لە پۆلێنەکانی پێشتر وردترو ئاسان ترو فراوانترو کارەکیترو بـە کـەڵکترە و لـە گـەڵ سـەلیقەو راستیەکانی زمانەکەدا تەواو دەگونجێت وەك لەم خاڵانەدا روون دەبێتەوە:

پۆلێنەکە ئاسانترە چونکە تەنیا دوو جۆر پۆل جیا دەکاتـەوە و (دالرێـژراوو لێکـدراو)، بـە جۆرێکیش لە یەکیان دەترازێنێ کە مەودای ئەوە ناهێڵێ تێکەڵ بن یان دولایەنی بێلاتە ئاراوە. (ڕۆیشتن) بۆ نمونە، داڕێژراوە، لەبەر ئەوەی لە چەند مۆرفێمێکی بەند پێکهاتوە, حەز. . . . . . . . . کردن و خۆشویـستن لێکـدراون، چـونکە جگـە لـە کـارێکی داڕێـژراو و مـۆرفێمێکی سەربەخۆ (یان زیاتری) بە خۆوە گرتوە.

پۆلێنەکە وازی لە کاری ئاوێتە هێناوە، چونکە کەرتە سەربەخۆکانی کاری لێکدراو یەکێك بێت یان زیاتر لە روی واتاو رێزمانەوە جیاوازی دروست ناکەن. دیسانەوە (حەزکردن) و (بەرەڵا کردن) لێکدراوی روداوگێڕن چونکە روداوێك دەگەیەنن لەگەڵ بکەرێکدا دێن، کە کارا بێـت یـا سەرچاوەی کارەکە بێت، یان دەستی هەبێت لە ئەنجامدانی کارەکەدا. (ڕۆشـن بـوو)و (بـێ نـاز کەوت)، بە پێچەوانەوە, کاری لێکدراوی بارگەیەنن، چونکە تایبەتیەك دەدەنە پـاڵ بکـەرێك و بکەرەکەش نە کارایە و نە دەوری هەیە لە گێڕانی کارەکەدا.

پۆلێنەکە وردترە، چونکە بەندە بە تێروانینێکی مۆرفێمیانەو کەڵکی لە چەمکی مۆرفیمی بەندو سەربەخۆو رێزمانی و فەرهـەنگی وەرگرتـوە و خـۆی بـە (لفـظ) و (وشـە) و (پارچـە) و بیریواوە نەبەستوە کە پێناسە نەکرێ. جگە لەمەش، لایەنی رێزمانی و واتاییشی پـشت گـوێ نەخستوەو ناو بەناو بۆ پتەو کردنی پۆلێنەکە پەناشی بۆرۆ ئەمانە بردوە.

هاوبیر لەگەڵ زمانەوانیی نوێدا پۆلێنەکە وەك دیاردەیەکی مۆرفۆلۆجی دابڕاو لە زمـان لـە کار ناکۆلێتەوە بەڵکو بایەخێکی تەواو دەدات بە دەوری کار لە سینتاکسدا، بۆیە لە لایەکـەوە گوێ ناداتە (ڕەگ) و نایکات بە بەردی بناغەو (چونکە بە تەنیا لە قسەد کەڵکی لێوەرناگیرێ)



لە لایەکی تریشەوە لە جیاکردنـەوەی دوو جـۆر لێکدراوەکـە پـشت بـەدەوری بکـەر و واتـای کارەکەش دەبەستێ.

پۆلێنەکە کارەکیترە چونکە کەڵکی لێدەبینرێت لە دۆزینـەوەی ئـەو یاسـا گـشتیانەی کـە کۆمەڵی کار لە کوردیدا دادەڕێژن. هیچ لە پۆلێنەکانی پێشتر بـە کـەڵکی ئـەم کـارە نایـەن و ناتوانن وا بە کورتی و کارامانە هەمو کارێکی رستەی ئەرێی سادەی هەواڵدەر بەرچاو بگرن.

پۆلێنەکە لە زۆر سەرەوە لەگەل سەلیقەی قسە پێکەرانی زمانەکەدا دەگونجێت لەبەرئـەوەی هەموو بەکارهێنانێکی کارەکان وەك یەك لێك ناداتەوە، بـەواتای ئـەوەی ئـەو راسـتیە رەچـاو دەکات کە (باوەش) لە (١)دا ئاوەڵکارە و کەرتێك نیە لە کارەکەو لە (٢)دا کۆمەڵەیەکە، کـە بە پرتك دەست پێدەکات و کەرتێکی نەپچراوی کارەکەیەو (کارەکـە لەبـەر ئـەوە لێکـدراوە و ((گرت)) کارێکی بە یاریدەیە) لە (٣)دا بەرکارێکی راستەوخۆیە و کەرتێکی نەپچراو نیـە لـە کارەکەو ئەمیش کارێکی تەواوە.

(١) گرتیە باوەش

(٢) لە باوەشی گرت

(٣) باوەشی بۆ گرتەوە

هەمو ئەم زانیاریانە کە پۆلێنەکە بەرچاوی دەگرێ لەو زانیاریانەیە کە قسەکەر بەبێ ئاگـا پەی پێدەبات، چونکە هەست بەوە دەکات کە ئەم سێ رستەیە لە یەکتری ناچن، هەرچـەندە لـە ژمارەی وشەو جۆری وشەکاندا زۆر لە یەکتری نزیکن.

دیسانەوە هەر وەك پۆلێنەکە، قسەکەریش پەی بەوە دەبـات کـاری (بـوو) لـەم رسـتانەی خوارەوەدا وەك یەك نین:

(١) شایی بوو

(٢) جوان بوو

(٣) جوان بوو

پۆلێنەکە تەواو ترە، چونکە لەو پێوانەی دایناوە دەرنەچووەو خـۆی بـە چـەند نموونەیـەکی کوردییەوە نەبەستۆتەوە و بۆ جیاکردنەوەو دیاریکردنی هەموو کارێکی زمانەکە دەست دەدات.

## سەرچاوەکان


(١) بناغەی سلەترین رستەی کوردی، د. وریا عمر أمین، رۆشنبیری نوێ، ژ١١، ١٩٨٦.

(٢) دیسان ئیدیەم، محمد معروف فتاح، چاپخانەی کۆڕ، بەغداد ١٩٨٦.

(٣) زمانی یەکگرتووی کوردی، جەمال نەبەز، پامێرگ ١٩٧٦.

(٤) سەرەتایەك لە فیلۆلۆجی زمانی کوردی، محمدأمین هەورامانی، چاپخانەی مەعاریف ١٩٧٣.

(٥) زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یەکەمی ناوەندی، لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە.

(٦) زمانەوانی، محمد معروف فتاح، زانکۆی سەلاحەدین ١٩٨٧.

(٧) مختصر صرف و نحوی کوردی، سعید صدقی، چاپخانەی نجاح، بغداد ١٩٢٨.

(٨) قەواعیدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا، نوری عەلی ئەمین، بەرگی یەکەم ١٩٥٧.

(٩) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕ، ١٩٧٦.


**References**


(1) Amin, W. O. Some fundamental rules of Kurdish syntax, university of London.

(2) Bach, Emmon, 1964, An Introduction to Transformational Grammar. New York: Appleton century. . croft.

(3) Chafe Walls, L. 1970 Meaning and Structure of Language: Chicago: Chicago university press.

(4) Chomsky, Noam. 1965 Aspects of the theory of syntax. Cambridge: the MIT press.

(5) Fowlev R., An Introduction to Transformation syntax. London: Rutledge and Kegan Paul.





(6) Jacobs, R. A. and Rosenbaum P. S. 1968 English Transformational Grammar. Waltam and Blaisdall publishing Co.

(7) Lehrer, Adrienne 1970 "verbs and delectable objects" Lingua xxv.

(8) Mackenzie, D. N. 1961 Kurdish Dialect Studies. London: oup.

(9) Mccarus, E. N. 1958 Kurdish Grammar. New York: American Council of Learned Societies.

(10) Rosenbaum P. S. 1967 The Grammar of English Predicate Complement Constructions, Cambridge: The MIT press.


**پاشكۆی لێكۆڵینەوەكە:**

شایانی سەرنجە کە هەموو رۆنانێك کە لە کۆمەڵەی ناوو کارێکی دارێژراو پێك بێت، مەرج نیە کارێکی لێکدراو پێك بێنێت بۆ نموونە پۆلی یەکەمی ئەم رستانەی خوارەوە کارەکەیان دارێژراو و پۆلی دووەم لێکدراوە, هەرچەندە لە روخساریشدا وەك یەکن، بەواتای ئەوەی لە (کۆمەڵی ناو + کار) پێك هاتوون.

| | |
|---|---|
| دەستی گرتم و بەرەو لای خۆی بردم | لە نەبوونیدا دەستی گرتم |
| پارەکەی برد | درزی برد |
| نانەکەی خوارد | سوێندی خوارد |
| پارەکەی دا | هەوڵی دا |

لە زۆر سەرەوە ئەو کۆمەڵە ناوەی پێش کارەکە کەوتوون لە هەردوو پۆلە رستەکاندا لەیەك دەچن: هەموویان (جگە لە درز) بەرکاری راستەوخۆن و دەکرێن بە نادیار: پارەکە برا، سوێند خورا، دەستم گیرا. . . . . . . . هتد). دیسان هەموویان هێزی سەرەکیان دەکەوێتە سەر.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەو دوو پۆلە لە زۆر لایەنی گرنگەوە جیاوازن:

(١) ئەو ناوانەی کە لە پۆلی دووەمدا دێن ئامادەیی ئەوەیان تێدایە، کە رووت بن، بەواتای ئەوەی کە نیشانەی ناسیاری و نەناسیاری و کۆیان لەگەڵدا نەبێ:

- درزەکەی برد
- درزێکی برد
- سوێندێکی خوارد
- هەوڵەکەی دا
- هەوڵەکانیان دا

پارەکەی برد

ئەو پارەیەی برد

نانێکی خوارد

(٢) ژمارەی ئەو کارانەی کە لە پۆلی دووەمدا بەکاردێن کەمن و ئەو کارانەن کە زۆر بەکاردێن وەك کرد، برد، هات، کەوت، خوارد، هێنا. . . . . . . .)

بە پێچەوانەشەوە ئەو کارانەی کە لە کۆمەڵی یەکەمدا بەکاردێن بێ سنوورن و هەموو کارێکی تێپەڕ دەگرێتەوە.

(٣) کۆمەڵە ناوییەکەی پۆلی یەکەم بریتی زۆرە چونکە بە هەموویان پۆلێکی کراوە دروست دەکەن، بە واتای ئەوەی لەوانەیە هەموو ناوێك لێرەدا بێت.

بە پێچەوانەی ئەمانەوە، ئەو ناوانەی لە پۆلی دووەمدا دێن، پۆلێکی داخراون و بریتییان لەو ناوانە دەبن کە کۆمەڵێکی واتایی لە ناو خۆیاندا پێك دێنن:

پارەکەی نانەکەی خواردنەکەی جانتاکەی منالەکەی کەرەکەی کتێبەکەی ڕۆژنامەکەی. . . . . . . . . . . برد

درزی برد شەقی برد

دەستی قاچی قژی قۆڵی یەخەی ملی چاکەتەکەی شەرواڵەکەی داوێنی.......گرت.

دەستی گرتم = (یارمەتی دام)، (دەست) بریتی نییە.

(٤)کە ڕستەکانی پۆلی دووەم وەردەگێڕینە سەر زمانی تر، دەبینین کە هەموو ڕۆنانەکە (کۆمەڵەی ناو + کار) شێوەی کارێك وەردەگرن:

دەستی گرتم = ساعدنی

سوێندی خوارد = أقسم

هەوڵی دا = حاول



بە پێچەوانەشەوە ڕۆنانەکانی پۆلی یەکەم لە وەرگێڕاندا دیسانەوە شێوەی ڕۆنانێك (ناو +کار) وەردەگرن:

کرێکەی دا = دفع الایجار

کرێکەی برد = أخذ ألأيجار

کرێکە بێنە =هات ألأيجار

هەموو ئەو جیاوازیانەی سەرەوە ڕاستییەکی یەکجار گرنگمان دەربارەی پۆلی دووەم بۆ دەردەخەن ئەویش ئەوەیە کە جۆرە تێکچڕژانێکی واتایی و ڕێزمانی لەم ڕۆنانەدا دەبینرێ، بە واتای ئەوەی ئەمانە کەرتەکانیان زیاتر چوون بەناو یەکتریدا و پەیوەندیان بەیەکەوە پتەوترەو هەندێکیان لە یەکتری دوورناکەونەوە لە ڕستەداو بە هەردوو کەرتەکەوە واتایەك دەدەن بە دەستەوە کە زۆر جار لە واتای پارچەکان ناچێت (ئیدیەمن):

١- سەری نایەوە = (مرد)

سەری چێشتەکەی نایەوە = چێشتەکەی داپۆشی

٢- دەستی گرتم = نەی هێشت لێی دەم

دەستی گرتم = یارمەتی دام

بێ گومان، بەلای ئێمەوە هەر ئەو کارانەی وەك ئەمانەی پۆلی دووەم ڕەفتار دەکەن کاری لێکدراون.

کەرتەکانی کاری لێکدراو تەواو ئازاد نین و بە ئارەزوو خۆنادەن بە دەست هەموو ئەو یاسا ڕێزمانییانەی کە توخمەکانیان جێبەجێ دەکەن.

ئەم تێکچڕژانەی پارچەکانیش واتایەکی چڕو جیاواز لە واتای کەرتەکان دەدات بە کاری لێکدراو. بەم جۆرە ئەم بۆچوونەی ئێمە بۆ کاری لێکدراو لەگەڵ ئەو تێڕوانینانەدا ڕێك ناکەوێ کە کارەکانی پۆلی یەکەمی ڕستەکانی سەرەوە و ئەوانەی لەمان دەچن بە کاری لێکدراو دەژمێرن چونکە بەم پێیە بێت هەموو کارێکی تێپەڕ لە کوردیدا لێکدراو دەبێت.

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢١)ی ساڵی ١٩٨٩بڵاوکراوەتەوە.**

# وشەی لێکدراوی بەستراو لەکوردی دا

## سەرەتا:

وشەی لێکدراو لەکوردیدا لە چەند شێوەیەکی جیاوازدا دەبینرێ[1] بابەتی لێکۆلینەوەکەمان ئەو جۆرەیان دەگرێتەخۆ، کە لەدوو مۆرفیمی سەربەخۆ یان زیاتر(دوو وشە یان زیاتر) پێکهاتبن بەمەرجێ بەئامرازی بەستن (و) لێکدرابن وبەئاسانی بێ تێکدانی واتای ڕۆنانەکە جێگەی نەگۆڕنەوە ئاسایی ڕۆنانەکە هەمووی وکەرتە پێکهێنەرەکانیشی سەر بەهەمان بەشی ئاخاوتن دەبن.[2] ئەگەر نیشانەی (س و ع) بۆ کەرتەکان و نیشانەی(أ)بۆ ئامرازەکە و (د) بۆ هەموو ڕۆنانەکە دابنێین، ئەوا لێکدراوی بەستراو[3] لەکوردیدا شێوە هاوکێشەیەکی وەك: د= {س + أ + ع} وەردەگرێ وەك لەم نموونانە دەبینین: دەم وچاو، نەرم ونۆڵ، تەنگ وچەڵەمە، ژن و ماڵ. . . . . هتد. مەبەست لەنووسینی لێکۆڵینەوەکە لەدوو خاڵدا کۆدەبێتەوە:

١- باس لێکردنێکی تێروتەسەلی دیاردەکە و جیاکردنەوەی لە دیاردە زمانییەکانی نزیکی دیاریکردنی سنوورو تایبەتیەکانی وئەو پەیوەندییە واتاییانەی دوو وشەکەی بەیەکەوە گرێ دەدەن وئەو هۆکارە کۆمەڵی و زمانییانەی وشەیەکیان بەسەر ئەوەتردا دەسەپێنێ وچونیەتی بەکارهێنانی ودەوری ئەم لێکدراوانە لەزمانەکەدا بەگشتی.

٢- سەلماندنی ڕاستیەك لە دوو توی لێکۆڵینەوەکەدا کەتا ئێستاش زۆر زمانەوان لێی بەگومانن: کردەکانی وشەسازی و ڕستەسازی لەهەڵکەوت و سروشتدا هەریەکن بەسێ هەنگاودا دەڕۆن: هەڵبژاردنی کەرەسەی بەجێ و لێکدانی کەرەسە هەڵبژێراوەکان ویتێبینیکردنی ئەو گۆڕانانەی لەئەنجامی ئەم لێکدان ویەکگرتنەدا دێنە کایەوە. بێگومان ئەو یاساو هەمەکی

1- Lehman, 1972 143-6

٢- بڕوانە بەشی پێنجەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ هەندێ نموونەی دژ بەم ڕایە.

٣- هەندێ زمانەوان زاراوەی جووتە وشە بۆهەمان دیاردە بەکاردێنن، بڕوانە نەسرین فەخری، ١٩٨٥، ل١٨٠



یانەی کە لەکردەکاندا دەیان گەێنێ دیسان لەجۆردا جیاوازنین، بالەبلاوی وبەردەوامیش دا وەك یەك نەبن وبەدی هێنانیان لەکۆمەڵە کەرەسەیەکی داخراوترو بچووکتردا بێت. کەواتە مەبەستی دووەمی لێکۆڵینەوەکە کە دەیخەینە دووتوێ باس لێ کردنێکی چڕو ورد تێری بابەتەکەوە دۆزینەوەی ئەو یاساو هەمەکییانەیە کە لەم بوارەدا کاردەکەن.

بۆ گەیشتن بەو دوو مەبەستە، لێکۆڵینەوەکەمان دەکەین بەشەش بەشەوە (جگە لەسەرەتاو ئەنجام). لەبەشی دووەمدا سنوور و تایبەتیەکانی بابەتەکە دیاری دەکەین و ئەم لێکدراوانە لە فرێزی ئاسایی و لێکدراوی ترو ئیدیەم جیا دەکەینەوە لەبەشی سێیەمدا لە پەیوەندی نێوان کەرتەکانی دەدوێین لە رووی فۆڕم و واتاوە. بەشی چوارەم دەربارەی چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرتە پێکهێنەرەکانە و لێرەدا ئەو هۆکارانە شیدەکرێنەوە کە کار دەکەنە سەر هەڵبژاردنی کەرەسەی پێشەوە. بەشی پێنجەم دا لەهەندێ تایبەتی ئامرازی بەستنی (و) لەم لێکدراوانەدا دەستیان لێهەڵدەگرێ. بەشی شەشەم لەبارەی شوێنی ئەم لێکدراوانەیە لەڕستەدا و بەشی حەوتەمیش دەوری لێکدراوەکان لەزمانەکەدا روون دەکاتەوەو هەندێ بەکارهێنانی دیاری دەکات. دوابەش باس لەو ئەنجامانە دەکات کە لێکۆڵینەوەکە بەدەستیان دێنێ.

## ٢-سنوورو تایبەتیەکانی لێکدراوی بەستراو:

ئەو وشانەی لەزمانی کوردیدا بەئامرازی بەستنی (و) لێك دەدرێن لەوانەیە فرێزی ئاسایی بن یان وشەیەکی لێکدراوی بەستراو یان ئیدیۆمن پێشەکی دەبێ ئەمانە لەیەکتری جیابکرینەوە تاتێکەڵ کردن روونەدات.

٢-١ لێکدراوی بەستراو فرێز: فرێزی ئاسایی لەکوردیدا لەچەند قاڵبێکدا دەبینرێ[1] ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو جۆرەیە کەرتەکانی بەهۆی (و)ەوە لێك دەدرێن: وەك کاڵەك و شووتی، شین و مەنگ و قوڵ لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

١- بۆنموونە د. مەککارەس دووجۆر فرێز جیادەکاتەوە: فرێزی ناوی و فرێزی کار. لەفرێزی ناوییدا کەرتی سەرەکە(دیارخراو)ناو یان ئاوەڵناو یان ڕاناو یان

پرتکە (ئامرازی نیشانە، پرسیار، یان ژمارە) جۆرێکی تایبەتی لەفرێزی ناوی بەبەرناو دەست پێدەکات (مناڵی بچووك، پیاوی باش، ناوی تۆ، لەگەڵ تۆ، چەند ڕۆژ، گەلێ کەس) فرێزی کار دیارخراوەکە دەبێ بەکاربێت: دەرکردن بانگ کرد، ئامادەکرد) (بڕوانەMcarus,1959,92)

هەندێ کاڵەك وشووتیی هێناوە.

گۆمەکە شێن ومەنگ و قووڵ بوو.

فرێزی ئاسایی بەم تایبەتیانەی خوارەوە لە لێکدراوی بەستراو جیادەکرێتەوە.

١- کەرتەکانی ئەم لێکدراوانە ئاسایی گەر ناوبن ئەوا ناوی گشتین بە واتای ئەوەی تاکە ئامرازی ناسیاوی نەناسیاوی و کۆیان پێوە نالکێ، بەپێچەوانەی کەرتەکانی فرێزی ئاساییەوە، کە هەریەکەیان دەتوانێ ئەم ئامرازانە وەرگرێ.

کاڵەکێك و شووتیەکی کڕی.

کاڵەکەکە و شووتیەکەی هێنا.

*کارەکە و بارەکەی راپەڕاند.

*تەنگ وچەڵەمەیەکی دروست کرد.

تەنیا رێگە بۆ ناساندن، نەناساندن و کۆکردنەوەی ئەم لێکدراوانە ئەوەیە، کە ئامرازەکان بەکۆتایی دواکەرتەوە بلکێنرێن.

کاروبارەکە راناپەڕێنێ.

کارو بارێك ئەو راپیەڕێنێ، دەبێ چۆن بێ!

تەنگ و چەڵەمەیەك هاتە رێگا.

ژن و ماڵەکەی ناردەوە.

هات بۆ راپەڕاندنی ئەو کاروبارانە.

٢-لەفرێزی ئاسایی سنوور دانانرێ بۆ ژمارەی کەرتەکان (لەڕووی رێزمانەوە) واتە دەتوانین بێ وەستان کەرت لەیەك بدەین و ئەوەی دەمان گرێتەوە لەمە توانای دیاریکراوی مرۆڤ خۆیەتی (ماندووبوون و هەناسە نەمان و تێنەگیشتنی قسەکەرو گوێگر) لە لێکدراو دا ژمارەی کەرتەکان (وشەکان) لە دوو تێناپەڕن.

ناردم بەدوای ئازاد و رزگار و نەبەز و نەبەردو. . . . . . .

ناردوومە بۆ کتێب و قەڵەم و مۆم وچراو. . . .

ناردیان بەدوای کەس و کارەکەیدا.

درێژکردنەوەی لێکدراو بەزیادکردنی کەرتێکی تر، جۆری لێکدانەکە دەگۆڕێ بۆ فرێزی ئاسایی، واتە مەرجەکانی لێکدراوی تێدا ناهێڵێ:

ناردوومە بەدوای خزم وکەس کارو دراوسێکانیاندا.



٣- کەرتەکانی فرێزی ئاسایی بەئاسانی پاش و پێش دەخرێن بێئەوەی واتای فرێزەکە بگۆڕن، لەم لێکدراوانەدا هەر کەرتە جێگەی خۆی هەیەو جێگۆڕکێ دەبێتەهۆی شێواندن و تێکدانی واتای رۆنانەکە:

مناڵێکی گورج و گۆڵە. (لێکدراو)

*مناڵێکی گۆڵ و گورجە.

دەست و پلی دەشوات (لێکدراو)

*پل و دەستی دەشوات.

ژن و ماڵ مناڵەکەی ناردۆتەوە.

ناردم بۆ چرایەك وکتێبێك و قەڵەمێك.

ناردم بۆ کتێبێك و قەڵەمێك چرایەك.

٤-کەرتەکانی فرێزی ئاسایی لەیەکتر دەترازێن و رێگە دەدەن کەرەسەی تر بچێتە نێوانیانەوە، بەپێچەوانەی کەرتەکانی وشەی لێکدراوەکە نایانەوێ لەیەکتر دووربکەونەوە.

پارەی قەڵەمێك و (وابزانم) دەفتەرێکت لامە.

قەڵەمێك و(درۆم نەکردبێ) دەفتەرێك بۆ ناردم.

*کەس و(وابزانم) کارەکەی خۆشیان ناوێ.

* کیژێکی گورج و (تابڵێی) گۆڵە

* کیژێکی نەرم و زۆر نۆڵە.

٥- کەرتەکانی فرێزی ئاسایی بەهۆی دیارخەرەوە دەتوانرێ فراوان بکرێن، بەپێچەوانەی لێکدراوەوە کە تەنیا وەك دانەیەکی لەیەك نەپچڕاو فراوان دەکرێن، واتە دیارخەر دەبێ بەدوایی کەرتەکاندا بێت و بۆ هەردوو کەرتەکە بگەڕێتەوە:

قەڵەمێکی جوان وجانتایەکی دەستیی بەدیاری بۆناردم.

قەڵەمە جوانەکەو جانتا گەورەکەم لێ بەجێما.

* دەستێکی نەرم وپلێکی جوانی پێوە بوو.

دەست و پلێکی جوانی پێوە بوو.

دەست و پلێکی زۆر زۆر جوانی پێوە بوو

* کچێکی نەرمی کەڵەگەتی نۆڵ بوو.

کچێکی کەڵەگەتی نەرم و نۆڵ بوو.

٦- ئەو پەیوەندییە واتاییەی لەنێوان کەرتەکانی ئەم لێکدراوانەدا هەیە، پەیوەندییەکی سنووردارە، واتە لەچەند جۆرێ تێناپەڕێ وەك پەیوەندی هاوواتایی و دژ واتایی و گرتنەوە،(بڕوانە بەشی سێیەم). بەپێچەوانەوە، لەفرێزی ئاساییدا هیچ جۆرە یاسایەك پەیوەندی واتایی نێوان کەرتەکان بەتەواوی دیاری ناکات. بەواتاکەی تر، نازانین کە دوو ناو یان ئاوەڵناو لەفرێزدا بەیەکەوە نایەن. ئەگەر تەگەرەیەك هەبێت، دەبێ لەدەرەوەی زمانەوە بێت و پەیوەندی بەدەوروبەرمانەوە هەبێ:

خزم و خوێش، پەرت و بڵاو (هاوواتا)

دەرو ژوور، سەرەو خوار(دژواتا)

پارەو پول (گرتنەوە)

لەژوورەکەدا چرایەك، کورسییەك، چەند کتێبێك، دووسێ دەفتەر، قەڵەمێك، گوڵێك، جانتایەك، هەندێ کەل و پەل. . . هەبوو

(تەنیا (دیمەنی ژوورەکە) کە دەوروبەرە دەتوانێ کەرتەکانی فرێزەکە دیاری بکات)

بەکورتی لێرەدا دەمانەوێ بڵێین کە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، کام دوو وشە لێکدراوێکی بەستراو دروست دەکەن و کامانە لەوانە نییە دروستی بکەن بەهۆی شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە واتاییەی کە لە نێوان وشەکاندا هەیە، بەڵام هەرگیز لەتوانادا نییە پێشبینی ئەو کەرەسانە بکەین کە لە فرێزی ئاساییدا پێکەوە دێن یان نایەن بۆ نموونە، لەبەر ئەو واتا نزیکەی لەنێوان (ئاو) و (کانی) دا،یا لەنێوان (درەخت) و (دار)دا هەیە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە لێکدراوێکی وەك (کانی و ئاو) و (دارودرەخت) لە زمانەکەدا هەبێ. دیسان لەبەر ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی واتایی وەك نزیکی هاوواتا دژ واتایی و گرتنەوە لەنێوان وشەیەکی وەك (بەرد) و (گەڵا) دا نییە، پێشبینی ئەوە دەکرێ کە لێکدراوێکی وەك[1] بەرد و گەڵا یان[2] گەڵاو بەرد لەزمانەکەدا نەبێ، بەڵام هەمان دوو وشە لەوانەیە لەبارێکیدا وەك دوو کەرتی فرێزی پێکەوە بێن:

- بەردو گەڵای ئەو ناوەی کرد بەسەرماندا.
- گەڵاو بەردەکانی نزێك کانیەکە لەدوورەوە زەرد دەچوونەوە.

1- Fattah, 1990,186

2- Swaminathan 1973, 44



- گەڵاو بەردی ئەو ناوە هەموو خەراپن.

٧- هەندێ جار ئەم لێکدراوانە بەشێوە لە فرێزی ئاسایی جیادەکرێنەوە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا، کە کەرتی دووەمی لێکدراوەکە لەسەر ئەوەی یەکەم داڕێژراو بێت (بڕوانە بەشی سێیەم-أ)وەك:حازر و بزر، سووك و سۆڵ

٨- جیاوازییەکی تری نێوان لێکدراوی بەستراو (یان لێکدراو گشتی) فرێزی ئاسایی لەهێزدایە. لەفرێزی ئاساییدا هەردوو بەستراوەکە هێزیان دەکەوێتەسەر، لەوشەی لێکدراودا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی بەهێزی لێکدراوەکە واتە، لە وشەی دووەمدا دەبێ وەك بەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

کەس و کار، تەنگ و چەڵەمە، نەرم و نۆڵ.


قەڵەمێك و پاندانێکی کڕی.

## لێکدراوی بەستراو و لێکدراوەکانی تر:

لێکدراوی بەستراو وەك هەموو لێکدراوێکی تر خاوەنی چەند تایبەتی و خاسیەتێکە، کەلەوشەی سادەو داڕێژراو جیای دەکاتەوە. هەموو لێکدراوێك لەهەر جۆرێك بێت لەدوو وشەی سادە یان زیاتر پێك هاتوون، وشەکانی جێگۆڕکێ ناکەن و لەیەکتری دوور ناکەونەوە و فراوان ناکرێن و بەهەموو وشەکان تاکە هێزێکی سەرەکی وەردەگرن، کە لە کوردیدا لەسەر دوا بڕگەی بەهێزە لەڕۆنانەکەدا. لێکدراوی بەستراو بەوە لە لێکدراوی ناسەربەخۆ(تابع) جیادەبێتەوە کە هەر کەرتە بەهای لەکەرتەکەی تر کەمتر نییە و واتای لێکدراوەکە ئاسایی بریتیە لە لێکدانی واتای کەرتەکان. لە لێکدراوی ناسەربەخۆدا یەکێك لەوشەکان هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ وشەکەی تر، واتە دیارخەرە، ئەویتریش دیارخراو ڕۆنانەکە هەموو کاکڵەییە بەواتای ئەوەی دیارخراوەکە دەتوانێ جێگەی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوە وەك لەم نموونە شیکراوانەدا دەبینین:

دارخورما=دار        دار(دیارخراو+خورما (دیاخەر)

تیر برژانگ=        برژانگ تیر(دیارخەر) + برژانگ(دیارخراو)




جیاوازی نێوان لێکدراوی بەستراو لێکدراوی(کورتە)ش لەوەدایە کە ئەویان کورتکراوەی گوزارەی کارێکی تێپەڕە لە کوردیدا، واتە لەکارێکی تێپەڕە لە کوردیدا، واتە لەکارێکی تێپەڕو بەرکارێك یان تەواو کەرێکەوە دێ:

-چێشت لێنان -چێشت(بەرکار+لێنان(کار)

- بەرگ دروون -بەرگ(بەرکار)+دروون(کار)

-خۆفرۆشتن -خۆ(تەواوکەر)+فرۆشتن(کار)

جۆرێکی تر لەم کورتە لێکدراوانە ئەوانەن کە لەناوێك و (بەرکار) رەگی کار پێك هاتوون. ئەمانە بەوە جیادەکرێنەوە، کە جگە لەواتای کارو ناوەکە واتایەکی زیادەشیان لەئەنجامی لێکدانەکە پەیداکردووە، ئەویش (ئەو کەسەی/ئەو شتەی کە. . . . .

وێنەگر وێنە(بەرکار)+گر (ڕەگی ربردوو)

ئەو کەسەی کە وێنە دەگرێ

هیزە رۆن= هیزە(دیارخراو) + رۆن (دیارخەر)

لەشێوەدا لێکدراوی بەستراو بەهۆی ئامرازی بەستنەوە، کە بەتایبەتی (و)ە جیادەکرێتەوە.[1] شایانی تێبینیە، کە دانانی ئامرازی لێکدان (ئیزافە) لەنێوان دوو کەرتەکەی لێکدراوی نا سەربەخۆ واتاکەی روون دەکاتەوەو دەیکات بەفرێز.

دار سێو داری سێو

هیزە رۆن هیزەی رۆن

پێش ئەم هەنگاوەش دەبێ دیارخەر هێنرابێتە پێشەوە:


تەڕەپیاز پیازی تەڕ

گێلەپیاو پیاوی گێل

١- بۆ ئەم نموونانە بڕوانە جەلال محمود عەلی.



ئەم هێڵکاریە جیاوازیی پێك هێنانی هەردوو جۆرەکە روونتر دەکاتەوە:





نموونەی تر: کافرۆش، دارفرۆش، سەرتاش، خوێن رێژ. هەندێ کورتەش، بەتایبەتی ئەوانەی کەکارەکەیان تێنەپەڕ، کورتکردنەوەی رستەیەکی تەواون، واتا لەڕستەیەکەوە (بکەر +کار) وەرگیراون و کەرتی یەکەم بکەری رستەکەیە و دووەم کارەکەی: رۆژهەڵات رۆژ(بکەر) هەڵهات(کار)

لەهەندێ کورتەدا هەموو کەرتەکان رستە بەتەواوی دەپارێزێ وەك: ئەو پیاوەی لەگوێ مەدەیە دەژی

جۆرێکی تر لەلێکدراو (لێکدراوی خاوەندی) ئەوانەن کە پەیوەندی نێوانیان دوو کەرتە کە بەزۆری ئیزافەیە لەکوردیدا) هیچ شتێکمان دەربارەی واتای وشە لێکدراوەکە بۆ روون ناکاتەوە. واتا واتای لێکدراوەکە، لێڵە چونکە لەئەنجامی لێکداندا واتایەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە تا ئەو واتایە دائەنێینەوە ناگەینە واتای لێکدراوەکە بۆنموونە وشەیەکی لێکدراوی وەك "بنەمۆم" بەواتای "بنی مۆم" نایەت بەڵکو بەواتای کەسێك دێ لەبنی مۆم بچێت لەکوردیدا یان کەسێکی زۆر کورت، ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم جۆرە لێکدراوە بەزۆری لەزمانی کوردیدا حەمام، (کەسێکی بێبار)، دڕکی مەم وزین(کارتێکدەر)، سەگی برسی، مانگای ماڵوان، گورگی پێسووتاو، گیپەی جۆ (زۆر قەڵەو)، مەڕی گێژ(بێ دەستەڵات)، مووی لووت،(ئەوکەسەی لەخەڵك نابێتەوە)، هەوری بەهار (لەپڕ هەڵدەچێ)، دەم پیس، دڵڕەق، دڵتەڕ، دڵپیس، مشکەی ناو هەمانە، کەندوی بەتاڵ (لێ نەهاتوو)، گیسکی سەلەم (ڕیوەڵە)، کەشکی ئاوەسوو، دەم بەهاوار، دەم پل، دەم زل،. . هتد ئەم جۆرە لێکدراوانە بەوە لەلێکدراوی بەستراو جیادەبنەوە کە واتاکانیان وەك نموونەکانی سەرەوە بەتەواوی دەری دەخەن زیاترە لەکۆی واتای دوو کەرتەکە دیسان لەشێوەشدا بەوە لەیەکتری جیادەکرێنەوە، کە لێکدراوی ئەمە وەك خۆی بێ ئامرازی بەستنی(و)ی تێدا نییە.

## لێکدراوی بەستراو و ئیدیەم:

ئەمانە دوو دانەن لەدوو ئاستی جیاوازدا، یەکەمیان دانەیەکی وشەسازییەوە دووەمیان دانەیەکی واتاسازییە. لێکدراوی بەستراو وەك دانە زمانییەکانی تر هەر لەوشەوە رستەوە بۆی هەیە بگاتە پایەی ئیدیەم. بەڵام بێگومان هەموو لێکدراوێکی بەستراو ئیدیەم نییە، وەك لەم هێڵکارییەدا دەبینرێ ئیدیەم دەتوانێ لەچەند شێوەیەکدا خۆی بنوێنێ یەکێك لەم شێوانە وشەی لێکدراوە کە وشەی لێکدراوی بەستراویش دەگرێتەوە:




هەرچەند ئیدیەم واتایەکی تایبەتی بێهاوتا دەبەخشێ، هەموو ئیدیەمێك لەم رووەوە وەك یەکتر نین. ئاسایی زمانەوانەکان بەپێی تاریکی و روونی ئیدیەم چەند پلەیەك جیادەکەنەوە لەزۆر لێڵەوە بۆ روون وەك ئیدیەمی تێکچرژاو وئیدیەمی لێکدراو[1] ئیدیەمی تواونەتەوەو پێش بینی لەواتای کەرتەکانەوە ناکرێ. ئیدیەمی لێکدراو، بەپێچەوانەی جۆرەکەی ترەوە، تەنیا یەکیچك لەکەرتەکانی گۆڕانی واتای بەسەردا دێ ولەرۆناندا شل و شێواوترەو رێگە بەهەندێ یاسای رێزمانی بەربلاو دەدەن بەسەریان دا جێبەجێ بکرێ، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە لێکدراوی بەستراو دەبنە ئیدیەم، ناگەنە ئیدیەمی پلەیەك (تێکچرژاو)، بەڵکو لەپلەی دووەم دا دەمێننەوە، واتە گۆڕانی واتایی تەنیا بەسەر یەکێك لەدوو کەرتەکەدا دێ و

١- بڕوانە دیسان ئیدیەم، پێداچوونەوەیەك لەبەر رۆشنایی زمانەوانی.



کەرتەکەی تر واتا فەرهەنگیەکەی خۆی دەپارێزێ. بۆنموونە وشەیەکی لێکدراوی بەستراوی وەك"دەم وچاو" کە بەواتای روو دێ گەیشتۆتە پلەی ئیدیەم بەوەدا واتاکەی لەواتای کەرتەکانەوە پێش بینی ناکرێ، بەڵام ئیدیەمی پلەیەك یان تێکچرژاو نییە، واتە واتاکەی تەواو تاریك نییە، چونکە کەرتەکان هەردووکیان هەر بەواتا فەرهەنگیەکەی خۆیان بەکارهاتوون.

ئەوەی شایانی زانینە ئەوەیە، کە ئەم جۆرە لێکدراوە کەمتر لەهەموو جۆرەکانی تر دەبێتە ئیدیەم، چونکە یەکێك لەتایبەتیەکانی لێکدراوی بەستراو ئەوەیە، کە هەموو واتا لێکدراوەکە لەیەکێك لەکەرتەکاندا هەڵگیراوەو کەرتەکەی تر بۆخەست کردنەوەوە چرکردنەوەی واتای کەرتەکەی ترە ئەم هەڵکەوتەی لێکدراوی بەستراو لەگەڵ سروشتی ئیدیەمدا رێناکەوێ، چونکە ئاسایی واتا ئیدیەم لەکۆی واتای کەرتەکانەوە پێشبینی ناکرێ. لەبەرئەمە، ئاسایی لێکدراوی بەستراو زۆر کەم دەبنە ئیدیەم، ئەگەر بگەنە ئەم پلەیەش هەر لەپلەی دووەم دا (لێکدراو) دەمێننەوە.

## پەیوەندی نێوان کەرتەکانی وشەی بەستراو

پەیوەندی نێوان کەرتەکانی وشەی لێکدراو بەستراوەکان لەدوو لایەنەوە لێکدەدرێنەوە لایەنی فۆرم (شێوە)، لایەنی واتا.

**٣-١ لەڕووی فۆرمەوە:**

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە لەهەندێ وشەی بەستراودا دوو کەرتەکە کەم و زۆر لەشێوەدا لەیەك دەچن. ئەم لێکچوونە کە هۆکارێکی زۆر گرنگە لەچەسپاندنی لێکدراوەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ دووپات بوونەوەی فۆنێمێك یان بڕگەیەك لەسەرەتا یان کۆتایی کەرتی دووەمی وشەی بەستراوەکەدا. لێکچوون و دووپات بوونەوە لەم جۆرە لێکدراوانەدا لەچەند شێوەیەکدا دەبێ:

١- دووبارە بوونەوەی فۆنیمی یەکەمی کەرتی یەکەم، لە سەرەتای کەرتی دووەمدا: لەش و لار، خوار و خێچ، بەژن و باڵا، کوڕوکاڵ، خزم و خوێش، ئاخ و ئۆف، دۆست و دوژمن، شۆخ و شەنگ، دەرو دراوسێ، ماڵ و مناڵ(منداڵ)، نەرم و نیان، گیروگرفت، کەس و کار، ڕاست و رەوان، دارودرەخت.

٢- دووپات بوونەوەی دوو فۆنیمی سەرەتای وشەی یەکەم لەسەرەتای وشەی دووەمدا:دەم و دەست، لەم و لەو، ئەم وئەو،قاپ و قاچاغ، زەبروزەنگ.

٣- هاتنی فۆنیمێکی نزیکی فۆنیمی سەرەتای یەکەم لەسەرەتای وشەی دووەمدا:پەرش و بڵاو، گۆڕوکفن، کەروگا.

٤- دووباره بوونەوەی دوا فۆنیمی وشەی یەکەم لەکۆتایی دووەمدا: ماڵ و منداڵ، ماڵ و حاڵ، ئێسك و پروسك، چاوڕاو، ڕێك و پێك،شڕوپڕ، شەڕ و شۆڕ، هەراو هۆریا.

٥- دووپات بوونەوەی دوو فۆنیمی کۆتایی یەکەم لەدووەمدا:بەزم و ڕەزم، حازر و بزر، شل و مل، خان و مان، ئێسك و پروسك، چاوڕاو، شڕوپڕ، ڕێك و پێك. . .

٦- دووبارەبوونەی فۆنیمێکی نزیکی کۆتایی یەکەم لە کۆتایی دووەمدا: کەڕولاڵ، ترس و لەرز.

٧- لێکچوونی سەرەتاوکۆتای یەکەم لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی دووەمدا: ماڵ و مناڵ،دار و بوار، شەڕ و شۆڕ، هەرا و هۆریا.

شایانی سەرنجە، کە جۆری(١،٢،٧) تەواو بڵاون لەکوردیداو جۆرەکانی تر کەمتر بەرچاو دەکەون. ئەوەی زۆر کەم ڕوودەدات ئەوانەن کە لەنێوان وشەکانی زمانێکدا دەبینرێن وەك هاوواتایی یان نزیك واتایی، دژواتایی (بەهەموو جۆرەکانیەوە)، جیاوازی و گرتنەوەی. ئەم پەیوەندییە واتاییانە سیمایەکی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە کە لەهەموو لێکدراوەکانی تری جیادەکاتەوە، پەیوەندییە واتاییەکان بریتین لە:

١- پەیوەندی هاوواتای یان نزیك واتایی: لەهەندێ بەستراودا وشەی دووەم هەمان واتای وشەی یەکەمی هەیە، یان واتایەکی نزیك بەوی هەیە:خزم و خوێش، شۆخ و شەنگ، تەنگ و چەڵەمە، وردوخاش، ڕق و کینە، پەرش و بڵاو، سووك و ڕیوان، کەم و کورتی، لەڕولاواز، کۆت و زنجیر، نەرم و نیان.

واتای دوو کەرتی ئەم جۆرە بەستراوە ئەوەندە نزیکن لەیەکتری کە زۆرجار کەرتی یەکەم لەجێگەی هەموو لێکدراوەکە بەکاردێ: گەڵاکەم وردوخاش کرد، کچێکی شۆخ و شەنگە شەنگە شۆخ. کەم و کورتی کورتی کارەکەی دەرخست!

پیاوێکی سووك و ڕسوا ڕسوا سووك بوو. واتای ئەم جۆرە لێکدراوە لەواتای هەردوو کەرتەکەوە نایەت، بەڵکو لەکەرتی یەکەمدا جێگیربوو، وکەرتی دووەم تەنیا بۆ خەست کردنەوەو گەیاندنی واتای ڕۆنانەکەیە:

٢- پەیوەندی دژ واتایی[1] هەندێ لێکدراوی بەستراو بریتین لە لێکدانی دوو وشەی دژواتا. دژواتایی لەم لێکدراوانەدا لەدوو شێوەدا دەبینرێ:

1- ibid, 453



أ- بەپێچەوانە! وشەی دووەم پێچەوانەی وشەی یەکەم. پێچەوانەییەوە لەدژواتایی ترجیادەبێتەوە، کە کەرەسەکانی بەراورد دەکرێن (واتە-تر، ترین) وەردەگرن) و ناکردنی یەکێکیان، جەخت کردنی ئەویتریانە و تاکی لەکەرەسەکان لەهەندێ ڕستەدا لەم بابەتە زۆرە وەك:باش و خراپ، سەروخوار،(قسەی) بەرزونزم، گەرماوسەرما، سارد و گەرم، دۆست و دوژمن، هاتوچۆ.

ب- تەواوکردن: ئەم پەیوەندییە بەزۆری لەو لێکدانەوانەدا دەبینرێ کە کەرەسە پێکهێنەرەکانی ناون، هەرچەند ئاوەڵناویش دەبێ وەك) نێرومێ) لەم جۆرە لێکدراوەدا کەرەسەی دووەم، یەکەم تەواو دەکات: ژن و ماڵ، ناونیشان، باوك و کوڕ، ئاخ و ئۆف، خەت و خوار، بووك و زاوا، جێوڕێ، هات و چۆ، ڕەنگ و بۆ.

٣- جیاوازی[1]: ئەم جۆرە پەیوەندییە بەزۆری لەو لێکدراوانەدا دەبینرێ، کە کەرەسەکانی ڕەنگن وەك: زەرد و سوور، سەوزو سوور، ڕەش و سپی.

٤- گرتنەوە: لەم جۆرە لێکدراوانەدا کەرتی دووەم ئاسایی جۆرێکە، یان بەشێکە لەکەرتی یەکەم، واتە واتایی کەرتی یەکەم دووەمیش دادەپۆشێ یان دەیگرێتەوە، وەك:پارەوپول، ماڵوحاڵ، ماڵومناڵ.

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە لێکدراوی لەوانەیە سەر بە پۆلی یان زیاتر لەو پۆلانەی سەرەوە بێت، بۆنموونە، هاتوچۆ، پێچەوانەش و تەواوکردنیشی پیشان دەدات ئەمەش لەزۆر پۆلێنی واتاییدا ڕوودەدات.

## ڕیزبوونی کەرتەکانی لێکدراوی بەستراو

١- گرنگی شوێنی یەکەم

وەك لەسەرەتادا ڕوونمانکردەوە لێکدراوی بەستراو بە زۆری لەدوو خانە یان ین شوێن پێکهاتوون کە بەهۆی ئامرازی بەستن (و) لێکدراون. ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم دوو شوێنە لەگرنگی وبایەخدا یەکسان نین، هەرچەندە ئامرازەکان ئەو بیرەمان دەداتێ (ئامرازی بەستن دوو شتی چوون یەك، وەك ناو، ئاوەڵناو، کار،فرێز، پاڕستە، ڕستە بەیەکەوە گرێ دەدات کە یەك دەوریان هەبێت لە (ڕستەسازیدا). شوێنی یەکەم وشەیەی

1- jahn Lyons, 1969,460-69

پڕی دەکاتەوە لـەواتادا پڕتـرو گـرنگترە لەشـوێنی یەکـەم، شـوێنی دووەم لـەڕووی واتـای لێکدراوەکەوە گرنگی کەمترە، واتە بەشداریبوونی لـە دروسـت کردنـی واتـای ڕۆنانەکـەدا سست و بێهێزە بەجۆرێك، کە هەندێجار لابردنی یان نەمانیـشی کـار ناکاتـە سـەر واتـای لێکدراوەکە، بەواتایەکی تر لـەواتای لێکدراوەکـە کـەم ناکاتـەوە گرنگـی شـوێنی یەکـەم لەڕووی واتاوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

(١) لەو لێکدراوانەدا، کە پەیوەندی هاوواتای کەرتەکان لەیـەك دەدات، کـەرتی یەکـەمی لێکدراوەکـە واتـای هـەموو ڕۆنانەکـە پڕبـەپڕی هەڵـدەگرێ و دەوری کـەرتی دووەم تـەنیا خەسـتکردنی واتـای یەکـەم چەسـپاندنی ڕۆنانەکـە هەموویـەتی، لەبەرئـەوە لابردنـی واتـای لێکدراوەکە ناشێوێنێ: رق وکینە= رق، لەڕو لاواز= لەڕ، کۆت وزنجیر=کۆت، نەرم ونیان=نـەرم، خزم و خوێش=خزم. دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە کـەرتی دووەمـی ئـەم لێکدراوانـە وە نـەبێ واتایان نەبێت، بەڵکو واتاکانیان لەناو ڕۆنانەکەدا بۆماوەیەك دەدۆڕێـنن هـەر لەبەرئـەوەی کـە شوێنی دووەم لەڕۆنانەکەدا وەردەگرێ.

(٢) لەو لێکدراوانە کە پەیوەندی دژ واتایی کەرتەکان گرێ دەدات دیـسان کـەرتی یەکـەم واتای سەرەکی ڕۆنانەکە هەمووی هەڵدەگرێ، کەرتی دووەم تەنیا تاکیدی ڕوودانی کارەکـە تـا رادەیەکی گەورە لەباری ئەرێدا، یان ڕوونەدانی کارەکە بەهیچ جۆرێ لـەباری نەرێـدا، وەك بـەم لێکدراوانەی ئەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

ئەو کوڕە ڕاست و چەپی خۆی نازانێ. (هەر هیچ نازانێ)

ئەو کوڕە بەڕاست و چەپدا هەڵدەسوڕێ. (زۆر هەڵدەسوڕێ)

گەرماو سەرما بەدەست خۆی نییە (هەموو شتێ. . . . .

خۆ گەرما و سەرما بەدەست خۆی نییە (هیچ شتێ. . . .

گەورەو بچووك ڕێزی دەگرن. (هەموو. . . . . .

دۆست و دوژمن باشەی ناڵێن. (کەس، هیچ کەس. . . .

(٣) لەهەندێ لێکـدراودا واتـای کـەرتی دووەم ئەوەنـدە لاوازە و ناگرنگـە کـە بەتـەواوی لەبیرچۆتەوە لە فەرهەنگی زمانان نەماوە، ئەو واتایەی هەیەتی لەکەرتی یەکەمـەوە دێ. واتـە کەرتی دووەم زۆرجار بوونێکی سەربەخۆی نییە یـان بەتـەنیا لەفەرهـەنگی زمانەکـەدا باسـی لێناکری وەك کەرتی دووەمی ئەم لێکدراوانەی خوارەوە: تەنگ و چـەڵەمە، کـشتوکاڵ، سـووك



وسۆڵ، نەرم و نۆڵن ئێسك، پروسك، درۆو دەلەسە، ڕێگاوبان، چاووڕاو، ڕێك وپێك، خواروخێچ، قوڕوقەپ، پان وپۆڕ[1]. . . .

بێگومان ئەگەر شویچنی دووەم بایەخی لەڕووی واتاوە ببوایە نەدەتوانرا بەم وشە کەم واتا بەتاڵانە پڕبکرێتەوە.[2] دیارە ڕێکەوتیش نییەکە زۆربەی ئەم وشە کەم واتایانە دەچـنە کۆتـایی وشە لێکدراوەکە، چونکە تەنیا لێرەدا بێواتایی یان کەم واتاییان دەرناکـەوێ وکارناکاتـە سـەر واتای لێکدراوەکە هەمووی.

## ١-٤چۆنیەتی پرکردنەوەی شوێنەکان:

لەبەرئەوەی کەرتی یەکەم بەزۆری هەڵگری واتا سەرەکییەکەی هـەموو لێکدراوەکەیـە، وا چاوەڕوان دەکری ئەم شوێنە تەنیا بەوە وشانە بدرێ، کە پـرش واتـان یـان بـوونی سـەربەخۆیان هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە کە هەندێ بەشی ئاخاوتن بـوونێکی سـەربەخۆیان نییـەو بـەگوێرەی شێوەی بەشەکانی تر جیاناکرێنەوە[3] وەك بەرناو، ئامراز وپرتکەکان، کەم و زۆر لـەم شـوێنەدا نابینرێن. جگە لەمەش، تەنانەت ناو وئاوەڵناویش کەهەمویان بەشـێوەیەکی گـشتی (تێکـڕا) ڕێگـەیان دەدرێ ئـەم شـوێنە پـڕ بکەنـەوە، بەکردەیـەکی هەڵبژاردنـدا دەڕۆن پـێش ئـەوەی پێشەوەیان پێبسێنرێ، ئەمـەش دیـسان لەبـەر گـەورەیی وگرنگـی بەشـدارییەکەیانە لـەواتای لێکدراوەکەدا. ئەو هۆکارانەی دەور لەکردەی هەڵبژاردنەکەدا دەبینن بریتین لەمانـەی خـوارەوە (کە بەپێی گرنگی لێیان دەدوێین).

(١) کورت و درێژی کەرتەکان:

لەو دوو کەرتەی دەپاڵێورێن بۆ پێکهێنانی وشەیەکی لێکدراوی بەستراو، دەبێ کورتەکەیان شوێنی پێشەوەی بدرێتێ کورتی و درێژی لێرەدا بەژمارەی فۆنیم و جۆری فۆنیم ناپێورێ بەڵکو

---

١- هەندێ لەمانە لەکەرتی یەکەم بەگۆڕانی بزوێنەکەو دانانی د/ڵ،ڕ چ/م دروست بوون! نەرم ونۆڵ، سووك وسـۆڵ، پـان وپۆڕ، خوارو خێچ، لەهەندێکی تردا کەرتی دووەم بەواتای جیاواز لەفەرهەنگدا دێ. ڕاو، ڤەپ بان، پێك پۆڕ.....هتد.

٢- ئاگەداری ئەوە هەم کە گوترا "وشە" نابێت بێواتابن، بەڵام ئاشکراشە کە هـەموو وشـەیەکیش بەهـەمان رادە واتایان نییە، لەبەرئەوە شتێکی نامۆ نییە وشەی پڕ واتاو واتاکەم و واتابـەتاڵ هـەبێ، ئەمانـە ئاسـایی ئەرکیان هەیە لەزماندا.

٣- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ل ١٠.

به ژمارەی برگە، ئەو کەرتەی لێکدراوەکە کە ژمارەی برگەکانی زیاترن، بێگوێ دانە هیچ کارێکی تر دەچێتە دواوە و شوێنی پێشەوە بۆ کەرتە کورتەکە بەجێ دێڵێ. شایانی سەرنجە کە ئەم دەستوورە هەر لەپێکهێنانی وشە لێکدراوی بەستراودا کارناکات، بەڵکو یاسایەکی بەربڵاوی زمانی کوردییە لەریزبوونی زنجیرە ئاوەڵناو ئاسانتر بەکاردێ[1] هەر کاتێك دوو کەرتە

(٢٠) جۆری تایبەتی لەم لێکدراوە کە بەدووبارەی کردنەوەی کەرتی یەکەم دروست دەبێت دوای گۆڕینی فۆنیمی سەرەتا بە/م/:قاپ و ماپ، چراومرا، راست و ماست. . . . بەتایبەتی لەشێوازی دواندنی هەندێ ناوچە بەکاردێ، بەڵام تەنانەت، ئەمەش چۆتە ناو شێوازی ئەدەبییەوە وەك لەدێڕی شیعری نالیدا دەبینین.

دامێنی بەئەنواعی گوڵۆمڵ خەملابێ

گەنجێکی تێدا بێ کە طەلیسمی نەشکابێ. (دیوانی نالی ل ٦١٤)

لێرەدا بەئارەزوو ئەم جۆرە لێکدراوەمان خستە لاوە لەبەرئەوەی کردەیەکی زیندوو و بەردەوامەو بێسنوورە، بەوەدا کەهەموو وشەیەکی زمانەکە (جگە لەوانەی کە خۆیان بەدەنگی /م/ دەست پێدەکەن) ئەم لێکدەرەیان لێ پێك دێت و بەمەش لەدیاردەی مۆرفۆلۆجی دووردەکەوێتەوە.

(٢١) دەیان نموونە لەم بابەتە لەدیوانی دیلان و بەرهەمی چەند شاعیرێکی لاودا دەبینرێ وەك: بەزم و رەزم ل١٤٢ کش لەجیاتی کش ومات ل١٥٣ شەنگ لەجیاتی (شۆخ وشەنگ ل١٨٩) تەفر (لەجیاتی تەفروتوونا ل٢٦٤)، خاش(لەجیاتی وردو خاش ل ٢٦٧) توونەك (لەجیاتی تاریكو توونەك، ل٢٦٨)، پەرت (لەجیاتی پەرت و بڵاو ل٢٧٤ — دیوانی دیلان).

پالێوراوەکە لەدرێژیدا وەك یەك بوون، واتە لەژمارەی فۆنیم و برگە و مۆرفیم دا یەکسان بوون، ئەوا دابەشکردنیان بەسەر دوو شوێنەکەدا بەپێی دەستووریتر دەبێت. ئەم لێکدراوانەی خوارەوە بەپێی ئەم دەستوورە کەرتەکانیان دابەش بووە:

تەنگ وچەڵەمە، دۆست ودوژمن، کەم وکورتی(کوڕی)، دایك وفرزەند، میرو گەزیر، (بووەبە) داس ودەسك دەرزی، (لە) خۆشیی و ناخۆشیدا، خەم و پەژارە، شەڕ و ئاشتی، فەقیر و دەوڵەمەند، راست و رەوان، ناو ونیشان، بیرو باوەڕ، بنج وبناوان، دڵ و دەروون، پێچ و پەنا، گەشت و گوزار، کۆشك و باڵەخانە، چۆڵ و بیابان، توند و تیژی، خەم و خەفەت.

١- بڕوانە: چەند تێبینیەك دەربارەی ئاوڵناو لەکوردیدا. سنور و بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی.



٢- لەو لێکدراوە بەستراوانەدا کە پەیوەندی پێچەوانە دوو کەرتەکە بەیەکترەوە دەلکێنێ شوێنی پێشەوەی لێکدراوەکە بەو کەرەسەیە پڕدەکرێتەوە، کە گەرمە (موجەب) و کەرەسەی ساردەکە دەچێتە دواوە. ئاوەڵناوە گەرمەکە خاوەنی چەند تایبەتیەکە وەك خۆبەتاڵ کردنەوە لەواتا لەهەندێ رستەدا، هاتن لەوڕۆنانەدا چەندێتی پیشان دەدات، توانای بەراورد بوون و...... هتد.[1]

(قسە)ی بەرزو نزم، گەرماو سەرما، باش و خراپ، راست و چەپ، گەورە و بچووك، دوورو نزیك، راست و چەوت، دۆست و دوژمن، خۆشی وناخۆشی، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە دەستووری یەکەم بەسەر دووەمدا زاڵە، واتە، لەم کۆمەڵەشدا کەرەسەی درێژ بێگوێدانی گەرمی وساردی دەچێتە دواوە:

تاڵ و شیرین، فەقیرو دەوڵەمەند،

٣- ریزبوونی کەرەسەکان لەهەندێ لێکدراوی بەستراو راستەوخۆ لەژێرکاری لێکدراوی تری ناو زمانەکە دایە، واتا هەندێ لێکدراو لەبەر هەندێ قاڵبی پێشتردا دەرژێن و بریتین لەلاسایی ئەمانەن، بۆ نموونە هەموو ئەم لێکدراوە بەستراوانەی کە"دەم" یەکێك لەکەرەسەکانێتی، وەك (دەم وچاو، دەم و لووت، دەم و فڵق، دەم و دەست، دەم و ددان. . . . هتد) شوێنی یەکەم بە وشەی (دەم) دراوە ئەمەش بەڵگەیەکە هەموو لێکدراوەکان بەدوای دروستبوون و هاتنە کایەی یەکەم دانەیانەوە قالبی ئەویان وەرگرتووە و ئەم قالبەش بەردەوام لەکوردیدا بەکاردێ بۆ داتاشینی لێکدراوی بەستراوی نوێ نموونەی تریش لەم بابەتە زۆرن:

سەر:سەرو کەللە، سەرو گوێلاك، سەرو ریش، سەروپێ، سەرو سەکوت، سەروچاو.

دار:دارو درەخت، دارو بەرد، دارو پەردو، دارو دیوار.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لێرەدا ئەوەیە، کەلێکدراوی بەستراو نییە لە زمانەکەدا (سەر) و (دار) کەرتی دووەم بێت لەناویاندا. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە نموونەکان جارێکی تر ئەوە دەسەلمێننەوە کە دەستووری یەکەم(بڕوانە دواوەی کەرەسەی درێژ) بەردەوام لەکوردیدا پەیڕەوی دەکرێ(بڕوانە سەرو گوێلاك، سەرو سەکوت، سەرو کەللە، دارو پەردوو).

٤- هەڵبژاردنی کەرەسە بۆ پڕکردنەوەی شوێنی یەکەم هەندێجار پەیوەندی بەباری کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەوەیە هەیە کە لەزمانەکە بەکاردێنن. پەیوەنی نێوان زمان و کۆمەڵ

1- Lehrer, 1985, 35

راستیەکە مشتومڕی تێدانەماوە[1]، لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نییە کە هەندێ یاساو دەستووری زمانەکە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو خۆو بەهایانە بێت کە کۆمەڵ باوەڕی پێیەتی و بڵاوە لەناویاندا. لەناو کۆمەڵی کوردیدا، کە تا ئەم دواییەش کۆمەڵێکی کشتوکاڵی بووەو ژن و پیاو لەبەر ئەوەی بەیەکەوە ڕەنجیان داوەو کاریان کردووە تارادەیەك وەك یەك سەیر کراون، ئەمەش لە هەندێ لێکدراوی بەستراودا ڕەنگی داوەتەوە،چونکە لەهەندێکیاندا جنسی نێرو لەهەندێکیتریاندا مێ پێش دەکەوێ:

ژن و مێرد، ژن و پیاو، بوك و زاوا، نێرومێ، باوك و کوڕ

لەڕیزبوونی کەرتی هەندێ لێکدراودا پلە و پایەو بەرزی و نزمی لەڕوانگەی کۆمەڵەوە دەور دەبینێ: پاشاو گەدا، وەستاو شاگرد، میرو کزیر، گەنج و پیر، گەورەو بچووك.

٥- لە هەندێ لێکدراوی بەستراودا، ڕیزبوونی مۆرفیمەکان بەپێی کاتە، واتە پاش و پێش هەنگاوەکانی کردەکە. شوێنی پێشەوە بۆ هەنگاوی یەکەم یان قۆناغی یەکەم دادەنرێ، شوێنی دووەم بۆ ئەوەی تر:

ترس و لەرز، قات و قڕ، تیروکەوان، ئێستەو ئەوسا، سیوو جگەر. ئەم جۆرە بەتایبەتی لەو لێکدراوانەدا دەبێ کە کەرتەکانی لەبنەڕەتدا کارن و(یان ڕەگی کارن): هاتوچۆ، بگرەو بەردە، بگر و بکوژ.

٦- لەو لێکدراوانەشدا کەهەردوو کەرتەکە باس لەناوچەیەك دەکەن یان دیمەنێ دروست دەکەن، ڕیزبوون لەگەورەوە بۆ بچووکە، بەواتای ئەوەی ئەو کەرتە پێش دەکەوێ کە واتایەکی فراوانتری هەیە، یان ناوچەیەکی گەورەتر دادەپۆشێ یان لەدوور ترەوە دەبینرێ یان ئاشکراترەو زووتر بەرچاو دەکەوێ، ئەو کەرتەش کەواتاکەی تەسکترەو ناوچەیەکی کەمتر دادەپۆشێ و پاش زەمینەی دیمەنەکە دەنەخشێنێ، ئاسایی دەچێتە شوێنی دووەم

کانی و ئاو، باخ و بێستان، سەروچاو، سەروپێ، سەرو گوێلاك، قاچ و قول،
خاك و بێڵ و پاچ، دەست و پەنجە، لارو لەنجە، دەم و چاو، دەم و لووت[2]

١- بڕوانە: سنوورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی.

٢- ئەم نموونانە دژ بەم دەستورەن لەژێرباری دەستووری یەکەمدا لێك دەدرێنەوە: (دڵودەروون، باخوباخات، جەگوهەناو)



٧- هەندێ لێکدراوی بەستراو هەیە، کە لەزمانی ترەوە وەرگیراون ڕێزە دێرینەکەشیان هێناوەتە کوردیەوە، واتە شوێنی کەرتەکانیان نەگۆڕاوە وەك: ئادەم و حەوا، لەیلاو مەجنون، حەول و قووەت، مەدح و سەنا، لوتف و کەرەم، دیسان ئەمانەش لەسنووری یاسای یەکەم دەرنەچوون.

لێرەدا دوو خاڵی زۆر گرنگ سەرهەڵدەدەن:

١- دەستووری یەکەم، ڕیزبوون بەپێی درێژی یا قورسی بڕگە لەهەموو هۆکارەکانی تر بەهێزترەو چاری هەموو نموونە دژەکانیش دەکات: بۆ نموونە لە لێکدراوێکی وەك (فروفیشاڵ) دا هاتنە پێشەوەی کەرتی یەکەم بە پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکانی سەرەوەیە، چونکە واتای پڕی هەیە نەوەرگیراوە لەزمانی ترەوەو نەگەرمەونە لەسەر قاڵب داڕێژراوە تاکە هۆکار ئەوەیە کە(فیشاڵ) درێژترەوەدەبێ دواوە بگرێ. بەمە شوێنی سەرەکی بۆمۆڕفیمێکی بەند واتا دۆڕاو بەجێ هێشتووە.

٢- چوونە پێشەوەی هەندێ کەرت زیاتر لە هۆکارێکی هەیە وەك لە لێکدراویکی وەك (سەرو گوێلاك) دا دەبینین،(سەر) دەبێ بەپێی دەستووری(١)، (٣) و (٤) و (٦) بکەوێتە پێشەوە.

## ٥- پەیوەندی نێوان ئامرازەکە و کەرتەکانی لێکدراوەکە:.

ئەوەی شایانی تێبینیە لەم جۆرە لێکدراوانەدا ئەوەیە، کەڕەفتاری ئامرازی بەستن(و) ڕەفتارێکی ئاسایی ئامرازی بەستن(حروف **العطف**) نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیە، کە کەرەسەی وشەی لێکدراو و ئیدیەم زۆر جار واز لەهەندێ تایبەتی خۆیان دێنن و دەگۆڕێن لە پێناوی بەدەست هێنانی دانەیەکی ڕێزمانی نوێ واتە دروستکردنی دانەیەکی نوێ زۆر جار وا لە کەرەسەکان دەکات کە دەست لەهەندێ تایبەتی خۆیان هەڵگرن تابتوانن لەگەڵ یەکتردا بگونجێن[1] بۆ هێنانەدی ئەم گونجاندنە دوو گۆڕانی گەورە بەسەر ئامرازی بەستانی(و) ی ئەم لێکدراوانەدا هاتووە.

١- ئامرازی بەستن ئەم وشە لێکدراوانە(و)،بە پێچەوانەی ئەو ئامرازەی کە دووشت یان زیاتر لە (دوو وشە، دوو ڕیز، دوو پارستە، دووڕستە) بەیەکەوە دەبەستێ(و) گوێ ناداتە سروشت و هەڵکەوتی دوو کەرتەکە و ئەو مەرجە ناسەپێنێ کە هەردووکیان سەربەیەك بەشی

١- بڕوانە: دیسان ئیدیەم، پێداچوونەوەیەك لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا.

ئاخاوتن بن. بەواتایەکی تر،(و) دەتوانێ دوو کەرەسە بەیەکەوە گرێ دا کەهەریەکەیان بەشێکی جیاوازی ئاخاوتن بێ.

کوڕەکە دەست و برد ئیشەکەی بۆ راپەڕاندم

دەست وبرد<دەست(ناو)+برد_ڕەگی کار)

بێگومان(وا) ئەم توانایەی نییە وەك رێزمانی رستەی١ ,٢ و ناڕێزمانی٣ ,٤ دەری دەخەن:

پاکەت و شقارتەو وردەواڵە دەفرۆشێ.

کوڕەکەی وریا زرنگ و دڵسۆزە.

*کوڕەکەی وریاو زرنگ دڵسۆزیە.

*کوڕەکە نیشانەی وریاو زرنگیو دڵسۆزیە

٢- و٢، یە پێچەوانەیو توانای گۆڕینی بەشی ئاخاوتنی کەرتە لێکدراوەکانی تێدایە، واتە دەتوانێ لە لێکدانی دووکار، ناوێك بەدەست بێنێ یان لە لێکدانی دوناو، ئاوەڵناو دروست بکات لەم خاسیەتەداو لەهەندێ بەرناو (بەناز، بێناز) دەچن کە دەبنە پێشگر لەناوەوە ئاوەڵناو دادەڕێژن: بۆ نموونە

١- دەم(ناو) + دەست (ناو) <دەم و دەست (ئاوەڵکار)

٢- دەست(ناو) +ئەژنۆ(ناو)<دەستەو ئەژنۆ (ئاوەڵکار)

٣- هات(کار)+نەهات(کار)<هات و نەهات لەڕێگای هات و نەهات (ئاوەڵناوئاسا)

٤- هات(کار) +چۆ(کار)<هات و چۆ(ناو)

ئەم رەفتارە نامۆیەی و نزیك بوونەوەی لەبەرناو وای لەهەندێ زمانەوان کردووە،ـ کە ئەو لێکدانەوەی بەبەر ناویش بەستراون بەلێکدراوی دابنێین وەك: دەست بەجێ، جێبەجێ، سەربەرەو خوار هەپروون بە هەپروون[١]

١- ئەم رەفتارە نائاساییەی ئامرازی بەستنی(و) زیاتر لەبەر ناو نزیکی دەکاتەوە لە سروشتدا چونکە تەنیا ئەوەیان تێدایە ببنە پاشگری داڕێژراو وبەشی ئاخاوتن بگۆڕین جێ(ناو) بەجێ(ئاوەڵناو)، ناز(ناو)،بێناز،بەناز(ئاوەڵناو) هەروەها لەبار



## ٦- شوێنی لێکدراوی بەستراو لەڕستەدا:

شوێنی لێکدراوی بەستراو لەڕستەدا بەپێی ئەو بەشە ئاخاوتنەی کە لێکدراوەکە پێکی دێنێ دەگۆڕێ شایانی سەرنجە کە زۆربەی کات ئەو بەشە ئاخاوتنەی لێکدراوەکە پێکی دێنێ هەر ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە کەرتەکان تاکە تاکە لەسەرین. بەواتایەکی تر، بەستنی دوو ناو بەیەکترەوە هەر ناومان دەداتێ هەروەها بەستنی ئاوەڵناو دیسان ئاوەڵناو دەدات بەدەستەوە لەهەندێ باردا پێچەوانەی ئەم دەستوورە دێتە بەرچاو: بۆنموونە، بەستنی دوو کار لەم لێکدراوانەدا، لەجیاتی ئەوەی کارێکی لێکدراو بدات بەدەستەوە ناوێکی لێکدراو پێك دێنێ (بڕوانە: هات (ڕەگی کار) چۆ(ڕەگی کار) هات وچۆ(ناو)، هەروەها: دەم ودەست، بگرەو بەردە بە پێیە، لەدوو توێی دوو دەستوری فراواندا دەتوانین شوێنی لێکدراوی بەستراو لەڕستەدا دیاری بکەین:

١- ئەگەر وشە لێکدراوەکە ناوبێت یان ئاوەڵناو ئەوا لەهەموو ئەو شوێنانەدا بەکاردێ کەبەناو یان ئاوەڵناو پڕدەکرێنەوە. لەزمانەکەدا وەك: بکەر، بەرکار، تەواوکەری کار، دیارخەر..... هتد.

ماڵ و منداڵەکە گەیشتن. (بکەر)

ماڵ و منداڵەکەی ناردەوە. (بەرکار)

بەماڵ و منداڵەوە هاتوون (تەواوکەر)

پارەی ماڵ ومنداڵەکەشی خواردووە. (دیارخەر)

ئاوەڵناو: شۆخ وشەنگەکان بەخۆیان دەنازن (بکەر)

شۆخ وشەنگەکان هەڵ دەبژێرن (بەرکار)

یەکێکی لەو شۆخ وشەنگانە هەڵبژارد (تەواوکەر)

ئەو کچە شۆخ وشەنگانە خەڵکی کوێن؟(دیارخەر)

٢- ئەگەر وشە لێکدراوەکە ئاوەڵکاربێت، ئەوا هەموو ئەو شوێنانە دەگرێ کە ئاوەڵناوی تێدا دەبیبنرێ وەك: پێش کار، پێش بکەر، دوای بەرکار شایانی تێبینییە کە کەم لەم لێکدراوە ئاوەڵکارانە لەبنچینەدا. لەئاوەڵکارەوە دروست دەبن، بەتایبەتی لەبەرئەوەی جگە لەژمارەیەکی زۆر کەم لەئاوەڵکاری شوێن دەکات و رادەی ئاوەڵکار لەکوردیدا نییە، بەڵکو بەشەکانی تری ئاخاوتنەکە ئاوەڵکارئاسا (وەك ئاوەڵکار) بەکاردێن:

ژنەکە ئێستاو ئەوسا نەهاتە دەرێ. (پێش کار)

ژنەکەم دەم ودەست دۆی بۆ هێنان.      (پێش بەرکار)

دەم ودەست ژنەکە دۆی هێنا.      (پێش بکەر)

منالەکە دەم ودەست هاتە قسە.      (پێش کار)

## ٦- شوێنی لێکدراوی بەستراو لەزمانەکەدا:

لێکدراوی بەستراو بەشێوەیەکی گشتی لەهەمـــوو شـێوازەکانی زمانــــەکەدا بـەکاردێت، شێوازی دواندن بێت یان نوسین، شێوازی ئافرەت بێت یان پیـاو، مـیری بێـت یـان ئـەدەبی[1] دابەش بوونیشی لەم شێوازانە تاڕادەیەك وەك یەکە هەرچەندە لەو شێوازانەدا بڵاوترە، کە زمان بەمەبەستی هەست دەربڕین و ورووژاندنی بەکاردێ بۆنموونە لەوتارو نوسینی ئاینیدا ئەو جـۆرە لێکدراوانە زۆر باو بڵاون کە یەکێك لەکەرتەکان لێکدانەوە یان هاوواتـای وشـەیەکی عەرەبیـە وەك: (بە) هێز و قووەتی (خۆی)، فەقیرو هەژار، دەردو بەڵا، داوو دەرمان.

لێکدراوی بەستراو وەك چەند دیاردەیەکی تری زمان (لەوانە هاوواتایی) لەچالاکی و توانای زمان کەم دەکاتەوەو بوونی بە ژمارەیـەکی یـەکجار زۆر لەبەرژەوەنـدی زمـان نییـە، چـونکە هەمیشە یەکێك لەکەرتەکان وئامرازی بەستنەکە لەپەیوەندی کردن لەگەڵ دەوروبەردا کەم وزۆر کەڵکیان لێوەرناگیرێ، لەبەرئەوەی ئەو مەبەستەی دەمانەوێ بەخەڵکی تری بگەیەنین لەیـەکێك لەکەرتەکاندایـە بەتایبـەتی کـەرتی یەکـەم کەرتەکـەی دەوری چـڕکردنەوە دەبینـێ. ئـەم خەستکردنەوە و مەیاندنانە لەزمان شتێکی ناپێویست و زیادە(فائض). شتی زیادە ناپێویـست لەزماندا لەلایەکەوە ڕێگەدەگرێ و زمانەکە قورستر دەکات. بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە زیادەکـە

١- جۆرێکی تایبەتی لەم لێکدراوە بەدووبارە کردنەوەی کەرتی یەکەم دروست دەبێت دوایـی گـۆڕینی فـۆنیمی سەرەتا بە/م/:  قاپ وماپ، چراو مرا،راست وماست، بەتایبەتی شێوازی دواندنی هەندێ ناوچە بەکاردێ، بەڵام تەنانەت ئەمەش چۆتە ناو شێوازی ئەدەبیەوە وەك لە دێڕی شیعری نالی دا دەبینین:

دامێنی بەئەنواعی گوڵ ومول خەملابێ

گەنجێکی تێدابێ کە طەلیسمی نەشکابێ   (دیوانی نالی ل٦١٤)

لێرەدا بەئارەزوو ئەم جۆرە لێکدراوەمان خستە لاوە لەبەرئـەوەی کردەیـەکی زینـدوو وبەردەوامـەو بێسـنوورە بەوەدا کە هەموو وشەیەکی زمانەکە "جگە لەوانەی کە خۆیان بەدەنگی /م/ دەست پێدەکەن" ئەم لێکدراوەیان لێ پێك دێت بەمەش دیاردەی مۆرفۆلۆجی دوور دەکەوێتەوە.



لەدواندنا ئەرکی خۆی دەبینێ، هەر وەك چۆن نیشانەیەکی رێزمان چەند جارێـك لەڕسـتەیەکدا دووپات دەکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەگەر لەیەکێکیش لەجارەکاندا بەتەواوی نەگەیشتە گـوێ لەبـەر هەر هۆیەك بێت، گوێگر هێشتا پات بوونەوەیەوە لەپاشماوەی رستەکەدا بتوانـێ لەمەبەسـتەکە بگات (بۆ نموونە، بڕوانە ئەم رستەیەو تێبینی ئەوە بکە ئەو نیشانەی بۆ بکەر دەگەڕێتەوە چەند لەڕستەیەکی وا کورتدا گوتراوەتەوە: ئەو هەر خۆی بەخۆیەوە ئەنازێ.  بەهـەمان ڕێگـا کـەڵك لەلێکدراوی بەستراو لەدواندنا دەبینرێ کەواتە هەر چەند لێکدراوی بەستراو راستەوخۆ لەکردەی پەیوەندیکردندا سوودێکی کەم دەبەخشێ، لەدواندنا بۆ سافکردنی قەناتی گفتوگۆو نەهێـشتنی تەمومژی واتایی کەڵکێکی چاکی لێ وەردەگیرێ.

لەبەرئەوەی بەکارهێنانی لێکدراوی بەستراو وزە بـە فیرۆدانـی تێدایـە و بـەهۆی زۆرەوە کـەم دەردەبـڕین،(زۆر دەڵـێین و کـەم دەر دەبـڕین) لـەکوردی ئـەمڕۆ بەتایبـەتی لەنووسـینی ئـەدەبی هەندێکدا هەوڵێك بەدی دەکرێ بەرەو هەڵوەشـاندن و تێکدانـەوەی وشـەی بەسـتراوی لێکـدراو و بەکارهێنانی کەرتێکی وشەکە لەجیاتی هەمووی لەهەر شوێنێکدا کەتەم و مژو شێوازی. لەوانـە نەبێ سەرهەڵدا. بەمە نەك هەر تاڕادەیەك هەمان بیر دەردەبڕین بەڵکو دەتوانین کەڵك لـە کەرتـە زیادەکەیش وەرگرین بۆ دەربڕینی نوێ تر. سەرەتایی ئـەم کۆشـشە بەتـەواوی لـە شـیعری نوێـدا هەستی پێدەکرێ.[1] ئەم یاریکردنە بەزمان لەوانەیە لەنووسین دا سەربکەوێ، بـەڵام دەبـێ بـزانین وشەی لێکدراوی بەستراو لەزمانەکەدا فڕێدانی بـۆ دەرەوەی ئەگـەر سـەرکەوتوویێت (کەجێگـەی گومانێکیزۆرە)، زمانەکە لەبۆن و بەرامەی رەسەنی خۆشی مێژوویی بێبەری دەکات.

١- دەیان نموونە لەم بابەتە لەدیوانی دیلان وچەند شاعیرێکی لاودا دەبینرێ وەك:  بەزم لەجیاتی بـەزم ورەزم ل ١٤٢، کش لەجیاتی کش ومات ل١٥٣)

شەنگ لەجیاتی (شۆخ وشەنگ ل١٨٩)، تـەفر (لـەجیاتی تـەفروتونا ل ٢٦٤) خـاش(لـەجیاتی ورد وخـاش ل ٢٦٧) نوتەك (لەجیاتی تاریك ونوتەك ل ٢٦٨) پەرت (لەجیاتی پەرت وبڵاو ل ٢٧٤ دیوانی دیلان).

## ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:

هەرچەندە زاراوەی لێکدراوی بەستراو لەچەند بەرهەمێکی ڕێزمانییدا ناوی هـاتووەو چـەند نموونەیەکی لەسەر دراوە، سەرچـاوەکان بەشـێوەیەکی گـشتی لەتایبـەتی و سـیمای دیاردەکـە نەدواون و تەنانەت ئەو ڕۆنانەشیان جیانەکردۆتەوە کە لەشێوەدا لەم دەچن.

ئەوەندەی سەرچاوەکانم ڕێگەم بدەن، دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەم لێکۆڵینەوەیە کەسەربەخۆ بـۆ ئەم جۆرە لێکدراوە تەرخان کرابێت و بەم وردی وچڕیە بابەتەکە بداتە بەر تیـشکی توێژینـەوەو هەموو لایەنێکی بگرێتەخۆ. لێکۆڵینەوەکەمان دەمانگەیەنێتە چەند ئەنجامێك کە گرنگـەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

١- یەکێك لەجۆرە بڵاوەکانی وشەی لێکـدراو وشـەی لێکـدراوی بەسـتراوە کەتێـدا دوو کەرتی هاوشان بەهۆی ئامرازی بەستنی (و)ەوە لەیەك دەدرێن ئەم لێکدراوانە بەچەند ڕێگەیەك لەو فرێزانە جیادەکرێنەوە کە ئامرازی بەستنی (و) پێکیان دێنێ. هەرچـەندە ئـەم لێکدراوانـە دەگەنە پلەی لێکدراو بەڵام بەهەموویان ئەو پلەیە وەرناگرن.

٢- پەیوەندی نێوان دوو کەرتەی ئەم جۆرە لێکدراوە هەر ئـەو پەیوەندییـە کـە کەرەسـە وشەییەکانی بەیەکترەوە گرێ دەداوەك هاوواتای، دژواتای، تەواوکردن و گرتنەوە.

٣- وەك هەموو یەکگرتن و لێکدانێکی تری زمان، هەموو کەرەسەکان، دوو کەرتەکـە و ئامرازەکەش لەهەندێ شت و تایبەتی خۆیان دەبوورن لەپێناو دروستکردنی دانە نوێیەکەدا.

٤- هەرچەندە کەرتەکان هاوشانن، لەڕووی واتاوە ئاسایی کەرتی یەکەم پڕترە، لەبەرئـەوە ئەم شوێنە نادرێ بەکەرەسەی کەم واتا لەو کاتانەدا نەبێ کە کەرەسە پڕواتاکە درێژترن.

٥- شوێنی لێکدراوی بەستراو لەڕستەدا بەپێی ئەو بەشە ئاخاوتنە دەبێ کـە لەئـەنجامی لێکدانەکە دروست دەبێت.

٦- هەرچەندە بوونی ژمارەیەکی زۆر لەلێکدراوی بەستراو لەچالاکی و توانستی زمان کەم دەکاتەوە چونکە درێژن و کەم دەردەبڕن، لەشێوازی دواندندا دەوری خۆیان هەیە و دابڕینیان لـە زمان لەپێزو بۆن وبەرامەی مێژووی زمان کەم دەکاتەوە.

# سەرچاوەکان


أ- **بەزمانی کوردی:**

١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی(ناو)، چاپخانەی کۆڕ/ بەغدا ١٩٨٠.

٢- جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٢.

٣- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٧.

٤- محمد معروف فتاح، سنوورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، رۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٢، ١٩٨٦.

٥- محمد معروف فتاح، دیسان ئیدیەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەرگی ١١، ١٩٨٦.

٦- د. وریا عمر امین، لێکدانی وشەکان، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٨، ١٩٨٨.

٧- نەسرین فەخری، لیکسیۆگرافیا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٧، ١٩٨٥.

ب- **بەزمانی ئینگلیزی:**

1-Fattah, M. M. (1980) "On the stress system in Kurdish" Zanco v. b, iqy-200

2-Lehman, P. L. led(1972) Desciptive Lingustics New York: Random House.

3-Lehrer A. (1985) Markedness and Antonomy "Jovvnal of linguistics vol No. 2 393-429.

4 -Lyon, J. (1969) Introduciton to the oretal Linguistics Combridge university press: London.

5 -Mackenizie D. N. (1961) Kurdish Dialect studies London: Oxford university press.

6 -Mccarus, E. (1959) A Kurdish Grammar Washington. Washington plandogroph company.

7 -Swamin athan R. (1943) "The word" ZRAL V. xl.



*** ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٢٤ ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە.**

# هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا

## ١- سەرەتا:

لەنووسینەوەی ڕێزمانی هەموو زمانێکدا، ڕێزماننووسەکان بەگوێرەی چەند تایبەتییەکی وشەسازی و ڕستەسازی و واتایی ئاسایی چەند بەشێکی ئاخاوتن لەیەکتری جیادەکەنەوە. لەسەرەتادا و بۆماوەی سەدان ساڵ ژمارەی ئەم بەشانە لەنێوان هەشتو دە بەش دابوون و هەمووشیان لەگرنگیدا وەك یەك سەیر دەکران.[١]

دوای ئەوەی لەم دواییەدا ڕۆنانیەکان بەسەر پۆلێنە دێرینەکان دا چوونەوە، ئیستا زۆربەی زمانەوانان دوو کۆمەڵەی سەرەکی جیادەکەنەوە.[٢] پۆلە سەرەکییەکان یان سەربەخۆکان کە بریتین لە ناو و ئاوەڵناو و کارو ئاوەڵکار[٣] پۆلە لاوەکیەکان(ناسەربەخۆکان) وەك ئامرازو(ئامرازی نیشانە و پرسیارو بەستن و سەرسوڕمان و ژمارە و پرتکەکان (بەرناوەکان)[٤].

یەکێك لەجیاوازییە گرنگەکانی نێوان ئەم دوو کۆمەڵە لەوەدایە کە کۆمەڵەی یەکەم بەهۆی شێوەوە لەوەی دووەم جیادەکرێتەوە کە پاشگری (-ەکە) و (-ئێك) و ئەلۆمورفەکانیان وەردەگرێ (چرا، چرایەك، چرا (یە) کە،لەکاتێکدا کار هەندێ پێش کارو (هەل-، را-، دا، رۆ-) پێشگری (دە-،ب-،)لەگەڵدا دەبینرێ کە هەرگیزلەگەڵ ناودا نایەن-دیسان بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵناو لەناو دەتوانین پشت بە پاشگری بەراوردکردنەوە(- تر/- ترین) ببەستین، کەبەزۆری هەر بەئاوەڵناوەوە

---

1-Lyons, 1981,191

٢- ئەم جۆرە پۆلێنە تاڕادەیەك لەکارەکەی د. مەکارەس دەبینرێ هەر چەندە ئەو باسی بەشی سەربەخۆو ناسەربەخۆ ناکات، جگە لەناو کار و جێناو هەموو بەشەکانی تری لە ژێر پرتکدا داناوە (Mccarus. 1959. 45)

٣- لێرەدا ئاوەڵناو جێناو دەچێتە ژێر بەشی ناوەوە ئامرازەکانیش هەر یەکەیان بەشێکی سەربەخۆ پێك دێنن.

٤- لەوانەیە دانانی ئەمانە بەئاوەڵناو هەر لەبەر ئەمەبێ کە ئاوەڵناو دەتوانێ جێگەیان بگرێتەوە ئەمە لەباری کێشەکە ناگۆڕێ چونکە جگە لە ئاوەڵناو و ناو کەرەسەی تریش دەتوانێت لەو شوێنانە دابنێین، کەواتە بۆچی ناو یان ئاوەڵناو بێت؟



دەلکێ. بەپێچەوانەی ئەمەوە،پۆلە لاوەکیەکان بە شێوە لە یەکتری جیاناکرێنەوە چونکە خاوەنی نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجیانەی تایبەتی نین. لەبەر ئەمە بۆ جیکردنەوەیان دەبێ سەیری شوێنیان لەڕستەدا بکەین. هەر لەبەر ئەمەشە کە هەندێ لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵە ئاسایی سەر بە دوو پۆل یان زیاتر دەبن. واتە،ئەندامانی ئەم کۆمەڵە دەچڕژێنە ناو یەکتریەوە. بۆ نموونە، ئەم، هەندێ جار جێناوە و (ئەم دەڕوات) هەندێ جاری تر ئاوەڵناو(ئەم پیاوانە ناهێڵن)بە پێی شوێنی لەڕستەکەدا.

دیسان جیاوازییەکی تری نێوان ئەم دوو کۆمەڵە، لەوەدایە، کە کۆمەڵە لاوەکیەکان ئاسایی کۆمەڵێکی یان پێڕەوێکی بچووکی داخراو پێك دێنن کە ژمارەیان کەمەو بەئاسانی دەبژێرێن وسنووریان بۆ دادەنرێ بۆ نموونە جێناوەکانی کوردی لە هەشت تێناپەڕن. ئامرازی نیشانە تەنیا دوانن ئامرازی پرسیاریش خۆیان نادان لەبیست. بەپێچەوانەشەوە، ژمارەی کارو ناو لەزمانەکەدا بە ئاسانی بۆ دانانرێ و سەرژمێر ناکرێ.

دەبێ تێبینی ئەوش بکەین کە پۆلە ناسەربەخۆکان لەوەدا پێڕەوێکی داخراو پێك دێنن کە:

١- واتای هەر ئەندامێك لە پۆلەکە لەو پەیوەندییەوە دێ، کە لەگەڵ ئەندامانی تری پۆلەکە لە ناو پێڕەوەکەدا پیادەی دەکات. بۆنمونە، هەندێ لە واتای جێناوی (ئەو) لەوەوە دێ کە کە بەرامبەر من و تۆو ئەوان و ئێوە دەوەستێ. بەواتاییێکی تر، واتای ئەو=نەمن نەتۆ، نەئێمە، نەئەوان، نە ئێوە= کەسی سێەمی تاك. دیسانەوە واتای ئەو لە ڕستەی ئەو کوڕە هات دا لەو جیاوازیەوە دێت کە لەگەڵ ئەم دا هەیەتی لەڕستەی (ئەو کوڕە هات) دا. بەم پێیە، واتای بەرناوەکانی وەك بە یان لە کوردیدا نازانرێ، تا بەراوردنەکرێ لەگەڵ واتای هەموو بەرناوەکانی تری زمانەکە.

٢- ئەندامانی پۆلە لاوەکییەکان نەك هەرکەمن و دەژمێرێن، بەڵکو ئەندامی نوێش بە ئاسانی وەرناگرن، واتە لە دەیان و سەدان ساڵدا ئامرازێکی پرسیاری نوێ یان بەرناوێك یان ئامرازێکی بەستن ئاسایی خۆیان ناکەن بەزمانێکدا لە کاتێکدا کە دەیان و سەدان ناو و ئاوڵناو و کاری نوێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دادەتاشرێن و دەخوازرێن و دەچنە ناو زمانێکەوە و دەبنە بەشێك لەکەرەسەی بنچینەیەکی. بەم جۆرە دەبینین کە بەپێچەوانەی پۆلە لاوەکییەکانەوە پولە سەرەکییەکان دەرگایان واڵایە بۆ وشەی نوێ.

هەرچەندە جیاکردنەوەی بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆو ناسەربەخۆ(کارکەر) لەخۆیدا هەنگاوێکی گەورەبوو بەرەو چاکردن، پۆلێنە دێرینەکە ئەوندە کون و کە لەبەری تێدایە، کە بەمە چارەسەر ناکرێ و خەوشە سەرەکییەکەی کە هەندێ وشە لەهەمان کاتدا سەربە دووبەشی

جیاوازی ئاخاوتن یان زیاتر دەبن هەر دەمێنێ و ماوەو ئەو گیروگرفتانەی کە لە ئەنجامی ئەمەوە دێنە سەر ڕێگەی لێکۆڵینەوە بەردەوام سەر دەشێوێنن (بڕوانە بەشی دووەم بۆ چۆنیەتنی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە لەم لێکۆڵینەوەیەدا).

مەبەستی سەرەکی لەنووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ پێکناهێنێ بەڵکو زۆر نزیکە لە ناو یان بەشێکە لەناو جگە لەمەش کوردی لەخۆیدا زمانێکی ئاوەڵناو ویست نییە بەودا کەژمارەی ئاوەڵناو لە زمانەکەدا کەمەو ئە مانەش چەند ناوچەیەکی واتایی کەم دادەپۆشن. دیسان پلەو پایەی ئاوەڵناو لەم زمانەدا هەرگیز ناگاتە پایەو گرنگی ناو و کار. لێکۆڵینەوەکە بەگشتی دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە کوردی تەنیا خاوەنی سێ بەشە ئاخاوتنە:ناو و کارو پرتك.[1]

بۆ سەلماندنی ئەم ڕوانینە لەگەڵ بۆچوونی زمانەوانەکانی پێشتردا کەم و زۆر ڕێك ناکەوێ، لێکوڵینەوەکە دەکەین بە(٥) بەشەوە(جگە لە سەرەتاو ئەنجام) لەبەشی دووەمدا چەمك و سنووری ئاوەڵناو دیاری دەکەین و ئاوەڵناو لە چەندین وشە پاك دەکەینەوە کە بەهۆی تەمومژی پۆلێنە دێرینەکانەوە لە زۆر لێکۆڵینەوەدا بە ئاوەڵناو دراون. لەکۆتایی ئەم بەشە دەگەینە چەند تایبەتییەکی ئاوەڵناو کە بە هۆیانەوە ئاوەڵناو لە ئاوەڵناو ئاسا جیادەکەینەوە لە بەشی سێیەمدا لەو وشە کەمانە دەدوێین کە بە هەموو پێوانەکانی بەشی دووەم ئاوەڵناون و دەیان کەین بە چەند پۆلێکەوەو دەوری پۆلینەکە لەڕیزبوونی جووتە ئاوەڵناو زنجیرە ئاوەڵناو دەردەخەین. بەشی چوارەم بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی باری ئاوەڵناو لە زمانەکەدا. لەکۆتایی بەشەکەدا باس لەوە دەکەین کە ئاوەڵناوی کوردی هەموو تایبەتییەکی ناوی تێدایەو خاسیەتیەکی خۆی نییە لەناوی جیابکاتەوە. لەبەشی پێنچەمدا لەپۆلێنێکی نوێی زمان دەدوێین، کە زمانی گێتی دەکات بەسێ بەشەوە:

١- زمانی ئاوەڵناوی
٢- زمانی کاری
٣- زمانی نێوان

لێرەشدا هەموو ڕاستییەکانی کوردی ئەوە دەردەخەن کە کوردی لە زمانە نێوانەکانە. ئەمەش دەکەینە بەڵگەیەکیتر، کە ئاوەڵناو لە کوردیدا ئەرکێکی گەورەی پێنەسپێراوەو بەشە

1- Lyoas,1981, 10



ئاخاوتنێکی سەربەخۆ دروست ناکات. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا بەسە. بەو تێبینیە نوێیانەدا دەچێتەوە کە لێکۆڵینەوەکە بۆ یەکەم جار دەیان گاتێ.

## ٢- چەمك و سنووری ئاوەڵناو:

یەکێك لە کەم وکورتیە هەرە گرنگەکانی پۆلێنە دێرینەکەی بەشەکانی ئاخاوتن لەوەدایە، کە هەر لەسەرەتاوە جیاوازی نێوان وشەو شێوەکانی وشەی بەرچاو نەگرتووەو وشە نەك هەر لەم پۆلێنەدا بەڵکو لە هەموو بەرهەمەکانی ڕێزمانی دێریندندا بەدوو واتای زۆر جیاواز بەکار هێنراوە. واتای یەکەمی وشە لەو کاتانە دا دەردەکەوێ کە دەگوترێ (ڕۆیشتن) و (ڕۆیشتم) و (دەڕۆم) هەموویان یەك وشەن یان چەند شێوەیەکی (فۆڕمێکی) جیاوازی یەك وشەن ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی وشە لەفەرهەنگدا دەبینرێ، چونکە هەموو ئەو کارانە لەژێرسەرباسی (ڕۆیشتن)دا دێن و باسیان لێوە دەکرێ. دووەم واتای وشەش لەو بارانەدا دەردەکەوێ کە دەگوترێ بۆ نموونە،لەسەدوشەدا باس گەشتەکەی ئەو ساکەت بکە لەباری وادا (دەڕوی) و (ڕۆیشتن) و (دەڕوات)... هتد هەر یەکەیان بە وشەیەکی جیاواز و سەربەخۆ دەژمێرێ و سەد وشە کە پڕدەکاتەوە. بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو بەکارهێنانە جیاوازەی وشە،لێکۆڵنەوە نوێیەکان زۆرجار دوو زاراوەی جیاواز بەکار دێنن: لێکسیم و(بەواتای وشە)شێوەکانی وشە.[1]

جیانەکردنەوەو لێك نەدانەوەی ئەم دوو واتا جیاوازی وشە، لە پۆلێنکردن و دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتندا پۆلێنەکە تەواو تێك دەدات لەبەرئەوەی هەندێ وشە سەر بەدوو بەش یان زیاتر دەبن بۆ نموونە وشەی (کەر) لەکوردیدا جارێك دەبێ بەناو(منداڵەکە لە کەرەکەی دا) و جارێکیتر ئاوەڵناو (منداڵکی کەربوو) وردبوونەوە لەم دوو نموونەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئێمە رەفتار لەگەڵ دوو شتی جیاواز دەکەین، واتا جارێك لە وشەکە خۆی دەدوێین و (لێکسیم) واری دووەم لە فۆڕمێکی جیاوازی وشەکە (شێوەکانی وشە). بە واتایەکیتر، ئەگەر وشەکە خۆی لەشێوە جیاوازەکانی وشە جیابکەینەوە، ئیتر توشی ئەم تەنگ و چەڵەمەی دووڕوویی و(ألازدواجیە) تێکچڕژانە نابین لە دابەشکردن و جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتنداو هەر لێکسیمێك دەچێتە بەشێکی سەربەخۆوەو بواری تێکەڵ بوون نامێنێ.

1- Lyons. 1981, 10

بۆئەوەی بەتەواوی کەڵك لەم بنەمایەی جیاکردنەوەی دوو واتا دێرینەکەی وشـە وەربگـرین تابتوانین بە یەکجاری و دوورڕوویی تێکەڵ بوون و چوونە ناویەکتری بەشەکانی ئاخـاوتن نـەهێڵین پێویستمان بەوە دەبێ دوو جۆرە پۆلێن بهێنینە کارەوە یـەکێکیان بـۆ دابەشـکردنی وشـە یـان لێکسیم لەژێر ناوی بەشەکانی ئاخاوتندا و ئەویتریان بۆ پـۆلێنکردنی فۆڕمـەکانی وشـە لـەژێر ناوی پۆلە شێوەکان وەك لە خوارەوە دەیبینین.[1]

| (١) | (٢) |
|---|---|
| بەشەکانی ئاخاوتن | پۆلە شێوەکان |
| ناو | ناوئاسا(ناویی) |
| ئاوەڵناو | ئاوەڵناوئاسا(ئاوڵناوی) |
| کار | کارئاسا |
| ئاوەڵکار جێناو | ئاوەڵکارئاسا |
| پرتکەکان | |

جیـاوازی سـەرەکی نێـوان پـۆلێنی یەکـەم ودووەم لەوەدایـە، کـە لـە پـۆلێنی یەکەمدا(بەشەکانی ئاخاوتن) کەرەسە زمانیەکان بەبێی تایبەتی واتـایی و وشەسـازی دابـەش دەکرێت. بەڵام لە پۆلینی دووەمدا شوێن و ئەرکی کەرەسە لەڕستەدا دەورێکـی هـەرە گرنگـی لەدابەشکردندا دەدرێنێ بەم پێیە وشەیەك کە ناوبێت بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن، دەشتوانێ لـە هەمان کاتدا وەك ئاوڵناوئاسا لە رستەدا ئەرك بگێڕێ: ئەو پیاوە کەرە، بـەم رەفتـارە وشـەکە نابێ بە ئاوەڵناو.

شایانی تێبینیە کە جیاکردنەوەی دوو واتا دێرینەکەی وشە لەو کارو بەرهەمە رێزمانیانەی کە لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتنی کوردییەوە کراو ئاوەڵناوی قەبە کردووەو قەبارەیەکی گـەورەتر لە خۆی داوەتێ و هەڵی ئاوساندووەو وای لە هەندێ زمانەوان کردووە ئاوەڵناو لە تای تەرازووی ناو و کاردا دابنێن و وەك گرنگی یان بدەنێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نـەیان توانیـوە ئاوەڵناو و ئاوەڵناوئاسا لەیەکتری جیابکەنەوە بۆنمونە، لەلای مەکەنزی هەموو ئەو وشانەی لەم رستانەی خوارەوەدا هێڵیان بەژێردا هاتووە بە ئاوەڵناو دانراون:

1- Christopherson, 1971, 62.



١- ئەو کوڕە هات.[1]

٢- چوار کەس هاتنە لای.

٣-شتی وا نیە.

٤- ماڵەکە لە چ شوێنێکە؟ لەفلان شوێنە.

٥- بە هەموو شتێ توڕە دەبێ.

٦- هەر کەسێك بێت خەڵاتەکەی دەدەمێ.

ئەوەی ئەم وشانە لەئاوەڵناو نزیك دەکاتەوە لایەنی واتا و وشەسازی نیە، بـەڵکو تـەنیا ئەرکەکەیان لەڕستەدا. بەواتایەکیتر هەموو ئەم وشانە دیارخەرن و لەبەرئـەوەی دیارخـەری لە ئەرکە چالاکەکانی ئاوەڵنـاوە، ئاسـایی ئاوەڵناوێـك دەتـوانێ جێگـەیان بگرێتـەوە، بـا هـەموو کـاتێ لـە هـەمان شـوێنی رستەکەشـدا نـەبێ سـەیر ئەوەیـە کـە ئـەو وشـانەی لەخواروتریشەوە هێڵیان بە ژێردا هاتووە هەر دیارخەرن، کەچی نە مەکنزی و نەکەسیتر بـە ئاوەڵناویان دانانێ:

قاپێك چێشت

دەستکێ گوڵ

کۆمەڵێ منداڵ

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە وشە هێڵ بەژێر دانراوەکـانی ١-٦ ئاوڵنـاوی رسـتەقینە نـین و(هەرچەندە ئاوەڵناوئاسان) چـەندین رێگـەو تاقیکردنـەوەی رێزمـانیش لـە ئـارادا هەیـە بـۆ سەلماندنی ئەم راستیە وەك:

١- بەپێـچەوانەی نزیکـەی هـەموو ئاوەڵنـاوێکی کوردیـەوە پاشـگری پلـەکانی بـەراورد وەرناگری ٭ئەوتر، ئەوترین چوارتر، چوارترین، واتر، واترین، چـتر، چـترین، فلانـتر، فلانتریـن، هەمووتر، هەمووترین، هەرتر، هەرترین.

٢- هەموویان (جگە لەوا) بەدوای دیارخەردا نەهاتوون وبە (یا)ی ئیزافە پیەوەی نـەلکاون واتە جێگەی نموونەیی ئاوەڵناویان نەگرتووە

٣- هیچ لەم وشانە ئەو بیرانە دەرنابڕن، کـە ئاسـایی لـە زۆر زمانـدا بـەهۆی ئاوەڵنـاوەوە دەردەبڕین وەك رەنگ، بارستایی و قەوارەو رواڵەت و تەمەن و بەها (بڕوانە بەشی سێیەم)

1- Mackenzie, 1961, 68-69

شایانی سەرنجە، کە جیاکردنەوەی ئاوەڵناو لە ئاوەڵناوئاسا لەو وشەو کۆمەڵـە وشـانە پـاك دەکاتەوە کە لە بەشەکانیتری ئاخاوتنەوە دەهێنرێن و ئەرکی ئاوەڵناویان پێ جێبەجێ دەکـرێ. ئەمانە لەکوردیدا بەزۆری ناوو ئاوەڵناوو کارن وەك ئەم نموونانەی خوارەوە روونی دەکەنەوە:

نـاو:کـوڕێکی لاو، جـامێکی زیـو، شـیری دایـك، باخـچەی منـداڵان، دەرزی قـەوان، پیاوێکی حەفتا ساڵە.

ئاوەڵکار: کتێبەکەی ئەوێ ئەویانە ئێرە ئێرانە.          ماری ئەوسا گەشتەکەی ئێستا

کار (لە شێوەی ناوی بەرکاردا یان بکەردا): چاو دەرپۆقیو، لـووت خـوار، سەربەقوڕاچـوو، نەدوو، خۆخۆر، نەزان پەك کەوتوو، دزنەبەر، چاولەدوو.

هۆکارێکیتریش کەبە هەڵە چەمکی ئاوڵناوی لای هەندێ زمانەوان فراوان کـردووە بـەناڕەوا قـەبارەو بارسـتاییێکی گـەورەتر لـە خـۆی داوەتـێ، بەتایبـەتی لـەو بەرهەمـە ڕێزمانیانـەدا بەرچاوەدەکەوێ، کە لەسەر بنچینەی مۆرفیم دا دانەڕێژراون لەم کارانەدا دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بۆ هەموو کەرەسەیەکە تاکە وشە، وشەی لێکدراو و داڕێژراوو کۆمەڵە وشە. بەم پێیە هەموو ئەم کەرەسانەی خوارەوە لەم جۆرە بەرهەمانەدا بە ئاوەڵناو دادەنرێن.

١- وشەی داڕێژاو: غـەمبار، زێڕین، لماوی، بەناز، بێناز

٢- وشەی لێکدراو: دلڕفێن، دڵ تەزێن، دڵسۆز، دڵپاك

٣- کۆمەڵە وشەی(فرێز): چاولەدوو، جامانەبەسەر، دزنەبەر.

لەم لێکۆلینەوەیەدا هەموو ئەم کەرەسانە بە ئاوەڵناو ناژمێردرێن، چـونکە لێـرەدا ئێمـە دوای ئەو کارە ڕێزمانیە دەکەوین، کە لەسـەر بناغـەی مـۆرفیم دادەڕێـژرێن و لەمانـەش لـە هەموویاندا تەنیا مۆڕفیمی سەربەخۆ(وشەیەکی سادە) بـەگوێرەی بەشـەکانی ئاخـاوتن پـۆلێن دەکرێ. بەواتە هەروەك چۆن لە وشەیەکی داڕێژراوی وەك: مناڵەکـە، مناڵـەکان و منالێـك دا تەنیا مۆرفیمی منداڵ بەناو دادەنرێ، بەهەمان دەستوور لە غەمبارو زێڕین و

لماوی و بەنازو بێ نازیشدا هەر کەرتە سەربەخۆکە(غـەم و ژێـر و نـازو کـەم) دەتـوانرێن پۆلێن بکرێن[1]

کەواتە بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی لەم لێکۆلینەوەیەدا دەخرێتە روو، ئاوەڵناو سێ تایبـەتی تێدایە کەدەبێ هەموو کاتێ لە وشەیەکدا هەبن تا وشەکە بە ئاوەڵناو دابنرێ:

---

1- Lyons, 1981, 112



١- لەڕووی واتاوە ئاوەڵناو بێت. واتا بۆ دەربڕینی یەکێك لەو ناوچە بیرانە هاتبێت، کە لە کوردیدا ئاسایی بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەردەبڕێت وەك: ڕەنگ، تایبەتی، شت، بارستایی. . . . . (بڕوانە بەشی سێیەم)

٢- لەڕووی فۆڕمەوە ئاوەڵناو بێت. بەواتای ئەوەی کە بتوانێت پاشگری ڕێزمانی(- ترییە- ترین) وەربگرێ لەباری بەراورد کردندا:

شیلان لە هەموویان ئاقڵترە.

شیلان ئاقڵترین کچە.

خانۆکەی من لە ئەوسا خانۆکەی تۆ گەورەترە.

٣- لەڕووی ئەرکەوە ئاوەڵناو بێت. واتە:

أ — لەدەوری دیارخەردا بەهۆی ئامرازی(ی) ئیزافەوە بە دیارخراوەکـەی پێـشیەوە بلکـێ: پیاوێکی ئازا.

ب- بتوانێ کاری لێکـدراو دروسـت بکـات بەیاریـدەی کـارێکی داڕێـژراو:[1] نازدەکـات، گەورەی کرد، ناسك بوو،

ج- لەگەڵ هەندێ کاردا ئەرکی تەواوکەر بەجێ بهێنێ:

بەئازام زانی دانا (ژمارد)

بەژیرم هاتە بەرچاو

بەزەنگی تێ گەیشتم

کوڕە زەرد هەڵگەڕا

چیاکان لەدوورەوە سەوزدەچنەوە

د- بەهۆی ئاوەڵکاری رادەیان کەرەسەی ترەوە پلەو رادەی دیاری بکرێ:

کوڕێکی زۆر وریابوو

کوڕێکی تابلێ زرنگە

ه- لەپلەی بەراووردا پێش دیارخەر بکەوێ

لەبەرزترین کۆشکدا دەژی.

ن- لەپلەی باڵای بەروارد، بتوانێ(هەر) پێش خۆی خات.

---

١- محەمەد مەعرووف فەتاح ١٩٨٩

هەرە جوانی شارەکە بوو.

بەم پێیە کە چەمکی ئاوەڵناو وا تەسك دەکەینەوە ژمارەو هەندێ بەکارهێنانی ئـامرازی نیشانە و ئامرازی پرسیار و ئەو ئاوەڵناوانەی بەنیسبی ناودەبرێن و ئەو دیارخەرانـەی کـە وەك مۆرفیمی سەربەخۆ ئاوەڵناوێن و کۆمەڵە وشە وشەی لێکـدراو ئەمانـە هـەموویان لـە خانـەی ئاوەڵناو دەردەکرێن و دەچنە بەشێتری ئاخاوتنەوە.

بەم جۆرە ئاوەڵناو لە کوردیدا قەبارەو بارسـتایی راسـتەقینە خـۆی وەردەگـرێ و لـەوە دەردەچێ لەگرنگی و گەورەییدا هاوشانی ناو و کار بێت.

## ٣- ئاوەڵناو لە روانگەی واتاوە:

کە بەوردی لەواتای کەرەسەکانی زمان ورد دەبینەوە دەبینین، کە زمان بەگـشتی دەربڕینـی هەندێ بیر دەخاتە ئەستۆی بەشێکی تایبەتی ئاخاوتنەوە. بە واتایەکیتر، هەندێ بیر لە ئاسـتی ژێرەوەدا راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ هەنـدێ بەشـی ئاخاوتنـدا بەسـتووەو تارادەیـەك لەگـەڵ بەشەکانی تردا ئەو پەیوەندیە پتەوەیان نییـە. بۆنمونـە، ئـەو وشـانەی (ڕووداو)یـان (چـالاکی) پیشان دەدەن بـەزۆری کـارن وەك: دەخـۆم، دەڕۆم، دەشـکێنم. دیـسان ئەوانـەی (خزمایـەتی) یان(شمەك) دەگەیەنن هەر ناو دەبن وەك: ئـامۆزا، بـرا، بـاوك، دار، بـەرد، گـەلا. . . . . . . هەروەها ئەو وشانەی رەنگ یان تایبەتی کەسی یان خاسـیەتی شـت دەردەخـەن: سـپی، رەش، ژیر، ئازا، گەرم، سارد، بەتایبەتی لەو بەشەی ئاخاوتن کە بە ئاوەڵنـاو دادەنـرێ. لەبەرئـەوەی ژمـارەی بەشـەکانی ئاخـاوتن و جـۆری دابەشـبوونی بیرەکـانی بەسـەریاندا لەزمانێکـەوە بـۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ (بۆ نموونە هەموو زمانێك ئاوڵناوی نیە[1] ئـەوەی بەتـەواوی دەرکـەوتووە ئەوەیە کە هەموو زمانێك ناو و کاری تێدایە)[2]

ئاساییە کە بیرۆچکەیەك لەزمانێکدا بەهۆی بەشێکی ئاخاوتنەوە دەربـبڕێ و لـەزمانێکیتردا بەهۆی بەشێکیترەوە[3] لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین، کە دابەشـبوونی بیرەکـانی بەسـەر

1- Dixon,1971, 20

2- ibid, 21

٣- بۆنمونە وشەی worth لە زمـانی ئینگلیزیـدا ئاوەڵناو،لـە عـەرەبی و کوردیـدا تـەنیا بـەکار دەردەبـڕێ: دەهێنێ=یستحق =worth



ئاخاوتندا لە چوارچێوەی پێڕەوێکدا دەبێ و هەندێ لەم پەیڕەوانە تەواو سـەرتاپاو بـلاون بـەواتای ئەوەی لە هەموو زمانەکاندا یەکە،هەروەك چۆن بیری(شت) هەر بەناو وبیری (جوولە) هەر بـەکارو باستایش (گەورە، بچووك، درێژ) هەر بە ئاوەڵناو دەردەبڕێت. ئـەو بیرانـەی دەربڕینیـان خراوەتـە ئەسـتۆی بەشـێکی ئاخاوتنـەوەوە دیـسان وەنـەبێ بـێ سـنوور و بـێ پایـان بـن بـە پێچەوانەوە،لێکدانەوەیەکی وردو قووڵی واتای ئەو وشـانەی کەلـە چـەند زمانێکـدا بـە ئاوەڵنـاو دانراون، دەمان گەیەنێتە ئەو راستیەی کە بەشێکی ئاخاوتنی وەك ئاوەڵناو چەند بیرێکی سەرەکی کەم دەردەبڕێ کە ژمارەیان لەحەوت[1] تێ ناپەڕێ. ئەم بیرانەشی بەئاسـانی دیـاری دەکـرێن لـەو بیرانە جیادەکرێنەوە کە بەهۆی کار یان ناو یان بەشێکی تری ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم رووەوە ئەوەیە، کە ئاوەڵناو (بەچەمکە ئەسـڵەکەی کەلـە بەشـی یەکەم دا سنووری بۆ دانراوە) بەتایبـەتی ئـەم بیرانـە دەردەبـڕن: بارسـتای، رەنـگ، تایبـەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی، خێرایی، تەمەن، بەها[2].

بێگومان ئەو حەوت بیرەی سەرەوە سەرچاوەی هەموو ئاوەڵنـاون لەهـەموو زمانـەکانی گێتیدا، واتە زمان نییە ئاوەڵناوەکانی سەربە یەکێك لەم بیرانە نـەبێ، بـەلام دەبـێ بـزانین هەر زمانە بەجۆرێك کەڵك لەم سەرچاوانە وەردەگرێ. واتا، مـەرج نییـە هـەموو زمانێـك هەموو ئەم جۆرانەی هەبێ، یان ئاوەڵناوی هەبێ کەتەمەن یان خێرایی پیشان بـدات، هـەر زمانە بە ئـارەزوو لـەم چوارچـێوەیە دەرناچـێ: بـۆ نموونـە: هەنـدێ ئاوەڵناوەکـانی تـەنیا بارستایی و تەمەن و بەها دەردەبـڕن،[3] هەنـدێکیان ئاوەڵناویـان نییـە خێرایـی وتەمـەن نیشان بدات،[4] زمان هەیە ئاوەڵناوی نییە تایبەتی کەسی دەربڕێ،[5] زمنیش هەیـە کـە خاوەندی ئاوەڵناو نییە.

1- Dixon. 1977. 31

٢- تایبەتی فیزیکی بریتیە لە رواڵـەتی شـت وەك: سـارد، گـەرم، تـاڵی، نـەرم. . . . هتـد تایبـەتی هۆشەکی کەسییە تایبەتی لەمرۆڤ وگیانلەبەران دەبینرێ: ژیر، زیرەك، تورە، بەهاش کە ناڕاستەوخۆ بـۆ دیارخراو دەگەڕێنەوە.

3- (Dixon, 1977, 21) Hausa, lgbo

(ibid, 22) Venda- 4

5- (ibid, 22) Yurak

## ١-٣ پۆلێنێکی واتایی ئاوەڵناو:

بەگوێرەی ئەو بیرۆچکانەی دەری دەبڕن، ئاوەڵناو لە کوردیدا دەکرێ بەچەند پۆلێکەوە هەریەکەیان تایبەتی خۆی تێدایە کە لەوانیتر جیای دەکاتەوە: پۆلەکانیش ئەمانەن:

١-ئاوەڵناوی بارستایی: وەك: گەورە، بچوك، درێژ، کورت، بەرز، نزم، باریك، ئەستور، پان، تەسك، زل، کەتە، قەبەن گچکە.... هتد ئەم جۆرەلە رووی رستەسازیەوە خاوەنی ئەم تایبەتیانەی خوارەوەیە:

أ- ئاوەڵناوی بارستایی جووت دەبەستن و هەریەکەیان کۆتاییەك دەگرێ و پلەی تریش لەنێوان دوو جەمسەرەکەدا هەیە.

ب- یەکێك لە ئاوەڵناوەکان هەمیشە گەرمەو (ئیجابی) ئەویتریان سارد.

ت- یەکێك لە ئاوەڵناوەکان، بەتایبەتی گەرمەکەیان لەهەندێ رستەدا (بەتایبەتی رستەی پرسیار) بێلایەن دەوەستێ واتە تایبەتیەکەی پیشان نادات. بۆنمونە، ئاوەڵناوی درێژ، یان، گەورە، بەرز، لەم رستانەدا بێلایەنن چونکە بە واتایی درێژ، پان، گەورە، یان بەرز نایەن هەروەك لە وەڵامی پرسیارەکاندا دەردەکەوێ:

دارەکە چەند درێژە؟ (٨٠سم)

خانۆکە چەند گەورە دەبێ؟ (زۆر بچووکە)

شەقامەکە چەند پانە؟ (سێ مەتر)

چیایەکە چەند بەرزە؟ (زۆر نزمە)

ج- تەنیا ئاوەڵناوە گەرمەکە لەو رۆنانەدا بەکاردێ کە چەندێتی پیشان دەدەن:

- شەقامەکە سێ مەتر پانە.
- شەقامەکە سێ مەتر تەسکە.
- درەختەکە دوو مەتر بەرزە.
- درەختەکە دوو مەتر نزمە.
- قوڵی رووبارەکە دوو مەترە.
- تەنکی رووبارەکە دوو مەنترە.
- بەرزی دارەکە چەندە؟
- نزمی دارەکە چەندە؟



ح- ئەم ئاوەڵناوانە بەراوردیان پێ دەکرێ، بەمەش پەیوەندی ئاوەژوویی دێتە کایەوە وەك لەم رستانە دەردەکەوێ:

هێڵی أ لە ب درێژترە.

کەواتە: هێڵی ب لە أ کورترە.

ئەم دارە لەو دارە بەرزترە.

کەواتە: ئەو دارە لەم دارە نزمترە.

ئەم پەتە لەوەی تۆ ئەستوورترە

ئەوەی تۆ باریکترە لەمە.

د- ئەم ئاوەڵناوانە لەگەڵ کاری (بوون)دا بۆ بارستایی پیشان دان ناچنە رستەی فرمانەوە، واتا فرمانیان پێ دروست ناکرێ:

*پان بە

*درێژبن، مناڵینە

*کورپینە بەرزبن

* ژنەکە باریك بە

هەرکاتێك لەڕستەی فرماندا هاتن ئەوا واتاکەیان گۆڕاوە، واتە گوێزراونەتەوە بۆ پۆلی تر وەك ئەم نمونانە روونی دەکەنەوە:

درێژبە (لەهەندێ شوێندا بە واتای (پاڵ بکەوە) دێ)

خۆت باریك کە(واتە، رێژیم بکە بووە بە ئاوەڵناوی تر)

بەرزبە (دەوشت بەرزبێ)

قوڵ بە (بەرگەی شت بگرە)

ئەم پۆلە ئاوەڵناوە لەڕووی وشەسازیشەوە چەند تایبەتیەکیان تێدا دەبینرێ، کە لەپۆلەکانی تردا نیە وەك:

أ- زۆربەیان بەهۆی پاشگری (- ی)دەبنە ناوی رووت: بەرزی، نزمی، کورتی، گەورەیی، بچووکی. . . .

لەگەورەو بچووکی تێ ناگات.

بەرزی دارەکە چەندە؟

ب- بەشێکی زۆریان بەهۆی پاشگری(- ایی)وە دەبنە ناو و هەندێکیان نیشانەی کۆ بەدواییاندا وەردەگرن بارستایی نیشان دەدەن:

بەرز/ بەرزایی/ بەرزاییەکان

نزم / نزمایی / نزماییەکان

ئەستور/ ئەستوورایی

ت- ئەم ئاوەڵناوانە بەبێ یاریدە ئاوەڵکاریان لێوە پەیدا نابێ.

* درێژ دانیشت

بەڵام: بەدرێژی پیوام

بەپانی بەدەرگاکەوە ناچێت

ج- لەبەرئەوەی ئەم ئاوەڵناوانە پێچەوانەی خۆیان هەیە، بەهۆی پێشگری ترەوە نابنە پێچەوانە:

گەورە: *ناگەورە، بەرز * نابەرز نەبەرز(بڕوانە: کارامە، ناکارامە، شارەزا، ناشارەزا)

٢-ئاوەڵناوی رەنگ:وەك: سپی، سەوز، رەش، قاوەیی، خۆڵەمیش. . . . . ئەم پۆلە ئەم تایبەتیانەی خوارەوەیان تێدایە:

أ- بەشێوەی جووت نایەن، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵێ کە هەموویان لە دەوری چەقێ کۆبوونەتەوە، واتا زاراوەیەکی گشتی گردیان دەکاتەوە(ڕەنگ) و بەهەموویان بوارێکی واتایی پێك دێنن.

ب- پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە لەوەدایە کەیەکتری جیاوازن.[1] واتە داوانیان لەیەك سیاق دا پێکەوە نایەن: بۆ نمونە کە گوتمان پانتۆڵەکە رەشە، ئیتر هەمان پانتۆڵ قاوەیی نابێ.

ج- هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکەش خۆیان دەتوانن جارێکی تر ببنەوە بەچەق و(زاراوەی گشتی) رەنگی تر

لەدەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە: بۆ نموونە: پەمەیی و جگەری و قرمزی لەدەوریی (سوور) دێن و بوارێکی واتای بچووکتر لەناو بواری رەنگدا دروست دەکەن.

ت-ئەمانە تاکی گەرم و ساردیان نیە و لە هیچ سیاقێکدا بێ لایەن ناوەستن: بۆنمونە کە دەپرسین: کیژەکە چەند سپیە؟ ئەوا دانمان بەوەدا ناوە کە سپیەو سوورکەڵە نیە.

١- د. کوردستان موکریانی، ١٩٨٣، ل ٤٢



ح- وەك ئاوەڵناوی بارستایی ئەمانەش لەگەڵ کاری(بوون)دا رستەی فرمانیان لێ پێك نایەت: سپی بە، سووربە، رەش بن.

خ- هەرچەندە ئاوەڵناوی رەنگ دەخرێتە پلەکانی بەراوردەوە، لە دوو لایەنەوە ئەمانە لەم بارەدا لە ئاوەڵناوی بارستایی جیادەبنەوە:

١- پەیوەندی ئاوەژوو نایەتە کایەوە:بۆنمونە: رستەیەکی وەك:هەژان لە شیلان سپیترە. ئەوە ناگەیێنێ کە شیلان رەشترە یان زەردترە.

٢- بەراوردەکە لە نێوان کەم یان زۆری یان رادەو پلەی رەنگەکەدایە، نەك لەنێوان رەنگێك و یەکێکی تردا، بۆ نموونە رستەیەکی وەك: تۆ لەو سوورتری، ئەو دەگەیەنێ هەردووکتان سوورن، بەڵام پلەی سووری لە تۆدا لە پلەی سووری لەودا زیاترە، نەك پلەی سووری تۆ لە پلەی سپێتی ئەو زیاتربێ.

لەڕووی وشەسازیەوە ئاوەڵناوی رەنگ ئەم خاسیەتانەی تێدایە:

١- پاشگری{-ئێتی}یان{-ی} دەیان کاتە ناو: سووری، سورێتی، سەوزێتی، سپێتی، زەردێتی. . . . . .

٢- لەگەڵ پاشگری{- ای}ئاشنایەتیان هەیەو دەیانکات بە ناو واتاکەشیان بەتەواوی دەگۆڕێ، هەرچەندە لەگەڵ هەموویاندا نایە:سپی سپیایی (ماست وشیر) سەوز سەوزایی (شوێنی گژوگیای تێدا روابێت) زەردایی و رەشایی

٣- لەگەڵ هەندێ پاشگری تریشدا دێن بۆ پیشاندانی پلەی رەنگەکە وەك {-کەلە،- فل،- واش} سپیکەلە، رەشکەلە، سوورفل، سپیواش.

٤- بەواتای رەنگ ئاوەڵکاریان لێ دروست ناکرێ، بەیاریدە و بێ یاریدە هەر کاتێ لەشێوەی ئاوەڵناودابن ئەوا واتای تریان هەیە: مووروەکە رەش راهات.

٣- ئاوەڵناوە رووالەتیەکان:

ئەمانە بریتین لەو ئاوەڵناوانەی کە تایبەتی نزیکی دەردەبڕن وەك رەق، نەرم، گەرم، سارد، تاڵ، شیرین، قورس، سووك، گران، هەرزان، ساف، تفت، راست، خوار، لار، لەڕ، لاواز، باش، خراپ، جوان، خۆش، کۆن، نوێ. . . هتد ئەمانە بەزۆری خاسیەتی شت دەردەخەن، بەڵام وەك خوازە بۆ باس لێکردن لەکەس و گیانلەبەریش بەکاردێن ژمارەیەکی کەمیان بەتایبەتی بۆ مرۆڤ وگیانلەبەرە(قەڵەو، ژیر،تووڕە،شاد). گرنگترین تایبەتی ئەم کۆمەڵە ئەمانەی خوارەوەیە:

١- هەندێکیان جووت دەبەستن (گران، هەرزان) هەندێکیان بەکۆمەڵ دێن و (سارد، فێنك، شلەتێن، گەرم) هەندێکی تریان تاك (ئاشکرا، نەبەرد. . . . )

٢- هەندێ جار پەیوەندی هاوواتایی یان دژواتایی دووانیان لەیەك دەدا لە لێکدراوێکی ببەستراودا، لەم کاتانەدا ئاسایی درێژەکەیان (ئەوەی برگەی زیاترە) دەچێتە دواوە، ئەوانەی لەدرێژیدا یەکسانن هەندێ جار پاش و پێش دەکەون. لەرِولاواز، تاڵ وشیرین، کۆن و نوێ، کۆن و نوێ، باش و خراپ، ئەم جۆرە لێکدانە لەرِەنگەکەیشدا دەبێ (سەوزو سوور، رەنگاو رەنگ) بەلاَم لەئاوەڵناوی بارستاییدا بەبێ گۆرِینی واتا روونادات (ئەستووروباریك، پان و تەسك، بەرزونزم، قسەی رەق و نابەجێ)

٣- زۆربەی ئەو ئاوەڵناوە روالَەتیانەی بەجووت دێن، تاکێکیان گەرمە و ئەویتریان ساردە: چاك و خراپ، کۆن و نوێ، تاڵ وشیرین، سارد و گەرم، راست وچەوت. . . . . . هتد.

٤-ئەو تایبەتیەی ئەمانە لەئاوەڵناوی بارستایی جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ئەمانە لە هیچ جۆرە رستەیەکدا واتای خۆیان نادۆرِێنێ، واتە بێ لایەن ناوەستن. ئەو پیاوە چەند چاکە؟ زۆر.

٥-لەباری بەراوردکردندا وەك ئاوەڵناوی بارستایی رەفتار ناکەن، واتە رستەکە ئاوەژوو ناکرێتەوە بەبەکارهێنانی دژەکەی. رستەیەکی وەك: ئەم چایە لەوەی تۆ شیرینترە. ئەوە ناگەیێنێ کە ئەوەی تۆ لەم چایە تاڵترە.

٦- دیسانەوە لەباری بەراووردا واتای ئاوەڵناوەکە پێشەکی بەسەر دیارخراودا ناسەپێ: رستەیێکی وەك (شیلان لەتۆ جوانترە) ئەوە ناگەیەنێ کە شیلان جوانە.

٧- بەپێچەوانەی ئاوەڵناوی بارستایی و رەنگەوە ئەمانە لەگەڵ کاری (بوون)دا رستەی فرمان پێك دێنن:

ساردبە لە گەڵیان. کچم لەگەڵ خەڵکی باش بە. قسەخۆش بە. دڵ ساف بە.

٨-ئەو ئاوەڵناوە روالَەتیانەی دژی خۆیان نییە، بەهۆی (نا/نە) دەبن بەدژ: شارەزا، نەشارەزا، خۆش، ناخۆش.

٩-بەزۆری ئەم ئاوەڵناوانە بەپاشگری{-ی}دەبنە ناوو زۆرکەم پاشگری{-ئیتی و-ئایی}وەردەگرن: خۆش خۆشی، سارد ساردی، شاد شادی، ناخۆش ناخۆشی(بروانە:چاکە، خراپە، کۆنیتی، کۆنی. . . . . )

١٠-زۆربەیان لەرِستەدا وەك ئاوەڵکاربەکاردێن بێئەوەی شوێن بگۆرِن: سووك، توند، قایم، هەرزان، گران، قورس. . .



دەرگاکە سووك قایم،توونددابخە

کتێبەکەم هەرزان گران کرِی

١١- بەزۆری ئەم ئاوەڵناوە روالَەتیانەن کەبەهۆی پاشگر و پێشگری دارِشتنەوە لەبەشەکانی تری ئاخاوتنەوە دروست دەکرێن:

خەم خەمبار   شەرم شەرمن

زێر زێرِین   ئارد ئارداوی

بار بەبار   بێ بار

شایانی سەرنجە کەدوو جۆرەکەی تر هەرگیز ئەم جۆرە گیرەکانە{-ین، ن، -بار، بە، -بێ}وەرناگرن و ئاوەڵناوی بارستایی وئاوەڵناوی رەنگە سەرەکی یەکان لەبنجینەدا ئاوەڵناون، واتە لەبەشی تری ئاخاوتنەوە ناتوانرێ دابتاشرێن.

## ٣-٢ رەنگدانەوەی پۆلینەکە لەرِیزبوونی زنجیرە ئاوەڵناودا:

هەندێ زمانەوان لەو باوەرِەدان کە زنجیرە ئاوەڵناو دەتوانن لەکوردیدا جێگەی خۆیان بگۆرِنەوە، بێ ئەوەی واتای رستەکە بگۆرِن. هەڵەی ئەم جۆرە بۆچوونانە لەوەدا دەردەکەوێ کە هەندێ راستی لەزمانەکە فەرامۆش دەکەن لەوەدا کە:

١-هەندێ جووت و زنجیرە ئاوەڵناو بەجۆرێك دەچنە ناویەکتریەوە کە بەئارەزوو پاش و پێش ناکرێن، واتە یەك جۆر ریزبوونیان دەبێ: پاك وخاوێن، توندوتیژ، تێروپرِ، گەورە و بچووك، ژن و پیاو. . . .

ماڵەکە گەورەو بچووك لەبەردەرگا وەستابوون.

*ماڵەکە بچووك و گەورەو لەبەردەرگا وەستابوون

٢-لەزنجیرە ئاوەڵناودا ئەو ئەوەڵناوەی لە پلەی بەراوورد دێ، دەبێ بکەوێتە دواوە:

ئاشەوانەکەی نزیکمان ئاردێکی وردو باشتری بۆ خەڵکەکە دەهارِی.

ئاشەکەیان قایم و چەسپتر دەکرد.

*ئاشەکەیان چەسپتر و قایم دەکرد.

٣-ئەو ئاوەڵناوەی پەیوەندی رێزمانی لەگەڵ وشەی تری رستەکەدا هەیە دەبێ لەکۆتایی زنجیرەکە شوێنی بدرێتێ:

ئەوانە دەوڵەمەندو گەورەی سەرتاپای وڵاتەکە بوون.

*ئەوانە گەورەی سەرتاپای وڵاتەکە و دەوڵەمەندبوون.
٤- ئەو ئاوەڵناوەی دیارخەری تایبەتی خۆی هەیە پێش ئاوڵناوەکانی تر دەکەوێ:
منالێکی زۆر ئازاو چالاك بوو.
منالێکی چالاك و زۆر ئازا بوو.

گرنگ ئەو پۆلێنە واتاییەی(٣-١) لەوەدا دەردەکەوێ، کە هەموو ئەو راستیانەو چەند راستیەکی تری زمانەکە لێك دەداتەوە. بەڵگەنەویستەکە هەر کاتێ ژمارەیەك ئاوەڵناو بەدوایی یەکتریدا هاتن دەبێ بەپێ پێڕەوێك ریزبکرێن، واتە ریزکردن لەخۆوە بێ یاسا و دەستوور نابێت هەروەك ئاسایی نائاسایی ئەم رستانەی خوارەوە دەری دەخەن:

لەکۆشکێکی شینی گەورەی شوشەبەند دا دەژی.
لەکۆشکێکی شوشەبەندی گەورەی شین دا دەژی.
سوخمەیەکی سوورو زەردی لەبەردابوو.
سوخمەیەکی زەردو سووری لەبەردابوو.
فلیمەکە سپی وڕەش بوو.
فلیمەکە رەش و سپی بوو.

ئەوەی شایانی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کەڕیزبوونی ئاوەڵناوی یەك جۆر بەندە بەدرێژی ئاوڵناوەکانەوە، واتە ئەو ئاوڵناوەی ژمارەی بڕگەکانی زۆربێت ئاسایی دەچێتە دواوەو کورتەکە پێشەوە دەگرێ:

ئەندازیارێکی وریاو شارەزایە.
ئەندازیارێکی شارەزاو وریایە.
منالێکی وریاو گوێ رایەڵ بوو.
منالێکی گوێ رایەڵ و وریا بوو.

کە ئاوڵناوەکان لەدرێژییدا یەکسان بن، زیاتر لەیەك ریزکردنی پەسەند لەزمانەکەدا دەبینرێ:

ئەندازیارێکی کارامەو شارەزایە.
ئەندازیارێکی شارەزاو کارامەیە.

لە ریزکردنی رەنگەکاندا گوێ راهاتن دەورێکی گرنگ دەبینێ بەتایبەتی چونکە رەنگە سەرەکیەکان هەموویان لەدرێژیدا چوون یەکن. دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە هەندێ جووت بوون لێرەدا بوونەتە ئیدیەم و هەڵناوەشێنەوە (زەردوسور= رەنگاوڕەنگ= رەش وسپی=بێ رەنگ. . . . . )



منالێکی سوورو سپیە.
*منالێکی سپی و سوورە.
کراسێکی سەوزو سووری لەبەردایە.
*کراسێکی سوورو سەوزی لەبەردایە.

هەروەها دەگوترێ: سەوز و شین نەك شین و سەوز

لەڕیزکردنی زنجیرە ئاوەڵناوی هەمەجۆردا هەر درێژی ئاوڵناوەکە نییە، کە دەوری گرنگی هەیە، بەڵکو ریزبوون پەیوەندی بەجۆری ئاوڵناوەکەوە هەیە، بەگوێرەی ئەوپۆلێنەی لەپێشترەوە دامان بۆ نموونە، کە ئاوڵناوی رەنگ و رووالەت، یان رەنگ و بارستایی پێکەوە دێنییەبەزۆری رەنگ پێش دەکەوێ:

گۆمێکی شینی مەنگ.
گۆمێکی مەنگی شین.

دیسان گەر هەرسێ جۆرەکە زنجیرەیەك دروست بکەن هەموویان پێکەوە ببنە دیارخەر بۆ ناوێك، ئەوا بەزۆری رەنگ دەچێتە پێشەوەو بارستایی دوای دەکەوێ ئاوەڵناوی رووالەت دەچێتە کۆتایی:

گۆمێکی شینی گەورەی مەنگ لەنزیك ماڵەکەوە بوو.
؟ گۆمێکی گەورەی شینی مەنگ لەنزیك ماڵەکەوە بوو.
؟ گۆمێکی مەنگی گەورەی شین لەنزیك ماڵەکەوە بوو.

دەبێ دواجار تێبینی ئەو بکەین کەئەم مەیلە(النزعە) رەنگ+بارستایی+ڕووالەت بەسەر درێژو کورتی ئاوەڵناودا زاڵە، واتە لەکاتی بوونی چەند ئاوەڵناوێکی هەمەچەشن دا یەکەم جار بەپێی ئەم مەیلە ریزدەبن دوایی ئەمە دەستووری دووەم (ئاوەڵناوی درێژ بۆ دواوە) جێ بەجێدەکرێ وەك لەم رستانەدا دەبینرێ:

کوڕە سوورکەڵە درێژە چالاکەکەیان هەڵبژارد.
چاوە رەشە وینەکانی لەتاریکی دەدرەوشانەوە.
پیاوێکی رەشەی کەتەی کوڵکن لەم بەرەوە وەستابوو.
گوڵە سوورە جوانەکەی لێ کردەوە.
پاڵتۆیەکی بۆری درێژی کۆنی پیناوی لەبەردەکرد.
سمێڵە سپی یە باریکە تەنکەکەی بادەدا.
قەندێکی درێژی سەرزلی بەدەستەوە بوو.

## ٤- باری ئاوەڵناو لە کوردی دا:

هەموو ئەو راو تێبینیانەی تائێستا لەبەشەکانی پێشتری لێکۆڵینەوەکەماندا خراونەتە روو دەربارەی ئاوەڵناو و چۆنیەتی پاکردنەوەی لەئاوەڵناو ئاساو بژارکردنی لەو خلّتانەی(ئامرازەکان)بەدرێژی مێژوو پێوەی لکاون بەبەشێك لەئاوەڵناو لەقەڵەم دراون و پۆلینە واتاییە وردو پڕبە پریەکەمان-ئەمانە هەموویان پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشن. کە ئاوەڵناو ئەو بەشە ئاخاوتنە هەروا بەرین و پەلە هاوێژو بالاّو گرنگ نییە لەکوردیدا کە هەندێ زمانەوان تێیگەیون و تەنانەت گومانی ئەوەشی لێ دەکرێ کەبەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ بێ لەم بەشەدا چەند بەڵگەیەکی بەهێزی تریش لەسەر لاوازی و لەقی و بێ هێزی شوێنی ئاوەڵناو لەکوردیدا دەدەین:

١-لەناو ئەو ناوچە بیریانەی کەلەزمانەکانی گێتی دا بەزۆری بەئاوەڵناو دەردەبڕێت و کە ژمارەیان بەحەوت ناوچە دانراوە، ئاوەڵناوی کوردی تەنیا لەگەڵ سیانیاندا ئاشنایەتی هەیە بەواتایەکی تر ئاوەڵناوی کوردی زۆربەی ناوچەی ئاوەڵناوییەکانی بۆبەشەکانی تر چۆڵکردووە گرنگترین ناوچەی چۆڵ کراو ناوچە تایبەتیە هۆشەکییە مرۆڤیەکان و بەهاو خێرایی و تەمەنە هەرچەندە هەندێ لەو ئاوەڵناوانەی رووالّەت دەگەیەنن، دەگوێزرێنەوە بۆ ناوچەی تایبەتی هۆشەکی،بەلاّم بەمەش ئەو کەلێنە وشەییە دانەپۆشرێ، کە کەمی یان نەبوونی ئاوڵناو لێرەدا دروستی کردووە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی داپۆشینەکە تەنانەت لەناوچە رووالّەتیش خۆی دا لاوازو پێویستێکی زۆری بەپڕکردنەوە هەیە. لەپێناوی بەهێزکردنی (داپۆشینی) ناوچەکە پڕکردنەوەی بۆشای ئەم دوو ناوچە گرنگە، کوردی ناچاربووە یەکێك لەم رێگایانە بگرێ:

١- خواستی ئاوەڵناوی ئامادە بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی کە لەم ناوچەیەدا لە خۆی دەوڵەمەندترە.

٢-گواستنەوەی وشە لەبەشەکانی تری ئاخاوتنەوە و بەکارهێنانیان وەك ئاوەڵناو ئاسا لەو شوێنانەدا کەزمانی تری ئاوەڵناو بەکاردێنێ ئەم جۆرە گواستنەوەیەش بەسێ رێگە دەبێ:

أ-بەگۆڕینی فۆڕم بەهۆی گیرەکەوە:

١-پێشگر: هێز(ناو) بەهێز(ئاوەڵناو) بێهێز (ئاوەڵناو) بار(ناو) لەبار(ئاوەڵناو)

٢-پاشگر: کرم (ناو) کرمێ (ئاوەڵناو) شەڕ (ناو) شەڕانی (ئاوەڵناو)، فێڵ (ناو) فێڵباز (ئاوەڵناو)

ب-بێ گۆڕینی فۆڕمی وشە گوزراوەکە: هێرشەکەی ئەوسا (ئاوەڵکار)، باخچەی ساوایان (ناو)



ت-لێکدانەوەی دوو وشە یان زیاتر بەزۆری لەبەشەکانی تری ئاخاوتنەوە بەبێ ئامراز یان بەیاریدەی ئەمان: {خێر+نە+بینین}خێرنەدیو {دز+نە+بردن} دزنەبەر، چاولەدەر. . . . . هتد ئەمانەش تەنی وەك ئاوەڵناوئاسا رەفتار ناکەن بەڵکو لەهەمان کاتدا، ناویشن (ناوی بکەر یان بەرکار)

٢-گەورەیی وفراوانی ئەو کەلێنەی، کە کزی و کەمی وگرانی ئاوەڵناوی رووالّەت و تایبەتی هۆشەکی لەکوردیدا دروستیان کردووە تەنانەت بەو سێ رێگەیەی سەرەوەش ناگرێ (بەهۆی بەکارهێنانی بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە). لەبەر ئەمە،کوردی زۆر جار ناچار دەبێ رستەیەکی تەواو (بکەر+بەرکار) لەجیاتی ئاوەڵناوێك بەکاربێنی. ئەمەش دیاردەیەکی دابڕاونییە بەڵکو بەبلاّوی لەئێستای زمانەکەمان دەبینرێ:

ئەو تێکەلاّوانە لەیەکتردەچن تێکەلاّوی لەیەکترچوو تێکەلاّوی چوون یەك(خليط متجانس).

دەشێ بەکانزادا بکێشین کانزا دەشێ بۆ پیاکێشانی پێدا دەکێشرێ دەتوانین کانزا راکێشین بۆ راکێشان دەبێ رادەکێشرێ.

شایانی سەرنجە، کە دەیان و سەدان ئاوەڵناوی زمانی تر بەم رێگەیە وەردەگێڕێ بۆکوردی بەتایبەتی بەکارهێنانی کارێکی بکەرنادیار[١]

٣- لەئەنجامی کەمی کزی ئاوەڵناوی رووالّەت و دروستکردنی بەو رێگایانەی سەرەوەو لەبەرئەوەی ئاوەڵناوی رەنگ و بارستایی لەخۆیاندا ژمارەیەکی کەم و داخراون، ئاوەڵناوی کوردی دەتوانرێ بەپەیڕەوێکی داخراوی ژمارە دیاری کراو سەیربکرێ. بەتایبەتی کە لەگەڵ ناو وکاری کوردی لەژمارەدا بەراورد دەکرێ ئەم راستیە زیاتر دەچەسپێ. بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئاوەڵناو لەکوردیدا پترنابێ، چونکە ئاوەڵناوی رووالّەت سەرێکی کراوەیەو هەمیشە لەڕێگەی خواستنەوە خواستنی وشەی ئامادە یان خواستن لەڕێگەی وەرگێڕانەوە دەتوانێ خۆی فراوانتر بکات. بەلاّم ئەمانە زیاتر بە ئاوەڵناوئاسا زیاد دەکەن نەك بەئاوەڵناو.

٤-ئاوەڵناوی کوردی نە لە رووی وشەسازی نە لەڕووی رستەسازیەوە لە زۆربارەدا هەندێ بەشی تری ئاخاوتن، بەتایبەتی ناو(جێناو) جیاناکرێنەوە و ئەمەش زیاتر دەمان خاتە گومانەوە، کە ئاوەڵناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆبێ لەکوردیدا، یان ئەو دەورە گرنگەی هەبێ

---

١- نمونەی تری لەم بابەتە ئەو ئاوەڵناوە ئینگلیزییانەن کەبە(able-) دواییان دێ کەزۆربەی بەناو وەردەگیرێن وەك توانای تواندنەوە، راکیشان، خوێندنەوە، شکاندن. . . .

لەزمانەکەدا وەك هەندێك باوەڕیان وایە. ئەم سروشت و ڕەفتارەی ئاوەڵناو لەئاوەڵناوی نزیك دەکاتەوە کە بەئاسانتر دەتوانین نەبوونی لەکوردیدا بسەلمێنین جگە لە هەرگیزو چەند ئاوەڵکارێکی شوێن وەك (ئێرە، ئەوێ)هەموو ئەو وشانەی دەوری ئاوەڵکار دەبینن ناون

لەیەکچوون و نزیکبوونەوەی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار لەهەڵکەوت و سروشتدا شتێکە چاوەڕێ و پێشبینی بوونی دەکرێ وئەمەش بەلای منەوە یەکێکە لەچاکەکانی ئەو بۆچوونەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو. (بڕوانە بەشی١-٤ بۆ درێژی ئەم باسە)

## ٤-١ئاوەڵناوی کوردی بەشێکە لەناو:

بەئاسانی دەتوانین لەڕووی فۆرم و ئەرکەوە ئاوەڵناوی کوردی بەبەشی ناو دابنێین وەك بەم ڕاستیانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١-ڕاستی وشەسازی:

أ- گیرەکە ڕێزمانیەکان:هەموو ئەو پاشگرە ڕێزمانیانەی کە بەناوەوە دەلکێن، دەتوانن لەگەڵ ئاوەڵناودا بەهەمان ئەرك و واتا بەکاربێن: لەمانە نیشانەی ناسیاری و نەناسیاری و تاك و کۆوخۆیەتی و ڕاناوی خزاو:

ناو

پیاو: پیاوەکە، پیاوێك، پیاوەکان، ئەو پیاوە، پیاوان، پیاوەکانیم (هەڵبژارد) لەناو پیاوەکاندا.

ئاوەڵناو

جوان: جوانەکە، جوانێك، جوانەکان، جوانان، جوانەکانم(هەڵبژارد)ئەوجوانە، ئەوجوانانە،لەناوجوانانەدا، ناو جوانەکاندا.

تاکە پاشگرێکی ڕێزمانی کەبەزۆری لەگەڵ ئاوەڵناودا بەکاربێت، نیشانەی بەراوردە {-تر، -ترین}

جوانتر، جوانترین *خانووتر *خانووترین..........

ئەمەش ئاوەڵناوی لە بەشەکانیتری ئاخاوتن پێ جیاناکرێتەوە، چونکە لەگەڵ هەندێ ئاوەڵکارو ناویش دا بەکاردێن: دەرگاکە توندتر پێوەیدە. بابەکەی قایمترکرد. لەئێوە پیاوترە. کەرترین کەسی ئەم جیهانەیە...



ب-گیرەکی داڕشتن: زۆربەی ئەو پاشگرە داڕشتنانەی کە دەچنە سەرناو بەهەمان واتا لەگەڵ ئاوەڵناویش دا دێن، واتە هاوبەشن وەك:

١-{- ی}: منالی، کوێری

٢-{- ئیتی، - ئایەتی، - ەیەتی}:برایەتی، دۆستایەتی، پیاوەتی، گەورەیەتی، بەرزێتی، سپێتی.

٣- {- ە}: شەوە، ئاگرە، خراپە، چاکە[1]

٤- {- ەڵان}: بەردەڵان، نەرمەڵان

٥- {- ەمەنی}: چاپەمەنی، ساردەمەنی

٦- {- ێنە}: ماشێنە، زەردێنە

٧- {- ئانە}: کوڕانە، پاکانە

٨- {- ەن}:پووشەن، رووتەن

٩- {- ۆڵ}: ئاسکۆڵ، نەرمۆڵ

١٠-{- ندە}:باڵندە، دڕندە

١١-{- ئایی}:دارایی، شیفایی[2]

١٢-{- ۆڵە}:بەرخۆڵە، نەرمۆڵە

١٣-{- ەك}:کوتەك، بەرزەك

کەواتە ئاوەڵناویش وەك ناوی نابەرجەستە وناوی شوێن و جێگە و ئامێرەیان لێدروست دەکرێ بچووکیش دەکرێنەوە (ناسکۆڵە)

٢- ڕاستی ڕستەسازی:

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کەناو و ئاوەڵناو لەڕووی ڕستەسازیشەوە لەیەکتری جیاناکرێنەوە، بەواتایێکی تر، ناو دەتوانێ هەموو ئەرکە ڕێزمانیانە ببینێ کە لە ڕستەی کوردیدا جێبەجێ دەکا و بەپێچەوانەشەوە وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

١- ناو وئاوەڵناو هەردووکیان چالاکانە دەتوانن دەوری بکەر ببینن:[3]

---

١- بڕوانە ئەوڕەحمانی حاجی مارف بۆنمونەی تر (ڕێزمانی کوردی(ناو) بەغدا، ١٩٨٠)

٢- بەڕایی د. ئەوڕەحمان{- ئایی}هەر دەچێتە سەرناو(هەمان سەرچاوە ل ٢٦)

٣- بەڕای د. کوردستان موکریانی(١٩٨٣، ٤٠) ئاوەڵناو لەڕۆڵی نیهادا زۆرکەم بەکاردێ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاوەڵناو بەواتایەکی گەورەتر بەکاردێنی، بەجۆرێك کەهەندێ بەکارهێنانی ئامرازی نیشانەو پرسیار بگرێتەوە

| ناو | ئاوەڵناو |
|---|---|
| مناڵێك، مناڵەكە،مناڵەكەیان خۆی كرد بەژووردا | جوانەكە، جوانەكەیان، جوانێك |
| خۆی كرد بەژووردا | |
| كتێبە گەورەكەیانم بۆ بێنە | گەورەكەیانم بۆ بێنە |
| پیاوی دەوڵەمەند قەدری پارە دەزانێ. | دەوڵەمەند قەدری پارە دەگرێ. |

٢- ئەركی بەركار:

| ناو | ئاوەڵناو |
|---|---|
| كتێبەكەی هەڵبژارد | جوانەكەی هەڵبژارد |
| بەمناڵەكەدا ناردی | بەگەورەكەدا ناردی |

٣- ئەركی ئاوەڵكار

| ناو | ئاوەڵناو |
|---|---|
| لەناو كچاندا ناز باوە | بۆجوانان هەمووشتێ دەلوێ |
| لەگەڵ كچاندا دەگەڕێ | لەگەڵ جواناندا دەگەڕێ |

٤- ئەركی دیارخەر:

| ناو | ئاوەڵناو |
|---|---|
| كوڕی مامۆستاكە گەیشت. | كوڕەچالاكەكە گەیشت |
| ئەوان كوردی دواڕۆژن | ئەوانە كوڕی ئازان |

٥- وەك بەشێك لەكاری لێكدراو:

| ناو | ئاوەڵناو |
|---|---|
| مناڵەكەتان وازی شەڕ دەكەن | خۆیان تێر ئامادە دەكەن |

٦- وەك تەواوكەر لەگەڵ كاری بوون و هەندێكی تردا[1]

١- كۆمەڵە كارێ هەن كەرێگەی ئاوەڵناو دەدەن،بەڵام ناویان لەگەڵدا نایەت وەك: هەڵ گەڕا، چووەوە. . . . .

منداڵەكە شین هەڵ گەڕا.

گردەكان سەوز دەچوونەوە.

ئەمانە بەنموونەی دژ ناچن چونكە ئەم دوو كارە گۆڕان پیشان دەدەن لەئاوەڵناوی رەنگ بەولاوە رێگەی ئاوەڵناوی تریش نادەن



| ناو | ئاوەڵناو |
|---|---|
| بەپیاوی تێ گەیشتم | بەئازای تێ دەگەم |
| بەمامۆستام زانی، دانا | بەدانام زانی، دانا |
| بەبرام لەقەڵەم دا | بەماقووڵم لەقەڵەم دا |
| بەپیاوم دەژمارد | بەژیری دەژمێرڕێ |
| ئەو مامۆستایە | ئەو ئازایە |
| ئەوان پیاوبوون | ئەوان بەرزبوون |

## ٥- كوردی زمانێكی ئاوەڵناوی نییە:

بەڵگەیەكی تریش بۆئەوەی، كەئاوەڵناو لەكوردیدا بەشێكی ئاخاوتنی هێندە فراوان وگرنگ نییە كەسەربەخۆبێت لەوەدا دەردەكەوێ، كەكوردی لەو زمانانە نییە كە ئاوەڵناو تیایاندا زاڵ وپەل هاوێژبێت بەپێ باری ئاوەڵناو چۆنیەتی سروشتی دژواتایەتی لەناویاندا، هەندێ زمانەوان[1] سێ جۆرە زمانیان جیاكردۆتەوە:

١-زمانی ئاوەڵناوی:كەتیایاندا هەرحەوت ناوچە واتاییەكە (بڕوانە بەشی سێیەم) ئاوەڵناو (دای دەپۆشێ) و ئەو ئاوەڵناوانەی كەدژ واتایان هەیە دژەكانیشیان لەهەموو روویەكەوە هەر ئاوەڵناون

٢-زمانی كاری: كەتیایاندا هیچ لەوناوچە واتاییانە بەهۆی ئاوەڵناوەوە دەرنابڕێن ئەو وشانەی كەدژیان هەیە، گەرمەكەیان ئاوەڵناو یان ناوەو تاكە ساردەكەشیان كارە.

٣-زمانی بێ لایەن(ناوەند): كەئاوەڵناو بۆهەندێ لەناوچە واتاییەكان بەكاردێنی و لە دژواتایشدا، هەندێكیان

هەردوو تاكەیان، ساردو گەرمەكە، ئاوەڵناون، بەشێكی تریان (بەتایبەتی ئەوانەی كردە پیشان دەدەن) تاكێكیان ئاوەڵناوەو ئەویتریان كار.

※شەقامەكە درێژ نزم دەچۆوە.

※كچەكە جوان هەڵگەڕا

※چیاكان بڵند دەچنەوە.

1- Dixon 77-58

وەك پۆلێنەكە(بڕوانە بەشی٣-٢) ڕوونی دەكاتەوە كوردی لەزمانە ناوەندەكانە،ئەم تێبینیانەی خوارەوە زیاتر ئەم ڕاستیە جێگیردەكەن.

١-لەوناوچە واتاییانەدا كە ئاسایی ئاوەڵناو تیایاندا بەكاردێ لەزمانی تردا، ئاوەڵناوی كوردی لەهەندێكی دا نابینرێ. كەمی ئاوەڵناو وەك لەپێشترەوە روونمان كردەوە لەناوچەی واتای تەمەن و بەهاو تایبەتی هۆشەكی مرۆڤدا دەردەكەوێ. چاوپیاخشاندنێكی سەرپێی و خێرا بەو وشە و ڕۆنانەدا كەباس لە (تەمەن) دەكەن لەكوردیا ئەم راستیە دەخەنە روو:كوڕێكی شانزە ساڵ (فرێزی ناوی)، پیاوێكی بەساڵدا چوو، لەتەمەنی منداڵیدا، لەگەنجیدا، لەپیریدا، بەپیری، بەگەنجی، بەلاوی، بەگەورەیی. . . . . . .

دیسان بەڵگەنەویستە كە ئاوەڵناوی كوردی زۆر بەتەنكی ناوچەی رووالەت دادەپۆشێ كزی و هەژاریەكی تەواویش لەو ئاوەڵناوانەدا دەبینرێ كەناوچەی تایبەتی هۆشەكی دەگرنەوە. كەواتە پڕی ودەوڵەمەندی بەپێزی تەواوی ئاوەڵناوی كوردی تەنیا لەناوچەی رەنگ وبارستاییدایە لەهەموو ناوچەكانی تردا كوردی كەلێنی وشەی زۆرەو بەهۆی خواستن و وەرگێڕان و لێكدان و داتاشین لەكەرەسەی خۆماڵی سەر بە بەشە جیاجیاكانی ئاخاوتنەوە بەردەوام دەیەوێ پڕیانكاتەوە.

٢-دیسان كە لە وشە دژ واتاكانی كوردی ورد دەبینەوە بەمەبەستی لێكۆڵینەوە، هەمان راستی دووپات دەبێتەوە كەكوردی زمانێكی ناوەندە و ئاوەڵناو تێدا پەل ناهاوێ، بەتایبەتی لەوەدا كە دژواتای ئەو ئاوەڵناوانەی كردە پێشان دەدەن لەكارەوە دادەتاشرێن وەك لەم نموونانەدا دەردەكەوێ:

| ئاوەڵناوی بار | | ئاوەڵناوی كردە | |
| --- | --- | --- | --- |
| ئاوەڵناو | دژەكەی | كار ئاوەڵناو | دژەكەی |
| گەرم | سارد | كاڵ خواردن | بڕژاو،كولاو،گەیوو |
| گەورە | بچووك | ساغ مێوە | شكاو |
| نەرم | رەق | گەیوو | بوردوو |
| درێژ | كورت | ئاشكرا | شاراوە |
| پان | تەسك | بێ دەنگ | بزێو |
| قووڵ | تەنك | زیندوو | مردوو |
| چاك | خراپ | زیندە | مردە |



### ٦- ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە:

بەپێچەوانەی هەموو ئەو كارانەی بەرلەمە لەبارەی ئاوەڵناوەوە كراون وگەیشتونەتە دەستم، بەتایبەتی بەپێچەوانەی ئەو لێكۆڵینەوە نوێیانەی ئەم سالانەی دوایی(١٩٧٥-١٩٨٨)، لیكۆلینەوەكە رێبازێكی تەواو جیاواز دەگرێ بەرێنمایی زمانەوانی سەردەم و دەسكەوتەكانی رێزمانی جیهانی باری ئاوەڵناوی كوردی هەڵدەسەنگێنێ وئاوەڵناو سەرلەنوێ دابەش دەكاتەوە و شوێنی راستی خۆی لەزمانەكە دەداتێ رێچكەشكێنی لێكۆڵنەوەكە لەم روانەی خوارەوەدا دەردەكەوێ:

١-چەمكێكی تاڕادەیەك نوێ دەدات بەئاوەڵناو ولەهەموو ئەو خڵتانەی پاك دەكاتەوە، كە پێوەی نووساون و لەگەڵیدا جیانەكراونەتەوە.

٢-پۆلێنێكی واتایی نوێی ئاوەڵناو دەخاتە روو بەگوێرەی بنەمای وشەسازی ورستەسازی و واتایی ئاوەڵناوی رەنگ وبارستایی ورووالەت لەیەكتری جیادەكاتەوە و گرنگی ریزبوونی جووتە ئاوەڵناو زنجیرە ئاوەڵناو دیاری دەكات.

٣- زانستیانە دەیسەلمێنێ كەئاوەڵناوی كوردی بەشێكی سەربەخۆی ئاخاوتن پێك ناهێنێ.

٤-بەڵكو زمانی كوردی لەخۆیدا ئاوەڵناو ویست نییە بەوەی دەورێكی لاوەكی بەئاوەڵناو دەسپێرێ هەندێ بیرۆچكەی واتایی كە ئاسایی ئاوەڵناو دایدەپۆشێ لەزمانیتردا، زمانەكە بەهۆی بەشەكانی تری ئاخاوتنەوە پڕیان دەكاتەوە.

# سەرچاوەکان

**أ- بەزمانی کوردی**

١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی(ناو) چاپخانەی کۆڕ ١٩٨٠.

٢- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، کورتە هەڵسەنگاندنێکی شەش کار لەلێکۆڵنەوەی ئاوەڵناودا، ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٧،١٩٨٨.

٣- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ئاوەڵناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٨، ١٩٨٨.

٤- د. ئەورەحمانی حاجی مارف،جۆرەکانی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٩، ١٩٨٨.

٥- د. کوردستان موکریانی،ئاوەڵناو لەڕستەی کوردیدا بەکەرەسەی کرمانجی خوارووو و کرمانجی ژوورو(دا)، کاروان، ژمارە (٥) ١٩٨٣.

٦- لیژنەی زمان و زانستەکانی. ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،بەشی یەکەم ١٩٧٥ ل٤٧٥-٤٩٦

**ب-بەزمانی ئینگلیزی:**

1 -Bolinger, D. (1967) "Ajectiues in English Lingua 18, 1-34

2-Dixon R. M. W. (1977) where have all adjectives gone. Studies in lomguage z,z19-80

3 -Givon, Talmy (1970) lvotes on the somantic structrure of English adjectives language, VL 46, 816-37

4 -Lehrer A(1985) Markedness and Antonomy Journal of linguistics, VOL 21 No2

5 -Lyons, J. (1981) Language and Linguistics, An Tntroduction, London cambridoe Universty poess



6 -Mackenzice D. N. (1961) Kurdish Dialct studies London: oxford univrstiy press.

7 -Macarus (1958) A Kurdish Grammar Washington plandograph company.

8-Quirk etal (1974) A Concise Grammar of Contemporory English, New York: Horceurt Brace Jovanovich Chapter05

9-soane. Y. B(1913) Grammar of the Kurmanji cork Kurdish Language London

10 -Christopherson p. and Sandved A. O. (1971)Ar advanced English Grammar,London:Lowe and Brydone.

*** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢٥)ی ساڵی ١٩٩٠بڵاوکراوەتەوە.**

# باس[١] لەجۆرێك لەڕستەی کوردیدا

**١-سەرەتا:**

لەزمانی کوردیدا هەر کاتێك دوو کەرەسە (ناو و ئاوڵناو. . . . . هتد) چوونە پاڵ یەکتری، یان پێش و دواهاتن و بە هەردووکیان یەك پێکهێنەریان دروست کرد (بکەر، بەرکار یان تەواوکەر) دەبێ پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەرەستەیە بەهۆی (فۆڕمێکەوە) ئاشکرا پیشان بدرێ، فۆڕمەکەش یان ئامرازی (ئیزافە)یە کە پەیوەندی نێوان دەرخەرو دەرخراو دیاری دەکات یان ئامرازی بەستنەکە ئەو کاتانە بەکاردێ کە دوو کەرەسەکە پلەوپایەی یەکسانیان هەبێت، وەك بەم نمونانەدا دەردەکەوێ:

پیاوی زیرەك (دیارخراو +ی+دەرخەر)

دار و دیوار (ناو +و +ناو)

*گەورە بچووك      *کیژ نازدار

ئەم یاسایەی زمانەکە تەنیا لەچەند بارێکی زۆر کەمدا نەبێ پشت گوێ ناخرێ، بەتایبەتی وەك ئەو وەختانەی کە کەرەسەی یەکەم چەشن یان ژمارە بڕێ لە کەرەسەی دووەم پیشان بدات، واتە لەو کاتانەدا، کە کەرەسەی یەکەم دیاریکەری[٢] کەرەسەی دووەم دەبن وەك:

١- باس لێرەدا وەك زاراوەیەکی تایبەتی بەرامبەر Topic بەکارهاتووە لەبنەڕەتدا داهێنانی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ فیرباس(١٩٦٤) دانیش(١٩٦٨) ئەمانە هەموو لایەنگرانی قوتابخانەی براغ وخوا comment لە یەکتری جیادەکەنەوە باس ئەو بەشی رستەیە کەباسی لێ دەکرێ و ئاسایی زانیاری کۆن دەردەبڕێ خواسیش ئەو شتە دگرێتەوە کەلەبارەی باسەوە دەگوترێ یان دەدرێتە پاڵی وئاسایی زانیاری نوێ دەدات بە دەستەوە لەهەندێ زماندا جیاوازی نێوان ئەم دوودیاردەیە لەفۆڕم دا بەئاشکرا پیشان دەدرێ بەڵام لە زۆر زماندا ئەم جیاوازییە بەهۆی هۆکاری رستەسازی وفۆنۆلۆجیەوە دەر دەخرێ وەك گۆڕینی ریزبوونی کەرەسەکان،پاش وپێش کردنیان لەڕستەداو بەکارهێنانی هێزوئاواز(بڕوانە بەشی شەشەم بۆ زانیاری زیاتر)

٢- زاراوەی دیارکەر بەرامبەر determiner بەکارهاتووەو ژمارە و هەندێ ئامرازی پرسیارو (کام. .؟ چی. . .؟) هەندێ ئاوڵناو(جوانترین. . .) نادیار و چەندێتی دەگرێتەوە(هەندێ، بڕێ. . . هتد) لەڕێزمانی



ئەم پیاوە      *ئەمی پیاوە

دوو خانوو      *دووی خانوو

کەمێك پارە      *کەمێکی پارە

هەندێك کەس      *هەندێکی کەس

هەندێ جاریش دەرچوون و لادان لەیاساکە بۆ مەبەستێکی جیاوازە وەك دابینکردن و دانانی شوێنێکی تایبەتی بۆ یەکێك لەدوو کەرەسەکە هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێ:

گەڵاکە لێوارەکانی زەردبووە.

کیژەکە لێوەکانی شین هەڵگەڕا.

خانووەکە سەربانەکەی تەپیوە.

لەم لێکۆلینەوەدا دەمانەوێ چەپکێ تیشك بخەینە سەر ئەم جۆرە ڕۆنانانەی کوردی، کەسەر زاری دوو سەرەتایان هەیە (گەڵا ولێوار، کیژولێو، خانووسەبان) بەو ئامانجەی کە ڕۆنان و بەکارهێنان وگرنگیان لە زمانەکەدا شی بکەینەوە لە چوارچێوەی بۆچوونێکی ریزمانی کە سێ ئاستی زمان دیاری دەکات: ئاستی واتاسازی، ئاستی رستەسازی و ئاستی پڕاگماتیکی مەبەستمان لێرەدا هەر ئەوە نییەکە چەند تێبینییەك دەربارەی ڕۆنانەکە بخەینەڕوو،بەڵکو زیاتر بۆسەلماندنی ئەو راستییە کە بوونی ئەم دیاردانە دەبێ هەر لەئاستی پڕاگماتیکدالێك بدرێتەوە،واتەڕۆنانەکەیەکێکەلەوڕێگایانەی کەزمانی کوردی بەکاریدێنێ بۆ تەرخانکردنی شوێنێکی دیار بۆ کە رەسەیەك کە لەرووی واتاو ئەرکی رێزمانییەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، بەکارهێنانی ئەم رێگایە لەژێردەسەڵاتی قسەکەردایە و بەندە بەجۆری رێکخستنی نامەکەیەوە لێکۆلێنەوەکە بریتیە لەشەش بەش:

لە بەشی یەکەمدا سنووری ڕۆنانەکە دیاری دەکەین و لەو ڕۆنانەی جیادەکەینەوە کە لەسەر زاری لەمان دەچن.

لەبەشی دووەم دا لەهەندێ تایبەتی ڕۆنانەکە دەدوێین و بەتەواوی لەڕووی ڕۆنانەوە شی دەکەینەوە، لە بەشی سێیەمدا کەمێك یاری بە ڕۆنانەکە دەکەین تا بزانین تا چ رادەیەك زمانەکە رێگە دەدات ئەم جۆرە ڕۆنانەی نێوان بکرێت، واتە چەند کەرەسە دەتوانن دەربپەڕن

دێریندا، ئەمانەش بە ئاوڵناو دەژمێرین (بڕوانە مەکنزی لا٦٨) دیاریکەر لەکوردیدا پێش فرێزی ناوی دەکەوێ و پێوەی نالکێ.

بێئەوەی رستەی نارێزمانی دروست بکەن. لە بەشی چوارەمدا هەندێ تێبینی دەخەینە روو دەربارەی ئەو چوارچێوە رێزمانیەی کەدەمانەوێ لە نێوانیدا دیاردەکە لێك بدەینەوە. بەدوای ئەمەشدا چۆنیەتی دروست بوونی رۆنانەکەو ئەرکی(پڕاگماتیکی)و گرینگی لەکوردیدا پیشان دەدەین و بەراوردێکی دەکەین لەگەڵ رۆنانی تردا کەلە واتادا لەمەوە نزیکن، لەکۆتایدا لەو ئەنجامانە دەدوێن کە لە لێکۆلینەوەکەوە دەیانگەینێ.

## ٢-سنووری لێکۆلینەوەکە:

لەم بەشەی لێکۆڵێنەوەکەدا دەمانەوێ ئەو رۆنانەی کە بە باس دەست پێدەکەن لەهەندێ رۆنانیتری کوردی جیابکەینەوە کە لەڕووخسارو شێوەدا لەمانە دەچن بەمەبەستی تەسککردنەوە و دیاریکردنی سنووری باسەکەمان.

رۆنانی باسی سەر زاری لەهەموو ئەو رۆنانە دەچێ کە بەدوو فرێزی ناوی پێ دەکەن ئەمانەش دوو جۆرن:

١-ئەوانەی کەرەسەی یەکەمیان بکەرە وەك:

١- ا-براکەم کتێبەکەی دڕاند.

ب-منداڵەکە باخەکەی تێکدا.

٢-ئەوانەی کە کەرەسەی یەکەمیان بەرکارە:

٢- ا-ئەم کتێبە براکەم دایناوە.

ب-کتێبەکە براکەم کردوویەتی بەکوردی.

بەراوردێکی ئەو دوو کۆمەڵە رستەیە لەگەڵ رستەی باسمەند وەك:

ا-ئەم دارە گەڵاکانی زەردبووە

ب-دارەکە گەڵاکانی زەردبووە.

ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لێکچوونەکە تەنیا لە ڕووخساردایە و لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەبێتەوە:

١- لەهەموویاندا دوو فرێزی ناوی لەسەرەتای رستەکانەوە دێن: براکەم کتێەکەی /منالّەکە باخەکەی/ئەم کتێبە براکەم/کتێبەکە براکەم/ئەم دارە گەڵاکانی/دارەکەگەڵاکانی.

٢- لەڕووی ژمارە و ناسیاوی نەناسیاوییەوە ناوەکان وەك یەکن.



٣-ئەم دوو فریزە ناوییانەبەهۆی هیچ ئامرازێکەوە بەیەکترەوە گرێ نەدراون لەگەڵ ئەم هەموو لێکچوونانەش ئەوەی هەستی پێدەکرێ ئەوەیە، کە کۆمەڵی یەکەم و دووەم لە واتادا لەیەکترەوە نزیکن، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵی سێیەم پەیوەندییەکی واتایی بەهێزیان نییە. واتە لە واتادا جیاوازن جیاوازیەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە فرێزە ناوییەکان لەکۆمەڵی یەکەم و دووەمدا دوو کەرەسەی جیاواز پێك دێنن. لە کۆمەڵی یەکەم دا کەرەسەی یەکەم بکەری رستەکانە لەدووەمیشدا بەرکارێتی.

١- براکەم کتێبەکەی دڕاند

(بکەر) (بەرکار)

٢-ئەم کتێبە براکەم دایناوە

(بەرکار) (بکەر)

بەڵام فرێزەناوییەکان لەکۆمەڵی سێیەمدا،هەرچەندە دوو پارچەی جیاوازن، پارچەکان پەیوەندییەکی واتایی تەواویان بەیەکترەوە هەیەو پارچەی دووەم بەشێکە، یەکەم بە هەردووکیان بەشی نیهاد پێك دێنن هەرچەندە کەرەسەی دووەم بکەری راستەقینەی رستەکانە گرنگ ئەوەیە کەرەسەی یەکەم ئەرکێکی رێزمانی جیاوازی لەوەی دووەم پێ نەسپێراو:

ئەم دارە گەڵاکانی زەردبوون (بەشی نیهاد)

جیاوازییەکی تر لەنێوان کۆمەڵی یەك و دوو لەلایەك کۆمەڵی سێیەم لە لایەکی ترەوە لەوەدایە، کە کۆمەڵی دووەم لە کۆمەڵی یەکەم بەهۆی یاسایەکی گوێزانەوەوە (یاسای پێش خستنی بەرکار) وەردەگیرێ:

براکەم ئەم کتێبەی داناوە.

ئەم کتێبە براکەم دایناوە.

منالّەکە باخەکەی تێك دا.

باخەکە منالّەکە تێکی دا.

ئەم یاسای گوێزانەوەیە بەسەر جۆری سێیەمدا جێبەجێ بکرێت، چونکە بەو جۆرە لەیەکترەوە وەرناگیرێن:

ئەم دارە گەڵاکانی زەردبووە.

*گەڵاکان ئەم دارە زەردبوو.

ئەوەی دەبێ تێبینی بکرێ ئەوەیە کە رستەکانی جۆری سێیەم پەیوەندییەکی تەواویان لەگەڵ ئەو رستانەدا هەیە کە بکەرەکانیان دوو کەرتەو کەرتەکان بەهۆی ئامرازی ئیزافەوە لەیەك دراون.

دارەکە گەڵاکانی زەردبوون.

گەڵاکانی دارەکە زەردبوون.

بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵی یەك ودووئەم جۆرە یاسایانە یان بەسەردا جێبەجێ ناکرێ بێ واتاگۆڕین:

براکەم کتێبەکەی دڕاند.

کتێبەکەی براکەم دڕاند.

بێگومان گرنگترین جیاوازی لەنێوان کۆمەڵی سێ (١و٢) لەلایەك و کۆمەڵی لەلایەکی ترەوە لەهەڵکەوت و چەشنی کارەکەدایە، کاری کۆمەڵی سێەم هەردەبێ تێنەپەڕ بێ،

ئەم کتێبە براکەم نوسیویە/دایناوە/کردوویە/بەکوردی.

*ئەم کتێبە براکەم هاتووە.

براکەم کتێبەکەی دڕاند،سوتاند.

*براکەم کتێبەکەی رۆیشت.

ئەم دارەگەڵاکانی وەریوە/کەوتووە/زەردبووە/هەڵگەڕاوە.

*ئەم دارەگەڵاکانی دڕاند.

ئەم رستەیە کاتی ریزمانییە لە جۆری یەکەم بێت، واتە (دار) (بکەر) بێت و (گەڵاکانی) بەرکار یان گەڵاکان هی ئەو دارەنەبن.

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە رستەکە لەجۆری یەکەم یان دووەمە و یەکسەر دەبێ بەجۆری سێیەم بەگۆڕینی کارەکە لەتێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ:

براکەم کتێبەکەی دڕاند. (جۆری یەکەم)

براکەم کتێبەکەی تەڕبو. (جۆری سێیەم)

براکەم کتێبەکەی دڕاوە. (جۆری سێیەم)

یان لەتێپەڕی دیارەوە بۆ کارێکی نادیار:

براکەم کتێبەکەی دڕا. (جۆری سێیەم)

براکەم کتێبەکەی دزرا. (جۆری سێیەم)



گرنگی هەڵکەوت و چەشنی کارەکە لەجیاکردنەوەی رستەی باسمەند لەڕستەی تر لەوەدا دەردەکەوێ کە تاکارەکە لەگەڵ دوو فریزی ناویی سەرەتادا لەیەکتری نەدرێت،نازانین رستەکە چۆن لێك بدەینەوە. واتا لە گوماندا دەمێنێتەوە دڵنیا نابین لەوەی رستەکە باس مەندە چەند یان رستەیەکی ئاسایی دوو شوێنە (بکەر و بەرکاری هەیە) بەواتایەکی تر، هاتنی دوو فریزی ناوی بەبێ ئامراز لەنێوانیاندا لە سەرەتای رستەدا تەمومژێکی وەختی دروست دەکات کە تەنیا بەهۆی کارەکەوە دەکرێ بڕەوێتەوە:

مناڵەکە کتێبەکەی. . . . . . (تەم ومژ)

مناڵەکە کتێبەکەی سووتا/دڕا/دزرا (ڕستەی باس مەند)

مناڵەکە کتێبەکەی سووتاند/دڕاند/ دزی (ڕستەی دوو شوێنی)

(بکەر+بەرکار)

### ٣- تایبەتیەکانی رستەی باسمەند.

ڕستەی باسمەند خاوەنی ئەم تایبەتیانەی خوارەوەیە:

١-ڕستەکە بەلای کەمەوە بەدوو کەرتی سەرەکی دەست پێ دەکات کە راستەوخۆ بەدوای یەکتردا دێن بێ ئەوەی ئامرازی بەستن یان ئیزافە لە نێوانیاندا هەبێت هەردوو کەرتی رستەکە دەبێ ناوبن.

دارەکە گەڵاکانی وەریوە.

دەرگاکە بۆیەکەی چۆتەوە.

ژوورەبەرزەکە تەپیوە.

هەرچۆنێك پۆلی دوو کەرەسە سەرەتاکە بگۆڕین، رستەکە باسمەند دەرناچێ:

دارەکەی ئێوە چرۆی کردووە.

ناو جێناو

دارەکەی لالۆکەریم

ناو ناوی تایبەتی

٢- هەریەکە لەو ناوانەی سەرەتا دەگرن وەك هەموو ناوێکیتر لەکوردیدا دەتوانێ ببێت بەسەرە(دەرخراو) بەهۆی دەرخەرێکەوە (ئاوڵناو، ئاوڵکار، جێناو....) فراوان بکرێ دەرخەرەکان بەهۆی ئامرازەوە بەناوەوە دەلکێن کەبۆی دەگەڕێتەوە:

داره (پیرەکە) (بەرزەکە)گەڵاکانی سوتاوە.

ژوورەکە (بچکۆلەکە) سەربانەکەی کەوتووە.

دارەکەی (لای کانیەکەوە) گەڵاکانی سەوزبووە.

دارەکەی لای کانیەکەوە گەڵابەرزەکانی سەوزبووە.

داره پیرەبەرزەکە گەڵا بەرزەکانی سەوزبوون

خانووەکە دیوارەکانی دیوی ماڵی ئێوەی رووخاوە.

دیسان ناوەکانی دەکرێ بەهۆی دیارکەرەوە فراوان بکرێن:

خانووەکە هەموو دیوارەکانی رووخا.

هەموو پەنچەرەکان شوشەکانیان شکاوە.

پەنچەرەکە چەند شوشەیەکی شکاوە.

پەنچەرەکە ئەم لایەی درزی بردووە.

باخەکە دوو داری وشك بووە.

نموونەکانی سەرەوە ئەو راستیەش دەردەخەن، کە دەکرێ دوو ناوەکـە لـەژمارەو ناسـیاری و نەناسیاریدا وەك یەك بن دەشکرێ لەم لایانانەدا لەیەکتری جیاوازبن:

خانووەکە  دیوارەکەی رووخاوە. (هەردووکیان تاك)

ناسراو+تاك   تاك+ناسراو

خانووەکە دیوارێکی رووخا (جیاوازی لە نەناسیاریدا)

ناسراوە        نەناسراوە

٣-تەنیا ناوی یەکەم دەکرێ بەهۆی پاڕستەی شوێن کەوتووی لێکدەرەوە فراوان بکرێت:

ئەو خانووەی کە بە ئێمەت فرۆشت دیوارەکانی رووخاوە.

ئەو دارەی مناڵەکە ئاوی دەدات گەڵاکانی سەوزبوو.

خانووەکەی کە لە ئێمەت سەند دیوارەکانی ورگی کردووە.

ئەو خانووە دیوارەکانی کە مناڵەکان بۆیەیان کرد کاڵ بۆتەوە.

ئەو دارە گەڵاکانی کەئێوەدەرمانی لێ دروست دەکەن سەوز دەچێتەوە.

٤-هەر ئەم رۆنانە بەرێگەیەکی تـریش دەردەبـڕین بێئـەوەی گـۆڕانێکی زۆر لـە واتایانـدا هەبێ، جیاوازییان تەنیا لە ئاستی پڕاگماتیك دا لە ئاستی رێکخستنی زانیاریدا دەردەکەوێ:



دارەکە گەڵاکانی زەردبووە.

گەڵای دارەکە زەردبووە.

گەڵاکانی دارەکە زەردبوون.

پەنچەرەکە تاکێکی داناخرێ.

تاکێکی پەنچەرەکە داناخرێ.

لەرێگەی دووەمدا دوو ناوەکە پاش و پێش دەخرێن بـەهۆی ئـامرازی ئیزافـەوە لەیـەکتری دەدرێن جۆری دووەم بڵاوترە لەزمانەکەدا بەوەدا کە لەگەڵ تێپەڕدا دەبینرێن.

گەڵای دارەکان وەری.

گەڵای دارەکانی خوارد.

٥-ئەو ئامرازەی بەکۆتایی دووەم نـاوەوە دەلکـێ نیـشانەی خۆیەتییە،بـەوەدا کەبـەپێ ی پەیوەندی نێوانیان دوو ناوەکە فۆڕمەکەی دەگۆڕێ.

ئەو دارە گەڵاکانی وەری. (ئەو. . . . . ی)

ئێوە مناڵەکەتان دەگری. (ئێوە. . . . . تان)

ئەوان مناڵەکەیان دەگری. (ئەوان. . . . . . یان)

بەڵام ئەو پەیوەندییانەی خۆیەتی دەردەبڕێ لێرەدا زۆر بڵاوترە لە سنووری تەسکی خۆیـەتی وچەند واتایەکی تریش دەگرێتەخۆ:

١-هەموو بەشێ: ناوی دووەم، هەندێ جار جیاناکرێتەوە)

کیژەکە قژی جوانە/مێزەکە قاچەکانی شکاوە

٢-تایبەتی: ناوی دووەم تایبەتیەکی ناوی یەکەمە: مناڵەکە رەوشتی جوانە.

٣-سەرچاوە(داهێنەر): ناوی یەکەم سەرچاوە یان دروستکەری ناوی دووەمە:

مناڵەکە وێنەی جوان نەبوو.

٤- پەیوەندی(کارو بەرکار): پیاوەکە تاوانەکەی گەورەبوو.

٥- پەیوەندی (بکەرو کار): مناڵەکە نوستنی کەمە=مناڵەکە کەم دەنوێ.

٦- گەڕانەوە بۆ: مناڵەکە دەستی شکا.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کەلە هەندێ رستەدا تەمومژی هەر دەمێنـێ لـەوەدا، کـە رستەکە زیاتر لەواتایەك  دەدات:

مناڵەکە وێنەکەی جوان نەبوو.

لێرەدا نیشانەی خۆیەتی زیاتر لە واتایەك دەدات:

١-سەرچاوە: ئەو وێنەیەی کە منالّەکە خۆی کردوییەتی.

٢-خۆیەتی: ئەو وێنەیەی کە خۆی پەیدای کردووە یان کڕیوییەتی.

کارو بەرکار: منالّەکە وێنەکەی کرد.

دیسان دەبێ ئەوەش بزانین، کە ئەم پەیوەندییان ئاسایی لەکوردیدا بەهۆی ئامرازی ئیزافەوە لە شوێنیتردا دەردەبڕێن:

چاکەتی منالّەکەجوان بوو(تایبەتی)

دەسماڵی ژنەکە کەوت (خۆیەتی)

گەڵای دارەکان (بەش لەگەڵ هەموو)

٧- ئەو کارانەی لەم جۆرە ڕۆنانەدا دەبینرێ، دەبێ دوو مەرجی سەرەکیان تێدا بێ:

١- هەمیشە تێنەپەڕبێت: واتە لە باری ئاساییدا لە یەك هاوبەشی زیاتری لەگەڵ نەیەت وەك پێشتر روون کرایەوە بوونی کاری تێپەڕ لێرەدا ڕۆنانەکە دەگۆڕێ بۆ جۆرێکی تر، کەدەبێ شیکردنەوەیەکی جیاوازی بدرێتێ:

خانووەکە بانەکەی تەپیوە.

بانی خانووەکە تەپیوە.

منالّەکە دەستی بڕی.

دەستی منالّەکەی بڕی.

٢- کارەکە هەمیشە بار نیشان بدات یان بارگەیەن بێت نەك باسی رووداوێ بکات/ئەو کارانەی لە کوردیدا بار نیشان دەدەن ژمارەیان کەمەو بریتین بەتایبەتی لە کاری بوون و چەند کارێکی تری وەك: چوونەوە، هەڵگەڕان[1]. . . . . هتد. ئەمانەش هەمیشە پێویستیان بە تەواوکەرێك هەیە:

چیاکە سپی دەچێتەوە.

منالّەکە شین هەڵگەڕا.

منالّەکە جوانە (جوان هەیە)

منالّەکە جوان بوو.

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کارپۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان.



نەهاتنی کاری تێپەڕ یان قەدەغەکردنی لەم ڕۆنانەدا بۆئەوەیە گوێگر هەر بەیەك ڕێگە ئەم جۆرە رستانە لێك بداتەوە، واتە هەربە یەك ڕێگە ئەم جۆرە رستانە لێك بداتەوە،واتە هەریەك ئەرکی ڕێزمانی(بکەری) بداتە پاڵ ناوی دووەم بەمە گوێگر زووتر لە مەبەستەکە دەگات بەوە ئاسانتر نامەکە شیدەکاتەوە ئەگەر ناوی دووەم بە بکەر وبەرکاریش لێك بدریتەوە،ئەوا ئەرکی گوێگر زۆر گران دەبێ و دەکەوێتە هەڵەوە لەتێگەیشتندا.

١-مەڕەکە قاچەکانی خوارد.

بەرکار

٢-مەڕەکە قاچەکانی بەستراوە.

بکەر

٣-مەڕەکە قاچەکانی. . . .

بکەر بەرکار

هەروەك ڕۆنانی سێیەم ئاشکرای دەکات جۆرێ لەتەمومژی لەم ڕۆنانەدا هەیە کە تەنیا کەرەسەی دوای دوو ناوەکە(کارەکە) دەیرەوێنێتەوە واتە تا رستەکە کارەکەی نەیەت، گوێگر دلنیا نابێت لەوەی ناوی دووەم بەرکارە یان بکەرە کەواتە تاکە ڕێگە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەمومژە هەڵکەوت و جۆری کاری رستەکەیە/ئەگەر کارەکە تێپەڕبێت، ناوی دووەم دەبێ بە بەرکار دابنرێ و رستەکە وەك(بکەر +بەرکار+کار) لێکبدرێتەوە بڕوانە رستەی (١) لەسەرەوە/ کاتێك کارەکە تێنەپەڕبێت ناوی دووەم دەبێ وەك بکەری رستەکە سەیربکرێ و رستەکە لەڕۆناندا وەك (بکەر +کار) لیکبدرێتەوە. بڕوانە رستەی(٢) لەسەرەوە. بەم پێیە دەبینن ئەم جۆرە ڕۆنانە لەکوردیدا خاوەندی ئەم جۆرە تەم مژەن کەلە زمانەوانیدا بە (تەمومژی ڕێڕەو)[1] ناودەبرێت ئەمەش بریتییە لە تەمومژێکی زۆر کاتی و کەم خایەن کە ئاسایی لەبەشی یەکەمی رستەکە دا دەبینرێ بەهۆی بەشەکانیتری هەمان رستەوە روون دەبێتەوە. ئەم جۆرە تەم ومژە لەهەندێ ڕۆنانی تری کوردیدا دەبینرێ:

١- لە زمانەوانیدا بەم جۆرە تەم ومژە دەگوترێ ambiguity garden-path هەروەك بەناوەکەدا دەردەکەوێ جۆرێکە لە تەم ومژی وتاریکی کەم خایەن و کاتی کەلە کەرەسەکانی پێشەوەی رستەدا سەر هەڵ دەدا وبەرەبەرە بەشەکانی تری هەمان رستە روون دەبێتەوە بڕوانە: Leech: 1983: 67

١- ئەو پیاوە شێتە.

(تەواوکەر)

٢- ئەو پیاوە شێتە برایەتی.

لە ڕستەی یەکەم ئاوازەی ڕستەکە(لەبەرزەوەبۆ نزم) دەردەخات، کە ڕستەکە تەواوبووە گوێگر دەبێ (شێتە) بەتەواوکەر یان بە بەشێك لە گوزارە لێك بداتەوە پیاوەکە خەبەرێکی لێدراوە شێتە/ لەڕستەی دووەم دا ئەو وەستانە کورتەی بەدوای وشەی (شێتە) دا دێت گوێگر ئاگاداردەکات کەنەکەوێتە هەڵەوە واتێنەگات کە(شێتە)بەشێکە لەگوزارەو ڕستەکە تەواو بووە، بەپێچەوانەوە گوێگر دەبێ(شێتە)وەك تایبەتیەکی (پیاوەکە) لێك بداتەوەو چاوەڕوانی وشەی تر بێت، کە بە ئەرکی گوزارە هەڵبسێت و هەواڵێك دەربارەی پیاوەکە بگەیێنێ. ئەمەش بەهۆی کەرەسەی (برایەتی) دێتە دی کەواتە ئەو تەم و مژەکاتیە کەم خایەنەی لەم ڕستەیەدا هەیە لەم جۆرەیە کە لە بەشی یەکەم دادێ.

ئەو پیاوە شێتە. . . . . . .

کەرەسەکانی تری ڕستەکە دەیرەوێنێتەوە

ئەو پیاوەشێتە برایەتی.

## ٤- ڕستەی ناو دەرپەڕیو لەکوێیەوە دێن؟

ئەم جۆرە ڕستانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیە باسیان لێ دەکرێ، دەتوانین لە دوو ڕوانگەی تەواو جیاوازەوە سەیری بکرێت ودوو لێکدانەوەی جیاوازیان بدرێتێ:

١-ئەم ڕستانە دەتوانرێت لەلایەکەوە وەك ڕستەی دوینە(نیهاد)لێك بدرێتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا هەموو ئەو ڕستانەی لەکوردیدا لەبکەر وکارێکی تێنەپەڕ پێك هاتوون. (گەڵاکان وەرین) دەتوانن جارێکی تر بکرێنەوە بار(گوزارە) بۆ بنەیەکی تر یان بخرێتە ناو چوارچێوەی ڕستەیەکی گەورەترەوە وەك: دارەکە گەڵاکانی وەرین. بەمەرجێ بنەکە لەگەڵ بکەری ڕستەی بنەڕەتەکەدا پەیوەندیەکی واتاییان هەبێت (وەك پەیوەندی خۆیەتی یان گرتنەوە یان هەموو لەگەڵ بەش) ئەم ڕستانە لەم بۆچوونەوە وێنەیەکی وەك ئەمەی خوارەوەیان دەبێ.



ڕستە

بار

دارەکە      گەڵاکانی      وەرین.

بنەی(١)  بنەی(٢) بکەر بار

یەکێك لە کەموکورتیەکانی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە، کەناتوانێ ئەرکی ڕێزمانی بنەی یەکەم لێك بداتەوە ناشتوانێ هۆیەك هاتنی لەسەرەتای ڕستەوە، کە شوێنێکی یەکجار گرنگە لەڕستەداو بە هەموو کەرەسەیەك نادرێ، بدۆزێتەوە بە واتایەکی تر بۆچوونەکە ناتوانێ وەڵامی پرسیارێکی زۆر گرنگ بداتەوە، ئەگەر بنەی یەکەم لەڕووی ڕێزمانەوە ئەرکێك نابینێ، بۆچی ئەو شوێنە گرنگەی (سەرەتای ڕستە) دراوەتێ؟

٢-تێڕوانینێکی تر ئەوەیە، وای بۆ بچین کەئەم جۆرە ڕستانە لەبنەڕەتدا لەجۆرێکی تری بلاوترەوە پەسندترو سەرەکیتری کوردیەوە هاتوون یان بەهۆی یاسای گواستنەوە[1] وە وەرگیراون، کە بنەکانیان بەلای کەمەوە لەدوو کەرت پێك هاتوون کەرتەکان بەهۆی نیشانەی ئیزافەوە بەیەکەوە گرێ دراون.

(گەڵای دارەکان) وەریون.

بنە + بار

دارەکان گەڵاکانی وەریون.

باس بکەر + بار

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەدا قسەکەر لەژێر هەندێ باری دەروونیدا (بڕوانە بەشەکانی تر بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە) یەکەم جار ناوێکی گشتی دەردەپەڕێنێ(لەسەرەتاوە دەڵێ) کە دەیەوێ بیکات بە باس بۆ هەموو ئەو زانیارییەی کەبەدوایدا دێت.

دارەکە. . . . . . . . .

پیاوەکە. . . . . . . .

---

١- بەو ئاسایە دەگوترێ، کە ڕستەیەك لەشێوەیەکەوە دەگۆڕێ بۆ شێوەیەکی تر وەك یاسای ناکردن پرسیارکردن نادیاری و یاساکانی لێکدان و خوارەوە هۆی یاسای گواستنەوە لەیەکترییەوە وەردەگیرێن (لەشکرەکە قەڵاکەی گرت) (قەڵاکە گیرا) (گرتنی قەڵاکە لەلایەن لەشکرەکەوەبوو)(قەڵاکە لەشکرەکە گرتی. . . .) (بڕوانە: Allerton 154-158)

بەمە ناچار دەبێ بەسەر ئەو کەرەستانەدا بچێتەوە، کە ئامادەی کردوون بۆدەربڕین هێشتا لە مێشکی دان لە ناوخۆیاندا بە جۆرێك ڕێکیان بخاتەوە کە لەگەڵ ناوە دەرپەڕیوەکەدا بگونجێن هەر لەبەرئەمەشە جارێکی تر بەهۆی جێناوێکی لکاوەوە باس لەناوە دەرپەڕیوەکە دەکاتەوە.

دارەکە. . . . . . . دارەکە گەڵاکانی وەریوە.

چاکی ئەم بۆچوونەی دووەم لەچەند خاڵێکی گرنگدا کۆدەکەینەوە:

١-ئەرکی ناوە دەرپەڕیوەکە دیاری دەکات: ناوەکە بکەری ڕستەکە نییە، بەڵام باسێکە هەموو ڕستەکە لەبارەیەوە دەدوێ.

٢-هۆی دەربڕینی ناوەکە لێك دەداتەوە کەپەیوەندی هەیە بەو نەخشەیەوە، کە قسەکەر لەمێشکی خۆیدا بۆناردنی نامەکە ئامادەی کردووە.

٣-هۆی دانانی ئەو شوینە گرنگەی ڕستە(سەرەتای ڕستە)بۆ ناوە دەرپەڕیوەکە لێك دەداتەوە چونکە ناوە دەرپەڕیوەکە هەرچەندە ئەرکێکی ڕێزمانیشی نەبێ، بەرلەهەموو شتێکی ترە لەمێشکی قسەکەردا بەوەدا کە دەبێتە تەوەرەیەك هەموو ڕستەکە بەدەوریا دەسوڕێتەوەو لەبارەیەوە دەدوێ.

٤- بۆچوونەکە دەری دەخات کە ئیشارەت دانەوە بەناوە دەرپەڕیوەکە جارێکی تر بەهۆی جێناوی لکاوەوە لەناوڕستەکەدا لەجێ خۆیدایەتی، چونکە لەوانەیە ناوە دەرپەڕیوەکە لەبەرئەوەی ئەرکێکی ڕێزمانی نییە،لەبیر چووبێتەوەو گوێگر بکەوێتە ناو تەم ومژەوە نەتوانێ لێکی بداتەوە.

### ٥- سنووری ناو دەرپەڕاندن:

پرسیارێکی گرنگ، کە لێرەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە ئەویە زمانی کوردی ڕێگە بەچەند ناو دەدات بەدوای یەکتردا دەرپەڕن و سەرەتای ڕستە بگرن یان لەچی رادەیەکدا ناو دەرپەڕاندن ڕێگەنادرێ و ناڕێزمانی دێنێتە ئاراوە؟

بەوەدا کە ئەم جۆرە ڕستانە زۆر بڵاونین و ئاسایی لەگەڵ هەموو کارێکدا نایەن ولە هەموو زمانێکدا نابینرێن دەبێ ناو دەرپەڕاندن سنووری تەسکی هەبێت. ئەوەی شایانی سەرنجە لەم بارەوە ئەوەیە، کە لە کوردیدا ئاسایی ڕێگەی هەموو ناوێك دەدرێ دەرپەڕێ بەپێی ئەو هەل ومەرجانەی، کە لە بەشی سێیەمدا روون کراوەتەوە. ئەم نمونانەش بەڵگەی ئەم رایەن:



پیاوەکە ژنەکەی لەماڵەوە نییە. (یەك ناو)

شاژن کۆشکێکی گەورەی هەیە.

مامۆستاکە قوتابیەکانی زیرەك بوون.

کەژمارەی ناوی دەرپەڕیو لە یەکێ تێپەڕ بکات ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێ تەنیا لەو کاتانە نەبێ کە دوو ناوەکەی سەرەتای ڕستەکە پەیوەندییەکی ئاشنایەتی[1] تەواویان لەگەڵ یەکتریدا هەبێ، واتە لەوانەبن، کە یەکێکیان بەشێکی جیانەکراوە لەوی تر.

١- *مناڵەکە باوکی خانۆکەی گەورە بوو.

(١) (٢)

٢- دارەکە گەڵاکانی لێوارەکانیان رزیوە.

(١) (٢)

٣-مناڵەکە نینۆکێکی توێخێکی ڕۆیشتووە.

لێرەدا ڕێزمانی ڕستەکانی (٢و٣و٤) بەلای ئێمەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە ئاشنایەتییە پتەوەی لەنێوان دوو ناوەکەی سەرەتای ڕستەکەدا هەیە(مناڵ ونینۆك،دارو گەڵاو لێوار ژنەکەو قاچ وپەنجە)ئەم ناوانە لە یەکتری ناترازێن و جیانابنەوە بە پێچەوانەی دوو ناوەکەی ڕستەی یەکەم کە پەیوەندی نێوانیان یەکجار بەهێز نیەو لەیەکتری جیادەکرێنەوە شایەنی تێ بینییە کە هەموو ئەم ڕستانە بەڕێگەکەی تر (بەبەکارهێنانی ئامرازی ئیزافە) دەردەبڕێن

خانۆکەی باوکی مناڵەکە گەورەبوو.

لێواری گەڵاکانی دارەکە رزیون.

توێخێکی نینۆکی مناڵەکە ڕۆیشتووە.

پەنجەی قاچی ژنەکە پەڕیوە.

ئەمەش جارێکی تر دەری دەخات کە ئەم جۆرە ڕستانە پەسندترن لەزمانەکەداو بەرەڵاترنییەبەپێچەوانەی ڕستەی ناو دەرپەڕیووەکە بۆ هەموو کاتێ دەست نادات.

دەبێ لێرەدا ئاگاداری ئەوەبین، کە ناو دەرپەڕاندن پەیوەندی بەپاش پێش خستنی ئاوڵکارەوە نابێت. چونکە

١- بڕوانە: خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا.

ئاوڵکار نابێت بە باس بۆ رستەی. ئاوڵکاری ئاسایی لە زۆر شوێنی رستەدا دەبینرێ بێ ئەوەی کاربکاتە سەر دەرپەڕاندنی ناو دروست کردنی (باس) هەروەك لەم رستانەدا دەبینین:

شاژن لەناوەڕاستی شارەکەدا کۆشکێکی هەبوو.

شاژن کۆشکەکەی لەناوەڕاستی شاردا بوو.

دارەکە دوێنێ ئێوارە گەڵاکانی وەرین.

دوێنێ ئێوارە دارەکە گەڵاکانی وەری.

دارەکە گەڵاکانی دوێنێ ئێوارە وەری.

چاکترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە ئاوڵکار نابێت بە باس ئەوەیە کە ئەمانە جێناوێك لە رستە بنەڕەتەکە جێ ناهێڵن کە بۆیان بگەڕێتەوە:

شاژن لەناوەڕاستی شارەکەدا کۆشکێکی هەبوو.

## ٦- چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە:

بۆ دەرخستنی چۆنیەتی پیکهاتن و بەکارهێنان ودەوری ئەم رۆنانە پێوستمانبەوە دەبێ، کە لێکۆڵینەوەکە بخەینە ناو چوارچێوەی یەکێك لەو بۆجوونانەی کە گرنگی بە لایەنی پراگماتیك[١] لە زماندا دەدەن. لێرەدا بۆجوونەکەی سایمۆن دیك پەسەند دەکەین کە چوار ئاستی زمان دیاری دەکات[٢] لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونەدا رستە لە ئاستی واتادا بریتی دەبێ لە فرێزێکی کاری و چەند ناوێك هەندێ لەم ناوانە(فرێزە ناوییانە) پێویستە هەبن و (ڕستە بەبێ ئەمانە دروست نابێ)هەندێکی تر دەتوانن هەبن یان نەبن(لاوەکین) بە پێی پەیوەندی نێوان

١- لێرەدا دەبێ واتاسازی پڕاگماتیك جیابکرێتەوە: پڕاگماتیك بریتیە لە لێکدانەوەی گوتن لەڕوانگەی قسەکەر وگوێگر وباری گوتنەکەوە (واتە پەیوەندیکی سێ لایەنەیە) بەڵام واتاسازی بریتییە لە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان وشە و دونیای دەرەوە بێ گوێ دانە باری گوتن و هەڵوێستی قسەکەر و گویگر بۆ نمونە لە شیکردنەوەی رستەیەکی وەك:

پیاوەکە بۆ لە کوڕەکەی دا؟ لەئاستی واتاسازیدا تەنیا بایەخ بە واتای پیاو وکوڕەکە ولێدان دەدرێ، بەڵام لە ئاستی پڕاگماتیکدا ئەو شتانەش لێك دەدرێتەوە کە قسەکەر بەئاشکرا دەرینەبڕیوە، بەڵام بەزانراوی داناوە وەك ئەو پیاوە ژنی هەیەو کوڕەکەی لە ژنەکەیەتی وکردەی لێدانەکە رووی داوە جێگەی گومان نییە.

٢- بڕوانە: Dick. 1978. 13



کار و ئەو ناوانەی لەگەڵێدا سوودمەندو کات و شوێن و بۆنەو سەرچاوە و رێڕەو[١] هەرچەندە ژمارە و چەشنی ناوەکان دیاردەیەکە لە سەراپای زمانەکانی جیهاندا دەبینرێ، کاری رستە ژمارەو جۆری ئەو ناوانەی لەگەڵێدا دێن و دیاری دەکات بۆ نمونە کارێکی وەك (شکاندن) لەگەڵ (کارا) و (کارلێکراو)دا دێ:

شکاندن: (کارا)(کارلێکراو) کارا وکارلێکراو کەمترین کەرەسەن کە دەبێ لەگەڵ (شکاندن)دا هەبن جگە لەمانە کارەکە دەتوانێ لەگەڵ ناوی تریش دا بێت وەك سوودمەند کات و شوێن و ئامێر بەڵام ئەمانە پێویست نین، واتە دەتوانین لایان بەرین وەك لەم رستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

(منداڵەکە) (دوێنێ بەیانی) (بەبەرد) (پەنجەرەکەی) (ماڵەوەی) شکاند

کارا کات ئامێر کارلێکراو شوێن کار

بەڵام کارێکی وەك (شکا) تەنیا پێویستی بە کارلێکراوەو هەموو کەرەسەیەکی تری وەك کات و ئامێر بە زیاد دەژمێرین:

پەنجەرەکە شکا

دوێنێ پەنجەرەکە شکا

پەنجەرەکە بەبەرد شکا

کەواتە لە ئاستی واتادا ئەوەی لەشیکردنەوەی رستەدا گرنگە دیاری کردنی کاروئەرکی واتای ئەو فرێزە ناوییانە کە لە گەڵێدا دێن.

لەئاسنی رستە سازیدا ئەرکی سینتاکسی فرێزەناوییەکان روون دەکرێتەوە/واتابۆ ئەوەی لە کەرەسەکانی ئاستی واتا بگەین،پێویستمان بەوە دەبێ بزانین کام لەوفرێزە ناوییانەی کە لەگەڵ کارەکەدا دێن ئەرکی بکەر دەبینن و کامیان بەئەرکی بەرکار هەڵدەستێ. هەڵبژاردنی بکەر بەپێ ی یاسایەك دەبێ کە تاڕادەیەك لەسەر تاپای زمانە سروشتی یەکاندا وەك یەکە ئەم یاسایە بە پێ ی پلە(تدرج)وەك ئەمەی خوارەوە کار دەکات.[٢]

کارا/کارلێکراو/ئامێر/کات/شوێن

١- جیاکردنەوەو دیاریکردنی ئەرکی واتایی فرێزە ناوییەکانی ناو رستە بۆ یەکەم جار لەڕێزمانی دۆخدا سەری هەڵداو فیلمۆڕ(١٩٦٨: ٢٤) هەندێ لەمانە دەناسێنێ.

٢- ئەم ئەرکانە لەم رستانەی خولەوەدا دەردەکەون: دارا(کارا) دەرگاکەی (کارتێکراو) کردەوە.

بەپێی ئەم یاسایەی سەرەوە چالاکترین و گونجاوترین فرێزی ناوی، کە بە کەڵکی ئەوە بێت ئەرکی بکەر ببینێت، کارای رستەکەیە بەدوای ئەمیشدا ئەگەر خۆی لەگەڵ کارەکەدا نەبووە ئەوا کارلێکراو هەڵدەبژێرێ ئەگەر ئەم دووانەش دەست نەکەوتن،ئەو ئامێرە دەبێ بە بکەری رستە. خۆ ئەگەر ئەمانەش چنگ نەکەوتن، دەبێ پەنا ببرێتە بەر کات وشوێن وەك بەم رستانەدا دەردەکەوێ:

(مناڵەکە) پەنجەرەکەی شکاند.

کارا(بکەر).

بەردەکە پەنجەرەکەی شکاند.

(ئامێر) (بکەر)

پەنجەرەکە شکا.

(کارلێکراو)(کار)

کارلێکراویش چالاکترین کەرەسەیە، کەبتوانێ ئەرکی بەرکار ببینێ دوای هەڵبژاردنی بکەر وبەرکار هەموو فرێزەناوییەکانی تر دەبنە سەربار کەیەکێك لەنیشانەکانی بوونی بەرناوێکە لەپێشەوە لەئاستی سەرەودا.

مناڵەکە (بە بەرد) پەنجەرەکەی شکاند.

کارا بکەر ئامێر سەربار کارلێکراو-بەرکار

مناڵەکە دەرگاکەی بۆمان شکاند

کارا بکەر(کارلێکراو بەرکار)سوودمەند(سەربار)

لەئاستی سێەمدا کەبە ئاستی پراگماتیك ناو دەبرێ کەرەسەکانی رستە بەپێی گرنگی وناگرنگیان لەلای قسەکەر و کۆن ونوێیان گوێگر جارێکی تر سەرلەنوێ رێك دەخرێنەوە جیاکردنەوەو دیاری کردنی دانەکانی ئەم ئاستە پەیوەندی بە دەوروبەری قسەوە هەیە. بۆ نموونە کورتە وەڵامێکی وەك:

بەمناڵەکە

کەلە (من کتێبەکەم دا بەمناڵەکە)ەوە بەم پێیە رێك دەخرێ لە کاتێکدا کەلە وەڵامی پرسیارێکی وەك:تۆ کتێبەکەت دا بەکێ؟دا هاتبێت:

من کتێبەکەم دا بە مناڵەکە.

کۆن نوێ

زانراو نەزانراو



شایانی تێبینیە کە لە زۆر زماندا کەرەسەی کۆن یان زانراو لە پێش نوێیەوە دەدرێ و ئاسایی دەبێ ناسراویش بێت.

شتێکی ئاساییە کە قسەکەر هەوڵی ئەوەبدات مەبەستەکەی ئاسان وکورت بێت و هەر ئەوەندە زانیاری بدات بەدەستەوە کە گوێگر بتوانێ لێیتێ بگات و کات و وزەی خۆی بە فیڕۆنادات وشتی ناپێویست نەڵێ. ئەمەش بەوە ئەنجام دەدرێ، کە نەك هەر نامەکەی کورت بێ بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتیش کەرەسەکان رێك بخات، دیسان ئەوەی یارمەتی گوێگر دەدات لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی مەبەستی قسەکەردا ئەوەیە، کە رستەیەك لە یەك زانیاری نوێ زیاتری تێدانەبێت واتە تا رستەیەك تاکە زانیارییەکی نوێ تێدابێت لای گوێگر پەسەندترە، چونکە بۆ شیکردنەوەو تێ گەیشتن ئاسانتر دەبێ لەبەر تیشکی ئەم راستیە واپێشبینی دەکرێ کە بڵاوترین رستە لە زماندا لە ئاستی پراگماتیکدا لە یەك کەرەسەی نوێ و چەند کەرەسەیەکی زانراو پێك هاتبێت وەك وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١-کەی گەیشتی؟(من)بەیانی(گەیشتم)

٢- کێ هات بەدەنگتەوە؟ هەژان(هات بە دەنگمەوە).

هەرچەندە هەندێ جاری وا رێدەکەوێ کە رستەیەك زیاتر لەیەك کەرەسەی نوێ تێدابێت تا ژمارەی کەرەسەی نوێ زیاتر بێت لە رستەکەدا بۆ تێ گەیشتن لەسەر گوێگر گرانتر رادەوەستێ، هەرچەندە رستە هەیە کە هەموو کەرەسەکانی نوێن. بەڵام رستە وا ئاسایی نین. بۆنموونە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە سەر زاری هەموو کەرەسەکانی لە نوێ دەچن، بەڵام بۆئەوەی گوێگر بە تەواوی لە مەبەستی قسەکەر تێ بگات دەبێ(شاوێس) بناسێ،کەواتە ئەمە کەرەسەیەکی کۆنە!

- بیستت؟

- چی؟

- شاوێس ژنی هێنا.

دیسان هەرچەندە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە لەوە دەچێ هەموو کەرەسەکانی کۆن یان زانراوبن، بەڵام راستیەکی نوێ دەدات بەدەستەوە کە دیارە یەکەم جارە دەکەوێتە روو لەبەر ئەوە کەرەسەی(من) دەبێ زانیارییەکی نوێ بێت!

- ئەزانی باوکم براکەی خۆی زۆر خۆش دەویست.

- (باوکت) منیشی (خۆش دەوێت)

زانراو نوێ زانراو

باس خالّی دەست پێکردنە لای قسەکەر یان ئەو سنگەیە کە هەموو پاشماوەی رستەکەی پێدا هەلّدەواسرێ لەبەر ئەوە باس ئاسایی دەبێ زانراوبێت. دیسان ئاسایشە لەسەرەتای رستەوە بێت، چونکە بۆ لێکدانەوە وا ئاسانترە لە کۆنەوە بچین بۆنوێ نەك بەپێچەوانەوە. لای هەندێ زمانەوان زانراو ئەو کەرەسەیە کە قسەکەر لەبارەیەوە دەدوێ و باس ئەوەیە گوێگر باسی لێ دەکات.[1] زۆربەی کات لە قسە کردندا باس و زانراو هەر یەك شتن یان لەیەك کەرەسەدا کۆبونەتەوە، بەلاّم جیاوازی نێوان باس و زانراوە ئەوکاتانە هەستی پێدەکرێ کە لەدوو شت یان دوو کەرەسەی جیاوازی رستەیەکدا کۆببنەوە ئاسایی کەرتی یەکەمی رستە یان سەرەتا ئەو کەرەسەیە کە زانراوە باسە و بکەری رستەکەیە لەیەك کاتدا. وەك لە وەلاّمی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبینرێ:

منالّەکە لەکوێیە؟ (منالّەکە) لە دەرەوەیە

زانراو باس خواس

بکەری رستە

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە زانراو و باس کاتێ لەدوو کەرەسەی جیاوازی رستەیەکدا دەبینرێن کە هۆکاری وا هەبێت پێوست بەجیاکردنەوەیان بکات ئەمەش ئاسایی لەسێ باردا دێتە کایەوە:

١- لەو بارانەدا کەهەموو کەرەسەکانی رستەیەك نوێن یان زانیاری نوێ بگەیەنن!

چییە؟چی روویداوە؟

(ئەو منالّە ون نەبووە)

باس (نەزانراو)

٢- لەوبارانەدا کە تیایاندا باس نوێیە و خواس زانراوە ئەم جۆرە رستانە لە چاو رستەی تردا لەژمارەدا کەمترن وناائاسایین:

هەژان(هات بەدەنگمەوە)

باس (نەزانراو)خواس(کۆن)

٣-لەو بارانەدا کە هەموو کەرەسەکانی رستەکە زانراو یان کۆن بن

- پیاوێك بەدواتا دەگەڕا دەیویست خانۆکەت لێ بکڕێ.

١- بڕوانە: Haliday,1976,29-30



- لێ ی کڕیم (ئەو خانۆکەی لێ کڕیم).

(باس و خواس وزانراو)

شایانی سەرنجە کەلە هەرسێ بارەکەدا، بکەری رستەکە بەر لە هەموو شتێکی ترە لە مێشکی قسەکەرداو ئەمەش پەیوەندی بە بەهایەوە نییە لە رووی ئەو زانیاریەوە، کە دەیگەیەنێ چونکە هەر وەك لەباری دووەم دا تەواو ئاشکرایە، بکەر زانیارییەکی نوێ پێیە کەواتە بکەری رستە مەرج نییە هەر زانیاری کۆنی پێبێت، هەرچەند زۆربەی کات وایە. دیسان خواسیش مەرج نییە هەر هەوالّی نوێ بگەیەنێ، هەرچەندە هەلّکەوتی واش بێت.

لێرەدا چەند پرسیارێکی گرنگ رووبەڕوومان دەبێتەوە!بۆچی قسەکەر یان گوێگر پێویستی بە سنگێك بێت بەشەکانی تری رستەی پێدا هەلّواسێ؟ بۆچی رستە دەبێ (باس)ی هەبێت؟ بۆچی ئەو باسە ئاسایی یان بەزۆری بکەری رستە دەبێت؟ بۆ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستمان بەوە دەبێ زۆر بەدرێژی لە وەلاّمی پرسیارێکی وەك ئەمەی خوارەوە بکۆلّیتەوە کە گوێگر دەتوانێ بەچەند رێگەیەکی تەواو جیاواز بیداتەوە:

ئەنجامی شەڕەکە چی بوو؟

- دوژمن شکا.
- دوژمن شکێنرا.
- دوژمن بەزی

(ئێمە)دوژمنمان بەزاند.

(ئێمە)دوژمنمان راونا.

(ئێمە)دوژمنمان بەزاند.

(ئێمە)بەسەر دوژمندا سەرکەوتین.

(ئێمە بەسەر دوژمندا زالّ بووین.

دوژمن ژێرکەوت.

(ئێمە) سەرکەوتین.

ئاشکرایە، کە هەموو ئەو رستانە سەرەوە دەشێ ببنە وەلاّم بۆ پرسیارەکە ولە هەمووشیاندا دراو ئەوەیە کە شەڕێ رووی داوە لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا و شەڕکە دوولایەنی هەبووە (ئێمەو دوژمن) هەموو رستەکان هەمان زانیاری دەگەیەنن. تاکە جیاوازی نێوان وەلاّمەکان لە رێکخستنی نامەکە یان مەبەستەکەدایە پەسەندکردنی یەکێك لەم وەلاّمانە

بەسەر ئەوانی تردا یاهەڵبژاردنی یەکێکیان و واز لەوانیتر هێنان پەیوەندی بەهۆکاری زمانی و دەروونی قسەکەرەوە هەیە،بەتایبەتی بەکێشەی ئەو نەخشەیەی کە قسەکەر لە مێشکیدا بۆ وەڵامێکی گونجاوی ساز دەکات. بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکە قسەکەر بەر لە هەمووشتێك دەبێ کارێك هەڵبژێرێ کارەکە دەبێ بواری واتای(سەر کەوتن و ژێرکەوتن)بێت لەزمانی کوردیدا کاری وەك (شکا، شکاند، سەرکەوت، ژێرکەوت، بەزی، تەزاند، زاڵ بوون. . . هتد) دەگرێتەوە هەڵبژاردنی هەریەکێ لەم کارانە کۆمەڵێ مەرج لەئاستی واتادا بەسەر قسەکەردا دەسەپێنێ بۆ نموونە کاری (شکاند) دوو لایەنی دەوێ (سەر کەوتوو و ژێرکەو توو)، بەڵام کاری (شکا) هەر لەگەڵ (ژێرکەوتوو)دا دێت بەم جۆرەی خوارەوە:

شکا: ژێر کەوتوو

شکاند: سەرکەوتوو+ ژێرکەوتوو

بەزی: ژێرکەوتوو

بەزاند: سەرکەوتوو+ ژێر کەوتوو

راونا: سەرکەوتوو + ژێرکەوتوو

سەرکەوت: سەرکەوتوو+ ژێرکەوتوو

زاڵ بوو: سەرکەوتوو + ژێرکەوتوو

ژێرکەوت: ژێرکەوتوو

سەرکەوت: سەرکەوتوو + ژێرکەوتوو

لەهەڵبژاردنی کارەکەدا قسەکەر دەبێ دوو هۆکار بەر چاو بگرێ:

١- بایەخ وبەهای واتایی کارەکەو ئەو روانگەیەی کە لێوەی سەیری کارەکەی دەکات، واتە پێشەکی دەبێ بزانێ لە روانگەی ژێرکەوتوویان سەرکەوتووەو دەیەوێ سەیری رووداوەکە بکات، چونکە هەڵبژارنی(بەزین) بۆ نموونە، ئەوەی بەسەر دەسەپێنێ کە لەروانگەی ژێرکەوتووەو لەکارەکە بدوێ دەسەپێنێ، کە لە روانگەی ژێرکەوتووەو لە کارەکە بدوێ، بەڵام هەڵبژاردنی (ژێرکەوتن) وای لێدەکات هەر لە روانگەی (ژێرکەوتوو)ەوە باس لەرووداوەکە بکات وەك بەرێزمانی ئەم رستانەدا دەردەکەوێ:

دوژمن بەزی

*ئێمە دوژمن بەزی



ئێمە سەرکەوتین

د وژمن ژێرکەوت

٢-ئەو لایەنانەی کە قسەکەر دەیەوێ بەژداریان بکات لە رووداوەکەدا. لێرەدا دەبێ بڕیار بدات چەند کەسی دەوێ بەژداری لەکارەکەدا بکەن، سەرکەوتوو و براوە یان هەر براوە یان دۆڕاو یان هەر جەنگەکە خۆی بۆ نموونە لە(بەزاند)دەبێ هەردوو لایەنەکە باس بکرێ، لەگەڵ (بەزی)دا هەر دۆڕاو ناوی دەبرێ و لەگەڵ(سەرکەوت) و ناو هێنانی دۆڕاو بەئارەزووی قسەکەرە، واتە دەتوانێ ناوی بێنێ یان نەیهێنێ لەگەڵ (دۆڕاو)دا هەر شەڕەکە باسی لێدەکرێ.

ئێمە دوژمنمان بەزاند.

(براوە) (دۆڕاو)

*ئێمە بەزاند.

(براوە)

دوژمن بەزی.

(دۆڕاو)

ئێمە سەرکەوتین.

(براوە)

ئێمە بەسەر دوژمندا سەرکەوتین.

(براوە) (دۆڕاو)

ئێمە شەڕەکەمان دۆڕان.

شەڕەکە دۆڕا.

بەم پێیە لەبەر تیشکی ئەم دوو هۆکارەدا قسەکەر لە ئاستی واتادا کارەکە هەڵدەبژێرێ و ئەمیش هاوبەشەکانی خۆی (کارا،کارتێکراو. . .) دیارە لە رووداوەکەدا دیاری دەکات لەئاستی دووەمدا ئاستیسازی قسەکەر بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کام لەم دەیراوانە هەڵبژێرێ لەم بڕیارەش هەندێ جار هەڵکەوت یان سروشتی کارەکە دەیسەپێنێ بۆنموونە کاری ژێرکەوت هەر لەگەڵ(دۆڕاو)دا دێ ئەمەش بەناجاری دەبێتە بکەری رستە.

دوژمن ژێرکەوت.

*ئێمە دوژمن ژێرکەوت.

لەگەڵ هەندێ کاری تردا قسەکەر ئازادییەکی زیاتری هەیە بۆ نمونە لەگەڵ (زاڵ بوو) قسەکەر دەبێ(براو) بکاتە بکەر بەڵام دەتوانێ بە ئارەزوو ناوی دۆڕاو بەرێ یان نەیبات:

ئێمە زاڵ بووین.

ئێمە بەسەریاندا زاڵ بووین.

کەواتە ئاستی یەکەم و دووەمییە ئاستی واتایی و رستەسازی پەیوەندیەکی زۆریان بە یەکترەوە هەیە، چونکە لە هەڵبژاردنی کارەکە و هاوبەشەکانیدا  قسەکەر دەبێ بیرێکی بەلای بکەرو بەرکاریشەوە هەبێ لەئاستی سێیەمدا قسەکەر بە پێ باس و خواس نامەکەی رێك دەخاتەوە. لەمەدا هەندێجار پێویستی بەوە دەبێ شوێنی کەرەسەکان بگۆڕێ، بەڵام هەر وەك پێشتر روون کرایەوە، زۆربەی کات هەر بکەر خۆی دەبێتە باسی رستەو قسەکەر ناچارنابێ کەرەسەکان دابەش بکاتەوە:

ئاستی واتا:  (دوژمن)    شکا.

کارتێکراو    کار

ئاستی رستەسازی: دوژمن   شکا.

بکەر +کار

ئاستی پراگماتیکی: دوژمن  شکا.

باس   خواس

بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێ کاری قسەکەر وا رێك وپێك بڕوات و باس و بکەر هەردووکیان لە یە کەرەسەی رستەدا دەرکەون چونکە هەموو کاتێ قسەکەر لەبارێکی دەروونی ئاساییدا نابێ کەبە ئاسانی و بە خێرایی بیر لە پێشەکی و هەڵبژاردنی کارەکە و هاوبەشەکانی بکاتەوە ئاوڕێکیش لە چەمکی بکەر وبەرکار بداتەوە. لە هەمان کاتی واتا ئاساییدا زۆر جار قسەکەر لە نەخشەیەکدا سەرکەوتوونیە لە پەلەپەلیدا رستەکەی بەناوێکی دەرپەڕیو (پاڵ پشت) یان (باس) دەکاتەوە و لە دوایدا هەوڵ دەدات ئەم ناوە دەرپەڕیووە لە گەڵ کەرەسەکانی تری رستەکەدا بگونجێن. ئەم ناوە دەرپەڕیوە باسە و دەبێ بە سنگێ بۆ هەڵواسینی کەرەسەکانی تری رستەکە یان  دەبێتە پاڵپشت کەرتەکە نییە. واتە ئەرکی بکەر دەخرێتە ئەستۆی کەرەسەیەکی تری رستەکە و بەم جۆرە باس وبکەر لەیەك کەرەسەی رستەکەدا کۆنابنەوە. کەواتە باس لەم بۆچوونەوە ئەو ناوە دەرپەڕیووەیە کە بکەر نیە و یەکەم کەرەسەیە بەر لە هەموو کەرەسەکانی تر بە بیری قسەکەر دادێت و لەدەمی دەچێتە دەرێ و سەرەتایی رستە



دەگرێ. بەم جۆرە باس پەیوەندی بەو نەخشەیەو هەیە کە قسەکەر لەمێشکیدا بۆ دەربڕینی مەبەستەکە سازی دەکات وئەو ناوە دەرپەڕیووەیە کە یەکەمجار بەر لە هەموو کەرەسەکی تری رستە ئامادەدەکرێ بۆ ناردن وەك لەم جۆرە رستانەی خوارەوەدا دەبینرێ:

سلێمانی. . تیپەکەی نابەزێ.

شارەکە. . شەقامەکانی تەسکن.

چیاکە لووتکەکەی سپی دەچێتەوە.

ژنەکە لێوەکانی زەرد هەڵگەڕان.

| | |
|---|---|
| باس | کار |
| تەواوکەر بکەر | کار |
| زانراو | خۆی |

## ٧- کاکڵەی لێکۆڵینەوەکە:

١- هەموو ئەو فرێزە ناویانەی لەو جۆرە رستانەدا دەبینرێت، کە لێرەدا دراونەتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە بە (باس) ناو دەبرێن، کە ئاسایی بریتیە لە ناوێکی ناسیاوی دەرپەڕیو، کە بۆتە سنگێ هەموو کەرتەکانی تری رستەکەی پێدا هەڵواسراوە یان پشتێکە پاشماوەی رستەکەی دراوەتە پاڵ. باس لەم جۆرە رستانەدا ئەرکی بکەر نابینێ لەبەر ئەوە دەتوانرێ وەك بکەرێکی سست یان ناچالاك یان (کەوتوو) سەیر بکرێ.

٢- لە تێڕوانینی لێکۆڵینەوەکەوە سەر هەڵدانی باس لەم جۆرە رستانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانەی لەو نەخشەیەدا دێتە دی کە قسەکەر لە مێشکی خۆیدا بۆ گوتنەکەی سازدەکات ئەم گۆڕانەکە هەندی جار وەك هەڵەیەکی زمان[١] دێتە بەر گوێ لەژێر کاری چەند

---

١- لەبەر ئەوی زاراوەی زمان زاراوەیەکی لێڵەو چەندین واتای جیاواز وەردەگرێ زمانەوانەکان لەکۆنەوە ویستوویانە واتا جۆربەجۆرەکان لە یەکتری جیابکەنەوە چۆمسکی دووان لەمانە جیادەکاتەوە: توانست، کە بریتییە لەو یاسا زمانیانەی کە لە مێشکی قسەکەردا هەڵگیراون، چالاکی کە توانایەکی دینامیکی کەسی یە کە کات و شوێن وباری قسەکردن و باری دەروونی فیسیۆلۆجی مرۆڤ کاری تێ دەکات. هەمیشە ئەم دوو لایەنە وەك یەك نین وهەمیشە توانست لەچالاکی بالاترە و توانست دروست نەبێ چالاکی نایەتە کایەوە.

هۆیەکی دەروونیدا لـەکاتی قـسەکردندا ئـەنجام دەدرێ بـەم پێیـە بـاس بکـەرێکی کاتییـە لەدەرەوەی ئەو نەخشەیەوە دێ بەڵام لەبەر جەند هۆیەکی فەرهـەنگی رستەسـازی لەبکـەری دەکەوێ و بە کەڵکی ئەوەنایەت ئەو ئەرکـە بگرێتـە ئەسـتۆ. لـەکاتی تـرداو لـەو بارانـەدا کەنەخشەکە تووشی گیروگرفت نابێت ئەوا بـاس و بکـەر لەیـەك فرێـزی ناویـدا کۆدەبنـەوە زۆربەی رستەکانی زمان لەم جۆرەی دوایین.

**٣-** ئاوڵگوزارە ئاسایی دەتوانێت لەسەرەتای رستەوە بێن، بەڵام هاتنیان لـەم شـوێنە ئـەو هەقەیان ناداتێ ببنە باس

١- جونکە: ١-فرێزی ناوی نین.

٢-ناسیار نین.

٣-بەشێکی نەپچڕاو نین لەڕستەکەو بەئاسانی فڕێ دەدرێن.

٤- هیج پاشماوەیەك(اثر)لەڕستەکەدا بەجێ ناهێڵن.

٤- باس وخواس دانەی ئاستی (پڕاگماتیکی) زمانن و پەیوەندییان لەگەڵ توانست دا نییـە چونکە بەندن بە چالاکی گوتنەوە لەژێر کاری باری دەروونی قسەکەردا پەیدادەبن.

# سەرچاوەکان

1- Allerton,D. J(1978) The notion of givenness and its relation to presupposition and theme Lingua,44,133-158 .

2- Danes,F,(1960) sentence intontion from a functional point of view,word, 16,34-54

3- Dick,S. (1978) Functonal Grammar, North Holland; Nether land .

4- Fillmore,C. (1988) The case of case. Universal in Linguistic theory, in E Back, R, T. Harms (eds) Universais in Linguistic thory,1-90 Hoit Newyork .

5- Haliday,(1976) Haliday and function in Language (ed)G. R. kress, Oxford Unviersity Press;London .

6- Kirkwood, H. W. (1970) some systemic means of functional sentence Perspective in English and Grrman, IRAL,vol viii-2 103-114

7- Leech,G. N. (1983) Principies of Pragmatice,Longman ;Longman

-٨Sampson, G. (1980) schools of Lingustc, Hatchinsoon ; London .

* ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٢٨ لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە.

# زمانی نەتەوایەتی. چەند سەرنجێك

## ١- پێناسە:

زمانی نەتەوایەتی ئەو زارە یان زمانەیە کە لە سنووری ولآتێکدا بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی سێ ئەرکە گەورەکەی زمان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا. مەبەست لەبوارەکان قوتابخانەو دادگاو شەقام ومالّ مزگەوت و دائیرەکانە، سێ مەبەستە گەورەکەش بریتیە لە:

١- بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری وپەروەردەیی وتەندروستی و کۆمەلآیەتی (ئامانجی ئیداری)

٢-گەشەپێکردنی کەلتووری هاوبەش کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.

٣-پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و هەستی هاولآتیەتی بۆگرێدانی خەلّ بەیەکترەوە (ئامانجی دوو و سێ ئامانجی نەتەوەین)

## ٢- تایبەتییەکانی زمانی نەتەوایەتی:

هەموو زارێکی ناوچەیی توانای ئەوەی نییە ببێت بەزمانێکی نەتەوایەتی، تا بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕنەبێت و هەندێ تایبەتی پەیدا نەکات کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- هەڵبژاردن:زمانی نەتەوایەتی دەبێ هەڵبژێردراو بێت. ئەو زمانەی هەڵدەبژێرێت لە وانەیە زارێکی ناوچەیی بێت،یان زمانێکی هاوردە(مستورد)بێت یان تێکەڵە بێت لە چەند زارێك. مەرجیش نییە ولآتێك تەنیا تاکە زمانێکی نەتەوایەتی هەبێت. (١)هەڵبژاردن بە بڕیاری گەورەترین دەسەلآتی رمیاری ولآتەکە دەبێت.

٢-تۆمارکردن: بەرلەوەی زمان یان زار بکرێت بە زمانی نەتەوایەتی دەبێ رێزمانەکەی بە رێگایەکی بابەتی لێکۆلّرابێتەوە وفەرهەنگێکی سەراپای بۆ دانرابێت وناوبەناویش لیستێك زاراوەی فەلسەفی و مێژووی و زانستی و پەروەردەیی و دەروونی و. . . بۆ سازبدرێ. بەبێ فەرهەنگۆکێکی گەورەو چەند فەرهەنگۆگێك زمانەکە ناتوانرێ زانستەکانی پێ تۆماربکرێت.



بوونی رێزمانێکی بابەتی وفەرهەنگ وشە و رستەی راست و ناڕاست لە زمانەکەدا لەیەکتری جیادەکاتەوە و بەبێ ئەم جیاکردنەوەیە زمانی نەتەوایەتی فێری کەس ناکرێت.

٣- بوار فراوان کردن: زمانی نەتەوایەتی دەبێ بوار فراوان بێت، واتە دەبێ هەموو بوارەکانی ژیانی بۆ والآ کرابێتەوە تامالّ و مزگەوت و دادگا و قوتابخانە و فەرمانگاندا بەکاربێت نەك هەر لەدەزگاکانی راگەیاندندا.

٤- ڕەزامەندی: زمانی نەتەوایەتی دەبێ بەڕەزامەندی هەمووخەڵکی ولآتەکە نەك هەر تەنیا ئەوانەی قسەی پێ دەکەن بێت بەزمانی هەموو خەڵکی. هەرکاتێ زمانێك ئەم رەزامەندییەی پێبەخشرا، ئەوساکە دبێتە هۆکارێك بۆ گرێدان و کۆکردنەوەی خەڵکی. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر زمانێك بێ رەزامەندی هەموو خەڵکەکە بکرێت بەزمانی نەتەوایەتی ئەوا مەترسی کەرت بوونی ولآت دێنمێتە ئاراوە چونکە هەر زمانێك هەڵبژێرێت بەزمانی نەتەوایەتی پلەو پایەیەکی کۆمەلآیەتی دەدرێتێ وئەوانەی قسەشی پێدەکەن هەمان پلە و پایە وەردەگرن، لەبەر ئەوە بڕیاری هەڵبژاردن دەبێ زۆر ژیرانە بێت و چەندین هۆکار بە بەرچاوەوە بگرێت.

٥- جێبەجێ کردن: لەدوای ئامادەکردنی ئەو بارە بابەتییانەی سەرەوە هەموویان دەسەلآتی رامیاری ولآت دەتوانێ بڕیارەکەی بەشێوەیەکی رەسمی پیادە بکات لەڕێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە، واتە ئەم دەزگایانە (گۆڤار و رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن. . . هتد)دەبێ پێشەنگ بن لەپیادەکردنی بڕیارەکەدا.

## ٣- سەرهەڵدانی بیرۆچکەی زمانی نەتەوایەتی:

بیرۆچکەی زمانی نەتەوایەتی بۆ یەکەمجار لە ئەوروپا لەسەدەی شانزەدا سەری هەڵدا. پێش ئەوە زمانی لاتینی بالّی بەسەر هەموو کیشوەرەکەدا کێشابوو زمانە ناوچەییەکانی تر وەك فەڕەنسی و ئەڵمانی ئیتالّی ئینگلیزی بە چاوێکی نزمەوە سەیردەکران و بەزمانی ناشارستانی دادەنران،هەرچەندە ئەمانە شێوەی قسەکردن بوون لە ناوچە جیاجیاکاندا لەسەرەتای سەدەی چواردەشەوە شیعریان لە هەندێ ناوچەشدا پێ دەنوسرا، بۆنوونە (دانتێ) لەسەرەتای سەدەی چواردەوە شیعریان بە ئیتالّی(شێوەی فلۆرەنسا) دەنووسی (چۆسەر) لەکۆتایی ئەو سەدەیە بە ئینگلیزی (زاری لەندەن) شیعریان دادەنا. ئەم دوو شاعیرە بەرزە دەورێکی گەورەیان بینی لەهەڵبژاردنی زارە فلۆرەنساو لەندەن بە زاری نەتەوایەتی، بەلآم وەنەبێت ئەمانە زمانی ئیتالّی

و ئینگلیزیان داهێنابێت، تەنانەت کە ئەوانیش بەدوو زار شیعریان دادەنا لەبەرئەوە بوو، کە ئەم زارانە خۆیان لە مەڵبەندێکی رۆشنبیری و دەستەڵاتی سیاسی دا بەکاردەهاتن زمانی فەڕەنسی لە١٥٣٩ز دا بەبڕیارێکی رەسمی شوێنی لاتینی لە دادگاکانی فەڕەنسادا گرتەوە و وردەوردە لە بوارەکانی تریشدا بەکاردەهێنرا تابوو بە زمانێکی نەتەوایەتی. ئەڵمانی (زاری ساکسۆنیا) لە١٥٤٠ بەدوای بڵاوبوونەوەی بنەماکانی (لۆسەر)دا جێگەی لاتینی گرتەوە هەرچی ئینگلیزیە لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا پلەی زمانی نەتەوایەتی وەرگرت، هەرلەم سەدەیشدا بوو کەرێزمان وفەرهەنگی ئەم زمانانە کەوتنە بەردەست مشت و مڕێکی زۆریان لەبارەی دروستی و نادروستی وشە و رستە کەوتە نێوان رۆشنبیر و شارەزایانی زمانەوە.

شایانی گوتنە، کە یەکەم کۆڕی زمان لە١٥٨٢دا لەفلۆرەنسا دامەزراو بەدوایی دا لەساڵی١٦٣٥ کاردینالّ ریچلیو لە فەڕەنسا کۆڕێکی زمانی دروست کرد. لەسەدەی١٧و١٨دا هەوڵی دامەزراندنی کۆڕی زمان لەئینگلترە درا، بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت چونکە لەگەڵ بیروباوەڕی لیبڕاڵی سەردەمەکەدا نەدەگونجا. یەکێك لەو کەسە کۆمەڵایەتیانەی کەدژی بیرەکە بوو سامویل جونسن بوو،هەر چەندە فەرهەنگە بەناوبانگەکەی خۆی لەجێگیر کردن و چەسپاندنی وشەکانی ئینگلیزیدا. هەر ئەم تەقلیدەش چووە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و وێبستەر بەدوای دانانی فەرهەنگەکەی دا بوو بە فەرمانڕەواییەکی ناڕەسمی لەزماندا و فەرهەنگەکەش بوو بە دەستوورێك بۆ سەلماندن و ساغکردنەوەی دروستی و نادروستی.

سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

١-گەشەی سیاسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی یان وڵاتی نەتەوەیی واتەوڵاتێك کەبەزۆری یەك نەتەوە لە سنووریدا بژی

٢-داهێنانی چاپ، کە یەکێك بوو لەگرنگترین هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری وکردنەوەی قوتابخانەی گشتی وبڵابوونەوەی کتێب ورۆژنامە. زمانی نەتەوایەتی لای یۆنان و رۆمانەکان موڵکی چینێکی دەستەڵاداری کەم ژمارەبوو. بەڵام لەئەورووپای نوێ دا بوو بە موڵکی هەموو دانیشتوان بەمەش ئەو وریابوونەوەیە دروست بوو، کە دیموکراتیەتی هێنایە کایەوە.

شۆڕشی فەڕەنسی دوو دیاردەی پێچەوانە و دژبە یەکتری هێنا: لەلایەکەوە هانی وڵاتە نەتەوەییەکانی دەدا کەزمانێکی نەتەوەیی بەکاربهێنن، لەلایەکی تریشەوە هانی کەمە نەتەوەییەکانی ناو ئەو وڵاتانەی دەدا کەبەزمانی زۆرینە قایل نەبن هەوڵی رزگاری بدەن. کە



وڵاتی نوێ لەسەدەی١٩و٢٠دا دروست بوون هەریەکەیان زمانی نەتەوایەتی خۆیان هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەرکە وڵاتی خۆی لە داگیرکەرەکەی رزگاردەکرد زمانێکی نەتەوایەتی دەکرد بەسیمایەکی رزگاربوون. بۆ نموونە هەر کە یۆنان لەچنگی تورکیا رزگار بوو خەڵکەکەی یۆنانییەکی کۆنیان زیندوو کردەوە هەروەها کە نەرویج لە بەکگرتنەکەی لەگەڵ سوید و دانیمارك هاتەە دەرەوە گەشەی بەزمانی نەرویجیدا. نەخشەی ئەورووپای ئەمڕۆ دەیان زمان پیشان دەدات کە تاساڵی١٨٠٠ز ناویان لەمێژوودا نەهاتووە وەك: ئۆکرانی، سلۆڤاکی، ماسیدۆنی، ئیستوانی، کاتالانی، رۆمانشی، فارۆسی. . . هتد. نموونەی زیندووش بۆ ئەو کەمەنەتەواییانەی بە زمانی زۆرینە قایل نین لە زۆر شوێنی ئەمڕۆدا دەبینرێت وەك: فەڕەنسییەکان لەکەنەدە، فلاندەر لە بەلجیکا و دراڤیدی و بەنگالییەکان لە هیندستان.

## ٤- بۆچی کێشەی زمانی نەتەوایەتی دروست دەبێ؟

هۆی سەرەکی دروست بوونی کێشەی زمانی نەتەوایەتی لەوەدایە، کە زمانەکانی جیهان بە یەکسانی بەسەر گۆی زەویدا دابەش نەبوون. هەندێ ناوچە لەڕووی دابەشبوونی زمانەوەزۆر چڕن، هەندێکی تر تەواو تەنکن. بۆ نموونە، لە ناوچەی کالیفۆڕنیا چڕی زمان بە ئاسانی هەستی پێدەکرێ: تا هاتنی سپی پێستەکان زیاتر لە (١٠٠) زمانی هیندۆ ئەمریکی لەو ناوچەیەدا بەکار دەهات. دیسان ناوەڕاستی ئەفەریقیا ناوچەیەکی چڕە، بەڵام لە هەموو خوارووی ئەفریقیا دا یەك خێزانە زمان (بانتۆ) بەکاردێت. غینای نوێ پڕە لەزمانی هەمەجۆر، بەڵام دوورگەکانی دەوروبەری هەر لە هاواییەوە تا ئەندەنووسیا یەك خێزانە زمانیان تێدایە (ملایو-پۆلینزیا). لە ئەوروپاشدا ناوچەی قەفقاس لە زماندا دەوڵەمەندەلە کاتێکدا کە ناوچەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای هەموویان بەیەك خێزانە زمان(هیندوئەوروپی)دەدوێن کەواتە زمان وەك سامانی سروشتی بەیەکسانی دابەش نەبووە،هەر چۆن وڵاتی هەژار هەیە لە رووی سامانەوە، وڵاتی هەژاریش هەیە لەڕووی زمانەوە،بەڵام لێرەدا ئەنجامەکان پێچەوانەن،تا وڵات لەڕووی زمان و زارەوە هەژار بێت ئەوا کێشەی زمانی کەمتر دەبێت. تا دەوڵەمەند تر بێت. کێشەی زیاتر دەبێت. بەختەوەرترین وڵات لەڕووی زمانەوە ئەو وڵاتەیە کە تاکە زمان یان زارێکی هەبێت، بەڵام وڵاتی وەها زۆر بە دەگمەن دەبینرێت.

لەڕووی زمانەوەوڵاتەکانی جیهان دەبن بەسێ بەشەوە:

١- ئەو ولاّتانەی، کە زمانی نەتەوایەتییان نییە، سویسرا و بەلجیکا نموونەی ئەم جۆرە ولاّتەن و لەهەمان باردان: زمانی سویسری بلجیکی لە ئارادا نییە. هەریەکەیان زمانێك یان زیاتر لەوانەی دراوسێیەکانی بەکاردێنی: بەلجیکیەکان هۆڵەندی وفەرەنسی بەکاردێنن. سویسرییەکان ئەڵمانی وفەڕەنسی و ئیتاڵی، دەشتوانین بڵێین ئەمریکایەکانیش زمانی نەتەوایەتییان نییە هەرچەندە زۆر کەس واناڵێن ئینگلیزی ئەمەریکی بەزمان دادەنرێت، بەلاّم لەڕاستیدا ئەمریکی هەر زارێکی ئینگلیزییە.

٢- ئەو ولاّتانەی کە تەنیا زمانێکی نەتەوایەتییان هەیە. هەروەك لەپێشترەوە گوترا ولاّتی لەم وێنەیە زۆر کەمە ئەگەر هەبێت. لەو ولاّتانەی بۆ نموونە لەم بارەیەوە دێتەوە ولاّتی فەڕەنسایە، بەلاّم ئەگەر بەوردی لەنەخشەی فەڕەنسا لە رووی زمانەوە وردبینەوە دەبینین کە نموونەیەکی تەواو نییە، چونکە جگە لەزمانی نەتەوایەتی کە فەڕەنسییە، کەمایەتییەکی خاوەن زمانێی سەربەخۆ لە(بریتۆنی) وکەماتییەکی تریش لەناوچەی باسك دەژین بێجگە لەمەش زارەکانی خوارووی فەڕەنسا هێندە دوورن لەوانەی سەرەوە و زمانە نەتەواییەکە کە هەندێ زمانەوان بە فەڕەنسیان دانانێن.

٣- ئەو ولاّتانەی زیاتر لەزمانێکی نەتەوایەتی لەسنووریاندا بەکاردێ، زۆربەی هەرە زۆری ولاّتەکانی جیهان لەم جۆرەن و هەر ئەمانەشن پێویستیان بەنەخشە دانان و هەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی هەیە. بۆ نموونە زمانی هیندستان چواردە زمانی رەسمی هەیە و یەکێك لەمانە هیندییە وا چاوەڕوان دەکرێ ببێتە زمانی نەتەوایەتی لە ئاییندەدا، بەلاّم لەبەر زۆری زمان تا ئێستەش ئینگلیزی کەزمانێکی بێگانەیە لەهەموو زمانە ناوچەییەکان بلاّوترە. زۆر لە ولاّتە ئەفریقییە تازە سەربەخۆکان هێندە زمانی ناوچەیی سنوور تەسکیان هەبوو، کە نەیان دەتوانی هیچیان بەزمانی نەتەوایەتی هەڵبژێرن، بەناچاری هەندێ لەم ولاّتانە وەك کامیرۆن و غینیا زمانی هاوردەیان کردووە بەزمانی نەتەوایەتی ئەگەر هەر بۆ ئەم قۆناغەش بێت لەتەمەنی ولاّتەکەیان دا.

پۆلینەکەی سەرەوە واپیشان دەدات، کە ولاّتی بەختەوەر لەڕووی زمانەوە (ولاّتێك کە دووچاری کێشەی زمانی نەتەوایەتی نەبێت) زۆرکەمە. زۆربەی ولاّتەکانی جیهان زیاتر لەزارێك یان زمانێکیان هەیە وهەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی پێویستی بەبریارێکی ژیرانەی وەها هەیە، کە مافی کەمە زمانییەکانی تێدا نەچێت و ولاّت نەخاتە بەر مەترسی کەرت بوون دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێت کە تەنانەت ئەو ولاّتانەش کە تاکە زمانێکی نەتەوایەتیان هەیە، ئەگەر



لەهەرە بەختەوەرەکان نەبن ئەوا هەر تووشی کێشەی تری زمان دەبن. کێشەی هەڵبژاردنی زمانێکی جیهانی چونکە زمانی نەتەوایەتی ولاّت تاڕادەیەکی زۆر دەپچڕێنێ و لە پێشکەوتنی زانست وتەکنۆلۆجیا بێ بەشی دەکات. بۆکردنەوەی ولاّت و بەستنەوەی بەدنیای ئەمڕۆوە دەستەلاّتی سیاسی دەتوانێت یەکێك لەم رێگایانە بگرێت کە هەریەکەیان چاکە و کەم وکوڕی خۆیان هەیە:

١- هەڵبژاردنی یەکێك لەو زمانانەی کەلە دنیای ئەمڕۆدا برەویان هەیە و بلاّون و زمانی تەکنۆلۆجیا، و زانستی سەردەمن، کە شان بەشانی زمانی نەتەوایەتی بەکاربێت. بەتایبەتی لەقۆناغەکانی خوێندن دا. چاکەی ئەم رێگایە لەوەدایە کە ولاّتەکە لەپێشکەوتن دواناکەوێت و بەئاگادەبێت لەهەموو گۆڕانێك. کەم وکورتی لەوەدایە کە هەندێجار رێگە لەگەشەکردنی زمانە نەتەوایەتییەکە دەگرێت. جگە لەمەش زۆرجار جینێکی بەدەستەلاّت دروست دەکات کە ولاّتەکە دەبەن بەڕێوە هەموو دەستەلاّتەکان دەگرنە دەست خۆیان. لەو زمانانەی کە لە برەودان:

ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، چینی. . . . هتد. ژمارەو جۆری ئەم زمانانە بەپێ ی هێزی دەوڵەتان دەگۆڕێت.

٢- هەڵبژاردنی یەکێك لەزمانە دەسکردەکان، چاکەکەی لەوەدایە کە هەستی نەتەوەیی کەس برندار ناکات پلەو پایە نادات خەڵکێك ولەهی تری وەرگرێتەوە. خراپەکەی لەوەدایە ئەم زمانانە تا ئێستا زۆر بلاّونەبوونەتەوە و نەبوون بەزمانی زانست و تەکنۆلۆجیا. ئەم زمانانەش بریتین لە(بە پێ ی دەنگی): ئێسپرانتۆ، ئیدیەم، نیوترالْ، ئینتەر، لینگوا، گلوسا. . . . . هتد.

٣-گەشەپێدانی زمانی نەتەوایەتی و دانانی پارەیەکی زۆر لەهەمان کاتدا بۆ وەرگێڕانی کتێب و سەرچاوەی زانستی و ئەدەبی لەزمانە بلاّوەکانەوە. چاکەی ئەم رێگایە لەوەدایە کە زمانە نەتەوایەتیەکە رێگەی گەشەی لێ ناگیرێ و دەستەو تاقم دروست نابن کە رۆشنبیرییە بێگانەکەیان بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربێنن. خراپەکەی لەوەدایە کە بزوتنەوەی وەرگێڕان چەند چالاکیش بێت بەپێشکەوتنی زانستدا ناگات، جگە لەمەش ولاّت پارەیەکی زۆری دەوێ نەك هەر بۆچاپەمەنی بەڵکو راهێنان و بەرهەمهێنانی وەرگێڕی کارامە و لێ هاتوو لەهەموو بوارەکانی زانستدا.

## ٥- کەی بیر لە دروستکردنی زمانی نەتەوایەتی دەکرێتەوە؟

بیرکردنەوە لەپێکهێنانی زمانێکی نەتەوایەتی تەنیا لەو کاتەدا دەبێ، کە وڵاتیك تازە لە چنگی داگیرکەر رزگاری بووبێت یان بەرەو رزگاربوون بڕوات. تا وڵات لەژێر چنگی داگیرکەردا بێت بیرکردنەوە لەزمانی نەتەوایەتی نایەتە کایەوە، چونکە ئاسایی زمانی داگیرکەر زمانی رەسمی وڵاتەکە دەبێت داگیرکەران رێگە بەبوژاندنەوەی زمانی ناوچەیی نادەن هەر لەبەر ئەمەشە کەزمانی نەتەوایەتی دەبێتە هێمای سەربەخۆیی سەرفرازیی و رزگاری، هەڵوێستی داگیرکەر بەرامبەر زارو زمانە ناوچەییەکان بەپێی جۆری داگیرکەران دەگۆڕێ، بەڵام بەزۆری لە سێ خاڵدا کۆدەبێتەوە:

أ-داگیرکەر زمانە ناوچەییەکەی بە زمانێکی چاو لێپۆشراو دەژمێرێت، واتە نە رێگا لە بەکارهێنانی دەگرن لە ماڵ و شەقام دا و نە هانی بەکارهێنانی دەدەن لە بواروکانی تردا وەك لە دادگا و قوتابخانە و فەرمانگەکاندا.

ب- داگیرکەر هەوڵی قەدەغەکردنی زارو زمانە ناوچەییەکان دەدات. واتە دان بە بوونیاندا نانێت و حەز ناکات بەکاربێت و هەوڵی ئەوش دەدات کە نەهێڵێ قسەیان پێ بکرێ بەتایبەتی لە شوێنە گشتیەکان دا بەپێ یاسای دەوڵەت. باری زمانی کوردی، زاری کرمانجی ژووروو بۆ چەندین ساڵ لەتورکیا لەم جۆرە بوو.

ج- هەندێ جار داگیرکەری وڵات بەتایبەتی ئەگەر بەتەمای بەجێهێشتنی وڵاتەکە بێت، هەڵوێستێکی لەمانەی سەرەوە نەرمتری دەبێ بەوەی پلەی زمانێکی رەسمی هاوبەش دەدات بەزارو زمانە ناوچەییەکان تەنیا یەکێکیان لەباری وادا داگیرکەر رێگە بەو زمانە ناوچەییە دەدات کەشان بەشانی ومانەکەی خۆیان لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەدا بەکاربێت یان ئەرکی زمانە رەسمیەکە لەناوچەیەکی دیاری کراودا پێدەسپێرێت، هەڵوێستی بریتانیا لە عێراقدا لە دوای داگیرکردنی لەم بابەتەبوو. ئەوە بوو زمانی عەرەبی لەناوچە عەرەبییەکاندا و زمانی کوردی بە تایبەتی لە سلێمانی و هەندێ ناوچەی تردا پلەی زمانی رەسمی هاوبەشیان هەبوو، واتە بەکاردەهاتن شان بەشان ئینگلیزی بۆ بەڕێوەبردنی ئیداری وڵاتەکە لە دوای دەرچوونی خۆشیان داگیرکەرە ئینگلیزەکان رێگەی ئەوەیان بە عەرەبەکان نەدا زمانی کوردی قەدەغە بکەن، بەڵام لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشووردا ،عەرەبەکان هەر پلەی زمانی چاو لێپۆشراویان بە کوردی داوە ،هەرچەندە ناو بەناو بەپێی بەهێزی و بێ هێزی بزووتنەوەی نیشتیمانی کورد، حکومەتی بەغدا پەتەکەی توند یان شل دەکردەوە تا ساڵی ١٩٧٠ دا



کوردی پلەی زمانی رەسمی ناوچەیی وەرگرت شان بەشانی زمانی عەرەبی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا بەشێکی گەورەی کوردستانی باشووری نەدەگرتەوە. ئەوەی کە روونادات لەسەردەمی داگیرکردندا ئەوەیە کە پلەی تاکە زمانی رەسمی بە زمانێکی ناوچەیی بدرێ.

## ٦- ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر هەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی:

پێش ئەوەی دەستەڵاتی سیاسی وڵاتێك بڕیاری هەڵبژاردنی زارێك یان زمانێك بدات دەبێ هەندێ هۆکار لەبەرچاو بگرێت:

١- سۆسیۆلۆجیا و دیمۆگرافیای زار یان زمانە هەڵبژاراوەکە یان هەموو زارو زمانەکانی وڵاتەکە وەك ژمارەی ئەو کەسانەی کە قسەی پێدەکەن، تەمەنیان و ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە بەزۆری دەینوێنن و سنووری جوگرافی زارەکە و ئەو بوارانەی کەتێیدا بەکاردێ. کەلە هەموو بوارێکی ژیان بەکارهاتبێت وژمارەی قەسەپێکەرانی زۆربن نەك بەپێچەوانە.

٢- مێژووی زارە هەڵبژێراوەکە و دەوری پێشتری لەکۆمەڵەکەدا و پەیوەندی ئەو خەڵکەی قسەی پێ دەکەن بەخەڵکی ترەوە و ئەوانەی بەزارو زمانی تر دەدوێن و هەڵوێستی ئەمانە بەرامبەری. ئەو زمانە پەسەندە بۆ هەڵبژاردن، کە مێژوویەکی درێژی هەبێت لەبواری پەروەردە و خوێندەواری و رۆژنامەگەری ریاگەیاندندا، زمانێك کە هێمای تێکۆشان بێت خەڵکانی تر بەرێزەوە سەیری بکەن نەك هەڵوێستێکی سەلبی یان هەبێ بەرامبەری.

٣- هەڵکەوت و سروشتی زمانەکە و دوورو نزیکی لەزارو زمانەکانی تری وڵاتەکەوە، ئەو زارە پەسەند دەبێ بۆ هەڵبژاردن کە لێکچوونی لەگەڵ زارەکانی تردا زۆر بێت، ئەمەش بەلێکۆلینەوەیەکی بەراوردی وردو زانستیانەی هەموو زارەکان دەردەکەوێت.

٤- باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکە: جۆری بڕیار بەپێی باری ئابووری سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتێك دەگۆڕێ بۆنموونە، ئەو دەوڵەتەی بەیاریدەی دەرەوە دەژی لەوانەیە بڕیارێکی وابدات کەسەرچاوەی یان سەرچاوەکانی یارمەتیەکە رازی بکات. بەپێچەوانەشەوە، دەوڵەتی ساماندار دەتوانێ بڕیارەکەی سەربەخۆتر بێت،واتە گوێ بەهەڵوێستی دەوڵەتی تر نەدات. دیسان ژمارەی دانیشتوانی کەم بێت و زمانەکەی جیهانی نەبێت، لەوانەیە بڕیارێکی وابدات کە خزمەتی پەیوەنییەکانی دەرەوەی بکات، لەڕووی سیاسییەوە بێت یان ئابووری.

٥- زمانی خوێندن و نیزامی پەروەردە لەوڵاتەکەدا. ئاسایی ئەو زمانە پەسەندە، کە تا ئێستا لەوڵاتێکدا زمانی خوێندن بووە نەك هەر لەبەر ئەوەی چاپکردنەوەی کتێب بەزاری تر و پێگەیاندنەوەی مامۆستا بەزاری تر پارەیەکی زۆری دەوێ، بەڵکو گۆڕینی زاری خوێندن دەبێتە پچڕاندنی نەوەی نوێ و کۆن و کەرت بوونی خێزان.

٦- کولفەی زار یان زمان گۆڕین، بێگومان تا کولفەی گۆڕان کەمتر بێت، بۆ دەوڵەت باشترە، لەبەرئەوەی چاپ کردنەوەی کتێب و رۆژنامە و گۆڤار بەزارێکی جیاواز پارەیەکی باشی دەوێ، دەوڵەت تاڕادەیەکی زۆر هەوڵی هیشتنەوەی ئەو زارە دەدات کە لەوەو پێش لەبوارە جیاجیاکاندا بەکارهاتووە وحەز بەگۆڕانی ناکات تا زۆر پێویست نەبێت.

٧- ئیرادەی گۆڕین: هەموو دەوڵەتێ ناتوانێ لەسەر گۆڕان سووربێت و ئەوەی لەم بارەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکتاتۆری دەلوێ بۆ نیزامێکی دیمۆکراتی سەرناگرێ. لە کۆمەڵێکی دیموکراتی دا بەکارهێنانی زۆرو هێزو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خەڵکدا وسەپاندنی زارێك یان زمانێك بە زۆر دیاردەیەکی ئاسایی نییە و هەر دەبێ بەقایل بوون و خواپشت بێت. لەبەرئەوە پیادەکردنی بریاری دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکە کاتێکی زۆرتری دەوێ هەندێ جار گەڕانەوەی تێ دەکەوێ، زۆرجاریش چارەکە کاتی دەبێت. جا چاکتر وایە، دەستەڵاتی سیاسی وڵاتەکە پێش ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردن بدات، سنوری دەسەڵاتی خۆی بزانێ بڕیاری وا نەدات کە بەرەنگاری وڕووبەڕووبوونەوەی تێدابێت، ئەگەر ئەمەش کارێکی زۆر پێویست بوو دەبێ لەماوەیەکی درێژدا جێ بەجێ بکرێ و رێگای گەڕانەوەش هەبێت، تاوەکو وڵاتەکە تووشی پەرت بوون نەبێت.

## ٧- چەند رێگا چارەیەك:

لەبەر ئەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی تردا جیاوازە و زمانی نەتەوایەتی و هەڵبژاردنی بەندە بەم بارانەوە، چارێك نییە کە بەکەڵکی هەموو وڵاتێك بێت، بەڵکو چەند چارێك لەئارادا هەیە کە هەر دەوڵەتە دەتوانێ بەپێی باری تایبەتی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت.

أ-هەڵبژاردنی زارێکی ناوچەیی یان زیاترو بەکارهێنانی بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئامانجەکان: ئیداری و نەتەوایەتی چاکەی ئەم رێگایە لەوە دایە:

١-کەلتووری هاوبەش لەفەوتاندن دەپارێزێ.



٢-بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری ئاسانە و منداڵ لە دایك و باوکی دوور ناخاتەوە،واتە نامۆی ناکات.

٣-دەبێتە هۆی پتەوکردنی گیانی نەتەوایەتی.

کەم و کورتی ئەم رێگەیەش لەوە دایە:

١-خوێندنی باڵا تووشی گیرو گرفت دەبێ.

٢-لەڕووی ئابوورییەوە زەرەرمەندە، چونکە پارەیەکی زۆری دەبێ بۆ وەرگێڕان و ئامادەکردنی مامۆستایان تەرخان بکرێت.

٣-لەوانەیە وڵاتەکە لەجیهان داببچڕێت.

٤-لەوانەیە هەستی دوژمنایەتی و کینە دروست بکات بەتایبەتی ئەگەر بڕیارەکە بەرژەوەندی هەندێ کۆمەڵ و تاقمی گەورە بخاتە پشت گوێ.

٥- ئەگەر زیاتر لەچەند زارێك بکرێن بەزمانی نەتەوایەتی لەوانەیە گیانی جیابوونەوەو پەرت بوون هان بدات.

٦-ئەگەر زارە هەڵبژێراوەکە لەڕووی زاراوەوە هەژاربێت ئەوا زمانی نەتەوایەتی بێ ناوبانگ دەبێ و هانی خەڵکی نادات فێری بن.

ب- هەڵبژاردنی زمانێکی جیهانی بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئامانجەکان.

چاکەکەی:

١- هەموو چین و توێژەکان بەیەك چاو سەیر دەکات چونکە زمانە بێگانەکەزمانی دایکی کەس نییە و هیچ زیادە مافێك(امتیازات) بۆ هیچ کەس و چینێك دابین ناکات واتە هەموو هاوڵاتیان وەك یەك زەرەرمەند دەبن، چونکە دەبێ لەمناڵیەوە فێری زمانەکە بکرێت.

خراپەکانی:

١- پارەیەکی زۆر بۆ راهێنان و ئامادەکردنی مامۆستا بەو زمانە دەبێ دابین بکرێت تا ئاستی خوێندن نەیەتە خوارەوە.

٢- نەوە لاوەکان لە نەوەکانی پێشتر (ئەوانەی بەزمانێ خوێندنیان تەواو کردووە) جیادەکاتەوە و لەوانەیە کەلتوورێکی زۆر بفەوتێت.

٣-ناهێڵێ گیانی نەتەوەیی و هاوڵاتێتی گەشە بکات.

٤- بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری ئاسان نییە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ئەم چارە هەمیشەکانی بووە، ئەو وڵاتانەی چاری وایان پەسەند کردووە دوای ماوەیەك گەڕاونەتەوە سەر چاری یەکەم. نمونەی ئەم گەڕانەوە لە مالیزییادا دەبینرێت.

ج- پلەی زمانی نەتەوایەتی یان یەکگرتوو بۆ یەکێك لەزارە ناوچەییەکان (یان زیاتر) لەپاڵ زمانێکی جیهانیدا.

چاکەکانی:

١- بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بەزمانە ناوچەییەکان لەئاستی سەرەتایی یا دواتر بەئاسانی دەڕوات و منداڵ لەنەوەکانی پێشتر دانەپچڕێت وتووشی نامۆیی نابێت.

٢- خوێندنی باڵا یان بەرز لەڕێگەی زمانە جیهانێکەوە پەیوەندی وڵاتەکە لەگەڵ جیهاندا دروست دەکات و لەڕووی ئابووریشەوە کەڵکی لێدەبینرێت.

خراپەکانی:

١- پێش نەکەوتن گەشە نەکردنی زمانە ناوچەییەکان چونکە لەشانکی دا(منافسە) لەگەڵ زمانە جیهانییەکەدا دەرناچن.

٢- دروست کردنی چینێکی هەڵبژاردە لەخوێندەواری هەموو زارەکانی ترو جیابوونەوەیان ئەوانەی کە هەر خوێندنی سەرەتایی وناوەندی تەواو دەکەن و هەر زارە ناوچەییەکان دەزانن.

د- تێکەڵکردنی دوو زاری ناوچەیی یان زیاترو هەڵبژادنی بەزمانی نەتەوایەتی.

ئەمە ئەو چارەیەیە کە روناکبیرو زمانەوانە کوردەکان هەر لەسەرەتای١٩٧٠ز وە بە پەسەندی دەزانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمانی نەتەوایەتی لەناو کورد دا.

بەپێ ئەم بیرە زارەکانی کوردی لەیەکتری و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتری دا دەمان گەێنێتەئەو ئەنجامەی کە ئەگەر وشە و هەندێ دیاردەی ڕێزمانی یەك بخەین ئەوا زمانێکی نەتەوایەتی یان یەکگرتوو دێتە مەیدان. بۆ نمونە (جەمان نەبەز) وای بۆ دەچێ کەگواستنەوەی هەندێ دیاردەی ڕێزمانی وەك ژێدەری ئایندەو ڕێژەی بکەرنادیارو ئامرازی ناسیاری و. . . . . هتد لە کرمانجی ژوورووەوە بۆ کرمانجی ناوەڕاست یان بە پێچەوانەوە زمانێکی نەتەوایەتی دێنێتە کایە. هەرچەندە لەئاستی وشەدا(مفردات) رەنگە ئەمە کارێکی ئاسان بێت،بەڵام لەئاستی ڕێزماندا تێکەڵکردنی دوو زار یان زیاتر بێ گومان کارێکی دژوار لەوانییە سەرنەکەوێت. جگە لەمەش گێڕانەوەی زمان بۆ دواوە و وەستان بەرامبەر گۆڕانی سروشتی(وەك گێڕانەوەی نێرومێ بۆ کرمانجی ناوەڕاست یان دانانی ناسیاری بۆ کرمانجی



ژوورووە) لەزماندا کارێك نییە بەئاسانی ئەنجام بدرێ و لەوانەشە زارە ناوچەییەکان بشێوێنێ و ئەم جۆرە دەستکارییەی زمان لەزمانەوانیدا پەسەند نییە.

## ٨- کورتەی لێکۆڵینەوەکە:

هەڵبژاردنی زمانی نەتەوایەتی بەبڕیارێکی سیاسی دەبێ لەکاتێکدا، کە وڵات ئازاد بووبێت لە چەنگی داگیرکەر یان هەنگاوی گەورە بەرەو رزگاری بهاوێت. زمانی هەڵبژێراو دەبێ ڕێزمان وفەرهەنگی فراوانی هەبێت و لەلایەن هەموو کۆمەڵانی خەڵکەوە پەسەند کرابێت زمانەوان لەم هەڵبژاردنەدا دەور نابینێ بەڵام دەتوانێ هاوبەشی بکات لە چەسپاندنی بڕیارە سیاسیەکەدا بە ئامادەکردنی کتێب و نامیلکە بۆ گوتنەوەی زمانەکە و بڵاوکردنەوەی یان پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە دەربارەی زمانەکە وشیکردنەوەیی وبەراوردکردنی لەگەڵ زاری تردا. دەستەڵاتی سیاسی وڵاتیش دەبێ چەند هۆکارێك بە بەرچاوەوە بگرێ پێش بڕیاردان.

*** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە٥٣ی گۆڤاری مەتین لە حوزەیرانی١٩٩٦ز بڵاوکراوەتەوە.**

# زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندکردنی دەروازە فەرهەنگییەکان

**سەرەتا:**

شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە زۆربەی فەرهەنگەکان لەئاستی ئەو ئەرکەدا نین، کە دەیانەوێ ئەنجامی بدەن، چونکە شانێکی فەرهەنگسازەکان لەوە دایە کە گەورەترین ژمارە وشە و کەرەستەی زمانی تۆمار بکەن، واتا گرنگی دەدەن بەقەبارە نەك بەجۆر، ئەم تێڕوانینە هەڵەیە لەبێهێزی و هەژاری دەروازە فەرهەنگییەکاندا رەنگیداوەتەوە.

**١- کێشەی دەروازە فەرهەنگییەکان:**

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەدەروازە فەرهەنگییە تاکە زمانەکاندا ئەوەیە، ئەو زانیارییەی کە دەیدەن زۆر کەمە و لەو ئاستەدا نییە کە کەڵك بەفێرخوازی زمان بگەیەنێ، ئەم خەوشەی دەروازەکان لەلایەکەوە کۆنەو بەشێکە لەکەلەپوری فەرهەنگساز کە کەباوەڕی وایە وشەو واتا لەهەموو پێکهاتەکانی زمان گرنگترن و بەبێ ئەمانە زمان بوونی نییەو ئەرکی فەرهەنگ تۆمارکردنی وشەیە و دانانی واتاکانێتی. فەرهەنگنووس رەنگە هەموو کاتێ ئەوەی لەیادنەبێ کە رۆنانی زمان لە وشەکانی کەمتر نین، چونکە ئەگەر هەموو وشەکانی زمانت لەبەربێت، هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە کە لە سادەترین رستە نەگەیت. زانینی واتای هەموو وشەکانی کوردی یارمەتیمان نادات بۆ شیکردنەوەی گوتنێکی سادەی وەك (بەداخەوە مرد) یان (پێم داگرت) یان(بەرمان کەوت) یان (پایزە برا). . . هتد لەلایەکی ترەوە کێشەکە لەئەستۆی فەرهەنگساز خۆیدایەتی، چونکە دروستی کردووە بەوەی سنوورێکی تەسك بۆ کارەکەی دادەنێ و نایەوێ لێی دەرچێت، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ کە هەندێ فەرهەنگساز زیاتر لەهەموویان ئەم سنوورە دەبەزێنن و کارەکەیان فراوانتر دەکەن. بۆنموونە هەندێ فەرهەنگنووسی کوردو بێگانە لەسنووری وشەو واتادا ناوەستن بەڵکو دەچنە ناو پەیوەندییە واتاییەکانی وشە، وەك: هاوواتایی و فرەواتایی و دژواتایی و هاوبێژی. . . . . هتد.



هەندێکی تر بەمەشەوە ناوەستن، بەڵکو هەندێ زانیاری سەرەتایی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی وشەکان واڵا دەکەنەوە، بەڵام هێشتا کارەکانیان لەئاستی پێویست دانییە.

بەکورتی ئەوەی بەسەرداچوونەوەیەکی خێرای فەرهەنگە یەك زمانییە کوردییەکان پیشانی دەدات، ئەوەیە دەروازەکانیان زۆر تەسکە، واتە ئەوەندە زانیاری نادەن کەڵك بەفێرخوازی زمان بگەیەنێ، ئەمەش بۆدوو هۆ دەگەڕێتەوە:

١- فەرهەنگنووس کەڵك بەفێرخوازانی زمان بەئەرکی سەر شانی خۆیانی نازانن.

٢- فەرهەنگنووسەکان بەزۆری شارەزاو پسپۆڕی بەسەلیقەن،بەڵام ئاگاداری زمانەوانی نین کەم و زۆر کەڵکیان لەو شۆڕش و گۆڕانە گەورەیە وەرنەگرتووە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە تائەمڕۆ بەردەوام بەرپایە.

**٢- رێگە چارەی کێشەکە:**

چارەسەرکردنی ئەم بارەی لە ئێستای فەرهەنگسازییەوە دەکرێ، کە دەروازەکانی فەرهەنگ فراوان بکرێ بە جۆرێك کە بۆ هەموو وشەیەك زانیاری فۆنۆلۆجی و سیتاکسی و سیمانتیکی. . . هتد زیاد بکرێ.

**٣-رێگاکانی فراوانکردن:**

٣-١ زانیاری فۆنۆلۆجی:

گرنگترین زانیاری فۆنۆلۆجی کە زۆربەی فەرهەنگەکانی ئەمڕۆ دەیدەن چۆنیەتی گۆکردنی وشەکانە. ئەم زانیارییە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا نییە لەبەرئەوەی شێوەی نووسین وگۆکردنی لەیەکتر بەتەواوی نەترازاون، هەرچەندە و شەش زۆرە کە نووسین و گۆکردنی وەك یەك نین یان دوو گۆکردنیان هەیە بڕوانە وشەی (دەست) کە هەندێ جار بە(دەست)و هەندێ جاری تر بە (دەس) یان (دەز) گۆدەکرێ وەك لەم نموونانەدا:

| دەست | دەز | دەس |
|---|---|---|
| دەستگرتن | دەزگرتن | × |
| دەستنووس | دەزنووس | × |
| دەستکرد | دەزکرد | دەسکرد |

بێگومان دەیان و سەدان وشەی وەها لەکوردیدا هەن کە گۆڕانی دەنگی بەسەریاندا دێت شێوەی نووسین و خوێندنەوەیان جیادەبێتەوە. فەرهەنگی کوردی بەپیشاندانی شێوەکانی گۆکردن نەك هەر خزمەتی نەوەکانی ئیمڕۆ دەکات بەڵکو دەبێتە بەڵگەی گرنگ بۆ دوارۆژ، چونکە دەتوانێ گۆڕانەکانی دواتر تۆمار بکات. رەنگە هەندێ کەس وای بۆ بچێت کە ئەم جۆرە گۆڕانانە کاری زمانەوانییە و دەتوانێ لەکتێبێکی فۆنۆلۆجیدا بیدۆزێتەوە، بەلاّم دەبێ بزانین کەکاری فۆنۆلۆجی ورد لەتێگەیشتنی کەسێکی ئاسایی بێ زانیاری پێشتردا نییە، بەلاّم هەرکەسێ بەدوای ئەم شتە زمانیانەدا بگەڕێ یەکەمجار فەرهەنگی دێتە یاد.

جگە لەگۆکردن، فەرهەنگ دەبێ هیچ نەبێ شوێنی هێزی سەرەکی وشەکان بدات، ئەگەر شوێنی هێزی ناسەرەکی و برگەی بێ هێزیش پشت گوێ بخا، چونکە هێز کارێکی تەواو دەکاتە سەر خوێندنەوەو گۆکردنی وشە. بۆنموونە دەبێ خوێندەوار یان فێرخواز ئەو زانیاریاییەی هەبێ کە:

٢. أ- چوارتا ١= چوار بار

ب- چوارتا ١= ناوی شوێنە

٣. أ — کەوتن ١= ناوی واتایی

ب- کەوتن ٢ = رستە بەواتای (ئەوان کەوتن) دێت.

دەبێ بزانین ئەمانە نموونەی تاك و تەرانین لەزمانەکەدا، گرنگی هێز لەزمانێکی وەك کوردیدا جێگەی گومان نییە، وەك چەندین لێکۆڵینەوە دەریدەخات، بەلاّم پشتگوێ خستنی لەفەرهەنگی کوردیدا جێگەی رامانە وسەرنجە.

٣-٢ زانیاری مۆرفۆلۆجی:

ئەوەندەی من بەئاگابم فەرهەنگەکەی (م. زەبیحی) بەهەردوو بەرگەکەیەوە تاکە فەرهەنگی کوردییە کە هەولّی دابێ لەدەروازەی وشەکانیدا جێی بۆ زانیاری مۆرفۆلۆجی کردبێتەوە،بەمەش لەم رووەوە بۆتە پێشەنگی فەرهەنگەکانی کوردی. بۆ نموونە لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە (بلاّوە پێکردن) لێك دەداتەوە.

٤- بلاّوە پێکردن — بلاّوە + پێ (بە + ی) + کردن) (زەبیحی ١٩٧٩: ٩٧)

بێگومان زانستی مۆرفۆلۆجی لێرەدا دوای نایەت، چەندین راستی مۆرفۆلۆجی تر هەن، دەبێ فەرهەنگ بەسەرچاوەوە بیان گرێت. گەورەترین گۆڕان لەم رووەوە ئەوەیە گیرەکەکان وەك وشە رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، وەك وشە دەروازەیان بۆ دابنرێت (Bauer 1983: 193)



بەجۆرێك هەموو ئەو راستیانەی لەبارەیانەوە دەزانرێ لەهەر ئاستێکدا بێت. فۆنۆلۆجی، واتایی و سینتاکسی. . هتد بخرێتە بەر دەستی بەکارهێنی فەرهەنگ. بۆنموونە لەژێر پاشگری (-ستان)دا کە رەنگە تا ئەمڕۆ نەچووبێتە فەرهەنگەوە لەبەرئەوەی لەوشە کەمترە، چاکتر وەهایە کۆمەڵێ راستی مۆرفۆلۆجی وەك ئەمانەی خوارەوە هەبێت.

٥- دەروازەی فەرهەنگی — ستان: مۆرفیمی و. د. (١) دەچێتە سەر ناو وەك پاشگر< ن +ستان>= ناوی شوێن وەك:

کوردستان، لوڕستان. . . . هتد.

٢- دەچێتە سەر مۆرفیمی بەندو ناوی کات دروست دەکات وەك: زستان یان زمستان لەباری (١)دا ئاشنایەتی لەگەڵ (ی) نییەو و(یّتی) ناوی واتایی هەیە:کوردستان، کوردستانێتی لەباری (٢)دا {- ئان} دەیکات بە ئاوەڵکار نەك کۆی ناو وەك: زستانان کاری نییە. . (و. دز= وشە داڕێژ).

٣-٣ زانیاری سینتاکسی:

ئەوی ئێستە لەهەندێ فەرهەنگدا لە رووی سینتاکسەوە پەیڕەو دەکرێ دوو شتە:

١- دیاریکردنی بەشی ئاخاوتنی کەرەسەی فەرهەنگی کە وەك: دار(ناو)، ئازا: ئاوەڵناو یان رۆیشت: کار.

٢- لەگەڵ کارەکاندا هەندێ جار تێپەڕی یان تێنەپەڕی کارەکە نیشان دەدرێ.

ئەم دوو شتە پێویست و پەسەندن، بەلاّم بەتەنیا کەڵکیان کەمەو دەبێ زۆر زانیاری سینتاکسی تر بخرێنە پالّیان. دەبێ ئەوەش بلّێین کەبۆ کاری تێپەڕی و تێنەپەڕی زۆر بەهەڵەماندا دەبات و زۆر پێویستە کار لەزمانی کوردیدا وردتر و قوڵتر سەیر بکرێ. ئەگەر لەم رستانەی خوارەوە بکۆڵینەوە، دەبینین جگە لەتێپەڕو تێنەپەڕ پێویستمان بەپۆڵناوی تر دەبێ:

٦-أ- کابرا رۆیشت (تێنەپەڕ)

ب- ژن ژن ناخوات (تێپەڕ)

ج- منالّەکە لەدەرگای دا

د- منالّەکە دەست لەکتێبەکان دەدا.

هـ- من تۆ بەبرا دەزانم

تەنیا لەرستەی یەکەم ودووەمدا زاراوەی تێپەڕو تێنەپەڕ بەکەڵك دێ، لە(ج)، بۆنموونە، کارەکە نەتێپەڕ نەتێنەپەڕ، چونکە ئەگەر تێپەڕبێت ناکرێ بەکارەکە (لەدەرگا) گرێی بەند بێت، واتە ناکرێ

بەئامرازی پەیوەندی دەست پێ بکات خۆ ئەگەر تێنەپەڕ بێت ئەوا گرێی بەندەکە دەکرێ لادرێ، ئەمەش لەتوانادا نییە، چونکە رستەیە، وەك: *منالّەکەدا نارێزمانییە. لەبەرئەوەی کاری تریش لەم بابەتە زۆرن وەکو (ئالآن: لە (دەزۆکە لەدەستم ئالآ) کەوتن: دەستی لەدەستم کەوت. . . هتد) دەبێ پۆلناوێك بدۆزینەوە بۆ ئەو کارانەی ئاوەڵکار یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە زۆر وەردەگرن دەبێ لێرەدا وردبین و کاری وەك (دان) لەڕستەی (ج)دا تێکەڵ نەکەین لەگەڵ کاری تێنەپەڕ کە ئاسایی دەست لەبەرکاری ناڕاستەوخۆ یان ئاوەڵکار بەردەدەن وەك:

کەوت: ٧- أ- منالّەکە کەوتە خوارەوە.

ب- منالّەکە کەوت.

ڕۆیشت: ٨- أ- منالّەکە ڕۆیشتە دەرەوە.

ب- منالّەکە ڕۆیشت.

دیسان کاری(دان)لە رستەی(د)دا کارێکی جیاوازە لە(دان)لەڕستەی(ج)چونکە لێرەدا جگە لەگرێی بەندەکە، بەرکارێکی راستەوخۆشی لەگەڵ دایە، کە هیچیان لانادرێن:

٩-؟ منالّەکە دەست دەدات.

١٠-؟ منالّەکە لەکتێبەکان دەدات.

بێشێواندنی واتای رستە بنەڕەتیەکە، لێرەدا(دان)تێپەڕ نییە،چونکە بەسەر کارێك کارەکەی ناچێتە سەر،ناشکرێ بە

تێنەپەڕدانرێ چونکە تەواوکەری لەگەڵدایە، کەواتە دەبێ پۆلناوێکی تری بدرێتێ.

هەروەها کاری دەزانم لەڕستە (ه)دا لەنێوان تێپەڕ و تێنەپەڕدا لەگێژەندایە، چونکە هیچمان نییە لەبەرئەوەی دوو تەواوکەری دەوێ کەلەهیچیان دەست هەڵناگرێت.

١١-أ-* من بەبرا دەزانم.

ب-* من تۆ دەزانم.

لەهەمان کاتیشدا لەکاری (دان)ی (ج ود) ناچێت، چونکە لەکاتێکدا کە هیچ پەیوەندییەکی رێزمانی بەکارەکەو گرێی بەندەکە لە (ج ود) دا بەیەکترەوە نالکێنێ پەیوەندییەکی رێزمانی لەنێوان تەواوکەرەکانی (ه)دا بەدی دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە گرێی بەندییەکە وەك دیارخەرێك پێناسەی بەرکارەکە دەکات و بۆئەو دەگەڕێتەوەو هەر لەبەر ئەمەشە کە جێناوی (تۆ) دەکرێت بکرێت بەجێناوێکی لکاوو بەگرێ بەندەکەوە جێگیر بکرێ: من بە برات دەزانم.



ئەمە لەکاتێکدا کە(د١) لە رستەکانی تردا وەها رەفتار ناکات و رستەیەکی وەك: (منالّەکە لەکتێبەکانت دەدات) پەیوەندی بەڕستەی (د)ەوە نییە (Fattah 1997; 246)

ئەم لادان و دوور کەوتنەوەیە تەنیا بۆ ئەوە بوو بڵێم، کە پۆلناوی تێپەڕو تێنەپەڕ بەتەنیا دالّدەمان نادەن لە پۆلێنکردنی کارەکانی کوردیدا و پێویستمان بەپۆلناوی ترەو لەم رووەوە فەرهەنگ دەتوانێ پێشەنگی بکات بەوەی بۆ هەموو کارێك لەکوردیدا چوارچێوەیەك دارێژێ کە زۆر بە وردی بەکارهێنانی هەموو کارێك پیشان بدات. وا لەخوارەوە بۆ روونکردنەوە رێگایەك لەم جۆرە نیشان دەدەین.

١٢- شکا: کار< گرێی ناوی + ______ >

واتە شکا دەشێ گرێیەکی ناویی پێش کەوێ، بەلآم پێویستی بەتەواوکەر نییەو ناشێ لەگەڵیدا بێت ئەم یاسا دروستی و نادروستی ئەم رستانەی خوارەوە لێك دەداتەوە:

پەنجەرەکە شکا
گرێی ناوی

*بەردەکە پەنجەرەکە شکا
گرێی ناوی گرێی ناوی

* بەبەرد شکا
گرێی بەند

*پەنجەرەکە بەبەرد شکا
گ ن گ ب

١٣- شکان: کار<گرێیی ناو١ + گرێی ناوی٢______>

واتە شکان پێویستی بە دوو گرێی ناوییەکە یەکەمیان دەبێتەبکەر و ئەویتریان بەرکار، هەردوو گرێیەکە لەپێشەوە دێن وجا هەر کەرەسەیەکی تر جگە لەمانە هەبن سەربارن و دەکرێ فڕێ بدرێن، بێ شێواندن.

١- منالّەکە پەنجەرەکەی شکاند
گ ن١ گ ن ٢

٢- منالّەکە بەبەرد پەنجەرەکەی شکاند.
گ ن١ گ بەند(سەربارە) گ ن٢ گ بەند (سەربارە).

١٤- ئالآ : کار:< گ ن + گرێی بەند + ______ >

واته کاری ئالا دەبێ گرێیەکی ناوی و گرێیەکی بەند پێش کەوێ بەمەرجێك گرێی ناوییەکە بکەر بێت و ئەوی تر تەواوکەر. ناکرێ لەم دووانە هیچیان لادرێ وەك دروستی ئەم رستانە دەری دەخەن:

١- داوەکە لەقاچم ئالا.

٢- * داوەکە ئالا.

٣- * لەقاچم ئالا.

١٥- زان: کار: ١- < گ ن١ + گ ن٢ + ____>

من ماڵەکە دەزانم

٢- <گ ن +- پاڕستە>

من دەزانم کەی دەگەن.

٣-<گ ن + گ ن + گ ب + ____>

من تۆ بەباوك دەزانم

١٦- کار: < گ ن + گ ب + ____>

من لەدەرگام نەدا

١٧- چوو: کار < گ ن + ___>

ئەوان چوون

١٨- بەردا: کار <گ ن + گ ن + ____ >

ڕەنگە فەرهەنگنووس چەند واتاییەك بۆ ئەم کارە دانێت جا لەڕووی سینتاکسەوە فرەواتایی کارەکە چوارچێوەکە ناگۆڕێ وەك بەدروستی لەم رستانەدا دەردەکەوێ:

١٩- أ- مناڵەکە ئاوەکەی بەردا

ب- مناڵەکە یەخەی بەردا

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کەچوارچێوەی سینتاکسی جیاوازمان بۆکاری لێکدراو پێویست دەبێ، چونکە بەلای کەمەوە لە لێکدانی کاردا ئاگاداری چەمکی ترازان و نەترازان بین بۆنموونە کارێکی لێکدراوی وەك (مارەکرد)بەوە لە (شوو- کرد) جیادەبێتەوە کە کەرسەکانی یەکەم لەیەکتری ناترازێن و وەك لەم چوارچێوەیانەدا دەردەکەوێ.

٢٠- مار. . . کرد< گ ن + گ ن + - (گ ب) ___>

ئەو ژنەکەی مارەکرد



ئەو ژنەکەی لەخۆی مارەکرد.

٢١- شوو. . . کرد < گ ن + (گ ب) ____ >

کچەکە شووی کرد

کچەکەکە شووی بەو کرد.

وەنەبێ بەکارهێنانی ئەو چوارچێوانە هەر بۆکار دەست بدات، بەڵکو دەتوانرێ لە پۆلێنکردنی ئاوەڵناویش دا بەکاربێت (Haegman 1994:67).

زۆربەی ئاوەڵناوی کوردی پێویستی بەگرێیەکی ناوییە کە رۆڵی بکەر ببینێ لەڕێزماندا، بەڵام هەندێ ئاوەڵناوی وەك (دڵنیا) یان (ڕاست) بەکارهێنانێکی ئالۆزتریشیان هەیە جگە لەبەکارهێنانە ئاساییەکە، ئەمەش دەکرێ بەهۆی چوارچێوەوە لەفەرهەنگدا پیشان بدرێ:

٢٢- ئازا: ئاوەڵناو < گ ن +___ >

مناڵەکە ئازایە.

٢٣- دڵنیا: ١- < گ ن + ____ >

من دڵنیام

٢- < گ ن +- (گ ن) >

من دڵنیام لەئێوە.

٣- < گ ن + ___ + پاڕستە >

من دڵنیام کە ئێوە هەڵەن.

٣-٤ زانیاری واتایی:

ئەوەی تائێستا لە رووی واتاوە زۆربەی فەرهەنگەکان رەچاوی دەکەن دانی واتایی وشەکان و جیاکردنەوەی وشە فرەواتاکانە لەهاوبێژەکان یان هاودەنگەکان هەرکاتێك یەك تاکە وشە دوو یان چەند واتایەکی لێ بکەوێتەوە، ئەوا بەوشەیەکی فرەواتا دادەنرێ وەك وشەی (بەردا) لەم رستانەدا:

٢٤- أ- کوڕەکە ئاوەکەی بەردا.

ب- کوڕەکە باڵندەکەی بەردا.

ج- با خەو بەریدا ئەوسا قسەیەکی لێ دەکەین.

لێرەدا دەتوانرێ٣ واتای نزیك لەیەك بەهۆی ئەو سێ رستەوە جیابکرێنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی واتاکان لەیەك وشە کەوتوونەتەوە دەبێ لەناویەك دەروازەدا بن و بەژمارە جیابکرێنەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

٢٥- بەردا: ١- ڕێگا پێدان.

٢- ئازاد کرد

٣- تاسیر نەمان.

لە هاوبێژی یان هاودەنگی دا فەرهەنگسازی رەفتار لەگەڵ دوو وشە یان زیاتر دەکات، کە بەرێکەوت لەنووسین یان گۆکردن یـان هـەردووکیان کـت ومـت وەك یـەکن، بـەڵام واتاکانیـان جیاوازن لەیەك سەرچاوەوە هەڵنەقوڵاون. لەبەرئەوە دەبێ هەریەکە لەم وشانە دەروازەی جیایـان هەبێت بەم جۆرەی خوارەوە:

٢٦- شیر ١:ساواکە هێشتا شیر دەخوات.

شیر٢: شمشێر، ئامرازی شەڕ    دەروێشەکە شیرێکی وەشاند

زانیاری واتایی لەفەرهەنگدا ناکرێ لێرەدا دوای بێت. فەرهەنگساز دەتوانـێ کـەڵکی زۆر لەمە زیاتر لەواتاسازی و داهێنانە نوێیەکانی ببینێ، بـۆ نموونـە بـەکارهێنانی بنـەمای رۆڵـی واتایی و کۆتی واتایی شۆڕشێك لەفەرهەنگسازیدا بەرپادەکات، کە خزمەتێکی زۆر نـەك هـەر بەبەکارهێنی فەرهەنگ، بەڵکو بەفێرخوازی زمانی فەرهەنگەکە دەگەیەنێت.

ئەوی ئاشکرایە گرێی ناوی لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت رۆڵێکی واتایی دەبینێ. ژمـارەی ئەم رۆڵە واتاییانە لە لێکۆڵینەوەیەکەوە بۆیەکێکیتر دەگۆڕێ، بەڵام یەکـەمجار لـە١٠- ١٥ رۆڵ تێپەڕ دەکات گرنگترین ئەم رۆڵانە ئەمانەی خوارەوەن (Haegman 1994: 49)

٢٧- ١- کارا (ئەو کەسەیە کە کارێك بەمەبەست یان رێکەوت ئەنجام دەدا)

هەژان شووشەکەی شکاند

٢- باس (ئەو شتە یان کەسەی کاری فەرمانەکەی دەکەوێتە سەر)

هەژان شووشەکەی شکاند

منالەکان دزەکەیان راونا

٣- ئامێر: ئەو ئامرازەی کارێکی پێ ئەنجام دەدرێ:

منالەکە بەبەرد پەنجەرەکەی شکاند

ئامێر    باس    کار

٤- وەرگر:ئەو کەسەی کەکارەکەی ئاڕاستە دەکرێ، کارەکە کە سـوودی پـێ بگـەیێنێ یـان زیانی لێبدا:

پارەکەم بۆ تۆ نارد.



ملیت بۆ داشکێنم.

بەهۆی ئەم (٥) رۆڵە واتاییە کەمەوە دەتوانین واتای دەیان و سـەدان وشـە جیـا بکەینـەوە لەکاتێکدا کەرستەسازی لەکار دەکەوێ، ئەم زانیارییـە واتاییـەش دەکـرێ ببێتـە پاشـکۆیەك لەدوای زانیارییە سینتاکسێکەوە بدرێ، بێ ئەوەی جێگەیەکی زۆر داگیر بکـات. لـەم نموونـەی خوارەوە ورد بەرەوە:

٢٨-لایەك لە دەروازەی شکا:

شکا: کار<گ نـ ـــــ>

باس

واتە کاری(شکا) پێویستی بە گرێیەکی ناوییە، بەمەرجێ گرێکە(باس) بێت (کەسـێك یـان شتێك باجی کارەکە بدات).

ئەم چوار چێوە سینتاکسی و واتاییە تێمان دەگەیـەنێ بـۆ رسـتەکانی(أ) رێزمـانین، بـەڵام رستەکان (ب) وەهانین

٢٩- ١- أ- دارەکە شکا     ب-* دارا دارەکە شکا

* دارەکە دارا شکا     داراشکا

هەنگاوی دوای ئەمە، ئەوەیە کە کۆتەکانی هەڵبژاردن دیاری بکەین، واتە کاری(شکا) چی مەرجێك بەسەر بکەر یان باسەکەی دەسەپێنێ، ئەمەش دیسان بەهۆی چەند سیمایەکی گشتی و چەند سیمایەکی تایبەتییەوە دەکرێ سیما گشتییەکان ئەوانەن، کە لە هەموو زمانێکدا هەن و تایبەتییەکانیش، پەیوەندی بەهەڵکەوتی کارەکە خۆیەوە هەیە.

٣٠-

| سیما گشتیەکان | سیما تایبەتیەکان |
|---|---|
| + مرۆڤ | + شلە |
| + گیاندار | + ورد کردن |
| + نێر | + سەرچاوەی دەنگ |
| + بەرجەستە | |

بۆنموونە نارێزمانی ئەم رستانەی خوارەوە نە بەزانیاری سینتاکسی و نە بە لێکدانەوەی رۆڵە واتاییەکان لێك نادرێتەوە، بەڵکو دەبێ کۆتەکانی کارەکە بەکاربهێنین:

٣١- أ-*ئاوەکە شکا.

ب- * کتێبەکە شکا.

ج-* مەڕەکە شکا.

تێبینی ئەوە بکە ئەم رستانە هەموو مەرجە سینتاکسی و واتاییەکان تێدایە هەرچەندە بەناڕێزمانی دادەنرێ، وەك لەم چاوچێوەیەدا دەردەکەوێ:

٣٢- شکا: کار < گ ن ______>

باس

ئەوەی کەلەنگی کردوون، شکاندن و بەزاندنی کۆتەکانی هەڵبژاردنە، واتە سیما پێویستەکان لەگرێی ناوی یان باسەکەدا نین.

٣٣- گرێی ناو

| (باس) | کار |
|---|---|
| ئاوەکە | شکا |
| + بەرجەستە | + بەرجەستە |
| + شلە | - شلە |
| + بشکێت | + بشکێت |

تێبینی ئەوە بکە کەئێمە لێرەدا دوای واتاسازی واتای حەرفی وشەکان کەوتووین، نەك واتای خوازراو کە بوارێکی جیاوازە رەنگە هەندێ لەم رستانەی ئێمە بەناڕێزمانی دادەنێین وەك خوازە بێ خەوش بن بۆنموونە ئەگەر مەبەست لە (ئاوەکە) ئەو شووشەیە بێ کە ئاوەکەی تێدایە (واتا ئاو مێتونیمی بێت) ئەوا رستەکە تەواوە چونکە هەموو مەرجەکانی هەڵبژاردن دێتە دی وێنەکە بەم جۆرەی لێدێ:

٣٤- شکا: کار

< گ ن + __________ >

| | |
|---|---|
| باس | شکا |
| (شوشـــــەی) | شکا |
| ئاوەکە | |
| + بەرجەستە | بەرجەستە |
| + رەق | + رەق |
| + دەشکێ | + دەشکێ |



## ٣-٥ زانیاری بەکارهێنان (پڕاگماتیك):

ئەوەی تا ئێستا کەموکوڕیەکی زەقە لە فەرهەنگە کوردیەکاندا نەبوونی زانیارییە لەبارەی ئاستی کۆمەڵایەتی وشە و زاراوەکان، وشە لەم رووەوە وەك کەسەکانی کۆمەڵێکە: چۆن هەرکەسە لەکۆمەڵێکدا پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەیە لەدیدی خەڵکی ترەوە، وشەکانی زمانیش بەهەمان شێوە بەیەك چاو سەیرناکرێن: هەندێ هێندە نزمن فەرهەنگەکانی لێیان دوور دەکەونەوە، هەندێ تەنیا لەناوچەیەك بەکاردێن هەندێ بەرزن لەبەرئەوەی لەهەموو کۆمەڵێك و ئاستێکدا دێن یا هەندێ تەنیا بۆ ژن دەشێن. . . هتد.

نەبوونی ئەم جۆرە زانیارییە لەفەرهەنگدا تێڕوانینێکی هەڵە لەفێرخوازدا دروست دەکات، چونکە وا دەزانێ هەموو ئەو وشانەی لە فەرهەنگێکدا هەن هەموویان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەیەك ئاست وپایە دان، ئەمیش دوای ئەو رادەیە رەنگە بەهەڵە بەکاریان بهێنێ بێ گوێدانە شوێن و بۆنە و باری بەکارهێنان بەم جۆرە ئەو وشەیەی بۆ ژن دەبێ جا ئەم لەگەڵ پیاودا بەکاری دێنێ یان ئەو وشەیەی بۆ بازاڕ دەشێ دەیباتە ناو قوتابخانەو زانستگاو کۆبوونەوەی گشتیەوە، دیسان ئەو وشەیەی لەنووسیندا دەبینرێ دەیباتە ناو گوتنەوە بەمەش تووشی هەڵە و زەللەی وەها دەبێ کە لەهەڵەی رێزمانی سزاکەی گەورەترە. سزای کۆمەڵ کە زۆرجار بەگاڵتەپێکردن وپلاو تانە دەردەبڕێ. پۆلێنکردنێکی بەسوود وشەکانی زمان بوپێی بۆنەو ناوچەو جۆری بەکارهێنان دەکرێ فەرهەنگناسی کورد کەڵکی لێ وەرگرێ، ئەم دابەشکردنەی خوارەوەیە کە شێواز بەسەر سێ رەهەند یان تەوەرەدا دابەش دەکات (crystai and Davy, 1969: 66)

٣٥-١: سیما هەمیشەییەکان (نەگۆڕەکان): زاری ناوچەیی/ ستاندەرد، زمانی یەکێك لە سەدەکان.

٢- سیماکانی گوتن: زمانی گوتن وزمانی نووسین، مۆنۆلۆگ و دایەلۆگ.

٣- سیما کاتیەکان: ١- بوار: زمانی یاسا، زانست. . . . هتد.

٢- پلەو پایە (بەرز، نزم(بازاڕی)، ئاسایی) بۆنەی رەسمی/ نارەسمی.

٣- تاکێتی (زمانی نووسەرێك)

٤- مۆدالیتی (زمانی واتە، گاڵتەجاڕی، زمانی یاداشت)

مەرج نییە فەرهەنگناسی کورد وشەکانی بەو پێیەی سەرەوە دابەش بکات، بەڵام ئەوەی جێی تاوتوێ نییە ئەوەیە کە جیاکردنەوەی وشە بەپێی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و نووسین و گوتن و زاری ناوچەیی و ستاندەرد لەم قۆناغەی کوردیدا کارێکی زۆر پێویستە.

جیاکردنەوەیەکی تری گرنگ لە کوردیدا کە لەم پۆلێن کردنەدا جێی بۆدانەنراوە (بەلآم دەچێتە ناو پلەو پایە) وشە تابووەکانە (محرمات) کەلە زۆربەی زمانەکاندا لەوانە کوردی دەبێت بەرچاو بگیرێ، تابوو لەدوو شێوەدا خۆی دەنوێنێ: راستەوخۆو ناڕستەوخۆ(ڕەنگ دانەوە) تابووی راستەوخۆ پەیوەندی بەناوی هەندێ نەخۆشی کۆئەندامی زاوزێ و دەردانەوە هەیە، ئەمانە بەزۆری فەرهەنگەکان فەرامۆشیان دەکەن، چونکە تۆمارکردنیان تەنانەت لەکۆمەڵە پێشکەوتووەکانیشدا تەنگ و چەڵەمە دروست دەکات. هەرچی تابۆ ناڕاستەخۆکانە لەفەرهەنگدا هەن بەلآم فەرهەنگنووس دیارییان ناکات و جیایان ناکاتەوە، ئەمانە دەبنە مینی کۆمەلآیەتی بەتایبەتی بۆ فێرخوازێکی بێگانە چونکە سەرزاری ئەم وشانە بێگوناهن، بەلآم بەکارهێنانیان لەبۆنەیەکدا، بەکارهێنانێکی جنسی تریان دەهێنتەوە یاد. بەم پێیە هەردوو واتاکە لەیەك بۆنەدا لە مێشکدا دەبن، ئەم دیاردەیە لەکوردیدا زۆرەو هەر لەکۆنەوە بەپۆزش هێنانەوە بۆبەکارهێنانی دەردەخات فەرهەنگسازی کورد دەبێ فێرخوازەکان لەمەترسی (هەڵسا، پیاکرد، تێکرد، تێخست)و سەدان وشەی تر ئاگادار بکەینەوە نەك پێیدا بتەقێتەوەو زیانی کۆمەلآیەتی پێ بگەنین.

## ٤- ئەنجام / لێکۆڵینەوەکە ئەم ئەنجامانەی بەزەقی لێ دەکەوێتەوە:

١- نەك هەر لەفەرهەنگسازی کوردیدا بەڵکو لەزۆربەی زمانەکانی تردا لاوازن و زانیارییەکی کەم دەدەن بەفێرخوازی زمان.

٢- دەکرێ ئەم دەروازە فەرهەنگیانە دەوڵەمەندو فراوان بکرێن، لەبەر رۆشنایی و بەکەڵك وەرگرتن لەو زانیارییە فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسی، سیمانتیکی و پڕاگماتیکی، ئەوانەی رۆژ لەدوای رۆژ زمانەوانی دەیانگاتێ ودەیانخاتە بەر دەست.

٣- فەرهەنگ لەئاستی ئەم تێڕوانینەدا بێت ناکرێ، کاری تاکە کەس بێت با ئەو کەسە زۆر شارەزاو لێهاتوو بێت چونکە ئەم هەموو لایەنانە بەتاکە کەسێك دابین ناکرێ ئەگەر هەموو ژیانیشی بۆتەرخان بکات. فەرهەنگە هاوچەرخەکانی ئایندەی کوردی دەبێ کاری کۆمەڵێك شارەزای لایەنە جۆربەجۆرەکانی زمان بن، واتا واچاوەڕێ دەکرێ کەبەری رەنجی تیمێك لە شارەزایان نەك تاکە کەسێك.

# سەرچاوەکان

أ-بەزمانی کوردی

عبـدالرحمن محمـدامین زەبیحـی(١٩٧٩) قامووسـی زمـانی کـوردی، بـەرگی دووەم، ب، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا.

ب- بەئینگلیزی

1 - Bauer, L. (1983) English word- Formation Cambridge: Cambridge University press.

2 -Crystal, D. and Davy, D (1969), Investigating English style. London: Longmans.

3 -Fattah. M. (1997) A. Generative Grammar of Kurdish. Unpublished doctoral dissertation. University of Amasterdam. L. (1994)

4 -Haegman L. (1994) Introduction to Government and Binding theory, 2nd edition Oxford: Blackwell.

**٭ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (نووسەری نـوێ) ژمـارە (١٩)ی کـانوونی یەکـەمی ٢٠٠١ز بڵاوکراوەتەوە.**

# ئیدیەمەکانی هاتن و چوون تێڕوانینێکی پراگماتیکیانە

## سەرەتا:

کارەکانی(هات) و(چوو) و هەندێ کاری تری وەك (هێنا) و (دا)و (وەرگرت) وەك ئامرازی نیشانەی(ئەم)و (ئەو) رەفتار دەکەن: واتە هەروەك چۆن ئەمە بۆ ئاماژەدان بۆ شتێك بەکاردێ کەنزیکی قسەکەر بێت. بەهەمان شێوە (هات) بۆ جولەیەك دەبێ کەبەرەو قسەکەر بێت یان بەئامانجی نزیك بوونەوە بێت لێی. هەروەها (ئەوە) و (چوو) لەوەدا یەك دەگرنەوە کە قسەکەر دەکەنە(مەبەست) واتە یان نیشانە بەشتێك دەدەن کە دوورە لەقسەکەر(لەوانەیە نزیکی قسەکەر بێت)، یان بس لەچوولەیەك دەکەن کە دوور کەوتنەوە لەقسەکەر پیشان دەدات. تاکەجیاوازی (ئەمە) و (هات) لەلایەك و(ئەوە) و(چوو) لەلایەکی ترەوە، تەنیا لەوەدایە ئامرازەکانی نیشانە ئاماژە بۆ شت و تەن و رووداو دەکەن، بەلاّم کارەکان (هات) و(چوو) باس لە چوولە دەکەن. هەمان جیاوازی و لێکچوون لەنێوان (ئەمە) و(هێنا) و(وەرگرت) لەلایەك و (ئەو) و(برد) و (ئەوە) و (دا) لەلایەیەکی تر دووبارە دەبێتەوە.

هەندێ زمانەوان وای بۆدەچن کە ئەم کارانە نەك هەر چوولە پیشان دەدەنییە بەلکو ئاماژە دەکەن، واتە ئاماژە بەشاراوەی چۆتە ناو ئەم کارانەوە هەر لەبەر ئەمەشە هەندێ جار بەکاری ئاماژەی ناودەبرێن.

لەهەموو ئەم کارانەدا بەزۆر لای قسەکەر خۆی دەبێتە چەقی گوتن واتە هەر لەبەرئەوەی گوتنی بەدەستە، هەموو تەوەرەکان لەژێر دەسەلاّتی ئەودا دەبێ: کات و شوێن و پلەی کۆمەلاّیەتی. . . . هتد، لە روانگەی ئەمەوە تێی دەڕوانرێ، هەرچەندە گواستنەوەی چەقی قسە بۆخەلکی تر کارێکی ئاسانە، بەلاّم ئەمەش هەر لە ژێر دەسەلاّتی ئەو دایە

لەکوردیدا کاری جولەی (چوون/ڕۆیشتن) یان(هاتن) جگە لەم بەکارهێنانەی لەژمارەیەکی زۆر ئیدیەم دا سەر هەلدەدەن، ۆنموونە (هاتەوە هۆش خۆی) یان (لەهۆش چوو). ئەم لێکۆلینەوەیە هەولێکی سەرەتاییە بۆ سەلماندنی گریمانەیەك:لێکدانەوەی ئەم بەکارهێنانە ئیدیەمانەی بەپێی ئەو راستیە کە چەقی یان مەلبەندی ئاماژە (باری ئارامە). لەباری وادا



یەکێك رەفتاری بەئاسایی دادەنرێ کە ژیرو وریا بێت و کاری چاوەڕوانکراو ئەنجام بدات، باری نائارامیش بە پێچەوانەوە.

لەبەرئەوەی (هاتن) جوولانەوەیە بەرەو مەبەست، بەرەو چەقی ئاماژە، بەرەو قسەکەر، گریمانەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو ئیدیەمانەی کەکاری(هاتن) یان(هاتەوە) تیایاندا وشەی سەرەکییە، هەمیشە هاتنە ئاراوەو دروست بوونی بارێکی ئاسای و لبار پیشان دەدەن. لەهەمان کاتیشدا، هەر لەبەر ئەوەی کاری(چوو) جوولەیەکە دوور دەکەوێتەوە لەمەبەست، لەچەقی ئاماژەو قسەکەر، دەبێ ئەو ئیدیەمانەی(چوو) یان تێدایە لادان ودوورکەوتنەوە و جیابوونەوە لەباری ئاسایی پیشان بدەن.

بەپێی ئەم گریمانە مەبەست لە(چوو) هێنانەدی بارێکی نائاساییە، لەبەر ئەمە، ناکرێ(هاتن) لەهیچ ئیدیەمێکدا بەواتای دوور کەوتنەوە و دەرچوون یان لادان لەباری ئاسایی بێت هەروەك ناشێ(چوون) نزیکبوونەوە بێت یان هەولێك بێت بەرەو بارێکی ئاسایی.

سەرچاوەی بەلگەی پشتگیری بۆ ئەم گریمانەیە لەبەکارهێنانی ئەم دوو کارەوە سەرچاوەدەگرن، کە بار دەگۆڕن. بەلاّم هەندێ ئیدیەم لەزمانەکەدا نیە. بۆ نموونە هەرچەندە هەروەك چاوەڕوان دەکرێ، دەربڕینێکی وەك: (سەری چوو مالێشی دەچێ) لەکوردی دا هەیە پێچەوانەکەی (*سەری هات) بەواتای خۆی گرتەوەو هاتەوە باری ئاسایی لەئارادا نییە. لەبەر ئەوەی گریمانەکە پێشبینی ئیدیەمی وەك ئەمەی دوای دەکات، نەبوونی ئەمانە لەزمانەکەدا گریمانەکە پووچەل ناکاتەوە، بەلکو بە بۆشایی واژەیی دەدەینە قەلەم کە بەرێکەوت لەبەر ناپێویستی دروست نەبوون. دیسان هەر لەبەر ئەوەی کە(هات) ناشێ بچێتە جێگەی(چوو) لەو ئیدیەمەدا(سەری چوو. *سەری هات) بەهەمان واتا (واتا بۆدوور کەوتنەوە لە مەبەست وباری ئاسایی) هەرئەمە لەخۆیدا بەلگەیەکی پتەوە بۆ دروستی گریمانەکە. بەهەر حال بەلگەی پشتگیری و بەلگەی دژیش ئەگەر هەبێت هەر دەبێ لەو بەکارهێنانەوە سەرهەلدا، کە باری ئاسایی و نائاسایی پیشان دەدەن لێرەدا لەبەکارهێنانی هەلسەنگاندنێتی ئەم دوو کارەش دەکۆلینەوە، چونکە ئەم بەکارهێنانەش پەیوەندیان بەبار گۆڕینەوە هەیە. بەکارهێنانی (هاتن) بۆ هەلسەنگاندن ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم کەسە یان ئەو رووداوەی باسی لێ دەکرێ گەیشتۆتە بارێك، کەقسەکەر یان خەلکی رازییە لێی بەلاّم بەکارهێنانی هەلسەنگاندنی (چوو) نەفەسێکی سەلبی(سارد) یان نەباش و نەخراپی لەگەل دایە: گرنگ ئەوەیە کەڕازیبوونی  قسەکەر یان خەلکی بۆ کەسەکە یان رووداوەکە بۆ دەست ناهێنێ بەم جۆرە مەبەستی (هاتن) لەم

بەکارهێنانەدا بەدی هێنانی بارێکی ئیجابیە، بەڵام مەبەست لە(چوون) هەڵسەنگاندنێکی سەلبی یان مام ناوەندییە. لەم بەکارهێنانەدا هەڵبژاردنی کارەکە (چوون/هاتن) رەنگدانەوەی روانگەو بۆچوون وهەستی قسەکەرە نەك بەدیهێنانی بارێکی دیاری کراو.

لە لێکدانەوەی ئیدیەمەکانی(هاتنوچوون)دا ئیدیەمەکانی باری ئاسایی دەبێت بە چەند گروپێکەوە:

یەکەم: ئەو بەکارهێنانەی باری ئاسایی دەگرێتەخۆ کە دووپات دەبنەوە، واتا دەکرێ چەند جارێك بچێتە بارەکەوەو بەجێی بهێڵن یان بکشێنەوە، یەکێك لەم بارانە هۆشە وەك: ژنەکە لە هۆش (خۆی) چوو لەدوایدا هاتەوە هۆش.

دووەم: ئەو بارانەی گەڕانەوەیان نییە، واتە دووپات نابنەوە لەبەرئەوەی بارەکە خۆی لەئەنجامی گەشەکردن و گەورەبوونێکی سروشتییەوە درێژ لەم کاتانەدا گۆڕانەکە بەدوو جۆر دێتە دی: یان گەیشتن بەبارێکی ئاسایی یان بەجێهێشتنی بارێکی ئاسایی. بەم دوو جۆرە بەدرێژی لەناونیشانی: چوونە ناوەوە و گەڕانەوە لەباری ئاسایی باسی لێوە دەکەین. بەدوای ئەمانەشدا باس لەهەڵسەنگاندن لە(چوون) و(هاتن) دەکەین. لەکۆتاییدا هەوڵدەدەین، کە درێژبوونەوەی ئەم تایبەتیانەی(چوون)و (هاتن) بەئاماژەکردنەوە گرێ بدەین.

## جۆرەکانی هاتن و چوون:

ئیدیەمەکانی هاتن و چوون دووبارە دەردەبڕن:

**أ-باری ئاسایی دووپات:**

تەماشایەکی خێرای ئەو ئیدیەمانەی گۆڕان نیشان دەدەن لەگەڵ (هاتن) و (چوون)دا ئەوە دەردەخەن، کە هەموویان یەك چەقی ئاماژە بەردەوام بەکاردێنن. دوا هەواری (هاتن) بەزۆری بارێکی ئارامە هۆشەکی بێت یان فیزیکی. دوا هەوارگەی (چوون) هەمیشە لەوە دەچێت بارێکی نائارام بێت، کە تەواوکەری چەقی ئاماژەیە. یەکەمجار لەو ئیدیەمانە دەدوێین کەباری ئاسایی دووبارە دەکەنەوە وەك چەقی ئاماژەیان.

أ-هاتن و چوون: ئەم نموونانەی خوارەوەە هەموویان پشتگیری گریمانەکە دەکەن. کۆمەڵەی یەکەم کە لەباری تووڕەییەوەن یەکسەر ئەوە پیشان دەدەن کە هێڵێك لەنێوان تووڕەیی و هەڵچووندا هەیە. لە هێڵەکە بۆ سەرەوە نائاساییە گەڕانەوە بەرەو هێڵەکە (یان چەقەکە) بارێکی ئارامە:



١-(أ) کەتووڕە دەبێت دەچێت بەئاسماندا.

(ب) قسەی لەگەڵ مەکەن تادێتەوە سەرخۆی.

هەموو نموونەکانیش ئەوە دەردەخەن کە هێڵەکە لەکوردیدا بەناوچەیەکی گرنگ دادەنرێ:

دەچێت * دێتەوە

لەباسکردنی پلەی گەرمای لەش و تاو لەرزدا هەمان بیرۆکە دووپات دەبێتەوە بە بەکارهێنانی(سەرکەوتن)= لادان و دەرچوون و (هاتنە خوارێ)= گەڕانەوە بەرەو باری ئاسایی:

٢-(أ) ئەمڕۆ تایەکەی سەرکەوتووە(بەرزبۆتەوە)

(ب) ئەمڕۆ تایەکەی هاتۆتە خوارەوە. (بەرەو ئاسایی/ نەك نزم بوونەوە).

هەمانە دیاردە، دەرچوون لە چەق و گەڕانەوە لەبواری پلەکانی سەرماو گەرمادا تێبینی دەکرێ. هەرچەندە لەم بوارەدا چەق بەئاسانی وەك پلەی گەرمای لەش دیاری ناکرێ، (سەرکەوتن) دیسان (دەرچوون) و(لادانە) بەڵام(هاتنە خوارەوە) بۆیان بەرەو پلەی ئاساییە.

٣- (أ) ئەمڕۆ پلەی گەرما سەردەکەوێ (بەرز دەبێتەوە)

(ب) بەڵام هەفتەی ئایندە دێتەوە خوارێ.

بەم پێیە (٣-أ) چوون بەرەو پلەیەك دەگەیەنێ کە گەرم وناخۆش وناڕەحەت بێت. هەرچی (٣ - ب) ئەوە ناگەیەنێ کەپلەی گەرما بەجۆرێك بێت هێندە سارد بێت، کە خەڵکەکە ناڕەحەت بکات، بەڵکو گەڕانەوە پیشان دەدات بەرەو چەقێکی یان بارێکی ئاسایی، کەواتە رووی گۆڕان لە(٣-أ) بۆ بارێکی نائاساییە، بارێکی ناپەسەند و ناخۆش بەڵام لە(٣-ب) بەرەو بارێکی پەسەندو لەبارە.

هەموو رستەکانی سەرەوەە بواری لێکدانەوە دەدەن، کە بە تەواوی لەگەڵ گریمانەکەدا رێك دەکەوێ: (هاتن) چوونە ناوەوەی بارێکی ئاسیایی و ئارام و پەسەندەن، چوون/کەوتن دەرچوونە لەو بارە ئاساییە. هەمان بیرۆکە لەرستەی تریشدا دەردەکەوێ:

٣-(أ) ژنە لەهۆش خۆی چوو. (ب) ژنە هاتەوە هۆشی خۆی.

(ج) ژنە وەرەوە هۆشی خۆت. و ماڵت وێران مەکە. (د)* ژنە بچۆرەوە هۆشی خۆت.

(٤. أ) نایاساییبوونی باری ژنە پیشان دەدات، (٤. ب) ئاسایی بوونەوەی لە (أ)دا کاری (چوون) بەکارهاتووە و لە (ب)دا کاری (هاتن). ئەمە بەتەواوی لەگەڵ بۆچوونەکەدا رێکە. رستەی (٤. ج) ئامۆژگاری دەگەیەنێت لێرەدا تەنیا کاری (هاتن)

بەکاردێ نەك (چوون)، چونکە ئامۆژگارییەکە بۆ گەڕانەوەیە بۆ بارێکی ئاسایی پەسەندە نەك بۆ دەرچوون و لادان و دوورکەوتنەوە لەباری ئارام هەر لەبەر ئەمەشە کە رستەی(٤. أ و٤. ب) دروستن بەڵام رستەی (ج)دروست نییە.

دەبێ لێرەدا تێبینی جیاوازیەکی گرنگ لەنێوان (چوون) و (چوونەوە) دا بکەین. (چوونەوە) تەنیا دووبارەکردنەوەی (چوون) نییە وەك لەهەندێ رستەدا دەردەکەوێت:

٥- أ: بچۆ کتێبەکەم بۆ بێنە.

ب: بچۆرەوە تێی بگەیەنە (بۆجاری دووەم)

بەڵکو واتای گەڕانەوە دێت بۆبارێکی ئاسایی. لەم کاتەدا، کە بەزۆری لەئیدیەمەکاندا روودەدا، جیاوازی لەنێوان (هاتن) و(چوونەوە)دا نامێنێ و هەردوو کارەکە بەهەمان مەبەست لەیەك ئیدیەمدا دێن وەك لەم رستانەدا دەیبینین.

٦-أ: کوڕەکەم بەخۆتا وەرەوە، هەڵەکە لەخۆتایە.

ب:کوڕم بەخۆتا بچۆرەوە، هەڵەکە رەنگە لەتۆدا بێت.

لێکدانەوی (٦-أ) ئاساییە، باوکە داوا لەکوڕەکە دەکات بەرەو باری ئاسایی بگەڕێتەوە، واتە هەڵەکە راست بکاتەوە. لێکدانەوەی رستەی(٦-ب) کەلەوە واتادا هەروەك رستەی(٦-أ)ە، پێویست بەوە دەکات ئاگاداری دوو جۆر جووڵە بین: یەکێکیان لادان و دەرچوونە لە هێڵە ئاساییەکە کە پێشتر رووی داوە ئەویتریان (گەڕانەوە) بۆباری یەکەم کە ئاسایی وپەسەندە.

هەرلەبەر ئەمە، وا هەست دەکەین کە ئەگەر جیاوازییەك لەواتای ئەو دوو رستەیەدا هەبێت، ئەوا لەوەدایە کە یەکەم لادان و دەرچوونی کوڕەکە دەکات بەژێرەوە، واتە ئاماژەیەکی راستەوخۆی بۆ ناکات، بەڵام ئاماژەکردنە بۆهەڵەو دەرچوونی کوڕەکە لەباری ئاسایی یەکەم جار زیاتر ئاشکرایە وبەهۆی پاشگرەکەوە ئاماژەی بۆکراوە.

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین، کە رەفتاری ئەم کارانە لەئیدیەمدا هەروەك رەفتاریانە لەرستەی ئاساییدا: هەروەك (چوون) دوورکەوتنەوە لە چەقی ئاماژە نیشان دەدات و (هاتن) جووڵە بەرەو ئەو چەقە پیشان دەدات، کە قسەکەر خۆیەتی، لە ئیدیەمیشدا (چوون) دوورکەوتنەوە و (هاتن) نزیکبوونەوە لەباری ئاسایی و پەسەند نیشان دەدات. کەواتە جیاوازییەکە لەوەدایە چەقی ئاماژە لەجیاتی ئەوەی قسەکەر بیت دەگویزریتەوە بۆ هێڵی نێوان باری ئاسایی نائاسایی. ئەمەش لەبنەمای (منیتیەوە)ەوە هەڵدەقوڵێت. کەتێدا قسەکەر هەر لەبەرئەوەی قسەکەرە نەك لەبەر هیچ جیاوازێکی تر خۆی بەسەر هەموو باری قسەکردنەکدا



دەسەپێنێ و هەموو رووداوەکە لەڕوانگەی خۆیەوە سەیر دەکات. خۆی دەکات بەچەقی کات وشوێن وپلە و پایەی کۆمەڵایەتی. بەپێی ئەم بنەمایە قسەکەر بارێکی گەورە نادات ئەگەر خۆی و باری خۆی بەباری ئاسایی و پەسەند دانێت و هەموو بارێکی تر بە نائاسا ناپەسەند بەراوردکردنی ئەم رستانەی خوارەوە ئەو راستیە دەخاتەمست کە قسەکەر لەکۆمەڵەی(٧)دا شوێن لەڕوانگەی خۆیەوە دەبینێ و لە کۆمەڵەی (٨)دا باری خۆی بەباری ئاسایی دادەنێ، هەموو بارێکی تر بەنائاسایی دەزانێ:

٧- أ. دەچمە ژوورەوە.

ب. دێمە دەرەوە.

ج. دەچمە ژوورەوە.

د. دێمە ژوورەو.

کە رستەکانی (٧) دەخرێنە نێوان قسەکەر و گوێگرەوە، ئەو راستیە دەکەوێتە روو، کە (٧. أ و٧. ب) کاتێ دەگوترێ کەقسەکەر خۆی لەژوورەوە بێت، هەروەها (٧. ج و٧. د) کاتێ دروستن کە خۆی لەدەرەوە بێت. واتە لەم رستە ئاساییانەدا (ق) چەقی هەموو چالاکیەکانە.

٨- أ. لەهۆش چوو.

ب. هاتەوە هۆش خۆی.

وەك دەبینین لە(٨-أ)دا (چوون) دوورکەوتنەوە لەبارێکی ئاسایی پیشان دەدات ئەو بارەی (ق) بەئاسایی دەزانێ

و(٨-ب) گەڕانەوەیە بۆ ئەو بارەی کە بە روانگەی (ق) ئاساییە.

زۆربەی ئەو نموونانەی کە تا ئێستا خستوومانەتە روو لەو جۆرەن، کە هەردوو کارەکە(چوو)و (هات) (لەهۆش خۆی چوو) کەپێچەوانەی یەکترن، بەڵام ئەو جۆرە ئیدیەمانە لەزمانەکەدا کە من و ئەمەش دژی گریمانەکە نییە، بەڵکو بۆشایی لێکسیکی دێنە بەرچاو کەلەوانەیە لە ئایندەدا لەکات و باری پێویستدا دروستبن. ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە(هات) و(چوو) هەردووکیان، یان هەرجارە یەکێکیان لەچەند بوارێکی واتاییدا وەك ئیدیەم بەکاردێن، کەبڵاوترینیان بواری بەهۆشی و بێهۆشی وتووڕەیی و لەسەخۆیی و سەرسەختی و گوێڕایەڵی و تیاچوون و تیانەچوونە هەروەك لەم نموونانە دەردەکەوێ:

(١) بەهۆشی وبێهۆشی:

٩-أ. لەهۆش خۆی چوو. ب. هاتەوە سەرخۆی. ج. چاوی(نە) چۆتە خەو.

(٢) تورەیی و ئارامی:

١٠- أ. چوو بەئاسماندا.     ب. زۆر زوو هەڵدەچێ.

(٣) سەرسەختی:

١١- أ. چوو بەقینا  ب. چۆتە سەردار و نایەتە خوارێ.

(٤) تیاچوونو / تیانەچوون:

١٢- أ. وابکات تیا دەچێت.  ب. سەری تیاچوو.  ج. تێکچووە.  د. سەری چوو بەقوڕدا. ه. لەناوچوو.

ل. بەپەنگ چوو.  ن. لەدەست چوو   و. بەکوشت چوو.

. (٥) نارەحەتی وناخۆشی:

١٣- أ. دەستی چوو بە زاخا ب. چاوی چووە بەقوڵا. ج. چۆتە دیجیتاڵەوە.  د. قوڕت تێوە دەچێ.

(٦) گۆڕان بەرەو خراپ:

١٤- أ. لەخۆی دەرچوو (گۆڕاوە).

بەپێچەوانەی (چوو) کاری(هات) بەزۆری لەبواری واتایی خۆشی سەرکەوتن و چاکبوونەوە بەکاردێ بڕوانە ئەم نموونانە:

١٥- أ. هاتەوە سەرخۆی.   ب. هاتە سەر تەخت.   ج. هاتەوە هۆش.   ه. هاتە دەست. درەنگی هاتەوە.  و هاتەدی

ب- باری ئاسایی - دووپات بوونەوە:

جگە لەو ئیدیەمانەی کەچەقی ئاماژەییان بارێکە، کە لە کاتدا جارێکیتر دووپات دەبێتەوە، هەندێ ئیدیەم لەئارادا هەیە کەچەقی ئاماژەیان لەبارێکی وەها پێك دێ، کە دووبارە نابێتەوە. لێرەدا مەبەست لەدووبارە نەبوونەوەی ئەوەیە کە نەچوویێتە بارێکەوەن بەجێهێشتن و هاتنە دەرەوە نەبێ یان بەپێچەوانەوە کە بەجێهێڵرا  جارێکی تر چوونە ناوەوەی نەبێ، گەڕانەوە و نەهاتنە دەرەوە لەم بارانەدا وەك نەگەڕانەوەی کات لە واقیعدا وایە: وەك (چوون) کاتێك بەسەرچوو نایەتە دواوە، هەروا ئەم بارانە کە هاتن و دەرچوون لێیان مەحاڵە. بارەکە دەکرێ بەهەمیشەیی سەیر بکرێ. لەبەر ئەوەی بوون و گەشەی کات، یەکێکە لەم بارانەی هاتنە ناوەوە، تەنیا سنووری چوونە ناوەوە کە ئاماژەی بۆ دەکرێ، واتە لەم حاڵەتەدا تەنیا کاری (هات) بەکاردێ. هەرکاتێکیش بارە نا ئاساییەکە بەناچاری دروست بوو بە



تێپەڕبوونی کات، ئەوا هەر سنووری چوونە دەرەوە لەبارەکە ئاماژەی بۆ دەکرێ و کاری (چوون) بەکاردێ ئەم بارانە هەیەو تەواو بوونیان نییە، یەك سنووری ئاشکرا ودیاریان هەیە: چوونە ناوەوە بەم جۆرە، کە تێپەڕبێ بەم پێیە تەنیا کاری (چوون) نەمانی کارێکی ئاسایی پێشتر نیشان دەدات.  دوو جۆر دووپات نەبوونەوە لە ئارادا هەیە.

١-چوونە ناو بارێکی سنوور بەند: هەر کاتێ دەروازەی بارێکی سنووردار دیاریکرا، مەبەست هێنانەدی بارێکی ئارامە (چەقی ئاماژە) هەروەك لەم رستانەدا دەبینرێ:

١. أ- دارا بە خۆیدا هاتووە. (گەورەتر بووە)

ب-* دارا بەخۆیدا چووە.

ئەگەر (گەورەبوون)تەنیا چەند ساڵێك بەردەوام بێت، لەدواییدا منالی بگەڕێتەوە، ئەوا گریمانەکە دەبێ دەربڕینێك هەبێ کە(چوون)ی تێدا بەکاربێت، بۆ ئەم بەجێهێشتن و گەڕانەوەیە. نەبوونی ئەم جۆرە ئیدیەمانە پەیوەندی بەسروشتی بارە ئارامەکەوە خۆیەوە هەیە: کە هات ناگەڕێتەوە. کە جارێك پیربوویت هەموو کاتێ پیریت. کات بەرەو پێشەوە دەڕوات، لەپشتەوەی بەرەو پێشەوە ناڕوات. لەبەرئەوە ئیدیەم نییە بە(چوون) کە دەرچوون یان گەڕانەوە لەم بارە ئارامە پیشان بدات. ئەم نموونانەش دیسان پشتی ئەم راستییە دەگرن:

٢. أ. پیاوەکە لەپڕ بەلادا هات. (مرد)

ب. *پیاوەکە لەپڕ بەلاداچوو.

لێرەدا دەبینین کە گەڕانەوە لە چەقی ئاماژە (أ)دا ناکرێ لەبەرئەوە (ب) بوونی لەزمانەکەدا نابێت.

ئەم ئیدیەمانەی خوارەوەش بارێکی ئارام لە چەقی ئاماژەیاندا هەیە. لەهەموو نموونەکاندا تەنیا کاری(هات)و ئەلۆمۆرفەکەی لەبارن و ئەو کارانەش کە پێیان لێك دەدرێنەوە دیسان گەرمن (پۆزەتیڤ) نەك سارد.

٣- لەپڕ بیرێك هات} بەسەریدا.

*چوو}

٤- هەموو خەونەکانی هاتە}  دی.

*چوو}

٥- پارەیەکی چاکی هاتە } دەست. (پەیدا کردووە)

*چووە}

٦- هەموو لایەنە شەڕکەرەکان پێك هاتن} (ڕێك کەوتن)
*چوون}
٧- تەمەنی نوحی بۆ هاتووە}.
*چووە}
٨- چاوی تۆی پێوە دێت}.
*دەچێت}
٩- گوڕەی داوێنی دێت} (چالاکە)
*دەچێت}
١٠- هاتنەوە} سەر بای بەرە.
چوونەوە}
١١- بارێکی باش هاتۆتە} گۆڕێ. (دروست بووە)
چۆتە}
١٢- شتی وەهای دێ} بەخەیاڵدا!
*دەچێت}

## ٢. بەجێهێشتن و دەرچوون لەبارێکی سنووربەند:

پێچەوانەی ئەو بارەی لە(٣-١)دا لێی دواین هەندێ جار دێتە کایە: بارێکی دووپات نەبۆوەی ئاسایی، کە گەڕانەوەی نەبێ هەر کاتێك بەجێهێڵرا. لێرەدا ناشکرێ کە بارێکی ئاسایی پێش ئەمەش هەبووبێت کە کاری (هاتن)ی تێدا بەکار هاتبێت. هەموو ئەم بارانە کاری (چوون)ی تێدا دێت: لەم ئیدیەمانەدا کاری (هات) بەکارناهێنرێ بۆ بەجێهێشتنی بارەکە و جیابوونەوە لێی. دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، ئەم جۆرە ئیدیەمانە (واتە ئەوانەی دەرچوون و لادان لەسنوور پیشان دەدەن) ژمارەیان لەوانە زیاترە کە چوونە ناوەوە دەگەیەنن. سەیرێکی ئەم نموونانە بکە:

١٣. أ. ئابڕوویان چوو}.
* هات}
ب. ڕەنجتان بەبا چوو}.
* هات}



ج. بە گورگان خواردوو چوو}.
*هات}
د. چووە} ساڵەوە.
*هاتە}
چ. دڵی دەچێت}.
*دێت}
ح. ڕێی لەبەر ناچێت}.
*نایەت}
خ. ئاگری لەماڵ چوو} (بەربوو)
*هات}
ڕ. سەری بەتاشین چوو}.
*هات}
ر. دەمی چۆتە}کلیلە.
*هاتۆتە}
ز. تەوقی چۆتە}گەردن.
*هاتۆتە}
ژ. چاوی دەردەچێت}.
*بێت}
س. دەستی چۆتە} خوێنی.
*هاتۆتە}
ش. چۆتە} بن کلێشەی.
*هاتۆتە}
ع. دڕکی پێدا چوو}.
*هات}
غ. چووە} ژێری. (دانی بە هەڵەکەیدا)
*هاتۆتە}
ف. بەسەریەوە ناچێت}.
*نایەت}

هەموو نموونەکانی سەرەوە کە کاریی (چوون)ی دروستیکردوون دەرچوون و لادانێکی هەمیشەیی لەبارێکی ئارامەوە بۆ بارێکی خراپ یان نائارام نیشان دەدەن. کە کاری (هاتن) لەم بارانەدا هەرگیز بەکارنایەت. نموونەی تریش لەم بابەتەزۆرە.

١٤. أ. ئاوی چۆتە ژێر. = جێی لەق بووە.

ب. چووە بەرِقا. = تووڕە بووە.

ت. بەسەریاندا چوو. =بینینی لەبارێکی خراپ دا.

ج. دەستی تێوەچوو. = تووش بوو

چ. مۆتەکە چۆتە کۆڵی.

ح. دەستی چوو بەزاخا.

خ. گیانی دەرچوو. (مرد)

د. لەگرێژنە دەرچوو. (شیرازە)

ر. لێی چۆتە سەر وداریێ نایەتە خوارێ. (کەللە رەقی)

ز. مۆری بەسەر چوو. (باوی نەما)

ژ. ناوی بەقوڕا چوو.

س. وەك کەو چوو. (بەزیو)

ش. لە رەت دەرچوو.

ع. بەشوو چوو. (خەڵەتا)

## ٥. روانگە یان تێڕوانینی ق:

هەندێ بەکارهێنانی (چوون) و (هاتن) هەیە، کە بیرۆچکەی جووڵەیان تێدا نەماوە یان بوون بەژێر سیمای واتایی ترەوە کە باڵی بەسەر کەرتەکانی ئیدیەمەکەدا کێشاوە. ئەم بەکارهێنانە بەندە بەتێڕوانینی قسەکەر: بەکارهێنانی (هات) واتایەکی باش لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام هەڵبژاردنی (چوون) نارەزایی ساردی و تورەیی پیشان دەدات. چاکترین نموونە لەمانە ئەو ئیدیەمانەن کە قسەکەر دەتوانێ جێی (هات) و(چوو) بگۆڕێ:

١٥. أ. بەسەریاندا هاتم. (ئامۆژگاریم کرد)

ب. بەسەریاندا چووم. (لەبارێکی خراپ بینیمن).



جیاوازی نێوان رستەکانی ١٥ لەوەدایە کە لە(أ)دا قسەکەر وای بۆدەچێت کارێکی باشی ئەنجام داوە، بەڵام لە(ب) لەو بارە نارِازیە کەخەڵکەکەی تێدا دیوە. ئەم هەڵوێستەی قسەکەر هەندێ جار بەبەکارهێنانی پێشگرێك لەگەڵ (هات) و(چوو)دا دەگاتە ق بڕوانە رستەکانی (١٦):

١٦. أ. چایەکە هەڵچوو.

ب. هەویرەکە هەڵهات.

تێبینی ئەوە بکە کەهەر کاتێ (هات) لەگەڵ پێشگرێکدا کۆبووەوە، واتاکەی یان باشە یان بێلایەن. بەپێچەوانەشەوە، کە (چوو) لەگەڵ پێشگرێك دا دێ، واتا ساردەکە فرێ نادات. بڕوانە نموونەکانی (١٧)(أ) و(١٧) (ب):

١٧. أ. ١- وا رۆژ هەڵهات. (باش)

٢- داهاتەکەی چەندە. (بێلایەن)

٣- چۆن راهاتن؟ (بێلایەن)

٤- جلەکانی لێ هات. (باش)

٥- ساڵەکە بەهاتە. (باش)

ب. ١- ئاوەکە هەڵچوو. (خراپ)

٢- زەوییەکە رۆدەچێت. (خراپ)

٣- سەرو ماڵیان تیاچوو. (خراپ)

٤- ستڵەکە لێی دەچێت. (خراپ)

بەکارهێنانی (هات) ئەوە پیشان دەدات، کە (ق) لەکارەکە دایەو بەلایەوە باشە و هاوبەشی تێدا دەکات و بەباشی دەزانێت وپاڵپشتی دەگرێ یان ئاکامەکانی بەدڵە سەرنجێك لەم رستانەی خوارەوە بدە (١٨. أ) هاوبەشی و هاوهەستی (ق) دەردەخات، بەڵام (١٨. ب) بێلایەنێتی دەدرکێنێ:

١٨. أ. بەخۆیدا هاتەوە.

ب. بەخۆیدا چووەوە.

هەمان هاوبەشی کردن ولێ رازی بوون لە (١٩. أ) دەبینرێ. بەپێچەوانەشەوە (١٩. ب) ساردی وبێلایەنی (ق) دەردەخات:

١٩. أ. هاتە ژێر بار. =(ڕازی بوو بەکارەکە) = (نزیکی (ق) لەبڕیارەکەی نیشان دەدات)

ب. چۆتە ژێر بار. (دووری و نارازی بوونی (ق) لەهەڵوێستی (گ) نیشان دەدات.)

دیسان لەم دوو رستەیە ورد بەرەوە: (٢٠. أ) بێلایەنی گ یان بەپیرەوە چوونی دەردەخات. (٢٠. ب) نارازی بوون ودردۆنگی ق دەدرکێنێ لەو بارەی (گ) تێیدایە:

٢٠. أ. منالەکە هاتە کۆلی.

ب. ژنەکە چۆتە کۆلی.

بەکورتی دەشێ پێ لەسەر ئەوە داگرین کە بەکارهێنانی روانگەیی (هات) و (چوو) جۆرێکی ترە لەبەکارهێنانی ئاماژەییان. لەبەکارهێنانی رواگەییدا چەقی ئاماژەی (هات) دەکاتە خالی پەسەند و چەقی ئاماژەی (چوو) دەبێتە خالێکی دوور لە (ق) و دوور لە رەزامەندی ئەم. ئەم واتا گوێزانەوەیە وەنەبێت بازێکی گەورەو دژوار بێت، چونکە هەموویان لەیەك سەرچاوە دێن. (بڕوانە بەشی کۆتایی).

## ٤. بارە ئاساییەکان و تێڕوانینە پەسەندەکان:

کەواتە (هات) و(چوو) لەدوو چۆرە ئیدیەمدا دەبنە کرۆك و تەوەرە: ئەوانەی بارگۆڕن و جوولەی راستەقینە پیشان نادەن و ئەوانەی بارهەڵسەنگێنن، واتا بارە چاوەڕێکراوەکە بەپەسەند یان ناپەسەند دادەنێن. دەکرێ هەردوو جۆرەکەش، بارگۆڕ وبار هەڵسەنگێن، بگەڕێنەوە بۆ بەکارهێنانە بنەڕەتیەکەی (هات) و(چوو) کە جوولە و بزاوتنە، واتا هەردوو جۆرە ئیدیەمەکە درێژبوونەوەو فراوان بوونێکی ناپیتی یان خوازەیی جوولە و بزاوتنە نەك هەر ئەمە بەڵکو هەموو واتاکانی (هات) و(چوو) لەبنەمایەکی گەورەترەوە سەرچاوە دەگرن کە بنەمای هەر منیتیە لەزماندا.

منێتی تێڕوانینی (ق)ە بۆباری دواندن. (ق) هەر لەبەرئەوەی (ق)ە نەك لەبەرئەوەی خاوەنی جیاوکی ترە هەموو باری دواندن لەچاوی خۆیەوە دەبینێ واتا کات و شوێن و پلەی کۆمەلایەتی هاوبەشەکانی هەمووی بەخۆیەوە بەند دەکات و خۆی دەکاتە تەوەرەی باس (چەقی ئاماژە) ئەگەر گۆڕانێکیش لەتەوەرەکەدا سەرهەڵدات ئەوا دیسان هەر بەدەست (ق) خۆیەتی. بۆنموونە لە لێدوانێکدا کەبە(گ) دەلێ: (وەرە)، ئەوە جولە بەرەو لای خۆیەتی و کاتێ قسەکردنەکە خۆی دیاری کردووە (لێرەدا (گ) یان لەپلەی خۆیایەتی، واتا هاوشانە لەگەڵیدا یان لەخۆی نزمترە: ناکرێ گوێگر لەخانەیەکی گەورەتدا بێت و ئەم بە(وەرە) بانگی بکات. لێکدانەوەی بەکارهێنانە ئیدیەمەکانی(هات) و (چوو) بەندن بە بەکارهێنانە نائیدیەمەکان و هەمووشیان پێکەوە لەبنەمای هەرمنیتیوە سەرچاوە دەگرن. رەهەندی یەکەم



لە گواستنەوەی واتای(هات) و (چوو) دا بەندە بەباری ئاسایی و نا ئاساییەوە: هەر کاتێ تەوەرەی ئاماژە یان باس باری ئاسایی بێت، بەکارهێنانەکانی(هات) گەیشتن بەو بارە دەگەیەنن و بەکارهێنانەکانی (چوو) دەرچوون و لادان و دوور کەوتنەوە لەو بارە پیشان دەدەن. (بەشی ٣،٢ی ئەم باسە پشتگیری تەواوی ئەم بۆچوونە دەکەن لەکوردیدا). باری ئاسایی لێرەدا ژیرێتی و دروستی تەن و هەموو رەفتارێکی ئاسایی و چاوەڕێ کراو دەگرێتەوە خۆی و ئەمانەش دەبنە ئەو خالەی کە(هات) دەیەوێ بیان گاتێ و (چوو) لێیان دوور دەکەوێتەوە و دەردەچێ. لەڕاستیدا ئەم بارە ئاساییە دەکرێ لە پراگماتیکدا بە بارێکی نیشان نەدراو دابندرێ لەوەدا کە بەدەگمەن پلەکانی دروستی وشەیان بۆ دابنرێ بەلام هەموو دەرچونێك لە تەندروسی و ژیری رەفتاری ئاسایی بەجۆرێك لەنەخۆشی دادەنرێ و وشەی بۆ تەرخان دەکرێ. باری ئاسایی کە هەدەف ومەبەستی کاری (چوو)ە دبێتە بارێکی نیشان دراو. لەبەرئەوەی زۆر لەو بارە ئاساییانەی دەکەونە تەوەرەی باسەوە ناو یان وشەی وردیان بەرامبەر دانەنراوە، ناکرێ هەموو ئەو بارە ئاساییانە لەچاوچێوەی کۆمەلێکدا بن. بێگومان رەنگە باری ئاسایی و نائاسایی لەکۆمەلێکەوە بۆ یەکێکیتر بگۆڕێ. گۆڕانی وەها بێگومان کاردەکاتە سەر وەرگێرانی ئیدیەمە ئاماژەییەکان لەزمانێکەوە بۆزمانێکی تر، بەلام ئەوەی ناشی گۆڕێ لە زمانەکاندا ئەوەیە کە (هات) و هاوواتاکانی دەبێ هەرگیز چوونە ناوەوەی بارێکی ئاسایی بن، هەروەك(چوو) و هاوواتاکانی دەبێ جێهێشتنی ئەو بارە پیشان بدەن. لە رووی پراگماتیکەوە دوو جۆر باری ئاسایی جیا دەکرێنەوە: باری ئاسایی دووپات بووەوە کە تیایاندا هەدەفی(هات) دەکاتە سەرچاوەی(چوو) و باری ئاسایی هەمیشەیی، کە یان چوونە ناوەوە یان دەرچوونی تێدایە، لەبەر ئەوە(هات) و (چوو) هەر یەکێکیان لەم بوارەدا کار دەکەن بە پێچەوانەی یەکتری بەکارنایەن.

رەهەندی دووەم لەگواستنەوەی واتایی (هات) و (چوو) بەرەو بواری هەڵسەنگاندنە بە پەسەندکردنی یان پەسەندنەکردنی بارەکە یان کردەکە. جیاوازی نێوان (هات)و (چوو) لێرەشدا بەندە بەبەکارهێنانی جوولەیی ئەم دوو کارە، هەروەك چۆن لەبەکارهێنانی ئاماژەییدا (هات) جوولەیە بەرەو قسەکەر، لەبواری هەڵسەنگاندنیشدا هەدەفی (هات) دەکاتە ئەو بارەی کە (ق) خۆی تێدا دەبینێت وخۆی تێداگیردەکات. بەم جۆرە (هات)ی هەڵسەنگاندن (ق) دەخاتە بارێکەوە کە خەلکی بەدڵیان بێت وخۆی لەکاتی لێدواندا تێدا ببینێتەوە. ئەمەش وادەکات کە هاتی هەڵسەنگاندن هاوبەشێتی و هاوڕێیەتی پیشان بدات. بەپێچەوانەشەوە چوونی

هەڵسەنگاندن، هەروەك (چوو)ی ئاماژە شوێنێكی دوور لە(ق) نیشان دەدات لەكاتی لێدوانداو ئەمەش وای لێدەكات كە واتایەكی ناپەسەند پەیدا بكات.

### ٥- ئەنجام:

تائێستا وا بۆكێشەكە چووین، كە گوایە واتا ئیدیەمیەكانی (هات)و (چوو) لە واتا ئاماژەییەكانەوە وەرگیراون و فراوانبوون و خوازەیی واتایی ئەمانن. بەڵام دەكرێ واتا ئاماژەییەكانیش خۆیان وەك فراوانبوون و درێژبوونەوەیەكی منێتی یان ئێرەو ئەوێ و ئێستا ئەوسا سەیربكەین كە تیاندا لاق هەمیشە تەوەرەی باس كردن وئاماژە بۆكردنە. بەم پێیە لەئاماژەدا منێتی شوێن و جێگەی (ق)ە یان ئەو جێگەیە كە (ق) بەتەوەرە هەڵی دەبژێرێ. لەئاماژەكردندا بۆ بار درێژبوونەوە منێتیە بۆبارێكی چاوەڕێكراو. هەروەها لەئاماژەكردنی هەڵسەنگاندندا درێژبوونەوەی منێتی ئەو بارەیە، كە ڕەزامەندی خۆی و خەڵكی لەگەڵ دایە. بەم جۆرە هەموو بەكارهێنانێكی هاتن و چوون سەرچاوە لەبنەمای منێتی دەكرێ، كە بەرامبەر نامنێتی دەوەستێ و هەڵبژاردنێكە لەنێوانیاندا.



## References

1- Fillmor, Charles J. 1966. Deictic categorics in semantics of come. Foundation of Language 2. 219-2.

٢- -------------------- ١٩٦٩. Types of Lexical information. In Kiefer F. (ed) Studies in syntax and. Semantics. 109-137. Amsterdam: Reidel.

٣------------------- -------- 1972. How to know whether you are coming or going. Studies in descriptive and applied linguistics. International Christian University: Tokyo, 5. 3- 17.

4-Levinson, S. 1983 Pragmatics. Cambridge University Press: Cambridge .

5- Lyons, J. 1975. Deixis as the source of reference. In Keenan E. (ed) Formal semantics of natural language .

6- Yourgrau P. (ed) 1990 Demonstratives. Oxford University Press: oxford.

*** ئەم لێكۆڵینەوەیە لەگۆڤاری تایبەت بە توێژینەوەكانی كۆنگرەی یەكەمی زانستی زمان لە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوكراوەتەوە.**

# زمانی شیعر روانگەیەکی زمانەوانی وپڕاگماتیکی

**سەرەتا:**

*بەپێچەوانەی* زمانی ئاخاوتنی رۆژانە زمانی چیرۆك و زمانی زانستەکان، زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە چونکە نە کات(مێژوو)، نە شوێن(جوگرافیا)، نە رێزمان، نەیاساکانی واتاسازی، نە رێنووس سنووری بۆ ناکێشن و لەدەستەڵاتی کەم ناکەنەوە.

نەك هەر ئەمە بەڵکو شاعیر بۆی هەیە هەموو زمانە مرۆڤیەکان بەسەرچاوەی خۆی دانێ و فەرهەنگی ئەم هەموو فەرهەنگەکانی جیهانە بەهەر زمانێك بن و لەهەر سەردەمێکدا کۆکرابنەوە. ئەو ئازادییەی شاعیر هەیەتی، نووسەری تر مەگەر هەر خەوی پێوە ببینێ. جا شێوازێك ئەم هەموو توانایەی لەبەر دەست دابێت، سەیر نیە ببێتە لوتکەی شێوازەکان لەبەهێزی وئاڵۆزی دا. زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و رەسەنترین بەکارهێنانی زمانە.

## ١- زمانی شیعر:

### ١-١ رەسەنایەتی زمانی مرۆڤ:

بەباوەڕی چۆمسکی نەك هەر زمانی شیعر بەڵکو هەموو زمانە مرۆڤیەکان رەسەنن لەوەدا:

١- کە بە ژمارەیەکی کەم لە دەنگ کەرەسەیەکی لەبن نەهاتوو لەرستەو وشە بەرهەم دێنن کە بەهۆیانەوە هەموو بیرەکانی مرۆڤ لەبارەی خۆیان دەوروبەریانەوە دەگەنە مرۆڤی تر.

٢-سنوور بۆ ژمارەی دەنگ(فۆنیم) و تاڕادەیەکیش بۆ ژمارەی وشە دەکێشرێ، بەڵام سنوور بۆدرێژی رستە و ژمارەیان لەزمانێکدا دانانرێ: بۆنموونە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانە مرۆڤیەکان تێکڕا لەنێوان(٣٠-٧٠) دایە، بەپێی جۆری لێکدانەوە ژمارەی وشەکانیشی سنوورێکی هەیە هەرچەندە لەفەرهەنگێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام سنوور بۆ درێژی رستە دانانرێ، بەڵکو رستە لە هەر زمانێکدا بێت دەکرێ هەر درێژ بکرێتەوە. ئەوەی لەرووی کردەییەوە سنوور بۆدرێژی رست دەکێشێ رێزمانی زمانەکە نییە بەڵکو هۆکاری دەروونی و فەسلەجەییە وەك ماندووبوون و هەناسە لێبڕان و توانای قسەکەر و گوێگر بۆنموونە رستەیەکی



وەك (ئازاد و نەوزاد و رێبوارو. . . . . . و. . . . . . . بەمێوانی هاتن) دەکرێ هەر دوایی پێنەهێنرێ، تا قسەکەر و گوێگر شل و کوتی تەمەن دەبن، بەڵام لەرستیدا، دەبێ سنوورێك هەبێت بۆئەم درێژە پێدانە ئەگینا لەیەکتر گەیشتن دەوەستێ.

٣- هەر رستەیەك دەگوترێ یان لەدەم دەردەچێ نوێیە یان یەکەم جارێتی ولەمەوبەر نەگوتراوە. سەرنجێکی خێرا بەنووسیندا ئەم راستیە روون دەکاتەوە، بەڵام لەقسەکردندا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کەهەندێ رستە ودەربڕین نوێ نین واتە دووبارەیان تێدایە. بەتایبەتی ئەو رستەو دەربڕینانەی لەبۆنەو چاك وچۆنی دا زۆرجار دووبارە دەبنەوە وەك: (چاکی؟ چۆنی؟ بەیانیت باش، پیرۆزت بێت، بەدایکی کوڕان بێت. . . . . هتد). دەبێ تێبیبنی ئەوەش بکەین کە لەچاو بێسنووری رستە و دەربڕینی تردا ژمارەی رستەکانی چۆنی وچاکی وبۆنەییەکان هێندە کەمن کە حیسابیان بۆناکرێت، بەم جۆرە دەکرێ بگوترێ هەموو رستەیەك کە دەگوترێ یان دەنوسرێ نوێیە و لەوەو پێش نەگوتراوە و نەبیستراوە.

٤- ئەو رستەیەی کە دەگوترێ چەند نوێ بێت، خوێنەر یان قسەکەر تێیدەگات بەمەرجێ بەزمانی دایك بێت یان هەر زمانێ کە قسەکەرو گوێگر بیزانن، هەرچەندە رستەکە لەرووی واتاشەوە ئاسایی نەبێت یان بۆبارێك بشێ، کە لەئارادا نەبێ و باس لەجیهانێك بکات بوونی نەبێ. بۆ نموونە هەر کەسێ کوردی بزانێ لەم رستانەی خوارەوە دەگات، هەرچەندە نموونەکان لەرووی واتاسازییەوە نائاساین:

١- أ. ئەمڕۆ پیاوێکی سێ چاوم دی.
ب. فیلەکە بەسەقفی ژوورەکەدا هەڵدەگەڕێ.
ج. مێروولە منالەکەی خوارد.
د. منالەکان دەفڕن.
س. ژنەکە پیاوێکی بوو.

دەبێ ئاگاداری ئەوەبین، کە لێکدانەوەی ئەم رستانە زۆرتر لەسەر گوێگر دەکەوێ، واتە ئەرکێکی زیاتری دەخاتە سەر، چونکە ئەمانە واتاکانیان ئاسایی نییە، گوێگر یەکەمجار رەتیان دەکاتەوە و بەگاڵتەیان تێدەگات، بەڵام کە دەبینێ قسەکەر بەراستێتی، ئەوسا بەسەریاندا دەچێتەوە و دەوروبەریان بۆ دروست دەکات یان بارێکیان بۆپەیدا دەکات کەئەم بیرانە تێیدا ئاسایی بن. بۆنموونە، هەموو ئەو رستانە لەدنیای منداڵ و فیلمی کارتۆندا دەشێ هەبن و لێکدانەوەیان ئاسایی بێت، هەرچەندە لە دنیای دەرەوەی فیلمدا ئاسایی نین.

دیسان دەبێ ئەوەش بزانین کە خوێنەری شیعریش زۆرجار رووبەڕووی ئەم جۆرە زمانە دەبێتەوەو بەهەمان قۆناغی لێکدانەوەدا تێدەپەڕێ، واتا یەکەمجار رەتیدەکاتەوە، دواجار کە دەزانێ گاڵتەی تێدا نییە، بۆ دەوروبەری دەگەڕێ "مەتەڵە" کەی بۆ"حەل" بکات. بڕوانە ئەم دێڕە شیعرە کە جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو رستانەی سەرەوەدا نییە:

٢. پەنجەم لەدەستم بێزارە
دەستم لەجەستەم
جەستەم لەپێم
پێم لەزەوی.

### ١-٢ رەسەنایەتی و داهێنان لەزمانی شیعردا

کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونەی چۆمسکی کە لەسەرووترەوە روون کرایەوە، هەموو بەکارهێنانێکانی زمانی مرۆڤ رەسەنایەتی تێدایە لەوەدا هەر زمانێك وەرگرین خاوەنی سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی کەرەسەیە(رستە) کە هێشتا بەکارنەهاتوون. فەرهەنگی زمانێك چەند گەورەش بێت و چەندین هەزار و شەشی تێدابێت، هێشتا هەموو وشەکانی زمانەکە ناگرێتەخۆی. ئەگەر ئەم بیرانە راست بن، ئەوا ئێمە هەموو ئەو کوردیمان لەدایکەوە بۆ ماوەتەوە دەتوانین کوردییەکی"ڕەسەن" بەکاربهێنین، بەو واتایەی کە رستەکانمان نوێ و نەبیستراو بێت. ئەم رەسەنایەتیە لەگوتنی هەموو مرۆڤێکدا هەیە کە زمانی دایکی بەکاربهێنێ و لەوەوە دێ کە یاساکانی زمانەکە بەڕێك و پێکی بەجێدەهێنێ.

ڕەسەنایەتی هەر لەوەوە نایەت، کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکەی جێبەجێ بکات بەڵکو هەندێ جار لەڕێگەی بەزاندن وشکاندنی یاساکانەوە  دروست دەبێت ئەم رەسەنایەتیە، کە چاکتر وایە بەداهێنان ناوی بەرین ئەو جۆرەیە کەبەتایبەتی لەشیعردا دەبینرێ. کەواتە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای رەسەنایەتی یتێدابێ، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ: توانای رەسەنایەتی کەتوانایەکە لەهەموو ئاخێوەرێکدا هەیە و لە پیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانەکەوە دێ، توانای داهێنان کەبەزۆری لەشاعیردا هەیە لەبەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ. رەسەنایەتی توانایەکی تاك و کۆ یان هاوبەشە، بەڵام داهێنان توانایەکی تایبەتە، بەزۆری لەزمانی شیعردا دەبینرێ و پێویست دەبێ ئەگەرچی دەکرێ لەهەندێ شێوازی تری ئەدەبدا هەبێت.



دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە ئەم دوو توانایە پەیوەندیەکی پتەویان لەنێواندا هەیە، بەجۆرێك کەبوونی دووەم، واتە داهێنان بەبوونی توانای یەکەمەوە، واتە رەسەنایەتی بەستراو: تاڕەسەنایەتی نەبێ، داهێنان نایەتە کایەوە، واتە تا شاعیر شارەزایی لەیاساکانی زمانەکەدا نەبێ، ناتوانێت لەم یاسایانە لابدات یان بیان بەزێنێ.

داننان بەبوون و جیاکردنەوەی رەسەنایەتی و داهێنان و پەیوەندی نێوانیان چاکتر کێشەی میراتی و داهێنانی شیعری روون دەکاتەوە. رەسەنایەتی ئەو میراتەیە کە لەبەر دەستی شاعیر دایە، داهێنان ئەو توانایەیە کە لەدەست بەردان لەمیراتەوە دێ هەموو داهێنان وگۆڕان وشۆڕشێك لەشیعردا "هەر دەبێ گەڕانەوە بێت بۆزمانی هاوبەش" واتە هەموو داهێنانێك لە رەسەنیەوە دێت.

لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە داهێنان لەوانەیە زۆرجار لەگەڵ ناوازەیی(**شذوذ**) تێکەڵ بێت و بەناو یەکتردا بچن بەجۆرێك کە لەیەکتری جیانەکرێتەوەو هەردووکیان بێجیاوازێکی ئەوتۆ وەك هەڵەی رێنووسی ولادان لەڕێزمان و تێکەڵکردنی واتاو وشە سەیر بکرێن، واتا داهێنان یەکسان بوەستێ لەگەڵ هەڵەی زمان لەهەر ئاستێکدا بێت (فۆنۆلۆژی، رستەسازی. . . . . هتد) ئەمە راستییەکە نکۆڵی لێ ناکرێت: بۆئەوەی لەڕەسەنایەتیەوە بگەینە داهێنان دەبێ زۆر بەوردی هەڵەی رێزمانی و واتایی و فۆنۆلۆژی لە "لادان" و"بەزاندن"ی یاسا زمانییەکان جیابکەینەوە. ئەمەش بەوە دەکرێ بزانین "لادان"و "بەزاندن" بۆ"مەبەستێکی"ئەدەبی دەبێ، واتە گرنگیەکی تێدایەو  شاعیر چاك ئاگاداریەێتی و دەزانێ بۆ وەها دەکات، هەرچی هەڵەی رێزمانی و رێنووسی و واتایی ئاساییە (ئەگەر لەنووسینێکدا هەبێت)، شاعیر لێی بەئاگانییە و بەمەبەست نەی کردووە و هیچ گرنگیەك نادات بەشیعرەکە. کەواتە هێڵێکی زۆر باریك "هەڵەی زمانی" لە "داهێنان" جیادەکاتەوە. هەردووکیان بریتین لە "لادان" لەیاساو بەزاندنیان، یەکێکیان بەدەست شاعیرەکە خۆیەتی و لەژێر دەستەڵاتیدایە و بۆمەبەستێك هێناویەتی (داهێنان) ئەویتریان لەڕووی نەزانین و گوێ نەدان و هەڵەشەییەوە پەیدا دەبێ داهێنان دیاردەیەکی (ئیجابی) پڕ مەبەستە، بەڵام هەڵە دیاردەیەکی (سەلبی) کە لەسەر شاعیرەکە دەکەوێ و جیانەکردنەوەیان پەیوەندی بەجۆری بەکارهێنان و کەڵك لێوەرگرتنە (استثمار) هەیە.

## ١-٣ پلەكانی لادان و بەزاندنی یاسا

هەروەك بینیمان دەتوانین وابیر لە زمان بكەینەوە كە كۆمەڵە یاسایەكە، كە دەتوانێ جێبەجێ بكرێ یان بشكێنرێ و بخرێتە پشت گوێ. بەڵام لادان بەم پلە گەورەیە لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕ كەم وكوڕی خۆی هەیە. بۆئەوەی زیاتر لەمە بگەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تیۆری (زانیاری).

لەم بۆچوونەدا "زانیاری" بریتییە لەو سەنگەی كە هەڵبژاردەیەكی زمانی لەكردەی گەیاندن دا هەیەتی، بەبێ گوێدان بەو واتایەی دەیگەیەنێت. بڕی ئەو زانیارییەی كە لەكەرەسەیەكی زمانی دا هەیە پەیوەندی بەپێشبینی یان پێش نەبینی هاتنی ئەو كەرەسەیەیە لەو شوێنەدا كە لەگوتنەكەدا گرتوویەتی، واتا بەهەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنیەوە. لەكردەیی لەیەكتر گەیشتنی ئاساییدا، پلەی بەتەمابوون بەرزە، واتە بەتەمای ئەوە هەبن ئەو كەرەسانە لەوێدا هەبن، چونكە ئەو زانیارییەی تێدایە تاڕادەیەك كەمە. لەنووسینی (جدی) ئەو كەرەسانەی دێن یان هەڵدەبژێرێن، پێشبینی كەمتر دەكرێن و بڕی ئەو زانیارییەی دەدرێ زۆر گەورەیە. راستی ئەو تێبینیە بەوە دەردەكەوێ نامەیەكی بازرگانی لەگەڵ پارچە شعرێكدا بەراورد بكەین. تاكە سەرنجێك لەنامەیەكی بازرگانی ناوەڕۆكی نامەكەمان بۆ دەردەخات، بەڵام هەرچی پارچە شعرەكەیە دەبێت زۆر بەوردی وا لەسەرخۆ بخوێندرێتەوە چونكە ئەو زانیارییەی دەیدات زۆرەو ئەو كەرەسانە بۆ گەیاندنی واتاكە هەڵبژێردراون پێش بینی ناكرێن.

لادانی راست لەیاساكانی زمان پەیوەندی بەلایەنێكی هەڵبژاردنەوە هەیە، كە تیۆری زانیاری جێگای بۆ ناكاتەوە. بەپێوانەی زمان، هەر هەڵبژاردنێك لەو هەڵبژاردننانە نەبێ كە زمانەكە رێگەی دەدات، دەبێ پێشبینی هەڵبژاردنی سفر بێت بەواتایەكی تر دەبێ هاتنی لەو شوێنە مەحاڵ بێت. بەڵام لەلای شاعیر لادان یان لادان لەیاساكانی زمان خۆی هەڵبژاردنە. تەماشایەكی ئەم نموونانەی خوارەوە بكە و بەراوردی هەڵبژاردنی ئاسیایی (پێشبینكراو) لەكۆمەڵەی(أ) و هەڵبژاردنی نائاسایی (پێشبیننەكراو) لە(ب)دا بكە:

٣. أ: هەڵبژاردنی ئاسیایی (پێشبینكراو)

چوار ساڵی دوورو درێژە

| | | |
|---|---|---|
| بەدوای | دزێكا | ڕائەكەم |
| | خانوویەكا | |
| | یارما | |
| | هاوڕێیەكا | |



ب: هەڵبژاردنی نائاسایی (پێشبیننەكراو)

چوار ساڵی دوورو درێژە

بەدوای {سەرابا} ڕائەكەم (فەرەیدون عەبدول: ١٩٩٨: ٥)

لەم نموونەیەدادەبینین كە شاعیر لەو هەڵبژاردنە ئاساییانە دەرچووە، كە كوردی رێگەی دەدا و هەندێكمان لە نموونەی (١)دا داوەو كەرەسەیەكی پێشبینكراوی نائاسایی هەڵبژاردووە (نموونەی٢) وشەی (سەراب) لەشوێنێكدا بەكارهاتووە كە بۆ ئەو ناوانە دەبێ كە بەرجەستە بن.

ئەو یاسایەی فەرەیدوون عەبدول پشت گوێ دەخا دەكرێ بەشێوەیەكی گشتی بەم جۆرە دەربڕێ:

٢. لەچوارچێوەی: بەدوای. . . . . . . . . . . . . ڕائەكەم.

ئەو ناوەی كە لەبۆشاییەكەدا دێ دەبێ بەرجەستە بێت.

واتە دەبێ سیمای <+ بەرجەستە> تێدابێت.

دەبێ لێرەدا سەرنجی ئەوە بدەین كە لادان گەورەو بچووكی هەیەو پێوەریشی بۆ دادەنرێ. بۆ نموونە ئەو لادانەی تەنیا یەك سیما فەرامۆش دەكات لەو لادانە بچووكترە، كە دوو یان زیاتر یان هەموو سیماكانی پەیوەندی نێوان كارو بكەر یان بەركار بەلاوە دەنێ. تەماشایەكی ئەم هەڵبژاردننانە بكە بەپێی پلەی پەسندی لەسەرەوە بۆ خوارەوە ریزكراون:

٤. أ- منداڵەكە گوێی لەقیژەكە بوو.

ب- منداڵەكە گوێی لەمن بوو

ج- منداڵەكە گوێی لەبەردەكە بوو.

ڕستەی (٤. أ) تەواو پەسندە چونكە وشەی (قیژە) خۆی دەنگە، هەر ناوێك لەدوای كاری (گوێ لێبوون) بێت دەبێ دەنگ پیشان بدات. رستەی (٤. ب)پەسندی كەمترە چونكە (من) دەنگ نییە، بەڵام هەر تاڕادەیەك پەسندە، ئەگەر (من) وەك سەرچاوەیەكیدەنگ لێك بدەیتەوە. رستەی(٣. ج) لەهەمویان كەمتر پەسندە چونكە (بەرد) كەمتر لەخۆیەوە دەنگی لێوە دێ. لەهەموو ئەم رستانە ناپەسەندتر ئەو جۆرە رستەیە دەبێ كە ناوی دوای كارەكە لەو جۆرانە بێت كە هەرگیز نەدەنگن نە دەبنە سەرچاوەی دەنگو نەبەدەنگ دەردەبڕێن وەك:

٥. أ-؟ مناڵەكە گوێی لەبۆنەكە بوو.

ئەوەی رستەی وەك (كۆمەڵەی٥) رزگاردەكات لە ناپەسندی ئەوەیە، كە ناوەكان ئەگەرچی دەنگ نین، سەرچاوەی دەنگن یان بەهۆی دەنگەوە دەردەبڕدرێن:

٦. أ- منداڵەکە گوێی لەمشکەکە بوو. (سەرچاوەی دەنگ)

ب- منداڵەکە گوێی لەچیرۆك بوو. (دەبێت بەدەنگ)

ئەوەی تێبینی بکرێ ئەوەیو، کە ئەو رستانەی لە زماندا بە ناپەسند دادەنرێ، ئەوانەن کە لە زمانی شعردا پەسند دەکرێن. کەواتە لادادنو بەزاندنی یاساکانی زمان پەسندی دەدات بەزمانی شیعرو تا لادانەکە گەورەترو زەقتربێت، پلەی پەسندێتی بەرزتر دەبێت. سەیرێکی ئەم پارچە شیعرە بکە کە پلەی لادان تێدا زۆرە لە (١. أ) زیاترەو لەدێرێکدا نەوەستاوە بەڵکو بەناو هەموو دێڕەکاندا بڵاوبۆتەوە:

٧. پەڕم لەلکەکانی دەستم کردەوە
بینیم زەوی شمشاڵ دەژەنێ
گردەکان بووینە گورگ
گورگەکان بەژن
ژنەکان پیاو
وەختێ شەڕیان کردۆتەوە
پێڵاوی منداڵە کوژراوەکانی لەناو دەنێژن
کەڵەبابێکی لاڵیش بانگدەدا. (سەباح رەنجدەر: ١٩٩٤: ٧٧)

هەموو نموونەکانی سەرەوە لادانو پێشێلکردنی یاسایی واتایی پیشان دەدەن، بەڵام لادان تەنیا لەئاستی واتادا ناوەستێ، بەڵکو لەهەموو ئاستێکی زماندا دەبینرێ، فۆنۆلۆژی بێت یان رستەسازی یان واتاسازی. سەیرێکی ئەم دوو دێڕە شیعرەی خوارەوە بکە:

٨. ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بەئاهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا کەسەیری باخو بەی کردم

ئەوەی ئاشکرایە لێرەدا جگە لەلادانی واتایی فەرامۆشکردنی یایایەکی گرنگی رستەسازی کوردیە: یاسای ریزکردنی کەرەسەکانی ناو رستەیە. بەپێچەوانەی رستەی ئاسایی لەکوردیدا، شیعرەکە بە (کار) دەست پێدەکات و کە دەبوو لە دواوە بێت، بکەرەکە بەدوایدا هاتووە، واتە دەبێ شیعرەکە بەپێی یاسای رستەسازی کوردی بەم جۆرەبێت:

بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بەئاهی من ترازا.

چونکە ریزکردنی کەرەسە بە چەشنی تر ناڕێزمانێتی دروست دەکات، وەك بەم نموونانەدا دەردەکەوێ:



٩. *أ- ترازا پەردەکە بەباکە.

*ب- کەوت کەپرەکە بەمن.

کەواتە ئەو رستانەی لەکوردی رۆژانەو زانستدا بەناڕێزمانیو ناپەسند دادەنرێن لەشیعردا ئاساییو پەسندن، بگرە پەسندترو رازاوەتریش دەردەکەونو جوانیەکی زۆرتریش دەدەن بە شیعر.

لێرەدا رووبەڕووی پرسیارێکی گرنگ دەبینەوە: ئایا دەکرێ سنوورێك بۆ ئەم لادانو بەزاندنو فەرامۆشکردنی یاسایانەی زمان لەئارادا هەبێ، یان بەزاندنو بەئارەزووەو هێزێکی وەهای نییە سنووری بۆ بکێشێ؟ بەباوەڕی من سنوور لەئارادا هەیە بۆ دۆزینەوەی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ یاساکانی گۆڕان. هەروەك چۆن سەرچاوەی هەموو گۆڕانێکی زمانی قسەکەرەو گۆڕان لەمەوە دەست پێدەکات، هەروەها سەرچاوەی لادان دینەمۆی یاسا بەزاندن شاعیر خۆیەتی. لەم رووەوە شاعیر و قسەکەر هەردوکیان رۆڵی هێزێکی شۆڕشگێڕ دەبینن، کە حەز بەگۆڕانو نوێخوازی دەکەن و دیانەوێ رێچکە شکێنی بکەن، گوێگرو خوێنەر بەپێچەوانەوە هێزێکی پارێزگارن بەرامبەر گۆڕان دەوەستن و دەیانەوێ سنوورێکی بۆ بکێشن. ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە هەر گۆڕانێك، نوێخوازییەك لەقسەکەر یان شاعیرەوە بێت، باری گوێگر گرانتر دەکاتو ئەرکێکی ئەقڵی زیاتری لەشیکردنەوەدا دەخاتەسەر. کەواتە گوێگر/خوێنەر سنوور بۆ ئەو گۆڕانە دادەنێ کە قسەکەر/شاعیر لەگوتن یان شیعردا پێشکەشی دەکات. سنوورەکەش ئەو رادەیەیە کە ئەم دەتوانێ لەگوتنەکەدا یان شیعرەکە بگات، واتە دەورووبەرێك بدۆزێتەوە بۆ گوتنەکە یان شیعرەکە. کە دۆزینەوەی دەورووبەر لە توانای ئەمدا نەما ئیتر گوتنەکە/شیعرەکە مەبەستو واتای خۆی بزر دەکاتو لەوە دەکەوێ گوتن/شیعر بێت. ئەم هێڵکارییە ئەو خاڵانەی سەرەوە روونتر دەکاتەوە:

١٠.

| | | | |
|---|---|---|---|
| قسەکەر/شاعیر | گۆڕان | بەرهەڵستی | گوێگر/خوێنەر |

بەم جۆرە بەزاندنی یاساکانی زمانو فەرامۆشکردنیان بەرەڵانییەو دەکەوێتە بەر بەرهەڵستی و رووبەڕووبوونەوەی خوێنەرو لەئەنجامی ئەم هەڵمەتو پەلامارەی شاعیر بۆسەر ناوچەکانی خوێنەر و کاردانەوەو بەرهەڵستی خوێنەر بارێکی هاوسەنگ دروست دەبێ، کە شاعیرو خوێنەرەکەی تێدا لەیەکتر دەگەن. هەر کاتێك شاعیر ئەم بارە هاوسەنگەی تێکدا خوێنەر بەرهەڵستی زیاتری دەکات تاوەکو شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێڵو سنوورەی کە

لێدەرچووە و بارە هاوسەنگیەکە دەگەڕێتەوە. دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە ئەو بارە هاوسەنگە لەنێوان هەموو شاعیرێك‌و خوێنەرێکدا وەك یەك نییەو بەپێی رادەی رۆشنبیری‌و شارەزایی خوێنەر پانتایەکی فراوانتر یان تەسکتر دەگرێتەوە.

ئەم هەڵوێستەی خوێنەر، واتە رووبەڕووبوونەوەو بەرهەڵستەکەی، شاعیر دەخاتە گرێژنەوە، گرێژنەی دۆزینەوەی بارێکی هاوسەنگ کە تێیدا بتوانێ لەلایەکەوە هەستی خۆی بەتەواوی و بەو جۆرەی دەیەوێ دەربیبڕێت، لەلاکەی تریشەوە، دەربڕینەکە بەجۆرێك بێت، کە خوێنەر تێی بگات‌و ئەرکێکی عەقڵی وای تووش نەکات، کە بەناچاری دەست لەشیعرەکە هەڵگرێ، دۆزینەوەی ئەم بارە هاوسەنگە لەنێوان پەیڕەوکردنی‌و بەزاندنی یاساکانی زماندا گرنگترین تاکە هۆکارە، کە سەرکەوتن‌و سەرنەکەوتنی شاعیر دیاری دەکات.

دەبێت ئاگاداری ئەوەبین، کە زۆرجار سەردەم زمانی شیعرەکە بەلایەکدا دەخات. بۆ نموونە یاسای پەیڕەوکردن سیمایەکی گرنگی شیعری کلاسیکیەو لادان تێیدا لەسنووری رووخسار تێناپەڕێ، واتە بەزۆری لادان لەئاستی فۆنۆلۆژی‌و مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکسیدا روودەدات وەك لەم شیعرەی خوارەوەدا دەبینین کە دەکرێ بەنموونەی شیعری کلاسیکی کوردی دابنرێ:

١١. لەدەروێش‌و لە شا ئەم فاحیشە دەکا حاشا
ئەگەر ئەهلی غیرەتی، بەر لەو لەخۆی‌و ئەهلی حاشا بێ (مەحوی:١٩٧٧)

یان لەو دوو دێڕەدا:

١٢. هێندە ناسك بوو بەبای باوەشێن
سەرکولمی ئاڵی پڕ دەبوو لەخوێن

بەپێچەوانەشەوە لەشیعری نوێ و هاوچەرخدا لادان بەزۆری ئاستی واتا دەگرێتەوە، وەك لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١٣. من ئێستە وشەنیم. من ئێستە بەتانییە شینەکەی
ئەو ژنەم لەقوڕدا چەقیوە و ناگاتە سەر هەوراز
من ئێستە قەڵەم نیم، من ئێستە ئەو نانەم
هەڵ ئەدرێ‌و هەزار دەست بۆی ئەفڕێ و
هەر بەڕێی حەواوە ئەخورێت‌و ناگاتە سەرزەمین (شێرکۆ بێکەس: ١٩٩٥:٣٤٥)

لەو نموونانەی سەرەوەدا داهێنان هەر لەوەدا نییە، کە ئەم دێڕانە نوێن‌و کەس لەمەوپێش بەو جۆرە بەو وشانەو بەو بیرە بارانە نەدواوە (ڕەسەنایەتی)، بەڵکو لەوەشدایە کە لادان لەزمان



کەڵکی لێوەرگیراوە لەبەرژەوەندی شیعرەکاندا بەکارهاتووە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەگەر شیعرێك لادانی تێدا نەبێت، ئیتر داهێنانی تێدا نییە، چونکە رەسەنایەتی هەر تێدا دەبێ. بۆ سەلماندنی ئەم بیرە تەماشایەکی ئەم چەند دێڕە بکەن، کە هەرچەندە لادانی زمانی تێدا نییە، جوان و تەڕی ون نەکردووە، چونکە رەسانایەتی تێدایە:

١٤. ئەمن سێ بەرد رادەمووسم
بەردی رەش‌و
قارەمان
بەردی (کۆڵێ) دڵ بەکەسەد
بۆ سێ مرۆڤ کڕنۆش دەبەم
پەیامبەرو
تێکۆشەرو
هەستیارێکی دەربەدەر! (قوبادی جەلیل زادە: ١٩٩٨: ١٦١)

**١-٤: جۆرەکانی لادان و یاسابەزاندن:**

یاسابەزاندن‌و لادان لەهەموو ئاستەکانی زمان و هەندێ لایەنی تردا دەبینرێت، بۆ زیاتر روونکردنەوە وا لەخوارەوە بەکورتی و بەنموونەوە لەهەندێ لەم لادانانەی دەدوێین:

**١-٤-١: لادانی وشەیی (لێکسیکی):**

هەندێ جار شاعیر بۆئەوەی لەدرێژبڕی دەرچێت‌و یان بۆ پاراستنی وزەو لکاندنێکی تووندو تۆڵ یان لەبەرنەبوونی هەندێ کەرەسەی ئامادە لەزمانەکەدا خۆی وشە دادەتاشێ. ئەمەش کاتێ دەبێ بە لادانی راستەقینە کە لەو یاسایانە لابداتکە ەزمانەکەدا هەیە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ. شاعیر زۆرجار ئەو یاسایانە بەکاردێنێ (وەك گیرەکدان‌و لێکدان‌و. . . هتد) بەڵام وشەی نوێ‌دێنێتە زمانەکەوە، جا ئەو وشەیە یان دەمێنێتەوە و بڵاودەبێتەوە و دەچێتە فەرهەنگەوە، یان پاش ماوەیەك دەمرێ و تەنیا هەر لەو شیعرەدا یان چەند شیعرێکدا دەژێ.

بەکارهێنانی وشەی نوێباو لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی نوێ نییەو هەر لەکۆنەوە تائێستە بەردەوامە. هەندێ‌جاریش لادانەکە لەوەدایە کە یاسایەکی وشەڕۆنان دەگشتێنرێ.

واتا شێوەیەکی بڵاوتری دەدرێتێ و بەسەر وشەدا پیادەدەکرێ کە لەمەوپێش لەسنوری ئەو ئاسایەدا نەبووە. بۆنموونە پاشگری (باز) زۆرجار دەبێتە کەرتی دووەمی وشەیەکی لێکدراوی وەك (کۆترباز، جامباز. . . . . . هتد) بەڵام قوبادی جەلیل زادە لە (وڵاتی رەژوو)دا ئەم سنوورە دەبەزێنێ وەك لەم چەند دێڕەدا دەبینین:

١٥. . . . . . . . . . . تەرمی
سەربازە ژن بازەکان
دەستگیران بازەکان
دۆست بازەکان
هەتیو بازەکان
ئاژەڵ بازەکان (قوبادی جەلی زادە: ١٩٩٨)

لێرەدا شاعیر پاشگری (باز)ی بەهەندێ وشە ئاشنا کردووە، کە لەمەوپێش لەزمانەکەدا نەبووە (دەستگیران، ئاژەڵ، دۆست) بەڵام لەو یاسا دەرچوونە کە (باز) لەگەڵ هەر وشەیەکدا کۆبێتەوە واتایەکی خراپی دەداتێ.

فراوانکردنی مەوداو سنووری بەکارهێنانی گیرەك رێگەیەکی بڵاوە لە وشەرۆناندا و بەتایبەتی لەزمانی شیعردا هەروەك بەکارهێنانی پاشگری (- ن) لەم دێڕەدا:

١٦. شەوگاری تاریكو نووتەك چۆن رۆشن کەم؟
ئەم سەرە گێژو شێواوە چۆن هۆشن کەم؟ (دیلان)

پاشگری (- ن) پێش ئەمە لەوشەی (نەوسن و شەرمن و چڵکن و چڵمن) بەکارهاتووە بەڵام لەگەڵ (هۆشن)دا نەبووە

لادان و یاسابەزاندنی وشەیی تەواو لە وشەی نوێباوادا بەدی دەکرێت ئەو وشانەی کە لەکاتی پێویستدا و لەپڕ دێتە سەردەمو بەکەڵکی ئەو ساتە دێن. دەیان وشەی نوێباو لە دیوانەن نوێییەکاندا بەدی دەکرێ. بۆنموونە، هەموو ئەو وشە نوێباوانەی لە (دەربەندی پەپولە)دا دەبینرێن. (شێرکۆ بێکەس:٢٠٠٠) ساڵاو (پێچەوانەی وشکەساڵ)، ساویلکە (جۆرێ لەگیا)، (وەختی گیاندان)، بیرێتە (سەمای بەکۆمەڵ)، ساواق (سەرماو سۆڵە)، ئالۆز(خەم)، سەقەم (تۆفو کرێوە)، سەماك (بڵند)، شۆڕابە (لقی شۆڕ) بەپێل (شەپۆلدار)، کەلەپۆ (ئەو کەلەی خۆری لێ ئاوادەبێ)، ژمژیە (جولان)، پژوپۆ (لقو پۆپ)، بێ ئەنوا (بێ دەرەتان)، بەرگیلە (هەیوان)، رك (رەك)، بەلووزە (بەلێشاو)، خەم خۆراك (زەوی قوتدەر)،



باگژە (نێوان رەشەباو کزەبا)، بوولێڵ (سەرەتای شەو)، تلەتلێ (گڕو بڵێسە)، سبخرت (بڵێسە)، پێرۆ (هێشوە ئەستێرە)، تیزمالك (بەشێکی تیژ لەهەر شتێ)، بەستۆك (داوێن پیس)، بەئۆك (ناشیرین)، بافل (تاڤگە)، رەن (زەوی گوێ ئاو)، ژەدەژ (مەل)، سستەك (زەوی شل)، بەکارو (بنار)، باوێژە (ئەو میوەیەی با ئەیوەرێنێ)، ساکۆ (چیای رووتەن)، بازربوون (ئاوابوون)، نەپندی (نهێنی)، سەرتڵ (هەڵبژێردراو)، پاپووسکە (کرێوە)، بەقەم(رەنگی کاڵەوەبوو)، بۆیرش (بۆنی تەڕ).

### ١-٤-٢: لادانی رێزمانی:

بەزاندنی یاساککانی رێزمان ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە نەك ئاستی ناوەوە. لادان لەئاستی دەرەوەدا رووکەش و تەنکە و پەیوەندی بەرووخسارەوە هەیە، و کار لەناوەڕۆکی بەرهەمەکە ناکاتو لەم رووەوە لەهەڵەی رێزمانی دەچن. نموونە لەشیعری کۆن و نوێدا هەن، بەڵام سەرچاوە کوردییەکان بەزۆری لەشیعری کۆندا بەدی دەکرێن.

١٧. لەپەرچەمتا دڵ شانەی مەکە لانەی مەشێوێنە. (عەلی کەمال باپیر ئاغا:١٩٨٦:١١١)

لێرەدا لە رستەی (لەپەرچەمتایە دڵ) تەواوکەر و بکەر جێگەیان گۆڕیوەتەوە، واتە، (دڵ لەپەرچەمتایە) زیاتر لەکوردی رۆژانە دەچێ وەك:

١٨. پارەکە لەگیرفانم دایە.
؟ لەگیرفانم دایە پارەکە.

١٩. بەرێگەی عەشقدا ناڕوا ئەبەدا مەردەمی عاقیل (عەلی کەمال باپیر ئاغا:١٩٨٦: ٧٢)

لێرەشدا دیسان بکەر لەدوای کارەکەوە هاتووە، لەکاتێکدا کە لەئاساییدا دەبێ بکەر پێش بکەوێ:

٢٠. مەردەمی عاقیل بەرێگەی عەشقی دا ناڕوا.

جگە لەوەی کە شاعیر دەتوانێ رێکخستنی کەرەسە سەرەکیەکان تێك بدات، بۆشی هەیە هەنگاوێ لەمە گەورەتر بنێت وەك گۆڕینی شوێنی دەرخەر و دەرخراو. بۆ نموونە هەرچەندە دەرخەر (لەوشەی لێکدراو نەبێ) هەمیشە لەدوای دەرخراوە دێ و (-ی) ئیزافە بەیەکترەوە گرێیان دەدا، زێوەر بوێرانە ئەم یاسایەی شکادووە لە:

٢١. فەرهەنگ روو زەنگ موو، عەجەم سیاق رووس خوو

ئەناسرێ کە کوردە زوو بەپێچی لارو خوارەوە       (زێوەر: ١٩٥٩)

گۆران لەم دوو دێرە شیعرەدا نەك هەر چەندین ئاوڵناوی لێکدراوی بێ هاوتا لەدوای یەك بەهۆی ئامرازی (-ی)وە رێکخستووە، یارییەکی گەورەشی بە (مخاطب) کردووە بەوەی لەناوەڕاستدا دایناوە، سەر زاری وای دەردەخات کە لەگەڵ (ئاوڵناو)دا دەدوێ، نەك کەسێك کە دەکرێ ئاماژەی بۆ بکرێو لەدنیای دەرەوەدا بوونی هەیە:

٢٢. قژکاڵی، لێو ئاڵی پڕشنگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ       (گۆران: ٤٥)

داهێنان و رەسەنی زمانی شیعر لەوەدایە، کە هەڵوەشاندنەوە و کردنەوە بەکوردی ئاسایی کارێکی زۆر گرانە و هەرچی جوانی تێدایە نایهێڵێ وەك لەم هەوڵەدا دەردەکەوێ:

٢٣. ئەی کچە قژکاڵە لێو ئاڵە پڕشنگی نیگا کاڵە جوانە سەر گۆنا نەختێ ئاڵەکە. . . . .

بێگومان لادانی رێزمانی هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆژیش دەگرێتەوە خۆی وەك کورتکردنەوەی فۆرمێك یان فڕێدانی بە تەواوی. بڕوانە کرتاندنی مۆرفیمی (و) و (ە) لەدێری دووەمی(٢٣)و کورتکردنەوەی (کوڵان) بۆ (کۆ) لە (٢٤)دا:

٢٣. جگەر دەبڕێ دڵ ئەفڕێنێت و دەڕوا

چ بێ مروەتە، چ بێ پەروا، چ بێباك

٢٤. ئیعلانە: عاشقانی بەکۆیان نەگەن گوزەر

فەتوایی چ مەزهەبێکە: طه واف حەرەم حەرام

### ١-٤-٣: لادان لەزارو زمان:

شاعیر بەپێچەوانەی رۆماننوسو نووسەر بەگشتی کە دەبێ بەزۆری لەسنووری زمانی ئەدەبیدا بنوسێ دەتوانێ خۆی بەزارێکەوە یان زمانێکەوە نەبەستێتەوە و لە زارێك یان زمانێکەوە بازبدات بۆ یەکێکی تر جا ئەمە لەبەر هەر هۆیەك بێت بۆ دەرخستنی توانای شاعیر یان جوانکردنو رازاندنەوە یان بەردەست نەکەوتنی وشە. ئەم دیاردەیە لەشیعری کۆنی کوردیدا لەوەدا ناوەستێ رێزمانی یان کەرەسەی دوو زاری کوردی یان زیاتر تێکەڵ بکات، بەڵکو دەگاتە ئەوەی کە دێڕێك لەشیعری کوردی تێکهەڵکێش دەکرێ لەگەڵ دێڕێکی زمانێکی تر، عەرەبی بێت یان فارسی بێت یان تورکی، بڕوانە ئەم نموونانە لە شیعری (مەحوی)دا:



٢٥. بەدویا وێڵم ئەشکم دەپرسێ

لەهەر دارو دیارێ (أين سلماك)       (١٩٧٧: ١٨٥)

٢٦. نیشاری خاکی رێگەت جانە، فەرقوی

((چەنسبت خاکرا با عالم پاك))       (١٩٧٧: ١٨٦)

٢٧. چاو گوێی بخوازە بۆ ئیشی موهیم

(حك الاشیا ئیعمی و یصم)       (١٩٧٧: ٣٦٣)

لەم دێڕانەی خوارەوەدا وشەیەکی شێوەزارێکی زاری کوردی ناوەڕاست تێکەڵ کراوە:

٢٨. گەڕان کێو چیاو ئەشکەوتو زەندۆڵا

گەڕان کادێن و کەندوو و ئاخوڕ و هۆڵ       (هێمن: ١٩٧٩: ٦٨)

٢٩. بەکرە شۆفارە ئەوی مووخەی چینم

زیی مەموزینان ولاتی لێ تەنیم       (هێمن: ١٩٧٩: ٢٠)

هەندێ جار ئەم خواستنو وەرگرتنە لەزاری ترەوە وشەی ئەرکی یان رێزمانیش دەگرێتەوە، بڕوانە لەم دوو دێڕەدا جگە لەوشەی (تیخ) ئامرازی بەندی (د)ش خوازراوە:

٣٠. قسەی خۆشی دگەڵ خەڵکی جوێن بوو

هەمیشە تیخی جەللادی بەخوێن بوو

### ١-٤-٤: لادان لەنووسینەوەی ئاسایی:

شیعری دێرینی کوردی بەزۆری شیعری ستوونیە، واتا دێڕ بەدوای دێڕدا دێ یان دوو نیوە دێڕی بەرامبەر بەدوای یەکتریدا دێن، وەك لەم نموونەیەدا دەبینین:

٣١. ئاوەکەی سەرچنار ____________

چاوگەکەی نیشتیمان ____________

لای منی دەردەدار ____________

تۆی شیفا بەخشی گیان ____________

(بەختیار زێوەر: ١٩٨٩: ١٧٥)

٣٢. نەسرین گوڵی زستانە   شەوچرای کوردستانە ________ ________ ________

چاوی پیاڵەی مەستانە   چلورەی گوێسەوانە ________ ________ ________

(پیرەمێرد:٣٥٧)

هەندێ لادان لەم دوو جۆرە بنەڕەتییە لە دەمێکەوە لەشیعری کوردیدا هەیە وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

٣٣. ئەی مانگ بۆ لێڵە تریفەی ئەمشەو      هەڵبزڕکاوە
چاوی کەژاڵت وەك چووبێتە خەو      سیس و ژاکاوە

کە بەم شێوەیە دەردەکەوێ:

٣٤. فیدات بم خاکی کوردستان      نموونەی جەننەتی عەدنان
لەسەر تا خوار
گوڵ و گوڵزار
دڵی غەمبار ئەکا دەرمان      فیدات بم خاکی کوردستان(بەختیار زێوەر: ١٩٨٩: ١٤٧)

کە ئەم هێڵکارییە دەنوێنێ:

٣٥. بایەکەی پایز بە جارێ      دێنێتە سەرمان
خۆڵو پووش دێنێە خوارێ      بۆ گووزەرمان
پۆتەلاکی دار ئەژاکێنێ بەیەکجار
رووی گوڵان زەردهەڵئەگەڕێ وەك ستەمکار
شادمانی مەل ئەخاتە دڵی غار
چنگ لەهەرچی گیربکا مانی نەمانە
بەم کزە ساردەی نیازی بڕ زیانە      (بەختیار زێوەر: ١٩٨٩: ١٩٩)

کە ئەم شێوەیە وەردەگرێ:



٣٦. میللەتێك هیوای بەرزی ژیان بێ
تینووی ئازادی و دیلی زەمان بێ
بەندی و هەژار زۆر لا گران بێ
هێزی مەردانە کە هاتە گەردش
وەك ئەتۆم زەمین دێنێتە جونبوش  (بەختیار زێوەر: ١٩٨٩: ٢٠٧)

کە بەم جۆرە دەنەخشێ:

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ لەم لادانە لەشێوازی نووسینەوەی ستوونی شیعرەکاندا ئەوەیە کە گۆڕانەکە پەیوەندی بەواتای شیعرەکەوە نییە، تەنانەت پێشبینی ناکرێ و ناشزانرێ بۆچی شاعیر ئەو رێگەیەی هەڵبژاردووە لەم هۆنینەوەدا.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەشیعری هاوچەرخدا شاعیر بۆی هەیە هێڵکاری و نیگارکێشی بکات لەنووسینەوەی شیعرەکەیدا بەجۆرێك لەبەرژەوەندی ئەو مەبەست و واتایەبێت، کە دەیەوێ بیگەێنێتە خوێنەر:

((جوگرافیای دەقی شیعری نوێ لەسەرەوە دەست پێدەکات بەرەو خوارەوە لەسەر شێوەیەکی شاقوولی. مەرجیش نییە بەیەك شێوەو وێنە بەرەو خوارەوە بکشێت یان بە یەك ئاست و جۆرێ رێبکات، ئەشێت لەشوێنێکدا نزم بێت، لەشوێنێکدا چاڵ بێتو لەشوێنێکی تردا قۆقز بێت، لەشوێنێکدا دەشت بێتو لەشوێنێکی تردا دۆڵێك یان گردێکی تیا بەدی بکەین)) (عبدللە تاهیر بەرزنجی: ١٩٩٤: ٣٢)

کەواتە هێڵکاری و نیگارکاری بۆ جەخت کردنە سەر بیری سەرەکی شیعرێك یان دێڕ شیعرێك بەکاردێ، لەم رووەوە هێڵکاری هەندێ جار رۆڵی هێڵ بەژێردا هێنان یان بەتۆخ

یان بەئیتالیك نووسین دەبینیّ لەپەخشاندا چونکە ئەمانە تائێستە ڕێگانەدراون لەنووسینەوەی هۆنراوەدا بەکاربێن با یەکەم جار لە هەندێ هێڵکاری و نیگارکاری لە هۆنراوەی کوردیدا وردبینەوە:

٣٧. من. . . . . . . . و. . . . . . . تۆ
لەنێو خەتێکی باریکدا
پێك دەگەین. (قوبادی جەلی زادە: ١٩٨٨: ٢٣٩)

لێرەدا جیاکردنەوەی (منو تۆ) بەشێوەی سەرەوە جەخت دەخاتە سەر بیری هۆنراوە (تەلەفۆن) کە دووری دوو دڵدارەکە لەیەکتری جووت نەبوون پێك نەگەیشتن دەگەێنێ بەپێچەوانەی وشەکانی هۆنراوەکە، کە پێك گەیشتن دەردەخەن.

دیارە لە(سەلەبێکی سوور)دا گرنگترین وشە (گەزۆ)یە و گرنگترین ڕستە (دەتوێتەوە)یە، بۆیە بەم شێوەیە نووسراون، واتە بیری هۆنراوەکە وا لەم دوو یەکەیەدا کۆدەبێتەوە:

٣٨. مەمکت بڵندترین چیایە
بەسەر چیادا بەفر دەبارێ
بەسەر گۆی مەمکی تۆش،
گەزۆ. . . . . .
بەفر لەنێو دەمی هەتاودا
دە
ت
و
ێتە
وە
گەز
ۆ
ش
لەنێو دەمی مندا (هەمان سەرچاوە: ٢٧٠)

لەچەند شوێنێکی (خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ) بۆ جەخت کردن لەسەر ئەنفال، کە ڕووداوێکی گرنگە لەڕۆژمێرەکەدا، شێرکۆ بێکەس بەم جۆرەی خوارەوە دەینووسێ:



٣٩. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
من لەپێش موساوە ئاوارەم
پێش مەسیح من خاچم
پێش قورەیش من زیندەبەچاڵ و
پێش حسەین من سەربڕاوم!
ئەنفالە
ئەنفالە
ئەنفال
تەماشای خۆڵ بکە. . . . . . . . . . .

لێرەدا جەختکردن لەسەر ڕووداوی (ئەنفال) هەر لەدووباتکردنەوەی وشەکەدا نایەت، بەڵکو لەنیگارەکە دایە، چونکە لەبەرئەوەی هەر وشەیەکی (ئەنفال) دێڕێکی بۆتەرخان کراوە، خوێنەر ناچارە لەسەرخۆ بیان خوێنێتەوە و درێژیا بکاتەوە و بەمەش هێزێکی گەورە دەکەوێتە سەریان و ئەو مەبەستە دەپێکێ، کە شاعیر دەیەوێ بیگەێنێ.

### ١-٤-٥: لادانی واتایی:

لادانی واتایی شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن، پەیوەندییەکی پتەویان بەگۆڕینی مەبەست و واتاو تێگەیشتنەوە هەیە، واتا نەك هەر واتای سەردەم دەگۆڕن بەڵکو دەبنە بار و ئەرك بۆ گوێگریش.

دروستی واتایی بەدوو مەرج دێتە ئارا:

أ- کاتێك لێکدانەکان لەڕووی ڕێزمانەوە دروست بن، واتە یاسا ڕێزمانییەکان نەبەزێنرابن، وەك:

٤٠. أ- کە هات. . . . . . . . . . . . .
ب- ئەگەر هات. . . . . . . . .
ج- * کە ئەگەر هات. . .

ب- کاتێك لێکدانەکان لەڕووی واتاوە (مەنتیقەوە) لەباربن، واتە بۆ ئەو بارە بشێن کە تێیدا بەکاردێن وەك:

٤١. أ- سەگەکە پشیلەکەی ڕاونا.

ب- مشکەکە پشیلەکەی خوارد.

کەواتە لێکدان هەیە لەڕووی ڕێزمانەوە دروستە بەڵام لەواتادا ناوێزەیە (٤١. ب) یان بەپێچەوانەوە (٤٠. ج).

دوو جۆرە کۆتوبەندی واتایی لەئارادا هەیە، کە لادان لێیان دەبێتە هۆی ناوێزەیی لەواتادا:

١- کۆتوبەندی هەڵبژاردن

٢- کۆتوبەندی هاوڕێیەتی

کۆتی هەڵبژاردن لەخودی واتای وشەکانەوە دێ، بەڵام کۆتی هاوڕێیەتی دەرەکییە.

کۆتی هەڵبژاردن لەوەدایە، کە کەرەسەیەکی ڕستە (بۆنموونە کار) دەتوانێ هەندێ مەرجی خۆی بەسەر کەرەسەیەکی تردا (بۆ نموونە بکەر یان کار) بسەپێنێ. بەم پێیە کەرەسە بەهێزەکە دەبێ بەهەڵبژێراو کەرە بێهێزەکان دەبنە هەڵبژێراوە. نا دروستی یان ناوێزەیی واتایی لەپارچە هۆنراوەیەکی وەك:

٤٢. سەرم لەگەڵ بەردا باری
بەرد لەگەڵ فەرماندا باری
فەرمان دووکەرتی کردم و
لەو ڕۆژەوە من نیوەم و نیوەکەی کەم ون کردووە
لەوڕۆژەوە من ئەم خاچی نامۆییەم هەڵگرتووە(خاچومارو ڕۆژمێری شاعیر:١٩٩٨: ٨٩-٩٠)

لادانی واتایی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەشێك لەبکەری (باری) لەدێڕی یەکەمو دووەمدا (سەر و فرمان) ئەو مەرجەیان تێدانییە کە (باری) دەیەوێ، هەروەهای لەدێڕی (٣) دای بکەرەکە (فەرمان) بەدڵی کارەکە (کەرت کرد) نییە، کەی بکەرێکی دەوێ < + بەرجەستە> و <+ئامێر> بێت. کەواتەی ناوێزەیی واتایی لەمی پارچەیەدا لەئەنجامی تێکچوونی بەندو کۆتی هەڵبژاردنەوە هاتووە.

کۆتوبەندی هاوڕێیەتی کاریگەری کەمترەو بەزۆری لەو کاتانەدا دەبێ، کە وشەیەك هاوڕێیەکەی دەگۆڕێتەوە یان لەگەڵ وشەیەکدا دێ، کە لەمەوپێش ئاشنایەتی لەگەڵدا نەبووە. بڕوانە ئەم پارچە هۆنراوەیە، کە ناوێزەیی واتاییەکەی لەبەزاندنی کۆتوبەندی هاوڕێیەتی هەندێ لەوشەکانیەوە هاتووە، نەك لەتێکچوونی پەیوەندی نێوان کەرەسە گرنگەکانی ڕستەکانیەوە:

٤٣. تۆ پیاسەی شیعرێکی ریش هاتووی
تۆ باخی مەراقی ئەم شارەی



هەموو ڕۆژ لەداری تەنیایی
پەیکەرێ بۆ ئەوین ئەتاشیءو
لەبەردەم ئاوێنەی کۆچەری تەمەنتا دای ئەنێی (هەمان سەرچاوە: ١١٣)

لە نائاشنایی نێوان (پیاسەی شیعر) و (شیعری ریش هاتوو) و (باخی مەراق) و (داری تەنیایی) و (ئاوێنەی کۆچەر تەمەن) وردبەرەوە دەبینی پیاسەو شیعر و باخ و دارو ئاوێنەکە کەشێکی نوێدا بەکارهاتوونو لەگەڵ هاوڕێ ئاساییەکانی خۆیاندا نین.

بەزاندنی ئەم کۆتو بەندانە دوو جۆر لادانی واتایی دروست دەکات:

أ- درێژ ڕۆین: کە بریتییە لەگەیاندنی واتا بەرێگەیەکی پێچاوپێچو درێژ بێگوێدانە وزەپارێزی واتە کورتبڕی. لێرەدا هەندێ کەرەسەی ڕستەکە واتاکە یان بیرەکە دووبارە دەکەنەوە. بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە کە هەندێ لە وشەکان وێنەکە دووبارە دەکەنەوە:

٤٤. تۆ درەختی بەرباهۆزی کارەساتو مەرگەساتو
ڕێی نەهاتو
سەرکەناری ئاوی رەش بووی
هەتا ئازار راینەژێنێت. . . .
هەتا باڵندەی گومانو تەیری ترسو
تا کۆست لەسەری نەخوێنێت
چرۆت نەکرد
دەنگت نەکرد
باڵات نەکرد (هەمان سەرچاوە: ٦)

ب- پێکدادانی واتایی: لەم جۆرە لادانەدا واتایی کەرەسەکانی لەگەڵ یەکتردا رێك ناکەون. پێکدادان لەچەند پلەیەکی جیاوازدا دەبینرێ، کە لە کەمەوە بۆ زۆر بەم جۆرە ریزدەبن:

١- پلەی ناتەبایی: کەمترین پلەی لادانە و لەو هەڵانە دەچێت کە لەهەڵبژاردنی وشەی هاوواتادا ڕوودەدەن:

٤٥. هاتوون بن بەچاو بۆ شەو
هاتوون بن بەباڵ بۆ ئاو
هاتوون بن بەدەم بۆ دار
هاتوون بن بەدەست بۆ دەشت (هەمان سەرچاوە: ٢١- ٢٢)

٢- پلەیی دژایەتی: لێرەدە واتاکان دژی یەکتری دەوەستن وەك ئەوەی یەکێکیان ئەویتریان بەتاڵ بکاتەوەو لەواتای بخات وەك لەم چەند دێڕەدا دەبینین:

٤٦. . . . . . . . . . . . . . . . زۆرت دی
تۆ گوڵی دڕندەو ئاوی ناپاکو بەردی ناسکو
تۆ غەدری رازاوەت زۆر بینی. گوڵدانی ژەهراوی ئینازەی
خوێناویی زۆرت دی. (هەمان سەرچاوە: ٣٥٤)

٣- پلەی نەگونجان: بەرزترین پلەی واتا پێکدادانە و واتاکان لەزیاتر لە سیمایەکدا لەگەڵ یەکتریدا ڕێك ناکەون وەك لەم هۆنراوەیەدا دەردەکەوێ:

٤٧. من ناوم خەونە
خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم
باوکی شاخە
دایکم تەمە
من لەساڵێکی مانگ کوژراوو، لە مانگێکی هەفتە کوژراوو
لەڕۆژێکی سەعات کوژراودا
دوای شەوێکی ئاوس "تا"
دوای شەوێکی پشت کۆماوەی هەوراز بەکۆڵ
بەرە بەیانێکی زامدار
لەشەفەقێکی کەسکەوە
وەك گزنگێکی خوێناوی کەوتمە خوارێو. . . . . . . . . (هەمان سەرچاوە: ٩)

### ١-٤-٦ لادان لە شێوازدا:

بازدان لەشێوازێکەوە بۆشێوازێکی تر جیاواز لەچوارچێوەی چەند دێڕێکدا کارێکە ڕەنگە هەر لەکاری ئەدەبیدا ڕێگەی بدرێ. مەبەست لەشێواز لێرەدا جۆرێکە لە زمان کە بەپێی بارودۆخی زمان بەکارهێنان دەگۆڕێ: کۆمەڵە جیاوازییەکە لەوشەی فەرهەنگی و ڕێزمان و دەنگدا کە قسەکەر لێیان هەڵدەبژێرێ بەپێی باری ڕۆژانەی ژیان وەك شێوازی بازاڕی و شێوازی نووسین و نووسینی نامەو ئاخاوتنی تەلەفۆنی. . . هتد. هەر بەکارهێنانێکی زمان لەم جۆرە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات وشێواز بەپێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی



ئاخاوتن و جۆری بابەت و قەناتی گەیاندن (واتە نووسین یان قسەکردن) دەگۆڕێ. بەم جۆرە لەنووسین دا شێوازی نامەی بازرگانی و نامەی ئەکادیمی و لەقسەکردندا شێوازی ئاخاوتن لە بازاڕدا، لەپۆلدا و لە دیدەنی و دیتنی ڕەسمیدا لەڕووی وشە و ڕێزمان و دەنگەوە لە یەکتری جیادەبنەوە و لە نووسینی ئەکادیمی و دیتنی دیپلۆماسیدا تێکەڵکردنی چەند شێوازێك یان بازدان لەشێوازێکەوە بۆ یەکێکی تر گران لەسەر قسەکەر دەوەستێ، بەڵام لەشیعردا ئەم جۆرە بازدانە و لادانە بەپێی بابەت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی توانستی شاعیر پیشان دەدات.

بازدان لەشێوازدا لەشیعری کوردیدا ئەگەر هەبێت بەدەگمەن هەستی پێدەکرێ چونکە زمانی کوردی تا ئێستاش نەك هەر شێوازەکانی بەڵکو دوو شێوە سەرەکییەکەشی نەمەیوە رەق نەبووە لەیەکتری بەتەواوی نەترازاون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەتەمەنی زمانی نووسینی کوردی لەچاو تەمەنی شێوەی قسەکردنەکەیدا زۆر کورتە وتا ئەم دواییەش، بگرە ئێستاش هەندێ بابەت وەك فەلسەفەو مەنتیق زمانەوانی وزانستەکانی زۆر پێنەنووسراوەتەوە وهەندێ کەسیش ئەم دیاردەیە بەدروست دەزانن وزۆر دڵیان بەوە خۆشە، کە کوردی قسەکردن و نووسین (پێچەوانەی عەرەبییەوە) وەك یەکن، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە قۆناغێکە هەموو زمانێکی زیندووی پێدا تێپەڕ دەبێ و جیابوونەوەی لەشێوی نووسین لە شێوەی قسەکردن و دروست بوونی شێوازی جیاجیا بەپێی بابەت وپەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشێکە لەو گۆڕانەی کە هەمیشەییە لەزماندا.

سەرەتایەك بۆ تێکەڵ کردنی شێوازەکان لەهەندێ هۆنراوەدا دەبینرێ، کە بۆگاڵتە بەڕاست لەسەر لاپەڕەکانی سیخورمەدا بلاوەکرێتەوە: لێرەدا تێکەڵکردنی گاڵتە وراستی بەمەبەستی پلارو توانجە لەباری کۆمەڵایەتی بەڵام دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کەتێکەڵ کردنی شێواز مەرج نییە هەر بۆرەخنەگرتن و پیشاندانی خەوشەکانی کۆمەڵ وخەڵك بێت وەك لەم هۆنراوە تێ هەڵکێشانەدا دەبینن:

٤٨. ئەمڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە
فەسڵی بەهار هەموو کورد خۆی لێ ئەبێ بەکاوە
٤٩. مەمکی دوو میم وکافێکە لەبالای سینە سافێکە
ڕەچەتەی دوکتۆر ئەمڕۆ دوو دەنگ حەب وشافێکە. (سیخورمە ١٩٩٩: ٥)

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە لەم چەند دێڕانەی سەرەوەدا، دێڕە جووتەکان شێوازی بازاڕیی گرتۆتەخۆ، لەبەرئەوە گوێی بەو وشەی جوان و رازاوە و کوردی پەتی نادات، تەنانەت هەندێ جار شێوازێکی روو لێ هەڵماڵراوە، بەڵام مەبەستەکە دەپێکێ، کە رەخنەگرتنە لەکۆمەڵ.

لەم پارچە هۆنراوەیەدا پیرەمێرددا (ل ٣٠٠)، لە دوا نیوەدێڕی دووەم دا گـۆڕانی شـێوازەکە لەزمانێکی ڕەسمی ساردو سڕ بۆ شێوازێکی گەرمی ناو هاوڕێیی و خێزان نەك هەر لەوشەو گاڵتە جارێکەدا دەردەکەوێ بەڵکو بەندە بە وازهێنان و دەست هـەڵگرتن لـەو بـیرە فەلـسەفیەی کـە لەسەرەتای هۆنراوەکەدا هاتووە، بەجۆرێك کە خوێنەر وای بۆ ناچـێت کـە سـەرەتایەکی وەهـا سەنگین بۆ بابەتێکی وەها ناگرنگ بێت:

٥٠. لەلام تەختی سلێمان بۆیە با ئەی برد بە ئاسمانا
بزانین سەڵتەنەت بایە، بەقا نابێ لە انسانا
کەوابێ گەر وەهاش بم، نەختی بابردووم لەلابایە
کە، بابیبا، کەبابێ بێ کەبابیشم لە خوڕایە
مەڵێن: تۆ نەوسنی!باوکم بەناتێك جەنەتی دۆڕان
من ئەو نانە کەبابیشی لەگەڵ بوو دڵمی هەڵسووڕان

## ٢. لێکدانەوەی و شیکردنەوەی زمانی شیعر:

٢-١سەرەتا: لەبەرئەوەی لادان و بەزاندنەی کە لە بەشـی یەکەمـدا بەدرێـژی لێـی دوایـن لێکدانەوەی شیعر کارێکی گرانترە لەلێکدانەوەی زمانی پەخشان و ئەرکێکی گران دەخاتە سەر مێشکی خوێنەر بەتایبەتی ئەگەر لادانەکان هەمە لایەنەبن و لەیەك ئاسـتی زمانـدا پـەنگیان نەخواردبێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەو سەلماندنی ئەم ڕاستیە لەم هۆنراوەی خوارەوە وردبەرەوە:

٥١. تەمبورد قوڕ
لەبەر باران کەون
سی یەکانی
لەدێڕی دانا
پاشی مانیان
باڵندە
بەخووس
لەئادەم درا (ئەنوەر مەسیفی ١٩٩٠: ٣٩-٤٠)

لێرەدا بەزاندنی یاسا زمانییەکانی کوردی هەموو ئاستەکانی گرتۆتەوە: ئاسـتی ڕێزمـان و واتایی ولێکسیکی و زار، شتێکی ئاسـاییە کـە هـەموو خوێنـەرێك لـە هۆنراوەکـە نەگـەن و



ئاساییە کە هەموو خوێنەرێك لێکدانەوەیان وەك یەك نەبێ، چـونکە واتـا و مەبەسـتی شـیعر تەنیا لەواتای فەرهەنگی وشەکان وڕێزمانی دەقەکەوە نایەت و هەڵناقوڵێت بەڵکو بەشی هـەرە زۆری لەدنیای فیزیکی و کۆمەڵایەتی دنیای دەرەوە دێن. ئەمە زمانی شیعر لەزمانی پەخـشان وزمانی زانست جیادەکاتەوە و دەیگەیەنێتە لوتکەی ئاڵۆزی و ئاوێتەیی. لێکدانـەوەی زمـانی شیعر بەدوو هەنگاوی گرنگدا تێپەڕ دەبێ:

١- هانا بردنە بۆ بنەمای هاریکاری لەئاخاوتندا کە نەك هـەر جـۆری لادانەکـە پیـشان دەدات بەڵکو ئەو واتایانەش دەردەخات کە لە ڕێی ئاخاوتنەوە هەڵدەقوڵێن.

٢- لیکدانەوەی واتای وشەکان لـەڕێگای شـیکارکردنیانەوە بـۆ کوژاندنـەوەو سـڕینەوەی هەندێ لایەنی واتاو هێنانە بەر ڕۆشنایی هەندێ لایەنی شاراوە یان نا گرنگ.

### ٢-٢ بنەمای هاریکاری:

شیعر نووسین و خوێندنەوەی وەك ئاخـاوتن ودەیـان چـالاکی کۆمەڵایـەتی تـر، کردەیەکـە کەبەلای کەمەوە دوو کەس هاوبەشی و هاریکاری تێدا دەکەن و لەڕێگـەی ئـەو هەرەوەزییـەوە دەگاتـە ئـەنجام، واتـا مەبەسـت و واتـا هاوبەشـەکان دەکەونـە ڕوو. بـە بـاوەڕی پـۆڵ گرایس(١٩٨٩)ییە فەیلەسوفی بـەریتانی، گەیـشتن بـەواتای هاوبـەش لەئاخاوتنـدا لەڕێگـەی (بنەمای هاریکاری) و دەبێ (کە هەموو قسەکەری بـێ جیـاوازی ڕۆشـنبیری و کـەلتووری لـە هەموو کۆمەڵێکدا پەیڕەوی دەکات. بنەمای هاریکاری بەم جۆرەیە:

٥٢. (باگوتنەکەت هێندە بێت و لەو شوێن و کاتەدا بێت و بـەو جـۆرە بێـت کەپێویـستی تێگەیشتن دەیەوێ)

واتە، لەهەموو ئاخاوتنێکدا هاوبەشەکان دەبێ بەنیازی هەرەوەزیکردن بێنەوە پێشەوە.

گرایس زاراوەی هاریکاری لەچوار بنەمای وردتردا دەبینێ کە ئەمانەن:

٥٣. ١- بنەمای چەندێتی: بابڕی گوتنەکە ئەوەند بێت کە پێویستە، نە کەمترو نە زیاتر.

٢-بنەمای درووستی: باگوتنەکەت ڕاست بێت: شتێك مـەڵێ کـە بزانیـت نادروسـتە یـان بەڵگەت نەبێت کە دروستە.

٣- بنەمای پەیوەندی: گوتنەکەت با بۆ ئەو شوێنە بشێ کە تێـدا دێـت، واتـە پەیوەنـدی بەبابەتەکەوە هەبێت.

٤- بنەمای چۆنیەتی: باگوتنەکەت روون و ئاشکرا بێت، کورت بێت و لەتەمومژ و فرە واتا دوور بێت و رووداوەکان ریزکرابن.

گرنگی لەوەدایە کە بزانین بنەمای هاریکاری رێنمان بەرێوەچوونی ئاخاوتن و دیاری دەگەن، بەڵام لەخۆیاندا واتای ئەکادیمی نین و هیچ دابونەریتی بەسەر هاوبەشەکانی ئاخاوتندا نایان سەپێنێ. بەپێچەوانە، خەڵکی لەئاخاوتن نووسیندا دەتوانن دروست نەبن، زۆر بلێن و قسەی وا بکەن پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت و وشەکان فرەواتابن و رووداوەکانیش ریزنەکرێن، واتە قسەکەر مەرج نییە ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکات، بەڵام ئەگەر نەشی کات، گوێگر هەر بەو نیازەیە و هەر واشی لێکدەداتەوە کە ئەو مەرجانە لەقسەکاندا هەن. بنەماکان گرنگیان لەوەدایە کە ئەگەر جێبەجێ کرابن جۆرێك ئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر پشتگوێش خرابن، جۆرێکی تر لەئەنجامیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام لەهەردوو بارەکەدا هەر گرنگی خۆیان هەیە.

**٣-٢ کارکردنی بنەماکان لەلێکدانەوەی شیعردا:**

بۆ تێگەیشتن لەکارکردنی بنەماکان لەلێکدانەوەی شیعردا دەگەڕێتەوە بۆنموونەی کە لەخوارەوە بۆئاسانکردن دووبارەی دەکەینەوە:

٥٤. فیدات بم خاکی کوردستان نموونەی جەننەتی عەدنان
لەسەرتا خوار
گوڵ وگوڵزار
دڵی غەمبار، ئەکا دەرمان، فیدات بم خاکی کوردستان.

لێرەدا خوێنەر بەئاسانی لەنامەی شیعرەکە دەگات، چونکە وەك دەردەکەوێ بنەمای هاریکاری و بنەمای وردەکای تریش بەزۆری جێبەجێکراون و ئەو ئەنجامەی لەبنەماکان دەکەوێتەوە ئەوەیە کە شاعیر بەراستی کوردستانی خۆش دەوێ ئامادەیە خۆی فیدا بکات، کوردستان وڵاتێکی پیرۆز و جوان و پڕ لە گوڵە غەم لەبیر دەباتەوە(بنەمای دروستی) لادان لەبنەمای چەندێتی دا هەیە، واتا شاعیر دەیتوانی بەبڕێکی کەمتر لەواتا نامەکەی بگەیەنێت، بەڵام ئەم لادانەش بەئاسانی دەخرێتە پاڵ ئەوەی کەشاعیر دەیەوێ جەخت لەهەڵوێستەکەیدا پیشان بدات.

ئیستا با لەنموونەی وردبینەوە کە لەخوارە بۆئاسانی دووبارە کراوەتەوە:

٥٥. هاتوون بن بەچاو بۆشەو



هاتوون بن بەباڵ بۆئاو
هاتوون بن بەدەم بۆدار
هاتوون بن بەدەست بۆدەشت

دەبێ پێشەکی سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەوانەی هاتوون (عاشقانی چاوی چیا)ن یان(دڵخوازانی پرچی رەزو گەردنە هەرد) یان(ئەوانەی بۆخۆشەویستی گڵە سوورەکەی حەمرین و رووباری رەشی کەرکوك و بە ژنی زیوینی خانەقین)ن، کە لەدێرەکانی تردا هاتوون و لەبەر کورتبڕی من پشت گوێم خستوون. تەماشاکە چۆن زۆر لەبنەماکان خراونەتە لاو: بڕی گوتنەکە زیاترە لەپێویست (بنەمای چەندێتی)، گوتنەکە راست نییە: خەڵکی نابێت بەچاو، یان باڵ یا دەم یان دەست، شەو چاوی نییە، هەروەك ئاو باڵی نییە. . . . (بنەمای دروستی)، گوتنەکە پڕە لەتەمومژ وشەکان بە واتای تر بەکارهاتوون (بنەمای چۆنیەتی). خوێنەر هەر لەیەکەم خوێندنەوەی هۆنراوەکەدا پەی بەوە دەبات کە زمانی هۆنراوەکە زمانێکی ئاسایی نییە، چونکە بنەما وردەکانی پێشێل کردووە. بێگومان لەم ساتەدا رەنگە خوێنەر نائومێد بێت لە هەڵهێنانی واتای هۆنراوەکە و بیخاتە لاوە، بەڵام بنەمای هاریکاری بیری دەخاتەوە کە لە هەموو گوتنێکدا قسەکەر بەنیازی تێگەیاندن دێتە پێشەوە. کەواتە دەبێ ئەم تەکنیکی تر بەکاربهێنێت، بۆئەوەی بزانێ شاعیر لێرەدا بۆ بنەماکانی پشتگوێخستووە و لەم لادانە چی ئەنجامێك دەکەوێتەوە. بەمە تێدەگات کە شیعرەکە بۆ دەوروبەرێکە کە تێدا ئەستێرە بە(چاو)، گوڕ و تین بە(باڵ) و ئازادی بە(دەم) هێز بەواتای (دەست) دێت. دنیایەك کە (ئاو)و (دار) و (دەشت) بە واتای (خاکێك) بەکارهاتوون و(شەو) ئەو تاریکییە کە باڵی بەسەر ئەو خاکەدا کێشاوە. دنیای ناو شیعرەکە، ئەو دنیایە نییە کە لەدەرەوەیە کە تێدا چاو و باڵ و دەمودەست و ئاو ودارو دەشت واتای فەرهەنگی خۆیان هەیە و تاڕادەیەك ناگۆڕن. کەواتە بنەمای هاریکاری پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێ کە دنیای یان دەوروبەری شیعرەکە بدۆزێتەوە بەپێداچوونەوەی واتای ئەو وشە سەرەکیانەی دەبنە کلیل بۆ کردنەوەی دنیای شیعرەکە. بەمەش خوێنەر دەچێتە هەنگاوی دووەم لە لێکدانەوەکە: هەنگاوی شیکردنەوەی واتای وشە.

**٣-٤ دۆزینەوەی واتای وشە شیعرییەکان**

لەم قۆناغەدا خوێنەر ناچار دەبێ بۆئەوەی دەوروبەرێك بدۆزێتەوە کە هۆنراوەکەی تێدا دروست بێت بەسەر واتای وشە گرنگەکاندا بچێتەوە، چونکە بەجۆرێك بەکارهاتوون کەلە

بەکارهێنانی رۆژانەیان جیاوازە. ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەی پێکهاتە واتاییەکانی وشەکان دەبێت.

یەکێك لەرێگە بڵاوەکانی لێکدانەوەی واتای وشە لەزماندا بۆچوونی شیکردنەوەی پێکهاتە واتاییەکانی وشەیە(١٢). بەپێی ئەم بۆچوونە دەکرێ واتای وشە کەرت بکرێ بۆ پارچەی ورد، واتە واتای وشە، بەپێچەوانەی فۆرمەکەیەوە، یەك قەبارەی (کتلە) نییە کە نەکرێ هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو پێکهاتووە لەچەند سیمایەك کەخۆیان کەرت نابن. ئەم سیمایانە بەزۆری جیهانین و بەندن بەتەن و رووداو و باری دەرەوەی زمانەوە. هەر یەکێك لەم سیمایانە چەپکێك یان بیرێکی رووتە و مەرج نییە وشەیەك بەرامبەری لە زمانێکدا هەبێت. وشە لەرووی واتاوە لە لێکدانی و کۆکردنەوەی چەندین لەم سیمایانە دروست دەبێت. بۆنموونە وشەی (پیاو) بەلێکدانی <+مرۆڤ+ هەراش +نێر> دێتە دروست بوون و بە سیمای <-نێر> لەوشەی (ژن) و<-هەراش> لەوشەی (کوڕ) جیادەبێتەوە.

ئەم سیمایانە تەنیا بەتێپەڕبوونی کات (لەمێژوودا) دەگۆڕێن، بەڵام وشە لە ئەنجامی بەکارهێنان هەندێ سیمای تر وەردەگرێ کە لاوەکین و لە خودی واتای وشەکەوە هەڵنەقوڵاون بەڵکو سەپاندوێتی بەسەریاندا. ئەمانەلەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر بەپێی شوێن و کات و کلتورو رۆشنبیری و شارەزایی کەسییەوە دەگۆڕێن. بۆنموونە وشەی (ژن) جگەلە لەو سێ سیما سەرەکییە، هەندێ سیمای دەدرێتە پاڵ بە پاڵی باری کۆمەڵایەتی وەك <+سۆزدار + بگۆڕ + بێهێز>. . هتد.

گرنگترین تایبەتی وشەی شیعری لەوەدایە کە بەپێچەوانەی وشەی ئاخاوتنی رۆژانەوە دەتوانێ بەپێی بۆنە و لەهۆنراوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، یەکێك یان زیاتر لەسیماکانی بگۆڕێ. دەشتوانێ سیمایەکی گرنگی وشەکە فڕێ بدات ورۆشنایی وهێزی بخاتە سەر سیمایەك یان چەند سیمایەکی لاوەکی. نهێنی ئالۆزی وجوانی وشەکانی شیعر لەگۆڕینی سیما واتاییەکاندایە کە دەتوانێ وشە بەکێڵگەیەکی واتاییەوە بگوێزرێتەوە کێڵگەیەکی تر. دەبێ ئەوەش بزانین کەسیما گۆڕین هەر لەشیعردا روونادات، بەڵکو لە پەخشان وقسەی رۆژانەش دا دێ، بەڵام هەرگیز بەو رادەیە وبەو برە زۆرە نایەتە ئارا.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی سیمای واتایی و سیما گۆڕین لە وشەی شیعریدا با بگەڕێینەوە بۆنموونەی ٥٥کە بۆ ئاسانی لەژێر ژمارە٥٦و لەخوارەوە جارێکی تر بەشێکی دەنووسینەوە:

٥٦. من ناوم خەونە



خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم
باوکم شاخە
دایکم تەمە

با لە واتای فەرهەنگی ئەو وشانەی شیعرەکە ورد بینەوە کە بەشی گوزارەی رستەکە پێك دێنن، واتە هەواڵی نوێی دێنن نەك زانیاری کۆن دووبارە دەکەنەوە کە ئەمانەی خوارەوەن: خەون، ئەفسوون، شاخ، تەم. هەریەکێك لەم وشانە خاوەنی چەند سیمایەکی سەرەکین کەلە فەرهەنگدا تۆماردەکرێ، جگە لەو سیما لاوەکیانەی کە لە کەلتووری کوردیدا پەیدای دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

٥٧. ١. خەون: <+ شت/ رووداو + بیستن + کاتی نووستن>
<+ شتێکی خۆش (تامەزرۆ)>
٢. ئەفسون: <+ سیحر>
<+ جوان>
٣:شاخ: <+ زەوی +بەرز>
<+سەخت + رەق +بەرهەڵستکەر>
٤. تەم: < + تەڕی + لەهەوا + نزیك زەوی>
< +ژن + شاراوە + نادیار>

کە دەگەڕێینەوە بۆشیعرەکە دەبینین کە وشەکان بەسیمای سەرەکیەکانیان بەکارنەهاتوون و چەندیش هەوڵ بدەین بەو سیمایانە شیعرەکەمان بۆ لێکنادرێتەوە، لێرەدا ئەگەر پەنا نەبەینە سەر بنەمای هاریکاری گرایس، واتە ئەگەر باوەڕمان بەوە نەبێت کە شاعیرەکە گاڵتەمان لەگەڵ ناکات و نیازی چەواشەکردنی نییە، ئەوا واز لەخوێندنەوەی شیعرەکە دێنین. بەڵام بنەمای هاریکاری پاڵمان پێوە دەنێ کە زیاتر لەشیعرەکە وردبینەوە و بزانین کام لەبنەما وردەکانی بەزاندووە. لێرەدا خێرا دەگەینە ئەو ئاکامە کە بەلای کەمەوە شاعیر لەبنەمای(دروستی) دەرچوو چونکە:

٥٨. لەناو یەکسان نیە بەخەون
وڵاتی ئەفسوون بوونی لەم دنیایەی ئێمەدا نییە
باوك ناکرێ شاخ بێت
دایك نابێت تەم بێت

لەم قۆناغەدا خوێنەر بەسیماکانی (خەون، ئەفسوون، شاخ، تەم)دا دەچێتەوە لە فەرهەنگی مێشکدا، ئەوسا تێدەگا کە شاعیر سیما سەرەکیەکانی کردووە بە ژێرەوەو (بەواتای ژێرەوە) سیما لاوەکییەکانی وشەکانی داوەتە بەر ڕۆشناییی. بەمە خوێنەر دەگاتە واتایەکی شیعرەکە، واتایەك کە مەرج نییە هەموو خوێنەرێك بیگاتێ. واتە مەرج نییە هەموو خوێنەرێکی کورد بەهەمان واتا لەشیعرەکە بگەن. هەمیشە بواری فرە لێکدانەوە و فرە تێگەیشتن دەمێنێ چونکە شاعیر پەنای بردۆتە بەر سیما لاوەکیەکان کە زۆرجار قسەکەران بەزمانەکە لەسەری ڕێك ناکەون.

## ٣. کورتە و ئەنجامەکان:

١- هەموو رستەیەکی زمان رەسەنە، ئەو رستانە نەبێت کە ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە.

٢-زمانی شیعر نەك هەر رەسەنە وەك هەموو رستەیەکی تر، بەڵکو پڕە لە داهێنان، رەسەنی و داهێنان بەیەکەوە زمانی شیعریان گەیاندۆتە لوتکەی ئاڵۆزی و ئاوێتەیی.

٣- داهێنان لە شیعردا بەدوو ڕێگە دەستەبەر دەکرێ بەجێبەجێکردنێکی تەواوی یاساکانی زمان لەهەموو ئاستەکاندا یان بە بەزاندنی یەکێك یان زیاتر لەیاسایانە لە هەر ئاستێکدا بێت.

٤- شاعیر داهێنان دێنێتە ئاراوە، بەڵام خوێنەر بەرامبەر داهێنان و گۆڕان دەوەستێ، واتە هێزێکی پارێزگارە، چونکە هەموو گۆڕانێك ئەرکێکی گەورەترە بۆ لێکدانەوە دروست دەکات.

٥- لەلێکدانەوەی زمانی شیعردا خوێنەر بەبێ ئاگا پەنا دەباتە بەر بنەمای هاریکاری گرایس و بەهۆی بنەماکەوە دەزانێت کە شیعر بەنیازی گاڵتەجاڕی و چەواشەکردنی نانووسرێ. لێرەشەوە دەتوانێ سەرچاوەی یاسا بازدانەکە بدۆزێتەوە.

٦-لەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەی بازدانەکە خوێنەر ئەو سیما واتاییانە دەدۆزێتەوە کە شاعیر هێناویەتە بەر ڕۆشنایی بە بەراوردکردنی سیما سەرەکیەکانی وشەکان و سیما کەلتورییەکان کە لە فەرهەنگی مێشکی خوێنەر و شاعیردا هەن.

٧- شیعر هەمیشە بۆی هەیە زیاتر لە واتایەکی هەبێت وبەیەك ڕێگە زیاتر شی بکرێتەوە، چونکە شاعیر بەسیمای لاوەکی کار دەکات کە لەکۆمەڵێك و نەوەیەك و وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ بەتێپەڕبوون و بێ تێپەڕبوونی کات.

# References:


Aitchison,J. (1978) Linguistcs. London:Hodder and Stoughton

Chomsky,N. (1966)Topics in the theory of generative grammar. The Hague

Cruse,D. A. (1986)Lexical Semantics. Cambridge:Cambridge University Press

Crustal,D. (1971) Linguistics. London: Longman--------and Davy (1969) Investigating English Style. London:Longman

Eliot,T. S. The music of poetry. selected prose. penguin Books.

Huddleston,R(1976)An Introduction to English transformational syntax. London:Lonmgman

Kempson,R. M. (1977) Semantic theory. Cambridge: Campridge Universty press

Leech, G. (1968)A linguistic guide to English poetry. London: Longman

Levinson,S. C. (1983) pragmatics. Cambridge: Cambridge University press

Smith,N. (1999)Chomsky:ideas and ideals. Cambridge:Cambridge University press.




## پوختەی لێکۆڵینەوەکە


بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو زمانی چیرۆك و زانستەکان، زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە، چونکە ڕێز نە لەکات و نە لەشوێن نە لە ڕێزمان، نە لەڕێنووس و نە لەیاساکانی واتاسازی نەلە زانستی شێواز ناگرێ: واتە ئەمانە سنووری بۆ دانانێن ولەسەر بەستنی کەم ناکەنەوە. جگە لەمەش، لەڕووی فەرهەنگەوە شاعیر هەر وشەکانی زمانی ئەو سەردەمەی تێدا دەژی یان ئەو زارەی پێی دەنووسێت نایبەستنەوە، فەرهەنگی هەموو زمانە مرۆڤیەکانی بەمیراتی بۆ دەمێنێتەوە، تەنانەت خۆشی بەبەشێ لەدەنگی ئەوانەی پیش خۆی دەزانێ. ئەو سەربەستی و ئازادییە بێ سنوورەی کە شاعیر هەیەتی لەدەسەڵاتی هیچ نووسەرێکی تردا نییە. شێوازێك ئەم هەموو دەسەڵاتەی هەبێت، سەیر نییە ببێتە لوتکەی شێوازە زمانییەکان لەبەهێزی و ئاڵۆزیدا: زمانی شیعر، بەم جۆرە، بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە. دیسان زمانی شیعر نەك هەر ڕەسەنە، بەڵکو لەخۆیدا داهێنانە، چونکە شاعیر دەتوانێت نەك لەو ژمارە بێ سنوورە ڕستە بێنێ کە هێشتا بەکارنەهاتوون، بەڵکو ژمارەیەکی بێ سنووریش لە ڕستە بە بەزاندن و شکاندنی یاسا ئاساییەکانی زمانی ڕۆژانە دێنێتە ئاراوە. ڕەسەنایەتی توانایەکی هاوبەشە لە شاعیر و ئاخێوەری تردا هەیە، بەڵام توانای داهێنان تایبەتە بەشاعیر.

لێکۆڵینەوەکە ئەم سەر دێڕانە دەگرێتەوە خۆی: ڕەسەنایەتی و داهێنان، پلەکانی داهێنان، جۆرەکانی داهێنان (داهێنانی فەرهەنگی، ڕێزمانی، واتایی، شێوازیی، ڕێنووسی ومێژوویی. . . هتد) لێکدانەوە و شیکردنەوەی زمانی شیعر و بنەما پراگماتیکەکان و دۆزینەوە واتای شیعر.

لێکۆڵینەوەکە هەندێ ئەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە وەك ئەوەی ڕەسەنیی و داهێنانی زمانی شیعری دەگەیننە لوتکەی بەهێزی و ئاڵۆزیی، شاعیر سەرچاوەی داهێنانە، بەڵام خوێنەر بەربەست و ڕێگرە، واتا هەڵبەست هەر لێڵ و تەماوی دەبێ، چونکە بەشێك لە داهێنان لەوەدایە کە سیما نا گرنگ و لاوەکیەکانی وشەی فەرهەنگی دەدرێتە بەر ڕووناکی، لەلێکدانەوەی واتای هەڵبەستدا خوێنەر بەبێ ئاگا پەنا دەباتە بەر بنەماکانی هاریکاری و کردە قسەیی.


**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوە تاوەکو ئێستا لە هیچ گۆڤارێك بڵاونەبووەتەوە**